
PHILOSOPYH & SCIENCE
زنجیرەی فەلسەفە و زانست 1

ڕەوشی فەلسەفی

Century 21 سەدەی

خودا - بوونەوەر - مرۆڤ

HUMAN CREATURE ALLAH



مسعود عبدالخالق

2013

ڕەوشی فەلسەفی سەدەی (٢١)

زنجیرەی فەلسەفەو زانست (١)

ڕەوشی فەلسەفی سەدەی (٢١)

خودا- بوونەوەر- مرۆڤ

مەسعود عبدالخالق

ناوی کتێب بەکوردی:	ڕەوشی فەلسەفی سەدەی -٢١-
نوسینی:	مەسعود عبدالخالق
بڵاوکردنەوەی:	نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
نەخشەسازی ناوەوە:	جمعە صدیق کاکە
خەت:	نەوزاد کۆیی
بەرگ:	أمین مخلص
نۆرە و ساڵی چاپ:	یەکەم ١٤٣٤ک - ٢٠١٣ز
تیراژ:	١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە
گشتیەکان - ژمارەی سپاردن
(٢٨١٠) ساڵی (٢٠١٢) پێدراوە

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com

پێشکەش بێ

* بە دایک و باوکم، کە زۆر بە منەوە ماندوو بووینە .

* هەموو ئەو هۆشمەندانەی بەدوای ڕاستین لە پێناو قەڵاچۆی زوڵم و هێنانەدی دادگەریی بۆ گشت مرۆڤایەتی .

پێشەکی

لەو سەردەمەی عەولەمە و عقلانیەت (فەلسەفە) زیاتر ڕۆڵی گرنگ بوە بۆ مرۆڤی نوێ، ئەو مرۆڤە کە ڕۆڵەی نەتەوەو دەوڵەت و بنەماڵەکەی نەماوە، بەڵکو ئینتمایەکانی (عابرالقارات)ە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموو جیهان کارلێك دەکات، لە وەها دۆخێکیشدا لە چوارچێوەی (صراع البدائل) لەنێوان ئایین و مەدرەسەکاندا ئەوەیان سەرکەوتو دەبێت کەبەڵگەکانی بەهێزە، بەکارهێنانی هەیە، سەرتاسەری ومرۆڤایەتیە.

بۆ ئەوەی ئێمەش زیاتر لەکاروان دوا نەکەوین هەول دەدەین بەشێك لەو ئەرکەی سەرشانمان جێبەجێ بکەین، بابەتێکی وامان هەلبژاردوە بەو نیازەی خوێنەر لە ئێواری هەرە پێشەوەی فەلسەفە نزیك بکەینەوە، لە هەمان کاتدا ئەو هەمو زەخیرەیەی ڕابووردووی فەلسەفەشمان فەرامۆش نەکردوە، بە ئەندازەیەکی زۆرگرنگیمان بە فەیلەسوفانی سەردەم نەداوە، چونکە ئەوان زیاتر لە ژێر کاریگەری زانستێکی ساغ نەبووەی وەك فیزیای کوانتەمن، هەر گۆڕانێك لەو زانستە هەمو بناغە فەلسەفیەکانیان هەلدەتەکێنێ و زۆریش لەگینە، تا بەرنامەو مەنهەجیکی نۆژیکانە بۆ ئەو پرسیارە قورسانە دابڕێژین، بۆ ئەوەی بەسادەیی ڕاستیەکانی دروستکەرو دروستکراومان بۆ دەرکەوێ، لەنێوان هەردوولاشیاندا لەفەلسەفەی ژیان بگەین بە داهێنان وپەیڕەوکردنیشەوە.

بەشی یەکەم بریتیە لە کورت کراوەی هەلۆێستی فەلسەفی کۆن بە سەرەنجامەکانیشیەوە.

بەشی دوەم بریتیە لـە وەرچـەرخانەگرنگەکانی ئایـدیۆلۆژیای بەشـەری بـە بـیرو زانست وفەلسەفەوە، لەبارەی پرسـە هـەرە بنچـینەییەکانی فەلسـەفە کـەبریتین لـە دروست کراوو دروست کەرو پەیوەندیان بە یەکتریەوە.

لەبەشەکانی تر —واتە لـە دوای بەشـی دوەم هاتووینەسـەر پرسـە فەلسـفیەکانی سەردەم.

خوینەر وا تینەگا پرس و کێشە فەلسـفیەکانی بەشـی یەکـەمان بـەبێ وەلام بـە جێهێشتوە، نەخیر، بەشی یەکەم زیـاتر گەلالـەی پرسـیارەکانە لـە بەشـەکانی دوای ئـەو وەلامـەکانی تیدایـە، ڕاسـتە بـیری زانـاو فەیلەسـوفانی جیهـان زۆر مەزنـەو بەمەمانان بە ئاسـانی هەلناسـەنگینرێ، بـەلام تەقـەلا باشـترە لـە دەستەوەسـتان، لەبەرامبـەر ئـەو زانیاریـە زۆرەی ئـەوان ئێمـە زەخـیرەی لـە بـن نـەهاتووی کتێبـە ئاسمانیەکان بەکاربهینین ئەو کاتی ئەو نابەرابەریەی فکرو فەلسـەفە چـارە دەکـرێ، کە ئەوەش مادەی بابەتەکەمان.

هەولیکە وەك سەروەریە مێژوویـیەکانمان خۆشمان کوردستانیانە بۆچوونی تایبەتی خۆمان هەبێ، ئینجـا بەشـیکیش بیـت بـۆ دارشـتنەوەی کەسـیتی کوردسـتانی بـۆ ئەوەی لەکەسیکی سەلبی ببتە ئیجابی وسودمەند بۆ مرۆڤایـەتی، تیایـدا وولات و مرۆڤـەکانت خـۆش بـوێ، گیـانی بـەرگریت بەرامبـەر زولم نـەمرێ، بـۆ ئـەوەش بەکاتیکی کەم ودەسـکەوتیکی زۆرەوە بچـیە نیـو بابـەتیکی ئالۆزودرێـژی وا، کـە ئێمە زۆر کـورت وپوختمـان کردۆتـەوە، گوشـیتمان، وا چـاکە کـەمێك بـە سـەرنج وووردبونەوە بیت لەگەلی، با لە هەمان کاتدا خویندنەوەکەت ڕەخنەگرانـەش بیـت، بەڕوونی دیارە کەلین وبۆشایی زۆرە، زۆر شوینمان بە جیهیشتوە بۆ تۆ گەشـەی پـێ بدەی، هەلەکانی ڕاست کەیەوە، بەلام دوعات لە بیر نەچێ چونکە هیچ پرۆژەیـەکی ئێمە بۆ دەستکەوتی مادی نیە بەلکو (سەدەقەی جاریەیە)، بۆیەش هـەردەم نرخـی کتێبەکانی ئێمە هەرزانن.

بەشی یەکەم

پرسە فەلسەفیە کلاسیکیەکان

فەلسەفە

مانا سادەکەی فەلسەفە بریتیە لە قوڵبوونەوە لە بابەتەکان یان گوتراوە (حب الحکمة)، یان وەك (پۆلیتزیر) ووتەنی(معرفة العالم والإنسان)، هەر سروشتی ئادەمیزادیش ئەوەیە حەزدەکات لە دنیای دەوروبەی تێبگات چۆن بەڕێوە دەچێت؟ لەکوێ هاتووە؟ بۆچی هاتووە؟ بەرەو کوێ دەچێت؟ چارەنوسی وبەختی خۆی چیە؟ کامیان زامنی ژیانێکی بەختەوەرو دادگەریەتی؟ لەدوای مردن چی بەسەردێت؟

ئەو پرسیارانە کورت کرانەوە لەچوار پرسیار (چۆن، لەکوێ، بۆ، بۆکێ) پرسیاری فەلسەفی کۆنن[١]، لە ئیگریکیەکانیش کۆن ترن.

مادام پرسیاری یەکەمی هەمو عاقلدارێك ئەوە بوە کێ ئەوی دروست کردوەو چی گەرەکە، پرسیاری لە شیوەی شیعریش زۆر سەری هەلداوە وەك نمونەی خیام کەدەڵێ:

ئەی خودایە سەرم لەکارت گێژە

نوقل ئەخەیە دەمم ودەلێی مەیچێژە

پیالەی ئاو وەرگێرەومەیرێژە

---

[١] لە ڕاستیدا بۆ ئەو سەردەم دەشێ هەمو ئەو پرسیارانە فلسفی بێت، بۆ ئیستا مەرج نیە فلسفی بن، هەندێکیان زانستین.

ئیخوان سەفا دەڵێن لەناو ناخی مرۆڤ ئارەزووی دۆزینەوەو توێژینەوەی خوای شین کراوە[1]، رەنگە پشتیان بەو ئایەتە بەستبێت ﴿بَلْ هُوَ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ فِي صُدُورِ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ﴾[2]، لەدوای پەیام وپەیامبەران نۆرەی فەلسەفە دێت کەرۆلی هەرە گرنگی بینیە لە وەرچەرخانی کۆمەڵگەی ئەفسانەی (میتۆس) بۆ کۆمەڵگەی عەقلانی (لۆگۆس)، ئەوەش کاری هەرەسەرەکی پێغەمبەران بوە تا کۆمەڵگە بتوانێ پەیام وەرگرێ و شارستانی بەرپا بکاوەك لە ئینجیلی یۆحناش واهاتوە (في البدء كان الكلمة، وكان كلمة الله).

فەلسەفە جیایە لەگەڵ زانست هەروەك هەندێك تێکەڵی دەکەن وەك فەسلەفەی مارکسیزم دەڵێت فەلسەفەی ئێمە زانستیە[3]، ئەنتۆنی فلوو دەڵێ توێژینەوە لە نێوان دووتەنی فیزیایی ئەوە زانستە، کاتێ لە هۆکاریان دەپیچیەوە ئەوە چونە ناو فەلسەفەیە[4]. (براتراند راسل)یش دەڵێ کاری زانست گرنگی دانە بە پێویستی مادی و تەکنیکی هەرچی فەلسەفەیە کاری گرنگی دانە بە پرسی روح و ئەخلاقی مرۆڤە، لە شوێنێکی تر دەڵێ: زانست ئەوەیە دەیزانین هەرچی نەشمان زانی ئەوە فەلسەفەیە..، نەخێر ئاوا نیە، خاڵی هاوبەشیان هەیە هەردوکیان بەرهەمی فکری ئادەمیزادن، لەکاتێکدا کیانی زانست پێکدێت لەتاقیکردنەوەی بەکردەوە.

بەڵام فەلسەفە هەڵدەقوڵێت لەبەڵگە فکریەکان، دەتوانین بڵێین پرسیاری (بۆچی) بەرهەمی فەلسەفیت پێ دەدا، پرسیاری (چۆن)یش بەرهەمی زانستیت پێ دەدا، خەریکە بڵێین فەلسەفە لە (هۆکار) دەکۆڵێتەوە زانستیش لە (ئەنجام)، ئەگەر وابێ

---

[1] من رسالة اخوان الصفاء رقم:٢١ص٩٩.

[2] العنكبوت اية ٤٩

[3] بروانة:جورج بوليتزر-اصول فلسفة الماركسية — ت:شعبان بركات ج١ص١٣ ،هتروةها: عرض موجز للمادية الديالكتيكية ص٦.

[4] There is agod how the worlds most notorious atheist changed his mining p - A. fluo

ئەوە فەلسەفە زیاتر بە دیوی دوەمی گەردوون سەرقالە دیوی یاسای سروشت وروح و پەیام، هەرچی زانستیشە زیاتر لە ئەنجام ومادەوبوون، بە زاراوەی ئاینی فەلسەفە لە (ئەمر) دەکۆڵێتەوەو زانستیش لە (خلق)، عەقڵ بە گشتیش لە پەیوەندی (ئەمرو خلق) دەکۆڵێتەوە، کەواتە فەلسەفەی ڕاست ڕۆحی عەقیدەیە.

دەتوانین بە ئایەتیکی قورئانی گوزارشی فەلسەفی وئاینی لیك جیاکەینەوە ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾[1]. بەشی یەکەم ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ﴾ بریتیە لە بزوتنەوەی زانستی و بەشی دوەمیش ﴿أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ بریتیە لە بزوتنەوەی فەلسەفی.

لەکۆنەوە فەلسەفە پێشڕەو بوە و زانستیش یەکێك بوە لە لقەکانی، فەلسەفە بزوێنەری زانستە، جار وایە زانست نازانێ دەردی خۆی چارەسەر بکا فەلسەفە بۆی دەکا هەروەك لە (فلسفة العلم في القرن العشرين) هاتوە: (إذا كان العلم لا يفكر في ذاته، فإن فلسفة العلم هي التي تتكفل بذلك العبء وتضطلع بالتفكير في ذات العلم)[2]. فەلسەفە باوەشی فراوانترە هەروەك پێشڕەوی تیۆری سیاسیشە هەروەها کۆمەڵایەتی و ئابوریش..، بۆیە فەلسەفە زۆر گرنگە، ئەوەی لە فەلسەفە نەزانێت لە (مەبەست ونهینیەکانی ئاین) ناگات ونازانێ بۆچی هاتۆتە دنیا و ئەرکی چیە؟ لەکوێ هاتووە؟ بەرەو کوێ دەڕوات؟ هەروەك گیاندارێك وەك ئەمیبیا وخشۆك یان فیلێك ژیانەکەی دەباتە سەرو دەمرێت.

بۆیە پەیامی ئاینی فەلسەفەی زۆر بەهەند وەرگرتووە بەدەیان ئایەت و فەرمودەی لەسەرە، پێچەوانەی هەندێك ڕاو بۆچوونی هەندێ زانای ئیسلامی کە دەڵێن قورئان و سونەت بخوێنەوە بەڵام کتابی ترو عەقلانیەت خۆشێواندنە، لەو

---
[1] فصلت : ٥٣.

[2] فلسفة العلم في القرن العشرين - د. يُمنى طريف الخولي ص١٠

بارەیەوە ئیمامی شافعی بە شیعر دەڵی:

كل العلوم سوي القرآن مشغلـة إلا الحديث وعلم الفقه في الديـن
وعلم ما كان فيـه قـال حدثنـا وما سوي ذلك وسواس الشياطين

لەکاتێکدا لە کتێبە ئاسمانیەکان ولەقورئان زیاتر لە (٣٠٠) جار باسی زانست دەکات، باسی تێفکرین لەگەردون و بوونەوەر دەکات باس لەتێفکرین لەدروستبوونی زەوی و ئاسمان ژیان.. هتد:

﴿اولَمْ يَنْظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ..﴾[1]، ﴿افَلَمْ يَنْظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِنْ فُرُوجٍ﴾[2]، ﴿وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ..﴾[3]، ﴿وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾[4]، ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ...﴾[5].. زۆر بەدەگمەن لە فیقهی ئیسلامی گرنگی بەو ئایەتە زانستی و فەلسەفی وفکری وعەقلیەکان دراوە، بەو پاساوەی گوایە ئاین بە سادەیی هاتوەو قولبونەوەی ناوی، وایان لێ دەخوێندرێتەوە ئەو بۆچوونە ترسانیش بێت لە فەلسەفە[6]، کەچی قوول بوونەوە باوەڕت زیاد دەکا ﴿..وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا..﴾[7] ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ..﴾[8].

---

[1] اعراف ١٨٥.
[2] ق ٥٠.
[3] ال عمران ١٩١
[4] الجاثية ١٣
[5] عنكبوت ٢٠.
[6] لە بارەی ترسان لە فەلسەفە توێژینەوەیەکی فلسفی (ڕێبوار سیوەیلی – ترسان لە فەلسەفە ل٧٣-١٠٧) بخوینەوە
[7] آل عمران : ٧
[8] فاطر : ٢٨

بەو جۆرە لە ﴿نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً﴾ دەگەین، ئینجا داوای حیکمەت دەکات ﴿يُؤتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْراً كَثِيراً﴾[١]، (خذ الحكمة من اى وعاء خرجت)، واتا لەهەر کوێەك هەبێت، ئیمامی عەلی دەلی: (قوت الأجسام الغذاء، وقوت العقول الحكمة)[٢]، هەتا پێویستە فکری نائیسلامیش بخوێندرێتەوە وەك ئیمامی عمر دەڵێ: لايعرف الإسلام من لم يعرف الجاهليه[٣].

فەلسەفە (یانووردتر فەلسەفەی ئەرینی) ئەو مەیدانەیە کە مرۆڤە عاقلمەندە جیاجیاکانی جیهان لێی کۆدەبنەوە، دیالۆگێکی قوول دەکەن، ئەگەر مەنهەجێکی لۆجیکانە بۆ توێژینەوە فەلسەفیەکان دابڕێژرێ ئەوا سودی یەکجار زۆری هەیە، لەوانە:

١- ئەرکێکی خوایی جێ بەجێ دەکەی کەداوای لێ کردی بیر لە زەوی وئاسمان بکەیتەوە، بیر لە نهێنیەکانی بونەوەر بکەیەوە.

٢-دەبێتە هۆی پتەوی لە بیروڕا (عقیدە)، بە هۆی فەلسەفە دەتوانری دلە مردوەکان زیندوو بکریتەوە (ان الله ليحيى القلب الميت بنور الحكمة كما يحي الأرض الميتة بوابل المطر).

٣- چاکتر لە (مقاصد)ی ئاین دەگەی.

٤- دەبێتە پێشەنگێك بۆ بەرپاکردنی شارستانی وپێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی.

٥- فەلسەفەی دروست مەیدانی بیرکردنەوەو عەقیدەی خوایت لە پانتاییەکی تەسك دەگوازیتەوە بۆ زەوی وئاسمانەکان، وەك فەیلەسوف و شاعیری گەورە دەڵێت: علمی کیمیات نەخوێندوە بەخوا نازای خوا چی کردووە!! عەقیدەی

---

[١] البقرة : ٢٦٩

[٢] على ابن طالب-الف كلمة المختارة ص٩٩

[٣] محمد قطب-مذاهب الفكرية المعاصرة ص٦

مرۆڤی نویٚ به‌و كتێبه سادانه‌ی كۆن دروست نابیٚ.
عه‌قیده‌ی ڕاسته‌قینه به‌خوا له‌ویٚ په‌یدا ده‌بیٚ هه‌روه‌ك فرانسیس بیكون (فیلسوفی بریتانی-سه‌ده‌ی١٦)ده‌لیٚ: (ان كان قلیل من الفلسفة یبعد عن الله.. فان الكثیر منها یقربك الی الله) یه‌كێكێشه له میساقه‌كانی نێوان خوداو مرۆڤ له‌ڕێی میساقی خواو پێغه‌مبه‌ران، هه‌رچه‌نده ئیمام ابن تیمیه له‌كتێبی (درء التعارض..) ده‌لیٚ بۆ پێغه‌مبه‌ران ته‌نها كتاب هاتوه فه‌لسه‌فه‌و حیكمه نه‌هاتوه، كه‌چی له قورئان به ڕوونی (حكمه) و (كتاب)ی لێك جیاكردووته‌وه، بۆ پێغه‌مبه‌ران كتاب وحكمه هاتوه ﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ﴾[1]، بۆ (لوقمان) ته‌نها (حكمه) هاتوه،-ئینجا حكمه‌ی له‌گه‌ڵ كتاب وئینجیل وته‌وراتیش ڕیزكردوه ﴿ویعلمه الكتاب والحكمة والتوراة والإنجیل﴾[2].

٦- ده‌بێته هۆی خێرایی گه‌شه‌ی زانستی شه‌رعی وفقهی وفكری ئیسلامی به پێچه‌وانه‌وه بیٚ فه‌لسه‌فه‌ی دروست ئه‌و زانسته ئاینیانه توشی دوگماو به‌جێمان ده‌بیٚ، ته‌نانه‌ت بۆ زانستی سروشتی وكیمیاو فیزیاش فه‌لسه‌فه ئاوا پێویسته له‌و باره‌یه‌وه لویس دی برگلی ده‌لیٚ: له‌سه‌ده‌ی ١٩ كه‌مێك دووركه‌وتنه‌وه له نێوان زانست وفه‌لسه‌فه ڕوویدا زیانێكی زۆر به هه‌ردوولا كه‌وت[3]، به‌هه‌مان شێوه دووركه‌وتنه‌وه‌ی ئاین وفه‌لسه‌فه زیان به هه‌ردوولا ده‌گه‌یه‌نیٚ.

٧- فه‌لسه‌فه‌ی ئاینی دروست ڕۆڵی سوپا ده‌بینی له‌سه‌ر سنور پاریزگاری له ئاسایشی ناوخۆ ده‌كا، ئه‌و فه‌لسه‌فه‌یه‌ش ئه‌و ڕۆله ده‌بینی له (غزوالفكری)

---

[1] ال عمران٨١
[2] ال عمران ٤٨
[3] د محمدمطلب- الفلسفة والفیزیاء ج١ص٢٧

وباقی هیرشەکانی تر، ڕەنگە ململانێی وا بە مامۆستای ئاینی وفەقیهو شێخ بەو جۆرە مەنهەجەی خوێندنیان نەکرێ بە فەلسەفە دەکرێ، بۆیە پیش هەموان بۆ مامۆستای ئاینی گرنگە فەلسەفە زان بێت.

٨- ڕەنگە تاکە مەیدان بێت بۆهاریکاری وتەبایی ئاینەکان لەگەڵ یەکتر ومەدرەسە فکریە جیاکانیش، با لەسەر ئەو خالە بوەستین: کتێبە ئاسمانیە ڕاستەقینەکانی ئاینی بە تێکڕا پالپشتن بۆ یەکتر بۆیە دەبینین هەر لەسەرەتای ئیسلام ترجمەی ئەو کتێبانە کراوە، عبداللە بن سلام یەکەم کەس بوە تەوراتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئاینی ئیسلام[1]، ئەگەر چی هەندێك سەلبیاتی بوە گوایە لەوەوە هەندی فەرمودەی ئیسرائیلیات کەوتۆتە نێو ئەدەبیاتی ئیسلامی بەڵام سودی زۆریشی هەبوە لە زانیاری و کرانەوەی زمانی دیالۆگ لە نێوانیان وزیاتر ناسینی ئاینی ڕاستەقینە.

لەسەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا هەول دراوە (لەلایەن بیریارانی ئیسلامی) زەمینەیەکی مەسیحیانە بۆ بانگەوازی ئیسلام بدۆزنەوە تا بە خێرایی کارلێك بکات[2]، هەر ئەو مەیدانە بوە (واتە فەلسەفە) وای کردوە ئەو دیندارە مسیحیانەی لە فەلسەفەیان زانیوە نەچنە پاڵ پرۆپاگندەکانی دژ بە ئیسلام، جاروایە دەیان ڕەواندەوە، لەوانە قەشە توما ئەکوینی توێژینەوەیەکی لەبارەی ئیسلام داڕشت تیایدا باسی لەوە کرد کە (محمد) ڕێساو یاسایووردی بۆ بەشەریەت بەجێ هیشتوە کە ڕێك لەگەڵ ئەقلمان بگونجێ[3]، مارتن لۆتەر (١٤٨٣-١٥٤٦) توێژینەوەیەکی بەناوی (خرافات الأوروبی تجاه الإسلام) بڵاوکردەوە، جۆرج شحاتەی قنواتی (١٩٠٥-١٩٩٤)

---

[1] د عبدالمنعم الحفنی- الموسوعة النقدية للفلسفة اليهودية ص٣١

[2] د. أليسكي جورافسكي - الإسلام والمسيحية ص٥٩

[3] الإسلام والمسيحية ص٧٥وص٨٣

مەسیحییەو خزمەتێکی زۆری فەلسەفەی ئیسلامی کردوە..، بەکورتی زمانێکە هەمو بەشەریەت لێی هاوبەشەو لەیەکتر دەگەن، دەروازەیەکی بە هێزیشە بۆ بلاوبوونەوەی ڕاستی ئاینی، بۆیە ئاین وزانست وفەلسەفە (لەباری ستاندەر بوونیان) یەکتر بە هێز دەکەن، ئەگەر ستاندەریش نەبن زیان بەیەکتری دەگەیەنن، یەکێ لە ڕەخنە جوانەکانی فەقیهەکان وخودی ئیمام غەزالیێ لە فەیلەسوفانی ئیسلام ئەوە بوو دەیان ووت زانیاریەکانیان لە عەقلیان گەورەترە، کەواتە فەلسەفە کەسی عاقلمەندی دەوێ، عاقلمەندیش بێ فەلسەفە لە باوەش ناگیرێ، لێرەیە مانای تەواوی قورئانی (علم) و (حکمە)ڕوون دەردەکەوێ کە چەندە جیاوازن ئەوەندەش بۆیەك پێویستن، (حکمە)ی دروست-فەلسەفەی دروست دەبێتە پیشڕەوی ئاین، لەو بارەیەوە ئاینشتاین دەڵێ: زانست بێ ئاین لەنگە، ئاینیش بێ زانست کوێرە[١].

ڕاستە هەندێ بابەت هەن دەمەتەقێ و لێ قوڵبوونەوە لێ ی بێ ئەنجامە هەروەك سەرهەڵدانی سەفسەتیەکان لە یۆنان، لەنیو ئیسلامیش هەندێ زانایان فەلسەفەیان وەرچەرخاندوە بۆ (علم الکلام)کە زیاتر شەڕە (ووشەو تەلەفزە)، هەندێکی تر بە مەنهەجیکی توێژینەوەی لۆژیکی نەبوە وەك دەمەتەقێ ی نێوان (موعتەزیلەو ئەشعەری — کە بە فتنەی خلق وەسف دەکرێ). بەپێچەوانەوە فەلسەفەی ئاینی وفەلسەفەی ڕاستی فەلسەفەیەکی وشك و بێ مانا و ڕەمەکی نیە، تاکو بێ (هۆ ومەبەست) یەخەی (مادە) و (گیان) بگرێ، یەخەی خەلقی قورئان بگری، یەخەی (وجود و ماهیە).. بگرێ بێ بەرنامە. جون لویس دەڵێ: فەلسەفەی ئیجابی ئەوەیە کەلەواقع دەکۆڵێتەوە، فەلسەفەی سلبی ئەوەیە کەلە

---

[١] انسان ومعجزة الحياة ص٥

(بـەهابالاکان وئـەوەی کـە بـیری لی ناکرێتـەوە) بکۆڵیـەوە[١]، لەکاتێکـدا زۆربـەی قوتابخانە فەلسفیە مادیەکان وەك (مارکسـی، وجـوودی، لیبرالـی، میکـانیکی..) هەریەك لەوانە یەخەی بابەتێك دەگریٚ کۆتایی پیٚ دێت بـە پێچـەوانەی بابـەتێکی تری خۆی یان قوتابخانەکەی، واتا لەهەڵوێستێك (جا ئـەو هەڵوێسـتە سیاسـی یـان ئـابوری یـان کۆمەڵایەتیـە...) قـوڵ دەبێتـەوە دەگاتـە ئـەنجامێك پێچـەوانەی هەڵوێستێکی تری، ئەوە لەباشترین دۆخیانـدا ئـەگینا فەیلەسـوفە بـیٚ بەرنامـەکان (واتا سەر بەهیچ قوتابخانەیەك نین) بیٚ هیچ ئامـانج ومەنهـەجێکی فەلسـەفی یـان زانستی سیاسی یان تەشریعی.. لەبابەتێك قووڵ دەبنـەوە، سـەریان لـەو گـەرداوەی بوونەوەر دەشێویٚ و هەموو ژیانیان لەسەر دادەنێن ناگەنە هـیچ ئـەنجامێك، زانـای روسی ئۆپارین ٢٨ ساڵ خەریك بوو ژیان لەبیٚ ژیان دەربێنیٚ دەست بەتاڵ دەرچـوو، فەیلەسوفی ئینکلیزی سپینسەر (١٨٢٠-١٩٠٣) بیسـت و هەشـت بـەرگی تـەنیا لەسەر "گەشەکردن" نوسیوە.

نهرۆ (لەکتێبی- لمحات فی تاریخ العالم) بـە جمـال عبدالناصـر دەڵـیٚ: (وامزانـی هەموو دونیا دەگـۆڕم دوای واخـۆم تـەواو بـووم هندییشـم بەتـەواوی پـیٚ نـەگۆڕا)، فەلسەفەی ڕاست ودروست فەلسەفەیەکی عەبەسی نیە، بەلای بابەتی وا ناچـی کـە لـە ئاسـتی عـەقڵی (سـنورداری ئـادەمیزاد) بـەدەرە، واچـاکە پرسـیارو بابەتـە فەلسەفیەکان بە مەنهەج بێت.. بە مەنهەجیکی دروست وموەکین لە ژیانی فکری و زانسـتی و سیاسـی وکۆمەڵایـەتی و ئـابووری و فەرهـەنگی و دەروونـی... وا بکۆڵێتەوە زانست وسیستەمی ژیانی لەسەر بنیات بنریٚ، چۆن سروشت بـە یاسـای ڕاستی ودادگەری بەڕێوە دەچیٚ ئاواش کۆمەڵگە بە یاسای دادگەری بەڕێوە بچێت.

کاری فەلسەفی ئەوەیـە پەیوەندیـەکانی نێـوان یاسـاکانی سروشـت و پەیوەندیـە

---

[١] د عبدالرحمن البدوی- المثالیة الالمانیة ص٢٠١

کۆمەڵایەتیە ستاندەرەکانی کۆمەڵگەو سروشتی ناخی ئادەمیزاد بدۆزیتەوە، کە دەردەکەوێ ئادەمیزا وتێکڕای بوونەوەر یەك خاوەنی هەیە، هەمووی هەر ئەو دایناوە بۆیە فەلسەفەی دروست پێمان دەڵێ تەنها لە مەودا نەبێ هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان یاساکانی سروشتی فیزیایی و کیمیایی و بایلۆجی و.. یاساکانی کۆمەڵ، هەر هەمووی لەسەر یەك (ڕاستی) بنیات نراوە، ئەوە مانای ئەوە نیە تەنها فەیلەسوف وزانای ئاینی دۆزەرەوەی (ڕاستیە) وتەنها ئەوهەقی هەیە بچێتە ناو فەلسەفەو زانیاری، نەخێر ئاینی ڕاستەقینە ئازادی بەدژەکانیش دەدا، لەلایەکی تریش زۆربەی ڕاستیە زانست وفەلسەفیەکان لەلایەن ئەفەندیان دۆزرایتەوە، مادام (راستی) دۆزیتەوە خزمەتی ئاینی کردوە جا ئەوەفیساگۆرس و ئەرستۆیە یان مۆرگان وئەنجلسە.. گرنگ نیە، مادام ڕاستیە بەشێکە لە مەنهەج، ئەگەر هەر زاناو فەیلەسوفیك بەهەر ناسنامەیەکی باوەڕی مادام (راستی-کلمة الطيبة)ی دۆزیەوە ئەوا (حجە-بەلگەیە).

(ابن عقيل) دەڵێ: (السياسة ماكان فعلا يكون مع الناس أقرب الى الصلاح وأبعد عن الفساد، وان لم يضعه الرسول ولا نزل به وحي..)[١]، جاروایە فەیلەسوفیك راستی دەدۆزیتەوە ئەوە (كلمة الطيبة)یە ئەوەش وەك ڕاستیەکانی تر لەگەڵ پەیام یەکتر موکوم دەکەن، سینکا لەکۆنەوە ووتویەتی: (کەس ناتوانی بە زوڵم دریژە بە دەسەلاتی بدا، بەڵام دەسەلاتی میان ڕەو دەوام دەکا)[٢] ئەوە نزیکە لە ڕاستی (يدوم الملك مع الكفر ولا يدوم مع الظلم) بریتیە لە (كلمة الطيبة).

لەسەر ئەو بنچینە ئیبن روشد هەولی دا شریعەت وفەلسەفە یەکبخاو دەلی (ان

---

[١] ابن قيم الجوزية -الطرق الحكمية ص١٧

[٢] سسبينوزا-رسالة فى اللاهوت والسياسة ص٢١١

الحكمة صاحبة الشريعة والأخت الرضيعة)[١].

ئیبن حەزمی ئەندەلوسی دەڵێ (لا خلاف فيه بين أحد من العلماء بالفلسفة ولا بين أحد من العلماء بالشريعة)[٢] ئیمام غزالی و رازی و هەتا ابن تیمیەش ووتویەتی عەقڵی دروست ودەقی راستەقینە تیك ناگیرێن[٣]. لەلای ئەوروپاش ئەو تەقەلایەی دراوە، باسکال هەولی دا وەك ابن رشد ئاین و زانست وفەلسەفە ئاشت بکاتەوە[٤].

لەوەوە بەشێك پێیان وایە ئاینی ڕاستەقینە تاکە ڕێبازێکی کۆمەڵایەتیە کەیاساکانی لەسەر (راستی) دانراوە تەبایە لەگەڵ یاساکانی سروشت و تەبیعاتە بنچینەییەکانی ئادەمیزاد، ئەگینا هەر ئادەمیزادێکی بەزەین کەمێك سەرنج بداتە فەلسەفە دانراو و دەستور و یاسا عەلمانی ورێبازە کۆمەڵایەتیەکانی تر دەبینێ نەك هەر نەگونجاوە لەگەڵ سروشت و ڕێساکانی ئادەمیزاد، بەڵکو لەگەڵ یاساکانی سروشتیش.

هەمو ئەوانە فەلسەفەزان بۆی لێك دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی جیهان بەرەو شادومانی و میلەتەکەمان بەرەو پیشکەوتن ورزگاری ومرۆڤایەتی بەرین، بۆ ئەوەی تاکی کوردستانی وا بنیات بنێین بەرهەمدار بیت لەو بونەوەرەو بەشیك بیت لە پرۆسەی ئاوەدانی زەوی.. فەلسەفە بخوینەوەو پەیڕەوی ڕاستیەکانی بکە.

---

[١] بڕوانە: ابن رشد- فصل المقال فيما بين الحكمة والشريعةمن الإتصال ص٥٨- هەردووکی بە دەستە خوشك وەسف کردوە

[٢] ابن حزم - الفصل في الملل والأهواء والنحل - فصل في الكلام على من أنكر الشرائع من المنتمين إلى الفلسفة بزعمهم وهم أبعد الناس عن العلم بها جملة.

[٣] ان الحجة العقلية الصريحة لاتناقض الحجة الشرعية الصحيحة -ابن التيمية -مجموع الفتاوى، ط٢\١٩٩٨م، دارالوفاء-مملكة العربية السعودية ج٥ ص١٤٩ لە ئەسلدا ئەو ڕیسایە لە رازی وەرگیراوە بڕوانە: الفخر الرازي - أساس التقديس ص٢٢٠

[٤] دجورج حنا - قصة الإنسان ص١٥٣

ڕاستکردنەوەی فەلسەفی

زۆرهەڵەی فەلسەفی هەیە بەڵام لەبەر پێویستیی، تەنها دوان ڕاست دەکەینەوە کە لەگەڵ ڕەوتی توێژینەوەکە گونجاوە:

١- لەو سەردەمەی ئیستا زیاتر وا دێتە بەرچاو کەهەرچی زانیاری وشارستانی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە کۆنەکانی ئەوروپی و دوورە ئایین، بەتایبەتی کە دەبینرێ وا ئیستا ئەوان نمونەو سەرمەشقی پیشکەوتنن وئێمەش والەدواین، بۆمێژووش دەگوترێ: هیرۆدتس- باوکی مێژوو، ئەبیکرات- باوکی پزیشکی، سیۆکریتشس -باوکی هونەر، هیرکلیتس- باوکی دیالکتیك، ئیکلیدو فیساگۆرس باوکی ئەندازەو ژمارە، ستراپۆ- باوکی جوگرافیا، تالیس وبیتلیمۆس -باوکی گەردووناسی، ئەفلاتوون وئەرستۆش -باوکی کۆمەڵێك لقی زانستی تریان پێ بەخشراوە.

کەچی بە سەرنجێکی ووردتر دەردەکەوێ زۆربەی زانیاریەکانی یۆنانی کۆن سەرچاوەکانی رۆژهەڵاتین، زیاتر لەوەش ئایینین، بەنمونە هەندێکی وەردەگرین:

أ- ئەسلی دیموکراسی لە عەجەم وەرگیراوە بە پێی ئەو مشت ومڕەی نێوان زانایانی فارسی کەلەلایەن (هیرۆدۆتس)ەوە لە٥٢٢پ ز لە کتێبە مێژوویەکەی نەقل کراوە لەدوای ئەوەی فارس ناوچەکانی ئەوانی داگیر کردوە ٧ زانای فارسی سێ جۆر حوکم باس دەکەن و لەکۆتایی دا لەسەر پیشنیاری (ئۆتانۆس شێوەی ئیزۆنومیا)هەڵدەبژێرن بەمانای (یەکسانی لەبەردەم یاسا) کە هاوشێوەی دیموکراسیە[1]، واپێدەچێ هەر ئەسلی

---

[1] T. Asinclair-Ahistory of Greekpolitical thought p36

دیموکراسی ئاینی بێت چونکە ئەمبادیقلس بە باوکی دیموکراسی وەسف دەکرێ، ئەویش قوتابی (ح.داود) بوە، کەواتە لیبرال دیموکراسی زادەی بیری ڕۆژئاوایە بەڵام دیموکراسی مولکی هەمو مرۆڤایەتیە

ب- ئەسلی بیرۆکەی زانستی وفەلسەفی گەردونی بی سنور ووەستاو (کون الساكن-قدم العالم) ناگەریتەوە بۆ تالیس و ئەنکسامیندەر یان بۆ ئەرستۆ وەك ئەبو حامد الغزالي دەڵێت[1]، بەڵکو بۆبتلیمۆس (مەجەستی) کە لە ئەسکەندەریە بوە[2]، لەویش لە سومەریەکان هاتوە[3]، لەویش لە مەزمورەکانی داودپێغەمبەر هاتوە[4]، زیاتر لەوە ئەگەر بەووردی سەرنج بدەیە ئنجیلی برنابا وئەو ئایەتە: (انه مكتوب هناك كيف ان سماء السموات تسعه، لأن الهنا غير محدود، ١٢ فقال الكاهن :" هكذا قال سليمان النبي يا يسوع)[5] دەردەکەوێ لە بنەچەدا بیری (نامحدود)ی گەردوونیان لە ح.سلیمان وەرگرتبێ کە لەتەورات وکتێبە کۆنەکان هاتوە، سپینوزا دەڵێ سلیمان بە حکیم ترین مرۆڤی سەر زەوی وەسف کراوە[6]، فیساگورس قوتابی ح.سلیمان بوە، مەرج نیە بەو

---

[1] بە پیی پەراویزی ص١٥تهافت الفلسفه ئەوا ئەرستۆ بۆ یەکەم جار لە کتیبی (السماء والعالم) ووتی جیهان ئەبەدی وئەزەلیە، بەلام واپێدەچی زۆر پێش ئەو بۆچوونە هەبووبێ، لەزەبوورو تەورات ئاماژەی وای تیدایە.

[2] ئەسلی بتلیمۆس میسری کۆنە، کتیبەکەی (مەجەستی) هەندی جار بە (الأطروحة الكبرى) ترجمە کراوە، بەڵام زیاتر بە (ترتیب)ترجمە کراوە، یۆنانیەکەی: ماثماتیکا سینتاکسیس، پێك هاتوە لە ١٣ بەش.

[3] لە کتیبی (المعتقدات الدينية لدى الشعوب ص١٢) واهاتوە: ولقد اعتقد السومريون حوالي ١٩٠٠ ق م أن لكل موجود كوني أو ثقافي قواعده وقوانينه الخاصة التي تجعله يستمر في الوجود إلى الأبد.

[4] لەمەزموری ژ:٧٨ دەڵێ: (كالأرض اسسها الى الأبد)

[5] ئینجیل برنابا- فصل ٩٥ ئایەتەکانی ١١-١٢

[6] سبينوزا –رسالة فى اللاهوت والسياسة، ترجمة:د حسن حنفى، دارالطباعة-بيروت، ط١ ص١٤٥

شـێوەیەی کـە (ابـدی وازلی)و (کـون السـاکن)ی لیّ هاتـە دی ڕەنگـە (ح.سلیمان) وەسفی بەگەورەیی کردوە وا سوڕدراوە.

ج- بیری فەلسەفی چوار توخمە بنچینەیەکە (ئاوو وهـەواوا ئاگروگڵ) کـە تـەواوی فەلسـەفەی یۆنـانی وجیهـانی تـەنیبۆوە، زیـاتر دەدریتـە پـال ئـەنپادیکلیس (٤٩٥-٤٣٥ ق م)[1] ئەسـلەکەی رۆژهەلاّتیـە، لـە ئـاینی زەردەشتی بە ڕوونی هاتوە، هەتا نیشانەی (+) نازیایەتی کە بە ئەڵمانی پێی دەوترا (سواستکا) ئەوە نیشانەی (خاچ) نـەبوو، بـەڵکوو هیمایەکـە میللەتانی پێشووی زەردەشتی ودوای مـەغۆل و جـەرمانی کـۆن و هـەتا هیندی سوورەکانیش هەڵیانگرتووە[2]، گوزارش لەو چوار توخمەکـە دەکـا، (مەسحەفی رەشی) ئیزیدیانیش باسی ئەو چوار توخمـە وا کـردوە: (خـوا دابەزیە قودس فەرمانی بە جوبرائیلدا کەمێك خۆل وهـەواو ئـاگرو ئـاوی تیکەل کردئادەمی لیّ دروست کـرد-عـەرەبیەکـەی- أمـر جبرائیـل جلـب تراب من أربع زوايا الدنيا فجاء بتراب وهواء ونار وماء فخلق مـن كـل هذا آدم الأول)[3].

د- بـیری فەلسـەفی (دوودژ-زوج) هـەر رۆژهەلاّتیـە ولـە فەلسـەفەی چـینی کۆنفیشیۆسی (یان وییـنگ) وئاینیەکانی تر هاتوە.. لەگەڵ زۆرلای تر.

بە پێی هەندی سەرچاوە تـەواوی فەلسـەفە سەرچـاوەکەی رۆژهەلاّتیـە، ویـل دیورانت لە پیشەکی کتێبەگەورەکـەی (قصـة الحضـارة)بـەو دەقانـە دەسـتی پیکردوە:

("تراثنا الحديث" وفيه تـاريخ الاختراع والسياسـة والعلـم والفلسـفة والـدين

---

[1] الفلسفة والفيزياء- ج١ ص٤٤

[2] مەوسوعەی جودی - مادە : نازی

[3] ئەنستانس ماری کەرمەلی-کتیبی پیرۆزی ئیزیدیەکان ل٧٩ ئایەتی ١٧ لە مەسحەفیّ ڕەش.

والأخـلاق والأدب والفـن في أوربـا منـذ تـولى نـابليون الحكـم إلى عصـرنا الحاضر، إن قصتنا تبدأ بالشـرق، لا لأن آسـيا كانـت مسـرحاً لأقـدم مدنيّـة معروفة لنا فحسب، بل كـذلك لأن تلـك المـدنيات كونـت البطانـة والأسـاس للثقافة اليونانية والرومانية)[١].

براتراند راسل دەڵێ فەلسەفەو زانست لەلای دەریای سپیەوە بـەرەو ئـەوروپا هاتوە، هەروەك تاليس وئەفلاتون وهیرۆدۆت ووتویانە زانسـتەكانی بیركـاری وفەلەك وئاینی لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژ ئاوا هاتوە [٢].

بە پێی كتێبی(فكر الشرق القـديم)یەكـەم جـار ئەرسـتۆ دانـی بـەوە نـا كـە فەلسەفەی سروشـتی لـە تـالیس وەرگـیراوە ئـەویش لەسـەدەی ٦ی پ ز لـە ڕۆژهەڵاتی وەریگرتوە[٣]. ئیستا كەمێكی تـر دەردەكـەوێ لـەكێی ڕۆژهـەڵات هـاتوە، جـارێ بالـەبیرمان نەچـێ نـاوی یۆنانیشـی لـە (یـونس) پێغەمبـەر هاتووە[٤]، بەرەبـەرە توێژینـەوەكان وادەری دەخـەن كـە سەرچـاوەی مدرسـەی یۆنانی ئاینیە. (المقدسی) دەڵێ باپیرانی ئـەفلاتون لـە پیغەمبـەرانن (وأمـا الحرانيـة فـإنهم يقولـون لـن تحصـى أسمـاء الرسـل الـذين دعـوا إلى الله وان مشهورهم أراني واغثا وذيمون وهرمس وسولن جد أفلاطن لأمه)[٥].

هەریەكە لە ئەنباكلیدس و فیسـاگورس (٥٨١- ٤٩٧ پ ز) لە سەر دەسـتی

---

[١] ويل ديورانت-قصة الحضارة- ج١ص٩

[٢] علم الإجتماع ص١٤١

[٣] جون كولر- الفكر الشرقي القديم – ترجمة :كامل يوسف حسين مراجعة :د. إمام عبدالفتاح إمام ص٧

[٤] بڕوانە: ١- ئینجیل-مت ١٢: ٤٠ : (لانه كما كان يونان في بطن الحوت ثلاثة ايام وثلاث ليال هكذا يكون ابن الانسان في قلب الارض ثلاثة ايام وثلاث ليال)

٢- لە تەوراتیش: سفر يونان- اصحاح (١)ئايەتی١٧ (واما الرب فاعدّ حوتا عظيما ليبتلع يونان. فكان يونان في جوف الحوت ثلاثة ايام وثلاث ليال).

[٥] البدء والتاريخ ص١٥٠

پیغەمبەران (ح.داود و ح.سلیمان)دەرسیان خویندووە[١]، لەوەوە ئەرستۆ ووتویەتی فەلسەفەی سروشتی لە تالیس وەرگیراوە، ئەویش لەرۆژهەلاتی وەرگرتوە[٢]، بوکرات قوتابی لوقمانی حەکیم بوە[٣]. ابن خلدون وای ریز کردوە: ئەرستۆ قوتابی ئەفلاتونە، ئەویش قوتابی سوکرات، ئەویش قوتابی فیساگۆرس، فیساگۆرسیش قوتابی تالیس بوە، تالیس فەلسەفەی لە لوقمان وەرگرتوە[٤]. لە قورئانیش ئاماژە بە لوقمان دەدا کە حیکمەت وفەلسەفەی بە پەیام بۆ هاتوە، لوقمان کتابی بۆ نەهاتوە تەنها حیکمەی بۆ هاتوە ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ..﴾[٥]. هەر لەسەر ئەو بنچینە کاتێ کێشەی وولات بەرەو دیکتاتۆری چوو لەسەر دەستی (پۆلیکراتیس) ئەوا فیساگۆرس هەلاتە ئیتالیا لەوێ کۆمەلێکی ئاینی پێك هێناوە[٦].

---

[١] بروانە : الملل والنحل.. ص ٦٧- ٧٢ لە رۆژئاوا ناوی داود بە (دیڤید) دیت وتا ئیستاش ئەوناوانە باون. لە (طبقات الأمم- الصاعدی الأندلسی) زیاتر باسی لە پەیوەندی ح.سلیمان و فیساگۆرس کردوە.

[٢] جون کولر- الفكر الشرقي القديم ص٧

[٣] ابن خلدون-مقدمە ص٤٨٠ دەقەکەی وا هاتوە: واتصل فيها سند تعليمهم على ما يزعمون من لدن لقمان الحكيم في تلميذه بقراط الدن ثم إلى تلميذه أفلاطون ثم إلى تلميذه أرسطو ثم إلى تلميذه الإسكندر الأفردوسي وتامسيطون وغيرهم).

[٤] تاريخ ابن خلدون ج٢ ص٢٢٢دەقەکەی ئاوا هاتوە (.. ومعلمه أرسطو هذا من اليونانيين، وكان مسكنه أثينا، وكان كبير حكماء الخليقة غير منازع. أخذ الحكمة عن أفلاطون اليوناني. كان يعلم الحكمة وهو ماش تحت الرواق المظلل له من حر الشمس، فسمي تلاميذه بالمشائين، وأخذ أفلاطون عن سقراط، ويعرف بسقراط الدن بسكناه في دن من الخزف اتخذه لرهبانيته وقتله قومه أهل يونان مسموماً لما نهاهم عن عبادة الأوثان. وكان هو أخذ الحكمة عن فيثاغورس منهم. ويقال: أنّ فيثاغورس أخذ عن تاليس حكيم ملطية، وأخذ تاليس عن لقمان-..)

[٥] لقمان : ١٢

[٦] الموسوعة الفلسفية ص ٣٥٣.

زیاتر لەوە لەکۆنەوە بەشێك پێیان وابوە فەیلەسوفە ئاینیەکانی یۆنان پێغەمبەر بووینە هەروەك المقدسی دەڵێت: (ومن القدماء من يقول بنبوة افلاطن وسقراط وارسطاطاليس وهولاء يقولون النبوة علم وعمل)[١].

زاراوەی (ئەسترۆنۆمیا)لاتینی کە تایبەتە بە گەردوون ناسی ئەسلەکەی رۆژهەلاتیە ئەگەر زیاتربپشکنین کوردیە لە (ئە ستێرە –نامە) هاتوە، هەر خودی (نۆمی وەك ئۆتۆنۆمی) گوایە لە مانای لاتینی بە ئەسلی یاسا دێت هەر لەو (نامە)یە هاتوە، مانگا پەرستی لە یۆنان وئەلمانیاو تەواوی ئەسکەندیناڤیای لەهندەوە بۆیان چوە، زیاتر لەوەش زۆربەی شارستانی ویاسا کۆنەکانیش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە شۆڕشی پێغەمبەرێك هاتوە.

لە سەر ئەو بنچینەیە دەبینین شارستانی رۆم ویۆنان ومیسرو چین ومیزۆپۆتامیا.. بەرهەمی پێغەمبەرانن بەوشێوەیەی خوارەوە : بناغەی ئیمپراتۆریەتی رۆم هەروا لە باپیرە گەورەیان کە ناوی (روم بن عيسو بن اسحاق النبي)ە[٢]، شەریعەتی حەمورابی درێژ کراوەی شەریعەتی ح.ئیبراهیمە. بە پێی (پەیمانگای ئیسلامی بریتانی –زانستەکانی بەراوردی ئاینی) ئەوا حەمورابی ٣٠٠ سال دوای ح.ئیبراهیم هاتوە لە ١٨٧٠ پ ز، بۆیەش بەشی زۆری مادەکانی شریعەتی حەمورابی لەتەورات و ئینجیل وشەریعەتی ح.ئیبراهیم وهەندێکیشی لە ئاڤیستای زەردەشتی دەچێ، هەندێکی لەگەڵ قورئانیش لێك نزیکە[٣].

---

[١] المطهر بن طاهر المقدسي- البدء والتاريخ ص١٥٠

[٢] بڕوانە : لسان العرب –ابن المنظور ج١ص١٢٦٠ مادة: روم.

[٣] لای لە یەکچوو لە نێوان تەورات و یاساکانی حمورابی وشەریعەتی ح.ئیبراهیم هەیە، هەندێکی بە نمونە لێرە تۆمار دەکەین کە لە (مەوسوعەی بریتانی)مان وەرگرتوە : یاساکانی ژ:٨، ١٢٩، ١٩٥، ١٩٦... وەکو ئایەتەکانی (٢١- ٣٧- خروج)، (٢٢-

ڕۆژهەڵات وعەجەم وفارس لەو کاتی زانیاری وئاینیان ناردوە بۆ ڕۆژئاوا، کە دەڵێن فارس ئاگر پەرست بووینە نەك خوا پەرست واپێدەچێ وانەبێ.
(ابن مسکویه) دەڵێت: (وأفریذون أوّل من تسمّی ب « کي ». فکان یقال له: کي أفریذون، وهي کلمة تعنی التنزیه، أی: روحانی، أی: هو منزّه متصل بالروحانیة. وکان جسیما وسیما حسن البهاء، محربا عظیم القوة)[1].
زۆربەی زانیاریەکانی ئەو سەردەمەش ڕەگێکی کۆنی هەیە کە لەویشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاینە کۆنەکان، دەقەکۆنەکانی (نصوص القدیمە) ی سۆمەری وبابلی ومیسری کە لەویش بۆ ئاینی (ح.ابراهیم) وئاینەکانی ئەو سەردەم دەگەڕێتەوە، تەنانەت ئەسلی تەکنۆلۆجیاش زیاتر ڕۆژهەڵاتیە وچین یەکەم وولاتی پیشەسازی بوەو زۆرترین سەرمایەداری لیبوە، وەك ئیبن بەتووتە لە گەڕانەکانی بە دونیا بۆی دەرکەوتوە [2]...، دەگۆترێ کۆپەرنیك وگالیلۆ یەکەم جاردۆزیانەوە کە زەوی بەدەوری خۆر دەسوڕێتەوە، کەچی ئەوەش زانیاری کۆن وئاینی لە پشتە. یاقوت حموی دەلی: (وقال قوم الأرض تهوي إلی ما لا نهایة له والسماء ترتفع إلی ما لا نهایة له. وقال قوم إن الذي یری من

٢٢- تپنیە)، (١٥- خروج)، (٢٠- ٢٤- لاوین)... لەگەل زۆری تر، هەر ئەو دەقەی هەردوولاش بە نمونە تۆماردەکەین : قانون حمورابی رقم١٢٩- إذا قبض علی امرأة مضطجعة، مع سید فیجب علیهم أن یوثقوهما ویلقوهما في الماء. ویمکن لزوج المرأة أن یبقي زوجته علی قید الحیاة إذا رغب، کما یمکن للملك أن یخلّي حیاة أمته. التوراة: وإن أخذ رجل یضاجع امرأة متزوجة فلیمُت کلاهما. (تثنیة ٢٢:٢٢)، لە قورئانیش زینای پیاو ژنی بە هاوسەری ئەو سزایە هەیە، لە ئاڤیستای زەردەشتیش سزای ژنی مێردار لە زینا هەر ئەوەیە، هەمو ئەوانە بەلگەن کە هەموی لە ڕەچەلەکدا لە پەیام هاتوون دوای بەرەبەرە دەستکاری کراون.

[1] ابن مسکویة- تجارب الامم ج١ ص١٨

[2] ابن بطوطة –تحفةالنظار فی غرائب الأمصار وعجائب الأسفار ج١ص٢٨٣

دورانا لكواكب إنما هو دور الأرض لا دور الفلك)[١]. مەقدیسی هەمان ڕاستی دەڵێ بەشێك لە زانایان پێیان وابوە وادەردەكەوێ كە ڕۆژومانگ وئەستیرەكان بەدەوری زەوی بسوڕێنەوە كەچی زەویە بەدەوری خۆی دەسوڕێتەوە[٢]، لەكۆنەوە ئەو زانیاریە هەبوە و واش پیدەچی ئاینی بیت. (لارستارخۆس)لە٢٧٠ پ.ز. تیۆرێكی وەك كۆپەرنیكی گەڵاڵە كرد[٣]، تالیس سالی بە ٣٦٥ رۆژ داناوەو لە ٥٨٥ی (پ ز)پیشبینی رۆژ گیرانی كردوە[٤]، ئاریستاگۆریس لە سەدەی (٣)ی بەر لە زاین زانیویەتی كە زەوی چەقی گەردوون نیەو خۆر زۆر لەزەوی گەورەترە، فیساگۆرس ووتی زەوی بەدەوری ئاگریك دەسوڕێتەوە[٥]، شیشرۆن لە لارستاخۆرسی (٣١٠-٢٣٠ پ ز) وەرگرتوە دەڵێ ئەو پێی وابوو رۆژ ناجولێ بەڵكو زەوی بەدەوری دەسوڕێ، ئەلبیرۆنی لە٩٧٣ ز زانیویەتی زەوی خڕەو نیوەتیرەشی دۆزیتەوە.

هەمو ئەو ڕاو بۆچوونانە لەلایەن (یاقوت حەمەوی)نەقل كراوەو دەردەكەوێ لەلای زاناو فەیلەسوفانی ئیسلامەوە پیش كۆپەرنیك ئەو زانیاریە گەردوونیانە هەبوە[٦]، ابن حزم (كە لە ٤٥٦ھ مردوە) دەڵێ ئەوەی پێی ووترابێ زانای ئیسلامی زانیویەتی زەوی خڕە[٧]، بەپێی هەندێ سەرچاوە (قەزوینی) پیش كۆپەرنیكۆس باسی سوڕانی زەوی كردوە[٨]، تەنانەت لە

---

[١] یاقوت حموی –معجم البلدان ج١ ص٢.
[٢] المطهری بن طاهر المقدسی- البدء والتأریخ ص ٧٨
[٣] مادلر- تاریخ علم الفلك ص٤٤
[٤] فریدریك انجلس- دیالكتیك الطبیعة ص٢١٧، ص٢١٣
[٥] دیالكتیك الطبیعة ص٢١٤
[٦] معجم البلدان ج١ص٢
[٧] ابن حزم- الفصل في الملل والأهواء والنحل ج٢ص٧٨
[٨] بروانة: صورة الأرض- احمدعلامة، دارالفتى العربى للنشر ص٣٦

کتێبی پیرۆزی ئیزیدیەکان بە ڕوونی باس لە خڕی زەوی دەکا (.. ئەوەدەمانە هیشتا زەوی خڕ وبێ درزبوو)[١]، لە رسالەکانی ئیخوان سەفاش دەردەکەوێ زانیویانە زەوی خڕە، هەر لەجولەو مادەو کاتدا دەبینین لە مەزموری ح.داود زۆر بە ڕوونی باسی (نسبیەتی زەمەنی)کردوە وهاتوە (.. لأن الف سنة فی عینك مثل یوم امس..)[٢]... هەمو مافە مرۆییەکانی ئیستا هەرگیز لەو سنورەی ئاینی کۆنی هندوچین ومیزۆپۆتامیا وعەجەم ڕەت نادا، تەنانەت سیستەمی ژمارەی (دەیی) کە لەهەمو جیهان کاری پێدەکرێ ئەسلەکەی هندیە، با نمونە لەدەرەوەی کتێبە ئاسمانیەکان بهینینەوە. تاغوور لەکتێبی (البیت والعالم- بە هندیەکەی: غوری بایر) کۆمەڵێك بنەمای مرۆڤایەتی دارشتوەلە دادگەری ویەکسانی لە نێوان نەژادو نەتەوەو ئاینی جیاجیاوبەندیشی کردوەبەخواپەرستی.

لە سەر ئەو بنچینە قووڵانە (ڕۆسۆ) دەڵێت یەکەم دەسەڵات وشارستانی ئاینی بوە[٣]، ئاینیەکانیش زیاتر ڕۆژهەڵاتین چونکە دانیشتوان وشارستانی لە ڕۆژهەڵات بوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە ڕۆژهەڵات عاقل تر بن لە ڕۆژئاوا، بەڵکو زیاتر مانای ئەوە دەدا کە یەکەم جارئادەمیزاد بەعەقڵ وشارستانیەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە جودیەوە بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتون[٤].

٢- **فەلسەفەی ئیسلام میسالی نیە** : مادام بابەتە فەلسفیەکەمان لە دەوروبەری ئاین دەسوڕێتەوە دەبێ ناوە ناوە هەندێ چەمکی (خوارکراو) ڕاست کەینەوە، هەندێ لە فەیلەسوفەکان بەتایبەتی مەدرەسەی مارکسیزم

---

[١] مەسحەفێ ڕەش – ئایەتی ژ:١١.

[٢] مزمور داود رقم:٩٠ اية (٤-٥).

[٣] جان جاك روسو- العقد الإجتماعي- ص٢٠١.

[٤] بروانە: رۆلی عەلمانی لە دروست بوونی مەینەتی کورد ل٢١-

دنیای فکری بـه ڕوانگـەی خـۆی بـۆ دوو مـەدرەسـە دابەشـکردوە (مـادی و میسالی)، ئیسلامیشی بە میسالی داناوە (گوایـە ئـەوەی بڵێـت روح پـێش ماددەیـە ئـەوە میسـالیە و پێچـەوانەش بەپێچـەوانەوە)[١]. بـەڵام هـەر عاقڵمەندێك تۆزێك زانیاری هەبێت دەزانێ ئەو پۆلین ووەسفەی مارکسـیەت (١٨١٧- ١٨٨٣) داینـاوە بۆ ماددیەت و میسـالیەت تێکەڵـە و لەهـەردوو لاهەیـە، هەیـە مادیـە (وەك ئـەوەی پێیـان دەووتـرا مـادی میکـانیکی)، مارکس و ئەنجلس خۆیان دەڵێن ئەو جۆرە فەلسەفەیە مادیە بەڵام سـەبارەت بە خودا میسالیە،... هەشە میسالیە وەك وجودیەکان (لەسەر قسەی ئـەو) کەچی نەباوەڕیان هەیەو نەپێشیان وایە روح لەپیش مادەیە، ئینجا کەم ڕای وا هەیە بڵێت عەقڵ پێش مادەیە، تەنها ئەو فەیلەسوفانەی پێیان دەووتـرێ (میسالی زاتی) لەوانەتارادەیەك ئاینی تاوی.

هەروەها فیختە وجـۆرج بـارکلی (سـەدەی ١٨) و بەشـیك لـە (عدمیـەکان) دەڵـێن هەرچـی هەیـە تـەنها لـە مێشـکمان هەیـە ئـەگینا لـەواقع نیـە[٢]، هەرچەندە شـوبنهاوەر زۆر مادیـە بـەڵام لـە (الإرادة الطبیعیـة) بـازی داوەو دەڵـێ: (الطبیعـة اذن مـن نتـاج العقـل)[٣]، ئـەگینا هـەموو کـەس دەزانـێ سەردەمێك زەوی و ئاسمانەکان هەبووینە، مادە هەبوە، کەچی ژیرێکی تێدا نەبووە. لە قورئانیش بە ڕوونی هـاتوە: ﴿هَـلْ أَتَـى عَلَـى الْإِنسَـانِ حِـينٌ مِّـنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْئاً مَّذْكُوراً﴾[٤].. بە ڕوونی ئەوزنجیرە دروست بوونە لە زەبوور وتەورات وئینجیل وقورئان هاتوە.

---

[١] بۆدوستنیك ویاخوت- عرض موجز للمادیة الیالکتیکیة ص٨
[٢] الفکر الشرقی القدیم ص٩
[٣] المثالیة الألمانیة ص٢١٦
[٤] سورة(الإنسان -ایة ١).

کەواتە ئەو دابەشیەی فەلسەفی لەسەر بنچینەی (رۆح پێش مادەیە یان پێچەوانە) هیچ بەڵگە نیە بۆ دابەشی فەلسەفی.

لە ئەسلدا ئەو دابەشیە لە دوو هۆ هات:

یەکەمیان تاڕادەیەکی زۆر وادەخویندریتەوە کە فەلسەفەی ئیسلامی بیگانەیەو ڕەسەنایەتی لە ئەدەبیاتی ئیسلام نیەو فەیلەسوفانی ئیسلام لە ژێر کاریگەری بووینە: ابن سینا وکندی بە ئەفلاتون، وابن روشد بە ئەرستۆ، ئیخوان الصفا بەفیساگۆرس و.. بەوانە کاریگەر بووینە نەك بە ڕەهەندی فەلسەفی قورئان.

دوەم بەشیکی گەورە لە فقهی ئیسلامی دانیان بە فەلسەفەی ئاینی نەهینا و بۆشاییەکی گەورە پەیدا بوو، فەلسەفەی ئیسلامی نوینەری نەما لەبەر بێ کەسی کەوتە سەر فەلسەفەی میسالی زیانێکی زۆری بەرکەوت لەوەی کە راستیە فکریەکانی ئیسلام وەك خۆی دەرنەکەوێت، بەڵام ئیستا خاوەنی فەلسەفەی خۆیەتی کۆتایی بەوداگیرکاریەی میسالی هینا بەسەر فەلسەفەی ئاینی، ئیستا دەتوانین بلێین فەلسەفەی ئیسلام فەلسەفەیەکی سەربەخۆیە و تێڕوانینی خۆی جیایە لەهەموو پرسەکان وبە قۆناغی تەتبیقیشدا تێ پەڕیوە بۆیە بە میسالی ناژمێررێت، هەرچەندە نمونەی زۆر ناشرین لە مێژووی موسوڵمان هەیە بەڵام بەهۆی ئەو مەنهەجە کۆمەڵگایەکی نمونەیی لەسەر ئەو زەویە دروست کردوە.

هەرچی مارکسیەتە بەخۆی هێشتا بەشوعیەتدا تێنەپەڕیوە، کەواتە خۆی میسالی حیسابە، ئەوەی کێشە بوەهەندێ فەقیهی ئاینی تەواو پسپۆر نەبوە لە فەلسەفە بۆیەهەم بڕیاڕی سەلبی لەسەر فەلسەفە بەکافرو زەندیق وسەر لێشێواو.. داوە، هەم بەمیسالیانەش بەناوی فەلسەفەی ئاین قسەی لێکردوە، بوویتە فاولی فەلسەفی تا بگۆترێ فەلسەفەی ئیسلام ووشك

ومیسالی وناواقعیه.
فەلسەفەی ئیسلام ئەرك وئامانجی لە هەمو مەدرەسە فەلسفیەکانی تر ڕوون ترە، عەبەسی نیە، بریتیە لەدۆزینەوەی بنچینە گەردونیەکانی شەریعەتی ئیسلام، ئەرکی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان یاسای سروشتی و پەیامی ئاینیە، لەسەر ئەو بنچینەیە تا فەلسەفە و فیکری ئادەمیزاد بەرەو پێش بچێت ئیسلام زیاتر دەبوژێتەوە و فراوانتر دەبێت. ڕەنگە پرسیاری ئەوە بوروژێ ئەی بۆ سەردەمێك ئەو هەنگاوە لە قازانجی ئیسلام نەبوو؟ وەلامی ئەو پرسیارە بۆ بەشەکانی داهاتوو هەڵدەگرین، کورتە وەلامەکەی لێرە ئەوەیە ئەگەرئاین پەروەران لەسەر سکەی دروستی خۆی بێت، ئەوا بەرهەمە عەقلیەکانی ئادەمیزاد وەك فەلسەفە و زانست و تیۆرەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵناسی لەخزمەت بلاوبونەوەی ئاینی راستەقینە دەبێت، فەلسەفەی ئیسلام (وەك فقه ئاسا) دەقی پیرۆز نیە زادەی فکری ئادەمیزادە هەمو هەق لای ئەو نیە، دەشێ هەلەی تێکەوێ قابیلە بۆ ڕەخنەو هەلسەنگاندن، جاروایە فەیلەسوفێکی مولحید بۆچوونە فەلسفیەکەی لە بۆچوونێکی ئاینی ڕاست ترە، گرنگ ئەوەیە تەرازووی هەمو لایەك (فەلسەفەی ڕاستی) بێت، بۆیە لەسەر هەموو ئاین پەروەر ومرۆڤ دۆستێك لە سەرتاسەری جیهان بە هەمو ڕەنگە جیاجیاکان ومەدرەسەو ئاینە جیاجیاکان ئەرکە فەلسەفە بزانێت و بلاوی بکاتەوە.

فره خوایی وپرسه فەلسەفیه بنچینەییەکان

لەکۆنەوە ئادەمیزاد بە هەموو پۆلەکانیەوە کە سەیری ئەو هەموو شت و مەك و زەوی و ئەستێرە و مانگ و ڕۆژی کردووە، راستەوخۆ پرسیار بە خەیاڵی داهاتووە ئاخۆ چۆن دروست بووینە؟ کەی ؟ بۆچی؟لەبەرچی؟

ئینجا پێ دەنێتە پرسیارێکی فەلسەفی گرنگ و ترسناکتر: ئاخۆ ئەو بونەوەرە هەر لەخۆیەوە دروست بووە یاخود خاوەنی هەیە؟

ئەوە پرسیاری زۆرانە بەڵام وەڵام لای کەمانە، ئەوانە ناونراون فەیلەسوف، وەڵامەکانیش فەلسەفەیە.

دیارە لەکۆنەوە قوتابخانەی فەلسەفی جیاجیا پەیدابووە بەپێ ی وەڵامی ئەو پرسیارانە، لەمێژوودا پێغەمبەرەکان وەك چرا کاروانی فکری فەلسەفی ڕێگای کۆمەڵیان ڕووناك کردۆتەوە و هەرهەمووی یەك وەڵامیان داوەتەوە، وەڵامی ڕێك لە پێش دروست بوون تا کۆتایی و ئەولاتریش، بەپێچەوانەی هەندێك ڕۆژهەڵاتناس و زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی و هەندێك مەدرەسەی فەلسەفی بە تایبەتی (مدرسەی تطوریەکان) لەوانەش :مارکسیەکان بەگشتی، دورکایم، تایلۆر، دانتی، فیۆرباغ، فریزەر.. وای بۆچووبوون گوایە ئاینی سەرەتایی (فرەخوایی) بووە، یان ئاینی بەندەو بێ دەسەلاتان بوە، دوای بوە ئاینی دەرەبەگ، هەروەك بارون دولباخ لەکتێبی (المسیحیة من غیر ستار) دەڵێت: (ئاین لە دروستکراوی تاغوتەکانە)[1]، ئینجا وەرچەرخاوە بو یەك ئاینی.

لەوەش زیاتر (د جورج حنا) دەڵێ یەهودی یەکەمین ئاینە کە تاك خوایی پەیڕەو کرد[2]، لە تاك خواییەوە ئاین بوە ئاینی بەردەست بورجوازی.

د.محمد ئەرگۆنیش پێچەوانەی ڕای جورج حەنایەو دەڵێ : لە پیش ئاینی یەهودی یەکەم جار لە میزۆپۆتۆمیاوگلپەی یەکەمی شارستانیەوە بیرۆکەی یەك خوایی هاتە کایەوە[3]. بەڵام (ولیام شمید) پێچەوانەی هەمویانی سەلماند و ووتی

[1] روجی غارودی- مارکسیة قرن عشرین ص١٤٣
[2] جورج حنا- قصة الإنسان ص٧٥
[3] د محمد ارکون- قضایافی نقد العقل الدینی ص٢٨٠

یەکەم جار یەك خوایی بووە ئینجا زۆرداری وچەوسانەوە فرە خوایی هێنا کایەوە[١]، زیاتر لەوەش واپێدەچێ پاریزگاری لە حوکمی سیۆکراسی بچوك وگەورە وای خواستبێ فرە ئاینی دروست بووبێ.

تیۆری فرە خوای پرسە فەلسفیەکان یەکجار زۆر ئالۆزدەکا لە قازانجی فەلسەفەی مادی، ئەوانەی پێیان وایە ئاین لەسەرەتادا چەند خوایەکی زەویانەی هەبوە دوای بوە ئاسمانی ڕەنگە پالپشتیان کردبێتە سەر هەندێ بەلگەنامەی کۆن، سۆمەریەکان پێیان وابوە خوای زەوی ناوی (ئەنکی) بوە و خوای ئاسمانیش (ئانۆ) بوە[٢]، هەروەك لە ئاینی کۆنی عەجەم شێوەیەك لەوە هاتوە:

(بعد النزاع والصلح بين اليزدان (الإله)والأهرمن إتفقا على أن يكون العالم السفلى خالصاً لأهرمن لمدة ٧٠٠٠ألاف السنة)[٣].

لە کتێبی ئیزیدیەکان (مەسحەفی ڕەش وجلێوە) ئاوا باسی سەرهەلدانی فرە خوایی دەکا:

ثم خلق ستة آلهة من ذاته ومن نوره وخلقتهم صارت كما إذا أوقد انسان سراجا من سراج آخر .فقال الإله الأول للثاني أنا خلقت السماء فقط اصعد أنت إلأى السماء واخلق شيئا فصعد وصار شمسا وقال للآخر فصعد وصار قمرا والرابع خلق الفلك والخامس صار نجم الصبح والسادس خلق الفراغ يعني الجو تم الكتاب

کوردیەکەی-.. دواتر ٦ خواوەندی لە زاتی خۆی دروست کرد یەکەم ئاسمان دوەم رۆژ سێیەم مانگ.. چوارەم خولگەی دروستکرد، پینجەم ئەستێرەی بەیانیان، شەشەم ئەتمۆسفێر[٤].

---

[١] بروانە : أ-الاسلام والعلمانية.... ص١٨ ب-علم الأجتماع ص٤١٨

[٢] بروانە: قاموس الخرافات والأساطير ص٤٤-٤٥

[٣] الملل والنحل.. ص١٩٧.

[٤] کەرمەلی- ه س ل٨٣، ئایەتەکانی٣٢-٣٣)مەسحەفێ ڕەش.

بە پێی نوسینەکانی (ئەستافاخیس)کە ابن خلدوون لێی وەرگرتوە ئەوا سەردەمێك هەمو جیهان بە ٧ هەرێم دابەش کرابوو هەر هەرێمەی هەسارەیەکی بە خوای خۆی دانابوو ودەیپەرست[١]. بە پێی بڕوای (تایفەی ئیسماعیلیە) ئاسمانەکان ژمارەیان (١٠)یە، ئاسمانی هەرە سەروو پێغەمبەر (محمد) بەرپرسە لێی، ئاسمانی نۆیەم (ئیمامی علی) ودوای حسن وحسین وعلی زین العابدین، محمد الباقر، جعفر الصادق، اسماعیل بن جعفر الصادق، ئاسمانی هەرە نزیکی زەویش (ح.فاطمة) لێی بەرپرسە.

فارابی وئیبن سیناوماموستای یەکەم ئەرستۆ وزۆری تر هاوشێوەی ئەو دەقانەی (مەسحەفێ ڕەش) باسی دروست بوونی گەردوون دەکەن نەك خوای جیاجیا، دەڵێن: عەقڵێ یەکەم (هۆکاری یەکەم)خوایە وعەقڵی دوەم هۆکاری دووەمی لێ دەردەچێ وفەلەکی یەکەم لە بوونەوەر دروست بوو.. بەوشێوەیە تادەگاتە عەقڵی یازدەم وهەمو خولگەوفەلەکەکانی مانگ ورۆژو زوحەل موشتەری.. لێ دەردەچێ بەوشێوە ئەستێرەکانیش، لەهەرە خوارووش (لە خوارووی مانگ) جیهان لە ٤ مادەکە (ئاو گل ئاگر هەوا) دروست دەبیت[٢]، دەبێ کامیان یەکەم سەرچاوەبوویێت چونکە لە کتێبی ئیزیدیان باسی چوار توخمەکەش دەکاو لەپیش ئەوانیش لەلایەن زەردەشتیەکان، پێدەچی ئەوانە کاریان لەفەلسەفەی یۆنان کردبیت کە پێیان وابوو پێکهاتەی ئاسمان وزەوی لیك جیایە.

ئەو جۆرە لیك جیاکردنەوەیە بوە هۆی پەیدا بوونی فرە خوایی وکەوتە نێو زۆریەی ئاینەکان لەدوای پێغەمبەرەکان، خوای مرۆڤ (ئەو خوایەی مرۆڤی لە قوڕ دروست کرد لە چین ناوی تۆنگ وانگ کۆنگ)ە، خوای زەوی وخوای ئاسمان

---

[١] تاریخ ابن خلدون ج٢ص٢٢٣ مەرج نیە ئەو زانیاریەی ئەرستافاخیس بە موتلەقی ڕاست بووبێ.
[٢] فارابی –کتاب اراءاهل المدینة الفاضلة ص٦١. هةروةها بڕوانة: موسوعة الفلسفة ج٢ ص١٠٤-١٠٦ هةروةها:اريخ الفكر الفلسفي في الاسلام ص١٤٩-١٥٢

(سەفارۆگ خوای ئاسمان بوو لەناو سلاڤیەکان)، خوای خۆر (بالـدر خـوای خـۆرە لـە ئاینی ئەسکندیناڤیەکان) و مانگو (سەن خـوای مـانگ بـوە لەسـۆمەری)[١]وخـوای ئـاوو خـوای شـەو وخـوای رۆژ وخـوای بروسـك و (زیـۆس خـوای بروسـكە لەمیسریەکان)باوبارانن خوای نەخۆشی وکارەسات (رەشاڤ خـوای نەخۆشـی بـوو لـە کریت)، ئەو فرە خوابیانەو لیك جیاکردنەوەی ئەرکیان بوە هۆی لیك جیاکردنـەوەی چەمکە پێکوەنوساوەکانی تری وەك: دین ودنیا، لاهوت وناسوت[٢]، عەقڵ ونـەقل، زاناو دەسـەلاتدار، شـریعەت ودەسـتور، پیـاوی ئـاینی ورەشـۆکی، تادەگاتـە ئـاین وئاینپـەروەران و یاسـا، سـیکولاریزم لـەولیك جیاکردنەوانـە هـات، لـە مێـژووی ئەوروپاو هەتا لە نـاو جیهـانی ئیسـلامیش کـاری خـۆی کـردوە، لەسـالی ١٧٣٧ز بەرجەستە بوو لە ڕێکەوتنێکی دەگمەن لە ناوجەرگەی ئاین لە نێـوان زانـای ئـاینی (محمد بن عبدالوهاب) لەگەڵ (محمد بن سعود)کە ئـاین بـۆ یەکـەم ودەسـەلاتیش بـۆ دوەم[٣]، ویچووی ڕێکەوتنی مۆسۆلینی (سەرۆکی بزوتنەوەی فاشی ئیتالیا) وپاپـای ساڵی ١٩٢٩ بۆ دابەشی دەسەڵاتی ئاینی ودونیایی بەو شیوەیە: مـرۆڤ لەبوونیـەوە تامردن بۆ مۆسۆلینی بیت لە دوای مردنیش بۆ پاپا بیت هەتا قیامەت[٤]!!

ئێستاش هەیە دەڵێت (قیم السماویه) یـان (ادیـان السـماویه) لەبەرامبەریشـدا دەڵێن (قوانین الأرض).

هەندێ ئایەتی ئینجیل زیاتر ئەو لیك حیاکردنەوانە پتـەو دەکـا: (أيحل لنـا أن ندفع الجزية الى قيصر أم لا ؟... قالوا: للقيصر ! فقال لهم: ادفعوا إذن، الى القيصر

---

[١] قاموس الخرافيات والأساطير ص١٤٠، ص١٣٤،

[٢] - معجم الفلسفي الشامل... مادة: ناسوت ص ٨٦٧، اللاهوت: عالم الغيب، آخرة، والناسوت عالم الشهادة أي الدنيا .

[٣] د. صالح العابد –حركة الأستقلال العربي، رسالة الماجستر –جامعة المستنصرية، بغداد١٩٨٨ ص١٢-١٣

[٤] بڕوانە :مەوسوعەی جودی-دانەر مادە:عەلمانی

ما للقیصر والی الله ما لله[١]، (مملکتي لیست في هذه الدنیا)[٢]، ((سمعتم انـه قیـل: عین بعین وسن بسن، أما أنا فأقول لکم: لا تقاوموا من یسيئ إلـیکم. مـن لطمـك عن خدك الأیمن فحول لـه الآخـر، ومـن أراد أن یخاصـمك لیأخـذ ثوبـك، فـاترك لـه رداءك أیضاً))[٣]، (فلا تهتموا للغد. لأن الغد یهتم بما لنفسه. یکفي الیوم شره..)[٤]. لەوەشەوە ئایین درایە پاڵ چینی چەوسێنەر.

لە هەموان ڕوون تر قدیس ئۆکستین لە کتێبی (ملکوت الله) دەڵـێ (بۆیـە خـوا عەبدایەتی داهیناوەك سـزا بۆیـە هەرتەقەلایـەك بـۆ هەلوەشـاندنەوەی سیسـتەمی عـەبدایەتی ئەوە یاخی بوونە لە فـەرمانی خـودا)[٥]. قەشـە لاس کاسـیس (١٤٧٤-١٥٦٦) فتوای دا کە دەکرێ ئەمریکیەکان لە جیـاتی هندیـە سـورەکان کۆیلـە لـە ئەفریقا ببەن بۆ ئەمریکاو لەوەوە ڤۆلتیر زۆر بە توندی ڕەدی دایەوە[٦]، لەوەوە (ئاین تلیاکی گەلان- الدین افیون الشعوب) لەلای مارکس هات[٧]، لە پیش ئەویش بارون دولباخ ووتبوی ئاین هونەری سڕ کردنی میلەتانە تا هەست بە چەوسانەوە نەکەن[٨].

ئەو لیك جیاکردناوانە هەڵەیە، لەیەکەم تا دوا پێغەمبـەر یـەك وەلامـی هـەبوە وباسـی یـەك خواشـی کـردوە،.. هەرچـی مـەدرەسـەی تـری مێـژووین ئـەوان هـەر

---

[١] - إنجیل متی٢٢ ط٤ ١٩٩٢، اتحاد جمعیات کتاب المقدس.

[٢] -جان جاك روسو-فی العقد الأجتماعی -ترجمة:زوقان قرقوط، دار القلم -بیروت ص٢٠٨ (ونقله لکتاب المذکوربصیغة: وطن المسیحی لیس في هذا الدنیا).

[٣] - متی ٥ (٣٩ – ٤١) الکتاب المقدس العهد الجدید-

[٤] کتاب المقدس-العهد الجدید مت (٣٤:٦)

[٥] مارکسیة قرن عشرین ص١٤٦

[٦] دعبدالسلام الترمانینی – (الرق، حاضره ومستقبله) ص٢٠٧-٢٠٨

[٧]. دەقی ووتەکەی مارکس لە کتێبی (نحو نقد لفلسفة الحق الهیجلیة- ١٨٤٤م) وانوسراوة: إن الهم الدیني هو في الوقت نفسه تعبیر عن هم واقعي واحتجاج علي هم واقعي. إن الدین هو آهة الخلیقة المضطهدة، هو قلب عالم لا قلب له، مثلما هو روح وضع بلا روح. إنه أفیون الشعب.

[٨] روجیه غارودی -مارکسیة قرن عشرین ت:تزیه الحکیم ص١٤٣

نماوەخۆش ڕای جیایان هەبووە، لەمەدەرەسی یۆنانی ئەفلاتون پێ ی وابوو (ئەو بونموەرە خاوەنداره) کەچی (هیرکلیت)نکولی لەوە دەکرد،.. لە ناو یەك مدرەسەی وەك وجودی هەریەکە لە: **جان بول سارتر** (١٩٨٠ – ١٩٠٥) و مارتن هیدجر (١٩٧٦ – ١٨٨٩) و سیمون دی بوفوار (١٩٨٦ – ١٩٠٨) **بێ باوەڕ کەچی** کیرکیجورد (١٨٥٥ – ١٨١٣) کارل یاسبرز (١٩٦٩ – ١٨٨٣) و جبریل مارسیل (١٩٧٣ – ١٨٨٩) باوەڕداری مسیحین...، ئینجا زانایانی زانستیش.

هەروەها هەموو ئەو مەدرەسانە دەتوانین بەکورتی و پوختەی ڕاکانیان بەو سێ وەڵامە سەرەکیە دابەشی بکەین:

خودا دروست کەرەو هەمو ئیشێك لەو بوونەوەرە لەدەست خواو بە قودرەت و ئیرادەی ئەو دیتە دی.

بەشی دوەم دەڵێن دروست کەرە بەڵام پەیوەندی پیوە نەماوە.

بەشی سییەم دەڵێن ئەو بونەوەرە خاوەنی نیە ئەوەی هەیە ماددەیە.

ئەنجلس دەڵێت دەتوانین لە بونەوەر تێ بگەین بەبێ پەنا بردن بۆ غەیب دوا تەقەلای ستیڤن هوکینگ لە (Grand Design) دوبارەی کردۆتەوە، بەو شێوەیە هەر مەدرەسەیەك بەجۆرێ، هەیە دەڵێت ئەو بوونەوەرە و ژیانی سەر زەوی بە (ڕێکەوت) هاتووە، هەیە دەڵێت هەر بوە و هەر دەمینێت، ئەو جەدەلە مێژوویيە ئێستا خەریکە لە سایەی زانستی نوێ یەکلادەبێتەوە، ئێستا مەدرەسەی مارکسیزم کە نوێنەرایەتی بەرەی مادی دەکات کە باوەریان وایە (مادە فراوانترین مەفهومە)[١] هەروەك دەڵێن هەرهەبوەو هەر دەشمێنێ، وەسفی مادە بە (نەمر)دەکەن.[٢]

ڕاوبۆچوونەکانی ڕوو بە ڕووی زانستی نوێ بۆوە، دەرکەوت (اللامادی) یش شان

---

[١] عرض موجز للماديةدياليكتيكية ص٣٢

[٢] ف انجلس- ديالكتيك الطبيعة ص٨٧

بەشانی مادە دەور دەگێڕێ لەو بوونەوەرە، لینین (١٨٧٠- ١٩٢٤) خۆشی گومانی هەبوو لەوەی عەقڵی ئادەمیزاد پرۆسەیەکی مادی ڕووت بێت، وتی ئەوەی بڵێت تەنها مادەیە دیارە هۆشی نیە[١]. ئینجا فیزیای نوێ کە پێشڕەو بوو لە بۆچوونی مادی ئێستاش هەر پێشڕەوایەتی (اللامادی) دەکات وەك لە کتێبی (جذور المصادفة) هاتوە ئەو دونیایە (مادی و لامادی) وەك یەك لێی بەشدارن، ئیستا زانستی نوێ سەلماندی کە ئەو گەردونە تەمەنی هەیە و کۆتایی وسنوریشی هەیە، ئینجا دۆزرایەوە هەموو بونەوەر لەژێر یەك فەرمانی ناوەندی بەرێوەدەچێت و هەر هەمووی بەرێکوپێکی بەپێچەوانەی ڕاو بۆچوونەکانی فەلسەفەی مادی (مارکسیزم بە تایبەتی)کە پێ ی وابوو ناکۆکن. تۆماس ئەکوینی وولیام بالی وسیر جیمس (١٨٧٧-١٩٤٦) جهانیان بە مەکینەیەکی گەورە وەسف کرد.. (نیوتن) پێش هەموان لەو سەردەمەدا وتی هەموو پارچەکانی بوونەوەر وەك سەعاتێکی قورمێشکراو بەرێوە دەچێت، بەلآم لەوە بەهەڵەداچوو کە وتی گەردون سنوری نیە، ئێستاش دەسکەوتەکانی زانستی بەپێچەوانەی مارکسیزم کە وای داناوە لەقازانجی فەلسەفەی ئەوان بێت، بەڵکو هەر یاسایەك دۆزرابێتەوە زیاتر پاڵپشت بۆ ئەو باوەڕە دروست دەکات کە ئەو بونەوەرە بێ خاوەن و بەرێکەوت بەرێوە ناچێت، زۆرتر نزیك بۆتەوە لەو دەنگ و باس و وەسفانەی کەلە پەیامی ئاینی بەتایبەتی لەقورئان هاتووە..ئادەمیزادی ئێستا جیاوازی زۆرە لەگەڵ پێش ٥٠ ساڵ، زانایان دەتوانین بڵێین بەشی هەرە زۆری بڕوادارە ئەگەر چی وەك پێویستیش ڕێبازەکەیان هەموو نەدۆزیتەوە، بەلآم ئەوەی مسۆگەرە پرسیارە فەلسفیەکان گۆڕاون، پرسیاری بنچینەیی ئیستای فەلسەفی لەبارەی میسالی ومادی نیە، هەروەك پیشوو تر مادیەکان بانگیشەیان بۆ دەکرد، ئەنجلس تیکرای کێشە فەلسفیەکانی کۆن ونوێی

---

[١] عرض موجز للمادية اليالكتيكية ص٦٣

کۆکردۆتەوەو دەڵێت پرسی پەیوەندی نێوان فکر و بوون، رووح و سروشت،.. گەورەترین پرسی تەواوی فەلسەفەیە[١] ، ئاینی ومادی لێرەوە ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە، تاڕادەیەکیش فیزیاویەکان پالپشتیان دەکردن ودەیان ووت: (هەمو کێشە فەلسفیەکان لە نێوان مادی ومیسالیە بە جۆریکی وا هیچ لایەکیان نێوبژی قەبول ناکەن)[٢] . دوای ئەوەی ئاین بەخۆی هاتە مەیدانی فەلسەفی ململانیی ئیستا لە نێوان مادی ومیسالی نیە کەوتۆتە نێوان مادی وئاین، پرسیارەکانیش وەرچەرخاوە بۆ ئەو پرسیارانە:

ئایا ئەو بوونەوەرە بە (ترتیب) وەك ژمارە وا ڕێك خراوە یان پرۆسەی گەشە ئەو ئەنجامە جۆر بەجۆرەی داوە؟ واتە (سلم الترتیبە) یان (سلم التطور) ؟

ئەوبوونەوەرە لە خۆوە پەیدا بوە یان خاوەنی هەیە وا بەووردی بەڕێوە دەچێ؟

لە هەموشیان گرنگ تر پرسی کێ بونەوەری دروست کردوە؟

کە لەبڕگەی داهاتوو باسی دەکەین.

بونەوەر[٣] چۆن وکێ دروستی کردوە؟

لە بڕگەی سەروو کەمێك ئەوپرسیارەی (بوونەوەر دروستکەری هەیە یان لە خۆوە دروست بوە) ساغ بۆوە، ئیستا پێ دەنێینە قۆناغێکی تر لە پرسیاری فەلسەفی گرنگ، بەشێك لەفەلسەفەی کۆن وایان زانی کە بوونەوەر بەرجەستەیەکی خواییە وشانۆی کارەکانی بوە لە پیش بوون ولەدواڕۆژ، بۆیە پێیان وابوو بوونەوەر

[١] مارکس-انجلس -مختارات ط انکلیزی ص٤٣٠-٤٣١).

[٢] الفلسفة والفیزیاءج١ص٦١

[٣] مەبەست لە بونەوەر چەمکێکی فراوان ترە لە گەردوون هەموو دروستکراوێك دەگرێتەوە کە بەر هەستی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەوێ، بەلام لە چەمکی (شت) فراوان تر نیە.

هەر هەبوەو هەردەمینی، سۆمەریەکان پێیان وابوە ئەو بوونەوەرە گەورە بەیەك خوا دروست نەکراوە، ئانکی زەوی دروست کردوەو ئانۆش ئاسمانی دروست کردوە[1].

بە پێی باوەڕی کۆنی ژاپۆنی ئەوالەوجیهانە تاریکایی بوو، هیچ نەبوو تەنها هیلکەیەکی زۆر چڕی سپی بچوك هەبوو، دوای مادە ڕەق وقورسەکانی ئەو هیلکە زەوی لێ دروست بوو هەرچی شلەومادەسوکەکانە بەرزبوونەوەو ئاسمانی لێ دروست بوو، *لەئاینی کۆنی عەجەم جیهانی باڵا وجیهانی دونیا لیك جیا کرایتەوە کاری هەریەکە بە خوایەك سپێردرایە، دونیا بۆ ئەهریمەن وئاسمانیش بۆ خودا*[2].

بابلی ومیسری کۆنیشووردتر پییان وابو لەزەویش ئاودروست کەری گەردوونە، لەشەپۆلی ئاو وشکایی ولەهەلمی ئاسمان دروست بوە، لە یۆنانیش تالیس (سەدەی ٦ی پ ز) پێی وابوو یەکەم جار ئاو ئاسمانی دروست کردوە[3]، لەوەشەوە ڕەنگی داوەتەوە سەر کتێبەکانی ئینجیل وتەورات وهەندی مەزهەبی ئیسلامیش، بەشە ئاینیەکەش (بە سوڕدراوی) ڕای باوی وابوو کە یەکەم جار زەوی هەبوە ئینجا ئاسمان دروست بوە، پێیان وابوە یەکەم جار دەریا دروست بوە لە دەریاوە ئاسمان ورۆژو مانگ وئەستیرە دروست بووینە.

لە (تاريخ الطبري)یش وا هاتوە: قال إن الله عز وجل كان عرشه على الماء ولم يخلق شيئا مما خلق قبل الماء فلما أراد أن يخلق الخلق أخرج من الماء دخانا فارتفع فوق الماء فسما عليه فسماه السماء ثم أيبس الماء فجعلة أرضا[4].

لە (تەورات)یش کە دەڵێ (فی البدء خلق الله السموات والأرض، وكانت الأرض خربة وخالية..)[1].

---

[1] بڕوانە: قاموس الخرافات والأساطير ص٤٤-٤٥

[2] الملل والنحل.. ص١٩٧.

[3] المعتقدات الدينية لدى الشعوب ص١٢

[4] تاريخ الطبري ج١ص٢٠

لە ئەسلدا ئەو ڕایەی کە دەڵێ هەمو شتیك لەئاوە بۆ (تالیس)دەگەڕێتەوە میسریەکان وزۆربەی ئاینیەکانیش ئەو باوەڕەیان هەبوە،، شیشرۆن ڕەدی تالیس دەداتەوە کەووتویەتی ئاو سەرچاوەی هەمو بوونیکە خواش ئەو ئەقلەبێ کە لە ئاو هەمو شتیکی دروست کردبێ، واپێدەچێ ئەوبیرۆکەی ئاو ئەسل بووبێ سەردەمیك هەمو جیهانی گرتبیتەوە چونکە لە تەواوی ئەفریقاش باوەڕ وابوو کە ئاوو تاریکی وخوا هەبوو پیش بوونەوەر.

هەرچی ئەناکسیمینسە ووتی هەموو شتیك لە هەوا هاتوە، هرکلیت (٥١٠-٤٨٠ پ. ز) ووتی نەخێر هەمو شتیك لە ئاگرە، فیساگۆرس ووتی ژمارە ڕەچەڵەکی هەمو شتیکە، بلۆتارك ووتی روح وهەواش هەر یەك شتن.

ئەنیکسیماندریس ووتی ئەسلی مرۆڤیش لە ماسی هاتوە دوای کەوتۆتە ووشکایی[2]، لەدوای هەموو شتیکیان گەڕاندەوە بۆ ٤ توخم (ئاوو هەوا ئاگر گل)ئەوە زۆر حوکمی کرد[3].

لە کتێبی پیرۆزی ئیزیدیەکان دەڵێ یەکەم ئادەمیزاد لەو چوار توخمە دروست بوە، هەر لەسەریەکەم دروست کراو ئەو کتێبە پێی وایە یەکەم جار (ملکە تاوس بەناوی عیزرائیل) دروست کراوە ئەو کاتی تەنها زەریا هەبوو خواش لەسەر ئەو زەریایە بوە، دوای دروست کردنی ٦ خوا بۆ یارمەتی کارەکانی ئینجا زەوی وئاسمانی دروست کرد[4]. هەرلە کتێبی ئیزیدیەکان (مەسحەفی ڕەش وجلێوە) ئەو

---

[1]الکتاب المقدس-عهدالقدیم –سفرالتکوین ئایەتەکانی (١ و٢).

[2]ف انجلس- دیالکتیك الطبیعة ص٢١٢-٢١٣

[3]ابو الحسن الجرجانی (١٣٤٠-١٤١٣م)-التعریفات ص٩٠ مادة:العنصر (الأرض، الماء، النار، الهواء)الأصل الذی تتألف منه الأجسام المختلفةالطباع.

[4]بروانە (جلیوە- کتیبی یەکەم برگەی یەکەم) بۆ زانیاریەکانی تر : مەسحەفی ڕەش - ئایەتەکانی (٢٨-٣٠).

بوونەوەرە بە ٦ خوا دروست کرا[1].

فارابی وئیبن سیناوماموستای یەکەم ئەرستۆ وزۆری تر هاوشێوەی ئەو دەقانەی (مەسحەفیّ ڕەش) باسی دروست بوونی گەردوون دەکەن (نەك خوای جیاجیا)، دەڵێن: عەقڵی یەکەم (هۆکاری یەکەم)خوایە وعەقڵی دوەم هۆکاری دوەمی لیّ دەردەچیّ وفەلەکی یەکەم لە بوونەوەر دروست بوو.. بەوشێوەیە تادەگاتە عەقڵی یازدەم وهەمو خولگەوفەلەکەکانی مانگ ورۆژو زوحەل موشتەری.. لیّ دەردەچیّ، لەهەرە خواروش (لە خوارووی مانگ) جیهان لە ٤ مادەکە (ئاو گل ئاگر هەوا) دروست دەبیت[2].

ئەرستۆ دەڵیّ ڕەچەڵەکی هەمو بوونەوەر بۆ مادە دەگەڕێتەوە، گاسندی ووتی مادە نابیّ و لەناویش ناچیّ بەڵام دەگۆڕیّ، سپینوزا وزۆری تر بەدوای داهاتن[3].

لە فەلسەفەی چاخی ناوەڕاست یەکەم جار ئەمانویل کانت لە بنەچەی گەردوونی کۆلیەوە ئینجا لاپلاس ودوای شۆڕشە گەردوونیەکە (کۆپەرنیك، کیپلەر، گالیلۆ، جۆردانو) دەست پیّ دەکا، تایلەر لەکتێبی (عندما دقت الساعه صفراً) دەڵیّ بوونەوەر بە بیّ خودا لەهیچەوە دروست بوو، فرید هویل دەلی پەیدابوون لە نەبوونەوە لە مەجەرەکان بەردەوامە بی خودا.

ڕای پێچەوانەش زۆرە نیوتن جارێکی تر لە ڕای (ئەتۆمیەکانی کۆن) نزیك دەبێتەوە ولەسالی ١٧٠٤دەنوسیّ: واپێدەچیّ خوا یەکەم جار مادەی لە شیوەی خوردەی زۆر ڕەق دروست کردبیّ کە بشیّ بۆ گەشەو جولە وئامانجەکانی بهێنیتە دی[4]، بە کۆی گشتی کتێبی (الله بين الفلسفة والمسيحية) بۆ وەلامی ئەو پرسیارەی

---

[1] کەرمەلی- ه س ل٨٣، ئایەتەکانی٣٢-٣٣)مەسحەفیّ ڕەش.

[2] فارابی –کتاب اراءاهل المدينة الفاضلة ص٦١. هەروەها بڕوانە: موسوعة الفلسفة ج٢ ص١٠٤-١٠٦ هەروەهاتاريخ الفكر الفلسفي في الاسلام ص١٤٩-١٥٢

[3] الفيزياء والفلسفة ج١ص٤٧

[4] الفلسفة والفيزياء ص٤٢

ئاخۆ بونەوەر چۆن وکێ دروستی کردوە؟ عەقڵی بەشەری کردۆتە ٥ بەشی سەرەکی

١-مادیەکان دەڵێن بوونەوەر بە ڕێکەوت بە بێ خودا دروست بوە.

٢-عەقلانیەکان دەڵێن دروست کەرە بەڵام نازانین چیە.

٣-یەك بوون، دەڵێن بوونەوەر وخودا یەك گەوهەرن.

٤- خوا دروستی کردوەو جیاشە لەگەڵ ئەو جیهانەو ئەو رۆلی دینامیك بۆ بوونەوەر دەبینی.

٥-ئەوانەن کە باوەڕدارن، دەڵێن خوا دروستی کردوە...

بۆ ئەوەی وەڵامی ئاڵۆزترین پرسیار بدەینەوە کە هەم فەلسەفە و هەم زانستی و هەم مێژوو پێویستی بە لێ کۆڵینەوە لە چەند پرسێکی تر هەیە کە کلیلی ئەو بابەتەن، چونکە لە پێش ئەو پرسیارە گەوەرەیە پرسیاری تر هەیە، ئاخۆ ئەو گەردونە هەر لەخۆیە دروست بوە، وەك بەرەی فەلسەفەی (تەتەوریەکان) وای بۆ دەچن دەڵێن هەموو ئەو شت و مەکە جیاجیایانەی لەو گەردونە دەبینی وەك دار و بەرد و شاخ و ئاو و هەوا و ڕۆژ و ئەستێرە، ئەوە بەرهەمی جوڵانەوەی دوور و درێژی بێ پایانی ماددەن، هەر چەندە ئەو بۆچوونە شکستی هێنا لە ڕووی زانستی لەگەڵ سەرهەلدانی (bing bang theory)دۆزرایەوە ئەو گەردونە ئەبەدی و ئەزەلی نیە تاجێی تیۆری گەشەی تێدا ببێتەوە. بەڵام پێویستە ئێمە لەڕووی فەلسەفیشەوە هەلی سەنگێنین، بۆیە پێویستیمان بەو بابەتانە دەبێت تاڕوونی کەینەوە ئەو مادده (بێ ئیرادەیە) گەشەناکات لەخۆیەوە بۆ دروستکردنی جۆرەکانی تری مادده ئەگەر ڕێنمایی پێ نەدرێ یان خۆی بەرنامەکەی هەلنەگرتبێ. بۆ ئەو مەبەستەش بزانین مادده لەخۆوە دەجولێت بەبێ هیچ عاملێکی دەرەکی، لێرەدا پێویستیمان بەدیراسەتی (دەوری عاملی دەرەکی و ناوەکی ویاساکانی دەبیت). ئینجا پێویستیمان بەوە دەبێت ئاخۆ ئەو مادەیە گەشەدەکات و پەرەدەسێنێ لەجۆرێك بۆ جۆرێکی تر، لەبەرد بۆ ئاسن ئینجا بۆ

یۆرانیۆم ئینجا بۆ سێو و پرتەقال و باڵندە و ئادەمیزاد یاخود جوڵانەوەکەی سوڕانەوەیە ناپەڕێتەوە لەجۆرێك بۆ جۆرێکی تر.

لێرەشەوە پێویستیمان بە دیراسەت کردنی بابەتێکی فەلسەفی تر دەبێت بەناوی (جوڵانەوەی مادە یان گەشەسەندن)، ئینجا لەپاش ئەوانە دێینە سەر ڕێك وپێکی ئەو گەردونە کە نیشانی ڕێبەرێکی مەزنە و دێینە سەر فەلسەفەی ئاین لەبارەی (هاوسەنگی لەو بونەوەرەدا) ئینجا دێینە سەر دروست بوونی بونەوەر ومەبەست لە ئادەمیزاد....

بەڵام لەپێش هەموو ئەوانە بزانین ئاخۆ سەرچاوەی جوڵانەوەی مادە لەکوێ دێت دیارە هەر هەمووی زۆر بە کورتی لەسەری دەدوێین.

جوڵانی مادەو تەرتیب:

جوڵان ئەوکاتە ڕوودەدا کەکاریگەریەکانی دەرەکی بە هێز تر بێت لەئارامی تەنەکە، کاریگەریەکان پێی دەووترێ (هۆکار) وئەوگۆڕانکاریانەی بەسەریشی دێت پێی دەوترێ (ئەنجام)، مەبەست لەجوڵانی مادە هەموو ئە و جوڵانە دەگرێتەوە کەبەسەر شت و مەك دادێت لە ناوەکی ودەرەکیدا، ئەوەشە دەبێتە هۆی کارلێك کردنەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا، لە فەلسەفەپۆلین کردنی جۆرەکانی جوڵان لەگەڵ زانست تا ڕادەیەك لیك جیایە، ئەنجلس لە (دیالکتیك الطبیعةص٢٨٢)بە سەردیری (اشكال الحركه المادە)دەستی پێ کردوە گوزارشی لە ڕای سەرجەم مادیەکان کردوە - زیاتر لقەکانی زانستی پێ پۆلین کردوە دوای کردویە بە (٥) جۆرە جوڵانەوە:

١-میکانیکی ئەویش سی بەشە : کیش، سوڕان، فشار.

٢- فیزیایە ئەویش دوو بەشە.

٣-کیمیایی وسەرووی کیمیایی.

٤- جوڵانی ئۆرگانیکی.

٥-جوڵانی مێژوویی بەهەردوو دیوی سروشتی وژیاری[١].

به هەمان سەردێر لە (مادیه الدیالکتیکیه)[٢] بۆ ٧ بەشی دابەش کردوە، له (فلسفة الطبیعة) ی شلنگ هەمو سیستەمی جوڵانەوەی بۆ سێ پۆل دابەش کردوە:

١-جوڵانەوەی چەندایەتی

٢-جوڵانەوەی چۆنایەتی

٣-جوڵانەوەی نسبی کەبە هۆکاری دەرەکی کاردەکا[٣].

هەرچی جرجانیه (١٣٤٠-١٤١٣م)کە گوزارشی لە ڕای فەیلەسوفانی ئیسلامی (توسی، شیرازی، ابن رشد، ابن سینا،...)کردوەوبۆ٨ پۆلی دابەشی کردوە، کەبریتین لە: (کم وکیف والوضع والعرضیة والذاتیة والقسریة والإرادیة والطبیعیة)[٤].

لەلایەن ئیخوان سەفاش جۆرەکانی جوڵانەوە بریتین لە (کون-فساد-زیادة-نقصان-تغیر-نقلة)[٥]، صدرالدین شیرازی وابن روشد وەك یەك باسیان کردوە.

ئەوەی لە ڕووی زانستی وفەلسەفی نیمچە ڕێکەوتنیکیان لەسەر هەیە هەتا ئێستا ئەو (٦) جۆرە جوڵانەوە لەناو مادە هەیە:

١-جوڵانی سادە-میکانیکی یان (جێ گواستنەوە).

٢- جوڵانی چەندایەتی (وەك زیادبوون و کەمبوون).

٣- جوڵانی سروشتی (کە زیاترفیزیایی و کیمیایی) دەگرێتەوە.

---

[١] ف انجلز- دیالکتیك الطبیعة ص٢٩٠

[٢] دوو کتێبی بە ناوی (مادیه الدیالکتیك) هەیە یەکیان بەناوی (عرض موجز للمادیة الدیالکتیکیة –بۆدوستنیك یاخوت) ئەوەی تر تەنها (المادیه الدیالکتیکیه)کۆمەڵێك زانای سۆڤیەتین.

[٣] المثالي الألمانية ص٢٣٠

[٤] ابو الحسن الجرجاني- التعريفات ص٥١

[٥] رسائل اخوان الصفاء –الحدودوالرسوم-ص١٧٨

٤- جـولآنی ژیانـداری کـە ئـەویش سـەرەڕای ئـەو جولآنانـەی پێشـوو جـولآنی بایلۆجی و فسیۆلۆجی دەگرێتەوە.

٥- جولآنی کۆمەلآیەتی دێت.

٦- جولآنی فکری کە بەرزترین پلەی جولآنە لە بونەوەری مادیدا.

ئەگـەر زۆر بـە ووردی و کـورتی لـە هـەر سیسـتەمە جولآنەوەکـە وورد بینـەوە دەبینین:

١-ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆکاری گۆڕان خۆشیان دەگۆڕێن.

٢-ئاڕسـتەی گۆڕانەکـەیان لـە دەرەوە بـۆ ناوەوەیـە، بـە جۆرێـك لـە سـەرەتای جولآنیان زۆر پێویستیان بە فاکتەری دەرەکیـە، بەرەبـەرە فاکتـەری نـاوەکی گرنگیەکە لە فاکتەری دەرەکی دەسێنێتەوە.

٣- تا فاکتـەری نـاوەوە رۆلی زیـاد بکـا خیرایـی گەشـەی زیـاد دەکـا، لـەوەوە سیفەتی (اطرادی- مونوتونیك) بۆ سیستەمی گەشەکردن دروست دەبێ.

٤- لەهەمو بارەکـانی جولآنـەوە وەرچـەرخانی گرنگـی (لـە خـالی ٢)فاکتـەری دەرەکی وناوەکی پایەی (پێویست) لەدەست نادەن.

لەو چوار ڕێسایەی سـەروو دەتـوانین (سـلم الترتیب)یـك بـۆ مـادە سروشـتیەکان دیاری بکەین لەشیوەی خشتەکەکەی مەندەلیف: لە ٦ جۆرە جولآنەوەکـە فاکتـەری دەرەکـی لەسـەر یەکـەم جـۆر گـەلێ زۆرەو نـاوەکی کەمـە، جـۆری دوەم لـەجولآنی ناوەکیەکـە کـەمێك زیـاد دەبێـت ودەرەکیەکـە کـەم دەبـێ، بـەو شـێوەیە تـا دەگاتەشەشەم جۆر. بەهەمان شێوە ئەو جارە لەهەریەکە لە ناو خودی جۆرەکـانیش ئەوە بەدی دەکرێ، بـەپێی (سـلم الترتیـب) وپایـەی لەجولآنـەوەی دوەم تـا شەشـەم (فکری) یەکەیەکە بەو قۆناغانـە تێدەپـەڕن، واتـە هەریەکـە لەسـەرەتای جولآنیـان پێویسـتیان بـە فاکتـەری دەرەکـی زیـاترە لەگـەڵ کاتـدا ڕاسـتەوانە پێویسـتی بـە فاکتـەری نـاوەکی زیـاد دەکـا، نزیکـە لەبڕگـەی یەکـەمی (یاسـای دوەمـی

نیوتن)کەواهاتوە: (إذا أثرت قوة أو مجموعة قوی علی جسم ما فإنها تكسبه تسارعاً، یتناسب مع محصلة القوی المؤثرة)، لەگەڵ ئەو بڕگەیە ناگونجیّ کە دەڵیّ (یتناسب مع محصلة القوی المؤثرة) چونکە ئەوە تایبەتە بە جۆری یەکەمی جوڵانەوەی (میکانیکی) و فاکتەری دەرەکی.

ئەو ڕێسایانە وادەکا ئەو (سلم الترتیب)ە بنکەو هەرەمێکیش دروست بکا، خانەی هەر شتیك بە چەندین ئاڕستە دیاری بکریّ، ئاڕستەی: سەروو وخواروو، خیراو هیواش، کاریگەری فاکتەری دەرەکی وناوەکی،... ئینجا وادەکاپۆلینێك بۆ جۆرەکانی جوڵانەوەو هەرتوخمیك کەسەر بەو سیستەمە جوڵانەوە بیت هەندیّ سیفەتی گشتی بۆ دیاری بکەین، وەك: تەمەنیان، خۆ ڕاگریان، ڕادەی بلاوبونەوەیان، گرنگیان لە (سلم الترتیب)ی سروشت، ئینجا پیوانی خیرایی گەشەکردنی..

کەواتە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە لە نێوان خیرایی گەشەو ئینتمای ئەو توخمە لەسیستەمی جوڵانەوەکە هەیە، بەپێچەوانەکردنی زۆر بە ئاسانی تەمەنی ئەو بوونەوەرەو یەکەیەکە ناوەرۆکی ئەو بونەوەرەمان بۆ دەردەکەویّ بە حیسابێکی سادە، ئەویش تەنها بە دیاری کردنی ئینتمای بۆ سیستەم (پۆل)ی جوڵانەوەکەو خیرایی گەشەی یان دیاری کردنی خانەکەی لە (سلم الترتیب)، بۆدۆزینەوەی وقەبلاندنی تەمەن نمونەی کۆمەڵگە وەرگرین:دەبینین لە سەرەتای کۆمەڵگە کاریگەری فاکتەری دەرەکی وسروشتی یەکجار زۆربووە، بەرە بەرە لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگە ئەم ڕۆلە کەم دەبێتەوە ڕۆلی ناوەکی زیادی کردوە.

دەتوانین بلێین لەسەرەتا مرۆڤ لە ژێر ئینتدابی سروشت بوە بەلاّم ئیستا تاڕادەیەکی چاك کۆنترۆلی سروشت کراوە، ڕادەی ئەو کۆنترۆلە بریتیە لە تەمەنی کۆمەڵگە، لەوەشەوە بۆمان دەردەکەویّ ئەوانەی تەنها وەبەر جولەی میکانیکی دەکەون تەمەنیان لە هەموان زیاترە وەلەهەموشیان بەبەرگە ترو فراوانتریشە، ئەو

تەن وشتومەکانەی کەمتر هۆکاری ناوەکی لیّ بەکارە ئەوە بەرگەوتەمەنی دریـژترەو (ترتیب)دروست دەکا بۆتەمەن بۆ گەشە بۆ پێویستی وکەمالی بۆزۆر لای تری.

لەوەوە کەمێك ڕایە فەلسفیەکانی یۆنانی وفارابی وئـیبن سـینا کـە دەیـان ووت گەشەو تیك چوون بۆ ئاسمان نیە تەنها بۆ دنیایە، تاڕادەیەك وایە بـەلاّم بـە شـیوەی زەمین وئاسمان نا، بەڵکو لەچوارچیوەی (سلم الترتیب)ی جولاّنەوەکان، هەروەك چۆن زۆربەی پیکهاتەی بوونەوەر لە سادە ترین توخم پیك هاتوە کە هایدرۆجینە ئـاواش زۆربەی پانتایی جولاّنەوە لە سادەترین جولاّنەوە پیك هاتوە کەبریتیە لە جولاّنەوەی میکـانیکی، سـەرەڕای ئـەوەش هـەرجۆرە جولاّنەوەیـەکی سـەرووتر جولاّنـەوەی خـوارووتری تیدایـە، واتـە جولاّنـەوەی کۆمەلاّیـەتی رەهەنـدەکانی جولاّنـەوەی میکانیکی وکیمیایی وبایۆلۆجی تیدایە، واتە هەر جولاّنەوەیەکی سـەروو دەتـوانی شیتەلی کەیتەوە بۆ جولاّنەوەی هەرە خوار کە میکانیکیە.

بـەلاّم ئـەو ڕێسـایەی پیشـوو پێچـەوانەی راسـت نیـە وەك لـەوەوە (مادیـەی میکانیکی)بە هەلەدا چوو کە ووتی ئەو بوونـەوەرە هـەموی جولـەی میکانیکیـە، لەوسـەردەمەش سـتیفن هۆکینـك لیّـی بەهەلەداچـوو کـەدەلیّ دەتـوانین یاسـاکانی بایۆلۆجیا دابەزێنینە خواروو تر بۆسیستەمی کیمیاوفیزیاو.. [1].

واتە جولاّنەوەی کۆمەلاّیەتی یان فکری بەتەنها لەمیکانیکی پیك نایەت، بەلاّم ئەوە راسـتە کـە یەکـەم جولاّنـەوە کـە میکانیکیـە بلاّوترینیانـەوە خـۆ ڕاگـر تـرە، تەنانەت ئەوانەی تەنها لە ژێر ئەو جولاّنەوەن (تیك چوون) وتەمەنیان زۆر دریژ ترە لەو جۆرە تەنانەی دەکەونە ژێـر کاریگـەری جولاّنـەوەی دوەم کـە فیزیـایی وئـاواش زیاتر بۆ سییەم و.. تا دەگاتە دوا جولاّنەوە (شەشـەم جولاّنـەوە —فکری)لەهـەموان ناسك ترە (بۆیە خراوەتە ناو کەلـە سـەر) وتەمـەنی کـەم تـرە.. دیسـان لایـەنیکی

[1] فیزیاء العقل البشری والعالم من منظورین ص١٩١

(ترتیب)بۆ بونەوەر دروست دەکا. ئینجا زۆربەی جولە خولگەییەکان ئاسمانین لە کتێبی (اهل المدینة الفاضلة) باس لە تەواوی خولگەی ئاسمانی دەکا دەڵێ بازنەییە کە تەواوترین خولگەیە[1] بۆیە وایزانیوە ئاسمان تیك ناچێ، کەچی ئیستا هەمولایەك دەزانن بەلای کەم لە ئاسمانیش شان بەشانی جولەی میکانیکی جولەی فیزیایی وکیمیایی وناوکی هەیە، ئینجا دەرکەوت خولگەکان بازنەیی نیە وەك لە یاسای دوەمی کیپلەرهاتوە:

(تدور الکواکب حول الشمس بحرکة لیست دائریة ولکن في قطع ناقص تحتل الشمس إحدی بؤرتیه). بۆیە تیك چوونی ئاسمان (ئەستیرەو هەسارەو مانگ ونیازك و..)بەرێوەیە، ئەستیرەکانیش تووشی مردن و (سۆپەر نۆفا)دەبن (ئەستیرەی رەش وسپی دروست دەکا. هەر لەو رێساو (سلم الترتیب)ەی لەسەری دروستمان کرد، کۆمەڵێك دەمەتەقێی فەلسەفی کۆتایی پێ دەهینی، دەردەکەوێ هەردوولای مادی ومیسالی بەهەلەداچووینە کە یەکەمیان ووتویەتی بۆ جولأن فاکتەری ناوەکی گرنگە، فەلسەفەی میسالی ومادیەی میکانیکیش بەهەلەداچوو و ووتی هەمو جولأنیك هەر میکانیکیە، ووتیشیان تەنها فاکتەری دەرەکی رۆلی هەیە نەك ناوەکی، لەوەوە شوینهاوەریش لای گرتن کەچی نەفاکتەری دەرەکی بەتەنها نە ناوەکیش بەتەنها ئەو رۆلەی هەیە.

با نێوبژیەك بکەین لەسەرەتا ڕای میسالیەکان ڕاستە کە فاکتەری دەرەکی گرنگە، بەلأم دوای فاکتەری ناوەکی گرنگ دەبێ بۆ جولەوگەشە ئەو کاتی ڕای مادیەکان ڕاست دەردەچێ، بەلأم ڕای هیچ لایەکیان تا سەری ڕاست نیە، راستیەکەی ئەوەیە فاکتەری دەرەکی وناوەکی تا سەری لەیەك ئاستی کاریگەر نامیننەوە وەك لەسەروو باسمان کرد.

---

[1] فارابی — اراء اهل المدینة الفاضلة ص٢٠ وص٦٣

لێرەدا پرسیارەکەی توینبی (کە دەڵێ: چەندە گەشەی کۆمەڵگە لە ژێر کاریگەری یاسای سروشتیە؟)[1] هەڵوەستەی دەوێ، ڕاستیەکەی ئەو وەڵامە نیە کەخودی توینبی دایتیەوە، بەڵکو وەڵامی ڕاست ئەوەیە لەسەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگە زۆر لە ژێر کاریگەری یاسای سروشت بوو تا ڕادەی مسەیەری، بەڵام دوای بەرە بەرە واسەربەخۆیی خۆی وەردەگرێ ئەویش کار لە سروشت دەکاو سود لەو یاسایانە دەبینی کە پیشتر هەندێ لای ئەو یاسایانە وەك (بڕەڕ) وابوو بۆ کۆمەڵگە، واتە بەرەبەرە کۆمەڵگە لەژێر یاسای سروشتی وەردەچەرخێ بۆ ژێر یاسای کۆمەڵایەتی، هەر لێرەوەش هەڵەی هەرەگەورەی فەیلەسوفانی سەدەی ١٨ و فەڕەنسیەکان دەردەکەوێ کە ووتیان مرۆڤ بریتیە لە زادەی ژینگەی وەك بلیخانۆف لێی کۆکردنەوەو ووتی (الإنسان بکل ارائە هو نتاج لبیئتە)[2]، واتە جولەی کۆمەڵگە بەهۆی ژینگەو فاکتەری دەرەکی دەجولێ، چەوتیەکە لێرەیە جولەی کۆمەڵگەیان (کە لە پۆلی پێنجەمە) بەهەمان جولەی میکانیکی چواندوە (کە لە پۆلی یەکەمە).

لە چوارچێوەی هەمان هەڵە با لەو دەرفەتە تەسکە فۆرماتی ڕێسایەکی تری گرنگی ڕاڤەی جولانەوە بکەین کە لە ئەرستۆوە دیاری کراوە تا فەیلەسوفانی ئیسلامی و وەك جرجانی کۆی کردوویتەوە ودەڵێ جولانەوە (الحرکە) بریتیە لە: الخروج من القوە الی الفعل[3] فەیلەسوفە ئیسلامیەکانی ئیستاش پێی کاریگەرن، ماناکەشی ئەوەیە دەرچوون لە هیزەوە بۆ کار، لە ئیمکانیەتەوە بۆ واقیع.

ڕوون تر بڵێین مەبەستیان لەوەیە دەکرێ بلیین هیلکە ئیستا هیلکەیە بەڵام بە ئیمکانیەت بە (هێز) جوجکەیە، کەواتە جولەی هێلکە بریتیە لە وەدی هینانی

---

[1] توینبی منهج التاریخ وفلسفة التاریخ ص٨٣

[2] جورج بلیخانوف- تطور النظرة الواحدیة الی التاریخ –ت: محمدمصطفی ص١٤.

[3] ابو الحسن الجرجانی - التعریفات ص٥١

هیز بۆ واقیع (جوجکە).

ئەو ڕیسایە هەڵەی تیدایە لە (تەعمیم)، هەمو جوڵانەوەیەکی ناگریتەوە، واتە پیناسی هەمو جوڵانەوەیەك نیە، ئەوە تەنها پیناس وریسای ئەو جۆرە جوڵانەوانەیە کە ڤاکتەری ناوەکی بگۆڕێت، واتە جولە کیمیایی وبایۆلۆجی وکۆمەڵایەتی وفکری دەگریتەوە بەڵام جوڵانەوەی میکانیکی ناگریتەوە، واتە پۆلە جوڵانەوەکانی سەرەتایی ناگریتەوە، کاتێ هیزیکی دەرەکی کاردەکاتە سەر تەنیکی ڕەق ودەیجولینی ودەیگوازیتەوە لە شوینیکەوە بۆ شوینیکی تر ئەوا مانای (الخروج من القوه الی الفعل) ناگەیەنێ.. لەهەمو ئەو هەڵانە ڕەچاوی (سلم الترتیب)ەکەی نەکراوە.

لەو تەرتیبە بونەوەریە پەیوەندیەکی گرنگی نێوان مادی ونامادیمان بۆ دەردەکەوی، ئەویش بریتیە لەوەی کە بوونەوەر بە پیی ئەو (سلم الترتیب)ەپیك هاتوە لە مادی ونامادی بە جۆریك لە هەرە خوارەوە لای مادی زیاتر لیٚ زالە تا بەرەو سەروو بچیت لای مادی کەم دەبیت ولای نامادی زیاتر دەبیٚ، بەو شیوەیە زنجیرەی (جماد ونبات و حیوان وانسان) ڕیز دەبن و هەم هاوسەنگ وهەم دیزاینی بوونەوەر پێك دەهینن، لە هەموشیان دەردەکەویٚ کە ئەو (سلم الترتیب)ە یاسا پیك دەهێنی هەم یاساش بوە ئەو (ترتیب)ەی پیك هیناوە، یاسا پەیوەندیەکانی مادە ڕێك دەخا بەجۆرێك تا لە سەرەتا نزیك بینەوە لە جولەی میکانیکی و سروشتی ئەوە یاساکان هاوکێشەی بیرکاری ڕوون وسانا وەردەگرن —مادام مسەیەرن، بەڵام تا لە جولەی کۆمەڵایەتی وعەقڵی نزیك بینەوە توانای گوزارشی یاساکان بەشیوەی بیرکاریانە زەحمەت تر دەبیٚ — مادام ئیختیار لەبەردەمی زیاد دەبیٚ، واتە تا ڕێژەی بەشداری مادی زیاتر بێت ئەوا یاساکان ئاسان تر دەکەونە نیو هاوکێشەی بیرکاری تا زیاتر بەرەو ڕوحی بچیت ئەوا دۆزینەوەی هاوکێشەی

بیرکاری بۆ یاساکان زەحمەت تر دەبیّ [1]، ئەودابەشیە لە ئەنجامی ئەو (سلم الترتیب)ەی لە نێوان دابەشی مادی وروحی دروست دەبیّ، کەواتە مادەی جولاو یەك رەهەندی مادی نیە، مانای (مادەو یاسا)دەگریتەوە کە مانای مادی ونامادی دەبەخشیّ وەك لە دوای باسی دەکەین.

سەرچاوەی جوڵە:

هەر لێرەشەوە دەتوانین گەورەترین پرسیاری فەلسەفی جولاّن کە بریتیە لە (سەرچاوەی جولاّن) چارەسەر بکەین، جولاّنی مادە ئەوەندەمشتومڕی فەلسەفی لەسەر نیە تەنیا ئەوەیە لە فەلسەفەی مارکسی دان بە جولاّنەوەی فکری (عەقلّی)ناهینن دەلّێن : عەقلّ ڕەنگدانەوەی واقیعەکە لەدوای باسی دەکەین.
ڕەهەندی ئاینی لەوکێشە لەسەر وەلاّمی ئەو پرسیارە بنەڕەتیە هەیە ئاخۆ سەرچاوەی ئەو جولاّنە لەکوێوە دێت، بەبەرنامەو ئامادەکراو وهەماهەنگە لەلایەن دروستکەر؟ یان ئەوە مادەوسروشتە و دوور لە هەماهەنگی بە خۆی ڕێبازێکی بۆ خۆی دروست کردوە؟
جا هەر مەدرەسەیەك بەبۆچونی خۆی وەلاّم دەداتەوە.. هەیە دان بەجولاّن هەر نانێت (فەلسەفەی ستاتیکی پێی وایە بوونەوەر مەییوە)، هەیە دەلّێت جولاّن لە تێکچوونی هاوسەنگی دێت، هەیە دەلّیّ بە هۆی فاکتەری دەرەکی و هەیە دەلّیّ بە ناوەکی ویان هەردووکیان، هەیە دەلّیّ هەر مادە خۆی جولەی چڕکراوە یان دەلّێن بارستەی مادە بریتیە لەجولەی قورمێشکراو. لەهەموان بەهێزتر کە جێی

[1] وەك تیبینی وا دەردەکەویّ یاساکانی سروشتی بەهاوکێشەبیرکاری ڕەگ ولۆگاریتم وکەرت و ژمارەی زەحمەت گوزارش دەکرێن کەم تر بە ژمارەی سروشتی دەردەبرێ.. ئەوەیان پەیوەستە بەسیستەمی ژمارەی ئیمە کە (دەییە-عشریە)، ڕەنگە لە سیستەمیکی تری (چلی بە نمونە)ئاوا نەبیّ.

سەرنجەوپێچەوانەی (بنەمای هەماهەنگ) لەبەرەی مادیدا مەدرەسەی مارکسی-هیگلی کە دەڵێت ناکۆکیەکانی ناوەوەی مادە جوڵان بەرهەم دەهێنێ، دەڵێن لەهەموو شتێك لەناوەوەی دوو لایەنی ناکۆکی تێدایە و ناکۆکی نێوان ئەو دوو لایەنە دەبێتە سەرکەوتنی لایەکیان و ئینجا ناکۆکێکی تری لێ پەیدا دەبێت ویاسای دوەمی دیالکتیکی لێ بەرجەستە بوە[1].

پەیوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە پەیوەندییێکی دیالیکتیکیە، کە بەهۆی دوو پەیوەندی دەبەسترێنەوە یەکیان ئەو دوو لایەنە مەرجن بۆمانی یەکتر، دووەمیان کارلێك دەکەن[2]، بەو شێوەیە (مادە) و (دیالیکتیك) لەیەك جیانابنەوە و جوڵانی لێ بەردەوام دەبێت،، سێ یاسای دیالکتیکیش لەسەر بنیاتکرا:

١ـ قانون وحدة وصراع المتناقضات

٢ـ قانون نفي النفي.

٣ـ قانون التحول من تغيرات الكمية الي تغيرات الكيفية[3].

لەسەر ئەو بنچینەیە لەهەمو بوارەکان ناکۆکی دۆزراینەوە بۆ سروشت —ژیان — فکر —مێژوو، بۆ هەمو لقەکانی زانستیش : لە سروشت : (بڵند نزم)، (گەورە بچووك)ن، (خێرا هێواش)... لە بیرکاری : (+، -)، (تەواوکاری داتاشراو)، (لۆگاریتم و ئیکسپۆنینشال)... لە فیزیا : کارو کاردانەوە... لە کیمیا : مادە و

---

[1] بۆ ئەومەبەستە بڕوانە:
١-جورج بۆليتزر -اصول فلسفة الماركسية-درس الخامس ج١ص٨٣-
٢-انجلس-ديالكتيك الطبيعة ص٢٤٤-
٣-مادية الديالكتيكية —قانون رقم ٣ (قانون وحدة وصراع الإضداد)..

[2] لەهەموان ڕوون تر (ماوتسی تۆنگ) لە کتێبە بچووکەکەی بەناوی (فی التناقض) لە ڕەوتی ڕاڤەکەی بەخاڵ باسی ئەو دوو مەرجەی کردوە.

[3] بڕوانە: أ- انجلس — ديالكتيك الطبيعة ص٧٨ ب- بودوستنيك وياخوت- عرض موجز للمادية الديالكتيكية ص٨٩-١١٢

مادەی دژ، یەکگرتن وهەلوەشانەوە.. لە بایۆلۆجیا:مردن وژین، نوێبونەوەو فەنا.. لە ئابوری: ململانێی هێزی بەرهەم وپەیوەندی بەهەم هێنان لە کۆمەڵگەو مێژوو: مل ملانێ ی چینایەتی [1]. لەگیاندار:ململانێ بۆ مانەوە[2].

بەڵام هەموو ئەو بۆچونە ناتوانێ ئەسلی جیاواز لەنێوان شتەکان لێک بداتەوە، باشە لەسەرەتا کە مادە یەك شت بووە (متجانس) بوو لایەن نەبوە وەك زانست وئاین (لێك نزیکن) کەدەڵێن سەرەتای گەردوون هەمووی هایدرۆجین بووە چۆن جولان پەیدا بوە، ئینجا نمونەیەك لەو گەردوونە پان و بەرینە لە (شانەیەکی ژیان) هەتا مەجەرەیەکی ملیۆن ئەستێرەیی نیە ئەو دوو مەرجەی تێدا بسازێت.

با نمونەکەی ماوتسی تۆنگ وەرگرین کەدەڵێ : (بلا حیاة لا موت، وبلا موت لا حیاة، بلا بورجوازیة لا برولیتاریا، وبدون برولیتاریا لا بورجوازیة)[3] کەچی ژیان بەبێ مردن هەیە بورجوازیش بێ پرۆلیتاریا هەیەئەگەر بەو مەرجە دیالکتیکیە بوایە ئەوامردن وژین وەك یەك دەبوو ئەو هەمو کۆمەڵگەیە دروست نەدەبوو، ئەگەر مردنی شانە وژینی بەو پەیوەندیە دیالکتیکیە بوایە ئەوا گەشەی جەستەیی هیچ گیانداریك دروست نەدەبوو.. بەهەمان شێوە، کاردانەوە مەرج نیە بۆ کار، بلندمەرج نیە بۆ نزم، کۆمەڵگە مەرج نیە بۆ مانی سروشت، داتاشراو بێ تەواوکاری هەیە، (+) بێ (-) دەبیت...، ئەوەی زۆر جێی سەرنجەلە (ئوسولی فەلسەفەی مارکسی)دەڵێ (+، -) جولینەری بیرکارین کەچی ئەنجلس ئەو ئەسلەی لەوەڵامی (دوهرینگ) لەبیردەچێ ودەڵێ: بیرکاری لە پێویستی بەشەری هاتە کایەوە[4].

---

[1] بڕوانە : مارکس- انجلس بیان الحزب الشیوعی، دار التقدم- موسکوص٦٥ لەوێ کۆمەڵگەی سەرەتایی لێ پەرێنراوە چونکە گوایە چینایەتی نەبوە.

[2] تشارلس داروین- اصل الأنواع- مکتبة النهضة بغداد ص ١٩٠-

[3] ماوتسی تونك-مؤلفات مختارة-حول التناقظ-ج١ص٣٩٨

[4] ف انجلس- انتی دوهرینك ص٥٠

لەدوای هەمو ئەوانە پرسیارێکی تریش هەیە مادیەی دیالیکتیك هیچ وەڵامی بوی نیە، با بڵێین ئەو دوو لایەنە هەن و ناکۆکن لەناو یەك شتدا. ئەگەر ناکۆکن دەبێت بوونیان جۆرە سەربەخۆییەکی هەبێت و ئەو دوو لایەنە هەریەکە جووڵەیەکی هەبێت ئاخۆ جولەی ئەوانە لەکوێ هاتووە؟

واتە وەڵامی پرسیاری یەکەمی پێنەدرایەوە ئاخۆ ئەو شتە ئەسلی جولەکەی لە کوێ وەیە. کەواتە لەدوای ئەو هەلسەنگاندن وتێڕوانینە جیاجیایانە سەبارەت بە ماکینەو سەرچاوەی جووڵە چیە؟

ئاین بە گشتی وئاینی ئیسلام بە تایبەتی باوەڕیان بەوە هەیە کە مادە دەجولێت، فەلسەفەی مارکسی وهەندێ تەیاری تر ئەو تومەتە بە ئاین دەکەن دەڵێن ئاین بە ستاتیکیانە (وەستاو) تەماشای بوونەوەر دەکەن، نصرالدین توسی و ابن روشد لەکتێبی (فی جوهر الأجرام السماوية) ی هەموی باسی جولەی زەوی وئاسمانەکانە، کەسی ئاینی نەیوتوە دنیا وەستاوەو بێ جولەیە، هەتا ئەوەی کە لەبەر هەست و لەپێش چاوان مەبیو و وەستاو دیارە دەجولێ (وترى الجبال تحسبها جامدة وهي تمر مر السحاب صنع الله الذي اتقن كل شيء انه خبير بما تفعلون)[١]

بەڵام جولاّن وەك لە سەرەتا باس کرا یەك سەرچاوەی نیە زۆر شێوەی هەیە و وەك هەریەکە لە تۆماس ئەکوینی ونیوتن وولیام بالی.. ووتیان ئەو گەردوونە دەڵێی سەعاتێکی قورمێشکراوە، ئەوە وەڵامێکی فەلسەفی ئاینی بەهێزە.

ڕاستە ئەو گەردوونە پڕ وزە کراوە، هەموو شتێك ئیمکانیەتی تێدایە وەك فیزیا بە (طاقة كامنة- يان كمونة)ی ناوزەد کردوە، سەیری هێلکە بکە (جولەوزەی) تێدایە هەر کە هەلومەرجی خۆی هات دەجولێت و دەبێتە جوجکە، ئەلیکترۆن بە پێی وزەکانی بەدەوری ناوك دەسوڕێت وبازدەدات بۆ خولگەی تر،

---

[١] سورة النمل اية٨٨

واتە بەکورتی وەك جرجانی (١٣٤٠-١٤١٣م)لە فەلسەفەی یۆنـانی وفەیلەسـوفانی ئیسلامیش کۆی کردۆتەوەو دەڵێ (الحرکە) بریتیە لە : (کمونە) الخـروج مـن القـوە الی الفعل[1]، واتە بەرجەستە کردنی ئەو ووزەو ئیمکانیەتەی پێی دراوە، واتـە هـەر لە ئەسلدا هەمو شتێك جووڵەی شاراوەی هەلگرتوە، خەریکە بتـوانین بڵـێین مـادەو بارستە بریتیە لە جولەی چڕکراوی شاراوە.

لەدوای زیاتر باسی جووڵـەو کـات دەکـەین، تێکچـوونی هاوسـەنگیش بەشـێك لەجولاّن پێکدێنێت، نـاکۆکیش لەبەشـێك لـەمادە جـولاّن دروسـت دەکـات،.. بـەو شێوەیە دەگەینە ئامانج کە جولاّنی مادە یەك سەرچـاوەی نیـە، فاکتـەری دەرەکـی وناوەکی لە قۆناغە جیاجیاکـان وبـە ڕێـژەی جیـا بەشـداری دەکـەن، کەواتـە مـادە پەیامی جووڵەی لەگەڵ خۆی هەلگرتوە، هەریەك دەبێتە یارمەتیدەر بۆ شتێکی تـر و ئەو بۆ ئەو تێکڕای جولاّنەوەی مادە پێك دەهێنن لە چوارچـێوەی (هـۆو ئامـانج) کە شێوەیەك لە ئۆتۆماتیکی ویەکتر تـەواو کردنـی پێـوە دەبینـرێ وسیسـتەمێکی یاسایی جووڵە دروست دەکا، کە مادی ونامادی لێی بەشدارە.

مادی و نامادی (رۆح)

بەشێکی زۆری فەلسەفە کە باسی مادی ونامادی (ئـامون وئامونیـت) کردبـێ یەکسەر (روح) ی هیناوەتە بەرامبەر مادە یان بە جۆری جودا جودا وەسفی روحیان کردوە، ئەرستۆ پێی وابوە یەکەم بەری گەشەی سروشت روحە، جەستە لە سروشـت، روحیش لە جەستە، بیریش لە روح پەیدا بوە[2].

[1] ابو الحسن الجرجانی - التعریفات ص٥١ هتروتها بروانة: ابو النصر الفارابی الثمرة المرضیة فی بعض الرسالات الفارابیة-تحقیق:د عادلنبیل ص٣٠٤

[2] ج لویس- مدخل الی الفلسفة ص٥٤

لە ئەسلدا یەکەم جار فەیلەسوفیکی چینی لـە سـەدەی (٥) ووتبـووی (جەسـتە لانـەی مـادی روحـە، روحـیش جەسـتەیە)، هیگـل (روح) و (نفـس) یەکسـان کردوەودەڵێ روح دیالکتیکیانەگەشە دەکا[١].

لـە (الموسـوعە السـوفیتیە) هـەمان یەکسـانی بـۆ روح ونـەفس هـاتوە، بـەڵام ئەفلاتون کەمێك باشتری بۆچوە دەڵێت: (.. القوتان المتضـادتان فـی الـنفس، همـا قوةالعقــل وقوةالشــهوانیة..)[٢] هەرچــەندە ئــەو ڕایــەی ئــەفلاتونیش کــەمێك هەمواركردنی دەوێ، (نەفس) یەکێکە لە دوودژەکەی ناخی مرۆڤ، کاریگەری مادی زۆر لەسەرە جیایە لەگەڵ (روح) کە دژی نیە، لە زەوجی پێك نەهاتوە وەك لـەدوای باسی دەکەین، بەشیکی زوریش هـەر نکولیـان لـە روح وتـەواوی پانتـایی نامـادی کردوە،، شوبنهاور لە (وحـدة الطبیعـة والعقـل)دەڵـێ ر وح وعـەقڵ یەکـەو لەگـەڵ سروشتیش یەکن[٣].

زۆربەی فەیلەسوف وتـەیارە مـادیـەکان ووتویانـە ژیـان بریتیـە لـە سـێ ڕەهەنـد (خـوین وئیسـك وگۆشـت) ورروحـیش هـەر بەشـیکە لـەو سـێ رەهەنـدە، تەنانـەت فەلسەفەی ئاینیش لەو بارەیەوە وورد نەبوە، بـە جـۆرێکی تـر بـۆ مـادی ونامـادی چووینە، ڕای زۆربـەیان وابـوو کـە ئاسمـان نامادیـەو زەوی مادیـە، ئـیبن روشـد زۆر هەولی ئەوەی داوە کە ئاسمان نامادی وئەبەدی بیت[٤]. ابن سـیناوفارابیش ڕای وایـە (نفس)ئەبەدیە پێی وایە روح بەرامبەر مادیە[٥].... لەگەڵ زۆر ڕای تری جۆراو جـۆر هەیە.

---

[١] المثالیة الألمانیة ص٦١
[٢] جمهوریة افلاتون ص١٣٧
[٣] المثالیة الألمانیة ص٢٣٣
[٤] بروانە: ابن رشد -فی جوهر الأجرام السماویة ص١٩٨، ص١٩٩ ص٢٤٣-
[٥] اراء اهل المدینة الفاضلة ص٢١ وص٨٧

لە پیشدا دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە مادی ونامادی تەنها روح ومادە نابەخشێ، بەڵکو نامادی روح ویاساکانی سروشت وعەقڵ وپەیام ودوورنیە زەمەنیش بگریتەوە، بۆیە بۆ هەردیویێکی مادی دیوی نامادی دەماودەست لەگەلە، جایان دەبێ چەمکی روح فراوان بکەین هەمو ئەو بەشانەش بگریتەوەوئەو کاتی وەك لەزۆرێك لەزاناو فەیلەسوفان وەسفی گەردوونیان بە (روح لەبەر)کردوە، بەتایبەتی کیپلەر (١٥٧١-١٦٣٠م)ی فیزیازان، فیزیازانی کوانتەمی ئیستاش زۆربۆ ئەوە دەچن کە بۆ هەر هاوکێشەیەکی مادی هاوکێشەیەکی تەریبی نامادی لەگەلە،.. لەدوای زیاتر باسی دەکەین جارێ هەروا کلاسیکیانەی پیادە دەکەین مادام مشت ومڕەکانیان بەو زاراوەی (روح ومادە) بوە.

گرفتی فەلسەفی مادەو روح زۆر کۆنە ئێستاش هەر گەرمە و ڕەنگە ماوەیەکی تریش دەوام بکات، ئەوپرسیارە لەوە دەست پێدەکات ئاخۆ کە ژیاندارێك دەمرێت جگە لە گۆرانکاریە مادیەکانی چ گۆڕانکاری نامادی تر ڕوودەدات؟ یاخود بەسادەیی دەتوانین بلێین ئاخۆ چ جیاوازیەك هەیە لەنێوان مردوو وزیندوو ؟ ئەو پرسیارە هەموو فەیلەسوفێکی سەرسام کردووە و نەیان توانیوە وەلامێکییان دەسگیربێت، وەك لێکۆلینەوە لە ڕۆح هەزاران کتێب وتوێژینەوەی لەسەر کراوە تەنها زەڕەیەکیشی لێ هەلنەکەنراوە، فەلسەفەی مادی هیچ سەرکەوتنێکی مێژووی بەدەست نەهێناوە لەو بارەیەوە، تەنها ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە بیکاتە لاملی و نەیسەلمێنێ. (بۆخنەر) دەلێ روح هەر مادەیەو هۆشی مرۆڤیش لە ووزەی مێشك دەردەچێ وبەس، زیاتر لەوەش (بودوستنیك) گوزارشی لە مەنهەجی فەلسەفی دیالکتیك کردوە لە هەولێکی بۆ ئەوەی (مادی ونامادی و ژین وروح)لە مادە نزیك بکاتەوە دەلێت (الحياة —وعی-خاصية ماددة عالية التنظيم)[1]. ئەو

---

[1] عرض موجزللمادية الديالكتيكية ص٥٥

وەسفە نزیکە لە وەسفی فارابی بۆ عەقڵ کە ووتویەتی (العقل هو اسمی ملکة)[١] بەڵام فارابی لە چوارچیوەی هەرەمی مرۆڤ ئاوای ووتوە، بەلای هیچ زاناو خەڵکێکی ئاسایی مەعقول نیە ئادەمیزاد و بەردێك جیاوازیەکانیان تەنها مادی یان (عالیة التنظیم) بێت، هەر نمونەیەکی سادە بۆ خەڵکی خۆمان ئایا (٢٥) دیناری هەر هەمان مادە و پێکهاتن و ڕەنگ نەبوو وا بەنرخ بوو کەچی دوایی (ئیلغا) بوو بوە وەرەقەیەکی ئاسایی.

لێرەوە دەتوانی تەسەورێك دورست بکەی بۆ تێگەیشتنی (رۆح) جولانی رووحدار لەگەڵ جوولانی مادەی تر لەوەیەئامانجی هەیەدەتوانی بەرژەوەندی خۆی دیاری بکا، مادە ناتوانێ مادەیەکی تر بەرهەم بینی لە خۆی بالاتر با هەرچەندە رێکخستنی بالاش بیت، ئینجا وادیارە مادە بە زانیاری و نەخشەو پلانیکی پیشوو تر (وعی) ناسیوە بۆیە تەقەلای بەرهەم هینانی داوە!.

فەلسەفەی ئاینی کۆتایی بەو لێکۆڵینەوە هێناوە هەروەك (هایزنبیرگ) کۆتاییی بەمشت وڕێکی فیزیایی هێنا لەبارەی (خێرایی)و (شوێنی ئەلیکترۆن) لەیەك کاتدا کەپێی دەڵێن (مبدأاللادقە)، لەقورئانیش وا هاتوە: (ویسألونك عن الروح قل الروح من امر ربی وما اوتیتم من العلم إلا قلیلا)، دیارە مەودا و توانای فیکری ئێمە لەئاست ئەو کێشەیە نیە.. خەڵکیشی بێ منەت کردووە بەڵام ئاگاداری کردوینەوە کە هەرچی زانست وفەلسەفە هەیە کۆیکەیەوە نەیتوانیوە و ناتوانێ دێرێك لە زانیاری دروست لە بارەی روح پەیدا بکا، بەڵام قوفڵی نەداوەو نەیبردۆتە (غیب)، یان بەلای کەمی بەو جۆرە مەنهەجە ناتوانێ، ئەوە وەك ئەوە وایە کۆمەڵە خەڵکێکت بینی وابیر هەڵدەکەنن بۆ ئاو دەرهێنان تۆش زانیت ئاوی لێ نیە و وشکە چەند زانیاریەکی مرۆڤایەتیە پێیان بڵێ خۆتان ماندوو مەکەن،

---

[١] اراء اهل الدینة الفاضلة ص٢٥

بڕۆن لە شوێنێکی تر بیر هەلکەنن.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کەفەلسەفەی مارکسیزم و فەیلەسوفانی تر (خودی گەلالەی پرسیارەکەیان یەکلاکەرەوە نیە)کەدەڵێن رۆح لەپێش مادەیە یان بەپێچەوانەوە؟ ئەوەمەنهەجی پرسیار نیە بۆ دۆزینەوەی پرسە بنچینەییەکە؟! یان وەك لە (مادیەی دیالیکتیك)هاتوە دەڵێت ئەگەر (لەش)ی ئادەمیزاد هەنجن هەنجن بکەیت ئەوا دەمرێت کەواتا لایەنە مادیەکەی بنچینەیە!![1]، کێشە فەلسەفیەکە بەو شێوەیە نیە.

زۆر پرس هەیە کۆمەڵێك هۆی هەیە و یەك ئەنجامیان هەیە، گیاندارێك چ دڵی بوەستێ چ پیر بێت چ بە گوللە بپێکرێ چ بە میکرۆبێك چ هەناسەی بوەستی چ بکەوێتە ژێر ئاو... هەر هەمووی هۆی جیاجیان بۆیەك ئەنجام، ئەویش مردنە، پرسیارەکە لە دوای ئەو پرۆسەیە: لەومردنە (روح) چی بەسەردێت ئەوە بابەتێکی ئاڵۆزە و بەدەرە لە مەودای فکری ئادەمیزاد. هەر گیاندار نامریت بەڵکو مادەش لەناودەچێت، هیچ شتەك نیە بمێنێ، تەنها جیاوازیەکەی کاتە هەندێك تەمەن درێژ هەندێك تەمەن کورت، وەك لەقورئانیش وا هاتوە: (کل شیء هالك الا وجه)، ئیستا زانستی نوێش هاتە ئەو باوەڕە (هەرچەندەئاینی راستەقینە خۆی نابەستێتەوە بە زانست ئاخۆ چ بڕیاڕ دەدا)، فەلسەفەی دروست بینینی تایبەتی خۆی هەیە، جگە لەناوچوونی شتەکانی سەر زەوی ئەوانەی لە ئاسمانیشن نامێنن و خۆری خۆشمان کۆتایی پێ دێت سوتەمەنی نامێنێت، کە ئێستا بەهۆی گۆڕانی هیلیۆم بۆ هایدرۆجین ئیش دەکات ئەو هیلیۆمەی خۆر نامێنێت واتا پیردەبێت و دەمرێت، زانایانی گەردونی ناویان لەمردنی ئەستێرەکان ناوە (سۆپەرنوڤا)[2]،

---

[1] مجموعة اساتذة (علماء) سوفيت- المادية الديالكتيكية ص٥٧

[2] بە پێی یاسای (شاندرا) ئەو ئەستیرانەی هەندو نیوی خۆر گەورەترن ئەوا لەکاتی مردنی دەبیتە ئەستیرە رەشەکان، ئەگینا دەبیتە سپیەکان.

ئەوەیە فەلسەفەی سەردەم وتیڕوانینی نویٚ ی ئادەمیزاد بۆ (مادە و گیان) بەڵام تیڕوانینی فەلسەفی خوایی هەروابووە لەیەکەم چرکەی بووندا، ماددە (سید العالم) نیە، هونەرمەندیش نیە، ئەو سەروەریە گەورەیەی بەمادە دراوە بۆ سەردەمی ئەبیکرات دەگەڕێتەوە کە بوونەوەری بۆ (ئەتۆم)ی مادی گێڕایەوەو بە (نەمر)یشی وەسف کردو ووتیشی ئەوە دوا یەکەیەو پارچە نابێ بۆیە بە بناغەی گەردون ومادە هەژمار کرا، کەچی ئیستا لە ناو ئەتۆم ئەلکترۆن وپرۆتۆن ونیوترۆن ولەناو ئەوانەش کوارك دۆزراوەتەوە هیچیش لەوانە کۆتایی نیە، کوارکیش وەك تەنیکی ئاسایی لە هەزاران پیکهاتەی بچوك تر پیکهاتوە، وەك بیرێکی بێ بنە.

پیش هەمو ئەوانە لە قورئان ئەو ڕاستیە هاتبوو (.. وما یعزب عن ربك من مثقال ذرة في الارض ولا في السماء ولا اصغر من ذلك ولا اكبر..)[1] لەسەر ئەو بنچینەیە زانایانی ئیسلامیش پێیان وابوە دوا یەکە نیە وەك لەسەر زاری (مقدسی) وا هاتوە:ولما جاز لقائل أن يقول أن الله قادر على أن يرفع من الجسم كل اجتماع خلقه فيه فأقل الاجتماع بين جزئين قال ابن بشار النظام وهشام بن الحكم أنه يتجزأ تجزءاً بلا نهاية.[2]

لەکۆنەوەش ئەرستۆ ووتبووی (هیچ پارچەیەکی بچوك نیە پارچەنەکریتەوە تا بێ کۆتایی)، کەواتە ئەوە بناغەودروست کەر نیە... بەڵکو خۆی دروست کراوە، مسەیەرەو هیچ جۆرە ئازادی وسەربەخۆییەکی نیە،، هونەرە، ئامرازە، بەرنامەی بۆ دانراوە ئەگینا مادەی بێ ئیرادە چۆن دەزانێ لەخۆی بالاتر دروست بکا، ژیان و بێ ژیانیش لە مادە و چالاکیەکانی ئەو پێك نەهاتووە وەك فەلسەفەی مادی دەڵێت، ئەویش بەشێکە لە دروستکراو (خلق) بۆ ئەوەی هەروەك چۆن لەکۆنەوە

---

[1] سورة يونس اية٦١

[2] المطهر بن طاهر المقدسی-البدء والتاريخ ص٩

هەیە رۆژ پەرستە هەیە ئاگر و هەیە بت و... ئەورۆش (مادە) و سبەیش (یاسا) و دوو سبەش (ووزە)بە دروست کەر هەژماردەکا.

زۆربەی فەیلەسوفان پێیان وایە هەموئەوانە بە مەبەست ونەخشە دروستکراون، ئادەمیزادیش تەنها قووتبوونەوەیەکی مادی نیە لەو سروشتە، ئادەمیزاد لەپێکهاتنی لەش و بیر و هۆشی بە هاوسەنگیەکی بەرادە لەنێوان مادە و رۆح دانراوە (کە لەدوایی زیاتر باسی دەکەین)، ئینجا پرسیاری دووەم یان کێشەی دووەم فەیلەسوف و زاناکان کەتەقەلای بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی (روح) یان هەر پرسێك لەو شێوەیە دەدەن، بوونە بە دوو بەشی سەرەکی، فەلسەفەی باوەڕداری و بێ باوەڕی کە زۆربەی پانتایی مێژووی کلاسیکی داگرتوە لە بەشەکانی داهاتوو باسیان دەکەین.

بەشی دووەم

فەلسەفەی بیٚ ئاینی

فەلسەفەی بیٚ ئاینی (ئیلحاد) لە (لسان العرب) بەمانای نکولّیەکی وەك (لحد) گۆڕهەلّکەندن هاتوە، ئیلحاد هاوتای وشەی ئەگریکی (athos) ە، بەمانای (باوەر نەبوون بە خوا)، مەرج نیە هەموو ئایینیٚك باوەڕدار بیٚت و هەموو بیٚ ئاینیٚکیش مولحید بیٚت، هەروەك لەمانای ئەسیزم هاتووە، زۆر تاقمی کۆمەلاّیەتی هەیە بە ڕوونی ئایینیان نیە، کەچی مولحیدیش نین، چەند جۆرە مولحید هەیە، سەرەکیەکەیان نەفامی و مولحیدی فەلسەفی وزانستی هەیە، لەوەی نەفامی هەروەك ئاژەلّ بیرناکاتەوە، مولحیدی فەلسەفی بیر بە قولّی دەکاتەوە بەلاّم مەنهەجی بیرکردنەوەی لەنگە.

میٚژوویٚکی کورتی فەلسەفی بیٚ ئاینی:

هەندیٚ ئینسکلۆپیدیا و تویٚژینەوەی تایبەت بە فەلسەفەی میٚژووی یەکەم فەیلەسوفی دژ بە (ئایین و باوەڕ) دەگیٚرنەوە بۆ مەدرەسەی هندی و دەلّیٚن یەکەم مولحید (سوحیا) لە (٤٥٠ پ ز) بوە، بەشیٚکی تر بۆ مەدرەسەی یۆنانی لەویٚش بۆ حەکیمی گەورە (پیلاس ٥٥٠پ-ز) یان دیاگراس ٥٠٠ پ-ز، ناوی هەریەکە لە (ئەناکسیۆگوراس٥٠٠پ-ز، ئەناخسیماندەر، تیۆدۆرس، گریتۆس، ئەبیکۆر(٣٤١-٢٧٠ پ ز)، (شیشرۆن ١٠٦- ٤٢ پ.ز، (سینکا ٥-٦٥ز).. هاتووە، هەر لەوانەش مەدرەسەی (نازانم- گومان) ی مولحیدی سەری هەلداوە.

ئـەنجلس(١٨٢٠- ١٨٩٠) دەڵێـت: ئـەبیکۆر مـەزن تـرین مـادی مولحیـدی فەلسەفەی یۆنانیە[١]، هـەر (سـینکا)ش بەیەکـەم جیاکـەرەوەی ئـایین لـە سیاسـەت هەژمار دەکرێت، کۆنترین ئاینیش لەلایەن ئەو سەرچاوانەوە کە بێ باوەڕ بن بـریتین لە ئـایینی بـوزی[٢] و تـاوی ٨٠٠ پ-ز، ئـاینی مهـاریش هەربەشێکە لەهندۆسی ولەسەردەمی نزیك بوزا سەری هەلداوەو باوەڕی بەمهاریش هەیە وەك خـاوەنی ئـەو جیهانە نەك خودا[٣]، هەرچـی ئـاینی ئیزیدیـە(کتێبی جلیـوە-بەشـی یەکـەم ودوەم) نزیکـە لـەو ئاینـەوباوەڕی وایـە خـوا بـە ئـیرادەی خـۆی ئـەو جیهانـەی بە(ملکـە تاوس)سپاردوە[٤].

ئـەوە دوایـین توێژینـەوەی ئەکادیمیـە لـەبارەی مێـژووی ئیلحـاد، بـەڵام بـە وردبوونەوەیەکی فراوانتر وادەردەکەوێ مێژووی ئیلحـاد کـۆن تـرە، هـەر بـەگوێرەی قورئانی پیرۆز و هەندێ کتێبی تری ئاسمانی هـەر لـە دوای (ح.ئـادەم) بـێ بـاوەڕی شان بەشانی باوەڕی پەیدابووە، بەلای کەمەوە لەسەردەمی (ح.نوح) بێ باوەڕی زۆر فراوان بووە، باوەڕدار کەمایەتی بووینە.

لەبارەی ئایینی بوزی و تاوی هەندی ئاینی تریش پێناچێ ئەوانـە لـە بنچـینەدا بێ باوەڕ بووبن، ڕاستە لە ئێستادا لە بنەماکانی ئـاییـنی بـوزی (خـوا)ی تێدانیـە، بەڵام یەکێ لە خەسلەتە بنچینەکانی بێ باوەڕان ئەوەبووە توخمی ویـژدان و ئـەخلاق و بەزەیی زۆر لاواز بووە، بەلکوزیاتر زادە و ئارەزووی دەسەڵاتدارانی زاڵم سەربردەو ئەفسانەیەکی وادروست دەکرد کە لە خزمـەتی دەسـەلاتەکەی (سیۆکراسـی) بیـت،

[١] دیالکتیك الطبیعة –فهرس الاعلام ص٣٧٨

[٢] سیدهارتا غوتاما، أمیر یتحدّر من شمال الهند قرب نیبال الحدیثة، عاش من حوالي ٥٦٣إلی ٤٨٣ ق.م. (یدوّن الاسم أحیاناً علی الشكل التالي: سیدهاتا غوتاما الکتب المقدسة: متعدّدة ولكن أقدمها وأكثرها موثوقیة، جُمعت في قانون بالي-(موسوعة ادیان العالم).

[٣] موسوعة الأدیان مادة:مهاریشی

[٤] ئەنستاس ماری کەرمەلی –کتیبی پیرۆزی ئیزیدیەکان ل٦٣

ئەوانەی سەر بە مەدرەسەی مولحیدین دژ بە مرۆڤایەتیش بووینە هەر لە هرکلیت وشیشرۆن تا دەگاتە هۆبزو نیتچە باوەڕیان بە دیموکراسی وئازادیو ئەخلاق نیە، کەچی لە ئایینی بوزی خۆویستی بە حەرام دانراوە، پڕە لەبنەمای ئەخلاقی و ئاشتی وتەبایی و لێبوردەیی و زیاتر پێدەچێ ئایینێکی ئاسمانی بێت و دواتر دەستکاری کرابێ، یان پرۆژەی فەیلەسوفێکی دانابووبێ بۆ پەیڕەوکردنی ئیمراتۆریەتێك کە لە ئەسڵدا ئەو پرۆژەیە لەنەریتی کۆمەڵێك ئاین وەرگیراوە، بۆیە بویتە بڕوای کۆمەڵگە، هەروەك زۆربەی ئایینە کۆنەکان وایان بەسەرهاتووە، چونکە لەکۆمەڵگەی کۆنی ستونی مەحاڵ بووە کۆمەڵگەیەکی ئاسۆیی دروست بووبێت بێ پەیامێکی ئاسمانی، ئەوەی لەو ئایینانە بەدی دەکرێ توانیویانە کۆمەڵگەی ئاسۆیی لێ دروست بکەن و بناغە و کاریگەری بۆ ئەو سەردەمەش مابێت، ئەوە هەر دەبێ ئایینی ئاسمانی بووبی.

زۆربەی توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیەکان لە پلۆتارخی ئەگریکی تا هنری برگسۆنی ئەو سەردەمە ڕایان وایە کۆمەڵگە بێ ئاین نەبوەو دەڵێن: لەمێژوودا میلەتان بێ کۆشك وتەلار بوە، بێ فەلسەفەوهونەر بوە بەڵام هەرگیز بێ ئاین و پەرستگا نەبوە، لە (معجم لاروس)یش هاتوە کە لە تاکی دڕندە ترین میلەتانیش مەیلی ئاینی تیدا بوە، لە قورئانیش ئاماژە بەوە کراوە بۆ هەموو نەتەوەیەك پێغەمبەرێك بەزمانی خۆیان ڕەوانەکراوە (وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم فيضل الله من يشاء ويهدي من يشاء وهو العزيز الحكيم)[1] هەروەك دەبینین فەیلەسوفە مولحیدەکانی بەهێزتر لە بوزا وەك: هرکلیت، سوفیا، پیلاس، دیاگراس، ملیۆس، ئەناکسیۆگوراس، شیشرۆن، تیۆدۆرس، گریتۆس، سینکا،... لایەنگری وایان بۆ دروست نەبووە لەسەر ئاستی میللی، تەنها لەسەر ئاستی توێژی فەیلەسوف و زانا

---

[1] سورة إبراهيم - آية ٤

و عاقڵمەندان بووە، یان گەیشتۆتە ئاستی مەدرەسە و باڵی فەلسەفی، هەروەك لە مەدرەسەكانی (یۆنانی و هەرسێ مەردەسەی سەرەكی ئایینی و نائایینی و مام ناوەندی لێ خەملی)، مەدرەسەی ئایینی (یان نزیك لەئایینی) بریتی بوو لە فەیلەسوف و زانایانی وەك (فیساگۆرس وئەمبادیكلس و ئەنكسیمونراس تا دەگاتە سوكرات).

ئەوەی ڕوونە هەریەكە لە فیساگۆرس و ئەمبادیكلس قوتابی (ح.سولیمان و (ح.داود) بووینە، بۆیە ئەوانە خاوەنی دەعوەش بوونە، لەگەڵ هاتنی ئەسكەندەر بۆ ڕۆژهەڵات دوو قوتابی فیساگۆرس بەناوی (مەرزنۆس وڤلانۆس) فەلسەفەو باوەڕی فیساگۆری وهیلنیستیان لە فارس وهند بلاودەكردەوە[1]، كەواتاهیلنستی (یۆنانیزم)دەعوەی ئایینیش بوەبۆجیهان.

له دوای یۆنانیەكان فەلسەفە و زانستی بێ باوەڕی بەردەوام بووە تا سەدەكانی ١٧ بەدواوە تەكانی بە خۆدا، گەورەترینیان سپنوزا و هۆبز شوبنهاوەر، دیفید هیوم، جون دیوی، برتراند راسل.. پێیان وابوو ئایین و شەریعەت لە یاسا وەردەگیرێ نەك لە (راستی گەردوونی)، یاساش فەرمانی دەسەڵاتەوەك هۆبز(١٥٨٨- ١٦٧٩ ز) دەڵێت، واتا ئایین لە خودا وەردەگیرێتەوە بۆ نێو دەوڵەت[2]. بەشێكیش بە كتێب و توێژینەوەی زانستی و فەلسەفی ئایدۆلۆژیا هاتنە مەیدان دژ بە ئایین، لەوانە : (النسق المسیحیە)ی شوبنهاور، (جوهر المسیحیە)ی فیورباخ١٨٤١، (الوجود والعدم) ی سارتر، (مستقبل الوهم) ی فروید.. ئەوانە

---

[1] - ابي الفتح الشهرستاني- الملل والنحل – تحققت محمد عبدالقادر الفضل، بیروت، طبعة الأولى ج٣ ص٧٩ – لة(قصة الحضارة – ج١٣) لە ٥٢٩ز باس لە رۆیشتنی زۆریك لە فەیلەسوفان كراوە بۆ ئەو شوینانە.

[2] (هۆبز- مبادئ القانون – ئةوةش بة دوو بةش ضاثكرا لة ١٦٤٠ ز (الطبیعة الانسانیة)، (الهیئة السیاسة).

کتێبی هەرە مولحیدودژ بە خواو ئاینن[١]، ئینجا مەکیاڤیلی بە (میر)، ئیڤان باڤلۆڤ(١٨٤٩-١٩٣٦) لەبارەی (محاضرات فی عمل نصفی الكرة المخية)، سپیۆنزا (١٦٣٢- ١٦٧٧) (الرساله فی اللاهوت و السیاسە)...، لەدوای شۆڕشی فرنسا ١٧٨٩م بۆ یەکەم جار بڕیاڕ بەناوی گەل درا لە جیاتی بە ناوی خودا، لەدوای ئەوانەش: فریدریك نیتچە (١٨٤٤- ١٩٠٠) خاوەنی دروشمی(مەرگ بەر خودا)، داروین (اصل الانواع)، مارکس ئەنجلس لینین لەبارەی شوعیەت، تادەگاتە سارتەرو براتراند راسل و هواتیهد (١٨٦١- ١٩٤٧)، تازەترین کتێبی بایۆلۆجی (رتشارد دوکینغز-وهم الإلە) وفیزیایی (ستیڤن هۆکینگ-the grand design) (دیزاینی مەزن).

مەدرەسە و تەوژمە مولحیدیەکان بە وجودی (باڵی سارتەری)[٢] وشیوعی و مەزهەبی تری فەلسەفی وەك : وەزعي، واقیعي، المنفعة، اللذة، عقلانیة الخالصة، الطبیعي، الظواهر، الشك، البرجماتي.. هەموو ئەو تەوژمە فەلسەفی و ئایدۆلۆژیایانە لە کۆتایدا لە سێ مەدرەسەی سەرەکی خەملین کەبریتین لە: (لیبرال دیموکراسی، سۆشیال دیموکراسی، شیوعیەت)، بە پێی (ڕۆشنکی)فەلسەفەی کلاسیکی ئەورویی لە ١٦٠٠تا ١٩٠٠ز پۆلین دەکا، دیکارتیش (١٥٩٦ — ١٦٥٠) یەکەم گلپەی ئەو شۆڕشە فکری وفەلسەفی بوە، لەو فەترەی بوونی خودا لە توێژینەوە فەلسەفیەکانیان ناوەندی بوە[٣]، لەوی بەو لاوەبە فەلسەفەی هاوچەرخ

---

[١] - المعجم الفلسفی الشامل.. ص ٨٩

[٢] چونکە لە وجودی "کیرکیجاردی" ١٨١٣-١٨٥٥ ئایینیش هەبووە.

[٣] بە گشتی ئەو پۆلینە زۆر بە سودە بەلام تەواو وورد نیە چونکە زۆرێك لە فەیلەسوفان دژ بە بوونی خودا بووینە لەوانەهۆبز(١٥٨٨ - ١٦٧٩ م)، هۆلباخ(١٧٢٣ — ١٧٨٩)، سپینوزا،..هەروەك خۆشی لە ص٢٦ باسی ئەوانەوهەریەکەلە: لامتری(١٧٠٩ — ١٧٥١)، دیدرو (١٧١٣- ١٧٨٤ م)، هلفتیوس (١٧١٥ - ١٧٧١ م) کردوە.

حیسابە[١]، هەرچی روجیی غارودیە دەڵێت: فەلسەفەی مولحیدی هاوچەرخ بە قۆناغی جیا تێپەڕیوە، فەلسەفەی سەدەی ١٨ سیستەمی سیاسیشی گرتەوە، سەدەی ١٩سیستەمی زانستیشی گرتەوە، سەدەی بیست مرۆڤایەتیشی گرتەوە[٢].

بەوشێوەیە زەمینەی ئیلحادی لەسەدەکانی ١٨ و ١٩ لە ئاستەکانی فیکری و فەلسەفی و یاسایی و سیاسی و دەولی تەکانەکی گەورەی پێدرا، (کارین ئەرمسترۆنگ) لەکتێبی (تاریخ الخالق الأعظم) دەڵێت: لە سەدەی ١٧ و١٨ لەگەڵ گەشەی زانست ئەوا چەندین تەیاری فەلسەفی بە ڕوونی دژ بە خوا پەیدا بوون، لەوانە#(فولتیر، توماس هوبز، توماس باین، جون لوك، بنجامین فرانكلین، كارل ماركس##تشارلز داروين##فريدريك نيتشە#وسيغموند فرويد..) دیسان بە پێی (پۆشینکی) لەوسەردەمی فەلسەفەو زانست بە ڕوانگەیەکی ستاتیکی (وەستاو) دەیڕوانیە بوونەوەر، مادیەتەکشیان(مادي ميكانيكى)بوە وایان زانیە ئەو دونیایە بەیەك جار ئاوا هاتوەو گۆڕانی بەسەر نایەت[٣]، هەرچەندە ئەوە لە بنەچەدا بەشێك بوە لە بیرەباوەڕی ئاینی سۆمەریەکان، پێیان وابوە ئەو ڕێسایانەی گەردوونی لەسەر دامەزراوە بۆ هەتاهەتایە[٤]، بەڵام بۆ ئەوروپا بوەهۆی ئەوەی (كون الساكن) و(قانون حفظ المادة) و..حوکمێکی وا بکەن زۆریەی زانستەکانی تری فیزیایی وکیمیایی وبایۆلجی وکۆمەلایەتی لەسەر بنیات بنرێ.

لەو سەردەمەی ئیستاش ناوی کۆمەڵێك زانای وەك(یۆلیۆس ئیکسفۆردزانای کیمیایی ئەمریکی، پتریك پلاکیت١٨٩٧-١٩٧٣فیزیایی بەریتانی، چارلاندساخارفیزیایی هندی١٩١٠-١٩٩٥، فرنسیس کریك بریتانی١٩١٦-

---

[١] إ .م .بوشنسكي - الفلسفة المعاصرة في أوروبا - ترجمة : د .عزّت قرني ص٢٣-٢٤

[٢] ماركسية قرن عشرين ص١٤٣-١٤٤

[٣] الفلسفة المعاصرة في أوروبا ص٢٨

[٤] جفري بارندر - المعتقدات الدينية لدى الشعوب، ترجمة :د .إمام عبدالفتاح إمام مراجعة :د . عبدالغفار مكاوي ص١٢

٢٠٠٤، ریتچارددوکنیز بایۆلۆجی١٩٤١..بەزانای مولحید وەسف دەکرین، لە مەدرەسەو گروپە هەرە نوێیەکان ئەوا لەکاتیکا مەدرەسەی فرانکفۆرت کەپیك هاتوه لە : ماکس هۆرکهایمەر(١٨٩٥-١٩٧٣) تیۆدور ئەدرنۆ(١٩٠٣-١٩٦٩)، هربرت مارکۆز(١٨٩٨-١٩٧٨)ئەریك فرۆم(١٩٠٠-١٩٨٠) زیاتر بەلای مادی بووینە وەك مدرەسەی براتراند راسلیش لە بریتانیا، تازەترین گروپی بێ ئاینی زانستی (new aithism) سام هارینزی فیزیایی، دانیال دینیکی بایۆلۆجی زان، ریتچارد دۆکنیزی بایۆلۆجی زان، هەرچی (گرۆپی ڤینا)یە کەپیك هاتوون لە کۆمەڵێك زاناو فەیلەسوفی پسپۆر جیای وەك(رودۆ کارناب ١٨٩١-١٩٧٠)، کارل پۆپر(١٩٠٢-١٩٩١) هانزهان ومینجەر وکورت جودل پسپۆری بیرکاری وئۆتۆ نیورات کۆمەل ناسی ڤیکتۆر گراڤت مێژووزان، کۆفمان یاسا ناس فیلیپ فرانك فیزیازان...فەلسەفەی ئەوانەزیاتر بەلای زانستدا لار بوویتەوە، هیشتا ساغ نەبووینەوە، بەگشتی بەرەبەرە ئەو ڕەوشە زۆر هێورتر بوویەوە بەگەیشتنمان بە سەرەتای سەدەی (٢١).

هۆکاری ئیلحادی مەعقول و نامەعقول

لەبڕگەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێ کە بێ باوەڕی هەر کەمێك لەدوای بزوتنەوەی مێژوو دەستی پێکردووە، لە پانتایی مێژوو زۆرایەتی بوونە، زەخیرەکی زۆری زانیاری و پاساویان لایە، توانیویانە هۆکاری مەعقولیش بهێننەوە، ناکرێ ئەوهەموو زانیاری و ڕێبازە دوور و درێژە بە سادەیی و نەزانی و (ئارەزوو بە زوڵم) پۆلین بکەین، پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی وفەلسەفی هەیە، بەتایبەتی لەوکاتەدا دەتوانین بڵێین بەلای کەمی ئەوواقیعەی ئیستای جیهان لە پیشکەوتن وخۆشگوزەرانی وپەیوەندیە نیودەولەتی ومافەکان ومەدەنیەت ودیموکراسی وسەروەری یاسا وبنەمای هاوولاتی بوون..لەلای فەلسەفەی نائاینی

هاتوه، بابزانین گرنگترین ئەو هۆکارانە چین کە یارمەتی ڕێبازی فەلسەفی بێ باوەڕی دەدا، زۆر بە کورتی ئەوانەن:

١-لەسەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیەوە تا ئەو ساتە لە کاتی پێویست و کارەساتی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا، لەکاتی زوڵمی بەشەری لەزۆرکاتی تر هەست بەبونی ڕاستەوخۆی دەستی خوایی ناکرێ بۆ کۆتایی هێنان بە مەینەتیەکان.

٢-هەر لەپەیوەست بە خالی (١) وکارەساتەکان زۆر لە خوا دەپاڕێنەوە کەچی هەر زۆرداره بەسەر هەژار سەردەکەوێ، یەکێ لە مولحیدە عەرەبەکانی ئەو سەردەمە دەڵێ: لەسالی ١٩٤٨ ەوە عەرەب ویەك ملیار موسوڵمان دوعا دژ بە ئیسرائیل دەکەن کەچی سەرکەوتن هەر بۆ ئیسرائیلەو شکستیش بۆ عەرەب، لە ئەنفالەکان زولمی ئەوەندەگەورە لە ژن ومندالی کورد بە شیوەیەکی وا کرابە زیندوویی لە ژێر خاك بنرێن..کەچی هەردوعا دەکراو وەلام نەبوو، وەك لاکێکی کورد دەڵێ هەمو ئەو دوعایانە ناکاتە بەرگریەك کە بەدەستی خۆت دەیکەی، لە زۆربەی هەرە زۆری خانەوادە کۆنەکان (ئیستاش) هەر دوعای (کوڕ) بوون کراوە کەچی ڕێژەی کچ وەك کوڕە ئەگەر زیاتر نەبێ[1]، کەچی کوڕ بوون وکچ بوون یاسای مەندل دیاری دەکا..کاری ڕۆژانەمان وژیان بریتیە لە پەیڕەوی یاسای سروشتی و(هۆوئەنجام)نەك دوعاو تەوەکول، بۆیە (هینزپاچلیز)لەکتێبی(دستور الکون) ئەو یاسایا سروشتیانەی ناونا دەستوری گەردون [2]..

---

[1] لە کتیبی(ئافرەت لە نیوان عەلمانی وئاینیدا)-نوسەر بەدرێژی باسی هۆکارە سروشتیەکانی ڕێژەی زیادی ئافرەت بەرامبەر پیاو کراوە.

[2] بڕوانە: بۆل دیفیز- الإقتراب من اللة- ص٩٨ ئەو کتیبە لە بنچینەدا ناوی(Mind of God) وای بە شیاو زانیوە ئاوای وەرگێڕی.

٣-لــه دوای دورکەوتنـــەوەی (زەمـــانی ومـــەکانی) پـــەیامی ئایینـــەکان لەسەرچـــاوەکانی (واتـــە دوای نـــەمانی پێغەمبـــەرەکان) ئـــەوا کۆمـــەڵێك گۆڕانکاری بەسەردێت بەهۆکاری جیاجیای نەریت و ئاستی زانیاری خـەڵکی و هەندێکیش بە ئەنقەست لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئایین پەروەریەکە کـاڵ و سادە دەبێتەوە، گەڵی جار لە ناوەڕۆك و قورساییە زانستیەکەی دەپچڕێ، دەبێتــە نــەریت و کــاری ســۆفیگەرایی و پاککردنــەوەی دەرون، ئــەوکاتیش هەموو ڕوداوێك دەدرێتە پـاڵ خـودا، ئـەوەیان لەسـێ ئایینـە خـاوەن کتێبـە ئاسمانیەکەش بەدی دەکرێ، لەتەورات و ئینجیل بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە ئایینی ئیسـلام ئـەو خەلەلـە لـەخودی قورئـان و فـەرمودەی دروسـت بـەدی ناکرێ بەڵام لە فیقهی ئیسـلامی و عـەقیـدە بـەدی دەکـرێ، دەڵـێن هەرچـی ڕوودەدا لەباران بارینەوە لە بروسك و گڕکان و مانگ و ڕۆژگیران تـا ڕووداوە کۆمەڵایەتیـەکان و مـردن،.. هـەمووی دەڵـێن بـە ئـەمری خودایـە(تیۆری المشیئە) پشت بەو ئایەتەی (والی الله ترجع الامـور)[1] دەبەسـترێ،، لـە نێـو مەسیحیەکانیش نەك قەشەکان بەڵکو فەیلەسوفەکانیشیان لە ڕەدی سپینۆزا دەیان ووت هەرچی ڕوودەدا بە ئیرادەی خوا ڕوودەدا[2].

٤-لەلایەن ئاینیەکانەوە تاڕادەیەك ئاسمان وزەوی لیك جیادەکریتەوە، جۆریك لە میسالی پەیرەو دەکرێ، هەندێ جاربەگوزارشی (دنیاوقیامەت) بە دژی یەك وەسف کراون، کە مرۆڤ سارد دەکاتەوە لە پەیڕەوێکی ڕاستەقینەی دادگـەری و قەلاچۆی زۆرداری، فەلسەفەی کۆن وبە ئاینیەکانی وەك ئیبن روشـد وئـیبن سیناو فارابی و.. وایان دەزانی کەمادەی ئاسمان جیایە لەگەڵ مادەی زەوی، ئەوەی ئاسمان لە ناوناچێ، یاساو ڕێساوپیکهاتنی ئاسمـان لەگـەڵ زەوی لیـك

---

[1] سورة الحديد اية٥

[2] سپینوزا لە کتیبی (الاخلاق)وەلامی ئەوانەی دایتەوە –دیالکتیك الطبیعة ص٢٣١

جیایە، هەرچەندە لە قورئان دەڵێ ئاسمان وزەوی یەکن و هەردوولایان لە ئەتۆم پیکهاتون :(..لا یعزب عنه مثقال ذرة في السماوات ولا في الارض..) لەشوێنیکی تریش لەبارەی یاسای ئاسمان وزەوی هاتوە: (ومن اياته ان تقوم السماء والأرض بإمره..)[1]، لەشوینیکی تر لەبارەی کارنامەی ئاسمان وزەوی بە (هۆو ئەنجام) هاتوە: (من كان يظن ان لن ينصره الله في الدنيا والاخرة فليمدد بسبب الى السماء ثم ليقطع فلينظر هل يذهبن كيده ما يغيظ)[2] لەو هەلەیەی فەیلەسوفانی ئاینی سەبارەت بە مادەی ئاسمانی (واینبرگ) لە کتێبی(DREAMS OF FINAL THEORY) دەڵێت ئاینیەکان وایان دەزانی رۆژو ئەستیرە مادەی نەمرن ولە خوا نزیکن، ئیستا دەرمان خست بریتین لە تۆپەلە گازو کیش ویاسا چی لە بەردێکی سەر ئەو زەویە زیاتر نیەوئەستیرەکانیش نەبوونە گەورەیی خوا[3]، ئیترنهینی سروشت ئاشکرا دەبێ و باوەڕداران لاواز دەبن.

لە کۆنەوە تەقەلای ئەوە دراوە کە لە جیاتی خودا بنچینەی مادی بۆ ڕووداودیاردە سروشتی و زیندەکیەکان بدۆزرێتەوە، لەوانە تەقەلای (دیموقریتس٤٦٠-٣٧٠ پ ز لویکیب(٤٥٠ پ ز) وأبیقور(٣٤٢-٢٧٠پ.ز) زیاتر بە ناوی دیموکریت ولوکریشیس ووتراوە بناغەی هەموبوونەوەر ئەتۆمە نەك خودا[4]، ئەو تەقەلایانە بەردەوام بوەو بەشێك

[1] القران الكريم- سورة سبأ اية٣، سورة الروم اية٢٥

[2] سورة الحج - - آية ١٥

[3] الفيزياء ووجود الخالق ص٣١ لە ڕاستیدا ئەوە ئاین نەبوو ئاوای دەوت بەلکو فەلسەفەی یۆنانی نزیك لە پەیڕەوانی ئەرستۆ ئاوایان دەووت.

[4] لە کتێبی (دیالكتيك الطبيعة ص٢١٦ دەلێ یەکەم زانا کە ووتی جیهان لە ئەتۆم پیك هاتوە لۆکیبۆس بوو نەك دیموکریتیس، لە ص٥٧ یش دەلێ ئەوەی کیشی ئەتۆمیشی دۆزیەوە دالتون نەبوە بەلکودیوجین لایرسی بوە.

بوە لە پیشکەوتنی کۆمەڵگە بەپێچەوانەی ڕای ئاینی(سوڕدراو) کەڕێ لەو توێژینەوانە دەگرێ وڕۆلی عەقلێ پەك دەخا کە خوا ئەو عەقلەی پیداوەو داواشی لیکردوە بەکاری بهینی، لەلای ئاینی کەمتر بەکارهات ولەلای نائاینی زیاتر بەکارهات، بەو شێوەیە زانست وزانیاری کەوتە دەست فەلسەفەی بیٚ باوەڕی.

لەگەڵ دۆزینەوە و پێشکەوتنەکانی زانست بەرە بەرە ئاشکرا دەبوو کە ئەو ڕووداوانە بەپیٚ ی یاسای سروشتی و ئیرادە و قودرەتی سروشتە نەك غەیبیەتێك، جاران وا مەزەندە دەکرا کە کاری زەوی مرۆڤ بەڕێوەی دەبا، بەڵام کاری ئاسمان خودا ڕاستەوخۆ بەڕێوەی دەبا. لێڵی لە وەڵامی پەیوەندی خواو بوونەوەر پرسی (یاسای سروشتی) وای کردوە(لاپلاس) لە وەڵامی پرسیارێکی ناپلیۆن(کە ووتبووی کوا رۆلی خودا لە فەلسەفەی تۆ) بڵێت: پێویستمان بە خوا نەما یاسامان دۆزیتەوە[1]، یان وەك هولباخ لە(نظام الطبیعة) بلی ئەوەتە یاساکانی سروشت و(هۆوئەنجام)م دۆزیەوە لە سروشت چیتر پێویست ناکا بلین بە تەمای خوا، بۆیە(دافید بیرمان)دەلێ ڕاشکاوەترین کتێب دژ بە ئاین(نظام الطبیعة- Système de la nature)ی هۆلباخ بوە کە لە ١٧٧٠ دەرچوە، تۆماس هۆبزیش پیش ئەو یەکەم جار بەبیٚ پەردە لە سالانی ١٦٥١ ووتی کتێبی موقەدەس وعیساو موسا هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نیە، ئیکۆرن لە١٧٧٩ زۆر بەتوند تر دابەزیە سەر کتێبی موقەدەس وبە خرافیاتی وەسف کرد، سپینوزا لە کتێبی(رسالة فی اللاهوت والفلسفة) بەیەکجاری کتاب المقدسی تەرت و ویران کرد، هەریەکە

---

[1] دیالکتیك الطبیعة ص٢٢٩ کاتی لاپلاس توێژینەوە گرنگەکەی لەبارەی ((میکانیکاالسماء) تەواو کردو کۆپیەکی پێشکەش بە ناپلیۆن کرد، ناپلیۆن لیی پرسی ئەدی رۆلی خوالە ئاسمان چیە ؟لاپلاس ووتی: یاساکانمان دۆزیتەوە پیویست بە خوا نەما.

لە جورج ئەلیوت، جیمس فرود، جون ستوارت مل.. بەو مەنهەجە توندە دژ بە مسیحی و بیری ئاینی بووینە، هەمو ئەوانە وای کرد سەردەمی ئاین بەگشتی بە(سەردەمی تاریکی) وەسف بکەن.

دوای ئەو هەنگاوانە بەرەبەرە زانست و ئایین، عەقلّ و نەقل، ئاسمان و زەوی، دنیا و قیامەت،.. لێك جیابوونەوە، زەمینەیەکی سانا بۆ عەلمانیەتی عەقلی دەسازێ، هەر لێرەشەوە ئەنجلس دەلّێت "ئێمە دەتوانین ڕووداوەکان لێکبدەینەوە بەبێ پەنابردنە بەر غەیبیەتێك"، لەهەموویان زەقتر لەپێشوودا بڕوا وابوو بروسك لە ئەنجامی ئەوەی فریشتە بەقامچی لە هەور دەدا دروست دەبێ (أَنَّ الْبَرْق مَلَك لَهُ أَرْبَعَة وُجُوه : وَجْه إِنْسَان وَوَجْه ثَوْر وَوَجْه نَسْر وَوَجْه أَسَد فَإِذَا مَصَعَ بِذَنَبِهِ فَذَاكَ الْبَرْق)[1]، کەچی لەدواییدا (مانعە الصواعق) لەلایەن زاناو سەرۆکی ئەمریکی فرانکلین(١٧٠٦-١٧٩٠)دروستکرا، ئایا مرۆڤ کونترۆلی قامچی فریشتەی خودای کرد..، لە بارەی فەلەك و گەردوون وئاسمان فەرمودەی باویان هیناوە باس لەوە دەکا هەر ٧ ئاسمان یەك لەسەر یەکەو عەرشیش لەسەرووی هەموانەو خواش لەسەر عەرشە، لەوەوە اخوان الصفا نەخشەیەکی گەردوونی کردبوو بریتی بوو لەناوەندەکەی زەوی دوەم فەلەك مانگ سییەم عەتارد، تا دەگەیشتە فەلەکی ٧زوحەل بوو، فەلەکی ڕۆژ لە ئاسمانی چوارەم بووفەلەکی هەشت کرسی بوو فەلەکی ٩ عەرش بوو لەسەر ئەویش خوایە[2].

ئینجیلی برناباش لەو سۆنگەوە باس لە ٩ ئاسمان دەکا، تایفەی ئیسماعیلیە باس لە ١١ فەلەك دەکەن، ابن مسکویەش وای نەقل کردوە کە پێیان وابوە

---

[1] ابن کثیر-البدایة والنهایة ج١ ص٥٣

[2] من رسائل اخوان الصفاء وخلان الوفاء رسالة رقم ٢٨ ص٣٢ ئیخوان سەفا لە پرسی بروسك جوانتری بۆچوویبوو بەلام لەو پرسە وای بۆچوویبوون.

٧ئاسمانەکە بریتیە لەو ٧هەسارە (..ويقال أن الله خلق الشمس يوم الأحد والقمر يوم الاثنين والمريخ يوم الثلاثاء وعطارد يوم الأربعاء والمشتري يوم الخميس والزهرة يوم الجمعة وزحل يوم السبت)[١]. کەچی دوای دەرکەوت ئەوانە ئاسمان نین، کرسی و عەرش وخواشی لینەبوو، لێرەوە وا دەرکەوت ئایین بەرەو دواکەوتوویی و زانست و زانایان و ڕۆشنبیری وتکنۆلۆژیا بەرەو پێشەوە وبە پەیڕەوکردنیشەوە، ئەو تەکنۆلۆژیایەش نەوەستا لەسەر قسەی قەشە و پاپا و شیخ الاسلام و کتێبی فیقهی..کە گەلێ جار خۆیان بە بەرپرسی پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤ ناسیوە[٢]، ئەوانەی ڕاستەوخۆ دەگەڕانەوە سەر سەرچاوە و دەقەکان ئەوا بێ باوەڕ نەدەبوو.

لێرەشدا دووکێشەی تر سەری هەڵدەدا، یەکەمیان ئەو جۆرە ڕەوشەنبیرو فەقیهو فەیلەسوفانەی کە دروست تر لە ئاین گەیشتبوون کەمایەتی بووینەو لەلایەن خودی هاوتاو هاوپیشەکانی تانەوتەشەنەی توندی تاراەدەی کافربوونیان لینراوە[٣]، ئەویش دەکەینە خاڵێکی سەربە خۆ.

٥-ناکۆکی نێوان فەلسەفەو ئاین: لەدوای بانگی پێغەمبەرەکان عادەتەن وا هاتوە ئەوانەی خۆیان بە میراتگری ئاینی زانیوە لەگەڵ عاقلمەندان ڕوویەڕوودەبێتەوە، ئەوەیان لە مێژووی ئیسلامەتیدا زیاتر شێوەی ناکۆکی

---

[١] ابن مسكوية – تجارب الأمم ص٩٢

[٢] رئيس الكهنة هو الوسيط بين الله والناس. (جدول وشروح فى كتاب المقدس ص٧١٦).

[٣] لە نمونەیەکی ئەو دیاردەیە: هەندی فەقیهی ئیسلامی داوایان کرد مدرسە لەبەردەستی سيف الدين نامەدی(گەورە فەیلەسوفی کورد) رزگار بکریت وەك چۆن واجبە عەکا لەبەر دەست سەلیبیەکان بسێنرێتەوە، هەندێ لەو فەیلەسوفانە تۆماردەکەین بۆ زانیاری:ئیبن روشد:رسالة النفس ابو حامد الغزالي: تهافت الفلاسفة، معيارالعلم فى الفن المنطق، نصرالدين الطوسى:تجريد، ئیبن سينا عيون الحكمة، فارابى: السياسة المدنية، اراء اهل مدينة الفاضلة، اخوان الصفء: الرسائل..ابن باجة: الرسائل فلسفية كندى:الفلسفة الأولى، الرازى: المنطق...

نێوان فقهو فەلسەفەی وەرگرتوە، بە پێی (ئیمام غەزالی)یەکەم کێشە لەوە هات کە (موعتەزیلەکان) وەك یەکەم گرۆپی ئیسلامی کەوتنە ژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی[١]، لەسەردەمی مەئمون(٨١٣-٨٣٣) هاندەری فەلسەفە بوە، لە سەردەمی متەوەکیل(٨٤٦-٨٦١) جارێکی تر دەسەلاتی فقهی هاتەوە تەنیشت خەلیفەوفەلسەفەو عاقلمەندان دوور خرانەوە، نازناوی (زانا) دراوە ئەوانەی لە تەلاق ومارەیی دەزانن، بەو شێوەیە ئەو ناکۆکیە توندە لە نێو ئیسلام بە توومەتی توندی کافرو مولحید دەستی پێکردو لە ناو مسیحیش بە سوتان وئیعدام دەستی پێکرد، هەردوولای موعتەزیلەو ئەشعەری یەکتریان تەسفیە کردوە، تەنانەت ئەشعەریەکان لە کتێبی(الأنانة) موعتەزیلەکان بە(مجوس هذه الأمة) وەسف دەکەن[٢]، ئیمام غزالیێ هۆکاری تەکفیرەکە باس دەکاو دەڵێ:(تکفيرهم لا بد منه في ثلث مسائل إحديها مسألة قدم العالم والثانية قولهم إن الله لا يحيط علماً بالجزئيات الحادثة من الأشخاص والثالثة في إنكارهم بعث الأجساد وحشرها)[٣].

لە کتێبە فقهیەکان هەریەکە لە ئیبن سینا وفارابی وتوسی وجاحیزو سیف الدین ئامیدی وزۆری تر بە کافرو مولحید وەسف کراون، هەندێکی بە نمونە وەردەگرین(بڕوانە پەراوێز)[٤] ابن تيميه لە(ج١ درء التعارض) لیستیکی دوورو درێژی لەفەیلەسوف ومدرسەکان ڕێز کردوە (جگە لەوانەی سەروو هەریەکە لە: ابن عربي ومبشر بن فاتك، سروردی، سۆفیەکان، ئیخوان سەفا، موعتەزیلە، کلابیە، شیعە، سالمیە، تراقیە..) بەو دەقەش بەشداری

---

[١] تهافت الفلاسفة ص٧ مقدمة د ماجد فخري.

[٢] تهافت الفلاسفة ص٢٦

[٣] تهافت الفلاسفة ص٨٩

[٤] إغاثة اللهفان ج٢ ص٢٦٧، شفاء العليل ص١٤، درء التعارض ج1ص٢٨٩ الجواب الصحيح ج٤ ص٤٦٣ ...

لەو هەلمەتە دەکات:(كان ابن سينا وأمثاله وهؤلاء وأمثالهم من رءوس الملاحدة الباطنية إلحادا أعظم من إلحاد اليهود والنصارى)[1] لە هەندێکیانیش فەقیهەکان یەك دەنگ نەبووینە، بەشێك بە کافرو دۆزەخیان داناوە وبەشێکیش بە پیاو چاك وبەهەشتی وەسف کراوە، لە بارەی فەیلەسوفی کورد(سيف الدين امدى٥٥١-٦٣١هـ)[2] ئەو وەسفە پێچەوانانەی خوارەوەی بۆ کراوە: الشيخ العفيفي: "ما أقبح هؤلاء الطلبة لو كان شيخهم لا يصلي لنصحوه فإن أبى لهجروه، إذٍ كيف يتلقون العلم من فاسق أوكافر"، الحافظ الذهبي : تارك للصلاة، شاك في دينه. نفوه من دمشق من أجل اعتقاده[3].

ئەوانەی بە پێچەوانەی ئەوانەش پێیان وابوە زۆر خوایی بوە : ابن تيمية : "لم يكن أحد في وقته أثر تبحرا في العلوم الكلامية والفلسفية من(الأمدى)وكان من أحسنهم إسلاما وأمثلهماعتقادا". إمام العز ابن عبد السلام) : لو ورد على الإسلام متزندق أو مشكك لعين الإمام سيف الدين لمناظرته لاجتماع أهلية ذلك فيه). ابن خلكان: امدى "حسن الاعتقاد"... لەگەڵ زانایانی (علم الكلام)یش (ابو الحسن الأشعري. أبو منصور الماتريدي. الحارث المحاسبي. أبو المعالي الجويني. أبو حامد الغزالي.

---

[1] درء التعارض العقل والنقل ج١ ص٢٨٩

[2] خاوەنی ئەوبەرهەمەگەورانەیە: لإحكام في أصول الأحكام. منتهى السول في علم الأصول.ـ المآخذ على المحصول. ـ منتهى السالك في رتب الممالك. ـ دقائق الحقائق.ـ غاية المرام في علم الكلام.ـ كشف التمويهات على الإشارات والتنبيهات.ـ رموز الكنوز.ـ الغرائب وكشف العجائب.ـ النور الباهر في الحكم الزواهر.ـ المبين في شرح ألفاظ لحكماءوالمتكلمين.ـ فرائد القلائد.ـ منائح القرائح مختصر أبكار الأفكار.ـ المآخذ على المطالب العالية.

ـ أبكار الأفكار في أصول الدين...الجدل فى الفلسفة، دقلئق الحقائق فى المنطق...بروانە: موسوعة الفلسفة والفلاسفة ج١ص١٥

[3] المغني في الضعفاء" ج١ ص٢٩٣، الميزان ج٣ ص٣٥٨

فخر الدين الرازي. أبو بكر الباقلاني. سعد الدين التفتازاني. أبو عبد الله السنوسي .أحمد الدردير .إبراهيم اللقاني .إبراهيم الباجوري...) كێشە هەبوە، جارجاریش زانایانی ئیسلام لە سیدارە دراون(مەعبەدەدی ئەلجەهەنی) لەلایەن عبدالملك بن مروان لەسیدارەدرا(گەیلانی دیمەشقی) لەلایەن هشام بن عبدالملك لەسیدارە درا بەهۆی ئەوەی بە پێچەوانەی جەبریەکان بەسەرۆکایەتی (جهم بن صفوان) کە دەیان ووت هەمو خراپەکانی خەلیفەکانی ئەمەوی خواییەو خوا بۆی نوسیون و ئیجبارن، ئەوانەدەیان ووت نەخێر ئەو زوڵم وزۆرەی ئەمەوی دەیکا خوا نەینوسیە خراپە بکەن بەو هۆیەوە لەسیدارەدران بەحوکمی دژ بەخوا.

هەرچی لە جیهانی مەسیحیشە زۆر توند تربوە، بەشێك سزادانی مولحیدان لە جیهانی مسیحی بە هەلەیی دەگێرنەوە بۆ یاساو فتواکانی ئەفلاتوون، دیسان بە هەلەیی باس لەو سزا کۆنانە دەکرێ کە سیدارەکەی (سوکرات) لەسەدەی٥ی پ ز بە هۆی یاخی بوون وبێ باوەڕی بوە.

لە دوای ئەوانیش لە سەدەی ١٢ەوە یان وورد تر لە ١١٨٤ز ئەنجومەنێك لەلایەن کنیسە دژ بە (هەرتەقە وبێباوەڕانی زاناو فەیلەسوفان) دامەزرا، دوای بە پێی ڕێنمایی پاپاقەیسەر هیستریاخ زۆربەی بێ باوەڕان لەسەر دونیا دەسوتینران، یان سەریان دەبرین، بۆ یەکەم جاریش ئەو حوکمە گەیشتە نێو ئیمپراتۆرەکان بەتایبەتی لە سەدەی ١٦ بەدواوە، بەفەرمی دادگایی دەکران، لەو ناوانەی کە ماون و بەدەستمان گەیشتون بریتین لە: لوکیلی ڤانینی لە ١٦١٩، کازیمیرزلە١٦٨٩، هەریەکە لە (لیژینسکین وجان فرانسوا دی لا بری) لە ١٧٦٦ لە سیدارە دراون لەگەڵ زۆری تر، ئەوە بەردەوام بوو تاگەیشتە (محاكم تفتيش).

پرۆتستان زۆر توند تر بوو لەکاتۆلیك زیاتر دژی توێژینەوەی سروشت بوو،

کالڤن وپرۆستان(سیرفیتیۆس)ی سوتاند لەو کاتە بوو کە خەریك بووسووڕی خوێن بدۆزیتەوە وەك ئەنجلس دەڵێت[1]، کاتۆلیکیش جۆردانۆیان سوتاند.
لەلای مسیحی کوشتن وسوتاندن لەلای فقهی ئیسلام تەکفیرکردن بوو، لەلای یەهودیش (موسی بن میمون)لەلایەن حاخامەکان بەکافر هەژمارکراون، هەرچەندە ئەسلی ئاین بە هۆی بیرو ڕاو ئاینی وبێ ئاینی سزای تیدانیە (خودائەو ئازادیەی پێداوە)، لە پاش هەمو ئەو سزایانەی مسیحی وتەکفیری ونەفی کردنی زاناو فەیلەسوفە ئیسلامیەکان دەردەکەوێ کەبەشێکی زۆری ئەوانە مولحید نەبووینە، تەنانەت کە برۆنۆ لە١٧فبرایەری ١٦٠٠سوتینرا باوەڕێکی بە هێزی بە خوا هەبوەو شوینهاوەر دەلی من لەوی فیرە ئەوەبووین کە سروشت هونەرە نەك هونەرمەند وکەمێك ئاینم وەرگرت[2]، ئەو بۆچوونەی برۆنۆ لە رۆژهەلاتەوە دەبێتە ئەدریسی کتێبیکی(شیخ نەورەسی بەناوی(سروشت هونەرە یان هونەرمەند)، سوکرات لەسەر بیّ ئاینی سوتینرا کەچی ئیستا سوکرات لەسەر کەلتوری فەلسەفەی ئاینی هەژمار دەکرێ. دەریش کەوت فەیلەسوفانی ئیسلامی ویستویانە ئاین لە(فقهی ئەحوال شخصی) قەتیس ودابڕێنراو نەمینیتەوە، بەلکو بچێتە پێشڕەوایەتی زانست وفەلسەفەو تەواوی بەرهەمی عەقلی ئادەمیزاد، وادەردەکەوێ ئیمام غەزالیش بەتەواوی زانیاری لە بارەی ڕای فەیلەسوفانی ئیسلامی نەبووبێ کە لە کتێبی(تهافت الفلاسفە)وەسفی کردوون وبوویتە سەرچاوەی مێژووی ئیسلامی دژبەوانە، ابن رشد بە ووردی هەمو ئەو تیگەیشتنانەی ئیمام غەزالی بەهەلەیی نەقلی کردوە بۆی ڕاست دەکاتەوە، لەکۆتایدا دەڵێ غزالی بە هەلە ئەوانەی تکفیر کردوە، بەلکو باش لە

[1] دیالکتیك الطبیعة ص٣٢
[2] المثالیة الألمانیة ص٣٣١

فەلسەفەکەیان نەگەیشتوە[١].

ئەگەر بەووردی ئەو کتێبانەی سپینوزا (رسالە فی الاهوت والسیاسە) بخوینیەوە، شیعری ئەبوعەلاو خیام وزۆری تر لەوانەی بە ملحد هەژمار کراون دەبێ پێداچوونەوەیەکی گشتی بەو حوکمانە بکەین، دەبێ زۆر ئاگاداری گواستنەوەی بۆچونەکانی ئەو سەردەم بکەین کەم تر وەك دەق وەرگیراوە بەڵکو زیاتر پشت بە (گۆتە)بەستراوە، تەنانەت هەڵەی وا گەورە کراوە لە (نەقل وگواستنەوە) وەك غونە کتێبی (اثولوجیا ارسطو) لە ئەسل ئەفلاتونیە بە هەلە وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی بوە بە ناوی ئەرستۆ، فارابی لەسەر ئەو هەڵە مەزنە بینای کتێبێکی کرد بەناوی(الجمع بین الرأی الحکیمین)، لەو کتێبە رای وێك چووی لەنێوان ئەفلاتون وئەرستۆی(گوایە) دۆزیەوە کەچی یەك خاوەنی هەبوە، لەکۆتای کتێبەکەی فارابی دەڵێ: رای یۆنانیەکان نزیکە لێك ئەوەندە لێك جیانیە وەك باوە[٢].

تێکنەگەیشتنێکی ترسناك لە نێوان فەقیهو فەیلەسوف ڕوویداوە، ڕەنگە هەردوولا بەرپرسیار بن، هەریەکە ویستویەتی بوونی بەرامبەر لاواز بکا تا ڕادەی ئێرەیی(حەسودی)[٣]، ئیمام غزالێ دەڵێ ئەگەر حەسودی ١٠ بەش بیت نۆی زانایان بردوویانە،، ئەو کێشەیە هەر لەنێوان فەلسەفەو فقە نەبوە لە نێوان فقە خۆیەخۆشی بوە، ئەحمەدی هاتونە شافیعیان فەلاقەکردوە، سونە شیعەی فەلاقەکردوە، شیعە سونەی فەلاقە کردوە..زۆربەی ئەوانە لەشاری بەغدا ڕووی داوە.

ئینجا بەشێك لە فەیلەسوفانی ئیسلامیش جار وایە لە هاوسەنگی

---

[١] ابن رشد- فصل المقال.. ص٣٨

[٢] مقدمة : اراء اهل المدينة الفاضلة ص١٧.

[٣] ابن رشد- فصل المقال.. ص١٢

(عەقلانی) و (نقلانی)یان نەپاراستوە، تا ئەو ڕادە دروشمی (اخوان الصفاو) ئەوەبوو:(متی انتظمت الفلسفة اليونانية والشريعة العربية فقد حصل الكمال) دەیان ووت شەریعەت پڕ بوە لە خلت وخار ونەفامی تەنها بە فەلسەفەی یۆنانی پاك دەکریتەوە[١].

لە نمونەی نویدا(محمد ئەرگۆن)وەك بیریارێکی گەورە زۆر بەووردی وزانستیانە دەست نیشانی دەردەکانی ئاینی ئیسلامی لەو سەردەمە کردوە، ویستویەتی چاکسازی بکا لە فکری ئیسلامی، بەڵام عەقلانیەتەکەی ئەوەندە ڕەت بوە باوەڕی وایە وەك مادیەکان سەرەتای کۆمەڵگە بریتی بوە لە فرە خوایی ئینجا بوە تاك خوایی[٢].

سوکارنوی سەرۆکی ئەندونیسیا بەهەمان شیوە باوەڕی بە ئاین وخوا هەبوە بەڵام بەوجۆرەی(وەك ئەرگۆن ئاسا)دەڵێ : لەسەردەمی ڕاوژگاری ئەوا وایان دەزانی خوا لە ئەشکەوتەکانە، لەسەردەمی بەخێو کردن وایان زانی خوا لە نێو مەڕومانگاکان دەژین، لەسەردەمی کشتوکاڵیش خوا بەجۆرێکی تر هاتە پێش چاو...[٣].

لایەنگیری عەقڵ بەو ڕادەو فەرامۆش کردنی لەلایەکی ترەوە لاسەنگیەکی ترسناك دەدات، وا دەکا فقیهو پیاوانی ئاینی زیاتر لە فەلسەفە دوور کەونەوەو بە پێچەوانەش، کەچی ڕاستیەکەی ئەوەیە هەریەکە لە فقهو فەلسەفە بۆ ژیانی ئاینی گرنگن، فەلسەفە بینای تەعمیرو تکنۆلۆژیا بۆ کۆمەڵگە فەراهەم بکا فقهیش ڕێکخستنی بە ئەستۆ وە بگرێ، دەسەلاتی

---

[١] موسوعة الأديان في العالم- ج: الفرق الإسلامية.. ا ص٧٨

[٢] محمد اركون- نحونقدالعقل الإسلامی ص٢٨٩ لەکتیبەکەی تری(قضایافی نقد العقل الدینی ص٢٨٠ باس لەوە دەکا چۆن لە پیش ئاینی یەهودی یەکەم جار لە میزۆپۆتمیا بیرۆکەی یەك خوایی هاتە کایەوە.

[٣] د محمد ناصر-الدين واللادينية ص٤٤-٤٥(محمد ناسر سترۆك وەزیرانی ئیشوی ئەندۆنیسیا بوو).

ئەو سەردەم نەهاتوە مەیدانەکانیان بۆ لێك جیا بکاتەوەو بیکاتە پسپۆری جیا، ئەوکاتی لە جیاتی(ناکۆکی) دەبوونە پاڵپشت بۆ یەکتر، لەو سەردەمە مسیحی ئەو کێشەیەی چارەسەرکردوە، تەنانەت لەگەڵ یەهودیش کەوتنە شێوە بەرەیەکی زۆر جوان، هەڵساون هەردوو کتێبی تەورات وئینجیلیان لە یەك کتێبی پیرۆز کۆکردۆتەوە، ناویان لە(تەورات) ناوە(عهد القدیم) ناویشیان لە (ئینجیل) ناوە (عهد الجدید)، کەچی لە ناو فقهی ئیسلامی هەروا کۆك نین، لە نێوان فەلسەفەو فقه، لە نێوان شیعەو سونە، لە نێوان سۆفی وسەلەفی، لە نێوان عەقڵ ونەقل..، کەچی ئەو ناکۆکیە دروست کراوە ئەسلی نیە.

کێشەیەکی تر لەلای رۆشنبیر و توێژەرانی جیهانی ئەوەیە کەمتر قورئانیان بەرچاو کەوتووە، وەرگێڕانیش تا ئەم دواییە بۆ زمانەکانی تر حەرام بووە، یەکەم وەرگێڕان بۆ زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٦٤٩[١]، بۆیە کە گەڕاونەتەوە سەر مەرجەع گەڕاینەوە سەر تەورات و ئینجیل و مەزمور و ڤیدا...یان لە باشترین دۆخیاندا هەندێ ڕای فقهیان بەدەست گەیشتوە، کتێبە فەلسەفی وعەقلانیەکانی نەمابوو نەلە جیهانی ئیسلامی نەلە جیهانی مسیحی، بۆ نمونە تا سالی١٨٥٩ ئنجا لە میونیخی ئەلمانیا جارێکی ترکتێبی ابن رشد چاپ کرایەوە ئەگینا بزر کرابوو[٢]. هەروەك چۆن لە ئەوروپا کتێبە فەلسەفیەکانی ئیسلام دەسوتێنران ئاواش لەنێو خەلافەتی ئیسلامی، بەتایبەتی سەردەمی (منصور- لە ئەندەلوس سەدەی ١٢)، بە هاندانی فقیهەکان کار لەسەر حرامی فەلسەفە کراو و کتێبە فەلسەفیەکان

[١] بڕوانە : عزالدین حایك-ترجمة القران الکریم –اوراق الندوةالدولیة..١٨ایار١٩٩٨ ص٢٩ هتروةها :
Ilyas, Asim.1990."Old and Contemporary Translations of the Holy Quran". In Op. Cit. p.1

[٢] ابن رشد- کتاب فصل المقال وتقریر مابین الشریعة والحکمة من الإتصال –ص١ تمهید.

سوتینران وقەدەغەش کران[١]، زیاتر رەواج بە کتێبە کلاسیکی وخرافیەکان درا، ئەو جۆرە کتێبانەش وەلآمی مەنتیقی ئەو توێژەر و زانایانە پێ نەدەدرایەوە، لەسەر ئەو بنچینەیە سپیونوزا توێژینەوەیەکی لەبارەی ئەو کتێبە پیرۆزانە کرد لە (رسالە اللاهوت و السیاسە) بەسەدان هەڵەی زانستی لێ تۆمارکردوون و دەرگای ڕەخنە لەسەر ئەو کتێبانە کرایەوە، بەو شێوەیە زانا و رۆشنبیران گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە ئاین بەڵگەی بوونی خوای زۆر لاوازە.

٦-هەر لەدوای دورکەوتنەوەی ئاین لەسەرچاوەکەی لە ڕووی سیاسی بوویتە ئامرازی چەوسانەوە و هەڵخەڵەتاندنی خەڵك، بینراوە بەناوی ئایینی پیرۆزی و شەرعیەت بەدەسەلآتێکی دیکتاتۆری و زۆردار دراوە، عادەتەن بۆهەر دەسەلآتێکی ئاواش هەندێ پیاوانی ئایینی (وعاظ السلاطین) لەتەنیشتیان بووینە.

لەسەردەمی خەلیفەی موسوڵمانان (ولید بن یزید٨٨-١٢٦ه) کە ئیبن قوتەیبەوزۆربەی شارەزایان بە بێ باوەڕی وەسفی دەکەن[٢] شیعری هەیە گالتەجاڕی بە خواو قورئان دەکا کاتێ لە قورئان بینیویەتی باسی (سزاو پاداش)دەکا دەڵێ:

تذکرنی الحساب ولست ادری احقاماتقول من الحساب
فقل لله یمنعنی طعامی وقل لله یمنعنی شرابی[٣]

---

[١] ابن رشد- فصل المقال..ص١٢
[٢] ابن قتیبة الدینوری- المعارف –تحقیق: ثروة عکاشة ص٣٦٦، د محمد عمارة لة(المعتزلة والثورة ص٧٢) بة زةندیقی وةسف دةکا.
[٣] د محمد عمارة-المعتزلة والثورة ص٧٢.

کەچی فـەقیهی خـۆی هـەبوو بـەپێ ی خواسـتی سیاسـەتی ئـەوکات ملـی تاییینیان بۆ خوارکردونەتەوە تا ڕادەی دەستکاری فەرمودە و ئەسلی ئـاییـنی (نمونە: فەزلی عەرەب بەسەر میلەتانی تر)، یان بەلای کەم لێـی بـێ دەنـگ بوونە تا ئەو ساتەش، لەسەر ئەو بنچینەیە بەشێکی زۆر ئاین بە ئـامرازی چەوسـانەوە وەسـف کـراوە، لـەوەوە (ئـاین تلیـاکی گـەلان- الـدین افیـون الشـعوب) لــەلای مــارکس هــات[1]، لــە پــیش ئــەویش بــارون دولبــاخ لەکتێبی(المسیحیه من غـیر سـتار) ووتبـوی ئـاین بۆچەوسـاندنەوە دروسـت کراوە[2]، دیمەنی ئاین زۆر ناشرین کرا.

٧-لەبەرامبـەر خـاڵی (٥) کۆمـەڵێك ڕێکـەوتن سیسـتەمی نـوێ هاتەکایـەوە، لەهەموویان سـەرکەوتووتر (سیسـتەمی دیموکراسـی) بـوو کـە بـوە مـۆدێلی سـەردەم، لەهــەمان کــات بــووە هــۆی پێشــکەوتن و خۆشــگوزەرانی و بەرجەستەی مرۆڤایەتیش، لـەوەوە سیسـتەمی عـەلمانی جـێ ی سیسـتەمی تاییینی گرتەوە، وا دەرکەوت کە ئاییینی خوایی نادادگـەربێت، لەبەرامبـەردا ڕێکـەوتن و دیکۆمێنـت و جاڕنامـە بەشـەریەکان مرۆڤانـەتر بـن، ئـەوەش کاریگەری زۆر خەستی کردە سەر چین و توێژانی فکـر ڕۆشـەن. بـۆ نمونـە بـۆ میلـەتانی داگیرکراوو(بەکوردستانیشـەوە) دەبیـنین کۆمـەڵێك مـادەو بڕیـاڕ هەیە لە نیودەولەتی بۆ مافی چارەنوسی گـەلان وەك: مـادەی(١) و مـادەی (٥٥) ی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان، مادەی٦٠ی(النظام الداخلي المؤقـت

---

[1] . دەقی ووتەکەی مارکس لە کتیبی(نحو نقد لفلسفة الحق الهيجلية- ١٨٤٤م) وانوسراوة: إن الهم الديني هو في الوقت نفسه تعبير عن هم واقعي واحتجاج علي هم واقعي. إن الدين هو آهة الخليقة المضطهدة، هو قلب عالم لا قلب له، مثلما هو روح وضع بلا روح. إنه أفيون الشعب.

[2] روجيه غارودی –ماركسية قرن عشرين ت:تزيه الحكيم ص١٤٣، وا پێدەچی لە بنەچەدا ئەو ڕایەلەلایەن (کریتیاس)هاتبێت کە دەلێ: ئاین لەلایەن دەسەلاتدارەوە داهینراوە بۆ زیاتر ملکەچی هاوولاتیان.

لمجلــس الأمــن)، هــەروەها بڕیارەکــانی: ژمــارە ١٥١٤ خــولی(١٥) لە١٤/دیسمبر/١٩٦٠، بڕیـاڕی ژ:٢١٠٥ خـولی (٢٠) لـە١٩٦٥ز، بڕیـاری ژ:٢٦٢٥ خولی ٢٥ لە٢٤/ئۆکتۆبەر/١٩٧٠، بڕیـاری ژ:٣٠٧٠ خـولی٢٨لـە ١٩٧٥، هــەروەهابڕیاری ٣٣١٤ســالی ١٩٧٤... لەهــەمان ئەنجوومــەن دەرچووە، ئینجـا پیشـوو لـە ١٤ خالەکـەی ویلسـونی ئـەمریکی لـە سـاڵی ١٩١٨ ولێدوانە هاوبەشـەکەی بریتـانی - فرنسـی لـە ١٩١٨، بنـەماکانی شۆڕشــی ئۆکتۆبــەری ١٩١٧ی رووســی و شۆڕشــەکانی پیشــوی ئــەمریکی ١٧٧٦ و فرنسـا ١٧٨٩ هـاتووە، زیـاتر لـەوەش هـەر ٣ مـادەی ٦٢ و٦٣ و٦٤ی سیڤەر و مادەی ١٦ی ئینتداب بەسـەر عـیراق و..زۆری تریـان هەیـە بیکەنە بەلگەو منەت بەسەر میلەتانی ژێر دەسـتەو بزوتنـەوەی کوردایـەتی ودەڵێن ئێمەی(مولحید یان عەلمانی) بـە پاڵپشـت بەوانـەو بـۆ میلـەت ئـیش دەکەین ئیوەی ئاینی چیتان هەیە، ئایا لە ئاین وەك وەسـیقەی(رزگاری) بـۆ کورد چ هەیە؟!!

٨-گەشەی عەقڵ وزانستی وشکستی ئاینی : سەر هەلـدانی کۆمـەڵێك تیـۆری زانستی دژ بە ئاین بوون و هەمولایـەکیش باوەڕیـان پـێ هینـابوو، لەوانـە: دەرکەوتن و زاڵبوونی تیۆری (گەردونی الساکن –یان- قدم العالم) سەردەمی بەتلیمۆس بەناوی (مەجەستی) وا دەرکـەوت ئـەو گـەردوون و جیهانـە هـەر بووە و هـەردەشمینێ، بـواری بـۆ ڕای ئـاین نەهێشـتەوە کـە ئـەو بوونـەوەرە دروسـتکراون و تەمەنیشـیان هەیـە، ئـەوە لـە بنەچـەدا بەشـێك بـوە لـە بیرەباوەڕی ئاینی سۆمەریەکان، پێیان وابوە ئەو ڕێسایانەی گەردوونی لەسەر دامەزراوە بۆ هەتاهەتایە[1]، لە تەوراتیش وا هـاتوە (٣ والفـاهمون یضـیئون

[1] جفري بارندر- المعتقدات الدينية لدى الشعوب - ترجمة :د .إمام عبدالفتاح إمام مراجعة :د . عبدالغفار مكاوي ص١٢

کضیاء الجلد والـذین ردوا کـثیرین الی الـبر کالکواکـب الی ابـد الـدهور)[١]، لـەویش وا پیدەچـی لـە مـەزمورەکانی ح.داود وەرگیرابـیێ بـە جۆرێـك لـە جۆرەکان کەلەمەزموری ژ:٧٨ دەڵێ: (کالأرض اسسـها الی الأبـد)، لێـرەدا بـوارێکی زۆری بـۆ بـێ بـاوەڕی دروسـتکرد، چـونکە وادەرکـەوت کـە چـۆن سروشت ڕوداو دروست دەکات نەك خوا ئەوا (خەلق)یش لە(خوا) سەنرایەوە. لەوەشەوە گومان لە دوارۆژ و باقی غـەیبیەتەکانی تـر زۆر خەسـت بوویـەوە، تـا وای لیهـات عـەقلێ ونـەقل، زانسـت و ئـایین، تەکنـەلۆژیا ودوعـا، موختەبەروفیقەه، مۆدێرن و فکری کۆن،... کەوتنە ڕوو بە ڕووبوونـەوە، وەك (ابو علی المعری) و (هوایتهد-لە سەدەی بیست دووبارەی کـردەوە) ووتیـان: سەرکەوتن بۆ زانست و مۆدێرنەو شکستیش بۆ ئاین[٢].

هەرلەوەشەوە (همنکوای) دەڵـیێ بەسروشـتی خـۆی هـەمو عاقلێـك مولحیـد دەبێ، بی عەقلیش ئاینی دەبێ، مارکس پێی وایە بـۆ ئـەوەی ئاینـدار بیـت پێویستی بە ئەقلێکی لەنگ هەیە ئەقلی دروسـت ئـاینی قـەبوول نیـە[٣]، لـە شوینیکی تر لە(ڕەشنوسێکی سالی ١٨٥٤) دەڵێـت بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ پێـی بووتریێ مرۆڤ دەبێ مولحید بێت[٤]، واتە بۆ جیبوونـەوەی ئـاینی لەکۆمەڵگـە پێویست بە عەقڵی لەنگ هەیە، مەرگی ئـاین لەگـەڵ پێشـکەوتنی عەقلـە. زۆربەی موفەکیرانی عەلمانی عەرەبیش ئـەو ڕایـەیان هـەبوە لـە نوێیـەکـەیان عبدالمنعم الحفنی دەڵێت: سەرم سوڕماوە لە هەندی عاقڵمەند چۆن یەکسـەر

---

[١] عهد القدیم -سفر دانیال اصحاح ١٢

[٢] شبلی عیسمی لە(العلمانیه والدوله الدینیه ص١٠٥) دەلیت شیخ محمد عبدەش ئەو بۆچوونەی هەبوە: ((اذا تعرض العقل والنقل أخذ بما دل علیه العقل)تا ڕادەیەك (رازی)یش ئەو بۆچوونەی هەبوو.

[٣] کارل مارکس-بؤس الفلسفة ص٢٥٦نامەکەی مارکس بۆ ئینینکۆف.

[٤] مارکسیة قرن عشرین ص١٤٥

تەسلیمی فەلسەفەی مادی نابن کە تاکە چارەنوسیانە[1].

ئەگەر بەورد تر سەرنج بدەین دەبینین ئیمانداران لەسەرەتادا دژی دەزگای چاپ بوونە یەکەم جار لە سالی ١٦١٠دەزگای چاپ هاتە لبنان زانا فقهیەکان یەکەم جار حرامیان کرد گوتیان ئەوە دروستکراوی کافرە، بەرەبەرە شلیان کردو ووتیان تەنها قورئان نابێ چاپ بکرێ دوای ئەویش نەما، دیسان بۆ رادیۆ، دوایی چونە سەرمانگ، بەکورتی دژی خوێندنیش بوونە و بە عیلمی شەیتان وەسفیان کردووە، دوایی تەسلیمی هەموویان بوون، هەرە دواییەکەی کە زۆر دژی حیزب بوون، ئێستا وا حیزبی ئایینی دروست دەکەن..

ئەوانە هەموو ئەوە پیشان دەدا کە عەقڵ و کاری مرۆڤ ئەسلە و ئایینیش لاواز و شوێنکەوتەیە وجێی لەسەردەمی مودێرنەو شارستانی نوێ نابێتەوە.

٩-بینرا ئەو میللەتانەی کە زیاتر پەیوەستن بە ئاین ئەوا زیاتر دواکەوتوترن، ئەو پرۆسەیەش لەسەرەتای عەولەمە و سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن و سیستەمی جیهانی زیاتر ڕوون تر دەرکەوت، لە ئەوروپا تا لە ئاین ڕزگار نەبوون گەشەیان بەخۆ نەبینی و تابوونە پێشڕەو، ئەوانەی زیاتر پەیوەست بوون بە ئاین بوونە قوتابی و گوێگری ئەوانەی پەیوەست نەبوون بە ئاین، لەوەوە تەنزیری ئیستیعمار ئەوروپای مامۆستا و بنەمای(ملتون) سەری هەڵدا[2]، تا ئەو ڕادەیە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی قایل بوون بچنە ژێر سیستەمی ئینتیدابی کە لەبەشی (١)ی مادەی (٢٢) ی کۆمەڵەی گەلان دەرچوو، ئەوان ببنە قوتابی وئەوروپیش مامۆستاو فێرکەر، لەسەر

---

[1] المثالية والمادية وازمة العصر ص٩٥

[2] د علی وردی –لمحات من تاريخ العراق... ج٥ ص٥٦ بنتمای ملتۆن وادەڵێ: ((لا تدع بريطانيا تنسى رسالتها في تعليم الأمم كيف تعيش))،

ئەو بنچینەش وولاتانی عەرەبی ئیستا دروست بووینە، لەوەش زیاتر مامۆستایان بۆ ئەو میللەتانەی مسولمان نارد کە فێری دەولەتداری و پێشکەوتنیان بکەن، لۆرانسی بۆ ولاتانی جەزیرەی عەرەب، بۆ عێراق هەریەکە لە (مس بیل) و (برس کۆکس)بۆ عیراق...، تا ئەو ساتەش وا بەدی دەکرێ لەهەر شوێنێك کە کۆمەلێك میللەت تێکەل دەبن دواکەوتوەکانیان ئەو میللەتەیە کە زیاتر بە ئاین پابەندە.

** ** ** **

لە ڕاستیدا هۆکاری بێ باوەڕی گەلێك زۆرە بەئەندازەی ئەوەی (ان الله علی کل شئ شهید) ئەوا بەدیوێکی تریش لەهەموو شتێك بێ باوەڕی لێ دەخوێندرێتەوە، بۆیە لەگەل زەمان و زەمین دەگۆڕێن، ئەوەی ئێمە دەست نیشانمان کردووە هەولمان داوە کۆکراوەی کۆن و نوێ بێت لەتەوەری سەرەکی، پوختەی ئەوەیە لای مولحید وادەرکەوت:

١-باوەڕداران بەلگەی بوونی خوایان لاوازە، زیاتر ئاین لە نەزانی وترس وبزری هۆکاری ڕووداوەکان هاتوە.

٢-ئەو خوایەی باوەڕداران باسی دەکەن حوکمی بزرە، هەرچی حوکمی دەولەت و ئیمپراتۆر و سروشتە ڕوونە.

٣- ئەو کتێبە پیرۆزانەی دەلێن ئاسمانیە، ڕەنگدانەوەی زەمەن و زەمینی و قۆناغی مێژووی پێوە دیارە بۆیە بەشەریە نەك غەیبی.

٤- ئاین بەشێکە لەچەوساندنەوە و دواکەوتووی و ناتەبایی، یان وەك مارکس لەو بارەیەوە دەلێ: نەزانینی لیکدانەوەیەکی وورد بۆ کێشە ئابووریەکان لەلایەن هەندی فەیلەسووف بە ووشەی بریقەدارو لێلی وەك:خودا وبەهەشت

ودۆزەخ پڕی دەكەنەوە[١].

٥-ئەو جیهانە دروست نەكراوە و هەر هەبووە و هەر دەمێنێ (دهریە).

٦-ڕووداو و سیستەمی سروشتی و زیندەكی بەیاسای سروشتی كاردەكەن نەك بەئەمری خودا.

هەموو ئەوانە زەمینەیەكی هەمیشەی بۆ بەرهەم هێنانی فەلسەفەی مولحیدی (نەك مولحیدی نەفامی بەڵكو مولحیدی عاقلیش) پەیدا دەكا.

ئاین بە نەزانی هاندەری فەلسەفەی مولحیدیە

زۆر باسمان لە لیك جیاكردنەوەی (زەوی وئاسمان، دین وژین، ئیرادەی سروشتی وئیرادەی خوایی،..)كرد، پرسیارەكە ئەوەیە كێ ئەوانەی لیك جیاكردۆتەوە؟ لە دەقی ئەسل وپەیامی ڕەسەن لێك جیا نەكرایتەوە، ئەوە مرۆڤە(ڕەنگە ئاین پەروەربیت) گەلی جار ویستویەتی بەدلسۆزی خزمەت بكا نەیزانیوە، فەقیە وئیمامی گەورەحەزیان نەكردوە ئەوڕووداوە گەورانەی گەردوونی وزەمینی وباران ورزق وهۆی مردن..بدەنە پال سروشت، نەیان توانیوە مەزنی خودا بە مەزنی دروستكراوەكانی خودا ببەستنەوە، سروشت ویاساكانی سروشت دروست كراوی خوایە، بۆیە ئەو ڕووداوانەیان داوەتە ئەمری خودا كە لە قورئان باسی (امر)ی كردوە، بەو هۆیەشەوە خەڵكی ڕەشۆكی وای زانیە هەردەم لە پەیوەندیدایە لەگەڵ خوای خۆی وزیاتر لێی ترساوە، ئەگەر خوا لەو ڕووداوانە دوور خەیەوە ئەوا وادەردەكەوێ كە خوا دوورە. بۆیە ئەو جۆرە فقهە لەلایەك خزمەتی كردوە بەلام لە سەردەمی پێش كەوتنی زانست دەبێتە بەلا، لە پێشودا باسمان لەوە كرد چۆن سەربردەی بروسك وهەورە تریشقە هۆی ئاینی وهۆی زانستی چەندە لێك جیا بوو

---

[١] كارل ماركس-بۆس الفلسفة ص٢٥٧

ودوایش زانست بردیەوەو تەفسیرە ئاینیەکە(یان ووردتر ئەوەی بەناوی ئاین ووترا) وەهم دەرچوو.

ئیستا دێینە سەر هەندێ نمونەی بالآی تر، لەبارەی پرسی فەلەك بە ڕوونی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە نەیان زانیە ئەستێرەو خۆر بە ملیۆن ملیۆن جارلە زەوی گەورەترن، بەڵکو بەچاو بینیویانە ئەوانە بچوکن، چەند نمونەیەك لە فقهی ئیسلامی وتەورات وئینجیل وەردەگرین کە چۆن توشی هەلەی زۆر کوشندە بووینە، لەوەش کوشندە تر بەناوی (پەیام) قسەیان کردوە:

١-لەبارەی ئاسمان:

گوایە خۆر لەسەر پێچکە دەڕواو جارجار دەکەویتە ناو دەریا..(روی أبو جعفر عن ابن عباس عن النبي في خلق الشمس والقمر وسيرهما فإنهما على عجلتين لكل عجلة ثلاثمائة وستون عروة يجرها بعددها من الملائكة وأنهما يسقطان عن العجلتين فيغوصان في بحر بين السماء والأرض فذلك كسوفهما ثم إن الملائكة يخرجونهما فذلك تجليلهما...)[1]، ئەوە لەکاتێکا ئەو زانیاریانەی لەو سەردەمی هەبوە (..کل فی فلك يسبحون..)، هەتا لەلابی (ئیمام غزالیش)وەك لە ڕەدی فەلسەفە دەلێت (كقولهم: إن كسوف القمر، عبارة عن انمحاء ضوء القمر بتوسط الأرض بينه وبين الشمس، والأرض كرة والسماء محيطة بها من الجوانب، وإن كسوف الشمس، وقوف جرم القمر بين الناظر وبين الشمس عند اجتماعهما في العقيدتين على دقيقة واحدة)[2]. لە تەوراتیش باس لەکەوتنی ئەستێرە دەکا بۆ سەر زەوی! (.. وظهرت آية اخرى في السماء.هوذا تنين عظيم احمر له سبعة رؤوس وعشرة قرون وعلى رؤوسه سبعة تيجان ٤ .وذنبه يجر ثلث نجوم السماء فطرحها الى الارض...) هەر

---

[1] تاريخ الطبرى ج١ص٢١

[2] تهافت الفلاسفة-المقدمة الثانية ص٥

لەو کۆمەلە ئایەتەهاتوە (وظهرت آية عظيمة في السماء امرأة متسربلة بالشمس والقمر تحت رجليها وعلى راسها اكليل من اثني عشر كوكبا ٢ وهي حبلى تصرخ متمخضة ومتوجعة لتلد)[١] لە ئینجیلیش بە هەمان عەقلیەتی (ڕووکەشیانەی سەر زەمین) وەسفی ئاسمانیان کردوە زۆر خراپ تێکەوتون و وا هاتوە:(ونجوم السماء سقطت الى الارض كما تطرح شجرة التين سقاطها اذا هزتها ريح عظيمة)[٢]، نمونەیەکی تر لە فقهی ئیسلامی لەبارەی ئەستیرەو بۆنەی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (والسماء والطارق... النجم الثاقب)وەرگرین دەڵێ ئەستیرەیەك لە ئاسمان کەوتە خوارەوە کەوتە ناو قاپە ماستەك و بوە ئاگر[٣]. ئینجا نەشیان زانیوە لە نێوان خۆرومانگ وئەستیرە کامیان ڕووناکی دەرەو کامیان ڕەنگدانەوەی ڕووناکیەکەیە لەو ئایەتەی ئینجیل بە پێچەوانەی هیناوە (فان نجوم السموات وجبابرتها لا تبرز نورها.تظلم الشمس عند طلوعها والقمر لا يلمع بضوءها)[٤] لەو سۆنگەوە چینیەکان دەڵێن لەسەردەمی پاشاهاسیا (نزیکەی ٢٠سەدە پ ز) لەناکاو ١٠خۆر پێکەوە پەیدا بوون بەڵام پاشا فەرمانی کرد خۆرە زیادەکان بە تیر بخەنە خوارەوەو خستیانە خوارەوە[٥].

ئەوانە بە پێی زانستی سەردەم وعەقڵی مرۆڤی ئیستا بە خرافیات هەژمار دەکرێت، دەبێ ئەوە بزانین ئەوەی کەمێکی لە فەلسەفەو زانست زانیبێ زانیویەتی ئەو زانیاریانە بێ بنەمان، تەنانەت ئیمام غزالی کە (لەدژی فەلسەفە) کەمێکی فەلسەفە خویندیتەوە زانیویەتی خۆر وا بچوك دەردەکەوێ بە دەیان جار لە زەمین گەورە ترە وەك لە رەدی فەیلەسوفان دەڵێ:(والشمس التي يقال إنها كالأرض مائة

[١]كتاب المقدس، عهد القديم -رۆیایوحنا(١٢-٣)
[٢]رۆ ٦: ١٣ عهدجدید.
[٣] ابى الحسن على الواحدى النيسابورى —اسباب النزول- ص٢٥٠
[٤]ا كتاب المقدس، عهد الجديد(اش ١٣: ١٠)
[٥] دیزاینی متزن ل٢٢١

وسبعين مرة أو ما يقرب منه)[١] یاقوت حەمەویش باس لە دیزاینی گەردوون دەکا ونەخشەیەکی زانستانە تر لەو خرافیاتانە باس دەکا ودەڵێ:(وقال قوم الأرض تهوي إلى ما لا نهاية له والسماء ترتفع إلى ما لا نهاية له. وقال قوم إن الذي يرى من دورانا لكواكب إنما هو دور الأرض لا دور الفلك)[٢] ابن کەسیریش ئەوەی گواستۆتەوەو دەڵێ بەشێك دەڵێن خۆر لەکاتی ئاوابوونی ناچیتە دەریاو سوجدە نابا بۆ خوا بەڵکو لە پیش چاوی ئێمە بزر دەبێ ئەگینا هەر دەڕوا[٣]، لەو بارەیەوە زانیاریەك خراوەتە پاڵ ئیمامی علی لەوەلآمی دوری نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەلآت ووتویەتی: (مسافة بين المشرق والمغرب، فقال: مسيرة يوم للشمس)[٤]، هەرچی خاوەنی ئەو وەلآمە بیت نەیزانیوە زەوی بەدەوری خۆی دەسورێ ڕۆژهەلآت ورۆژئاوا پیك دەهینێ نەك سوڕانی رۆژ وئەو وەلآمە.

لە باسی (مەجەڕە)ی ئاسمان زۆر خراپ تر تێکەوتون وەلآمی پرسیاری هەرقەلی ڕۆم وادراوەتەوەکە(مەجەڕە) بریتیە لە دەرگای ئاسمان لە شوێنێکی تربە:(هی لعاب حية تحت العرش) [٥]

٢- لەبارەی زەمین:

زۆربەی مێژوونوسی (نزيك فقهی) سەربردەی دروست بوونی زەوی وچینەکانیان باس کردوە، وای تێگەیشتون کە زەوی وئاسمان هاوتەریبن وەك لە پێش چاو وادەردەکەوێ، جوگرافی ناسەکانی ئیسلامی (کەنزیك بووینە لە فەلسەفە) ئەو

---

[١] تهافت الفلاسفة-مقدمة الرابعة ص٢٣

[٢] ياقوت حموى –معجم البلدان ج١ ص٢.

[٣] ابن كثير –البداية والنهايةج١ ص٤٥

[٤] على ابن طالب-الف كلمة المختارة-دار الأندلس، ط١٩٨٠ ٢ ص٥٢

[٥] البداية والنهاية ج١ص٥٢

بۆچوونەیان نەبوە، یاقوت حەمەوی ئەو بۆچوونانەی لە بارەی زەوی وژێر زەوی وهەلکشان وداکشانی دەریاو بوومەلەرزە بە گالتەجاڕی باس کردوە، بەو شێوەیە:

(وفي أخبار قصاص المسلمين أشياء عجيبة تضيق بها صدور العقلاء أنا أحكي بعضها غير معتقد لصحتها. رووا أن الله تعالى خلق الأرض تكفأ كما تكفأ السفينة فبعث الله ملكا حتى دخل تحت الأرض فوضع الصخرة على عاتقه ثم أخرج يديه إحداهما بالمشرق والأخرى بالمغرب ثم قبض على الأرضين السبع فضبطها فاستقرت ولم يكن لقدمه قرار فأهبط الله ثورا من الجنة له أربعون ألف قرن وأربعون ألف قائمة فجعل قرار قدمي الملك على سنامه فلم تصل قدماه إليه بعث الله ياقوتة خضراء من الجنة مسيرها كذا ألف عام فوضعها على سنام الثور فاستقرت عليها قدماه وقرون الثور خارجة من أقطار الأرض مشبكة تحت العرش ومنخر الثور في ثقبين من تلك الصخرة تحت البحر فهو يتنفس كل يوم نفسين فإذا تنفس مد البحر وإذا رده جزر ولم يكن لقوائم الثور قرار فخلق الله تعالى كمكما كغلظ سبع سموات وسبع أرضين فاستقرت عليها قوائم الثور ثم لم يكن للكمكم مستقر فخلق الله تعالى حوتا يقال له بلهوت فوضع الكمكم على وبر ذلك الحوت والوبر الجناح الذي يكون في وسط ظهر السمكة وذلك الحوت على ظهر الريح العقيم وهو مزموم بسلسلة كغلظ السموات والأرضين معقودة بالعرش. قالوا: إن إبليس انتهى إلى ذلك الحوت فقال له إن الله لم يخلق خلقا أعظم منك فلم لا تزلزل الدنيا فهم بشيء من ذلك فسلط الله عليه بقة في عينيه فشغلته. وزعم بعضهم أن الله سلط عليه سمكة كالشطبة فهو مشغول بالنظر إليها ويهابها. قالوا وأنبت الله تعالى من تلك الياقوتة التي على سنام الثور جبل قاف فأحاط بالدنيا فهو من ياقوتة خضراء فيقاد والله أعلم أن خضرة السماء منه ويقال إن بينه وبين السماء قامة رجل وله رأس ووجه ولسان وأنبت الله تعالى من قاف الجبال وجعلها أوتادا للأرض كالعروق للشجر فإذا أراد الله عز وجل أن يزلزل بلدا أوحى الله إلى ذلك

الملك أن زلزل ببلد كذا فيحرك عرقا مما تحت ذلك البلد فيتزلـزل وإذا أراد أن يخسف ببلد أوحى الله إليه أن أقلب العرق الذي تحته فيقلبه فيخسف البلد. وزعم وهب بن منبه أن الثور والحوت يبتلعان ما ينصب من مياه الأرض فإذا امتلأت أجوافهما قامت القيامة. وقال آخرون: إن الأرض على الماء والماء على الصخرة والصخرة على سنام الثور والثور على كمكم من الرمل متلبد والكمكم على ظهر الحوت والحوت على الريح العقيم والريح على حجاب من الظلمة والظلمة على الثرى وإلى الثرى ينتهي علم الخلائق ولا يعلم ما وراء ذلك إلا الله قال الله تعالى: (له ما في السموات والأرض وما بينهما وما تحت الثرى طه: ٦.)[١]

ئەوە لەکاتێکا بوە کە یاقوت حەمەوی خۆشی وئەبوریحان ئـەلبیرۆنی وزۆریـەیان زانیویانە زەوی خڕە وەك تێگەیشتنی ئیستا بەڵام بە جۆرێکی تری گوزارشت کردوە ووتویەتی ئەگەر لە ئەندەلوس زەوی کون بکەی لەو سـەری زەوی لـە ولاتـی چـین کون بەدەر دەبێ: (لو حفر في الوهم وجه الأرض لأدى إلى الوجه الآخر ولو ثقب منها بفوشنج لنفذ بأرض الصين)[٢].

لەبارەی وەسفی (لوحة المحفوظ):لـەزۆر شـوین بـاس کـراوە ئـەوەی ابـن کەسیر هەڵدەبژێرین لەبارەی گەورەیی واهاتوە:(طوله مابين السماء والأرض وعرضه مابين المشرق والمغرب)[٣] ئـەوەیان لـە هـەموویان بـە ڕوون تـر دەری دەخـا کـە ئـەو بیرەلـە عەقلیك دەرچوە کەوای زانیوە نێوان ئاسمان وزەوی نزیکە لە دووری نێـوان (مشرق ومغرب)، نێوانی زەوی وئاسمانی یەکەم بە ٥٠٠ سال دووری دەقەبڵێندرا:

کنا جلوسا مع رسول الله صلى الله عليه وسلم بالبطحاء فمرت سحابة فقال

---

[١]یاقوت حموی- معجم البلدان ج١ ص١٠ هتروتها ابن كثير-البداية والنهاية ج١ ص٣٢ باسی ئاوای زەوی بە بڕواوە کردوە لەگەل زۆر سەرچاوەی تر.

[٢]معجم البلدان ج١ ص٣

[٣]ابن كثير –البداية والنهاية ج١ص٢٨

رسول الله صلى الله عليه وسلم (أتدرون ما هذا قال قلنا السحاب قال والمزن قال قلنا والمزن قال والعنان قال فسكتنا فقال هل تدرون كم بين السماء والارض قال قلنا الله ورسوله أعلم. قال بينهما مسيرة خمسمائة سنة ومن كل سماء إلى سماء مسيرة خمسمائة سنة، وكشف كل سماء، مسيرة خمسمائة سنة وفوق السماء السابعة)[1]. ئەوە لە بنەچەدا لە ئینجیلی برنابا هاتوە(الحق أقول لك ان السموات تسع موضوعة بينها السيارات التي تبعد أحداها عن الأخرى مسيرة رجل خمس مئة سنة، وكذلك الأرض علي مسيرة خمس مئة سنة من السماء الأولي)[2]

لەکاتیکا دوری ئاسمان وزەوی نەك بە ڕێڕەوی بەڵکو بە کیلومەتریش ناپیورێ ئەوەندە دوورە، نزیك ترین ئەستیرە لیمان ناوی(ئەلفا کونتوراسە)زیاتر لە ٢سال ڕووناکی لیمان دوورە (٢٥تریلیۆن میل دوورە، بە ١٠٠٠٠٠سالی پیادەی مرۆڤ پێی ناگا)، نزیك ترین مەجەرەش لە ئێمە بریتیە لە (مەجەرەی ئەندرۆمیدیا) زیاترلە ٢ ملیۆن سال ڕووناکی لێمان دوورە، ئەو دووریە لەچاو دووری (مشرق ومغرب) نێوان چین وپورتگال(بەنمونە) هیندە پانیەکەی (لوحة المحفوظ) بچوك دەبێ وەك هێلیکی ڕاستی لیدیت، ئەوەش لەکاتێکا بوە زانایانی جوگرافی ناسی ئیسلامی زانیاری ووردیان لابوە وەك ئەلبیرۆنی ومسعودی وئیدریسی و.. یاقوت حموی دەڵێ: زەوی خڕەو هەر چواردەوری هەوایەو ئاسمان دەوری داوە وەك چۆن زەردینەی هیلکە بە سپیلکە دەورەدراوە، زەویش بەهۆی کیش هەموی ڕاگرتوە[3].

زۆر نمونەی ترئاوا بەهەڵەداچوونی تیدایەو مۆرکی بەشەری پیوە دیارە لە کتاب المقدس باس لەسزای (مار)دەکا لەلایەن خوداو دەڵێ:خواردنت تەنها گڵە کەچی دەبینین خواردنی مار نیچیرە نەك گڵ: (فقال الرب الاله للحيه:لانك فعلت هذا

[1] البداية والنهاية ج١ ص١٠
[2] انجيل برنابا- فصل٧٨-اية٦-٧
[3] معجم البلدان ج١ ص٢.

ملعونه انت من جميع البهائم ومن جميع وحوش البريه على بطنك تسعين وترابا تاكلين كل ايام حياتك)[١].

لەو جۆرە کتێبانە باسی سەرچاوەی ڕووبارەکان واکراوە گوایە لە بەهەشتەوە دێت (وزعم أهل الكتاب أن أربعة أنهار تخرج من الجنة الفرات وسيحان وجيحان ودجلة)[٢]

خواردنی خۆڵ بە دەرمان لەناو مەزهەبەکانی ئیسلامیش هەیە (كُـلُّ طِـينٍ حَـرَامٌ مِثْلُ الْمَيْتَةِ وَالدَّمِ وَلَحْمِ الْخِنْزِيرِ إلا طِينَ قَبْرِ الْحُسَيْنِ فَـإِنَّ فِيـهِ شِـفَاءً مِـنْ كُـلِّ دَاءٍ وَلَكِنْ لا يُكْثَرُ مِنْهُ وَفِيهِ أَمَانٌ مِنْ كُلِّ خَوْفٍ)[٣]. دەڵێن قسە کردن لەکاتی سێکسی دەبێتە هۆی لاڵی منداڵەکە..![٤]

٣- لەبارەی دروست بوونی زەوی وئاسمان:

وایان زانیوە کە یەکەم جار ئاو هەبوە لە هەڵمی ئاو ئاسمان دروست بوە! لە دەریاوە ئاسمان ورۆژو مانگ وئەستێرە دروست بووینە، بابلی ومیسری کۆنیش ووردتر پێیان وابو لەزەویش ئاودروست کەری گەردوونە، لەشەپۆلی ووشکایی ولەهەڵمی ئاوئاسمان دروست بوە، بە پێی باوەڕی کۆنی ژاپۆنی ئەوالەوجیهانە تاریکایی بوو، هیچ نەبوو تەنهاهیلکەیەکی زۆر چڕی سپی بچوك هەبوو، دوای مادە ڕەق وقوڕسەکانی ئەو هیلکە زەوی لێ دروست بوو هەرچی شلەو مادەسوکەکانە بەرزبوونەوەو ئاسمانی لێ دروست بوو، لە یۆنانیش تالیس(سەدەی ٦ی پ ز) پێی وابوو یەکەم جار ئاو ئاسمانی دروست کردوە [٥]، ئەوە لە بنەچەدا

[١] سفر التكوين-اصحاح ٣ اية(١٤-١٥)
[٢] المقدسي –البدء والتاريخ ص٨٨
[٣] اصول كافي ج٣ ص٣٧٨
[٤] اصول كافي ج٥ص٤٩٨
[٥] جفري بارندر- المعتقدات الدينية لدى الشعوب- ترجمة :د .إمام عبدالفتاح إمام ص١٢

(بەپێی کتێبی المعتقدات الدينيه)ڕای سۆمەریەکانەکە دەڵێن رۆژو مانگ وئەستیرە لە هەلی ئاوو دەریادروست بوە[١]، زەوی بە(کی) و ئاسمان بە(ئان) هێما دەکرا.

لەهەمو ئەوانەشەوە ڕەنگی داوەتەوە سەر کتێبەکانی ئینجیل وتەورات وهەندی مەزهەبی ئیسلامیش، لە (البدايه والنهايه) و(تاريخ الطبري)یش وا هاتوە: (قال إن الله عز وجل كان عرشه على الماء ولم يخلق شيئا مما خلق قبل الماء فلما أراد أن يخلق الخلق أخرج من الماء دخانا فارتفع فوق الماء فسما عليه فسماه السماء ثم أيبس الماء فجعلة أرضا)[٢] لە ئینجیل (فی البدء خلق الله السموات والأرض، وكانت الأرض خربة وخالية..)[٣].

لە کتێبی پیرۆزی ئیزیدیەکانیش (إنە قبل كون السماء والأرض كان الله موجودا على البحار وكان قد صنع لە مركبا وكان يسير بە في بينونات الأبحار متنزها في ذاتە.. فيا للعجيب إذا صارت من ضجيجها الجبال ومن عجيجها التلال ومن دخانها السماوات -کوردیەکەی-پیش دروست بوونی زەوی وئاسمان خوا لەسەر زەریاکاندا بە پاپۆریك پیاسەی بەسەر دەکرد،...وای لەو سەیرو سەمەرەیەل، هەراوزەنای(زەریا-نوسەر)چیایەکان و لەتۆزەکەی گردۆلکەکان ولەدووکەلەکەی ئاسمانی لیوە دروست بوو[٤].

بە پێی بڕوای (تایفەی ئیسماعیلیە) ئاسمانەکان ژمارەیان(١٠)یە، هەر ئاسمانەکیش ئیمامیکی لێیە. لە بارەی ڕۆژی دروست بوونیان دیسان هەردوو کتێبی پیرۆزو بەشی هەرە زۆری فقهی ئیسلامی زۆر خراپ لێی بەهەلەداچووینە، ابن مسکویە لێی وەرگرتون بەو شیوەیە: (..ويقال أن الله خلق الشمس يوم الأحد

---

[١] المعتقدات الدينية لدى الشعوب ص١٢
[٢] ابن كثير –البداية والنهاية ج١ص٣٢ هەروەها: تاريخ الطبرى ج١ص٢٠
[٣] الكتاب المقدس-عهدالقديم –سفرالتكوين ئایەتەکانی(١ و٢).
[٤] کرملی- جلیوەو مەسحەفی رەش ل٨٣ ئایەتەکانی(٢٨-٣٠) مەسحەفی رەش.

والقمر يوم الاثنين والمريخ يوم الثلاثاء وعطارد يوم الأربعاء والمشتري يوم الخميس والزهرة يوم الجمعة وزحل يوم السبت)[١] نیسابوریش فەرمودەیەکی هیناوەو دەڵێ:(خلق الله الأرض يوم الأحدوالأثنين، وخلق الجبال يوم الأثنين، وخلق السموات يوم الأربعاء والخميس، وخلق يوم الجمعة النجوم والشمس والقمر)[٢] سادە ترین هەلە ئەوەیە ئەگەر رۆژو مانگ وخودی زەوی دروست نەبووبن یەك شەمە لە کێ هەبوە؟.

زۆر ڕوونە ئیستا ئەو دەقانە بە ئەفسانەش حیساب ناکرین، چۆن لە هەلی دەریا ئاسمانەکان دروست بووینە، ئەو عەقلە زۆر لوکالی بوە، ئاسمان وگەردوون لە کێ گەورەبیەکەی لە کێ وهەلی ئاو لە کێ، زۆربەی کتێبە فقهیەکان پڕیەتی لەو جۆرە زانیاریە سادانە، ئیمامی قورتبی لەو وولاتە بوە کەچی (تفسیرەکەو جامع الاحکام..) پڕیەتی لەو جۆرە زانیاریە سادانە، لەو کاتیش بەو ڕایانە قایل نەبووینە،، شیشرۆن رەدی تالیس دەداتەوە کەووتویەتی ئاو سەرچاوەی هەمو بوونیکە خواش ئەو ئەقلەبێ کە لە ئاو هەمو شتیکی دروست بێ،، هەرچی ئەناکسیمینسە ووتی هەموو شتیك لە هەوا هاتوە، بلۆتارك ووتی روح وهەواش هەر یەك شتن، ئەنیکسیماندریس ووتی ئەسلی مرۆڤیش لە ماسی هاتوە دوای کەوتۆتە ووشکایی[٣].

لە قورئان وفەرمودەی (دروست)، لە کتێبە ئاسمانیە ڕاستەقینەکانی تریش بەو شێوەیە نەهاتوەو سەربردەی دروست بوونی زەوی وئاسمان زۆر جیایەودوای باسی دەکەین کەلەو سەردەمی هیچ زانستێك باسی ئەو نهینیانەیان نەکردبوو، بەلاّم لەکۆتایدا لە نێوجیهانی ئیسلامی زیاتر برەو بەو زانیاریە لەنگانە دراوە کەچی

---

[١] ابن مسكوية – تجارب الأمم ص٩٢

[٢] ابى الحسن الواحدى النيسابورى- اسباب النزول – ص٢٢١

[٣] ديالكتيك الطبيعة ص٢١٢-٢١٣

کتێبەکانی زانیاری بە نرخ سوتینراون، لەکۆتایدا ئەوجۆرە زانیاریانەی ئاین بەوەهم وئەفسانەوهەلخەلەتینەرپۆلین بکری لەلایەن زانستەوە. لەوەوە کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی ئیمام غزالیش(کە کەمێك بەلای فەلسەفە داچوە) هاوار بکاو بڵێ بلاوبوونەوەی بێ بڕوایی نیوەی لە ئەستۆی ئاینپەروەران خۆیانە کەنازانن وەسفی خواو ئاینەکەیان بکەن: (إن انتشار الكفر في العالم يحمل نصف أوزاره متدينون بغضوا الله إلى خلقه بسوء صنيعهم وسوء كلامهم).

ئەوە وەسفی دۆستە وەسفی دژانی ئاین زۆر توند ترە، ئەنجلس بە تەوسەوە دەڵێ: خوا چەندە بە دەست نەزانی لایەنگرانی خۆی ماندووبوە، هەروەها دەڵێت وەك (فریدریك ولیامی سێیەم)ی لیهاتوە چۆن ئەویش بەدەست جەنەراڵ و سەرکردە عسکریەکان قەلا بەقەلا دەیان دۆڕاندو چەکیان دادەنا، لایەنگرانی خواش بەرامبەر زانست ئاوا وا دەدۆڕێنن.[١]

دیفید میلز لە کتێبی (atheise univers) لە بەشی یەکەمی دەڵێ ئەگەر کتێبی پیرۆز زۆر بەووردی وزانستیانە بخوێنیەوە یەکسەر بێ باوەڕ دەبی ، یەکی تر دەڵێ کنیسە ببوە ناوەندی بەرپاکردنی مولحیدی[٢].. ریتچارد فاینمان(فیزیا زانی ئەمریکی) دەڵێت ئێمە ئامرازی وامان دروست کردوە هەمو نهینیەکمان بۆ ئاشکرا دەکا چی تر پێویستمان بەوە نەما بلێین ئەوە خوا دەزانی، جاران نەخۆشیە دەروونیەکانیان دەدرا پاڵ شەیتان و جن یان (غەزەبی خوا) لە نیو مەسیحی وایان دەزانی کە شەیتان سەرچاوەی نەخۆشیە بەتایبەتی دەروونیەکان[٣]، بۆیە کە پزیشکێکی یۆنانی کۆن ووتی ئەو نەخۆشیە پیرۆز نیەو پەیوەندی بەخواو شەیتان

---

[١] دیالکتیك الطبیعة ص٢٣٠

[٢] الفیزیاء والوجودالخالق ص٢٥

[٣] كتاب المقدس-العهد الجدیدط٤ اتحادجمعیات الكتاب المقدس-جدول الشروح ص٧١٩

نیە بوە کێشەیەکی گەورە[١]. تا ئەو دواییەش لەکوردستان شەوانە پاسەوانیان بە دیار مندالی لەدایك بوو دەگرت گوایە (شەوە) دەیبات وچەندین چیرۆك وسەربردە دەگێڕدراوە گوایە بە چاوی خۆیان بینیویانە چەندین پشیلەی بەستەزمان دەکوژرا گوایە شەوە بە شێوازی پشیلە دیتە ژوورەوە، دوای دەرزی گزاز(tetanus) دۆزرایەوە پرسی(شەوە) هەر نەما، هەموو ئەوانەش ئەسلی دەقی نیە، زیادەیە لە ئاین، بەرژەوەندی هەندێ شیخ و نوشتەچی وپیاوی ئاینی چەوسینەرە.

لەوەوە فەلسەفەی ئاینی بەتایبەتی ئیسلامی ناچار پەنای بۆ فەلسەفەی یۆنانی بیا بۆ ئەوەی ئەو نەفامیەی تووشی کۆمەڵگەی ئیسلامی بوە پاکی بکاتەوە، تا ئەو رادەیەدروشمی(ئیخوان ئەلسفا) بوە(متى انتظمت الفلسفة اليونانية والشريعة العربية فقد حصل الكمال)[٢] واتە دەڵێ فقهی ئیسلامی پڕ بوە لە نەفامی بە فەلسەفەی یۆنانی پاك دەکریتەوە، چونکە کار گەیشتە ئەو رادەیەی بەسەر هاتە دنیاییەکان دراونە پاڵ پێغەمبەران و بووینە کێشە لە چوارچێوەی پەیام، لەوانە بەسەرهاتی ئەو کەسەی لە بیستانەکە لە ترسی دوژمنەکەی هەڵاتە ناوبیرەکەو دوژمنیش لەسەرووی وخوارووش چوار مار بۆی دەهات ودەستیشی بە داریك گرتبوو مشك دەیان قرتاند...تاد، ئەوەلە فقهی ئیسلامی دەڵێن (ح.موسایە) کەچی لە (کلیلەو دمنە) وسەرچاوەی تر دەڵێن ئەوەگەورە پزیشکی فارسی ئەوەی بەسەر هاتوە.[٣]

گەلێ جاری تر رێك بە پێچەوانەی ئاینی ئەسل (هەر بەناوی ئاینەوە) کاری خراپ کراوە، ئاین بۆ دژی زوڵم هاتوە کەچی بەکاریان هیناوە بۆ مل کەچی مەزلوم لە قازانجی زاڵم قەشە ئۆگستین دەیوت هەژاروبەندەقەدەری خودایە نابی خۆ رزگار

---

١ المعتقدات الدينية لدى الشعوب ص٥٩.

٢ - موسوعة الأديان في العالم- ج: الفرق الإسلامية.. المصدرالسابق ص٧٨

٣ المثالية والمادية وازمة العصر – عبدالمنعم الحفنى ص٧

بکەن وئەو قەدەرە تیك بدەن، کاتێ زانـاو فەیلەسـوف دژ بـەو هـەنگاوە دەوەسـتان ناووناتۆرەی کافرو مولحیدیان لینراوە، بۆیە دەبێ ئاگـاداربین لـەو توومـەتانـە گـەلێ جار پێچەوانەیە.

لەوەوە ڤۆلتێر شانۆگەریەکی لە پاریس کرد بە ناوی دۆزەخ وبەهەشت لـەکۆتایی شانۆگەریەکە هەرچی قەشەو پاپا وپیاوی ئاینی بـوو خـوا ڕەوانـەی دۆزەخـی کـردن مولحیدەکانیشـی بـردە بەهەشـت، هـەر لەسـەر ئـەو بنچـینەیە (بلـوخ) کـە بـە مولحیدێکی ئاینی ناوزەد کراوە دەڵێ:(مولحید مەسـیحی ڕاسـتەقینەیە، مەسـیحی ڕاستەقینەش مولحیدە)[١]... واتە ئاین نەك بوە چارەسەر بەڵکو بوە بەلایەکی وا کـە خانەنیشینی بکەی قازانج بوەو وەك بەشێك لە لیبـوردە، جـۆن لـۆك کتێبیکـی بـە ناوی(رساله فی التسامح ـA Letter Concerning Toleration) یەکیك لەوانـە بـوو کـەلێبوردەیی بەسـتبۆوە بـە دوور خسـتنەوەی ئـاین لـە ژیانـدا، ولـیم بلاك(1827 - 1757) لە شیعرێکی هاتوە کە ئاین وا دەکا مرۆڤ متمانەی بـە خۆی نەبێ وئامادە بێ بۆ خۆ بەدەستەوە دان وملی چەماندنەوە بۆ زوڵم، دەڵـێ ئـاین لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ناگونجێ ومولحیدی زیاتر گونجاوە، لەو سۆنگە قوولەوە وەسفی زۆر خراپی ئاین کراوە، وا هەندێکی تۆماردەکەین:

- تایلر: ئاین لە گیانە عفریتیەکان هاتووە.
- سپنز: لە چیرۆکی مردووەکان هاتووە.
- کوندریت مولر: لە ترسی کارەساتە سروشتی یەکان هاتووە.
- بزر: لە مەزنی سروشت هاتووە کۆتایش دێت بە کۆنترۆڵ کردنی سروشت.
- فرۆید: لە پشیمان بوونەوەی باپیرە کوژراوەکەیان هاتووە.
- ج سـنتیانا(١٨٦٣-١٩٥٢)ئـاین لـە شـیعرو پەخشـان وئەفسـانە هـاتوە

---

[١] الماركسية والدين ص٧.

بەگەشەی زانستی سروشتی هەمو ئەو ئاینانە لەناو دەچێ.

- جیسف انتورا: الدین هو عکاز لذوي العقول الضعیفة.

بارون دولباخ لەکتێبی(المسیحیه من غیر ستار): ئاین دژ بە سیاسەتی راست ودروست وئاسودەی میلەتانە (ئاین لە دروستکراوی تاغوتەکانە)

غارودی: ئامۆژگاری مسیحی دەکاو دەڵێ ئایینداری کات بە فیڕۆ دانە

-لینین ئاین گولیکی جوانە بەڵام بێ بەرە

لەگەڵ زۆر ڕای تری وا هەر مارکس نەیوتوە (الدین افیون الشعوب)زۆر لەفەیلەسوفانی چاك وخراپ بەهۆی هەڵەیی تیروانینی ئاین پەروەران وایان ووتوە، لەوانە: کانگ وهیردر وفیورباخ وبرونو باور وهاینریش..هەمان گەوهەریان دووبارە کردۆتەوە، زۆربەشیان کاردانەوەی بە هەڵە وەسفی ئاین وبەکارهینانی ئەو هەڵوێستانەی بۆ دروست کردوونە.

هۆی تایبەتی فەلسەفەی ئیلحادی لە کوردستان

ئەو هۆکارانەی لەپێشوو باسمان کرد گشتی بوو، بۆ هەر میللەتێکیش هەندێ هۆی تایبەتی هەیە، لەنێو تورك لەلایەن ئیتیحاد تەرەقی و کەمالی وتۆرانیەکان دەگۆترا سیستەمی ئیسلامی و عوسمانی زیانی بەیەکرێزی جیهانی تورك هێنا و شکستیشی لەجەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) زیاتر توندی کردوون، بەتایبەتی دوای سەردانەکەی شای ئەڵمانیا (ڤلهالم دوەم) لە پیش جەنگ کە ئامۆژگاری کردبوون تورك گرنگی بە ئاسیای ناوەڕاست بدا کە هەمووی تورکن باشترە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست.

لە نێوعەرەبیش دەڵێن عەرەب بوە قوربانی ئیسلام، ساتیع حصری دەڵێ عەرەبایەتی ڕەسەن ترە لە ئاین، لەکاتێکدا سێ ئاین گۆڕا بەڵام عەرەب هەر عەرەبە، مەلیك فەیسەڵیش لە وتارێکی وتبووی (ئێمە عەرەبین پێش محمد و عیسا

و موسا)[١]، (ئیبراهیم احمد)ی شاعیر و بیریاری کوردیش بەهۆنراوە دەڵێ: ئێمە کوردین و هەرکورد دەبین،..پیشی ئەدیان هەر کورد بووینە...

هەردوو لای مولحیدانی تورك و عەرەب پێیان وایە ئیسلام هۆکاری دواکەوتن و پارچەپارپەبونیانە [٢]، هەرچی ئیلحادە لە کوردستان لەمێژوودا لە دوای ئیسلام سەریهەڵنەداوە، ئەو تومەتەی ئیلحاد کەدراوەتە هەندێ زانای گەورەی کوردی وەك سیف الدین ئامدی ئەوا لەچوارچێوەی ململانێی نێوان فقهو فلسەفە بوە، شۆڕش و شەڕ لەگەڵ سوڵتانی ئایینی کراوە، بەڵام ئیلحادی لێ دروست نەبووە، دیاردەیەکی تازەیە لەقۆناغی نوێ ی شۆڕشی کورد لەدوای ١٩٧٥ سەری هەڵدا، پێشووتر تاك و تەرا هەبووە.

ڕەنگە یەکەم نەوەی ئیلحاد لەگەڵ یەکەم نەوەی عەلمانیەتی کوردسەریان هەڵدابێ کە بریتین لە: د.عەبدوللا جەودەت، ئیسحاق سکوتلی، فکری لوتفی، زیاکۆك ئەلب.... [٣]، بەڵام بەردەوامی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی لەژێر سایەی زانا و مەلا و شێخە ئایینیەکان وای کرد مولحیدی نەبێتە دیاردە و زیاتر قەتیس بمێنێت لەنێو شیوعیەکان و هەندێ ئینتیمای تری وجودی و دەهری کە زۆر کەم بوون.

لەدوای ١٩٧٥ تارادەیەك فەلسەفەی ئیلحادی زیادی کرد و مارکسیەت بوە چرای پێشەنگی کوردایەتی[٤]، بەکورتی هۆکارەکانی ئیلحاد لە کوردستان(سەرەڕای

---

[١] العلمانیە والدولە الدینیە ص٣٩.

[٢] شبلی شمیل لە کتیبی(فلسفة النشوء والإرتقاء) باس لەوە دەکا کە ئاین فاکتەری هەرە چالاکی پەرتەوازەی میلەتانە بەتایبەتی میلەتی عرب.

[٣] مولحید و عەلمانی لێك جیان، مەرج نیە عەلمانی مولحید بێ، عەلمانیەت باوەڕی بەشەریعەت نیە مەرج نیە باوەڕی بە خوا نەبێت.

[٤] تەنانەت پ.د.ك لەسەر ڕێبازی بارزانی - ئایینی بووە، کەچی لە کۆنگرەی - ٩- المنهاج والنظام الداخلی للحزب الدیمقراطی الکردستانی (منهاج)وایان تۆمارکرد :

ئەوانەی سەروو) ئەمانەی خوارەوەیە:

١-بەشێکی کاریگەرن بەو خاڵانەی ئیلحادی گشتی (لەپێشوو باسمان کرد).

٢-بەشێکی زۆر کاردانەوەی چەوسانەوەی نەتەوەیی بووە، بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرەی دەکرێ، دەبینین داگیرکەران بەڕووکەش موسڵمانن، واهەست دەکەن هەر دەوڵەتەکان داگیرکەر و زۆردار نین بەڵکو میللەتی مسوڵمانی دەوڵەتەکەش یارمەتی دەرن، کەمتر بینیویانە زانایانی ئایینی لە وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیاوسوریا سۆزی ئایینی بیگرێ لەسەر کورد فەتوایەکی ئیجابی بدا، (جگە لەهەندێ زانای شیعە) نەبێ بەدەگمەن نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێك لەزانا و موفتی و بزوتنەوە ئیسلامیەکانیش ناوی کورد بە پیلانگێر و سەر بە ئیمپریالیزم و ئیسرائیل وەسف دەکەن.

لەلایەکی تر دەبینین لەکاتی مەینەتی و لێقەومانی کورد کەمتر وڵاتانی جیهانی ئیسلامی لەسەر کورد بەوەڵام دێن، زیاتر وڵاتانی ڕۆژئاوا و غەیرە ئیسلامیە، ئەوە کاریگەریەکی قوڵ لەسەر ناخ و سایکۆلۆژیەتی تاکی کوردکردووە، باوەڕی بە مسوڵمانان ئیسلامیش لەق بێت.

٣-بەشێکی تری شارەزای مێژووی کورد هۆکارێکی سەرباری تری خاڵی (٢)یان بۆ دروست دەبێت، کاتێ دەبینین هەندێ مەزهەبی فیقهی ئیسلامی و زانای موعتەبەر بەچاوی (مەوالی) و (علوج) و (ڕەچەڵەك سوك) بەلای مێژووی کورد داچووە، لەوانە مەزهەبی ئیمامی شافیعی ئیمام سەعالیی و شێخ

المادة الخامسة\ يسير الحزب فى نضاله السياسى والاجتماعى والاقتصادى على ضوء النظرية الماركسية اللينينية ويقوم بتثقيف النظرية الماركسية وتسليح كوادره ومنتسبيه مركزيابها، كما ويستفيد من التجارب الشعب الكردى وتراث البارزانى الفكرى، ومن التجارب حركات التحرر الوطنى فى العالم.

ئیسلام ئیبین تەیمیە و زۆری تر پێیان وابووە عەرەب پلە یەکەو کورد پلە دووە[1].

بەشێك ڕەچەڵەکی کوردیان کردۆتە عەرەب یان جن یان (ئەعرابی فارس)...، بۆچوونی ئەو زانایانە لەگەڵ تەیاری عروبی ئێستا و بۆچوونیان لەبارەی کورد دیمەنێکی زۆر ناشرینی ئاین دێنێتە پێش چاو، ئەگەر زۆر بەوردی ئەو زانیاریانە لێك نەکەیتەوە و ڕەفتاری مسوڵمان و ئەسلی ئاین لێك جیانەکەیتەوە(کە ئەو تەقەلایەش زۆر کەمە) ئەوا ئەو ڕەوشە دەبێتە زەمینەیەکی زۆر چالاکی ئیلحادی لە کوردستان.

ئەوەی زیاتر ئەو قەیرانە قوول تر دەکاتەوە تا ئەو ساتە لایەنە ئیسلامیەکانیش نەهاتوون لەگەڵ ڕابوونی خۆیان پیشەنگ بن بۆ چاکردنەوەی ئەو دەردە مەزهەبیانە، بەڵکو زیاتر کەوتونە ژێر کاریگەری تەیاری عروبی کەبەسەر زۆربەی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی عەرەب زالە، ئیسلامی کوردستانیش بە توندو نەرمیەوە لەژێرکاریگەریەکی سەختی ئیسلامی عەرەبە بەچەوت وڕاستیەوە، لەوەدەمە سەرەتای تەقەلایەك بەدی دەکرێ بۆ ڕزگاربوون لە ژێر ئەو بارە قورسە.

٤-میلەتی کورد زۆر پێویستی بە یەکریزی هەیە، کەچی دەبینن ئەو هەمو کێشەیەی مەزهەبی وفقهی وسیاسی لە نیو موسوڵمانی کورد هەبێ، وادەردەکەوێ ئاین مایەی یەکڕیزی نیە.

٥-ئەوەی ئێستا لەبەشێکی فراوانی عەلمانی کورد و باڵی ئیلحادی دەبینرێ هێشتا زانیاریە فەلسەفی و زانستی و گەردونیەکانیان زۆر کلاسیکیە، کتێبەکانی (هۆبز) و (نیچە) و (ڕۆسۆ) و (مۆنتسیکۆ) تۆخمەکانی فیکری

---

[1] ڕۆلی عەلمانی لەدروست بوونی مەینەتی کورد ل ٣٠٨-

ڕۆشنبیری کورد پێکدەهێنێ.پیشتریش کتێبەکانی مارکس وئەنجلس ولینین و ترۆتسکی وماوتسی تۆنگ وکیم ئیل سۆنگ و ج پۆلیتزرو...کاریگەر بوون.

٦- بەشێکی تری هۆکاری تایبەتی ئەوەیە زۆربەی ڕۆشنبیرانی عەلمانی کورد دەردی لاسایی و (تقزم الثقافي) و دوور و قوڵیان هەیە، لەکاتێکدا لە کوردستان مارکسی گەرم بوو لە ١٩٧٩ بەدواوە ڕاپەڕینێکی کرێکاری لەسەرانسەری ئەوروپایی ڕۆژهەلات لەدژی مارکسی دەکرا بەتایبەتی لە پۆڵەندا بە سەرۆکایەتی (لیخ فاونسا)، ئینجا لەهەمان سال ئێران گەورەترین شۆڕشی جەماوەری جیهانی بە هۆی ئاینی کرد، لەڕووی زانستی و ئابوری و فەلسەفی و... مارکسیەت دووچاری قەیرانی گەورەبوو.

ئەوانە هەموو وای کردوە ئیلحاد لە کوردستان لەنامۆی دەرچێت و گەلالەکانی خۆی ڕاستەوخۆ لە پرسیارە فەلسەفیەکانی (بوون و نەبوون) (مادە و ڕۆح)، (دروستکراو دروستکەر)... گوزارش نەکا، بەڵکو زیاتر لە ڕێ ی پرسی مەینەتی کورد و کێشەی مەزهەبی و کێشەی ئافرەت و مافی مرۆڤ و هەندێ کەلێنی زانستی تر بەکاردەهێنێ، ڕەواجیکی زۆری سیاسی وتەعلیمی پێ بدرێ.

ئەوانەش بەدەوری خۆی زەمینەیەکی لەبار بۆ جێبوونەوەی فەلسەفەی بەدەر لە ئاین دەکاتەوە.وەك دەبینین هەندێ پاساویان بەدەستە بەلام خودی ڕەوشەنبیری کورد بە جیایی چین وتوێژەکان قەیرانی عەقلی هەیە، بۆیە ناتوانێ گرفتە بنچینەییەکانی بدۆزیتەوە، ئەو ڕەوشە بوویتە هۆی دابەشیەکی تری سەربارلە نێو ڕەوشەنبیری کورد، نە ئاینیەکان هەلدەستن بە لیك جیاکردنەوەی ئەسلی ئاین کەزۆر دوورە لەو ڕەگەزپەرستیەی لەلایەن هەندێ مەزهەب وخەلیفە پەیڕەو کراوە، نە ڕەوشەنبیرانی عەلمانیش ئامادەن بەدوای توێژینەوەیەکی ڕاستەقینە بگەڕێن ولە جیاتی حوکم لە تاریکی (دژایەتی ئاین) مۆمیك پێ بکەن.

بەو شێوەیە وا هەست دەکرێ لەهەردوولا(ئاینی وعەلمانی) داهێنانی فکری

خۆی نەبێ، زیاتر پەیڕەوی داهێنانی فکری خەڵکی تر دەکەن، هەر بەنمونە: ڕای دوو موفەکیری گەورەی کورد لەو بارەیەوە ببینە: مام جلال لە بەراوردی نێوان ئیسلام وسۆشیالیستی ڕای وایە کە سۆشیالیست دەڵێ بەهەشت بۆ ئەو دنیایە دەهینم هەرچی ئیسلامە دەڵێ خۆ ڕاگرن بەهەشتان لە دوارۆژ پێ دەدەم [١].

ئەوە دەقی ڕای ئەنجلسە لەبارەی مسیحی دەڵێ : (أن الفارق بين الحركتين يتمثل في أن المسيحيين الأوائل قد نقلوا الخلاص إلي الآخرة بينما تتصوره الاشتراكية في هذا العالم الدنيوي)[٢] ئەوەش لە بنەچەدا لە پێچەوانەی دروشمی شۆڕشی ئاینی تۆماس مونزیر بۆ رزکاری جوتیارانی١٥١٣ هاتوە، کەبریتی بوولە: وامەزانن تەنها ئاسودەیی بۆ رۆژی دواییە بەڵکو ئاینەکەمان ئەو بەهەشتە بۆ دنیا دەهێنێ،[٣] هەمان بەراورد موفەکیری گەورەی کورد عبدالله ئۆجەلان دەیکا دەڵێ: پێغەمبەرو ئیمام علی لە ئێمە سۆشیالیزم تر بووینە ئەوە دەقی وەسفی مارکس وئەنجلس لە مانیفیستی شیوعی دەڵێن سەرکەوتنی ئاینی مەسیحی لەکاتی خۆی سەرکەوتن بوو بۆ مێژووش[٤]، د جورج حناش کەدەڵێ پێغەمبەرەکان سۆشیالیستی بووینە پیش ئەوەی سۆشیالیستی بیتە کایەوە[٥].

بەو پێیە بەرەی رەوشەنبیری عەلمانی(لەو دەمە) زیاتر بەلای رۆژئاوایی و رەوشەنبیرانی ئاینیش زیاتر بەلای عەرەب، بە تێکڕاییش قەیرانی عەقلیەتی کورد دروست بوە، هۆکارێکی زۆر تایبەتە بۆ بەردەوامی مولحیدی لەکوردستان دەسازێنێ.

---

[١] بروانە :دەقی ووتارەکەی مام جلال بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ئالای شۆرش و(ی ن ك).
[٢] مایكل لوفي - الماركسية والدين ترجمة : بشير السباعي ص٣
[٣] ماركسية قرن عشرين ص١٥٠
٤ ماركس– انجلس ، بيان الشيوعى ص٦٤
[٥] قصة الإنسان ص٦٥

بەشی سێیەم

زانست و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی بەشەری

مەنهەج لە پرسیارە نەمرەکانی فەلسەفە:

لەکۆنەوە کۆمەڵێك پرسیاری فەلسەفی گەڵاڵە کراوە، گوایە ئەوە پرسیارە بێ وەڵامەکانی فەلسەفەن، لەسەردەمی مەدرەسەی یۆنانی ئەو پرسیارانە شێوەی (کێ؟ چۆن؟ کەی؟ بۆ؟ جیهان دروست بووە؟) فەیلەسوفە مولحیدەکان پشتیان بە زانیاری گەردوونی ئەو سەردەم دەبەست کە دەگەڕێتەوە بۆ پیش بەتلیمۆس (٩٠-١٦٨ز)، زیاتر بۆ سەردەمی (ئەنکسیمۆندری ٦٥٠ پ.ز) و (رسالە السموات- ئەرستۆ) دەبەست، کە ئێستا هەڵە دەرچوون.

هەرسێ پرسیاریان بە ئاسانی وەڵام دەدایەوە بەوەی کە ئەو جیهانە کەس دروستی نەکردووە و هەر هەبوە و هەرواش دەمێنێ و ئامانجیشی تێدانەبووە، بەو شێوەیە پرسیاری (بۆ)ی ناوێ و وەڵامی نیە.

لەوەوە بیرۆکەی (کون الساکن-قدم العالم)هاتە کایەوە، فەیلەسوفە باوەڕدارەکان لەژێر سایەی زانستی و ئاستی عەقلی ئەو سەردەم وەڵامەکانیان یەکلاکەرەوە نەبووە.

دوای ئەو پرسیارانە لەسەردەمی نوێدا گۆڕا بۆ: ئاخۆ مادە لەپێش رۆحە یان بەپێچەوانە؟ ئەورێك وپیکەی سروشت خوا بە (ترتیب)ی داناوە یان پرۆسەی گەشەسەندن رێکی خستوە؟ دوویارە ناسکی و تەمەن کورتی روح و لەبەرامبەر

پۆلاینی و تەمەن درێژی مادە چی دەگەیەنێ.

وەڵامی ئەو پرسیارە لە قازانجی فەلسەفەی (مادی) مولحید بوە، هەریەکە لە (یاسای پاراستنی مادە)ی کیمیا (واتە مادە لەناو ناچێ و نەمرە)، دژ بەو ئایەتەی (کل شیئ هالك...) قورئانی بوو کە دەڵێ هەمو شتێك لە ناودەچێ، ئەوەتە مادە لەناوناچێ، تێروانینی گەردونی (الكون الساكن) (الكون اللانهائی) یارمەتیدەری هەرە گەورەی فەلسەفی مادی بوە، فەلسەفە مادیەکان بەتایبەتی فەلسەفەی مارکسی لەبەشی (المادیە الدیالیکتیە) زۆر بەسانایی دەیسەلماند کە مادە پێش رووحە، بەوەی گەردوون و وزەوی بەسەدان ملیۆن ساڵ پێش سەرهەڵدانی ژیان (و رۆح) هەبووینە، ئاسان تر ئەوەبوو کە هەر کارەساتەکی مادی بەسەر جەستەی هەر گیاندار و (ڕوح لەبەرێك) یەکسەر دەبوە نەمانی رۆح، کەواتە مادە لەپێش رۆحەو رەسەن تریشە[1]، بەپێ ی ئەو مەیدانە فەلسەفیەی بۆ فەیلەسوفە باوەڕدارەکان دروست کرابوو بە سانایی لێ ی دەرنەدەچوون.

ڕاستیەکەی بەو شێوە نیە، نە (کێ؟ چۆن؟ کەی؟ بۆ؟) پرسیاری نەمرن، نەپرسیاری فەلسەفی بنەڕەتیش بریتیە لە ئاخۆ مادە لەپێش رۆحە یان بە پێچەوانە؟ نابوایە فەیلەسوفانی باوەڕدار بە مەنهەجی فەلسەفی ئەو پرسیارانە وەك پرسیاری یەکلاکەرەوە ڕازی بن، چونکە پرسیاری بنچینەیی لە فەلسەفە ئەوانەیە: ئەو جیهانە لەچیەوە پەیدابووە؟ کێ دروستی کردووە؟

ئینجا سەر دەفتەری پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو هەماهەنگی و ئامانجداریەی بونەوەر لەخۆوە عەبەسیانە پەیدابووە(یان وەك ستیڤن و بەشێك لە فیزیاویانی کوانتەم دەڵێن خوا یاری بە زار کردوە)[2] یان بەبەرنامە و زانینەوەیە؟ ئایا بۆ هەر

---

[1] بۆ زیاتر لەو مەیدانە بروانە: جورج بولیتزر-اصول فلسفه المارکسیه — درس العاشر- ج١ص١٦٨.

[2] دیزاینی مەزن ل٢١٠ زۆربەی فیزیای کوانتەمیەکان ئەو ڕایەیان هەبوو ئاینشتاین دەیوت خوا یاری بە زار ناکا.

پرۆسەیەك کامیان گرنگ ترە:هۆکاری دەرەکی یان ناوەکی یان هەردووکیان؟..
بەهۆی ئەوانەش چۆن مرۆڤی ستاندەر دروست بکەین؟

مەنهەجی وەڵامی ئەو پرسیارانەی پیشوو تر وای کرد زانست و عەقڵ لە قازانجی فەلسەفی مادیدا بێت، ئەو کاتە ڕایەکانی (ئەرنست همنگوای) وئەبوعلای معەری وهوایتهید دێتەدی کەدەڵێن هەمو بڕیارێك بەسروشتی خۆی بیّ باوەڕ دەبیّ، هەرچی مەنهەجی ئەو پرسیارانەی بەشی دوەمە ئەوا هەر دۆزینەوەیەك لەیاساکانی سروشت دەبێتە پاڵپشت بۆ فەلسەفەی باوەڕی ومرۆڤایەتی، هەروەك زانای ئەمریکی(ماریا میتچال) وتەنی"هەر یاسایەکی سروشتی دەدۆزرێتەوە ئەوا پەخشانێکە بەسەر خودا"، ئەوکات (وەك ئەفلاتون ئاسا)نۆرەی (پیادەکردن) دێت چۆن بەهۆیەوە (دادگەری) پەیڕەو بکەین، دیکارتیش وتی ئەو جیهانە مەکتەبەیە هەر شتێك بدۆزیەوە ئەوا کتێبێکی ئایینیت خوێندەوە، ئیستا تا ڕادەیەك کۆتایی بە فەلسەفەی مادی (مولحیدی) هاتووە، چونکە زانست و عەقلی سەردەم ناتوانن جیّ ی نەبوونی خودا و دروستکەر لە زانستەکانی گەردوون و کیمیا و وبایلۆژیا و بەشی هەرە گرنگی فیزیا بدۆزنەوە، مادام گەردوون تەمەنی هەبێت و دروستکراو بێت، مادام لە کیمیا مادە بە (نەمر)ی نەماوە، (کل شیئ هالك) ی قورئان هاتەدی، (نەی وتوە کل شیئ یموت، وتویەتی هالك) گرفتی هەرە گەورە ئەوەیە سیستەمی (زانست) سیستەمێکی عەلمانیە، بۆیە سنوری خۆی وا دیاریکردووە گوایە ئەوەی بکەوێتە ژێر ئەزمون و تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆ زانستە، بەوشێوەیە خۆی لە پرسی دروستکراو دەدزێتەوە و دەڵیّ ئەوە ئەرکی فەلسەفەیە یان ئایین، بۆیە لەکاتە پێویستەکان زانست بڕیاری خۆی نیە، ئەگینا ئەو مشت و مڕە لەسەدەی (٢١) یەکلابوویتەوە، چونکە زانست زۆر لای گرنگی لەو پرسیارە ڕۆنکردۆتەوە (بیّ ویستی خۆی)، زانستی ئێستا لەگەڵ زانستی کۆن زۆر جیاوازن،

بەو شێوەیە دەچینە نێو بڕگەیەکی گرنگ و گۆڕانی تێڕوانین وئایدیۆلۆژیای بەشەری ئەو سەردەمە.

زانست و فەلسەفەو گۆڕانکاری لە عەقلی بەشەری

ئەگەر بە دروستی عەقڵ کاربکات، ئەگەر بە ساغی لە یاساکانی سروشت بگەین، ئەگەر پەیامی پێغەمبەرەکان وەك خۆی مابێتەوە ئەوا عەقلی مرۆڤ و یاساکانی سروشت و پەیامی پێغەمبەران یەك سەرچاوەن، هەر سێکیان هەماهەنگن و یەك پەیامیان پێ یە، یەکەمیان (مثاق الفطرة- قورئاني باتنية)[1]، دووەمیان قورئانی بینراوەیە، سێ یەمیان قورئانی خوێنراوەیە (وەك شێخ سەعید نەورەسی لە-رسائل النور- سید قوتب لە -فی الضلال-باسی کردوە)، ئەگەر ئەو هەماهەنگیە نەبووئەوا کێشەکە لە بنچینەدا لەعەقلی بەشەری سەرهەڵدەدا کە بە دروستی بەکارنەهێنرێت یان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی یان لەبەر نزمی ئاستی، بەوشێوەیە عەقڵ لەگەڵ پەیام لێك دەترازێ (بڕوانە:عەقڵ وپەیام- لەبڕگەکانی داهاتوماندا)، کاریگەریەکانی دەوروبەر و خۆویستی و خۆدەرخستن و.. باقی فاکتەرەکانی ئابوری و جنسی وکۆمەلایەتی.. والە عەقڵ دەکەن سیستەمێکی بیرکردنەوە و تێڕوانینی سەربەخۆ و جیای هەبێ لەگەڵ پەیام، بەتایبەتی عەقلی کۆن، کە ئاستی عەقلی ئەو سەردەمی زۆر کاریگەر بوە بە سروشت وژینگەی نزیك، کەزیاتر وەك(جیمس پروپر) لە کتێبەکەی (الإلحاد الغربي **Western Atheism**) بە**Naturalism** ودەهری بەستەوە کەلەپێش سوکرات دەست پێ دەکاو هەریەکە لە(هرکلیت و ئەناکسیمینس و ئەبیکۆر و ئەناکسیماندر..)

---

[1] (فبعث الله الأنبياءليستأدوهم ميثاق الفطرته ويذكروهم منسى نعمته ويثيروا لهم دفائن العقول). ئەوە لە دفتر تیبینیەکانم بە فەرموده تۆمارکراوە لەسالی ١٩٨٧، کە گەڕام بۆ (مسند)نەم دۆزیەوە.

دەهريان پێ وتراوە [1]، لەبەر ئەوەی پانتاییەكی زۆری عەلمانیەتیش دەچێتەوە سەر دەهری، لەوەوە هەندێك ماف بە خۆ دەدەن عەلمانی ودەهری پێكەوە لە پۆلی (مولحیدی) ڕیز بكەن، لەو بارەیەوە (شبلی عیسمی) دان بەوە دەنێ ودەڵێ: (...أن حركة الزندقة والدهرية تلتقي في هذه النقطة مع أصحاب العلمانية المتطرفة وجميعهم فى المادية الإلحادية)[2] ، هەر لەسەر ئەو بنچینەیە(جمال الدين افغانى) لەكتێبێكی بەناوی (رد على الدهريين) وەڵامی فۆلتێر وروسو بنەماكانی شۆڕشی فرنسی داوەتەوە[3].

زۆربەی جاریش ئەو واقیعەی لە سروشت دەبینرێ مەرج نیە ئەوە ڕاستەقینەی سروشت بێت، هەڵخەڵەتێنەرە، ئەوە لەلایەك لەلایەكی ترەوە زۆربەی هەڵگران و میراتگرانی پێغەمبەرانی كۆن لە ئاستی بەرزی ئەو پەیامە نەبووینە، بەخێرایی توشی لادان و خورافیاتی نەریت و ئارەزوی دەسەڵاتداران بووینە.

ئەو دوو هۆیە وای دەكرد ڕووناكبیرانی ئەو سەردەم لەگەڵ خەتی ئایینی لێك جیابنەوە، لەسەر ئەو بنچێنەیە مەدرەسەكانی كۆنی زانیاری و فەلسەفەی تێروانینی گەردوونی و سروشتی (فیزیایی و كیمیایی و بایلۆژی)یان جیابێت، لەهەمووی گرنگ تر فەلەكناسی بوو، بەپێ ی هەندێ زانیاری بەرچاو وهەندێكیش ئایینی (دەستكاریكراو).. تا سەردەمی مەدرەسەی یۆنانی لە (ئەنسكامندر و فیساگۆرس و...) و ئەرستۆ لەكتێبی (رساله السماوات) بۆچوونی هەموو ئەوانە

---

[1] ماناى دەهرى لە سەرچاوە جیاجیاكان بەو شێوەیە هاتوە:أ-لسان العرب (ابن منظور مادة: دهر): الدهر اسم المدة العام(عمر الدنيا)، رجل الدهري أي الذي لا يؤمن بالآخرة./ ب- راغب الأصفهاني في (مفردات الفاظ القرآن- مادة: دهر) رجل الدهري أي الذي لا يؤمن بالآخرة./ ج- منجد ص٢٢٧، الدهري هو الملحد.

[2] العلمانية والدولة الدينية.. ص ٣٦

[3] د.محمد عمارة - أعمال الكاملة.لجمال الدين الأفغاني، ط ١ ١٩٧٩م ٣المؤسسة العربية للدراسات والنشر -بيروت ج١ ص١٠٨

لەکتێبی (مەجەستی) لەلایەن (پەتلیمۆس) دارژرا، کەتیایدا باس لەوە کرا ئەو گەردوونە نە سەرەتا و تەمەنی هەیە و نە سنوری هەیە، ئەو بۆچوونە بوە ڕای گشتی لەنێو عاقڵمەند و فەیلەسوف و ئەکادیمیا، ناوینرا (قدم العالم) یان(کون الساکن). بەشێکی زۆری مێژووی زانست و فەلسەفە بریتیە لە: بوونەوەر هەر وا هاتووە و واش دەڕوا بێ کۆتایی نەسەرەتا.

لەو بارەیەوە (نیتچە) لەکتێبی (هکذا تکلم زرادشت) دەڵێ: ((ئەو جیهانە کارلێك دەکاو دەگۆڕێ، یەك دەگرێ و لێك جیادەبێتەوە، دەمرێ و دەژی.. بەڵام کاروانی (بوون) دەڕوا بێ کۆتایی)) هەمان بیرۆکە بەشیوەی تر ئەنجلس وزۆربەی مادیەکانی شارەزا لە کیمیاو فیزیا دەیلێنەوە[1].

تەنانەت فەیلەسوفە ئاینیەکانی وەك فیساگۆرسیش ئەو ڕایەیان هەبوو لەوەوە هانی فەیلەسوفەکانی ئیسلامیش درا بێنە سەر ئەو ڕایە، واتە هەر بەتلیمۆس (مەجەستی) خاوەنی ئەو بۆچوونە نەبووە، بەڵکو ئەرستۆ دەڵێ لەو بارەیەوە یەك ڕەئی بووین تەنها لە نیوماندا ئەفلاتون رای وابوو گەردون تەمەنی هەیەو دروست کراوەو دروست کەری هەیە [2]، ئەو ڕایانە دوو پاساوو ئەستونگەی گەورەی هەبوو یەکەمیان نا ئاینیەکانیش دەیان ووت ئەگەر (شت) هەبوە ئەگەر نەبووبێ بۆ بە درەنگەوە خوا شتی دروست کرد لە نەبوونەوە ئەدی چەند لە مێژە چی دەکرد، دوەم ئاینیەکانی یۆنانی باوەڕیان بەوە نەبوو (شت) لە (ناشت) دروست ببێت، بۆیە هەردوولا (قدم العالم) یان بڕیاڕدا.

ئەو بۆچوونە زەمینەی پەیامی ئاسمانیشی هەبوو لەتەورات هاتوە:(3 والفاهمون یضیئون کضیاء الجلد والذین ردوا کثیرین الی البر کالکواکب الی ابد الدهور)[3]

---

[1] ف انجلز- دیالکتیك الطبیعة ص٢١٢

[2] لە تهافت الفلاسفه ص١٥ دەلێ ئەرستۆ لە کتیبی (الطبیعة) ئەو باسەی کردوە.

[3] عهد القدیم -سفر دانیال اصحاح ١٢

لەمەزموری ژ:٧٨ کە دەڵێ: (کالأرض اسسها الى الأبد) ئـەوەش ڕەگـی تیـۆری (گەردوونی ساکن) وئەبەدیە.

ئەو بۆچوونە هەروەها هەندێ خورافیەت و پرسی ناوەندیەتی زەوی و سوڕانەوەی ئاسمـان بـەدەوری زەوی وایکـرد بەسـانایی لەسـەدەی(١٣) لەسـەر دەسـتی تۆمـا ئـەکوینی(١٢٢٥-١٢٧٤) بـووە بەشـێك لـەبیروباوەڕی مەسـیحیەتیش، وەك بـیر هینانـەوەش لەسـەردەمی (قوسـتەنتینی یەکـەمی پاشـای ڕۆم) بـو یەکـەم جـار مەسیحیان وەرگرت[1]. لەڕێ ی (ئیبن رشد و ئیبن سینا وئەلبیرۆنی..) ئەو تێروانینـە گەردونیە بە جـۆرێکی تـرو هەولـدرا بـێ ڕووبـە ڕووبوونـەوە بهێنرێتـە نـاو فیکـری ئیسلامیش، یونانیەکانیش و ابن رشد وفەیلەسوفانی تری ئیسـلام کـە دەیـان ووت قدم العالم هەتاهەتایی دنیا ئەوا پشتیان بە فەلسەفەو ئاین پێکەوە بەستبوو:

١- فەلسەفە، لە تیۆری دیوکریتس و(ئەتوم) وای بۆچوو کە (خلق) مانـای دەرهینانو ریکخستن لەو ئەتومە (کە بـە یەکـەی هـەرە کۆتایی)هـەژمار دەکرا، وای بۆچوە (لەناوچوونی رەها)نیە[2] .

٢- ئاین، هەندی ئایەت کەدەلی (واستوى الى السماء وهـى دخـان)، (وهـو الذى خلق السـموات والأرض فـى سـتة ايـام وكـان عرشـه علـى المـاء — الهود٧) (ام خلقوامن غير شيءام هم خالقون الطـور ٣٥) (وقـد خلقتـك من قبل لولم تك شيئا -مريم٩)...واتە بوون هەبوە ئینجا خـوا جیهـانی لەوانە دروست کردوە، لەو پرسیارە ترسناکەش رزگار دەبوون کاتێ دەیان ووت خوا بوونەوەری دروست کردوە ئەوا لێیان دەپرسین ئەدی کـێ خـوای دروست کردوە.

بەو شێوەیە تەوژمی بۆچونی(قدم العالم —کون السـاکن) زۆر بـەهێز بـوو، تـەواو

---

[1] ابن حزم - الفصل في الملل والأهواء والنحل ج١ص٢٤

[2] بروانە: ابن رشد-فصل المقال و...ص٤٢-

بـوه بەشـێك لـه عەقیـدەی مسـیحی بـەڵام بەتـەواوی نەبوەبەشـێك لـه عەقیـدەی ئیسلامی بەهۆی قایـل نـەبوونی بەشـیك لـه فەیلـه سـوفان لەوانـه کنـدی وغـزالی وابوعلای معری اخوان الصفاو[1] باڵی فیقهیش بەتەواوی، ئەوەی کرا تەنها هـەردوو لای مەسیحی و ئیسلامی پارێزگاریان لەبیرۆکەی (زەوی ناوەنـدی گەردوونـه) کـرد تا بیسەلمێنن زەوی ناوەنـدیکی میتـافیزیکی بونەوەریشـه، لەهـەموو کتێبـەکانیان وایان دەرخست کە ئاسمان بەدەوری زەوی دەسوڕێتەوە.

هەرچەندە ئەو ئایەتەی قورئان کە دەڵێ: یدبر الأمر من السماء الی الأرض..بە ڕوونی بیرۆکەی ناوەندیەتی زەوی ڕەت دەکاتـەوە، باسیشـی لـه گـەردوون وتـەواوی بوونەوەر بە سنورداری و(الی اجل المسمی) کردوە.

لە ئاینی بوزیش (اصل)ێك هەیە بەناوی(أنیکا anicca) تیایـدا هـاتوە ((هـیچ شتێك لەو بونەوەرە نیەهەمیشەیی بیت))[2]، واتە بیری (قدم العام-کون الساکن)یان ڕەت کردۆتەوە، ئەو دەنگانەی (کون الساکن)یان ڕەت کردۆتەوە زۆر لاواز بووینە.

زۆربەی بەشە زانستیەکانی تری وەك فیزیا و کیمیا و ئەندازە و بایلۆژی لەسـەر ئـەو تـیۆ ڕوانینـی گـەردوونی ئەبـەدی بنیـات نـرا، بەشـێوەیەك لـەکیمیا یاسـای پاراسـتنی مـادە لەلایەن(لافوازیـە ١٧٤٣- ١٧٩٤) دۆزرایـەوە لەلایـەن (مایـەر ووجول وهلمهـۆلتیز) گەشـەی پـێ درا تیایـدا (نـەمری و پـیرۆزی) بـەمادە درا کـە حـوکمی لەبوونـەوەر و سورشـت هەتاهەتایـە و نـە لـەناو دەچـێ و نەدێتـەبوون، دیکارتیش بۆ (جوڵان)هەمان ڕای داو ووتـی بـڕی جـوڵان لـە گـەردوون چەسـپاوە[3]،

---

[1] من رسائل اخوان الصفاء وخلان الوفاء رسالة رقم ٢٦ص٣٠، موفەکیروشاعیریکی وەك ابوالعلا المعری کەناوی بەمولحید ڕۆیشتوە کەچی باوەڕی بە (قدم العالم)نەبوە وەك لەودیرە شیعرەی دەردەکەوی: ولیس اعتقادي خلود النجوم ولا مذهبي قدم العالم

[2] موسوعة الأديان العالمية –مادة: بوذية.

[3] دیالکتیك الطبیعة ص٨٧

(مـادە نـەمرە) بـوە دروشمـی مادیـەکان[1] ئـەوەی پێـی دەوتـرێ فیزیـای کلاسـیکی (نیـوتنی) لەسـەر هـەمان بنـەما بـوو، لەئەنـدازە و بیرکـاری سیسـتەمەکەی (ئیکلیدس)[2] چەسپا کـەبریتی بـوو لـە حـوکمی (ڕاسـتەهێل) و بـێ کۆتـایی ئـەو هێلە،... لەسەر ئەو بنچینەیە زانستی مێژوو و جوگرافیا بناغەی بێ پایـان و بـێ سنوریان بۆ زانیاریەکانیان دارشت، هەموو ئەوانە بیری گەردوونی (کـون السـاکن- قدم العالم)ی پتەوکرد کە بووە زانستێکی بەڵگەنەویست و (حدوث العالم)ی ئـاییـنی لاوازکرد، دواگورز لە بیری ئـاییـنی درا ئـەوەبوو (کۆپـەرنیکۆس، کیپلـەر، گـالیلۆ، برونو) هاتن و بیرۆکەی ناوەندیەتی زەویان وەرگێـرا و وتیـان زەوی هەسـارۆکەیەکی سادەیە لە سیستەمی خۆر، زەوی بەدەوری خۆی دەسوڕێتەوە نەك ئاسمـان بسـوڕێ، لەدوای ئەوانەش گورزی (تیۆری پەیدا بـوون وگەشـە) بـە تایبـەتی داروین گـورزی گەورەی لە ئاین دا کاتێ ووتی ئەسلی مرۆڤ مەیمونە لە باوکە ئـادەم نـەهاتوە..کار گەیشتە ئەو ڕادەیە یەکێ لەمەرجەکانی ڕەوشەنبیر دەبوایە دوورە ئاین بوایـە، وەك (نمونەکەی ئەنجلس) سەنگەرەکانی ئاین یەکەیەکە دەکەوت.

کاریگەری ئەو زانستە بەسەر فەلسەفە و باوەڕدا:

لە ڕاستیدا جیهانێکی بێ تەمەن و بێ سنور (ئەبەدی و ئەزەلی) جێ ی هەموو جۆرە تیۆرێکی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی لێ دەبێتـەوە، مـادام ئـەو دونیایـە هـەر

---

[1] دیالکتیك الطبیعة ص٣٤٦

[2] کتیبەکەی لە بارەی ئەندازە بە(اصول الهندسه)ترجمە کراوە-دەڵین ئەلبیرۆنی یەکەم جار وای ترجمە کردوە، لە کتیبی(المعتقدات الدینیه لدی الشعوب- مشرف -جفری بارندر- ترجمە :د .إمام عبدالفتاح إمام ص٨ باس لە ەوە دەکا ئەلبیرۆنی ٤ سال لە هند ماوەتەوە فیرە وەرگیرانی زمانی سنسکریتی بوەو هەریەکە لە (اصول الهندسه)و(مجستی) وەرگیراوە. بە ئینگلیزیەکەی بە(element) هاتوە بۆیە بەشیکی تر بە (العناصر)ترجمەیان کردوە.

هەبووە، دەشێ لە ئەنجامی جموجۆڵی مادە لەنێوخۆ بە ڕێکەوت یان بەهەماهەنگی مادە و دیاردەی نوێ پەیدابێ، بەوشێوەیە لە زانستەکانی مێژوو و جیۆلۆجیا و بایلۆژیا، بیری (پەرەسەندن- تەتەور) ی بەسەردا زاڵ بوو، زۆر لە ووردەکاری و پێکهاتنی (ترتیب)ی بوونەوەر یارمەتیدەری ئەو تیۆرە زەبەلاحە بوون، لەوانە بینرا (ترتیب) لە توخمەکان هەیە (خشتەکی مەندەلیفی پێ دەوترێ یان وورد تر مەندەلیف- موزلی) بەپێ ی ژمارەی ئەلیکترۆن کە لەسادە دەست پێ دەکا (هایدرۆجین یەك ئەلیکترۆن) و هیلیۆم (٢) و تادەگاتە دوا قورسترین توخم یۆرانیۆم (٢٣٨ ئەلکترۆن)بەوەوە پیش بینی زۆر توخمی تری کرد کە لەدوای دۆزرانەوە یەکێکیان ئەوەبوو بە پێی ئەو پیشبینیە بوابۆدران(١٨٣٨- ١٩١٢)غالیومی لە ١٨٧٥دۆزیەوە، زانای ئەلمانی یۆهان پود(١٧٤٧-١٨٢٦) پەیوەندیەکی ئەندازەیی لەنێوان دووریەکانی نێوان هەسارەکانی دەوری خۆر دۆزیەوە، لە سیستەمەکانی تری بوونەوەریش (ئەو سیستەمەگەشەییە) بەدی دەکرێ بەشێوەیەك هەرەسەروی (جماد) لەگەڵ هەرە خواروی (نەبات)، هەرە سەروی (نەبات) لەگەڵ هەرە خواروی (حەیات)، هەرە سەروی حەیوان لەگەڵ ئینسان... زۆر لێك نزیکن.

(اخوان الصفاء)پێش داروین ولامارك وهکسلی ومۆرگان بیری (تەتەوری) دارشتوە بە شێوازی (تەرتیب) ((ان اول مرتبة الحيوان متصلة بأخر مرتبة النبات، وآخر مرتبة الحيوان متصل باول مرتبة الانسان، كما ان اول المرتبة النباتية متصل بآخر المرتبة المعدنية، واول المرتبة المعدنية متصل بالتراب والماء))[1]، یەکەم جار (فارابی)سروشت وکۆمەڵگەو مرۆڤی وا بە(ترتیب)دارشت[2] وا پیدەچی ئیخوان لسەفا سودیان لەو وەرگرتبێ، دەشگوترێ لە بنەچەدا ئەو بۆچوونە بۆ ئەفلاتوون دەگەرێتەوە لەکتێبێکی بە ناوی(تیماوس) باس لە (ترتیب)ی سروشت کردوە، دوای

[1] رسائل اخوان الصفاء – كتاب الطبيعيات ص١٩.
[2] فارابی- كتاب السياسة المدنية ص٣٨

ئەویش ئەرستۆش لەسەر ئەو بۆچونە فەلسەفیە بەردەوام بوەو لەوەش زیاتر پێی وابوە لەگەڵ ئەو ترتیبە سروشت خۆشی لەگەشەیە بەرەو سەروو[1].

هیگلیش پیی وایە سروشت بە(تدریج وترتیب) رێکخراوە[2]، بەو شێوە بەپێ ی ئەو تەرتیب و تیۆری (super upper down) و (less upper down) ئەوا جیۆلۆجیا و ژیان، سروشت و ڕوەك و زیندەوەر و ئاژەڵ و مرۆڤ یەك سەرچاوەی گەشە سەندوویان هەیە، هەموو ئەوانەی هانی (مەدرەسەی گەشەسەندن) یان داوە کە ئەو تیۆرە بکەنە بنچینەی (خلق- پەیدابوون) هەریەکە لە سپنسر، هرسکلی، هیکل،... ئینجا لامارك و داروین لەکتێبی (اصل الانواع) تیۆری پەرەسەندنی مرۆڤی هێنا ئارایەوە، کە تیایدا دەیسەلمێنێ مرۆڤ لە ئەنجامی گەشەسەندن لەپۆلەکانی تری گیانداران پەیدابووە بەهۆی تیۆری هەڵهێنان، داروین وتی: ئەوەی بە دەستکرد بەماوەیەکی کورت دەکرێ هەلبژاردنی سروشتی بەماوەیەکی درێژ پێی دەکرێ[3]، و یاسای (توارث المکتسبات) لەلایەن لامارك و(هەڵبژاردنی سروشتی) داروین [4]، لەهەموان ڕوون تر ئەنجلس دەڵێ (کار)مرۆڤی هێنا ئارایەوە لە مەیمونەوە[5].

لە پیشوو تر نمونەی گەشەی تێڕوانینی ئاینیمان باس کرد لێرە نمونەی تێڕوانین بۆ گەشەی (خێزان) لەسەر بنچینەی (کون الساکن) باس دەکەین بەنمونە:(یۆهان باخۆڤن) لەکتێبی (حق الام) بەپشت بە ڕای هیرۆدۆتس وای بۆ چووە کە ئافرەت بۆتە هۆی پەیدابوونی خیزان و ئەویش سەرەك خیزان بووە، (چۆن ماکینین)

---

[1] جون لویس- مدخل الی الفلسفة ص٥٦

[2] المثالیة الألمانیة ص١٢٠

[3] اصل الأنواع ص١٠٥

[4] بروانة "اصل الانواع- داروین" و "دور العمل في تمول القرد الی الانسان- نتجلس" و "طریق طویل الی الانسان- سلامه موسی"،

[5] فریدریك انجلس-دیالکتیك الطبیعة -دور العمل فی تحول القردال انسان ص١٩٤-٢٠٨

لەکتێبی (الزواج البدائیە). هەروەها (چۆن لدیۆك) لەکتێبی (اصل المدنیە) وای بۆ چوونە کە کۆمەڵ لەسەرەتادا ١- فرەمێردی بووە ٢- ئینجا فرە ژنی ٣- ئینجا تاك مێردی بەخۆوە بینیوە، ئەسلەکەشی دەگێرنەوە بۆ (الزواج بالخطف — ژن هەلگرتن) (هاوسەری بە فڕاندن)[١] کە لەشەردا دەستیان دەکەوت، ئەوەش لەو ڕایەی داروین هەڵدەقولێ کە مانەوەبۆ بە هێزە لە چوارچێوەی مل ملانێ و دەڵێ :چەندین نێر شەڕ لە سەر مێیەك دەکاو لە کۆتایدا بە هێزەکە دەستی بەسەر دادەگرێ و نەوەی بەهێز تر لە جاران پەیدا دەکا[٢].

ئەوانەو (لیڤی ستراوس)و زانیاریە تایبەتیەکانی (مۆرگان)لەکتێبیکی گرنگی (المجتمع القدیم) ڕای گەیاند کە کۆمەڵگە لە دڕندەییەوە سەری هەلداوە[٣]، لەو زانیاریە بێ بنچینانە بەروارو هۆکاری کەوتنی مافی ئافرەت(گوایە) دۆزرایەوەو خرایە ئەستۆی(دەزگای خێزان)، وەك ئەنجلس دەڵێت: (یەکەم ناکۆکی چینایەتی لەمێژوودا وارێکەوت لەگەڵ گەشەسەندنی ململانی ژن و مێرد لە ژێرسایەی تاك میردی، وەیەکەم چەوسانەوەش وا هەلکەوت لەگەڵ بالا دەستی پیاو بەسەر ئافرەت لە ناو یەك خێزاندا)[٤].

با دوورنەکەوینە ڕای پێچەوانەش هەبوە لەنێو جەرگەی خۆیان، ئەوەتا ڕۆسۆ

---

[١] ئەوەیان جیایە لەگەل بەدووکەوتن، لەبەدووکەوتن هەردوولایان قایلن بەلاّم لە (بالخطف) فڕاندنە بێ ڕەزامەندی خۆی، لەو سەردەمە بە (إغتصاب) ناودەبرێ.

[٢] جارلز داروین- اصل الأنواع —ص٢٢٤.

[٣]- لەدوای ئەو دۆزینەوە کۆمەڵێك تیۆر بۆ قۆناغەکانی گەشەی کۆمەلایەتی لە قازانجی فەلسەفەی مادی هاتە کایەوە، لەوانە:

مارکسیەت: دڕندایەتی-بەندایەتی- دەرەبەگی- سەرمایەداری- سۆشیالیستی- شیوعیەت.

-ئۆگست کۆنت: لاهوتی- میتافیزیکی- زانست

-فریزەر: جادوو- ئاین- زانست.

[٤]انجلس-اصل العائلة والملكية الخاصة والدولة ص٨٢

دەڵێت خێزان هەر هەبوە وبریتیشە لە کۆن ترین کۆمەڵگەی سروشتی[1]. لە سەردەمی کۆنی یۆنانیش باس لە خێزان و لە لاوازی ئافرەت لە توانا و بەرگەی دەکا بە بەراورد لەگەڵ پیاو[2]، هیچ شارستانیەك نادۆزیەوە بێ خێزان.

بەوشێوەیە (القدم العالم) لانەی سەرجەم تیۆرە بێ باوەڕیەکان بوە، گورزی گەورەی لە فەلسەفەی ئایینی وەشاند و پرسیاری (کێ دروستکەری ئەو دونیا و بونەوەرە)ی نەهێشت، تیۆری گەشەسەندنیش پرسیاری کێ مرۆڤی دروست کردوە نەهێشت، ح.ئادەمی کردە ئەفسانەیەك نەك ڕاستی، تیۆری گەشەسەندن بووە گەورەترین زەخیرەی زانست و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا.

لەونێوانە سیستەمی تیۆری گەشەسەندنی کۆمەڵگەش هاتەدی بە هۆی (سیستەمی ناکۆکی) تادەگاتە فەلسەفەی مارکسی، کە زۆرترین کاریگەری زانستی و فەلسەفی و سیاسی لەسەر جیهان هەبوو، بەشێوەیەك یەکیتی سۆڤیەت وفەلسەفەی مارکسی لەنێوان ١٩٢٣ و ١٩٩١[3] لەهەموو ئاینەکانی سەر زەمین چالاکتر و بەهێزتر بوو، واچاکە بە خێرایی هەلوەستەیەك لەسەر فەلسەفەو مەدرەسەی مارکسی بکەین بزانین ئەو زەخیرە فکری وفلسفیە زۆرە هەمو داهێنانی خۆیتی یان بوویتە میراتگری مادی بەگشتی، بەکورتی ناسنامەی بڕگە بنچینەییەکانیان دەردەخەین:

لەبارەی گۆڕان و موڵکیەت مارکسیەت سودی لەو ڕایانەی پیش خۆی

---

[1] روسو- فی العقد الإجتماعی ص٣٦

[2] بروانة: جمهورية افلاتون ص١٥٥

[3] رووسیا لە ١٩٢٢/١٢/٣٠ لە سەر دەستی (لینین) بووە یەکێتی سۆڤیەت کە پێك هاتبوو لە: (ڕوسیا، ئۆکرانیە، کازاخستان، ئۆزباکستان، ڕوسیایسپی، جۆرجیا، لتوانیە، ئازەربێجان، مالدڤیە، تاجکستان، لاتڤیا، ئەرمینیا، تورکمانستان، ئستونیە، قیرغیزستان) ناوی نەتەوەیی بە ڕوسی (سویز سۆڤیتك سوسیالیستی سیکخ ریبدبیك)، لەبنەچەدا (سۆڤیەت) وشەیەکی رووسیە بەمانای (ئەنجومەن) یان (شورا).

وەرگرتبوو، لەوانە:

*ئەدمۆند بیرك (١٨٧٠): کۆمەڵ بەپێی پێویستیەکانی دەگۆڕێت.

*سان سیمۆن (١٧٦٠- ١٨٢٥): کۆمەڵ دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی مولکیەت.

*بیریارەکانی شۆڕشی پیشەسازی: زۆربەی داوای نەهێشتنی مولکیەی تایبەتیان دەکرد.

+ لەبارەی سیاسی و ئابووریش:

*(ئادەم سمیس و ریکاردۆ) ئەوانە سیاسەتیان بە ئابووری بەستەوە.

+ لەبارەی چینەکان:

*ئۆگست پلانك (١٨٠٥- ١٨٨١): پێشبینی دارمانی برجوازیەت و هاتنی پرۆلیتاریای کرد.

+ کاریگەریەکانی تر:

*هەریەکە لە کتێبەکانی (هۆلباخ- نظام الطبیعة)، (مۆرگان- المجتمع القدیم)، و تیۆری پەرەسەندن و (مبدأ لافوازیە)ی کیمیا کاریگەریەکی مەزنیان لەسەر مارکس هەبوو. (لینین)یش لەکتێبی (مارکس والمارکسیە) لەو وەسفەدا دەڵێ مارکسیەت میراتگری:

١- فەلسەفەی کلاسیکی ئەلمانی (فیورباخ- هیگل)ە.

٢- ئابووری کلاسیکی ئینگلیزی (ریکاردۆ- ئادم سمیث).

٣- سۆشیالیستی کلاسیکی فەرەنسی.

لەبارەی گەردوون وبوونەوەریش داکۆکیەکی زۆر توندی لە (کون الساکن) دەکرد و(لانهائیە العالم ووحدتە)ئەدریسی هەرەگەورەی مادیەی دیالکتیکی بوو، بنچینەی باقی تیۆرەکانی بووکەلە پیشە خۆی ڕای(کانت وسپینۆزاش)بوو.

فەلسەفەی مارکسی بەوەش نەوەستا گورزێکی زۆر گەورەشی لەمیتافیزیکی بونەوەرو کارگێڕیەکەی دا بەوەی کە جاڕیاندا ئەو بوونەوەرە بریتی نیە

لەکارگێڕیەکی بە سیستەم ورژێم بەڵکو ناکۆکی وبێ سەروبەری لەسەرتاسەریدایە، ئەوەش زۆر کاریگەری کردە سەر فەلسەفەی سەدەی ٢١ بەتایبەتی فیزیای نوێ و لەویشەوە بۆ فیزیای کوانتەم، یان ووردتر بەشێکی ئەکتیڤی فیزیای کوانتەم کە پێی وایە ئەلکترۆن وتەنۆلکە بچوکەکانی تر بەیاساوهۆکار کارناکەن بەڵکویە ئەگەرو زار هەلدان ومانای سیستەمێکی بێ سەروبەریەکی سەرتاسەریت پێ دەدارەگەکەی بۆ ئەوتیۆرەی خوارەوە دەگەڕێتەوە، وەك زۆر بەکورتی باسی دەکەین.

ناکۆکی سەرتاسەری(بوون ونەبوون لەیەك کاتدا)

لەمیانەی لیکدانەوەی فەلسەفی بۆ بوونەوەر وچۆنیەتی کارکردنی وسەرهەلدانی کۆمەلێك ڕاو بۆچوونی فەلسەفی هاتە کایەوە، هیچیان وەك فەلسەفەی (متناقظات)وەڵامی زۆری پێ نەبوو، لە هەموشیان ئالۆز تر ئەو بەشەی (بوون ونەبوون)، ناکۆکی سەرتاسەری..کە پێچەوانەی ئەسلیکی گەردوونی بوو کە بریتیە لە هەماهەنگی سەرتاسەری، بۆیە پێویست هەلوەستەیەکی لەسەر بکەین.

لەسەرەتای فەلسەفەی مادی لەگەڵ قولبونەوە بۆ(چۆنیەتی پەیدابوون وجولەو گەشەی مادە) وەسفیك دەکراخۆشیان سەریان لێ دەرنەدەچوو نزیك دەبۆوە لە سەفسەتیەکان، ڕەنگە لەهەموان ڕوون تریەکەم جار هرکلیت ووتی ناکرێ لە ڕووباریکدا دووجار هەمان ئاو ببینیەوە، ئیتر ئەو ووتەیە بە سەرەتای مێژووی دیالکتیك هەژماردەکەن، ئەو بۆچوونە ڕووچو بۆ مادەو تەنی تریش توشی دووڕوویی دەبوون لەو تەن ومادانە، وادەرکەوت : لە جووڵەیەو وەستاوە، هەیەونیە، ئامادەیەو غائبە، مادەیەو نامادەیە..

لەوەوە فەلسەفەی گومان وڕاڕەوی دیالکتیك و بنەمای فەلسەفی(ناکۆکی — التناقض) سەری هەلدا، فەیلەسوف وزانایەکی وەك دیکارت لەوەوە کاتیکی زۆری خۆی بۆ ئەوەی تەرخان کرد تا گەیشتە ئەو دلنیاییەی کەخۆی هەیە مادام بیر

دەکاتەوە، هەندێ جاریش وەردەچەرخا بۆ میسالی زاتی ونکولی لە بوونەوەر دەکرا تەنها دەیان ووت ئەو بوونەوەرە لەمێشکمان هەیە، لەهەموان ووردتر (هیگل) بۆ ئەو بابەتانە ڕووچووبو، پێی وابوو هەموو شتێك هەیە لەهەمان کاتدا نیە، هەندێ لای چەسپاوەو دەیەوێ بیپاریزی هەندێ لاشی دەیەوێ بیگۆڕی و دەبێتە ناکۆکی، لە ئەنجامدا دەبتە شتیکی تر، ئەویش بەدەوری خۆی بەهەمان خول تیپەڕ دەبێ و جولانەوەی دیالکتیك وگۆڕانی سەرتاسەری دروست دەکا، ئەو سێ هەنگاوە ناوی نراوە (سێ کوچکەی هیگلی)کە بریتیە لە : (بوون —دژ- پیکهاتەکی بالاتر)[١] یان (الشیئ، ضده، مرکب الأعلی- Theses -untiTheses- synTheses)[٢]، لەسەر ئەو بنچینە هیچ شتیك بوونی ڕەهای نیە، ئەوەشتە لەهەمان کات شتیکی ترە، شوبنهاور وەك هیگل وئەنجلس ئەو باوەڕە فەلسەفیەی هەبوو، هەولدرا ئەو بۆچوونە بگشتێنن و لینین بەسەر جولەی میکانیکی پیادەی کردو ووتی جولە بریتیە لە یەکیتی بەردەوامی ووەستانی(زەمانی ومکانی)، ماوتسی تۆنگ بەسەر پرۆسە جەنگیەکانی پەیڕەو کرد.

بلیخانۆف دەلێ هەمو گیانداریك هەمو شانەیەکی ژیان مردنی لەگەل خۆی هەلگرتوە، کەواتە دەتوانین بلێین ئەوە زیندوەو لەهەمان کاتدا مردوە، هەموی لەگۆڕانە بە هیچ خوایەك ناوەستێ[٣].. بەو شێوەیەفەلسەفەی مارکسی ئەو بۆچونە فەلسەفیەی هیگلی بەسەر جم وجولە بایۆلۆجی وکۆمەلایەتی وئابووریی وسیاسیش پەیڕەو کرد، دوای ئەنجلس لە هەموان زیاتر و جورج پۆلیتزر لە کتێبی(اصول فەلسەفە المارکسیە) ئەو جۆرە فەلسەفەیە بەسەر سەرجەم سیستەمە

[١] جون لویز- مدخل الی الفلسفة دار الحقیقة بیروت، ترجمة:انور عبداللة، ط٢ ص١٩٣-١٩٤

[٢] سبینوزا —رسالة فی اللاهوت والسیاسة، ترجمة:د حسن حنفی، دارالطباعة—بیروت، ط١ ص١٠٠

[٣] ج بلیخانوف- تطور نظرة الواحدیة الی التاریخ ص٦٤

(تناقض)یەکان پیادە دەکرد.

ئەگەر پیشوو تر لە فەلسەفەی دیالکتیکی هیگل مانای گۆڕان وگەشە بریتی بوو لە گۆڕانی سەلبی وپاریزگاری لە ئیجابی، لە تیۆرەکەی ئەنجلس مانایەك بۆ ئیجابی وسەلبی ڕاست وناڕاست، دادگەری و زۆرداری... نەدەماهەموی بە چاك وخراپەوە بگۆڕدرێت تا ئەو ڕادەیە بەپێی بنەمای (باکۆنین): (کل تحطیم للقائم هو الخیر لإنسانیة)[1].

سەرەنجام ئەزمونی ئەو تیڕوانینە فەلسەفیە چارەنوسی کۆمەڵگە ومرۆڤایەتی زۆر لاواز کرد، هەتا کاریگەری لە سیستەمی سەرمایەداریش کرد، وای کرد مرۆڤ لەبەرامبەر کاڵاو سەرمایە هاوسەنگ نەبێ،، تا ئەو ساتەش کاریگەری زۆر ماوە، لەو سەردەمەش مدرەسەی فرانکفۆرت وگروپی ڤیەنا و زۆری ترکاریگەرن بەو تیۆرە فەلسەفیە، تەنانەت ڕەهەندی فەلسەفی (دیزاینی مەزن) و تەقەلاکانی فیزیای کوانتەم بۆ ئەو فەلسەفەیە دەگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە هەلوەستەی چاکی لەسەر بکەین، چونکە ئەو بۆچونە گوزارش لە فەوزایەك دەکا لەو بوونەوەرە دەبێتە بنچینە بۆ هەمو تەیاریکی فەلسەفی مادی بێ سەرو بەر وەك بلیخانۆف پێی گەیشتوە دەڵێ : بەو شیوەیە دەگەینە ئەنجامیکی گرنگ ئەویش ئەوەیە هەرە دادگەری لەهەمان کاتدا زولمە[2].

هەر لەچوارچێوەی ئەو گەلالە فەلسەفیە ماوتسی تۆنگ دەڵێ :مردن بێ ژیان نابێ، ژیانیش بێ مردن نابێ بورجوازی بێ پرۆلیتاریا نابێ.. ئەوە یاسای هەرەفراوانە هەمو شتیك دەگریتەوە [3].

---

[1] مبادیء الشورة ئەو کتیبەیە کەناویانگی باکۆنینی پێ دەرچوو تیایدا داوا دەکا دام ودەزگای ئیمپریالیزم هەلتەکینرێ بە چاکوخراپەوە، ریکخراوە تیرۆریستیەکانی وەك بادرماینهۆڤ وئەلویە ئەلحمرا و..لەو تیۆرە سەرچاوە دەگرن.

[2] تطور نظرة الواحدیة الی التاریخ ص٦٤

[3] ماوتسی تونك- مؤلفات مختارة- حول التناقظ ج١ص٣٩٨.

ئەنجلس داهێنانیکی گەورەتری لەسەر هەمان بنچینە پیك هینا کە وادەکا بناغەکانی گەردونیش بێ مانا وعەبەسی دەرچێ، بەکورتیەکەی دەڵێ: هەر تەنێك کە دەجولێ لەسەر خاڵێکە لەهەمان کات لەسەر ئەو خالە نیە، لەسەر خاڵێکی ترە[1]، دەڵێ ئەوەش گەورەترین ناکۆکی بوونەوەرەو سەرتاسەری دەگریتەوە لە بایۆلۆجیاو کۆمەڵگەو تیکڕا، مردوەو زیندوە، جولەیەو وەستاوە، سنوردارەو بێ سنورە، ئەنجامەو لەهەمان کاتدا هۆکارە، ڕاستەو لەهەمان کات چەوتە...

بۆ ئەوەی بە ووردی ئەو بۆچونانە هەڵسەنگێنین پێویستە ووتەکان بە دروستی تۆماربکەین چونکە ئەو ڕستە فەلسەفیانە زۆر هەستیارن هەر بە پیتیك مانای دەگۆڕێ بەتایبەتی لەبارەی فەنکشنی(کات) و(خال) وچۆنیەتی بەرامبەری یەکتر بە(one-to-one) کە گەلاڵە فلسفیەکەی ئەنجلسی لەسەر وەستاوە، (ئەلەکزەندەر سامۆیل-لە ١٩٣٧مردوە) کەمێك لەبارەی (one-to-one) بەو شیوەیە دواوە: سامۆیل لە نێوان دووڕای دژ بەیەکی (برجسون) کە دەڵێ زەمان سەرمەشقی مەکانە و(برادلی)کە دەڵێ زەمان تەنها لایەکی چالاکی مەکانە هەردوولای رەت کردۆتەوەو دەڵێت: (كل نقطة في المكان تتحدد وتتميز بآنٍ في الزمان، وكل آنٍ من الزمان يتحدد بموضعه في المكان)[2] وادەردەکەوێ ئەو گەلالە فەلسەفیە ئالۆزەی هیگل وئەنجلس و لایەنگرانیان لەو (one-to-one) ووردنەبن، ڕاستە هەمویان لەمەکانیەکە یەك دەنگن بە(خال) گوزارشیان کردوە، بەڵام بۆ کاتەکە بە سێ جۆر هاتوە :

١- لە ئەنتی دوهرینك لەلایەن ئەنجلسەوە کاتەکە بە(نفس الوقت) نەهاتوە بە(لحظة)و (برهة) هاتوە.

٢- لە لای بلیخانوف(هەر لە ص٦٤) بە(نفس الوقت)هاتوە.

---

[1] فريدريك انجلس - انتي دوهرنغ- ترجمة فوئاد ايوب \ ط١ ١٩٦٥ص١٠١ و ص١٤٤-١٤٥.

[2] الكزندر صاموئيل - المكان والزمان والألوهية ص٦٠

٣- لەلای مادیە الدیالکتیکیە بەوجۆرە هاتوە: (فلایمکننا التحدث عن الجسم المتحرك موجود، فی ای فترةمن الزمن فقط فی نقطة معینة)[1]...

واتە کاتەکە بە (نفس اللحظة ونفس الوقت ونفس الفترة) هاتون، هەریەکە لەو سێ دۆخە بە پێی زانستی (زەوجی – بیرکاری بێ کۆتایی) زۆر لێك جیان هەرچەندە بەیەك مەبەست ولە چوارچێوەی یەك مەدرەسە نوسراینەوە.

لێرەدا کۆمەڵێك پرسیار دروست دەبێ وەڵامی نیە: ئاخۆ ئەو ناکۆکیەی (بوون ونەبوون) (لەسەر خالیکەو لەهەمان کات لەسەر ئەو خالە نیە)..ئەو ناکۆکیانە دەبنە سەرچاوەی جولەوگەشە وەك لە یاسای یەکەمی دیالکتیك هاتوە؟ ئایا ئەو ناکۆکیە ڕاستەقینەیە یان پارادۆکسی فەلسەفی مادیە؟ واتە هەرلە مێشکمان ئەو ناکۆکیە هەیە؟ ئەگەر ڕاستەقینەن با بزانین چەندە دوومەرجەکەی دیالکتیك دەیان گرێتەوە؟ بۆچی بە سێ شێوە هاتوە؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە وەڵامیشە بۆ تەواوی بابەتەکە، جارێ لەپێشدا خودی ئەو گەلالە فەلسەفیە ناکۆکە لەگەڵ بەشەکانی تری مادی ومارکسی ئینجا فەلسەفەی گشتیش، چونکە هەمو لایەك بە مارکسیشەوە کۆکن لەسەر ئەوەی جوڵانەوەی میکانیکی وەك لە یەکەم یاسای میکانیکی بە ڕوونی دەری دەخا بە فاکتەری دەرەکی دەجولێ {یظل الجسم علی حالته الحرکیة (إما السکون التام أو التحریك في خط مستقیم بسرعة ثابتة) ما لم تؤثر علیه قوة تغیره من هذه الحالة}.

کەچی ئەو ناکۆکیەی ئەنجلس باسی دەکا زۆر ناوەکیە، ئەگەر ئەوە ناکۆکی بیت وسەرچاوەی جووڵەکە بیت ئەدی چۆن دەوەستێ؟ خۆ ئەگەر وەستا مادام لەسەر خالیکەو لەسەر خالەکەش نیە ئەوا لەسەر چ خالیك دەوەستێ ؟

ئینجا لە بارەی مەرجەکانی دیالکتیك بەووتەکانی ماوتسی تۆنگیشەوە

---

[1] مجموعة علماء السوفیت- المادیة الدیالکتیکیة ص٢٦٢

دەرناچێ، یەکەم مەرجی پەیوەندی دیالکتیکی بۆ هەر ناکۆکیەك ئەوەیە کە هەر لایەکیان مەرج بیت بۆ بوونی دوەم، ئەوەتا مردن بێ ژیان هەبوودەبێ بەڵام ژیان بێ مردن نیەونابێ(یان وەك کتێبە گەورەکەی-اسس الماركسيەاللينينيە-لەبارەی دیالکتیکی نێوان کۆمەڵگەوسروشت) سروشت بێ کۆمەڵگە بوەو دەبێ بەڵام کۆمەڵگە بێ سروشت نابێ..لەگەڵ زۆر پرسیاری تری بێ وەڵام، کەواتە بابزانین ڕەچەلەکی ئەو ناکۆکیە لە چ هاتوە لە واقیعە یان لە زیهن ومێشکی ئەو فەیلەسوفانە هاتوە؟ لە ئەنجامی بەرابەر نەبوونی چرکە لە (زەمەن)و خاڵ(لە مەکان)دا هاتوە؟

بازیاتر هەرسێ دۆخی ناکۆکیەکە بە (چرکە) و(هەمان کات)(نەتوانین) هاتوە گفت وگۆیکەین :

١- ئەوەی ئەنجلس دەلی تەنە جولاوەکە لەسەر خالیکەو لەهەمان چرکەدا لەسەر خالیکی ترە ئەوا ناکۆکی نیەو ڕاستە، کێشەکە لەوەوە سەر هەلدەدا لەبەرامبەر خالی مەکانی چرکەی زەمەنی بۆ دیاری کراوە وەك (هاوتا) وئیتر ناکۆکی لێ دەرچوە، کەچی وانیە خودی(چرکەی زەمەنی) وەك (خالی مەکانی) نیە، بەڵکو چرکە بریتیە لە (فەترەی زەمەنی نەك خالی زەمەنی) تا ئیستا ملیۆنیك بەشە چرکە دیاری کراوە (١/١٠٠٠٠٠٠) کە ئیشی لەسەر بکرێ، زۆر لەوە کەم تر تەمەنی (ڕەنین-resonance) بە 10^{-23} چرکە دیاری کراوە، کەم ترین پیوەری زەمەنی تا ئیستا بریتیە لە 10^{-43} کە پێی دەڵێن (پیوەری پلانك-chronon)[1]، کەواتە لە بەشیکی بچوکی چرکە لەخالێکەو لە بەشێکی تری هەمان چرکە لەسەر خالێکی ترەوئەوە ئاساییە وناکۆکی نیە، لە چرکەیەکدا مرۆڤ دەتوانی دەیان سەنتیمەتر

[1] بۆ ئەو ووردەکاریەی یەکەی زەمەنی بڕوانە: روجر بنروز، ابنرشيموني، نانسی كارترايت، ستيفن هوكينغ- فيزياء العقل البشري والعالم من منظورين ت:عنان الشهاوي ص٢٣

بجولیت، فرۆکە بە سەدان مەتر دەبڕێ، ڕووناکی هەزاران هەزار کیلۆمەتر لەو چرکەیەدەبڕێ.. ئەگەر چۆن خالی مەکانی لە (سیستەمی زمان) هەیە ئاواش خالی زەمەنی هەبوایە ئەوا ئەو ناکۆکیە زیهنیە سەری هەلنەدەدا، واتە کێشەو ناکۆکیەکە لە واقع نیە، ڕاستەقینە نیە، زاتی و کەلامیە.

٢- بەشی دوەم زۆرایەتی وا هاتوە کە لەسەر خالێکەو لەهەمان کات لەسەر خالێکی ترە یان وەك هیگل دەلێ لەسەر خالێکەو لەهەمان کاتدا لەسەر ئەو خالە نیە...، مادام (جێکەوتی) جولەکە لەسەرهیلە یان تەختە یان هەرچیەك بیت ئەوا جێکەوتەکە لە خالێ پێك هاتوە، هەلبەتە ئەگەر لەسەر ئەو خالە نەبێ هەردەبێ لەسەر خالێکی تر بیت، کەواتە دەلێن تەنە جولاوەکە لەسەر دووخالە لە هەمان کاتدا، دووخالێش مانای (دووری-مسافە) دەبەخشێ، بەبەردەوامی ئەوجولە بەوسیستەمە واتە یان خێراییەکەی ڕەهایە وزەمەن سفرە، یان هەر لە ئەسلدا ئەو جولەیە دووریەك دەبڕێ بەبێ زەمەن، ئەوەش مەحالە.کەواتە لە دۆخی یەکەم ودوەمی سەروو هەر کێشە لە گوزارش ودەربڕینە بەلایەك فەترەی زەمەنی دروست دەبێ بێ بڕینی دوری(سفری مەکانی)، بەلای دوەم فەترەی مکانی دروست دەبێ بە (سفری زەمەنی) لە هەردووباردامانای نەبوونی پەیوەندی زەمان بەمکانە..کە محالە.

٣- دۆخی سێیەم دەلێ ناتوانین بلێین تەنیك لە فەترەیەکی زەمەنی لەسەر خالیکی دیاری کراوە، ئەوە وەك دۆخی یەکەمە دەیەوێ بلێ لە چرکەیەك (کەمتر یان زیاتر گرنگ نیە هەر فەترەی زەمەنیە) تەنی جولاو لەسەر خالیك نامینیتەوە، ئەوە ڕاستە هیچ (ناکۆکی) دروست ناکا.

ئیستا دەتوانین لەوەوە وەلامی گەلالە ئالۆزەکەی هیگل وئەنجلس بدەینەوە لە بارەی جولەو بوون ونەبوون، ئەو دۆخەی سێیەم بەشیوەی تری جودا

جودادەتوانین دەر ببڕین وبڵێین : گەیشتنی تیشکی ڕۆژ لەپارچە چرکەیەکی زۆر بچوك لە هندە لەپارچەیەکی تری چرکە لە ئەمریکایە، کەواتە لەهەمان چرکە لە هندەو ئەمریکایە، هیلکە هیلکەیە لە هەمان هەفتە جوجکەیە، منداڵ منداڵە لەهەمان سەدە پیرە،.. بەو شیوەیە کۆدەکانی ناکۆکیەکە گوایە لەناو هەمو شتیك هەیە ڕاستیەکەی ناکۆکی نیە بەڵکو ناکۆکیەکە لە زیهن دێت کە وورد نیت لە دیاری کردنیکی بیرکاریانەی زەمان ومکان وهاوکێشە هاوتاکانی.

بەو شێوە ئەو بوونەوەرە بریتی نیە لە فەوزای سەرتاسەری، بەڵکو هەماهەنگی سەرتاسەری هەیە هەروەك ئەکزیۆمی پینجەمی ئیکلیدس بەناوی (مبدأ عدم التناقض-Consistenc) هاتوە، لە بۆچونی یەکەما زەمینەیەکی مولحیدیت بۆ ئامادە دەکا لە دوەمیشا زەمینەیەکی باوەڕی.

خۆش بەختانە ستالین لەدوای ئەوانە هات هەرچەندە لایەنگری ئەو گەلالەیەی ئەنجلس بوو بەڵام کاریکی تری کرد لە کتێبەکەی(المادیە، الدیالکتیکیە والمادیە التاریخیە) لە جیاتی یاسای سێیەم(نفی النفی) یاسای (إلتحام العام)ی دانا کەلەگەڵ ئەو گەلالەیەی ئەنجلس وهیگل تیك ناکاتەوە زیاتر لە گەلالەی فەلسەفی ئاینی(هەماهەنگی بوونەوەر) نزیك دەبێتەوە.

** ** ** **

بەکورتی لەسەدەی ١٨ تا سەدەی ٢٠ بیری گەردوونی بێسنور و تێك ڕووخانی ناوەندیەتی زەوی و تیۆری پەرەسەندنی داروین و سەرهەڵدانی مارکسیزم.. لەبەرەکانی زانستی و فەلسەفی و فیکری بیری ئایینی زۆر لاوازکرد، ئەگەر تیۆرەکانی گەردوونی کۆپەرنیك وجوردانۆ و گالیلۆ شۆڕشیان لەسەر بوونی زەوی وەك مەلبەندی مادی گەردوون کرد، ئەوا تیۆری پەرەسەندنیش بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی وەك مەلبەندی میتافیزیکی گەردوون نەهیشت.

فەلسەفەی مارکسی وئەو گەلالەیەی ئەنجلس- هیگل روحی بونەوەری دەرهیناو ئامانج ومەنهەجی تیدا نەهیشت، زیاتر ڕێ ی خۆشکرد کە دەسەلاتی سیاسی ئایینی لە ئەوروپا و دوایش دەسەلاتی ئایینی (کەخۆی لەخەلافەتی ئایینی دەبینیەوە) لەسەرەتای سەدەی بیستەم (بەیەکجاری لە ٣-٣-١٩٢٤) کۆتایی بێت و جیهانێکی مۆدێرن لە ئاستەکانی (زانستی و فەلسەفی و یاسایی و سیاسی و فەرهەنگی و دیپلۆماسی) عەلمانی بێتەکایەوە، دەتوانین بلێین فەلسەفەی ئیلحادی لەو دووسەدەیە بەهاری زێرینیان بووە.

وەرچەرخانەوە بۆ ئایین:

لە فەزای زانست و فەلسەفە بێ ئومێدیەکی زۆری ئایینی بەدی دەکرا، دەوترا جدلی فەلسەفی لەبارەی (خلق) و (مادە و رۆح)... یەکلابۆوە لەدژی ئایین، ئایین چوە خانەی (ئایدیا)، تەفسیری زانستی و فەلسەفی زۆر نامۆ بۆ ئایین دەکرا، بەکورتی خرایە لیستی وەسفەکانی(تاریکی ونەفامی و..) وەك لەوەو پێش ئەوتوێژینەوە هەندێکمان تۆمار کرد، تۆماری ئەو جارە لەبارەی ئەسلی ئاینە، وا هەندێکی تر(وەك خۆی بەکوردی وعربی)کە لەگەڵ ڕەوتی ئەو باسە دەگونجین تۆماردەکەین:

ڕەنگە بناغەی (پەیوەندی ئاین وترس وچینایەتی)لەلایەن (کریتیاس)هاتبێت کە دەڵێ: ئاین لەلایەن دەسەلاتدارەوە داهینراوە بۆ زیاتر ملکەچی هاوولاتیان.

- ئەرسەر شۆپنهاوە(١٧٨٨-١٨٦٠) وفیۆرباخ دەیان ووت: الدين هو من صنيعة البشر ابتكروها لتفسير ماهو مجهول لديهم من ظواهر طبيعية او نفسية او اجتماعية.
- سان سیمون لەکتێبی (المسيحية الجديدة) ئاینی بەو نەفامی وەسف کردوە وەك مارکس پێی وایە لە قازانجی چینی برجوازیە دژ بە هەژاران داهینراوە.

- نقطة البداية لوجودية سارتر هي جملة دوستويفسكي الشهيرة: "إذا كان الرب غير موجودا، هذا يعني أن كل شيء مسموح". واتە ئازادی پێچەوانەی بوونی خودایە، خواهەبی مرۆڤ ئازاد نیە.
- محمّد عابد الجابري لة كتيَبى (الدين والدولة وتطبيق الشريعة) دەڵێت هەر ئاين تيكەلی ژيانی ڕۆژانەوسياسەت بيت دەبێتە جەنگی ئەهلی.
- فەلسەفەی ماركسی: ئاين ئەو ئامرازەيە بۆ مل كەچی چينی هەژار هاتۆتە كايەوە.ئاين سەرخانە نەك ژێر خان.
- ديفيدميلز: ان قرأةالكتب المقدسة بشكل دقيق ستكون اهم دافع للالحاد.
-اسحاق اسيموف ١٩٢٠– ١٩٦٠:ان الموت عباره عن اللاشيء وشكرا لالحادي الذي خلصني من هذا الرعب.
- كارل ساغان(١٩٣٤-١٩٩٦)الادعاءات غير العاديه تتطلب اثباتات غير عاديه.
- ارنست همنغواي: كل مفكر هو ملحد لامحاله.
- مارك توين : من المؤكد ان البغل الذي اخترع اول ديانه سيكون اول بغل ملعون.
- سيجموند فرويد: الدين عباره عن وهم.
- كور فيدال: ان ديانات التوحيد هي اكبر كارثه حلت على البشرية.
- ريتشارد فايزمان عالم فيزياء: تم اختراع الاله ليفسر ويشرح الاشياء التي لا نفهمها.والان وبعد ان اكتشفنا كيف تعمل الاشياء جردنا هذا الاله من اسباب وجوده واصبحنا لانحتاج الى وجوده.
- توماس باين: المسيحية عبارة عن عار على المنطق[1].

[1] ئەوانە لە بەشی يەكەمی كتيبی(atheist universe) لەلايەن (ديڤيدميليز) نوسراوە پيك هاتوە لە ١٢ بەش.

لە ڕووی واقعیشەوە خەلافەتی ئاینی ڕووخاو زیاتر لەوەش لە مەلبەندی ئەو خەلافەتە ئەو هەنگاوانە دژ بە ئاین وەرگیرا:

لە١/٧/١٩٢٠ سنوری شەرع لادرا ویاسای جنای هاتە جێی.

لە ١/١١/١٩٢٢ سەلتەنەت بە یەکجاری لادراو دەسەڵاتی ئاینی ودنیایی لێک کرایەوە.

لە ٢٩/١٠/١٩٢٣ ڕۆژی وەرچەرخانی خەلافەتە بۆ کۆماری بە سەرۆکایەتی ئەتاتورك.

لە ٣/٣/١٩٢٤ بەدەنگدانی پەرلەمانی بەفەرمی خەلافەت هەڵوەشایەوە.

لە ٢٨/٤/١٩٢٤. هەڵوەشانەوەی دادگا شەرعیەکان.

تەنانەت لە ١٠/٤/١٩٢٨ ئەو مادەیەش هەڵوەشینرایەوە کە لە دەستور دەڵێت: (دین الدولة الإسلام).

لە ١/١١/١٩٢٨ پیتی ئیسلامی گۆڕدرا بۆ پیتی لاتینی...

شێوەی ئەو هەنگاوانە لە زۆربەی ولاتانی ئیسلامی ڕوویاندا، یەکەم دەولەتیش بە ئاشکرا جاڕی بێ ئاینی دابیت لە جیهانی ئیسلامی ئەلبانیا بوو بەسەرۆکایەتی ئەنوەر خۆجە لە ١٩٧٠...

لەناو عربیش ڕای دژ بە ئاین ومولحیدی سەری هەلدا، شوویلی شمیل یەکەم کەس بوو بیری (فەلسەفەی گەشە)ی هینا ناو عەرەب لە ڕێی کتێبی(فلسفة النشوء والإرتقاء)، هەریەکە لە (نجیب عازوری، احمد لطفي سید، ساطع الحصری، اسماعیل مظهر، قاسم أمین، طه حسین، محمد عزة دروزة، سلامة موسی، انطوان سعادة ، بطرس بستانی، شبلی شمیل، فرج أنطوان، میشێل عفلق، جمال عبدالناصر..)پێشڕەوی ئەو ڕەوتە بوون، تا ئەو ڕادە ئەگەر کەسێك بێ دین نەبوایە ناکرا پێی بلێی ڕەوشەنبیر.

بەو شێوەیە واهاتە پیش چاو جیهان لە کۆل کارەساتی ئاین بۆوەوجیهانی نوێ

بەهەمو ماناکانی تەعلیمی وسیاسی ویاسایی و ئابوری وفەرهەنگی.. ڕاستەڕێی گەشەو پێشکەوتنی وەرگرت، ئەو ڕاستیە لە دەستوری وولاتان تۆماردەکرا، زیاتر حزبە سیاسیەکان پێشڕەوی تیك شکاندنی ئاینی بوون، هەر بە حاستەم ئاینی بوون تاوان بوو.

لەو بارەیەوە مارکس دەڵێت: (.. ان "حرية الاعتقاد" البرجوازية لا تعني بالفعل سوى التساهل بجميع الأنواع الممكنة من" حرية المعتقد الديني "وأن يعلن أنه بالعكس يسعى جاهدا إلى تحرير الضمائر من الأوهام والخرافات الدينية)[1].

بۆ هەمو ئەو هەنگاوانەش لقەکانی زانست وپیشکەوتنەکانی لە قازانجی ئەو ڕەوتە بوو، ناچار ڕەوشەنبیرانی ئیسلامی ئەو سەردەم تەنها بواری ئەوەیان مابوو کە ئاین بگونجێنن لەگەڵ عەقلانیەتی نوێ، زاراوەی ئاویتەی وەك سوشیالیستی ئیسلامی ودیموکراسی ئاینی.. هاتە کایەوە.

تەنانەت جمال الدینی ئەفغانی دەڵێ تیۆرەکەی داروین ڕاستە بەڵام زانایانی ئیسلام پیش داروین (التطور)یان دۆزیوەتەوە[2]، لەکاتیکا ئەوە (سلم التطور)ە ئەوەی ئاینی(سلم الترتیب)ە.

لەناکاو لە ناوجەگەری زانست، لەو شوینەی کە بەشیکی زۆر لە فەقیهەکان ناویان بە (علم الشیطان) دەبرد تەقینەوەیەکی فکری پێچەوانە دەنگی هات، دەنگی لە پایتەخت هات،، لەلایەن لامپتێر و ئەینشتاینیشەوە لەتیۆری (نیسبی) دەرکەوت ئەگەر ئەو گەردوونە بێ سنور بێت ئەوا دەبێ (تێکڕای چڕی گەردوون سفر بێت)[3] کە وانیە.

یان وەك لە (پەرادۆکسی ئۆپلێر) هاتوە ئەگەر گەردوون بێ سنور بێت ئەوە

---

[1] کارل مارکس- نقد برنامج غوتا ص١٧

[2] جمال الدين الأفغاني-الأعمال الكاملة –تحقيق: دمحمدعمارة ص١٠٠

[3] بروانە: كون الاحدب ص٢٥٨ – ص٢٦٠

دەبوایە بەشەو تاریکی ورووناکی ئەستیرەمان نەبینیبوایە بەڵکو هەموی ڕووناکی دەبوو، هەرلە زانستی فیزیا (دیاردەی دۆپلەر) دۆزرایەوە کە گەردووناسان ئەو دیاردەیان بەسەر ئەستێرە و مەجەڕەکان تاقی کردەوە بەتایبەتی (هیبل)، بۆیان دەرکەوت ئەو گەردوونەی وای تێگەیشتبوون کە بێ کۆتایی و بێ سنورە و (ئەبەدی و ئەزەلی) وانیە، تیرەی گەردوونیشی دۆزیەوە کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ (ڕەگی دووجای) چڕیەکەی، لەلایەن (کیمیا و فیزیا) تیشکێکی (بۆماوە) دۆزرایەوە نهێنی گەردوونی زۆر لابوو،...

هەموو ئەوانە ڕێیان خۆش کرد بۆ لەدایك بوونی تیۆری گەردوونی لێك کشاو (الكون المتسع) کەلەلایەن (هیبل و فریدمان و هۆیل ولامایتەر) بوە دارِشتنی تیۆری تەقینەوەی مەزن (**big bang**).

بەوشێوەیە کۆتایی بەبیرۆکەی گەردوونی وەستاو (الكون الساكن- قدم العالم) هێنرا و جارێکی تر (حدوث العالم) ی ئایینی سەری هەڵداوە، لەدوای ئەو ڕووداوە گەورەیەی فەلەکی، سەنگەرەکانی تری فەلسەفەی مولحیدی لە کیمیا و فیزیا وماتماتیك و بایلۆژی.. یەکە یەکە کەوتن، چۆن ئەنجلس وەسفی کەوتنی سەنگەرەکانی ئاین بە (فریدریك ولیامی سێیەم)ی چواندبوو کەسەنگەر بەسەنگەر لە مەیدانی جەنگی دەیان دۆڕاند[1] ئەو وەسفە وەرگەڕا بۆ فەلسەفەی مادی ئاوا سەنگەر بەسەنگەر دەیان دۆڕاند.

لە کیمیا دۆزینەوەی (مادة المضادة) و (ثقوب السوداء) گەردوونی وایکرد (یاسای پاراستنی مادە) پیرۆزی نەمێنێ، دەرکەوت مادەش پەیدابووە و لەناویش دەچێ، هەموو شتێك هاتۆتە بوون و لەناویش دەچێ، لەماتماتیك دەرکەوت ئەندازەی ئیکلیدس تەنها لەسەر زەوی و لەمەودا کورتەکان ڕاستە، ئەگینا بۆ

---

[1] دیالکتیك الطبیعة ص٢٣٠

گەردوون نابێت، هێڵی ڕاست لە گەردوون هەر نیە، تەنانەت تیشکیش بە هێڵی ڕاست ناڕوات بەڵکو لار دەبێتەوە لەگەڵ بارستەی گەورە، بەرەبەرە ئەندازەی ریمان جێی گرتەوە.

لە بایلۆژیاش دەرکەوت هەر سێ تیۆری پەرەسەندن (هەڵهێنان- توارث المکتسبات، هەڵبژاردنی سروشتی) هەڵەن، یەکەم جار (ئۆپارین و باستۆر) گومانیان لەوەکرد کە کاتێ گۆشت کرمی دەبێت (لەخۆڕا هەڵیهێنابێ)[١]، دوایی تاقیکردنەوە دەرکەوت ئەو کرمانە لە گۆشتەکە پەیدانەبوون بەڵکو ئەوە گەرای کرمە لە هەوا ڕادێنن.

بەو شێوەیە (تیۆری هەڵهێنان- توالد الذاتي) شکستی هێنا کە تیۆریکی زۆر سەخت بوو، دوەم شکست بریتی بو لەوەی سیفەتی نوێ ی گیاندار ناگوازرێتەوە وەك لامارك پێشبینی کرد، تیۆری داروینیش لەبارەی (هەڵبژاردنی سروشتی) و هاتنی مرۆڤ لە مەیمون بەیەکجاری شکستی هێنا، لەگەڵ دۆزینەوەی (ئەندازەی جینەکان) تیایدا دەرکەوت گۆڕانکاری لە شێوەی مرۆڤ و گیاندارانی تر دەبێ، بەڵام لە نەژاد و ناسنامەی نابێ، چونکە هەر نەژادێك، هەر گیاندارێك شوێنی جینی خۆی لەناو کرۆمۆسۆم هەیە بە تەرازوەکی ئەندازەیی وورد، هەر دەستکاریەك لەو ستاندەر و تەرازوە دەبێتە هۆی (تشویه خلقي) نەك گەشەسەندن.

بەوشێوەیە دەرکەوت لەوەتەی مرۆڤ هەیە هەر وەك ئێستا بووە، لە مەیمون نەهاتووە و جارێکی تر ئادەم بۆوە باوکی مرۆڤایەتی، هەموو ئەوانە کاری زۆر

[١] نەبوونی ئەو زانیاریە زۆریك لە زانایانی ئیسلامیشی بەهەلە بردوە، ابن حزم وا تیگەیشتوە هەڵهێنانی کرم لە گۆشتی بۆگەن بەڵگەیە کە خودا بەردەوام ژیان دەخولقینێ، وەك دەقی خۆی: أن الحيوان نوعان: نوع متولد يخلقه الله تعالى من عفونات الأبدان وعفونات الأرض فهذا لا ينكر تولده بإحداث الله تعالى له في كل حين، وقسم آخر متوالد قد رتب الله تعالى في بنية العالم أنه لا يخلقه إلا عن مني ذكر وأنثى فهذا هو الذي صار في تلك الجزائر عن دخول إليها بلا شك وبالله تعالى التوفيق.ابن حزم-الملل والنحل.. ج١ ص٣٣

مەزنی کردە سەر مەدرەسەی فەلسەفی و تەیارە ئایدۆلۆژیەکانیش، تەنانەت تاکی مۆدێرنیش، لەهەمووان کاریگەرتر فەلسەفەی مارکسی بەری کەوت، چونکە فەلسەفەی (مادیە الدیالیکتیك)بەشێکی سەربەخۆی بەناوی (لانهائیە العالم و وحدتە)[1] هەبوو ئاوا تێکشکا، هەر لەو فەلسەفەیەدا پێگەی دوەمی دیاری کردبوو کە بریتی بوو لە دۆزینەوەکانی (مۆرگان- لە کتێبی مجتمع القدیم)، سێ یەمیش تیۆری پەرەسەندن بوو بەگشتی، هەموو پێگە زانستی و فەلسەفیەکانی شکستی هێنا، ڕەنگی دایەوە لەسەر خانی سیاسی و (وەك ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی ئاسا) بلۆکی شیوعیەت بەسەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت لە تەمەنی (٧٩ ساڵ و یەك ڕۆژ) ڕووخا بەیەکجاری لە١٩٩١/١٢/٣١.

بەوشێوەیە زانست وەرچەرخا بەرەو ئایین، بەلام بە ئەرکی (زانستی) نازانن وەلامی پرسیارەکانی فەلسەفی و ئایینی بداتەوە تا لە (کێ و بۆچی و چۆن و کەی) ڕەت بن، بێنە سەر پرسیاری فەلسەفی: چۆنیەتی دروستبوونی بونەوەر، هەماهەنگی لەبەشەکانی بونەوەر، پەیوەندی مادە و ڕۆح، فاکتەرەکانی کۆتایی بونەوەر،..دوای ئەو شکستە گەورانە فەلسەفەی مولحیدی تەقەلای زۆر نامۆی دەدا، ناوە ناوە جارێ دەدا کە فەلسەفە کاری نەماوە، سەردەمی ئایدۆلۆژیا ڕۆیشت، زانست بڕیاری (خوا) هەبوونی نەداوە، دوا تەقەلاکانی تیۆری گەردوونی هەژان(هات و چوون) هەروەها فرەگەردوونی لەلایەن لایبنتز وهوایتهید ولیفریت وویلەرو ئینجا (ستیڤن هۆکنگ- کەلەدوایی باسی دەکەین)زیندوو بکرێتەوە.

بەوشێوەیە فەلسەفەی مادی بواری بەردەوامی زۆر تەسك بوویەوە، لە کۆنگرەی هەزارەیی کە لە هەفتەی کۆتایی مانگی ٢٠٠٢/٨ نیۆیۆرك بە بەشداری هەزاران زانای جیهانی جۆربەجۆری ئەکادیمی و سیاسی و ئەنسرۆپۆلۆجی، بڕیاریان دا کە

---

[1] بڕوانە : عرض موجز للمادیة الدیالیکتیکیة ص٥٠

ئاین و سیاسەت و دەوڵەت لێك جیا ناکرێتەوە و سەدەی (٢١)یشیان بە سەدەی گەڕانەوەی ئاین پێش بینی کرد[١]، لە کاتێکافەلسەفەی مارکسی ئاوا پشت بەستو بە زانست وفەلسەفەو دەولەت بوو، لینینی سەرۆك لە سالی ١٩٢٠ەوە جاری یەکسانی ژن وپیاوی لە سۆڤیەت دا، بۆ ماوەی٧٠ سالیش لە مادەی ١٢٢ و١٢٣ی دەستوری سۆفیەتی داکۆکی لە یەکسانی نێرو مێ کردبوو[٢]، کەچی دوای هەمو ئەوانەکار گەیشتۆتە ئەوەی دیاردەی پۆشاك لەوولاتانی پێشووی سۆڤیەتیش ئەوەندە زۆر بێت دەسەلاتداران لە دژی بوەستن.

لەدوای رووخانی فەلسەفەی مادی و ڕووخانی قەلای شیوعەتیش ئەوا بەردەوام ئامارەکان دەری دەخەن کە (بێ باوەڕی) لە کزبووندایە، مەوسوعەی بریتانی بەناوبانگ وهەندێ دەزگای تر ڕاپرسی جیاجیان لە جیهان کرد هەر لە ٢٠٠١ ەوە تا ٢٠٠٥ ەوە دەرکەوت بەگشتی مولحیدی لە جیهان تەنها لە٣٪ ماوە[٣]، لەهەموان زیاترلەسوید بوو ڕێژەکەی گەیشتە ٣٢٪ ولە فرنسا (گومان نەك مولحید) یەکەم بوو، بەگشتی فەلسەفەی مولحیدی ڕووی لە کزیە، لەوساتەدا ولاتێك لە جیهان نەماوە لە دەستورەکەی خۆی ئایین وەك سەرچاوەی حوکمی تۆمارنەکرابێ، لە بڕگەکانی پێشوەهەندێکمان بە نمونە وەرگرت، تەنها دەستوری فرنساو ئەمریکا بەو ڕاشکاویە تۆماریان نەکردوە.

لەدەستوری فرنسا: مادە(٢): فرنسا جمهورية لا تتجزأ علمانية ديمقراطية اجتماعية وهي تضمن المساواة أمام القانون لجميع المواطنين دون تمييز بسبب الأصل

---

[١] مەوسوعەی جودی ل٥٣

[٢] بڕوانە : القانون والإشتراكية ص٣٥

[٣] ئەوە مانای ئەوە نیە ٩٧٪ەکەی تر باوەردار بن، نەخێر جۆربەجۆری تیدایە ئایندارو دوور لە ئاین وبێ لایەن و...ئیمە باس لە مولحید دەکەین.

أو الدين وهي تحترم كل[1].

لـه دەقـی جـاڕی سـەربەخۆیی ئـەمریکا (وثیقـة جیفرسـون)ئـەو دوو مادەیـەی واهاتوه - إعلان الاستقلال امريكا ٤ يوليو عام ١٧٧٦م: نحـن نعتـبر هـذه الحقـائق بديهية:

١- إن الناس جميعًا خلقوا متساوين، وإن خالقهم حباهم بحقوق لايجوز الافتئات عليها، وإن من هذه الحقوق حق الحياة، والحرية، والسعي وراء السعادة.

٢- وإنّه تأمينًا لهذه الحقوق، فقد أُنشأت الحكومات مستمدة سلطاتها العادلة من موافقة المحكومين.

** ** ** **

ئەوەی سەروو کورتەیەکی خێرای سەربردەی فەلسەفەی کلاسیکی بووبە تایبەتی لە بەشی یەکەم، لە بەشی دووەم سەرەنجامەکانی دەرکەوتن، ئەوە تەنها بـۆ زانیـاری و وەك مێژوەکی فەلسەفە نیە، ناکرێ باس لـە تـەیاری فەلسـەفی نـوێ بکـەین بـی ڕەگ وڕیشەی ئەو فەلسەفەیە، ئیستا دەست کـراوە دەبـین بـۆ قۆنـاغی تـری بـالای توێژینـەوەی فەلسـەفی لـەبارەی دروسـت کـەرو پەیوەندیـەکانی بـە دروسـت کـراو چارەسەری کێشە فەلسەفیە ئالۆزەکان دەکەین، هەول دەدەین بەسـادەیی گوزارشـی بکەین.

---

[1] دەستوری فرنسا لە٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ دەرچوو ٩٢مادە بوو، هەرچی دەستوری ئەمریکایە(کە لە١٧/٩/١٧٨٧ گەواهی کراوە) لاگیری ئاینیە بەلام نەیکردۆتە مەرج وەك لەبڕگەی(٣)ی مادەی(٦) وا هاتوە: يكون الشيوخ والنواب المشار إليهم آنفاً، وأعضاء المجالس التشريعية لمختلف الولايات، وجميع الموظفين التنفيذيين والقضائيين التابعين للولايات المتحدة ولمختلف الولايات، ملزمين بموجب قسم أو إقرار بتأييد هذا الدستور. ولكن لا يجوز أبداً اشتراط امتحان ديني كمؤهل لتولي أي منصب رسمي أو مسئولية عامة في الولايات المتحدة.

بەشی چوارەم

فەلسەفەو خودا

وەڵامی فەلسەفە بۆ بوونی خودا:

گرنگترین بەشی فەلسەفی بەهەموو لقەکانیەوە وەڵامی ئەو پرسیارەیە ئاخۆ ئەو بوونەوەرە لەخۆیەوە دروست بووە یان دروستکاری هەیە؟ ئیتر لەوەوە فەلسەفیانەی پێکراوە پرسیاری وەك مادە و ڕۆح، ماهیە و وجود، علە و المعلول،.. دروست بووینە.

هۆکاری بنچینەیی بەردەوامی فەلسەفەی ئیلحادی ئەوەیە (خوا) غائیبە، بەو ڕوونیە دیار نیە وەك ابن تیمیە پێی وایە وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە، نەخێر ئەوە بۆ مەنهەجیکی بیری فەلسەفی وایە نەك بۆ گشتی، ئەوەی دەگوزەرێ لەچاکە و خراپە، زوڵم و دادگەری،.. لەدەست بەشەر و سروشتە، واتە ئیرادەی خوای ڕاستەوخۆ بەدی ناکرێت، ئیرادەی سروشت و بەشەر بەرجەستە و ڕاستەوخۆیە، لەکاتێکدا لایەنی ئایینی زۆر داکۆکی لە ئیرادەی خوا دەکەن و بەو وەسفەی ئەوانیش نایەتە دی.

هەرچی داکۆکی فەیلەسوفانیشە لە واقیعێکە کە بەرهەمی بەشەری و سروشتیە، بەڕوونی دەردەکەوێ دوەمیان چالاکترە لەیەکەم، بۆیە بەری فەلسەفەی ئیلحادی زۆر تەڕ سەوزترە، ئایینیێك دەڵێت (ئەجەل بەدەست خودایە-نوسراوە)

کەچی لەسەدەی ١٧ بەپشتەوە یەك کەس لەو جیهانە ئەجەلی بە لێدانی کارەبا نەهاتووە، یان ڕووداوی سەیارە، حوکمی ئیعدام دەردەچێ لەکات و شوێنی خۆی جێ بەجێ دەکرێ[1]، وادەبینرێ کە ئیرادەی بەشەر و سروشت لەسەروی ئیرادەی خوایە، ئەوە سەرچاوەی پاڵپشتیەکانی فەلسەفەی ئیلحادیە بەهەموو لقەکانیەوە، کەچی وا نیە لە ئەسلدا ئەو بیرو بۆچونەی (مسەیەری بەشەر) ونوسرانی هەمو (چارەنوسیك) لەکاردانەوەی ئەوە هات بەشیك دەیان ووت خودا نازانی چ ڕوودەدا وەك مقدسی لەهەندیکیانی نەقل کردوە.

(القول بأن الله ـ عز وجل ـ لم يزل عالمًا بالأشياء قبل كونها لأن المعدوم عنده ليس بشيءٍ فلا يجوز أن يعلم)[2]. سیفەتی(زانین)ی خودا موتلەقە هەمو شتیکی بوون وپیش بوون دەزانی،..بەگشتی بابزانین کێشە لە فەلسەفەیە یان لە ئایین یان لە ئایندارەکان؟

زۆر ڕوونە کێشەکە لە ئاین نیە، زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی ئایینداران کە زانیاری باڵاو وردیان لە بارەی پەیوەندی خوا و سروشتەوە وەك پێویست نیە، بەشی دووەمیش دەکەوێتە ئەستۆی فەیلەسوفان کە ناچن بەلای خودی ئاین (زانیاری لە دەق و پەیامەکان) وەرناگرن، دەچن زانیاری هەڵە لە ئاییندارەکان وەردەگرن، ئینجا فەیلەسوفان لەسەر مەنهەجی پرسیار ناوەستن پرسیاری بەدەر لەتوانای وەڵامی ئەقڵی دەکەن، لەلای ئاییندارا وا دەبینرێ کە تا دەسەڵاتی خوا (خالق) مەزنتر بکرێت و دەسەڵاتی مەخلوق بچوکتر بکرێ وا دەزانن لە خزمەتی ئایینە.

ئەو پرۆسە ڕۆمانتیکە بەرەو تەسەوف و (لا ادري... نازانم)ت دەبات، فەلسەفەی ئیلحادیش بەرەو زانیاری و عەقلانی دەبا، نەك لای فەیلەسوف و زانا و

---

[1] جاریش وایە شاز هەیە وەك سەربردەی ئەو ئیعدامەی لە کتێبی "کۆنترین نهێنیەکانی جیهان" هاتووە.

[2] البدء والتاريخ ص٣٦٦

ڕۆشنبیر هەتا لای کەسی ئاسایش زۆر بە ئاشکرا ئەوەی دووەم مەعقول و ڕاستتر دەردەکەویێ، لەنێو مەدرەسەکانی فەلسەفەی یۆنانی ئەو دووڕایە هەبوو، یەکەمجار ئەبیکۆر(٣٤٢-٢٧٠ پ.ز)وتی نە ئێوە ڕاستن نە ئەوانیش خوا دنیای دروست کردووە و وازی لێهێناوە[١].

لەوەوە تەیاری فەلسەفی دیزم هاتەکایەوە و عەقڵی زۆربەی فەیلەسوفانی داگیرکرد هەتا هەندێ فەیلەسوفی ئاینیش، لەوانە (مارتن لوتەر) دەڵێت خودا بوونەوەری دروست کردو ڕێکی خست وبۆ ئادەمیزادی بە جێهێشت[٢]، هەروەها (قەشە ولیام سامپل)-لەکنیسەی کتنبری بریتانیا دەڵێ:(ان الله لایشرع الدین بوحده، بل یشارکه الانسان))[٣]، لەسەردەمی نوێ (هربرت تچیرپۆری ١٥٨٣-١٦٤٨)بەیەکەم دامەزرێنەرەوەی دیزمی هەژمار دەکرێ[٤]، دیکارتیش یەکەم کەسە کە یاساکانی سروشتی ئاوا دارشت ودەڵێ:خوا سروشتی دروست کردوە ووازی لیهیناوە، سروشت وژیان بێ خوداکاری خۆی دەکا بۆیە لە تویژینەوەی خوا تەنها بۆ یەکەم پرۆسەی (خلق) پێویستە[٥]، نیوتن پێی وابوو ناوەناوە ئەو بوونەوەرە پێویستی بە فۆرمات کردن دەبێتەوە خوا پێی هەلدەستێ.

هەرچی لەنێو جیهانی ئیسلامیە تەیارێکی کۆمەڵایەتی کۆتایی بەو دۆخە دێنن بە ئامۆژگاری ئەوەی دەڵێن ئەوەی بەرەوفەلسەفە وعەقلانی بڕوات تێکدەچێت، تا ئەو ڕادەیە بەشێکی زۆر لە ئیمامەکانی فیقهی ئیسلامی و مەسیحی و یەهودی و ئایینی تریش (نەك هەر فەلسەفەی ئیلحادی) دژ بە تەواوی فەلسەفە وەستان، جار وایە لەوەش ڕەت بووینە دژ بە عەقلانیەتیش وەستاون..، ئەوەش دەرفەتێکی

---

[١] - موسوعة الفلسفية المختصرة ـ ص٢٢
[٢] شبلي عيسمى - علمانية ودولة الدينية.. - ص٢٢
[٣] هەڵبژاردن لەنیوان عەلمانی وئیسلامی.-تویژەر ص١٣
[٤] موسوعة الفلسفية السوفيتية ص٢٢٧
[٥] الفيزياء ووجود الخالق ص٢٥

زێرینه بۆ فەلسەفەی ئیلحادی جەنگەکـه بباتـەوه و بەکـەیفی خـۆی بڕیـار بـدات و بڵێت: خوا نیه، ئەو جیهانه بریتیه له مادەی جوڵاو وەك (هۆڵباخ)، (لیـنین)..زۆری تر دەیانگۆتەوه، دەتوانین ئەو جیهانه مادیانه لێکبدەینەوه بـێ ئـەوەی پێویـستمان به بوونی خوا و هیچ باسێکی نامۆ بێـت وەك (ئـەنجلیس)، (لاپـلاس) دەیـانگۆت، بیرۆکەی خوا لەترس هاتووه وەك (فریزەر)وزانایانی تر دووبارەیان دەکردەوه.

هەرچی لای فەلسەفەی مولحیدیشه کێشەی بنچینەیی ئەوەیه به واقیعی مـادی و بەپێوانەی (دروستکراو- مخلوق) ویستویەتی (دروسـتکار- خـالق) بناسـێت، یـان زانیاری لێ پەیدابکات، که مەنهەجێکی دروست نیه، لەوەوه دەچینه نێـو توانـای عەقڵی مرۆڤ له ئاست کێشەیەکی فەلسەفی ئاوادا.

پرسیارەکانی سەرووی عەقڵی

فەیلەسوفەکان وێل بوونیه بۆ پێناسی خودا وەك چۆن پێناسی دارو بەردو ئـاگر، (ئەو پێناسەی که پێنـاس نـاکرێ) ئێمـه ئێـستای یەخـەی بابـەتێکمان گرتـوه کـه پێنـاس نـاکرێ، ناخرێتـه هـیچ قاوغێـك بـۆ لێکۆڵینـەوه، باشـترین ڕێنـوێنی ئـەو فەرمودەیەیه (لاتفکرو فی الله لم تحصل الا حیره، بل تفکرو فی خلق الله) بەڵام ئەوه مانای ئەوەنیه وەڵامی ئەو بۆچون و تێڕوانینه جیاجیایانـه نەدەینـەوه لـەو بابەتـه، یاخود دەرگای لێ کۆڵینەوه لەو بونەوەره (دروستکراوی ئەو خودایەش) داخەین.

بۆ لێکۆڵینەوه لەو بابەتەدا پێویسته له بەڵگەی مـادی هەسـت پێکـراو دەسـت پێ بکەین تا ڕێگەیەکی زانستی وفەلسەفی بگرینه بەر تیایدا به ڕوونـی دەرکـەوێ لێکۆڵینەوه له (خوا)مەحاڵه، وەك دەرکەوت له (مبدا لادقـه)دوایش لـه(روح)دوای لـه هـەمو لقێکـی زانسـتی ئـەو مەحالانـه هەیـه هـەردوو تیـۆری گـۆدل لـەبارەی

بیرکاری[١]، هەزاران وملیاران بابەتی تری مەحالمان هەیە، هیچ ئەنجامێکی نابێت جگە لەزیاتر سەرسامی، بۆیە لەسەرەتا بابزانین ئاخۆ مەودای توانای فکری ئادەمیزاد چەندە و لەتوانای دایە لە پرسێکی وا بگات؟ چونکە لەو بونەوەرەدا (معیار) هەیە بۆ هەموو شتێك، هەروەك ئێمە ناتوانین (تەنێك گرانی هەلگرین) ناتوانین (بە پێ) بەسەعاتێك بگەینە لوبنان، ناتوانین یەك بەرمیل ئاو بخۆینەوە، هەرواش بۆ هەموو شتێك...

ئەوە بۆ هێزی فکریشەو سنور (معیار)ێکی هەیە، جارێ لەسەرەتا دا هەستەکانمان کە کلیلی مەخزەنەکانی فکرن هەر هەمووی سنوردارن، چاو ئەو تەنانە دەبینێ کە ڕوناکی شەپۆلی لەنێوان (٤-٧) هەزار ئەنگسترۆمە، هەروەها گوێ و تام، هەڵخەڵەتانی (لمس)یش ئاشکرایە، ئینجا فکریش خۆی مەودای تەمەنی کورتە لەتەمەنی ئادەمیزاد خۆی کورت ترە، جا هەر لە ڕووی زانستیشەوە توانای تۆمارکردنی دیاردەکان لە (بیر) سنوردارە بە پێچەوانە ڕای (ئەنجلیس) کە وای زانی بێ سنورە[٢].

جا ئێستا لێ کۆڵینەوە لەو جۆرە بابەتە وەك ئەوەیە ئادەمیزادێك بیەوێ ١٠٠٠ تەن هەڵگری بەڵکو گەلی زیاتر، ئێمە جارێ هەر لە دونیای خۆمان لە دەریایەك زانیاری دڵۆپێکی دەزانین، پەیوەندی ئەو دڵۆپەزانیاریەش بە دەریای نەزانی بەرێسایەك دەڕوا کە (ڕالف سۆکمان) بۆی کیشاوەو دەڵێ: تا دورگەی زانیاریمان زیاتر بێت لیوارو ڕۆخی نەزانی فراوانتر دەبێ[٣]، کەواتە لەو دڵۆپەیەش

---

[١] هەردوو تیۆری گۆدل:
١- في اي نظام رياضي عددي متسق يوجد عباره لا يمكن التحقق من صحتها اوعدم صحتها .
٢- لكي يكون النظام الرياضي العددي المتسق غير متعارض لابد ان يكون غير متكامل .

[٢] ف انجلس –انتي دوهرنك ص١٤٥

[٣] خەیام دەڵێ: بە خویندنەوە کراوەفرچك وگیانم زانستەمژیم وبۆتەئاوو نانم
حەفتاودووسالەبیردەکەم، دەخوینم واتازە دەزانم چ لە هیچ نازانم
سوکراتیش لەکۆنەوە ووتی من دەزانم نازانم بەلام ئەو خەلکە نازانن کەنازانن.

ئەو فەیلەسوفە چەندی بەرکەوێ، تا ئەوەندە لە خۆیایی بێت و بیەوێ یەکسەر لە بابەتێکی وا بکۆڵێتەوە، ئەو پرسە هەروەك ئارەزوەکانی تری ئادەمیزادە وزیادەڕەوی دەکاو پێشی ناگا، کەچی مەودای زانیاریمان دیارو سنورداره، لە باشترین و پێشکەوتوترین دۆخماندا تەنها لەشتە بەرهەستەکانمان دەگەین، ئەگینا لەڕەهەندە نامادیەکان ناگەین.

بۆ نمونە ئەگەر لای یەکێکی بیابانی بتگوتایە گیاندار هەیە لە ناو بێتە وشکانی دەخنکێ دەبێ چ زانیاریەك لەسەر دەریا لای ئەو دروست ببێت، ئێمە جاری ناتوانین قسە لەسەر دەرەوەی ئەو زەویە بکەین کاتێ یەکێ لە یاساکانی زەوی نوقوستان بێت، وەك کێشکردن بەنمونە، چۆن ژیان لە ژێر ڕۆشنایی (بێ کێش) دەگوزەرێ، یان چ قسە لەسەر (ئەستێرە رەشەکان و سپیەکان) بکەین کە ڕێ نادا هیچ زانیاریەکمان بۆ بێ هەتا نایەلی تیشکیشی لێ دەرچێ، چۆن لەسیستەمێك بکۆڵینەوە کە بەجۆرە یاسا و ڕژێمێکی تر هەڵدەسوڕێت.

ڕەنگە (وەك وێلەر دەڵێت)چەندگەردونێکی تر لەتەك گەردونی ئێمە ئیش بکات بەڵام بە یاسا و ڕژێمێکی جیا لە ئێمە، باشە ئێمە چ لە ڕووداوەکانی ئەو گەردونە بگەین ئاخۆ جموجۆڵ و پرۆسەی ئیشکردن و بەڕیوەچوون چۆنە؟ ئەتۆم لەوێ هەیە؟ ئەستێرە هەیە؟ ژیان هەیە؟ یاسای کێشکردن هەیە؟شارستانی لێ هەیە؟ ئەوشارستانیە جنن؟ پەیوەندیان بە گەردوونی ئێمە چیە؟ بەهەزاران پرسیاری تر هەیە و وەڵامی نەك هەر نیە و ناشبێ، ڕەنگە ئەو پرسیارانە لەوێ هەر بێ مانا بێت.

جا لەپرسیکی وا لەو شێوە هیچ نەزانین کە هەر لەچوارچێوەی مادی و دروستکراوان (خلق) ئەی چۆن وا بازدەین بەو توانا فکریەمان بۆ پرسی نامادی وەك(روح) و هاوکێشە نامادیەکانی وەك پرسی عەقڵ وهۆش وفکرو..، یان دروستکاری هەموو ئەوانە کە (خودا)یە، جا ئەو پرسیارە لەسەر (خوای مەزن)

ئاخۆ لە کوێیە؟ چۆنە؟ هەر ئەو پرسیارانە بێ مانان!

ئەوانە لەجیهانی مادی مانای هەیە بەڵام خوا شت نیە (لیس کمثلە شيء)زۆر گرنگە ئەوەی لەمە تێبگات، لەڕەوتی ئەو توێژینەوەیە ئەو ئایەتە لەهەموان زیاتر ئیعجازی تێدایە، هەرچی عەقڵی بەشەریە نەیدەتوانی وەسفی زاتێك بەدەر لە (موجودات-شت-مادە) بکا، هیچ گومانیك ناهیلیتەوە کە ئەو قورئانە لەسەرووی عەقڵی بەشەریەوە هاتوە، مەنهەجیکیشمان بۆ دادەڕێژی کە چۆن لە (خودا) بکۆلینەوە، تەنها دەتوانین بوونی لە بەڵگەکانی دروستکراو هەڵێنجین، بەو شێوەیە بەرەبەرە نزیك دەبینەوە لە دەروازەکانی فەلسەفەی خوایی ومەنهەجی بیرکردنەوەو توێژینەوە لەو بابەتەفلسەفیە ستراتیژیە.

بوونی خودا لەوەڵامی فەلسەفەی ئاینی

ئاینی ساغ باسی لە (ڕاستیەکانی ئەوبونەوەرە ـــ بە ژیان و بێ ژیانەوە)کردووە، ڕاستیەکانیش هەمووی لە پێش چاونین بەشێکی عەقلین و لە ناخی شت و مەکەکانە، زەحمەتێکی دەوێ تا دەدۆزرێتەوە، لەلایەکی تریش یەکێك لە سیفەتەکانی (ڕاستی) ئەوەیە (تاقەنەیە ـــ وحید)، زانست و فەلسەفە ئەو زەحمەتە دەکێشن و ڕاستیەکان دەدۆزنەوە، بۆیە زانست و فەلسەفەی ڕاستەقینە لە کۆتاییدا لە قازانجی ئاین وڕاستیەمادام ئاین لە ناخی مرۆڤ ڕەسەنە -(ویرى الذين اوتوا العلم الذي انزل اليك من ربك هو الحق)[1]، هەردووکیشیان لەگەڵ عەقلی دروست و یاساکانی بونەوەر(یان ڕاستیەکانی بونەوەر) یەکتر پاساوویەهێز دەکەن، هیچ نیگەرانیەك لە چارەنووسی گەشەی عەقلی ئادەمی زاد نیە، ئەو نیگەرانیەی بەرامبەر فەلسەفە و زانست و بەرهەمی عەقلی مرۆڤ لەجێ ی خۆی نەبووە،

[1] سورة سبأ- اية ٦

نیگەرانی لە ئایدیۆلوژیای سەقەتی بەشەری هەیە.

مەرج نیە هەمو بەرهەمەکانی عەقڵی وفەلسەفی ساغ وپێوانەیی بن، لە کاتی سەرهەڵدانی فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامی ئاوا بەشێك هەوڵیان دا بە تۆیزی قورئان و فەلسەفە پیك بگونجێنن، دوای کە دەرکەوت هەندێ لای فەلسەفە لەگەڵ ئاین پێچەوانەن، زۆربەی زانایانی ئیسلام دژ بەو کارە وەستان، دوای زیادە ڕەوی تیا کراو دژ بەخودی فەلسەفەش وەستان، بۆیەش دەبینین ڕەهەندی فەلسەفی لە تەفسیری ئایەتەکانی قورئان فەرامۆش کراوە (جگە لەهەندی موفەسیر نەبی کە بەرهەمەکانیان بزر کراوە)، ئێمە لەو توێژینەوەیە چەند ئایەتێك (کە ڕەهەندی فەلسەفی تێدایە)لە قورئان بەکاردەهێنین بۆ بناغە داڕشتنی دۆزینەوەی (فەلسەفەی خودا) کە بریتین لە:

١-وفي كل شيء خلقنا زوجين

٢- ليس كمثله شيئ

٣- الا له الأمروالخلق..

ئیستا نۆرەی وەستانێکی فەلسەفی قووڵە لەسەر ئەو ئایەتانەیە، بۆ ئەوەی بزانین پەیوەندی (دروستکراو-مخلوق) و(دروستکەر-خالق) بە (زوج) ی چیە؟چۆن لەو ڕێگەوە خوا دەناسین؟بەو شێوەیە بەلای لیکدانەوەی فەلسەفی ئەو ئایەتانە دەچین و هەندێ نمونەی زەوجی لە بوونەوەر وەردەگرین، جیاوازی دروستکراو ودروستکەر لەوییەوە دەدۆزریتەوە.

چەمکی فەلسەفی(جووتەدژ) زەوجی

مەبەست لەو چەمکە ئەوەیە کەبوونەوەر بەگشتی وشت ومەکی ئەو بوونەوەرەش لە (زەوجی) پیك هاتوە، گەورە بچوك، سارد گەرم، خیرا هیواش، سەروو خواروو، نیر مێ، ڕووناکی تاریکی،...لە چەمکی فەلسەفە بە (اضداد) و

(تناقض)..وەسف کراوە، لەقورئان زەوجی وەسف کراوە(وفي كل شيئ خلقنا زوجين).. بزانین ئەوچەمکە چیە؟ ڕۆلی لە بوونەوەر، لە پەیوەندی دروستکراو بە دروستکەر، تادەگاتە تیگەیشتن لە خودی خودا.

موفسیرەکان چۆن باسی ئەو ئایەتایان کردووە :

لە ڕەوشی دۆزینەوەی مانای (زوج) و (ضد)لە مەعجەمە گەورەکانی وەك(راغب الأصفهاني- مفردات ألفاظ القرآن) (ابن منظور - لسان العرب) (فیروز ئابادی-قاموس المحيط).. ئینجا ئەو تاکە ئایەتەی لە قورئان کە(ضد)ی تێدایە(كَلاَّ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا -مريم٨٢).

لەگەڵ تێڕوانینی فەلسەفەی یۆنانی بەشی ئاینی(فیساگۆر بەتایبەتی) جۆرە تێگەیشتن و مەنهەجێکی تایبەت سەری هەڵدا، لە کتێبە ئاینیەکانی تری وەك مەزموری ح.داود تیایان نیە، لە تەورات لە ٢٥ شوێن (زوج) تێدایە بەڵام بەڕوونی قەتیسی کردووە لە هاوسەری، لە ئینجیلیش بە هەمان شێوە، لە نێو عەرەبیش زانیاری لەبارەی (شمولیەتی زەوجی)زۆر لاواز بووە، وایان دەزانی مرۆڤ وئاژەل دەگرێتەوە هەندێکیش لەدرەخت تەنها بۆ دارخورما هەستیان بە نێرو مێ کردوە، بە گشتی موفەسیرەکان بە سێ جۆر ئەو ئایەتەیان تەفسیر کردووە :

بەشی یەکەم: بەمەبەستی نێرو مێ وهاوسەری لەوانە تفسیرالفخر الرازی قەتیسی کردوە لە(جنس)وباسی(ضدان)یشی کردوە[1]، مجاهدوقتادە قورتبی بەهەمان شێوە[2]، لەدوای ئەوانە(پرسوی)هەلدەبژێرین دەڵێ:مەبەستی(کل الشیء) (جنس)ە[3]، لە موفەسیرە کوردەکانی سەردەم ماموستا عوسمان عبد

---

[1] امام الرازی –تفسیر الكبیر–دارالفكر ط١ ج١ ص٦٢٠٥

[2] تفسیر قرطبی–جامع الأحكام، دارالكتب العرب لبنان، ج١٧ص٤٩له تفسیری (سبحان الذی خلق الأزواج كلها..) دووپاتی دەکەنەوە.

[3] تفسیر روح البیان، دار الفكر-ج٩ص١٧٢

العزیزهەلدەبژێرین کە بەهاوسەری لێك دایتەوە[١]، لەلای مەزهەبی شیعەش (بن فضل الطبرسی وسبزوی والرضوی)بە نێرومێیان لیکدایتەوە، لە هەموان روون تر تەفسیری(العلامەالسعدی) دەڵێ: لەو ئایەتە مەبەستی هەمو شتێك نیە، دەڵێ گشتە لە (جنس)ی نێرو مێ ناپەرێتەوە بۆ سروشت.

بەشی دووەم: سنووری (زوج)یان فراوان تر کردووە بۆ ئاژەڵ و دار و درەخت و بە حاستەم باسێکی (دژ)یشیان کردووە، لەوانە : تفسیر الکشاف - زمخشري، تفسیر البیضاوی، تفسیر امام الآلوسی والمیزان فی التفسیر طبا الطبائی...، امام طبری[٢].

بەشی سێیەم (نزیکترینیانە لەو توێژینەوەیە)، لەپۆلەکانی ژیان پەڕینەوە بۆسروشت وبونەوەریش وبەڵام مەنهەجی توێژینەوەکەیان لە فەلسەفەی چینی سەدەی ٤-٦ یان ڕەت نەداوە، لەوانە:ابن کثیر وا (زوج –ضد)ی ڕیزکردوە: (سماء وأرض، ولیل ونهار، وشمس وقمر، وبر وبحر، وضیاء(نور) وظلام، وإیمان وکفر، وموت وحیاة، وشقاء وسعادة، وجنة ونار، تفسیرالجلالین (الذکر والأنثي، والسهل والجبل، والصیف والشتاء، والحلو والحامض) بۆ زیاد کردوە، ابن جریج و مجاهد: (والهدی والضلالة، والإنس والجن) زیاد کردوە، هەمان ئاست لە مجمع البیان فی تفسیر القرأن لە مەزهەبی شیعە بەدی دەکرێ.. لەوسەردەمەش فی ظلال -سید قطب[٣] قوڵتری بۆچووە.. هەروەها (التفسیر المنیر)ی وهبە الزحیلی وەك ئەوانەی پێشوویوە(بر وبحر)یشی زیاد

---

[١] عثمان عبدالعزیز-تفسیری قورئانی پیرۆز- ج٢ ب٩ ل٧٥١ ئەوانە وەك سنفی دوەم کەمێك باسی زەوجیان لە دارودرەخت وگیاندار کردوە، بەلام سەنتەرایەتیان بە نێرومێی ئادەمیزاد داوە.

[٢] تفسیر الطبری–دارالقلم دمشق، ط١ ج٧ ص٩٣.

[١٥٩] فی الظلال القران-دار الشروق، ط١٠ ج٦ ص٣٣٨٥ ئەوانەی شیعەش لە (میزان) ی طباطبائی لە ئەنتەرنیت وەرگیراوە.

کردوە[١]، هەندێ موفەسیری هاوچەرخیش لەگەڵ ئەوانەو سالب و موجەب و ئەلکترۆن و پرۆتۆنیان زیادکردووەبە هەمان مەنهەجی توێژینەوە لە هەموان بە هیز تر (مورتەزا موتەهیری).

ئەوەی زۆر باسی (ضد)ی کردوە (فارابی)یە، بەڵام قەتیسی کردوە بۆ دنیای زەمین ودووری خستۆتەوە لە ئاسمان، لەلایەکی تر ئەو چەمکەی نەبەستۆتەوە بەو ئایەتەی(من كل شيء خلقنا الزوجين).

بەروونی لەهەمو ئەوانەی سەروو دیارە دوو بەشی یەکەم لە موفەسیرەکان سەرکەوتووونەبووینە لە بەرهەمهێنانی ئەعجازە بنچینەیەکەی ئەو ئایەتە، چونکە باسی زەوجیان کردوە لە نێرو مێ کەچی باسی (ضد)یشیان کردوە، هەمولایەکیش دەزانن هاوسەری خۆشەویستیە نەك زدایەتی کەواتە پیاو ژن دوو جەمسەری دژەکەنین بەڵکو نێرو مێ دووجەمسەرەکەن، بەشی سێ یەم زیاتر لێ ی نزیك بووینەوەو پێیان وایە(شيء) بە (نكرە) هاتوە قەتیس نامێنێ لەڕەگەزێك،، بەڵام ناگاتە پلەی (دۆزینەوەی ئەعجاز) چونکە پشتیان بە زانیاریە فەلسفیەکانی پێشوو بەستاوە کە کەم وکوڕی هەیە، وەك لە بڕگەی داهاتوو باسی دەکەین.

جووتە دژ(زوج)ی لە مێژووی فەلسەفەدا

کۆن ترین باس فەلسەفی (بەردەست)لە بارەی ڕێسای دژ (قاعدە الزوجين) بەشێوەی(یان وین) لەلایەن فەلسەفەی چینی(لاوتزی، کۆنفۆشێوس، تاوی) هاتووە لە نێوان (٦ـــ ٤)پ ز[٢]، لە فەلسەفەی هندی و عەجەمیش بە شێوەی خوای شەڕ و خێر (ئەهریمان و ئەهورمازدا)، لە میسری کۆنیش بەشێوازی (نون ونونيت)لە ناو

[١] وهبة الزحيلي –تفسير المنير-دار الفكر دمشق، ط٨ ج١٤ ص٤٥

[٢] لەو فەترەیە کەسانی مێژوویی زۆر گەورە هاتنە دنیا بە پەیامەوە، لەوانەفیساگۆرس لە یۆنان، کەمیك پیشتریش لە عەجەمستان زەردەشت ولەهند بوزا..

(ئامون وئامونيت) واتە مادی ونامادی، (هوە وهوهيت)لە رووناكی وتاريكی، (ئيزيس وئۆزيس)لە نێرو مێ، هۆك وهۆكيت لە بێسنورەكان، ئيس وئەليس لە بوونو نەبووندا..

هەمو ئەوانە بە ئەكاديميانە تر لە فەلسەفەی يۆنانی كراوەتە مادەی گرنگی فەلسەفی، لەلايەن ديموكرتيس (مبدأ الأضداد يان الضدين) بە نێرومێ لێك درايتەوە، بەلآم فيساگۆرس دەڵێ: (الأضداد والتناغم يتحقق بوحدة الايجابي والسلبي والمادي وغير المادي)، دواييەكەی دەڵێ هەمو شتێك لە دژو نێرو مێ پێك هاتوە.

(هركليت٥٧٦-٤٨٠ق.م) پێی وايەشتەكان دژەكانيشيان لەگەڵ خۆ هەلگرتوە، لايەنە دژەكان دەگۆڕێن وشوێنی يەكتر دەگرنەوەو لەململانێی بەردەواميشدان و ئەوەش سەرچاوەی گۆڕانە، لە كتێبی (جمهوريە افلاتون) ووردتر بە ئەدرێسی (الموجود و المعدوم) ڕەنگی داوەتەوە[١]، لەسەدەی (٣) بەدواوەمەزهەبی مانەوی لە مەسيحی سەری هەڵدا لەسەر بنچينەی دوو دژی(ڕووناكی وتاريكی)[٢].

بەدڵنيايی بيری (زەوجی و دژ) لە هەمو شارستانيە كۆنەكان ئاينيە بە دەقيش لە ئنجيل برنابا هاتوە: (..الجحيم واحدة وهي ضد الجنة كما إن الشتاء هو ضد الصيف والبرد ضد الحر..)[٣]، فارابی وئەوانەی بە فەلسەفەی ئەرستۆو ئەفلاتون كاريگەرن بە جۆرێكی تر بۆ (دژ) چوونە پێيان وايە پيكهاتەی ئاسمان دژی نيە ئەوە بۆ دنيای ئێمەيە(والأجسام السماوية فإنها فى جواهرها على كمالاتها...

---

[١] جمهورية افلاتون –ترجمة:حنا خباز، دارالقلم-بيروت ط٢ ص١٧٦

[٢] روجيه غارودی-ماركسية قرن عشرين ترجمةنزيه الحكيم، دارالأداب –بيروت ط٤ ص٧

[٣] انجيل برنابا- الفصل الستون-اية(١). ئەو ئينجيلە پێك هاتوە لە(٢٢٢)فصل لە ترجمەی د خليل سعادە، لەلای مسيحيەكان دانی پيا ناهێنرێت لای موسولمانانيش ئەوە بە ئينجيلی ئەسل هەژمار دەكرێ

ولاتضادفيها ولالها اضداد)[١].

لە کتێبی (اهل المدينة الفاضلة) باس لە تەواوی خولگەی ئاسمانی دەکا دەڵێ بازنەییە کە تەواوترین خولگەیە[٢] بۆیە دژی نیە، ئەگینا تاڕادەیەك باشی بۆچوە، هەرچەندە ئەویش دوودژی وەك قۆناغی بالای ناکۆکی وەرگرتوە ئینجا دژی دەرەکی وناوەکیشی لیك کردوتەوە بەڵام وەسفیکی زۆر جوانی پەیوەندی نێوان دژو سنورداری کردوەو دەڵێ: (..بنسب متضادة..المادة والصور المتضادة التى يلزم وجودها فيها هى التى تلتئم بهاالأشياء الممكنة الوجود)[٣].

لە رسالەکانی (اخوان الصفا)ش ژمارە(٣٠) بەناونیشانی(مثنوية الإنسان) دەڵێت:مرۆڤ پیك هاتوە لەدوودژی، جەستەی مادی ودەروونی ڕووحانی یەکەمیان بۆ دنیا کاردەکا ودوەمیش بۆ دوارۆژ هاتوە[٤].

بەو شێوەیە (زوج)ی لەنێو فەیلەسوفان و مەدرەسە فەلسەفیەکان باس کراون تا دەگاتە سەدەی ١٧ -١٨ (سپینوزا)و (شلنگ)ئینجا(هیگل) بەفراوانی (دژەکان)ی وەك پەیڕەوی توێژینەوە بەکارهێناوە، باوەری وابوە بۆ هەرشتێك، بۆ هەر پرۆسەیەك دژێکی بۆ پەیدا دەبێ، لە ململانێی هەردوولا پێکهاتێکی بالاّ تر لەهەردووکی پێشوو سەر هەڵدەدا، کە بە (ثالوث الهيغل- سێ کوچکەی هیگلی)ی ناوزەد دەکرێ، لە ریسایەکی فەلسەفی موکوم کۆکراوە بە ناوی جولەی دیالکتیکی (بوون —دژ-پیکهاتەکی بالاتر)[٥] الشيئ، ضده، مركب الأعلى- synTheses -

---

[١] فارابی —کتاب السياسة المدنية ص٦٥
[٢] فارابی — اراء اهل المدينة الفاضلة ص٢٠ وص٦٣
[٣] فارابی —کتاب السياسة المدنية ص٥٦
[٤] رسائل اخوان الصفاء وخلان الوفاء- رسالة رقم:٣٠ص١١٢-١١٣
[٥] جون لويز- مدخل الى الفلسفة دار الحقيقة بيروت، ترجمة:انور عبدالله، ط٢ ص١٩٤

Theses -untiTheses[١]، بەهەمان شێوە شلنگیش ئەو (ثالوث)ەی هەیە[٢]، لە بنەچەدا ئەو سێ کوچکەیەی هیگل تاڕادەیەك بۆ (فارابی) دەگەڕێتەوە کەوای دارشتبوو: (المادە ─الصورە ─المرکب من المادە والصورە)[٣]، سپینوزا پێی وایە (ئاین) و(ڕووناکی) ئەو جووتە دوودژەن[٤]، ئەرمنست هەمەنگوای و هوایتهید و هەتا ابو علای معریش هەمان ڕەئیان هەیە.

ئەو تیۆرە فەلسەفیانە لەلایەن مارکسیەوە زۆر بە قوڵ تر قۆزترایەوە، جووتە دوودژی کردە کرۆکی فەلسەفەکەی(وەك لینین دەڵێت)، بەو شێوەیە لە مارکسیەت لە پرۆگرامی تۆێژینەوەی فلسفی پەڕیەوە بۆ پرۆگرامی سیاسی و مێژووی و مەعریفە و... تا دەگاتە پەیڕەوکردنیش، سێ یاسای دیالکتیکیش لەسەر بنیاتکرا:

١ـ قانون وحدة وصراع الأضداد.

٢ـ قانون نفي النفي.

٣ـ قانون التحول من تغيرات الكمية الي تغيرات الكيفية[٥].

هەولیان دا لە هەموو شتێك دژ و ناکۆکی ببینەوە بەو شێوەی خوارەوە :

١ـ لە سروشت : (بڵند نزم)، (گەورە بچووك)ن، (خێرا هێواش)...

---

[١] مدخل الى الفلسفة - ص١٩٣.

[٢] المثالية الألمانية-شلنغ، دارالنهضة العربية، القاهرة ١٩٦٥ص٣٦٧.

[٣] فارابی- اراء اهل المدينة الفاضلة ص٦٥

[٤] سبينوزا –رسالة فی اللاهوت والسياسة، ترجمة:د حسن حنفی، دارالطباعة-بيروت، ط١ ص١٥ وەرگێڕی هەمان کتێب لە ص١٠٠ ئەو (ثالوثة)ی هیگلی وادارشتوە ئاینی یەهودی تایبەت Theses، ئاینی مسیحی دژی unti Theses کە ئیسلامیش هات ئەوا syn Theses، علی عزت بیکۆڤیجیش لە (الإسلام بين الشرق والغرب)هەمان ڕەئی دووبارە دەکاتەوە.

[٥] بروانە: أ- انجلس – ديالكتيك الطبيعة ص٧٨ ب- بودوستنيك وياخوت- عرض موجز للمادية الديالكتيكية ص٨٩-١١٢

٢ــ لە بیرکاری : (+، -)، (تەواوکاری داتاشراو)،...
٣ــ لە فیزیا : کارو کاردانەوە
٤ــ لە کیمیا : مادە و مادەی دژ، یەکگرتن وهەلوەشانەوە..
٥ -لە بایۆلۆجیا:مردن وژین، نوێبونەوەو فەنا..
٦ــ لە ئابوری: ململانێی هێزی بەرهەم وپەیوەندی بەهەم هێنان
٧ـ لە کۆمەڵگەو مێژوو: مل ملانێ ی چینایەتی [1].
٨ــ لەگیاندار:ململانێ بۆ مانەوە[2].

تا دەگاتە ووتە بە ناوبانگەکەی (لینین) کە ووتی : هەرچی ناوی (شتە) پێك هاتووە لە کۆمەڵە لایەنێکی ناکۆك، ناکۆکی سەرچاوەی بوون و جولەیە[3]،.. جیاوازیان نەکردوە لە نێوان (دژ)و(ناکۆکی) جگە لەوانەی سەروو بە ڕاشکاوانە تر لەلایەن المادیه الدیالکتیکیه هاتوە(الفارق شکل اولی للتناقظ، ثم یتحول الفارق فی سیر تطورها الی تضاد) [4].

ئەوە زۆر بەکورتی سەرنجێکی مێژوویی بوو بۆ فەلسەفەی(زوج)ی، بە ڕوونی تێکەلیەك بەدی دەکرێ، بۆ چاکردنی ئەو خەلەلەپێویست دەکا بزانین پێناس وتێگەیشتنی (ضد) و (زوج)ی لەو مدرسانەچۆنە؟ زۆر بەکورتی سیفاتی (ضد) و (زوج)یان بەو شێوەی خوارەوە گوزارش کردوە:

١ــ زدەکان (زوج) لە یەك کیان (لە یەك شت)نین بەڵکو دووکیانی جیان، نێر و

---

[1] بڕوانە : مارکس- انجلس، بیان الحزب الشیوعی، دار التقدم- موسکوص٦٥ لەوێ کۆمەڵگەی سەرەتایی لێ پەڕێنراوە چونکە گوایە چینایەتی نەبوە.
[2] تشارلس داروین- اصل الأنواع- مکتبة النهضة بغداد ص ١٩٠-
[3] بۆ زیاتر بڕوانە : (انجلس- دیالکتیك الطبیعة٢٤٩-٢٥٦) مارکس - رأسمال، انجلس-(انتي دو هرنك) و، لینین - دفاتر الفلسفیة، جۆرج بولیتزر - اصول فلسفة المارکسیة، ماوتس تۆنك - في التناقض، ستالین - المادیة الدیالکتیکیة والمادیة التاریخیة.
[4] مجموعة علماء السوفیت- المادیة الدیالکتیکیة ص٢٦٦

مێ جیایە، شەو و ڕۆژ، سپی و ڕەش،...جیایە.لە فەلسەفەی مارکسی بە ڕوون تر باس لە دوو جۆر (ضد) دەکا دەرەکی وناوەکی[1] هەروەك پیش تریش لە فەلسەفەی فارابی و یۆنانیەکانیش (دژی دەرەکی وناوەکی) بە جیا باس کراوە.

٢ ـ ئەوانەی ناونراوە (زوج) تەواونیە، ئەو کاتە دوودژن کە لەنێوانیان دۆخی سێیەم نەبێ، لە نێوان (ڕەش و سپی) زەرد و سەوز و سور.... زۆری تر هەیە، لەنێوان (چاك و خراپ) مام ناوەندی و پەسند و زۆری تر هەیە، لە نێوان ژن وپیاو نێرەموکیش..هەیە، کەواتە ئەوانە سیفەتی دوانەیی(زوج)ی هەڵناگرن کەتەنها دوودۆخ بێت.

٣ ـ لە ڕوانگەی ئەو مدرسانە (لە هرکلیتەوە تا مارکس)دوو جەمسەری دژ جێیان دەگۆڕنەوە، گەلێ جاریش لایەك بەسەر لایەکی تر زاڵدەبێ و دەگۆڕێ و دژەکی تر سەر هەڵدەدا.

٤ـ هەر لەو ڕوانگانەوە دەردەکەوێ کە دژێك هات دژی بەرامبەری دەڕوا وەك (مقدسی) جوانی گوزارشت کردوە و دەڵێت: (فبطل قول القائل أن ضد الجسم لا جسم وضد العرض لا عرض وضد الزمان لا زمان وضد المكان لا مكان وضد الشيء لا شيء لأن الأضداد أشياء متنافية)[2]، واتە پێکەوە لەیەك (کیان) لەیەك کاتدا کۆنابنەوە، لەسەر زەوی شەو و ڕۆژ کۆدەبنەوە، بەڵام بەبۆچوونی ئەوانە لەناو خودی شەو ڕۆژی ڕووناکی تێدانیە،... ئەوەش دەقا و دەق سیفاتی (تناقض)ە، نەك دژ.

بەکورتی لەوانەی سەروو دەردەکەوی کە :

١ـ هەریەکە لە(جیایی)، (خلاف)، (تنافس)، (تناحر)، (ضد)، لە فەلسەفە

---

[1] المادية الديالكتيكية ص٢٧٤

[2] البدء والتاريخ ص١١

لێك نەكرایتەوە[١]، ماوتسی تۆنگ هەمان ڕای لینینی گواستۆتەوە كە لە (فى مسائل الديالكتيك) ووتبوی:ان اتحاد (تطابق، وحدة، تواحد) الضدين مشروط، موقت، عارض، نسبي. أما صراع الضدين المتعارضين فهو مطلق، تماما كما أن التطور والحركة مطلقان)[٢]، لەشوێنیكی تر لینین دەڵێت ململانیی دژەكانە گەشە بەدەست دەهێنێ[٣]. ئەو لیك نەكردنەوەیە ماكینەی فەلسەفەی سەفسەتائیەكان بوە، نەیان زانیوە (زەوجی -دژ) تەنها دوە، هەرچی جیایی وناكۆكی و..ئەوانە سیفەتی(بەرامبەریان) نیە ئەوەیان ئەوسیفەتەیان بەكارهیناوە بۆیە توانیویانە بیسەلمینن كە مادام (من وتۆ جیاین كەریش لە من جیایە كەواتە تۆ كەری!).

لەلای زۆربەی موفەسیرەكانیش وا تێكەل كراوە هەروەك (ابن ابی حجلە- دیوان الصبابە) دەڵێت:(...وإنَّما ضدُّ القوة الضعف، وضد الجهل العلم، فالإختلاف أعم من التضاد، إذ كل متضادين مختلفين)، زۆربەی موفەسیرو مەعجەمیەكان وەك زكریا انصاری دەڵێن: (الضدان امران وجوديان يستحيل اجتماعهما فی محل واحد)[٤]، (ابن عربی)یش هەمان ڕای هەیەودەلی: (فما في الوجود مثلٌ، فما في الوجود ضد، فإن الوجود حقيقة واحدة والشيء لا يضاد نفسه)، لەكاتێكا لەدوایدا دەردەكەوێ كە(ضدان يجتمعان ويستحيل فصل بينهما)، فارابی بەوە قایل نەبوە كە دژ و جیاوازی یەك بن بەلاّم

---

[١] عرض موجزللمادية الديالكتيكية..ص٢٦٧ (ان مفهوم الفارق و التضاد يعبران عن واقع الواحد عن تناقض الداخلية)

[٢] ماو تسي تونغ- في التناقض، مؤلفات المختارة، دار النشر باللغات الأجنبية،١٩٦٨ بكين، ج١ ص٤٩٥

[٣] لينين- مختارات ط انكليزى م١١ ص٨١-

[٤] القاضى الأنصارى-الحدودالأنيقة والتعريفات الدقيقة-تحقيق:د مازن مبارك، دار فكر المعاصر-بيروت ط١ ص٧٣

لەدوایدا دژی هەر بە ناکۆکی تیژ لیك دایتەوە [١]، لەوەو پیش ڕای مارکسیشمان تۆمار کرد کە باسی لە (دژ) ی دەرەکی کردبوو، ڕەنگە ابن خلدون لە هەموان نزیك تر بێت کە دەڵێ(نقصان الضد عن ضده الكامل) [٢].

٢ ـ نەزانراوە کە خودی ئەو لایەنانەی (زوج)ی شیتەڵ دەبن، وەك (شەو کە پێك هاتوە لە ڕووناکی و تاریکی) [٣].. کە چی جەمسەرەکانی زەوجیە شیتەڵ نابن.

٣ ـ بۆ زیاتر خشتەکێکی جیاوازیەکانی (ضدین) لەگەڵ (تناقض) دەکەین :

	ضد	تناقض [٤]
١.	تەنها لە دوولا پێك دێت(دوانەی جمکن).	لە دوولا زیاتر.
٢.	لایەنەکانی دژ(زوج) لە شت و مەکەکان دەمێنێت و ڕێژەیان دەگۆڕێ.	لایەنەکان نامێنن ودەگۆڕێن.
٣.	ململانێیان نیە	ململانێ ی یەکتر دەکەن.
٤.	هەر لایەی مەرجی مانی بەرامبەریەتی.	مەرج نیە.
٥.	بە دیل نین بۆ یەکتر.	بەدیلن.

---

[١] فارابی –کتاب اهل الدينة الفاضلة ص٤١

[٢] ابن خلدون –المقدمة ص١٠٠.

[٣] لە تەورات ئەو ئایەتە زۆر نزیکە لەو باسە : (وَدَعَا اللهُ النُّورَ نَهَاراً، وَالظُّلْمَةُ دَعَاهَا لَيْلاً. وَكَانَ مَسَاءٌ وَكَانَ صَبَاحٌ يَوْمًا وَاحِدًا) ".سفر التكوين ١:٥– هەروەها هەر لە سفر التكوين–اصحاح ١ئایەتی16 فعمل الله النورين العظيمين.النور الاكبر لحكم النهار والنور الاصغر لحكم الليل.والنجوم.

[٤] هەندی مەعجەم جیاوازیان کردوە لە نێوان (ضد) و(تناقض) بەلام زۆر بەسادەیی، لەوانە ابو الحسن الجرجاني لە(التعريفات)، بەلام زاناو فەیلەسوفەکانی سەردەم بەباشی ئەو بەراوردەیان کردوە لە هەموان وورد تر (محمد باقر الصدر- فلسفتنا).

٦.	دژەکان تەنها ناوەکیە.	ناوەکی و دەرەکیە.
٧.	ڕەها و نەگۆڕن.	ڕێژەیی و گۆڕاون.
٨.	نەفی لایەکیان یە کسانە بە ئەوی تر نیە.	مەرج نیە. لایەکیشیان پێوانەی لاکەی تر بیت.
٩.	جەمسەرەکانی دژ دیارنیە.	دیارە.
١٠.	لێك جیا نابێتەوە و بە تەریبی لە گەڵ یەکن	لێك جیادەبێتەوە.
١١.	یەکتر تەواو دەکەن.	بە دیلی یەکترن.
١٢.	یەکتر سنوردار دەکەن.	لەسەر کەوتنا لایەکیان گەورە دەبێ.
١٣.	لایەکیان بەبێ لایەکەی تر مانای نامێنێ و ناسنامەی (شت) لە دەستدا.	بەبێ لایەکەی تر هەر ناسنامەی دەمێنێ.
١٤.	سنور لە نێوانیان نیە ئاوێتەن	زۆربەی جار سنورێکی روون لەلایەنە ناکۆکەکان هەیە
١٥.	سنورەکان لە ناوەڕاست نین، واتە هەرشتێك لە دوو ڕێژی جیا (دژ) پێك هاتووە.	سنوریان دیارە و کیانی سەر بە خۆن
١٦.	کۆن ونوێی تێدا نیە	تێیدایە
١٧.	حەلی نیە.	حەل کردنی دەبتە گەشە و زاڵ بوونی لایەك بەسەر لایەك
١٨.	زەوجی(دژ) لە یەك شت بە هاوتای پڕلەگەڵ یەکن	لەدووشت وناسنامەی جیان

خوداو سیستەمی (زەوجی)

هەندێ پێناس: لەو توێژنەوەیە پێویستمان بە چەند زاراوەیەك دەبێ کە زۆریان بەکاردەهێنین لەلایەکی تر پێناسەیەکی تایبەت و فەلسەفی پێویستە وکەمیش بەکارهاتوە بەو جۆرە مەنهەجە.

جەمسەر: مەبەستمان لێی جەمسەری لایەك لە دوو دژەکەیە، لایەك لە پێکهێنەری زەوجیەکەیە، لەو کاتە پێ ی دەووترێ (جەمسەر) کە لای بەرامبەری نەمێنێ، ئەگەر جەمسەری گەرمی بە نمونە وەرگرین ئەوە جەمسەرەکەی ئەوەیە لە هەر گەرمیەکی بونەوەرو ڕابینراو گەرمترە، واتا لەو کاتی بەتەواوی (سارد) لەتەنەکە (شتەکە) نەمێنێ، بەو شێوەیەش بۆ(جەمسەری گەورە)، (جەمسەری پۆزەتیف)،.....

بێ کۆتایی- infinity : مەبەستمان لێ ی پێچەوانە و دژی (سنوردار)یە، واتا لەپشت کۆتاییەکان، لەپشت سنورە... یان بەکورتی بەدەرە لە بونەوەر.

ڕووت (پەتی- خالص) : لەباری ئاسایی کاتێ کە دۆشاوێکی بەتەنها لە ترێ یان لە خورما یان هەر میوەیەکی تر پێی دەوترێ دۆشاوی ساف(خالص) یان ڕوون یان پەتی، لەو بابەتەش کاتێ بەرەبەرە لایەك لە دوو دژەکە لەتەنەکە زاڵ دەبێ، واتا لای بەرامبەری دەردەکات، ئەوا بە (ڕووت) یان (پەتی- خالص) ناودەبرێ وەك ساردی ڕووت، (گەورەی ڕووت).

ئیستا بەوپێناس و دەروازانەو بە مەنهەجێکی توێژینەوەی تازە دەچینە نێو سیستەمی زەوجی لە بونەوەر، لەوێشەوە بۆ ناسینی خوا، هەوڵدەدەین لە نمونە ساناکانەوە دەست پێ بکەین.

جەمسەرەکانی زەوجی لەبوونەوەردا

ئەگەر تۆزێك سەرنج بدەین دەبینین هەر شتێك پێكهاتووە لە كۆمەڵێك (دوو دژ) (ازواج) كەیەكێ لە بەندە هەرە گرنگەكانی بوونەوەرە، كە لە ئایەتی (وفی كل شیئ خلقنا زوجین) هاتوە، وەك (سارد، گەرم)، (سەر و خوارو)، (خێرا، وەستان)، (ڕەق نەرم)، (زانین نەزانین) خۆی لە ئەسلدا هەر "بوون"ێك بەهۆی هەردوو دژ بوویتە بوون سنوورداره بۆ ئێمە ڕەخسێنراوە، ئەگەر سارد نەبێت هەر هەموو تەنێك لەو دونیایە لەبەر دەسەڵاتی گەرمی موتلەق دەبووە هەڵم، یاخود هەر بوونی نەدەما هەروەهاش بۆ هەموو شتێك..

جا ئێستا ئەگەر ئێمە هەر لە بوونی دژێك بۆ (دوو دژ) دەسەڵاتی ئەوی تر وا ڕەها بێت. دیارە خوای گەورە نەك هەر دژی نیە بەڵكو خۆی دروستكاری ئەو (دوو دژانە)یە، بۆیە دەسەلاتی تواناو زانیاری و تەمەنی.. هەر هەمووی بێ كۆتاییە (واتا سنوری نیە)، كە لەبیركاری بە (ئینفینیتی) نیشان دەدرێت، بێ سنوریش تەسەور كردنی ئەستەمە، بۆیە سیفەتەكانی خوای مەزن موتلەقە بەسەر ئەو بونەوەرە و بونەوەری تر هەموو شتێكی پێدەكرێ و لەهەمووی ئاسانتر دووبارە زندوو كردنەوەمانە، بەو شێوەیە دەچینە نێو ئەو بابەتەو هەندێ نمونەی(جەمسەرەكانی) زەوجی لەو بوونەوەرەی خۆمان وەردەگرین.

یەكەم: زەوجی لەبڕ و ژمارەدا

بۆیە ژمارەمان هەڵبژارد چونكە لەهەمان كات مانای (كمیە- بڕ) یش دەبەخشێ لە سروشتدا، لەلایەكی تر هەر ژمارە و بڕێك چ موجەب چ سالب زۆر بە موتلەق وڕووت دەردەكەوێ، كەچی لەناوەوەدا زەوجیە، هەردوو دژی هەڵگرتووە لەچەندین لاوە، موجەب و سالبی هەڵگرتوە، سنووردار و بێ سنوری هەڵگرتووە،

گەورە و بچوكی هەڵگرتووە، بەكورتی لێرە دەریان دەخەین:

١- زەوجی موجەب و سالب:

هەر ژمارەیەك چ موجەب چ سالب لەناوەوەدا لە دوو ڕێژەی دژ بەیەكی (زوج)ی پێكهاتووە، سادەترین نمونەی ژمارە (٢) وەردەگرین، وادەردەكەوێ زۆر پتە و موكوم موجەب بێت، موجەبی پەتی بێت، كەچی سالبیشی هەڵگرتوە، پێك هاتووە لە (+٥، -٣) یان (+١٢، -١٠) هەر یەكن، هەرچی ژمارەیەكی تر بگری بەو شێوەیە پێكهاتووە، دەتوانین هەمان كردار بۆ هەر ژمارەیەكی سالبیش ئەنجام بدەین و شیتەڵی بكەین بۆ دوو دژی زەوجی، ئەگەر نمونەی (-٦) وەرگرین وادەردەكەوێ لە (سالبی) ڕووت(موتلەق) پیكهاتبێت، كەچی ئەویش لە دوو بڕی دژ بەیەكی زەوجی پێكهاتووە، لە (-٨، +٢) یان (-٢٠، +١٤)، ئەو بۆ گەورەترین ژمارەو بچوك ترینیان هەروایە وسالبو موجەب لە یەك ژمارەی سادە كۆبوویتەوە، كەواتە هیچ ژمارە و بڕێكی موجەب یان سالب نادۆزیەوە ڕووت، موتلەق، هەموی زەوجیە.

ئەگەر (موجەب) بكەینە گەورە و سالبیش بكەینە بچوك ئەوا لەڕووی (كمیە، بڕ) كار ئاسانیمان بۆ دەكات كە بزانین هەموو تەنێك هەموو شتێك لەو گەردوونە لە دوو لای زەوجی بچوك و گەورە پێكهاتووە، گەورە و گەورەتر و گەورەترین.. ئەو مانایە وەردەگرێ كە بچوك و گەورە لەناو ئەو تەنانە كۆبوینەوە، هەر بۆیەش لەیەك تەن دەتوانین بەهەردوو ئاراستەی گەورە و بچوك وەسفی بكەین، كە دەڵێین ئەو بەردە گەورەترە لەبەكتریا، لەهەمان كاتدا بە ئاراستەی پێچەوانە دەتوانین بڵێین ئەو بەردە زۆر لە شاخێك بچوك ترە (واتا سیفەتی بچووكی و گەورەیی) هەڵگرتووە، هەر لەبنەچەشدا (نیسبیەتی) وەسفی ئەو تەنانە لەوەوە هاتووە كە لە زەوجی پێكهاتوون هەرلەبچوكترین تەن تا گەورەترین تەن لە بوونەوەر، بەهەمان

شێوەش بۆ ژمارەکان، چەند گەورە بن لە سالب ڕزگار نابن بـە زنجیرەیـەك گـەورە و گەورەتری یەکجار زۆر، تادەگاتە نزیکەی (infinity) بێ کۆتایی، کـە بەنیشـانەی (∞+) دیاری دەکرێت، لای سالبیش (∞-) هێمـا دەکـرێ، واتـا موجـەبی ڕووت، موتلەق،.. یاخود پێ ی دەوترێ جەمسەری موجەب، لەتەنەکانیش پـێ ی دەوتـرێ جەمسەری گەورە (یان گـەورەی موتلـەق) واتـا گـەورەتر لەهـەر تـەنێکی گـەورەی ڕابینراو، بەهەمان شێوە بۆ بچوك، ئـەو لێکدانەوەیـەی سـەروو زۆر جیایـە لەگـەڵ زەوجی لەشێوەی نێر و مێ (+، -)، (شەو، ڕۆژ)،... کـە لەتەفسـیری ئـەو ئایەتـە هاتووە، هەروەها لە فەلسەفەکانی مارکسی و هیگل هـاتووە، لەباشـترین دۆخ کـە زەوجیان بۆ ژمارە و بڕ دۆزیبێتـەوە وایـان تۆمـار کـردووە: "بـۆ هـەر ژمارەیـەکی موجەب ژمارەیەکی سالب بەرامبەری هەیە"، بۆ (٢) ئەوا (-٢) هەیە، بـۆ (-٦) ئـەوا (+٦) هەیـە، وەك نێـر و مـێ بەرامبـەر یـەکتر، لـەدەرەوەی یـەکتر، ئـەوە (هاوتا)یە نەك (دژ) و (زوج)، ئەوەی لێرە باسمـان کـرد لـەدەرەوەی ژمارەکـە نیـە، گەورە و بچوکەکە لـەدەرەوەی تەنەکـە نیـە، لـەناوخودی خۆیـەتی، ڕەنگـە هەنـدێ (متناقضاتي بارادوکسي)ی بیرکاری بهێننەوە و بڵـێن کـوا بەسـەر هـەموان پیـادە نابێ، لە ڕاستیدا لە بیرکاری پرۆسەی پێچەوانەی وەك (کۆکردنەوە و لێکدەرکردن)، (راسـتەهێل و چـەماوە)، (تـەریب و یـەکتربڕ)، (ژمـارەی خـەیاڵی و ژمـارەی راستەقینە)، (یەکگرتن و یەکتربڕین) (داتاشراووتەواوکاری) (تواناو ڕەگ).. ئەوانە دژ نین وەك ئەنجلس لیی بەهەڵە داچوە، بەڵکو پرۆسەی پێچـەوانەن[1] ، هـەر لـەبارەی ژمارەو پرسی نێرو مێ ئەوە فیساگۆرس ژمارە تاکـەکانی بـە (نێـر) گـوزارش کـرد

---

[1] ئەو بابەتانە بەدرێژی لە هەردوو کتێبی (دیالیکتیك الطبیعة)و (انتي دوهانك) ی فریدریك ئـەنجلس تۆمارکراوە، ئەنجلس دەلیـت :چۆن بیرکـاری واپـیش کـەوت بـە هـۆی تیخسـتنی (گۆڕاو)لەلایـەن دیکارت، ئاواش چـەمکی جـولان پـیش کـەوت کـاتی ئیمـە دیالکتیکمـان تیخسـت (دیالکتیـك الطبیعة ص٣٠١).

وژمارە جوتەکانیش بە مێ، کەچی ئەوە ڕاست نیە چونکە ژمارەی تاك وجووت موتلەق نینە خالی نین لە یەکتر، بۆ نمونە ژمارەی ٣ پیك هاتوە لە کۆی(١+٢) واتە هەمو ژمارە تاکەکان تۆخمی جوتیشی تیدایە.

بەهەمان شێوەش بۆ ژمارەی جوت، ئەو بەشانەی بیرکاری سەروو کە بەڕاستەقینە ڕەنگدانەوەی واقیعی وسروشتی بێ ئەوا زەوجیەکەی بەشێوەی سەروو بەسەردا پیادە دەبێ، بەڵام بەشە خەیاڵیەکەی تەنها لە بیرکاری پەتی هەیە (نەك واقیعی) ئەوا لێ ی بەرپرسیار نین.

لێرەدا دەردەکەوێ کە بیرکاری پەیوەندی بە (فەلسەفەی خوایی) هەیە هەروەك فیساگۆرس ودوایش لە(رسائل اخوان الصفاو)باس کراوە، کەچی ئیمام غزالی پێی وایە ئەو زانستە زۆر دوورە لە زانستی (ئیلاهیات)ودەڵێ: (أما الرياضيَّات التی هی نظر فی الکم المنفصل – وهو الحساب - فلا تعلق للإلهيات)[1].

٢- زەوجی سنوردار و بێ سنور (المحدود و اللا محدود)

ئەگەر تەنێك چەند جار کەرت بکەین وکەرتە تازەکە کەرت بکەینەوە، دەبینین ئەو پرۆسەیە کۆتایی نایە شتێك هەر دەمێنێ[2]، تا ئەو ڕادەیە سنوری نامێنی

---

[1] حجە الإسلام أبی حامد الغزالی - تهافت الفلاسفە ص٦ دەبی خوینەر ئاگاداربێ لە چاپی تر (ص٦)نیە، لەچاپەکەی (موریس بویج) کە د ماجدفخری پیداچوونەوەی کردوە ص٤٤.

[2] لە فلسفەی یۆنانی کۆن لەسەر دەستی ئەبیکرات ئەتۆمی کردە ئەو پارچەیەی چیتر پارچە پارچە ناکرێ، کەچی ئیستا لە ناو ئەتۆم ئەلکترۆن وپرۆتۆن ونیوترۆن ولەناو ئەوانەش کوارك دۆزراوەتەوە هیچیش لەوانە کۆتایی نیە، کوارکیش وەك تەنیکی ئاسایی لە هەزاران پیکهاتەی بچوك تر پیکهاتوە، وەك بیرێکی بێ بنە، لەکۆنەوەش ئەرستۆ ووتبووی هیچ پارچەیەکی بچوك نیە پارچەنەکریتەوە تا بێ کۆتایی، المطهر بن طاهر المقدسی-البدء والتاريخ ص٩ وا هاتوە: ولما جاز لقائل أن يقول أن الله قادر علی أن يرفع من الجسم كل اجتماع خلقە فيە فأقل الاجتماع بين جزئين قال ابن بشار النظام وهشام بن الحكم أنە يتجزأ تجزءًا بلا نهاية.

ئینجا کۆتایی دێت، ئەوکاتە کۆی کەرتە بێ کۆتاییەکان دەکاتەوە تەنە ئەسلیەکە، کەواتە هەر تەنێکی سروشتی لەو بونەوەرە خۆی سنورداره بەڵام لە کەرتی بچوکی بێ کۆتایی پێك هاتوە، بۆ ئاسانکاری با ئەو پرۆسەیە بە بیرکاریانە گوزارش بکەین : بۆهەر ژمارەیەك خۆی وادەردەکەوێ بە ڕووتی سنوردارە، کەچی لەناوەوە لە کەرتی بچوکتری بێ پایان پێك هاتووە، بەسادەییش لە بڕێکی ژمارەیی گوزارش دەکرێ، با دووبارە ژمارە (٢) وەرگرین دەبینین سنوردارە، کەچی لەهەناویدا ژمارەیەکی بێ پایان (بێ سنور) لەژمارەی بچوکتر لەخۆی پێکهاتووە، کە بریتیە لە ١+١\\٢+١\\٣+١\\٣+١\\٤+... کەواتا لەهەناوی ژمارە(٢) سنوردار و بێ سنور، کۆتایی و بێ کۆتایی کۆبویتەوە، بەهەمان شێوە هەر بڕێکی ترو هەر تەنێکی تری واقیعی و سروشتی لەو بونەوەرە ئاوا خۆی سنوردارە بەڵام لەپارچەی (بێ کۆتایی) بچوکتر پێکهاتووە.

ئەوەش دەقاودەق مانائەعجازیەکەی ئایەتەکە پێشان دەدا کەزەوجی لە هەمولایەنەکان ولەهەمو شتێکدا هەیە، لەوەدا ئێمە توانیمان ئەوەندە شێوەی (زوج) بدۆزینەوە، زۆری تریشی تێدایە جاریٚ بە ئێمە نادۆزرێتەوە.پێویستە لێرە هەلوەستەیەك بکەین ئەگەر ئەو پرۆسەیەی وا لێرە بە (دژ-زوج)ی گوزارشی دەکەین ڕەنگە مارکسیەکی نوی یان هیگلیەکی هاوچەرخ بلی ئەوەتا ئەوە (ناکۆکی ودیالکتیك)ە لە ناخی هەموشتەکان هەیە، بەبەراوردیك زۆر سادەو بەبەکارهینانی ئەو خشتەکە جیاوازیەی لە نێوان (چەمکی دژ وچەمکی ناکۆکی)یمان کرد، دەردەکەوێ ئەوە دژو (زەوج)ی نەك ناکۆکی.

دووەم: زەوجی لە ڕووداو

١- **حەتمی و مەحاڵ:** زەحمەتی هەرە گەورە لەو جۆرە توێژینەوە دۆزینەوەی جەمسەرەکانیەتی، هەندێکیان ناوی هەیە هەندێکیان هەر ناوی نیە(نەك لە

زمانی کوردی لە عەرەبیش) دەبێ بۆی بتراشرێ یان ناو ناسنامەی تازەی پێبدرێ، خۆش بەختانە زاراوەی ئامادەو باو هەیە بۆ هەردوو جەمسەری (ڕووداو)، بریتین لە (حەتمی و مەحاڵ)، حەتمی بەمانای هەر دەبێ ڕوویدا لە کات و زەمینی خۆی، مەحالیش پێچەوانە و دژایەتی، واتە بەهیچ شێوەیەك ڕوونادا، بە ڕوونی دیارە هاتنەدی حەتمی لە ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان زەحمەت ترە، مەحال ئاسان ترە

لەوەوە مەزهەبی جەبری سەری هەڵداو پێیان وابوو ڕووداوەکان لەدەست مرۆڤ نیە ومسەیەرە، لەناو فەقیهانی ئاینی وبەتایبەتی ئیسلامی زۆر بڵاو بوو، تا ڕادەیەك بەشێك لە فەیلەسوفان وخودی فەلسەفەی مادی میکانیکی و دیموکریتس وەك مەزهەبی جەبری رایان وایە هەمو شتیك جەبرە، ڕاستە لەو دنیایە ئازادی و(خیار)کەمترە، ڕووداوەکان بە لای جەبری زیاترە نەك ئیختیاری، بەڵام جەبری نیە بەتەواوی، هەرچی ڕووداوە واتا پیناسەی ڕووداو هەڵدەگرێ، لە دوو جەمسەر پێك هاتوە، هاتنی شەو لە دوای ڕۆژ، زستان لە دوای هاوین، پیری لە دوای گەنجی،... ئەوانە ڕووداو نین- بەڵام دیسان لە نێو ئەوانەش هەردوو لای (زوجی) حەتمی و مەحاڵی تێدایە، ڕووداو ئەوانەن کە بەرێکی دووبارە نابێتەوە یان هەر لە پێشتر هەر رووی نەداوەوبەدەرن لە یاسای سروشتی زانراو، توخمی لە (ناکاو)ی تێدایە، ئەو جۆرە ڕووداوانە چڕترو زیاتر دەبن تا لە سروشت زیاتر بەرەو ژیان بڕۆی، لە (٦) جۆرە جوڵانەوەکەش بەرە بەرە زیاد دەکات تا دەگاتە کۆمەڵگە، بۆیە پیش بینی ڕووداو لە سروشت ئاسان ترە نەك لە کۆمەڵگە، ڕووداوی سروشتی وەك بروسك و زریان و داڕمان و بورکان و...ڕووداوی کۆمەڵایەتی و گیاندارانیش دیارن، هەر لە چالاکی فایرۆس و بەکتریا تا ڕووداوی دڕندەکان و شەڕو شۆڕی نێو کۆمەڵگە و زۆری تر دەگرێتەوە، سەرەڕای ئەو پۆلێنەش هەرچی

ڕووداو هەیە هەرگیزو هەرگیز ئەگەریە(ئیحتمالیە)، تەنانەت ئەوانەی ئێمەش ناوی لێ دەنێین حەتمی یان مەحاڵ، هیچ لایەکیان رووت و پەتی نین، هەرگیز حەتمی و مەحالی تێدایە، بۆیە پێش بینی موتلەق ١٠٠٪ لەو بونەوەرە نییە، ئێستا لە ڕاڤەی (کێشەی ڕێکەوت –الصدفە-) جوانتر ئەو (زەوجیە) لەهەموو ڕووداوێك بەشێوەی بیرکاریانە گوزارشت دەکەین.

لەلایەن فەلسەفەی مارکسی و هەندێ تەیاری میسالی دوو جەمسەری ڕووداوله(ڕێکەوت و پێویستی –الصدفة و الضرورة) کۆکرایتەوە، بەجۆرێك (گوایە) ڕووداوە (زەروریەکان) بەهۆی هۆکارە ناوەکیەکان ڕوو دەدەن وحەتمین، ڕووداوە ڕێکەوتەکانیش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی ڕوودەدات، هەردوولاش دژ بەیەکن[1]، لە ڕاستیدا قەبارەی بەشداری هۆکارە ناوەکیەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە (حەتمی) کە (ناوی زەرووڕەی ناوە) هەیە، هەرچی بەشداری هۆکارە دەرەکیەکانی هەر ڕووداوێکە پەیوەندی بە لای (محال) هەیە (کە لێرە ناوی صدفەی لێنراوە)، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش دەبێ ئاگادارین گەلێ ڕووداو هەیە لەلای ئێمە بە محال پۆلێن دەکرێ (یان پێچەوانەوە) ئەوا لە ئەسلدا وانیە، زانیاری وتوانای ئێمەیە جارێ دەست کورتە و وادەزانین حوکمەکەی وایە، ئەگینا لە جێی خۆی مەوزوعیانە جۆرێکی ترە، هەر لەوەشەوە بۆمان دەردەکەوێ بەپێ ی زانیاری (نیسبی) ئێمە ئەو ڕووداوانە بە (صدفە) لێك دەدەینەوە و مەرج نیە وابێ، ئینجا ڕووداوە (صدفە)ییەکان مانای (محال) نابەخشێ، کە ببێتە جەمسەر دژ بە (ضرورة-یان- حتمي)، محال مانای هەر ڕوونەدانە، بۆیە بەشێك لە زانایانی ئایینی سەردەم (لەوانە سیدقوتب) دەگاتە ئەنجامێکی پێچەوانەی ئەوانە و دەڵێ (صدفە) ڕێکەوت لەو گەردونە هەر نیە، لەپێش ئەو دیموکریتیس لە (تیۆری ئەتۆمی)

---

[1] عرض موجز للمادية الديالكتيكية ص١٢٩ هتروةها بڕوانةتف انجلس –ديالكتيك الطبيعة ص٢٥٢

نکولی لە (صـدفە) کردبـوو، لوکریـت (٩٩-٥٥ پ ز)و (تۆمـا ئـەکوینی)یش ئـەو ڕایەیان هەبوو، تەنانەت هولباخ زۆر مادیە کەچی ئەویش ڕای وایە ڕێکەوت بوونی نیە.

لە ڕاستیدا ڕێکەوت هەیە بەڵام:

(١) جەمسەری دژ بە حەتمی نیە.

(٢) ڕووداوی ڕێکەوت بە ڕووتی و پەتی لـە هۆکـارە دەرەکیـەکان پێـك نایـەت وەك مارکسیەت بانگەشەی بۆ دەکات.

(٣) ئـەویش لەژێرسـایەی یاسـایە بـەڵام زەحمەتـە دۆزینـەوەی بۆیـەش نـاوی (ڕێکەوت)ی لێنراوە[1]، مادام ڕیکەوتیش لە چوارچیوەی یاسـایە ئـەوا بەشـێکە لـە (نظرية الاحتمالات).

بۆ ساغکردنەوەی (بەکورتیانە) پاڵپشت دەکەینە شێوازی زانستی (ئەگەرەکان- نظرية الاحتمالات). ئەگەر ڕووداوێـك یـان ئەگـەرێك حـەتمی بێـت ئـەوا نرخەکـەی (١)ە، ئەگەر محالیش بێ نرخەکەی (سفرە)، بـەو پێیـە ئەگـەری هەرچـی ڕووداوێـك لەنێوان (٠,١) دا دەبێت[2]، کەواتا ئەگەر (صدفە) دژی (حتمـی) بێـت ئـەوا دەبـێ نرخی ڕوودانی سفر بێت، واتا هـەر ڕوونـادا و جـوت دەبـێ بـە (محـال)، بـە ڕوونـی دەردەکەوێ ئەو بۆچوونە هەڵەیە، سەرچاوەی هەڵەکە لەوە دێت کـەوا تێگەیشـتوون (صدفە) تەنها بەهۆکارە دەرەکیەکان ڕوودەدەن، هەر خودی ڕووداوەکە پێویستی بە (خود) هەیە، هەتا ئەگەر هەمووشی هۆکاری دەرەکـی بێـت وەك (کاریگـەر) ئـەی (کارلێکراو)؟ ئەوە خودی تەنەکەیە (شتەکە)یە، کـە ڕووداوەکـەی بەسـەردێت هـەر

[1] ئەگەر بەووردی سەیری لێدانی ئەو ژمارانە بکەین واتڕوا: ٠، ٢، ٤، ٢٤، ٢٥٦... زەحمەتە بزانین لە پێنجەم ژمارە چیە و وادەزانین بە ڕێکەوت دەکەوێتە سەر ژمارەیەکی تر، بەلام ئەگەر یاسایەکەمان دۆزیەوە ئەوا زۆر ئاسان دەبێ، کە بریتیە لەیاسای $(n^n - n)$ ئەوا چاوەڕوانی سودفەکە ناکەین بەلکو دەزانین دەکەوێتە سەر ژمارەی(٣١٢٥).

[2] تێبینیەکی زۆر لەسەر (سفر) هەیە بەڵام وەك باوە لەو نەزەریە هەروا لەسەری دەڕۆین.

دەبـێ (زەوج)ی بێـت، هـەر لەبـەر ئەوەشـە دەبیـنین هەنـدێ (صـدفە) هەیـە زۆر دوورترەلە هەنـدێکیان، سـودفەی لێـدانی کارەبـا لـە ئەنـدازیارێکی بەشـی کارەبـا نزیکترە لە جوتیارێك، (صدفە)ی بەرکەوتنی شوفێرێك بە ئۆتـۆمبێلێکی تـر نزیـك ترە لە سـەربازێکی دەریـاوانی، بـا ئـەو نمونانـە بـە بیرکاریانـە گوزارشـت بکـەین، بۆئەوەی ئەگەری ڕوودانی پێکانی جوتیارێکی کـورد بـە بروسـك لەشـاری مەککـە (بەنمونە) سەعات ٩:٢٠ ئەوەندە ئەگەرودۆخانەی خوارەوە وەردەگرین:

- دەشێ ئەو ساڵ نەچێتە حەج ونەچێتە مەککە... a_1
- دەشێ بیەوێ بچێ بەڵام باری ماددی ڕێگربێ... a_2
- دەشێ بیەوێ بچێ بەڵام نەخۆش بوو ... a_3
- دەشێ بیەوێ بچێ نەهات بوو ... a_4
- دەشێ بیەوێ بچێ بەڵام ناوی دەرنەچوو ... a_5
- بـۆی ڕێککـەوت بچـێتە حـەج ومەکـە بـەڵام ئـەو ڕۆژە و سـەعات ٩:٢٠ لـە ڕۆژێکی هـاوین بـوو کـە ڕوودانـی بروسـك زۆر دورە... بـەو شـێوەیە هـەزاران ئەگەری تـری لـە پێشـەبۆ ڕوودانـی، دەبـێ هۆکـاری زۆر زۆر و لەیـەك کـات و ساتدا کۆببێتەوە ئینجا ڕوو بدات.

کـــەواتا $a_1+a_2+\ldots+a_n=A$ ئـــەو لایەنانـــەن دژی ڕووداوەکـــەن، مەحالیەکەیتی، کەدەکاتە هـەزاران دۆخ، ئەگـەری ڕوودانـی (صـدفە) کـە دەبێتـە: $A\backslash^1$ ئەگەرێکی زۆر کەمە وەك دیارە ئەو نرخە هەرچـەندە زۆر بچـوکە بـەڵام سـفر نیە.

ئەگەر $A\backslash^1$ ئەگەری ڕوودانی(صدفە)کە بێت، ئەدی نرخـی($1-A\backslash^1$) چـیە؟ ئـەوا نرخی (محالی) ڕوودانە، کۆی هەردوولای دژ(زەوجی) دەکاتە (١) [١]، ئـەوەش نرخـی

[١] یەکی لە نیشانەکانی (زەوجی-دژ)وتمان یەکتر تەواو دەکەن، مانا بیرکاری تەواو کردن ئەوەیە کۆی(دوو دژ) دەبی بکاتە (١).

ڕووداوەکەیە بەتەواوی لە دوای ڕوودانی، کەواتا (صدفە)ش زەوجیە و دوولای (حەتمی و مەحال)ی تێدایە، دەتوانین بڵێین ڕوون ترین شێوازی زەوجی لێ بەدی دەکرێ، بەو شێوەیە نەك هەر ڕووداوە (صدفیەکان) بۆ هەموو ڕووداوەکان ئەوا زەوجیە، کەواتە چۆن هەموو وەسفێك نسبیە ئاواش هەموو ڕوداوێك ئیحتیمالیە، و ڕووداوەکان لەنێوان (١، ٠) بەکەوانەی کراوەش نەك داخراو بۆچی؟ مادام هیچ ڕووداوێك لەو جیهانە ١٠٠٪ محال نیەو ١٠٠٪حەتمیش نیە.

سێیەم: زەوجی لە جوڵان

لەیەکەمدا زەوجیمان لەبەشێك لە پێکهاتن دیارخست، ئەوجارە بەلای دۆزینەوەی زەوجی دەچین لە جوڵانەوە، ئەویش لایەنەکانی (دوورکەوتنەوە نزیك کەوتنە)، (خێرایی و وەستان)، (چەپ و ڕاست)، (سەروو و خواروو)... ئینجا کاریگەری فاکتەری دەرەکی و ناوەکی لە جوڵاندا باس دەکەین، لەم ڕووەوە هەندێ موفەسیر ئاماژەی باشیان بەلایەنێك داوە و (الحركە و السكون) وەك زەوجی نیشاندراوە، کەلەگەڵ مەنهەجی ئەو توێژینەوە کەمێك نزیکە، هەرچی لەبەشەکانی تری فەلسەفە بەتایبەتی فەلسەفەی مارکسیزم و لەسەر دەستی ئەنجلس لە کتێبی (انتي دوهرنگ) و(ديالكتيك الطبيعة)باسي لایەنێکی گرنگی کردوە بە ئەدریسێك دەڵێ (الحركة نفسها تناقض) بەڵام ئەو نەچووە زەوجی لێ بدۆزێتەوە، بەڵکو زیاتر بە فەلسەفەی هیگل دەچێ کە دەڵێ (تناقض)ەکە لەوە دێت هەر تەنێك کە دەجولێ لەسەر خاڵێکە لەهەمان کات لەسەر خاڵێکی ترە[1]، ئەوانە تەواو گوزارش لە(زەوجی) ناکات، وەك لەخوارەوە باسی زەوجی ڕاستەقینە دەکەین.

١-لەمەکانی (دورکەوتنەوەو نزیکبوونەوە): لەهەر خاڵێکی سەر ئەو زەویە دەست بەجولە بکەین بەرەو هەر ئاڕاستەیەك ئەوە لەیەك کاتتدا

---

[1] فريدريك انجلس -انتي دوهرنغ- ترجمة: فوئاد ايوب، ط١ ١٩٦٥ص١٠١ و ص١٤٤-١٤٥.

پرۆسەوجولەیەکە دورکەوتنەوە و نزیك بوونەوەیە لەهەمان هەنگاودا، کاتێك لەشاخێکی وەك جودی بتەوێ بچیە ئازەربیجان بەرەو ڕۆژئاوا بەڕێ دەکەوین لەسەرەتادا وا دەردەکەوێ بە ڕوون و ئاشکرایە دورکەوتنەوەیە، کەچی بە حیسابێکی زۆر سادە دەردەکەوێ کە ئەوە نزیك بوونەوەشە لە جودی.

ڕەنگە ئەو هەنگاوەی دورکەوتنەوە لە شاخی جودی تا نزیك ئەمریکا ڕوون نەبێ چۆن نزیك بوونەوەیە لەوێوە هەر بەهەمان ئاراستەی ڕۆیشتن دەبینی وا بەرە بەرە ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی و پشتت لە ڕۆژئاوا کردووە، کەواتا هەر هەنگاوێکی جووڵە دوو گوزارشی جیای دژ بەیەك دەخوازێ، دەتوانی بڵێی ١٠ کم دوورکەوتەوە بە ئاراستەی ڕۆژئاوا لەهەمان کات بەو بڕە نزیك بۆتەوە لە ڕۆژهەڵاتی هەمان شاخ بەدەوری زەوی، واتە هەرجولەیەك دورکەوتنەوەو نزیك کەوتنەوەیە لە هەمان کاتدا، ئەوەیان لەوفەرمایشتەی ئیمامی علی نزیکە کە دەڵێ(رب بعیداقرب من قریب، وقریب ابعدمن بعید)[1]، ئەوەیان بە ئاڕاستە جیاجیاکانی چەپ وڕاست و هەمو لایەك ڕاستە، ئەو ڕاستیە هەر زەوی ناگرێتەوە بەڵکو تەواوی بونەوەر دەگرێتەوە مادام ڕاستەهێل و تەختایی گەردونی نیە بەڵکو چەمانەوەیە[2].

لەو نمونە لایەکی تر لە زەوجی بەدەر لە جولانەوە دەدۆزیتەوە، ئەویش پەیوەستە بە مەکانی، واتا هەر خاڵێك لەسەر زەوی لەهەر شوێنێك پێك نەهاتووە لەیەك دووری، بەڵکو لەچەندین لاوە بگرە بە بێ کۆتایی لە ئاراستەی جیای دوو دژ، (دوور و نزیك) پێکهاتووە، وەك شێوازی ڕووتەختی دیکارتی ئاسا، واتا ئەگەر بمانەوێ دوری جودی بۆ لەندەن

---

[1] الف کلمة مختارة-دار الأندلس ص٨٨

[2] بڕوانە: اینشتاین والنظریة النسبیة-تعلیق:د محمدعبدالرحمن مرحبا، دارالقلم، ط٨ ص١٣٥-، هەروەها کتێبی(الکون الأحدب).

گوزارش بکەین بە دوو ئاراستە دەکرێ، دەتوانین بڵێین (X-هێندە)کم بەلاّم بەئاراستەی دژ (رۆژهەلاّت) (y-هێندە)کم دوورە (یان نزیکە)، کەواتا هەر خاڵێك لەسەر زەوی بە ئاراستەی چەپ و ڕاست بە ئاراستەی سەروو و خواروو، بە ئاراستەکانی نێوان ئەوانە دوو دووری یان دوو نزیکی هەڵگرتووە، ئەوەیان بۆ گەردوون و تەواوی بوونەوەرە.

٢- زەوجی لە فاکتەری دەرەکی و ناوەکی بۆ جولاّن: وەك لە پیشوو باسمان کردلە تێکرای جولاّنەوە (٦) جۆر بەدی دەکرێ:

(١-جولاّنەوەی میکانیکی ٢-جولاّنەوەی جیۆلۆجی
٣- جولاّنەوەی کیمیایی ٤-جولاّنەوەی بایۆ لۆجی
٥-جولاّنەوەی کۆمەڵگە ٦-جوولاّنەوەی فکری).

سێ پۆلی یەکەم جمو جۆڵی سروشتیە، زۆر جیایە لەگەڵ (٣) جولاّنەکەی تری ژیانی، هەروەك لە فەلسەفەکانی هیگل ومارکیسزم و باقی هاوتاکانی تر بەیەك چاو تەماشای کردوون، لە کاتێکا (تناقض)ی کردۆتە یاسا بۆ جولێنەری سروشت و کۆمەڵگە و فکر وەك فاکتەری ناوەکی، کەچی ناتوانن یەك نمونە لەو سروشتە بهێنێتەوە کە (وەسف ومەرجی تناقض) هەڵگرێ[1]، ئینجا جوڵەو (تەتەور-گەشە) لێك جیان، جولەی سروشتی بازنەییە لە شێوەی (ئاوشلە-هەڵم-ڕەق-ئاو) (مریشك-هێلکە-جوجکە-مریشك)...، واتە لە سروشتدا نە گەشە هەیە نە(تناقض)، چ جای (دژ) کە بە گوزارشتی ئەوان پلەی بەرزی(تناقض)ە، لە جولەی کۆمەڵگەدا (تناقض) هەیە بەلاّم ئەو مەرجانەی دیالێکتێك ناهێنێتە دی، ئەوەی دەهێنیتە دی فاکتەری دەرەکی وناوەکیە.

---

[1] لە زۆربەی کتێبە مارکسیەکان مەرجی دیالکتیکی تێدایە بەلام ماوتسی تۆنگ لە(حول التناقض) لەهەموان ڕوون ترنەو دوو مەرجەی نوسیە:١-هەردوولای (تناقض)مەرج بن بۆ یەکتر٢-جێی خۆیان بگۆڕنەوە.

ئەوەی ئێمە لێرە باسی دەکەین بریتی نیە لە دۆزینەوەی دینەمۆی جولە و گەشە، بەڵکو دۆزینەوەی (زوج-دژ)ی کاریگەری فاکتەرەکانی دەرەکی و ناوەکیە لەکاتی جولە، بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانین ئەو (٦) جۆرە جوڵانەوەی لە پێشدا دیاریمان کرد بە سیستەمی تر گوزاشت بکەین، دەتوانین بڵێن بریتین لە:

یەکەم جولەی لەجۆری (گواستنەوە) وەك بەردێك دەگوازرێتەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، زیاتر جوڵانەوەی (یەکەم و دووەم) دەگرێتەوە.

دووەم جوڵانی چەندایەتی وەك زیاد بوونی ژمارەو برِو نەشونمای جەستەیی و..بێ ئەوەی خۆی گۆڕانی بەسەر بێت، ئەوەیان جوڵانەوەی زیندەگیشی پێ دەوترێ، لایەك لە جوڵانی(سێ یەم و چوارەم و پێنچەم)دەگرێتەوە.

سێ یەم جوڵانی چۆنایەتیە، ئەو جۆرەیە کە گۆڕان و گەشە بەسەر خودی ناسنامەکەی دێت، لە جۆرێکە بۆ جۆرێکی تر دەگۆڕێت، لە هێلکەوە دەبێتە جوجکە، لە نەفامەوە دەبێتە فیلسوف ئەوەی شەشەمیش دەگرێتەوە.

دەبێ کەمێك بگەڕێینەوە بۆ بابەتی جوڵانەوەو ئەو ریسایانەی تۆمارمان کرد، لە بارەی گۆڕانی ڕۆلی فاکتەری دەرەکی وناوەکی لە ڕەوتی گەشەی جووڵەی هەر تەنێك، دەرکەوت فاکتەری دەرەکی لە یەکەمەوە زۆر بەهێزە، بەرە بەرە تا بەرەو جوڵانەوەی شەشەم (یان بەرەو چۆنایەتیەکە) برِۆین ڕۆڵی فاکتەری دەرەکی کەم دەبێتەوەو ڕۆلی فاکتەری ناوەکی زیاد دەکا، بەلام لە هەموو بارەکان ڕۆلی (فاکتەری دەرەکیەکان) کۆتاییان نایەت، ئەو ڕۆلەش سانەوی نیە وەك فەلسەفەی مارکس وای بۆ چووە و دەڵێ: (لە هەموو بارەکاندا ڕۆڵی فاکتەری دەرەکی تەنها سانەوی و-عامل مساعدە- نەك سەرەکی)[1]، هەرچی فەلسەفەی میسالیشەدەڵێ

[1] مجموعة علماء السوفيت- المادية الديالكتيكية ص٢٧٥

تەنها ڕۆڵی فاکتەرە دەرەکیەکان گرینگە، لێرەدا هەڵوێستێکی شازی سپینوزا هەیە هەرچەندە مادیشە بەڵام نکولی لە فاکتەری ناوەکی دەکاو دەڵێ جولانەوە تەنها بە فاکتەری دەرەکی دیتەدی[١]، تارادەیەك شوینهاوەریش بەو ئاڕستە ڕۆیشتوە، لە ڕاستیدا هەردوو ڕۆڵ گرنگن هەرگیز لە هەموو بارەکاندا هەردوو رۆلی ناوەکی ودەرەکی لە پلەی (پێویست) دانابەزن، هەم لەو (٦) سیستەمەی جولانەوەی دیاریمان کرد هەم لە ڕێڕەوی گەشەی یەك سیستەمیش، نمونەی سانا گەشەی کۆمەڵگەیە، دەبینین لە سەرەتای کۆمەڵگە کاریگەری فاکتەری دەرەکی وسروشتی یەکجار زۆربووە، بەرە بەرە لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگە ئەم ڕۆلە کەم دەبێتەوە ڕۆلی ناوەکی زیادی کردوە.

دەتوانین بلێین لەسەرەتا مرۆڤ لە ژێر ئینتدابی سروشت بوە بەڵام ئیستا تارادەیەکی چاك کۆنترۆلی سروشت کراوە، بەهەمان شێوە گەشەی فکریش بەو شێوەیەوخەست تریشە، کەواتە جولانەوە چیە؟جولانەوەوەك یاسای یەکەمی میکانیکی زیاتر مانای هەر ٦سیستەمی جولانەوەیە، کەبەفاکتەری دەرەکی دەست پێ دەکاو وەڵامی فاکتەری ناوەکی تەواوی دەکا، کەواتە لە هەموو جۆرە جولانەوەیەك لەو بوونەوەرە ناکرێ و نابێ (زوج) ی کاریگەری دەرەکی و ناوەکی نەبێ لەیەك کاتدا، لەوەی سەروو دەردەکەوێ بە گشتی بۆ جوولەو گەشە هەردوو عامیلی دەرەکی وناوەکی بەکارن.

هەندێ نمونەی قورس تر باباس بکەین بۆ روون بوونەوەی ڕۆلی هەردوو فاکتەری دەرەکی وناوەکی، لە هەموان سەخت تر پرسی فەلسەفی (صدفە)یە، کە مەدرەسەی مادیەکان ووتیان ئەوە ڕوودەدا تەنها بە فاکتەری دەرەکی بێ بەشداری ناوەکی، کەچی لەسەروو ڕوونمان کردەوە کە فاکتەری ناوەکیش لەویش بەشدارە،

[١] الفيزياء والفلسفة ج١ص٤٧

ئەوەی زۆر مشت ومڕی لەسەرە زیاتر بزری فاکتەری دەرەکیە.

وادیتە پیش چاو کاتیٚ ئۆتۆمبیٚلەك دەڕوا خۆی خۆی بڕوێنیٚت بۆیەش ناو نراوە (خودڕەو) کوا کاریگەری فاکتەری دەرەکی؟ یان هیٚلکە لە ناوەخۆی گەشە دەکا بۆ جوجکە کوا فاکتەری دەرەکی یەکە؟... لەوەی ئۆتۆمبیلەکە گەلی زۆرە هەموو چرکەیەك جولاٚنەکەی دەکەویٚتە سەر کارو کاردانەوەی پیٚچەکانی لەگەلٚ زەوی، ئینجا بە (سوتەمەنی) دەجولیٚ...هەموو میکانیکیەتی (مەکینە)و باقی دەزگاکانی بە فاکتەری دەرەکیە، هەرچی هیٚلکەیە بەهۆی (تلقیح)و ئینجا ئاو هەوا پلەی گەرمی و شویٚنەکەو ژینگە...هەموو ئەوانە فاکتەری دەرەکین، ئەوانە ئاسانن ئەوەی قورسە پرسی (خەون) وپەیوەندی بە واقیعە، چۆن بزانریٚ فاکتەری دەرەکی بەشدارە چونکە خەون چڕتر و داخراو ترە لە نوستن، نوستنیش چڕترە لە چالاکی عەقلی، چالاکی عەقلیش لە هەموو بوونەوەر چڕترە، لە پرۆسەو پرسیٚکی تریش بەشیك لە ئاینیەکان دەلٚیٚن لە خەون ونوستن فاکتەری دەرەکی بەشداری نامینیٚت..کەچی وەك لەخوارەوە روونی دەکەینەوە پرۆسەی (خەون) یش بیٚ فاکتەری دەرەکی ئەنجام نادریٚ (هەلبەتە زۆر بەکورتی).

خەون وفاکتەری دەرەکی: خەون دوای دوو پرۆسەی دوورکەوتنەوەیە لە واقیع، نوستن ئینجا خەون، بۆیە بەشیٚك پیٚیان وایە دابڕانە لە فاکتەری دەرەکی، لەپیٚشدا دەبیٚ بزانین نوستن زیندەگیە، چونکە لایەنی (عەقلی ناوەکی- یان لا ارادی) لەکار ناکەویٚ، دلٚ و گەدەو سیەکان و.. کۆمەلیٚك ئەندام ودەزگای تر ئیش دەکەن، بەلاٚم عەقلی ئیرادی چالاکی نامیٚنیٚ، ئا لیٚرەدا نهیٚنیەکانی خەون خۆی مەلاٚس داوە، نازانریٚ ئاخۆ پەیوەندی هەستەکان و عەقلٚ بە چ ئەندازەیەك کەم دەبیٚتەوە، بەلاٚم بە مسۆگەر ناپچڕیٚن، ئەگینا هەرمرۆڤیٚك بنوستابە بە دەنگ و بانگ کردن و

جولاندنیش بەخەبەر نەدەبۆوە، واتە پەیوەندی هەست و عەقڵ دەمێنێ، بەلام بە لاوازی.

لەپێشوو باسێکمان کرد زیاتر دەردەکەوێ کەگەشەو کاری عەقڵی پێویستی بە فاکتەری دەرەکی و ناوەکی هەیە، بەجۆرێك فاکتەری دەرەکی بریتیە لە کارلێکردنەکانی واقیع لەسەر عەقڵ، لەرێی پێنج هەستەکانەوە، فاکتەری دەرەکی یارمەتیدەر بۆ بیرکردنەوەو تەعەقول واقیعی ماددیە، بەلام فاکتەری ناوەکی نامادی و روحییە، ئیتر عەقڵیش رۆڵی (تۆنێلە رەشەکان-ثقوب السوداء) و (تۆنێلە سپیەکان) دەبینێت لەنێوان واقیع و روحدا، لەنێوان دنیای مادی و دنیای نامادی، عەقلانیەت لە قۆناغی پێگەیشتن دارێنینە لە واقیعی ماددی و هەستەکان زیاتر لە روحی نزیك دەبینەوە، هەڵبەتە خودی نوستن خۆی لەخۆیدا تارادەیەکی زۆر ئەو دابڕینەیە.. بۆیە لە ئایینی ئیسلامیشدا لە کاتی نووستندا سزاو پاداش نیە، واتە (مکلف نیە)، خەونیش لە نوستندا دیسان دۆخێکی تایبەت ترە لە دابڕان و پچڕانی لە واقیعی ماددی، بۆیە خەون تارادەیەکی زۆر بریتی دەبێ لە عەقڵێکی خۆبەخۆ (کە روحیەتە)، واتە گواستنەوەی زیاترە لە دونیای مادی بەرەو دونیای روحی، کەواتە ئەو خەونە چەندە قوڵ بێ واتە خاوەن خەونەکە چەندە نوستنەکەی قوڵ بێ و لە دنیا دابڕابێ زیاتر روحانی تر دەبێ، بۆیە لە زانستیشدا لە پاراسایکۆلۆجی خەون بەجۆری نوستنی قوڵ لێك دەداتەوە، تیایدا زەمەنیش دەگۆڕێ، چەند ساڵێکی خەون ناکاتە چەند چرکەیەکی واقیعی. کەچی ناتوانین بڵێین خەون تەواو دابڕانی روحە لە جەستە، ئەگەر وابوایە ئەوا خەونیش پەیوەندی بە چالاکی لەش نەدەما، نمونەیەکی زەق و خێرا، خۆ هەر لە خەون بینینا دەبینیی لەگەڵ ئافرەتێك دایەو تا ڕادەی جنسی لەدوای تەواوبوون هەر خەونەکە نیە بەڵکو دەبینی کۆئەندامی جنسی بەتەواوی بەشداری کردووە تارادەی دەرچوونی

شەهوەت، ئەو نمونەیەش تاقانە نیە کـە ناویـان نـاوە (شـەیتانی)، بـەڵکو بـەروونی چالاکیەکانی هەست لە خەون بەدی دەکرێ، یاخود دەکرێ بڵێین لە هەموو خـەونێك دا رەهەندی هەستی لیَ بەدی دەکرێ، ئەویش ئەو هەستەیە کە لـەکاتی نوسـتنیش بە هۆیەك لە هۆیەکانەوە تەواو لە چـالاکی ناکـەوێ، ئـیرادی و نائیرادیەکـەی لێـك جیانابێتەوە، بەنمونە ئەگەر زۆرت خواردبێ، یان زۆرت میز بێ، یان چـاوت بێشـێ، یان دەستت کەوتبێتـە ژێـر خـۆت..، هـەموو ئەوانـە لـە خـەونیش گـوزارش دەبـێ بەشێوەیەکی تر، بەڵام کەبەخەبەر هاتیـەوە دەبینـی ئـەوە کاریگـەری لەشـت بـووە بوەتە خەون، هەموو ئەوانە دەسەلمێنێ کە خـەون هـەر لـە چوارچـێوەی جەسـتەیەو مانای جودایی نیە، دابڕان نیە لە فاکتەرە دەرەکیەکان(هەست و واقیع)، واتـە روح جیانابێتەوە لەلەش وەك هەندێ زانای فیقهی وایان لیك دایتەوە، ئەگەر جیا بیتەوە مانای وایە خەون یەکیکە لەوپرۆسانەی بێ فاکتـەری دەرەکـی ئـەنجام دەدرێ، جـار وایـە لـەکاتی نوسـتن نەخۆشـیەکت لیَ سـەرهەڵدەدا وەك چاوئێشـە، ئـیتر لەخـەوتا وادەبینی یەکێك دێت و مستێك لە چاوت دەدا، وادەزانن ئـەوە لـە خـەوا دەسـتی لێوەشێنراوەو دەچنە لای پیاوچاك و جاروایە بۆلای جادوگەر و ئەویش دەیداتە پـاڵ ئەجندەو شەوەو دێو و شـتی نادیـارتر.. کەچـی راسـتیە زانسـتی و فەلسـەفیەکەی شتێکی ترە، هەموو ئەوانەش یاسای خۆی هەیە کە لە هەستەوە دێ بـۆ مێشـك و لایـەنی عـەقڵی وروحـی جەسـتەو ئـەو جـۆرە ئیسـتجابەی دەبـێ هێشـتا نـەمان دۆزیوەتەوە، بەڵام دەردەکەوێ خەونیش بی کاریگەری فاکتەری دەرەکی ئەسـتەمە، خەونیش دەکەوێتە نێو سیستەمی زەوجی، زۆر جۆرە زەوجـی، لەوانـەش بەشـداری فاکتەری دەرەکی و ناوەکی.

کەواتە لەم دنیایەدا هیچ پرۆسەیەك بە فاکتەری ناوەکی پەتی یان بـە فاکتـەری دەرەکی پەتی ئەنجام نادرێ، کەواتە (جووتە-دژ-زوج) لـە جووڵەوگەشـەی ئاسـۆیی وستونی هەیە، لەسەر گۆڕانکاری چـەندایەتی وچـۆنایەتی هەیـە، لەبەرئـەوەی لـەو

بونەوەرەش وەستان وستاتیك نیە، هەموی لەگەڵ هەموی لە جولەدایە..ئەوە دیسان لایەکی فراوان وگەورەی تری گەردوونمان دۆزیەوە کەڕێساو یاسای (زوج)ی دەیگرێتەوە.

چوارەم: زەوجی لەناخی مرۆڤدا

لەوەی پێشوو بۆمان دەرکەوت پێکهاتە وجولەی لەشی مرۆڤ وەك باقی پێکهاتەکانی تر زەوجیە، نێرایەتی ومێیاتی بەشێکە، لایەنی فیزیکی وجەستەیی و پێکهاتەیش هەر زەوجیە وەك لە ئینجیلی برناباش وەسفێك لەو شێوەیەی پێکهاتەو ناخی مرۆڤ دەکا:

(٥.. ووضع الله فيه النفس والحس بمثابة يدين لهذه الحياة ٦ وجعل مثوى الحس في كل جزء من الجسد فتتسلط علي الحياة كلها ٧ فبعد ان خلق الله الانسان هكذا وضع فيه نورا يسمي العقل ليوحد الجسد والحس والنفس لمقصد واحد وهو العمل لخد مة الله)[1] رسالەکانی (اخوان الصفا)ش ژمارە(٣٠) بەناونیشانی(مثنوية الإنسان) دەڵێت: مرۆڤ پیك هاتوە لەدوودژی، جەستەی مادی ودەروونی ڕووحانی یەکەمیان بۆ دنیا کاردەکا ودوەمیش بۆ دوارۆژ هاتوە[2]، ئەوەیان تەنزیریش بوە بۆ پاپاو ئیمپراتۆر: هەروەك مرۆڤ لەدوولای مادی وروحی پێك هاتوە دەبێ دەسەڵاتیش لەو دوولایە پێك بێت، ناین وپاپا بۆ روحی ودوا ڕۆژ مرۆڤ و دەوڵەت و ئیمپراتۆریش بۆ جەستەو دنیای.

(باسکال) پێی وایە ناخی مرۆڤ دوو لایە، زانیاریە عەقلیەکان دەتوانرێ بسەلمینرێ، هەرچی زانیاریە دل ودەرونیەکانە ئەوا وەك باوەڕ دەبێ تەسلیمی بیت.

لە قورئان بەزەق تربۆمان دەردەکەوێ کەلە ناخیشیدا زەوجیە، لەدوو دژ (دیاد-

[1] الفصل الثالث والعشرون بعد المئة –اية ٥و..

[2] رسائل اخوان الصفاء وخلان الوفاء- رسالة رقم:٣٠ص١١٢-١١٣

جووته-زوجی) ﴿سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لاَ يَعْلَمُونَ﴾ پێك هاتووه:

لایەنی یەکەم: لایەنی دەروونیە (نفس) ئارەزووی زاڵ بوون و دەست بەسەراگرتن و تێر نەبوون و سنور بەزاندن و خوازیاری زۆر و تەمەلوك و جنس و دەسەڵات و خۆ دیارخستن.. (لأمارة بالسوء) لایەنی مادی و شەهوانیەکەیە کە زیاتر بەلای دڕندایەتی مەیل دەکا.. بەکورتی لایەنی سەلبی مرۆڤە.

لایەنی دووەم: بڕواییە، یان هەندێ جار بە (ئەخلاق) تۆماری دەکەن یان بەگشتی بە (عەقل)ی دروست دەری دەبڕن. وەك لە کۆنەوە لە جمهوریەی ئەفلاتون وا هاتوە: (..القوتان المتضادتان في النفس، هما قوةالعقل وقوة الشهوانية..)[1]، ئەو هێزە لەدژی بەرەی یەکەمەو لە جەنگدان، دەبتە هۆی ڕێ گرتن لەو داخوازیە بێ سنورانەی (دەروون)، ئەو دوو دەزگا دژ بەیەکە لەناخی هەرتاکێك هەردەم لە جەنگێکی بێ دانوستانن، بەشێوەیەك ئەگەر عەقڵی دروست بەتەواوی سەرکەوت ئەوا مرۆڤێکی میان ڕەوو ڕەووشتداری ئیجابی لێ دەردەچێ، ئەگەر دەروونیش سەرکەوت ئەوا مرۆڤێکی (هۆیز گۆتەنی) دڕندەی بەدڕەوشتی سەلبی لێ دەردەچێ، بۆیە (ح.ابوبکر) دەڵێت (طوبى لمن كان عقله اميرا، وهواه اسيرا.. ويل لمن كان هواه اميرا و عقله اسيرا).

بەکورتی هەموو مرۆڤێك لەو جیهانە لە نێوان ئەو دوو ئەنجامە دایە، واتە سروشت و تەبیعاتەکانیشی ئەوەستێتە سەر ئەنجامی ئەو جەنگە[2]، بە هۆی

---

[1] جمهورية افلاتون (هـ س)ص١٣٧

[2] فارابی لە (كتاب الملة) دەڵێ: لەکاتی دەروون زاڵ بوون بەسەر عەقلا ئەوا هەم کۆمەڵگایەکی نەفام وهەم سەرۆکەکەش نەفام دەبێت

نەدۆزینەوەی ئەو هاوکێشەیەی (زەوجی) لە ناخی مرۆڤ وەسفی زۆر هەلە بۆ مرۆڤ کراوە، تا ئەو رادەیە بە گورگ ودڕندەووەسف کراوە، فرۆید دەڵێ تەبیعات وناخی مرۆڤ بەقەبارەی چالاکی جنسی دیاری دەکرێ.

(شۆپنهاور) دەڵێت (الغريزة الجنسية هي توكيد الأكبر لإرادة الحياة[1])، ئەنجلس دەلی بە بازاڕی، مەدرەسەی لیبرالی دەلی بە بەرژەوەندی، ناشیۆنالیزمەکان خوێن و بەشێکیشیان نیشتمان وتەنانەت بەشێکیان (چینایەتی)دەکەنە ئەو بنچینەیە[2].

هەر لەسەر ئەو بنچینە ڤۆلتێر ووتی مێژوو بریتیە لە تۆمارگای تاوان[3]،... لەوەوە تیۆری ڕەش بینی زال دەبی بەسەر چاکسازی ودیاردەی فاشی ونازی وحوکمی دڕندەیی سەر هەلدەدا، بەلاَم ڕاستیەکەی ئەوەیە هیچ کەسێك سەداسەد دەروون باز نیەوسەداسەدیش عەقڵی نیە، {ان الله خلق الانسان وركب فيه العقل و الشهوة، وخلق الملائكة وركب فيها العقل، وخلق البهائم وركب فيها الشهوة، فمن غلب عقله على الشهوة فهو أعلى من الملائكة، ومن غلبت شهوته على عقله فهو أدنى من البهائم}[4] (فەرموودە).

بەو شێوەیە هەمو مرۆڤێك لە ناخیدا زەوجیە لە چاك وخراب، ئەو ڕێژەیەی چاك وخراپیش چەسپاو نیە، ئیمان چەسپاو نیە، تەبیعەتی مرۆڤ چەسپاو نیە.. ئەو دۆزینەوەیە بەکارهێنانی گەلێ زۆرە بۆ چاکسازی تاك وکۆمەل وزۆر لای تر[5].

---

[1] كامل فواد -الفرد فى فلسفة شوبنهاور ص٩٢

[2] ئەفلاتون: جیاوازی نێوان شاو و هاوولاَتی گوایە لەو (متراجحه=in equility) هاتووە، شاکان عەقلّیان زالّە بەسەر دەروون بەلاَم هاوولاَتی بەپێچەوانەوە..

[3] توينبى منهج التاريخ وفلسفة التاريخ ص٧

[4] بۆیە لە قورئان کاتی مرۆڤی بەد بە ئاژەل دەشوبهێنێ بەوە ناوەستێ ودەلی :(..كالأنعام بل هم اضل..)

[5] ئەو زانیاریانە زیاتر لە (مەوسوعەی جودی)لە مادەی(ناخی مرۆڤ) وەرگیراوە.

پینجەم : زەوجی لە هەموو شتێك

لەوانەی سەروو زۆر لای تری (زوج)ی نوێمان بۆ دەرکەوت بە تایبەتی مرۆڤ بە جەستەو ناخەوە، مرۆڤیش جیهانە بچوکەکەیەو جیهانیش مرۆڤە گەورەکەیە هەروەك لەفەرمودەهاتوە[١]، کەواتە(دیوی مادی) هەموجیهان و بونەوەر زەوجین بە تاك وکۆوە، ئەگەر پێدا بچین دەبینین ئەو شێوە زەوجیە بە سیستەمی دژ بەیەك سەرتاسەرییە، بۆ هەر تەنێك ئاوا (زۆر و کەم) (سنوردار و بێ سنور)، (بەرز و نزم)، (گەرم و سارد) (سلبی و ئیجابی) (سالب و موجەب)، (نەرم و شل)، (دڕ و لوس)، (خێرا و وەستاو)، (پڕ و بەتاڵ)، (گۆڕاوو نەگۆڕ)، (بوون و نەبوون)... لێ کۆبویتەوە، تەنانەت تەواوی بوونەوەریش لە زەوجی مادی ونامادی، ئەمرو خلق، یاساو بوون، هۆو ئەنجام..پیك هاتوە، لەناویەك کیان وناسنامە کۆبووینەوە نەك وەك مەنهەجی تفسیری کلاسیکی، ئەوەی کێشەیە ئێمە جەمسەرەکانمان بە ڕوونی لە ڕووی واقیعی و بونی زاراوەی گوزارش کەمە..، لەگەرمی و ساردیدا دەبێ جەمسەرەکان بە گەرمی موتلەق (یان ساردی موتلەق) دەربڕین، بۆچوونێك هەیە پێ ی وایە بەفر و سەهۆڵ(یان پلە سفرەکان) جەمسەرن و لەگەرمیش ئاگر جەمسەری بەرامبەریەتی، ئەگەر وابێت ئەو کات چ جیاوازیەك دەمێنێ لەنێوان تەنێك پلەی گەرمی سفرو یەکێکی تر ٢٠ پلە لەژێر سفرە و هەیە ٢٧٣ پلە لەژێر سفرەوزیاتریش.. کەچی ڕێژەیەکی گەرمی لەخودی نێو بەفر و سەهۆڵیش هەیە، بەهەمان شێوە لەنێو ئاگر.

بەوشێوەیە تاریکی موتلەق و ڕووناکی موتلەق جەمسەرن، خێرایی موتلەق و وەستانی موتلەق...نیە، سنوری موتلەقیش لە نێوان ئەوانە نیە، بەشێك وا دەزانن ئەو سنورە دیارەی لە نێوان سێبەر ورووناکی لە بینایەك ئەوە ئەو

---

[١] وتزعم انك جرم صغير وفيك انطوى العالم الأكبر-فەرمودە-فی ظلال ج٦ص٣٣٧٩

سنورەیە...کەچی نە ئەو سنورە نە پانتایە سیبەرەکە نەپانتایی رووناکیەکە دژ بەیەك نین(زەوجیەکە) ئەوە نیە، بەڵکو لە ناو خودی پانتایی سێبەرەکە رێژەی رووناکی تیدایە، ئاواش بۆ پانتایی رووناکیەکە، لە بارەی خێرایش هەر بۆ روونکردنەوە خێراترین تەن دۆزرابێتەوە خێرایی رووناکیە کە لەچرکەیەکدا ٣٠٠٠٠٠کم دەبڕێ، هەڵبەتە لەوە خێراتر گەلێ زۆرترە، خێرایی موتلەق زەمەنی تێدا نامێنێ، لەگەورەیی موتلەقیش زەمەن نامێنێ، لە موتلەقەکان جووڵەو زەمەن و هەمو حوکمێك مانای نامێنێ، کەواتا نەخێرایی موتلەق و نە گەورەی موتلەق هەیە، هەمووی نیسبیە، بەهەمان شێوەش بۆ وەستان، تەنانەت ئەو تەنانەی کە وادەردەکەون وەستاون کەچی لەناوەخۆ و لەدەرەوەش لە جووڵەدان، ئەگەر بتوانین هەموو جولەیەکی هەستپێکراوی تێدا بوەستێنین ئەوا ناتوانین ئەو جولەیەی بوەستێنین کە زەوی لەگەڵ خۆی بەدەوری خۆیدا دەیسوڕێنێ.

قورئانیش لەشێوەی پرسیارێك ئەمەی درووژاندووە (وترى الجبال تحسبها جامدة وهى تمر مر السحاب...النمل-٨٨)، بەو جۆرە لەهەموو شتێك زەوجی هەیە، هەندێکی دەزانین هەندێکیشی نازانین(..مما لاتعلمون).

تیبینیەکی گرنگ: ئێمە لێرە ووتومانە بۆ هەمو شتیك زەوجی هەیە، دەبێ خوینەر وورد بیت کەدەلێین شت، خلق، مادە، ..چونکە پاش کەمێکی تر هەر لەو دنیایە ڕووبەڕووی سیستەمی نازەوجی دەبینەوە لە ڕەهەندی دووەمی بوونەوەر کە بریتین لە ئەمرو یاسای سروشتی وپەیام و..

لەدوای ئەوانەی سەروو.. ئەو دونیایەی ئێمە چیە؟ دروستکراو چیە؟

کەواتە لە پێناسەی (شت) ئەگەر بڵێین "بریتیە لەکۆمەڵێك زەوجی دژ بەیەك"، یان ئەگەر پێناسەکەی (لینین) و ئەوانەی پیش خۆی ڕاست بکەینەوە کە دەڵێ : شت بریتیە لە کۆمەلە (متناقضات)ێك، ئەویش لە هیگلی وەرگرتوە کەدەلێت

(الحقيقة الكاملة انماهي تركيب من المتضادات)[1]، واپێدەچیٚ لە بنەچە ئەو ڕایە بـۆ فیساگۆرس بگەڕێتەوە، تەنها ئەگەر وشەی (تناقض) لە لینین لاببـەین و لـەجیٚ ی (ضد) دابنێین، (حقیقەت) لە هیگل لاببەین -چونکە (حقیقەت) زەوجـی نیـە- لـە جیی (شت) دابنێین ڕاست دەردەچیٚ[2]، وای بگۆڕین: کە(شت) بریتیـە (لەکۆمـەڵێك زەوجی دژ بەیەك)، ئەو وەك مارکسیەك وا لە (تناقض) گەیشتووە کە ناکۆکیەکـە لەناو شتەکان گەشە دەکا و ناکۆکی تر جێگەی دەگرێتـەوە بـە ناسـنامەیەکی جیـا لەوەی پێشووی، هەرچی (ضدین-زوج) وەك ناسنامە چەسپاوە لە شتەکان مەگـەر سنوری ڕێژەی نێوانیان جار جار بگۆڕێت.

ئەگەر (لینین) ئەو ئایەتەی (ومن كل شيئ خلقنـا زوجـين) بزانیبایـە مەنهـەجی توێژینەوەکەی دەگۆڕاو گەورەترین دۆزینەوەی فەلسەفی ئەنجام دەدا، بـە پشـت بـەو ئایەتە ئیستا بە مورتاحی دەتوانین بڵێین (شت-مادە -مخلوق) بریتیە لـە کۆمـەڵێك زەوجی دژ، ئـەوەش سەرچـاوەی بـوون وهاوسـەنگی وسـنورە، لـەبارەی هاوسـەنگی سەرتاسەری بونەوەر دەردەکەویٚ کە لەنێوان ئـەو (زەوجیـە) دژانـە: گـەرم و سـارد، خێرا و وەستان، شل و ڕەق،... هەزاران دۆخ هەیە، کەچی بۆ مەبەستی ژیـان شـت و مەکەکان، ئاو وباران و تۆخمەکان و نـەرمی و شـلی و گـەرمی.. بەئەندازەیـەکی دیاریکراو هەن و دادەبەزێنرێن (وإن من شيءإلا عندنا خزائنه وما ننزلـه الا بقـدر معلوم -الحجر ٢١)، گەورەترین ئەعجازە لەو گەردوونە، لەوەش زیاتر لـە کۆتایـدا (محدودیە) ی بوونەوەر سەرچاوە دەگریٚ، بۆ هەمو شتێك سـنور دروسـت دەبـیٚ (ان الله بالغ امره قد جعل الله لكل شيء قدرا)[3].

---

[1] مدخل الى الفلسفة ص٢١٤

[2] لەسەرەتادا وا مەزەندە دەکریٚ کێشەکە لە تەرجەمەی رووسی ولاتینی بۆ عەرەبی بێت، بەڵام دوای بەدواداچوون دەردەکەویٚ کێشە لە زمان و تەرجەمە نیە کێشە لەجۆری تێگەیشتن ومنهجی توێژینەوەیە لە فەلسەفەی چینی ویۆنانی موفەسیران تا دەگاتە مارکسیەت.

[3] الطلاق-اية ٣

تا ڕادەیەك شلنگ لە (الطبیعة..ماهی) بە جۆرێکی تر لەو کێشە گرنگەی پێچیتەوە بەڵام نەبوونی مەنهەجێك بە ئەنجامی نەگەیاندوە، ئەودەڵێ گەشەی سروشت شت ومەك بەرهەم دێنێ ولە هەمان کاتدا و ڕێگریەکانی بەرهەم دێنێ[1]، دەیەوێ بلێ سروشت بەهەلەی بەرهەمەکانی خۆی سنوردار دەکا،.. ڕاستیەکەی وانیە ئەوە دەقاودەق ئەرکی وایە کەبەرهەم بێنێ بەپێی ئەو (ئیمکانیتەیە)و ئەوبەرنامەو ئەجندایەی، بەشەکەی تر ڕێگری نیە بەڵکو قەیدە تا بازنەداو هەریەکە ناسنامەی خۆی بپاریزی و سنور هەبێ (محدودیە) هەبێ کەلە بنەچەدا لە (زەوجی) دێت، ئەوەش دەرگای گەورە لە بەکارهێنانی ئەوبەشەی فەلسەفە دەکریتەوە بۆ پرسی یەکجار زۆر گرنگ، وەك لە بڕگەی داهاتوو باسی دەکەین.

پیادە و بەکارهێنانی (سیستەمی زەوجی)

هەرچەندە فەلسەفە کەمتر توانیویەتی لە واقیعدا(بەکارهێنان و پیادە)ی هەبێت، بەڵام چونکە ئەوە بناغەی ئایەتێکی قورئانیە ئەوا سەرەنجام و بەکارهێنانی زۆری هەیە، وەك لەپێشوو هەندێکمان باس کردو لە بوارەکانی فەلسەفی و زانستی ئایینی و سایکۆلۆژیشی هەیە (لێرەدا ماوە نیە باسیان بکەین)، بەڵام بەلای ساغ کردنەوەی پرسێکی فەلسەفی و ئایینی زۆر گرنگ دەچین، ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ئەو توێژینەوە بزانین چی دەتوانین بڵێین لەبارەی پێناس وتوانا و زانیاری و سیفەتەکانی (خوا)، لەبارەی فۆرمی پەیوەندی بە دروستکراوەکانی، ڕاستەوخۆیە یان لەڕێ ی دەستور و یاساوەیە، بۆ ڕاستەوخۆ نیە؟ پێکهاتن و بزوتنەوەی چۆنە؟ ڕێڕەوی لوگێکی ئەوەیە بیری لێ بکەیەوە یان بیر لە دروستکراوەکانی بکەیەوە...

---

[1] المثالية الألمانية ص٢٥٣

پێش ئەوەی بچینە نێو ئەو بابەتە ئاڵۆزە و بۆ ئەوەی عەقڵ بتوانێ ئەوەی پێویستە پەسندی بکات، چەند سەرەنجامێکی توێژینەوەکەمان لەبارەی جەمسەرە بێ کۆتاییەکانی زەوجی باس دەکەین کە پەیوەندیدارە بەو بابەتە.

سیفەتی جەمسەرەکان (بێ کۆتاییەکان):

بەکورتی سیفاتەکانی (زەوج-دوو دژ) بەکورتی ئەوانەیە:

١- دژ، زەوجی لەگەڵ هەریەکە لە:جیاوازی وناکۆکی وململانێ... لیك جیان.

٢- دژەکان، زەوجیەکان لەدەرەوەی یەکتر نین لەناخی بوونەوە لەگەڵ یەکتر هەن.

٣-هەریەکە بۆ ئەوەی تر مەرجی مان وبوونیەتی وبەتیکرایش گوزارش لە بوون دەکەن.

٤-نەفی یەکیان یەکسەر ئەوەی ترە، پێچەوانەشی بە پێچەوانە.

٥- سروشتی سیستەمی زەوجی وایە تا بەرەو سەرووله(سلم الترتیب)ی بوونەوەر بڕۆیت ئەوا زەوجیەکە لێك جیا دەبێتەوەو کیانی نیمچە سەربەخۆ وەردەگرن، وەك سیستەمی جنسی(نێرو مێ) لە مرۆڤ لیك جیاکرایتەوە لە هەندێ کرم لەیەك کیاندان لەداورەدرەخت زیاتر..کە دەگاتە (جماد) سیستەمی زەوجی لەیەك کیانن (ئەوە ووردبوونەوەو توێژینەوەیەکی سەربەخۆی پێویستە).

٦- ئەوانەن دروست کراو، زەوجی ودژ نیشانەی بنەڕەتی(خلق)ە.بەهەمویان: دیویك، ڕەهەندێ لە بوونەوەر پێك دەهێنن، ڕەهەندی دوەم (یاسای سروشتی وروح وپەیام وعەقلە)، ئەوانە زەوجی نین، لەهەمان کاتیشدا(خالق) نین، ئەوانە پەیوەندی نێوان دروست کراوودروستکەرن(کە لەدوای زیاترباسیان دەکەین)، ئەدی بوونی خودا لە نیو ئەوهاوکێشە قورسانە لە کێیە؟

بۆنزیك بوونەوە لەوەڵامی و سانا تێگەیشتن کەمێك پێویستیمان بە (بیرکاری باڵا) دەبێت، بەتایبەتی برە بێ کۆتاییەکان (Infinity) کە بە (∞) گوزارش دەکرێ.

١- جەمسەری دژەکانی (زەوجی) مەبەست لێیان گەورەی موتلەق وگەرمی موتلەق و خێرایی موتلەق...ئەوا ئەو جەمسەرانە لەبونەوەر نین، (شت) نین، هەروەك (∞) ژمارە نیە، پێناسی نیە لەبیرکاری، بۆیە وەسف کردنیان زۆر زەحمەت دەبێ، ئەو جەمسەرانە ئەو سیفەتانەیان هەیە (گەورە و بچوك، زۆر و کەم، جولاَن و وەستان) لەوێ مانای نیە، هیچ پرۆسەیەك لەوێ مانای نیە، ئەگەر بیرکاریانە گوزارش بکەین ئەوا:

∞+∞=∞، ∞-∞=∞، ∞جاران یان دابەش هەر ∞، ∞ جاران سفر دیارنیە...هتد

واتا یاسا و ڕێساو جولەو زەمەن لەوێ نیە دەتوانین بلێین کۆتایی بوونە وجۆرە بوونیکی ترە، یان وردتر بلێین وەسفی (شت-شیٔ) یان (ماددی) هەڵناگرێ، بۆیە ئەو جۆرە پرسیارە سەفسەتائیانەلەو بابەتەش پێ وەڵام نادرێتەوە، باش نازانین ئاخۆ خوای گەورە لەڕێ ی ئەو جەمسەرانە تەحەکوم لەسەر بونەوەر دەکات، یاساکانی سروشتی وبونەوەر لەوێ یەك دەخرێ، یان ئەوێیە پەیوەندی خوای گەورە بەبونەوەر، کە دەڵێ (ان الله یمسك السموات والأرض ان تزولا...) ئاخۆ ئەوێیە وای کردوە ئەو گەردوونە تیك نەڕووخێ بە هۆی (کیشی ناوەندی —جاذبیة المرکزیة) نیوتن وزانایانی دوای ئەویش بێ ئەوەی ئاگای لەو پرسیارەی نێو قورئان بێت لەبارەی کیشی گەردوونی (ان الله یمسك السماوات والارض ان تزولا ولئن زالتا ان امسکهما من احد من بعده انه کان حلیما غفورا - سورة فاطر ایة٤١) هەوڵی داوە ئەو نهێنیە بدۆزیتەوە کە بۆچی ئەو گەردونە لەئەنجامی کیشی سەرتاسەری تیك ناڕووخێ، زۆر وەڵام دراوە تا ئیستا وەڵامی دلنیایی نیە،.. وا پێدەچێ

وەلآمەکە لێرەو لەو جەمسەرانەی (زەوجی-دژ) بدۆزرێتەوە کە نایەڵێ (کێشی گشتی) گەردوون تێك بڕووخێنێ، بەوەی کە چۆن کێشی ناوەندی دروست دەبێ ئاواش لێك دوورکەوتنەوەی ناوەندی دروست دەبێ، بەهەمان شێوە لێك کشانی گشتی گەردوونیش بەشێکی تر لە هێزی لێك دوورکەوتنەوەی پێچەوانەی کێشی ناوەندی دروست دەکا، بەو شێوەیە ئەو گەردوونە بە ئەستێرەو هەسارەوە بەبێ ئەستونگا وەستاون بەسەریەك دانارمێن.

لەبارەی پرسیاری ئەوەش ئاخۆئەو جەمسەرانە خالقن یان مەخلوق؟ڕەنگە لەدوای دەروازەیەکی تەسك بۆ ئەوە بکەینەوە.

٢- لەلای بێ کۆتاییەکان جەمسەرەکانیش لەیەکتر نزیك دەبنەوە، (گەرمی موتلەق و جولە و شل وپۆزەتیف و...) لای(ساردی موتلەق وەستان و ڕەق و نێگەتیف..).

پێش ئەوەی یەکسەر بەلای تێگەیشتن وتوێژینەوە لەبابەتی(خوا) بچین دەبێ بیر لە زاتێك[١] بکەینەوە (بێ دژ- نا زەوجی) واتە بە دەروازەی ئەو بێ کۆتاییانە(∞).

واتە لە بوونەوەری خۆمان دەتوانین لە (چەمکی خوا)بگەین لە دەروازەی (نەبوونی زەوجی-نەبوونی دژ)، مەرج نیە تیگەیشتن بێت، ڕەنگە وەك (لادقەی هایزنبرگ) مەحالی تیگەیشتن بێت، دەبێ ئەوەش دیاری بکەین کە (نەبوونی زەوجی-نەبوونی دژ) تاکە دەروازەی توێژینەوەی خوایی نیە، ئینجا ئەوە نەخشە ڕێگەی توێژینەوەی ئەو بوونەوەرە بێت، بۆ دۆزینەوەی زانیاری (حودا) نابێت واتێبگەین ئەو بوونەوەرەی ئێمە تاکە دروستکراوی خوایەو هەر ئەو کارەی کردوە،

---

[١] تێبینی ئەوە بکە (نالێین شتێك) دەڵێین (زاتێك) لە ڕاستیدا ووشە نیە گوزارش لەو بابەتە بکا، زۆربەی ئەو ووشەو ڕستانەی لەو بابەتە (لەبابەتی خودا)هەلەیە، چونکە ئەو ووشەو ڕستەو چەمکانەی بەکاری دەهینین هەر قولاوی شت ومەکە، کەچی داوامان لیکراوە (لیس کمثله شيء)

هەروەك زۆربەی تیۆرەکانی باوەڕداران ولەبارەی (کون الساکن-قدم العالم) لەوە هاتوە دەڵێن ئەگەر ئەو بوونەوەرە هەرەکۆن وئەبەدی وئەزەلی نەبێ مانای وایە خوا کارەکانی دواکەوتوە لەبەر کەم وکوڕی..ئەوەیان پاساوی ئەرستۆو ڕێبازە فەلسەفیەکەی بوە[١].

سانت ئۆگۆستین(٣٥٤-٤٣٠)ز هەولی داوە وەڵامی ئەو پرسیارە بەوە بداتەوە و دەڵێ خوا بێسنورو بێ کات وموتلەقەو بیری ئێمەو خۆمانیش سنوردارو نسبین ناتوانین ئەو پرسیارانە بکەین ولەوەڵامەکەش ناگەین[٢]، ئەوە وەڵامی سەدەی (٥)ز ئیستا زیاتر لەوە دەتوانین بڵێین مادام سیفاتی خوا (خلاق)ە ئەوابێ پایان جۆرە دروست کراوی هەیە لەهەریەکەیان بە جۆرە یاساو ڕێسایەك، کەلەوێ دیاری دەکرێ چۆن ئاسەواری خودا لە دروستکراوی دەدۆزرێتەوە..

تەقەلای تێگەیشتن لەخوا بەدەر لەو ئایەتانە

تەقەلایەکی زۆر دراوە بۆ وەڵامی پرسیارە نەمرەکانی مرۆڤی سەردەمە جیاجیاکان، سەبارەت بەچەندایەتی و چۆنایەتی خوا، لە گەورەیی وتواناو شێوەو ژیانی، هاوکارو هاوبەشی، زیاتر لەوەش بوون ونەبوونی، هەمو ئەو توێژینەوانەی بە لۆگیکی (شت-شيء-مادة-مخلوق) بۆی چوبێ بەدەر لە ئایەتی زەوجی و ئایەتی(ليس كمثله شيء) نەیتوانیوە سەنتێك لە زانیاری لێ هەلکرێنی و گومڕابوە وەك پیشینەکانی خۆیان، ڕەنگە زاراوەوپەڕەگراف و بیرۆکەی نوێیان بەکار هینا بێت، بەڵام لە کۆتایدا پرسیارە کۆنەکانی سەردەمی سەرسامی یۆنانی وچینی وهندیان پێ وەڵام نەدراوەتەوە، چەندین مەزهەبی فەلسەفی لێ سەری هەڵداوە، عادەتەن کۆتایی بە نکولی لێکردنی هاتوە لە شیوەی فیۆرباخ گۆتەنی خوا مرۆڤی

---

[١] معالم الفلسفة الإسلامية ص٦٦

[٢] هنری تۆماس-بەسەر هاتە نەمرەکانی فەلسەفە ل١١٥

دروست نەکردیە بەڵکو عەجزی بیری مرۆڤ فکرەی خوای خولقاندوە.

ڕەنگە ئەودەردە یەکەم جار بەسەر (کریتیاسی) گەورەپیاوی یۆنانی هاتبێ ووتبی خوا نیە بەڵکو لە نەزانی دۆزینەوەی هۆی ترسەکان هاتبێ، ئەوە پوختەی ڕای مەدرسە فلسفیەکانی مادی کۆنە تا فیۆرباخ، فەلسەفەی مارکسیش بەمادیانە تەقەلای داو گەیشتە قەناعەتی : هەرچی هەیە بریتیە لە مادەی جولاو وەك لینین گۆتەنی[1]، ئەوەش هەمان ڕای شوبنهاوەرو هولباخ ولایبنتزو.. کە لە بنەچەدا ڕایەکی کۆنی دیموکریتیس بوو کە وتبوی:(لا یوجدفی الکون غیر الذرات والفراغ)[2]

ئەنجلس دەڵێ دەتوانین لەو بوونەوەرەو نهینی ژیان بگەین بێ پەنابردنە بەر خوا، لینین زۆر سەرسام بوو بەو ڕایەی هرکلیت کە ووتبووی(بوونەوەر یەکەوکەسیش دروستی نەکردوە، هەرواش دەمێنێتەوە، بەرێك وپێکی دەگۆڕێ) لینین ووتی ئەوەبنەماکانی دیالکتیکە[3] دورکایم بە پێی تیۆرە(گەلە کۆیەکانی) پێی وایە ئاین زادەی چالاکی کۆمەڵگەیە نەك غەیبی، زانستیش بە بیانۆی میتافیزیکی بابەتەکەو بەدەر لە تاقیگە خۆی لێ دوور خستۆتەوە، ئەگینا زانای ئەلمانی(ئەلویزو بنزل) دەری خست کەئەو تێگەیشتنەی گوایە جیهان بریتیە لە مادەی جولاو وانیە فیزیای نوێ پێی وایەمادەش زیندوەو دەزانی چ دەکا؟

ئەوەی تیبینی دەکرێ ئەو ڕێچکە فەلسەفانەی باسی خوایان مادیانە کردوە هەتا سەر بەیەك مدرەسەش بن هەر بەجۆری جیاجیا وەسفی خوایان کردوە، جاروایە بە پێچەوانەی یەکتریش، تەنانەت ئەوانەی کە کەمێك میان ڕەویش بووینە هەر کەوتوونە ئەو دۆخە، هەیانەبە (وحدە الوجود -ئەویش دوو بەشە وحدە الوجود المادي و وحدەالوجود الروحي) یەکەمیان باوەڕی بە بوونی نەبوە، هەرچی (وحدە

---

[1] لینین –مؤلفات ص١٦٢
[2] الفلسفة والفیزیاء ج٢ص٦٠
[3] ملاحظات فلسفیة- ط روسیة ص٣١٨

الوجود)ی روحی ئەوانەن ویستویانە دان بە خودا بهێنیێ بەلأم لە چوارچێوەی بوونەوەر ودروستکراوەکان، کریگارس دەلیّ مادەوشت ومەکەکان جەستەی خوان، لەوەوە هەندیّ لە مەسیحیە رۆمیەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بلیّن:ان یسوع هو الله قد جاء الي العالم [1]، یان وەك نەستوریەکان بلین مسیح نیوەی مرۆڤەو نیوەکەی تری خودایە، تالیسیش شیوەکی وادەلیّ هەمو شتێك بوونی خودایە.

ئەرستۆ دەلیّ زنجیرەی بوون لە مادە دەست پیّ دەکا بەرەو سەروو دەروا تا دەگاتە خودا [2]، ئەوەش بە شێوەیەك لەگەلّ فەرمودەی ترتیبی ئاسمانەکان وعەرش و خوا لەسەر عەرش لیك نزیکە.

عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه قال: ما بين السماء إلى الأرض مسيرة خمسمائة عام، وما بين كل سماء إلى الأخرى خمسمائة عام، وما بين السماء السابعة إلى الكرسي مسيرة خمسمائة عام، وما بين الكرسي إلى الماء مسيرة خمسمائة عام، والعرش على الماء، والله على العرش ويعلم أعمالك، وقال ابن مسعود رضي الله عنه أيضاً: أنه فوق العرش لا يخفى عليه شيء من أعمالكم. قال أبو القاسم: يريد فوق العرش لأن العرش آخر المخلوقات ليس فوقه مخلوق، فالله تعالى أعلى المخلوقات دون تكييف ولا مماسة [3].

ئەو زانیاریانە بۆ ئەو سەردەمە لە ڕوانگەی زانستی ئەکادیمی وشەرعی وئینجا فەلسەفی بەدەیان پرسیاری بیّ وەلأمی بۆ دروست دەبیت، واتە پەیوەندی خودا بە خلقی خۆی -عرش- بۆ حەسانەوەیە، واتە لەرێی امر نیە، ئەدی پیش ئەوەی ئاسمانەکان دروست بکا ئەوا خوا بیّ لانە بوە، هەمو ئەوانەو ڕایەکەی ئەرستۆ

---

[1] ئینجیل برنابا-فصل ٩١

[2] المعتقدات الدينية لدى الشعوب ص٦٠

[3] ابن قيم- اجتماع الجيوش الإسلامية ج١ص٣٧، ص٤٣ پیویستە شارەزایانی (علم الحديث)ن پیداچوونەوە بۆ ئەو جۆرە فەرمودانە بکەنەوە.

پرۆتۆگراس و ئەوانەی خودا لەچوارچێوەی مکانی لەسەرووی هەموان ڕێز دەکەن بەشیکن لە تێڕوانینی (وحده الوجود)ی روحیە، لەوانە وەسفی خودا لەلایەن (عبدالحق الأشبيلي -سەدەی ٧)ڕەنگە لە هەموان جوان تر هاتبێ کەچی هەلەشە، وا هاتوە: (إن الخالق والمخلوق هو مجموع المادة والصورة وأن ما يخص الخالق تبارك وتعالى من ذلك هو المادة وأنه بدون الصورة لا صفة له وفي هذا يقول: ((وللمتصور من حيث هو لا من جهتها -أي بدون الصورة- لا وصف ولا نعت ولا اسم ولا رسم ولا حد وإن كان له شيء من ذلك كله ولكن بأول مرتبة صورية إطلاقية فله الاطلاقات الأحدية))[1] .

بەشیکی زۆری فەیلەسوفان لەوەسفی خوداو پەیوەندی بەسروشت سەریان لە (وحده الوجود) دەردەچوو، لە ئەرستۆوە تا دەگاتە هیگل، نەك لەوسەردەمە لەو سەردەمیش وەلامیان درایتەوە لەوانە (اخوان الصفا) دەڵێن هەیە خوای پێ وەك کەسێکی بەهیزدیتە پیش چاو، یان لەسەر عەرشە یان لە ئاسمان..دەڵێ ئەوە بۆچوونی عامی ونەشارەزایانە[2] .

زۆر جۆرە ڕای تر کە لە پێشوو تر ڕای (ئیجابی وسەلبی) مادی ونامادیمان تۆمارکرد سەبارەت بە دروستکەرودروستکراو، ئەوەی مایەوە تەنها دەقی ئاینی (پەیام) لەو بارەیەوە وەسفی ڕاستی کردوە، جاروایە عەقلی مرۆڤی ئاینیش بە هەلە داچوە ئەگەر ڕاستەوخۆ لەژێر دەقی پەیامی دەرچوو بێت.

هەروەك لەئینجیل و تەورات لەدەیان شوێن باس لە خودا وەك (مەخلوق) بەوەی خواش دەست و پێ و تورەبوونی هەیە، یان باسی ڕۆیشتن وگواستنەوەی دەکەن وەك لەهەندێ ئایەتی تەورات هاتوە:(الرب يتعب ويحتاج الراحة)، (صوت

[1] شيخ الإسلام ابن التيمية- بغية المرتاد..ص٤١٩. هتروتها بروانة: الأعلام ج٣ص٢٨٠
[2] من رسالة اخوان الصفاء رقم:٢١ص٩٩

مشي الله)، (السحاب هو غبار رجل الله) [١] ئینجیلیش بە باوك ناوی دەبا(فتقدم الیه المجرب وقال له ان كنت ابن الله فقل ان تصیر هذه الحجارة خبزا) [٢].

لە بارەی وێچواندنی خودا بە دروست كراو هەڵەیەكی قووڵە لە بڕگەی داهاتوو دەردەكەوێ، لەبارەی باوك بوونی خودائەوە هیچ ئەسڵێكی پەیامی نیە بەڵكو لەكاتی خۆی سەربازەكانی ڕۆمانی ئەو كێشەیەیان بۆمسیحیەكان ووروژاند هەروەك لە ئینجیلی برنابا ئەو نهێنیە گەورەیەی ئاشكرا كردوە [٣].

لەلای هەندێ مەدرەسەی ئیسلامیش لێی بە هەڵەدا چووینەو بە مەخلوقیان چواندوەو ویستویانە گەورەی بكەن كەچی زۆر بچوكیان كردۆتەوەو هەروەك ئەو ئایەتانەی ئینجیل وتەورات ماندووبوەو شەرمی لە بەشەر كردوەو شوێنی حەسانەوەی ویستوەو وجولاوەو..، تەنانەت ئیمام شعرانی دەڵێ مردنی مەولاناشمس الدین الحنفی لەلایەن خواوە بە ڕاوێژی خۆی بوو، خواو مەولانا ڕێك كەوتن ئینجا فەرمانی مردنی هات [٤].

بەو جۆرە زیاتر وێچوونی خودا بە مەخلوقی لە بوونی چاوو وگوێ وجەستەو جووڵەوشەرم(شەرم كردنی لە ح.ئەبوبكر) وهەبوونی دەست..زۆربەی ئەوانە لە ئەسلدا لە تەورات وا هاتوە:(لأَنَّ فِي يَدِ الرَّبِّ كَأْسًا وَخَمْرُهَا مُخْتَمِرَةٌ..) [٥]، لەوەش

١سفر الخروج (٣١ : ١٧)، سفر التكوين(٣ : ٨) سفر ناحوم (١ : ٣).

[٢]كتاب المقدس –العهد الجديد، انجيل متى(مت ٤: ٣)

[٣]ئنجیلی برنابا (الفصل الحادي والتسعون) یەكتەم ئایەت تائایەتی ٦وا هاتوة: (١وحدث في هذا الزمن اضطراب عظيم في اليهودية كلها لأجل يسوع ٢ لأن الجنود الرومانية أثارت بعمل الشيطان العبرانيين قائلين : ان يسوع هو الله قد جاء ليفتقدهم ٣ فحدثت بسبب ذلك فتنة كبري حتي ان اليهودية كلها تدججت بالسلاح مدة الأربعين يوما فقال الابن علي أب وأخ علي الأخ ٤ لان فريقا قال _ " ان يسوع هو الله قد جاء الي العالم " _ ٥ وقال فريق أخر : " كلا بل هو ابن الله " ٦ وقال اخررن : " كلا لأنه ليس لله شبه بشري ولذلك لا يلد بل ان يسوع الناصري نبي الله

[٤] طبقات الصوفية ج٢ص٦٦

[٥]سفر المزامير ٧٥: ٨

(ح.مسیح) زۆر بە توندی وەڵامی داینەوە وەك لە ئینجیلی برنابا ڕوون کرایتەوە: فإذا كان لله يدان فله اذا شبه بالبشر. أجاب يسوع : " انك لفي ضلال يا متي..[1].

یان دەڵێن ئادەم لەسەر شێوەی خوا دروستکراوە[2] وفي حديث ابن حاتم عن النبي (ﷺ) قال إذا قاتل أحدكم أخاه فليجتنب الوجه فإن الله خلق ادم على صورته، ئەوەش لە ئەسلدا لە تەورات هاتوە(فخلق الله الانسان على صورته.على صورة الله خلقه.ذكرا وانثى خلقهم) [3].

ابن تيمية لە کتێبی (درء التعارض العقل والنقل) وەك ئەبو حەسەنی ئەشعەری لە بارەی ویکچووی سیفاتی بەشەری وسیفاتی خودا دەڵێ:(.. فقد ذكر القرآن جميع الصفات الإلهية التي وصف الله بها نفسه من العلم و القدرة و العلو و الاستوا..) ئەو نەیتوانیە ئەوە لیك بداتەوە کەسیفاتەکانی خودا موتلەقەو ئەو سیفەتانەی بەشەر نیسبی و سنوردارە لە چوارچێوەی (انى جاعل فى الأرض خليفة) پێی داوە.

بەشێکی تر جووڵەو مەودا وئاڕستە بۆ خودا دیاری دەکەن، ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەینە ئەو فەرمودەیە: عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ قَالَ:يَنْزِلُ رَبُّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى كُلَّ لَيْلَةٍ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ الْآخِرُ فَيَقُولُ مَنْ يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ..[4]، هەرچەندە(اخراج)ی گەلی زۆرە وەك لە پەراوێزەکە تۆمارکراوە بەڵام بە ووردی دەردەکەوێ ئەو عەقلەی ئەو گوفتەیەی لێ دەرچوە نەیزانیوە لەلایەکی زەوی

---

[1] ئنجیلی برنابا-فصل ١٠٥ ئایەتەکانی ١١ و١٢

[2] بڕوانە:شرح العقيدة الواسطية لشيخ ابن التيمية- شرح علماء: هراس وابن عثيمين، ابن فوزان-دار ابن جوزى قاهرة ص٧٠-، ٣٠٣-

[3] سفرالتكوين-اصحاح ١ ئایەتی٢٧

[4] أخرجه مالك (١/٢١٤، رقم ٤٩٨)، وأحمد (٢/٤٨٧، رقم ١٠٣١٨)، والبخاري (١/٣٨٤، رقم ١٠٩٤)، ومسلم٥٢١/١)، رقم ٧٥٨) وأبو داود (٢/٣٤، رقم ١٣١٥)، والترمذي (٥/٥٢٦، رقم ٣٤٩٨). وابن ماجه (١/٤٣٥، رقم ١٣٦٦).

شەوە لاکەی تری ڕۆژەو خوای گەورە لە شەوی کام لای زەوی دادەبەزێ[1]، ئینجا لەو کاتەی لەمدینەو شام (ثُلُثُ اللّيْلِ)ە لە پاکستان ڕۆژ هەڵاتوەو لە ئەندەلوس نیوە شەوە، هەمان ووردبوونەوە بۆ ئەو مشت ومڕەی لەبارەی ئەوەی کراوە ئاخۆ یەکەم جار شەو دروست بوە یان ڕۆژ!

(كان الابتداء أبالليل أم النهار فإن العلماء اختلفوا في ذلك فإن بعضهم يقول إن الليل خلق قبل النهار ويستدل على ذلك بان النهار من نور الشمس فإذا غابت الشمس جاء الليل فبان بذلك أن النهار وهو النور وارد على الظلمة التي هي الليل وإذا لم يرد نور الشمس كان الليل ثابتا فدل ذلك على أن الليل هو الأول وهذا قول ابن عباس) [2] هەمو ئەوانە نەبوونی زانیاریە لە بارەی خڕیەتی زەوی کە شەو ڕۆژ تیایدا نسبیە، دووبارە ئەوانە لە عەقلیك هاتوە کە نەیزانیوە لایەك شەوەو لایەك ڕۆژەو زەوی خڕەو دەسوڕێ، ئەوە تیگەیشتنی فەقیهی ئاینیە نەك دەق، ئەو فەقیهانە ئەگەر ئاوا لەگەڵ فەلسەفەو عەقلانیەت دژ نەبوونایە تووشی هەلەی ئاوا ترسناك نەدەبوون، فیساگۆرس لەسەردەمی خۆی زانیویەتی کە زەوی ناوەند نیەو بەڵکو هەسارێکە دەسوڕێتەوە بەدەوری ئاگرێك، بەڵام ئەو(وەك ئەرستۆ) دیاری نەکردوکە ڕۆژ بیت[3].

لەوەوە وا پێدەچێ سەرچاوەی ئەو زانیاریەی پەیام بوو بێت بە تایبەتی خۆی قوتابی (ح.سلیمان) بوە، ئەلبیرۆنی ویاقوت حموی وزۆری تری زانای ئاینی

---

[1] عن أبي هريرة قال: قال رسول الله (ص): (إن الله يمهل حتى إذا مضى شطر الليل الأول أمر مناديًا فينادي أن ربكم يقول: هل من داع فأستجيب له..) ئەوەش هەمان کێشەی هەیە، واتە خوای گەورە بەلایەکی دنیا سەرقالە لاکەی تری فەرامۆش کردوە، لەلای هەمومان هەرچی فەرمودەی ڕاستەقینە بێت باوەڕمان پێی هەیە، ئەوە بە جێ دێلین بۆ پسپۆری تایبەتی خۆی.

[2] تاريخ الطبري ج١ص٢١

[3] ارسطو-السماء والعالم ج٢ فصل١٣ ص٢٦٥ – ئەنجلس لە کتیبی(ديالكتيك الطبيعة ص٢١٤) لیی وەرگرتوە.

زانیویانه ئەو جۆره زانیاریانه هەڵـەن، ئـەلبیرۆنی بـە بیرکـاری و(سـاین وکۆسـاین) نیوەتیرەی زەوی دۆزیتەوه..ئاوا زانیـاری هـەبوه. ئینجـا دابـەزینی خـودا بـە پێـی زەوجی و ئایەتی(لیس کمثله شیء)جوڵان وبـە جێهێشـتن و پیـادەکردنی یاسـاکانی میکانیکیـه، بۆیـه ئـەو فەرمودەیـه تـەخریج و ووردبونـەوەی تـری پێویسـته، لـه بنەچەدا لەو جۆره دابەزینەی خوا بۆ سەر زەوی لەلایەن تەوراتەوه هاتوه:

١-(وَأَتَى اللهُ إِلَى لاَبَانَ الأَرَامِيِّ فِي حُلْمِ اللَّيْلِ وَقَالَ لَـهُ: «احْتَـرِزْ مِـنْ أَنْ تُكَلِّـمَ يَعْقُوبَ بِخَيْرٍ أَوْ شَرّ (٢-(فَأَتَى اللهُ إِلَى بَلْعَامَ لَيْلاً وَقَالَ لَهُ: إِنْ أَتَى الرِّجَالُ لِيَـدْعُوكَ فَقُمِ اذْهَبْ مَعَهُمْ، إِنَّمَا تَعْمَلُ الأَمْرَ الَّذِي أُكَلِّمُكَ بِهِ فَقَطْ)[1] .

هەمو ئەوانەو(عەرشی خوداله ئاسمان) وایان کردوه که ناوی خـوا دێـت خـەڵکی تەماشای ئاسمان بکەن، بوونی خودا له ئاسمان له کتێبی پیرۆزی ئینجیـل وتـەورات وزەبوور دەبینرێ (الله من السماء اشرف علـى بـني البشـر لينظـر هـل مـن فـاهم طالب الله)[2]، له ئینجیلی برنابا وورد تر هاتوه (فقال حينئذ بطرس : يا معلم لابـد ان تكون الجنة أكبر من الله لأن الله يري داخلها، أجاب يسوع : صه يا بطرس لأنـك تجدف علي غير هدي)[3]. ئەو جۆره بەندکردنـەی خـودا بـە (مـەکان) پێچـواندنه بـه مەخلوق، ئەگەر خوا له ئاسمان بێت وله زەوی نەبێ مانای لەهەنـدێ شـوێن هەیـەو لەهەندێ شوێن نیه ناچاره بۆی بگەڕێ ودووری ببڕێ، هەموی چەوته.

وەك ئیمام غزالی وەڵامی داینەوەو دەڵێ:كما أن الله ليس خارج العالم ولا داخـل العالم وكذى الملائكة..، ابن سیناو كندیش دەڵێن له خوا ناپرسرێ لەکێیه پرسـیاری مکانی وزەمانی لێ ناکرێ[4]، خۆ ئەگەر لەئاسمان بێـت ئـەوا پـیش ئـەوەی ئاسـمانی

---

[1] سفر التكوين ٣١: ٢٤، سفر العدد ٢٢ : ٢٠

[2] كتاب المقدس- مزمور ٥٣: ٢

[3] انجيل برنابا – فصل ٧٨ اية ١١-١٢

[4] د. سعود بن عبد العزيز الخلف- قول الفلاسفة المنتسبين للإسلام في توحيد الربوبية –المبحث الأول ص١٣-

دروست کردبیت لە کێ بوە؟

ئەوە بە تێڕوانینی عەقڵی دونیایە کە خوا ئەو بوونەوەرەی بۆ خۆی دروست کردبیت تا لێی بحەوێتەوە وەك لەنێو هەر سێ ئاینیش ئەوە باو بوە(لە کوردەواریش دەڵێن: خوادنیای بۆ سەیرانی خۆی دروست کردوە)، لەو بارەیەوە فەیلەسوفەکان ڕایان ووردتر بوە لەو جۆرە ئاینیانە، ئەرستۆ دەڵێت خوابەرجەستە نابیت و لە هیچ شوێنیك نیە بەڵکو بزوینەری هەموانە، قەشە ئۆگستین (کەلای فەلسەفەی بەسەر زاڵە)باشتری بۆچوەو دەڵێ خودا لەهەمو شوێنیك هەیە بەڵام نابینرێ...، کەواتە تێگەیشتن لە خودا زۆر بە لەنگی بوە چ فەیلەسوفانی بێ باوەڕ چ باوەڕدارە ئاینیەکان ئەگەر بە ووردی لە ئایەتەکانی قورئان نەگەیشتبن، ئەو ئایەتانەی(زەوجی) دەرگای مەزن لە ڕێکخستنی زانیاریە فەلسەفیەکانمان بۆ دەکەنەوە.

زەوجی و تێگەیشتن لە خودا(التعریف الذی لا یمکن تعریفه)

لە کۆنەوە تا ئێستا خەڵکانێك هەن زۆر بە لە خۆیاییەوە دێت و پرسیاردەکات لە بارەی خودای گەورە دەڵێ: خوا لە کێ یە؟ کێ خوای دروست کردووە؟ ئەدی ئەوەی خوای دروست کردوە کێ دروستی کردوە؟یان وەك ستیڤن هۆکینگ دەڵێت ئەگەر خوا گەردوونی دروست کردبێت ئەی کێ خوای دروست کردووە؟ پیش بوونەوەر چی دەکرد؟، ئەگەر بۆ هەمو شتیك هۆیەك هەبێ هۆی بوونی خودا چیە وەك دیڤیز وەڵامی داوەتەوە؟...هتد

ئەو پرسیارانە لە چوارچێوەی یاساکانی بونەوەر یان لە چوارچێوەی دیاردەی سروشتی و دەوروبەری بۆ دروست بوە کە لە سەر بنچینەی (زوج)ی و (تێگەیشتنی مادیانە، شتانە، لۆکاڵیانە)ی بۆ هاتوە، یان وەك لە فەرمودە هاتوە ئەوە پرسیارێکی شەیتانیە. پرسیار لەسەر زاتێك دەکات (زوج)ی نیە، شت نیە، مادی نیە...بۆیە خودی پرسیارەکە هەڵەیەو بەدەرە لە لۆژیك، بەشێکی هەڵەیی ئەو

پرسیارانە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەیی وەسفی خودا لە لایەن ئاین پەروەران بە وێچواندنیان بە دروست کراو، هەروەك ئیمام غەزالی ووتی نیوەی تاوانی مولحیدی دەکەوێتە ئەستۆی ئاین پەروەران، بۆ ئەو خاوەن پرسیارە کەبزانێ پرسیارەکەی (پرسیار نیە) جارێ ناتوانی لە بوونەوەریش هەموپرسیارێك دروست بکا، ئەگەر بڵێین ٣جاران٤ یەکسەر دەڵێ (١٢)، ئەو نازانی ئەوە بەپێی سیستەمی (دەیبە-عشریە)[1]، بیرکاری زانەکان دەزانن٣جاران٤ ڕەنگە بکاتە ١٨ یان ٢٨...بەپێ سیستەمی (بیستی) یان (چلی)...، ئەو سەری سوڕ دەمێنێ و نازانێ چیترپرسیار بکا، چونکە لە ڕەهەندێکی تری بەدەر لە تێگەیشتن و نەریتی عەقڵی ئەوە، ئەگەر بە ماسیەك بڵی ی چۆن تۆ لە دەریا دەربچی دەخنکێی ئەوا مخلوقیش هەیە بکەوێتە دەریا دەخنکێ هەر سەری سوڕ دەمێنێ، نازانێ پرسیار لەو بارەوە بکا، ئەگەر پرسیاریش بکا وەك ئەو پرسیارانەی لەبارەی زاتی خوا دەکرێ ئاوایە، چونکە ڕەهەندو ژینگەی ماسی ئاوە.

زانایان دەڵێن بە (فرضیة) ئەگەر خودێك لە یەك ڕەهەندی بژی لە دوو ڕەهەندی ناگا، دوو ڕەهەندی لە سێ ڕەهەندناگا...هتد، لەلایەکی تر دەروازەکانی عەقڵی ئێمە بریتین لە (٥)هەست[2]، ئەوانەش زۆر سنوردارن عەقڵێکی سنوردار دروست دەکا، لە باشترین دۆخیدا تەنها لە چوارچێوەی سیستەمی (زوجی) لە شتەکان دەگا، لە چوارچێوەی ئەو چوار ڕەهەندەی بونەوەری خۆمان تێ دەگا، جا پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر بابەتێك بەدەربێت لەسیستەمی (زوجی) چۆنی تێدەگەی؟ (ومن کل شیئ خلقنا الزوجین..) سیفەتی(مەخلوقە شت)لە سنورداری وبەرجەستەیی

---

[1] ئەو سیستەمە دەگەڕێتەوە بۆ زانستی هندی کۆن بۆ ٧٠٠ز.

[2] ابن سینا زەوجی لە هەستەکانیش دۆزیتەوە لەبینین(سپی ورەش)، لە بیستن(دەنگی هیواش وتوند)، لە تام(شیرن وتال)،...

وجولەو ملکەچی بۆ یاسای سروشتی..، هەرچی بوونی هەیە هەر لە بچوکترین تـا گەورەترین لەو بونـەوەرە چـەمکی (شـت -شـیئ) دەیگرێتـەوە لـە چـەمکی(مادە) فراوانترە[١]، بە پێچەوانەی ڕای (جان ستون) لة کتێبی (هل لوجودنـا معنـی) دەڵـێ مادە (شت) نیە هەروەها(ئەرسەر کۆیستلەر) کەلەباسی ئەلکترۆن و(مبدأ اللادقـە) دەڵێ: (..انها لیست جسیمات، کما انهالیسـت أشـیاء..)[٢]، ئەلـەکترۆن وفۆتـۆن و هەرچـی هەیـە شـتەو زەوجیـە، لـە بنەچـەدا ڕای مەدرەسـەی ئەفلاتوونیـە هاوچەرخەکانە کەدەڵێن (ان المادة لیست شیئاوسموها-لیس-)[٣]

مەدرەسەی ئەشعەریەکان وئیمـامی و هەنـدێ فەیلەسـوفی تـر (شـت) و(بـوون) یەکسان کردبوو[٤]، واتە بوون بریتیە لە کۆمەڵێك (زەوجی ودژ)، کە ئـەو توێژینـەوە بـەرەو لای خـودا دەبـەین یەکسـەر دەبـێ دوو هـەنگاوی گـەورە بنـێین یەکـەمیان نەشوبهاندن بە بونەوەر(لیس کمثله شیء)، دوەم دوور خسـتنەوەی لـە سیسـتەمی (زەوجی –دژ).

ئیستا بە پرۆسەیەکی زۆر سادە دەتوانین بۆ تێگەیشـتن (لـەو ڕووەوە) لـە باسـی خودی (خوا) بچین کە زاتێکە دژی نیە، زەوجی نیە، بۆیە بۆ تێگەیشتنی بەدەر لـە تێڕوانینی (شـت- مـادە) بـۆی بچـین بـە تێڕوانینـی(لـیس کمثلـە شـیئ)، دوور لـە جووڵەوڕەهەندوکۆنۆردینەیت.

ئێمە لە سەرەنجامی توێژینەوەکە بۆمان دەرکەوت کە هەرشتێك ناوی شتە هەر لە یەك لا لەدوو دژو زەوجی پێك نەهاتوە، بەڵکو لە نـاوەوەو دەرەوە چـەندایەتی و

---

[١] عرض موجز للماديتدیالکتیکیة ص٣٢
[٢] ارثر كويستلر- جذور المصادفة –ترجمة: فوزية ناجي، وزارة الثقافة والإعلام-العراق ص٤٢
[٣] المثالية الألمانية ص٣٣٩
[٤] محمد جواد مغنية -معالم الفلسفة الإسلامية ص٣٢

چۆنایەتی و جوله و گەشەو کارلێك کردنی و...لە جوتـە دژی (زوجی)پێـك هـاتوه، وای کردووه بەر هەست بکەوێ، سنوردار ومەوجود بێت، تواناو جولـەو پێکهـاتنی بەر جەستە بێت (وکل شيء عنده بمقدار –الرعـد ٨)، هەرچـی خودایـە لەهـەموو رووەکان بێ دژە[1]، زەوجی نیە. ئەو وەسفە لەلایەن فەیلەسـوفانی ئیسـلام بەگشـتی هاتوه وەك ابن سیناو کندی دەڵێن: وهو واحد ولا تصدر عنـه الكثـرة، وهـو عقـل محض لا جنس له، ولا ماهية له، ولا كيفية ولا كمية، ولا أين له، ولا متى، ولا ندَّ له، ولا شريك، ولا ضد له، ولا حد له، وليس هو شيئاً من الأشياء بعده[2].

لەو سەردەمەش باش ترین وەسف لەو ڕەوتە (فەیلەسوف مرتەزا موتەهەری)یە، کەواتە توانـاو هێـزی پێکهاتەو...هەرچی هەیـە موتلەقـە سـنوری نیـە، بۆیـە نـە مەحدودە نە مەحسوسە، نە بەرجەستەیە نە مادیە، نە ڕابردوە نە داهاتوە، نـە شـتە (لـيس كمثلـه شـيء)، نـە جـولاوە ونەوەستاویشـە، ئـەوە نـەبوون نیـە بـەمانای (معدوم)بەڵام بەو شێوەی (خلق) مەوجود نیـە، بۆیـە ئـەو هـەمو هێرشـەی بـۆ سـەر موعتەزیلەو ئـیبن سـینا وکنـدی وفـارابی لـە بـارەی وەسـفی خـودا بـە هەڵـە لێیـان تێگەیشتون.

توێژینەوەیەکی فەلسـەفی بـەناوی(قـول الفلاسفه المنتسـبين للإسـلام فی توحيـد الربوبيه)زۆر بە توندی هێرشی بەکوفر کردۆتـە سـەر(أحمد حميـد الـدين الكرمـانی،

---

[1] زۆربەی هەرە زۆری موفەسیرو موفەکیرو فەیلەسوفی ئیسلامی بە جیایی مەزهەبەکان کۆکن لەسەر ئەوەی خوای گەورە بێ دژە، لە هەندێ ڕاو بۆچونی هەندێ زانای سعودیە لەوانە (ابن عثیمن وشیخ الفوزان)دەڵێن لە زاتی خودا (نەفی وئیسپات)کۆ بوویتەوە –بروانە:شرح العقیدة الواسطیةلشیخ الإسلام ابن تیمیة -هەمان سەرچاوە ص١١٠ ڕەنگە ئەیان زانیبێ ئەوە مانای زەوجی بۆ خوای گەورە دەبەخشێ.

[2] د. سعود بن عبد العزيز الخلف- قول الفلاسفة المنتسبين للإسلام في توحيد الربوبية – المبحث الأول ص١٣-

الحامدی، محمد بن داودالرفنه، ئینجا بۆ سەر فەیلەسوفانی ئیسلام کندی وابن سینا، فارابی، ابن رشد..)، کەچی نوسەر وەك بەشێك لە فەقیهەکانی جاران لەو بابەتە نەگەیشتوە، وەسفی خودا وایە نەڕەشە نەسپی، نەگەورە نەبچوك نەبوونە نەنەبوونە...بەدەر لەو وەسفە ئەوە هەلسەنگاندنی خودایە بە تەرازووی (شت، دروستکراو، مادە،..)کە نابێ، چونکە (لیس کمثله شيء)، ئەوەبەدەرە لەزیهنی ئێمە، کێشەی توێژینەوەلە فەلسەفەی خودایی لەلایەن فەیلەسوفانی مادی و(دژە فەلسەفیەکانی ئاینی) ئالێرەدێت.

مادیەکانیش دەیانەوێ توێژینەوەی خوای بخەنە تاقیگاوممالە، واناکەویتە نێونەوسنورە فراوانەی عەقڵ چۆن دەکەویتە تاقیگا، دەیەوێ بناغەی زانیاری دابڕێژێ وبەرەبەرە فراوانی بکا، لەکاتێکا ئەوەی ئێمە پێناس ودۆزینەوەی زانستی خوا نیە، ئەوە دۆزینەوەی نەدۆزینەوەی خودایە، زانستی خوایی بە پێچەوانەی زانستی تر کەلە کەلەکردنی زانیاری ودەرگا کردنەوە نیە، بەلکو بە سروشتی خۆی دەرگا داخستنە، ئەوە زانستی عەقیدەی ڕاستەقینەی ئاینیە، ئینجا ئەوە بە پێی بوونەوەری خۆمان ئەو لایەمان لێ دۆزیەوە، لەهەر بوونەوەر ودروست کراوی تری ڕەهەندی ئاوای تیدایە، دوور نیە لەهەر شتێك لەو بوونەوەرەو دروستکراوی تری ئاوا (شدید المحال) بدۆزرێتەوە، لەوەوە لە سیفات و ناوەکانی دەگەین کە چۆن (مهیمن، متکبر، أول، أخر.. احد) دەگەین، ناتوانین هەلی سەنگێنین بە پێی (شت ومەك-مەخلوق)ئەگەر بە (مبالغە)ش بێت وەسفی گەورەی بە ملیار ملیار هەنکی گەردوون وەك لە ئینجیلی برناباش وەسفەکی زۆر گەورەی کردوە بەلام هەر دروست نیە (في حضرته أن الكون أمام الله لصغير كحبة رمل، والله أعظم من ذلك بمقدار ما يلزم من حبوب الرمل لملء كل السموات والجنة بل أكثر)[١].

[١]: إنجيل برنابا- الفصل(١٠٥) اية١٠.

ئـیتر نـاتوانین بـەپێ ی بونـەوەری خۆمـان پـێ ناسـی خـودا بكـەین جگـە لـەو وەسفانە، ناتوانین لە ڕێ ی مادی و شت و مەكی ئەو بوونەوەرە پرسـیاریش لەسـەر خودا دروست بكەین، پرسیارەكانی لەكێ یە و بۆچی و چۆن و كـەی...مانای نیـە، چـونكە جولـەو زەمـەن و مكـان كۆنتۆردینـەیتی... نیـە، ئـەوەیان (عەقیـدە)ی ڕاستەقینەی زۆربەی هەرە زۆری ئاینەكانی تریشە. فارابی وتی مادام عەقڵی ئێمـە لەگەڵ مادە تیكەلە ناتوانین لە خوا بگـەین، بۆیـە پرسـیار و تێگەیشـتن یـەكجاری دوور دەكەوێتەوە لە تێگەیشتنی خـوا بـە ڕوانگـەی بوونـەوەر، كۆتـای هێنـان بـەو تەقەلاًیە بە شێكە لە (زانسـت) هـەروەك (مبـدأ اللادقـە)ی هـایزینبرگ لـە فیزیـا كۆتـایی بـە دیـاركردنی شـۆێنی ئـەلكترۆن و خێراییەكـەی هێناو(دیـاری نۆبـل)ی وەرگرت لە ١٩٣١.

لێـرەدا پەیوەنـدی (دروسـت كـەر- خـوای گـەورە) بـە (دروسـت كـراو) زەوی و ئاسمانەكان و گیاندار و مرۆڤ پەیوەنـدی موتلـەق بـە (نسـبی ومحـدود)ە، بۆیـە ئـەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆ نابێت[1]، كە ڕاستەوخۆ بوو ئـەوە (موعجیزەیە)كـە لـە توانـای خودایە (ادعونی استجب لكم -غافر ٦٠)، بەڵكو لە ڕێ ی كۆمەلە یاسایەك دەبێ كە لە قورئان بە (أمر) ناوی بردوە وەك لە بڕگەكانی داهاتوو باسی دەكەین.

[1] لەوەوە ئەبیقور (٢٤٢ـ٢٧٠ پ.ز) دەڵێ لە خوای ناوەشێتەوە حوكم لەو بوونەوەرە بكا و خۆی بچوك بكاتەوە وازی لێهێنایە -موسوعە الفلسفیە المختصرە ـ ص٢٢

بەشی پێنجەم

پەیوەندی دروستکەر و دروستکراو- الخالق والمخلوق

(A)

ئەو فەیلەسوفانەی باوەڕیان بە خواش بوە تا ڕادەیەك بەهەلە بۆ ئەو پەیوەندیە چوونە، ئەرستۆ لە چوارچیوەی ئەو دنیایەو بالآیی خودا، وای ریزکردبوو کە تا بەرەو خواو سەروو بچی عەقلیە تا بەرەو خواروش ئەوە مادیە، بەو شێوەیە خوا بە عەقلی ڕووت یان وەك هیگل بە ڕوحی ڕووت وەسفی کردووە، تا ڕادەیەك فارابی و هەندێ فەیلەسوفی ئیسلامی بەو بۆچوونە کاریگەر بوون وخودا بە (عقل المحض) ناوزەد دەکەن، کەچی عەقڵ خودا نیە بەلکو (ئەمری خودایە)، جولآن و جولێنەر خوا نیە ئەمری خوایە.

لەو بارەیەوە ئیمام غەزالی وا دەبینی: جولاو پێویستی بە جولێنەر هەیە کە خوایە، بەو شێوە وای دەبینی کە پەیوەندی خوداو بونەوەر ڕاستەوخۆیەو هەم خوداش لە جولەو چالاکیدایە، لە توێژینەوەیەکی تر بە ڕوون تر گوزارش لەو بینینەی ئیمام غەزالی دەکاو دەلێ(أن دعواهم إنه محرك لا يتحرك: دعوى متناقضة لأنه ما لم يكن بنفسه متحركاً فكيف يحرك غيره)[1].

لەو بارەیەوە وەسفی ئینجیلی برنابا وورد ترە کە دەلێ: (ولما كان ليس لله جسم فهو لا يأكل ولاينام ولا يموت ولا يمشي ولا يتحرك، ولكنه يدوم إلي الأبد بدون

[1] قول الفلاسفة المنتسبين للإسلام في توحيد الربوبية ص١٣

شـبیە)[١] راسـتیەکەی ئەوەیـە خـوا لـە جولـەو چـالاکی نیـە ئـەوە ستایشـە بـەلاّم ستایشێکی (انطلاق من الذات)ە، ئینجا خوا راستەوخۆ (متحرك)نیە بـۆ بوونـەوەر بەڵکو لەڕێی یاسا وەك لەدوای زیاتر باسی دەکەین.

لە پاش ئەو مەنهەجەی سەروو بۆ تیگەیشـتن لـە تینەگەیشـتنمان لـەخودا، لـە دۆزینـــەوەی دەروازەکـــانی ناســـینی خـــودا، ئیســـتا زۆر پرســـیارهەیە ناســـنامە لۆژیکیەکەی ڕوون دەبێتەوە کە پرسیار نیـە، ناچـێتە لـۆژیکی فەلسـەفەی خـوایی، هەندێکیشی سانا کردو هەلبەتە بەشی هەرە زۆریشی لێی نازانین، ئەوەی لەکۆنـەوە تا ئیستاش پرسیاری هاوبەشە ودووبارە دەبێتەوە ئەوەیە دەڵێن خودا پـێش ئـەوەی ئەو جیهانەی ئێمە دروست بکا بە چی سەرقال بوو؟

لەوەوە بیرۆکەی (کون الساکن-قدم العالم) وبیری (ئەتۆم) هاتـەدی، پرسـیارەکە بۆیە بەسەرسامی دێتە پێش واتێگەیشتوون کە ئیشی خودا تـەنها دروسـت کردنـی ئێمەو سروشت وگەردوونی ئێمە بێت، ئـەوە یـەك لـە دروسـت کراوەکانـە، دروسـت کراوی خودا بیّ پایانە لە زەمـەنی ومـەکانی ولـەجۆرو چۆنایەتی چـەندایەتی..یان ڕەنگە هەر نەزانین وەسفی بکەین بەپێی ئـەو یاسـاو ڕێسـایەی بەردەسـتی ئێمـە دا هەیە.

ئێمە ئەگەر بتوانین شتێك لەبارەی سروشـت وگـەردونی خۆمـان بـاس بکـەین و وەلاّمی پرسیارە فلسفیەکانی سەردەم بدەینەوە بە پالپشتی زانستی دروست وئاینی ساغە، بەو شێوەیە دەچینە نێو پەیوەندی سروشتی ئێمە بە خوا، یان بـە گوزارشـی ئاینی پەیوەندی بونەوەر و بەخوا(خالق) بە(مخلوق)، بە گوزارشی فەلسەفی ئەکادیمی بە پەیوەندی مادە بە نامادی، یان سروشت وهۆکارەکانی یان علـە الفاعلـە المعلـول دەردەبڕیّ، سادەترین پرسیار هەلدەبژێرین کە بریتیە لە پەیوەندی خـوداو سروشـت،

[١] انجیل برنابا- فصل ١٧ ایة١و٢

چەندین پرسیاری گرنگی لەگەڵە، لەسەرەتادا ئەوە دەپرسین لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوە بردنی سروشت وبوونەوەر، ئاخۆخوایاسای بۆ داناوە یان هەردەم خۆی ڕاستەوخۆسەرقاڵە پێی؟ لەبڕگەکانی داهاتو لەگەڵ وەڵامی ئەو پرسیارە دەڕۆین.

ئەو دنیایەی ئێمە کێ بەڕێوەی دەبا؟

یاسای سروشتی یان ئەمری خودا

دوو وەڵامی سەرەکی بۆئەو پرسیارە هەیە، ئەوانەی پێیان وایە کە هەموو ووردودرشتی بوونەوەر لەلای خوا بەڕێوەدەچێت، چاك وخراپ، باران و بروسك، مردن وبوون، هەژارکردن وسەرکەوتن...تاکەگەلایەك لەدار بکەویتە خوارهەر ئەوە، ئەو پۆلە دلسۆزوکلاسیکین لەهەمو ئاینەکاندا، زۆر شارەزای فەلسەفەو زانستی سەردەم نین، زۆرشارەزای (مقاصد)ی پەیام نین، بەشی دوەم پێیان وایە خوای گەورە خۆی یاسا وڕێسای بۆ بوونەوەر داناوەو ڕاستەوخۆ کارەکان بەڕێوە نابا، ئەوانەش چەند بەشێکن، بەگشتی لە ڕاستی نزیك ترن بەڵام کۆمەڵێك کێشەیان هەیە لەگەڵ دەق(لەوانە دوعاکردن)، تێکڕای فەلسەفەی مادیەکان لەو وەڵامە نزیك ترن وعەلمانیەتی فەلسەفی لێهاتە کایەوە کە بوە بنچینە بۆ عەلمانی سیاسی وئەکادیمی وتەعلیمی وفەرهەنگی..، سەرکەوتنی گەورەشیان بەدەست هیناوە بەڵام ناکەونە نێو ئەو توێژینەوە، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە کەپەیوەندی خوا بە دروستکراوەکانی.

ئەوەی گرنگە لە ناوهینانی فەلسەفەی مادی ئەوەیە سودیان لەتێنەگەیشتنی ئەو ئاین پەروەرانەیە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان (امر)ی خودا و یاساکانی سروشت، لەدوای کەمێکی تر بۆمان دەردەکەوێ یەك شتن تەنها زاراوەی جیای ئاینی وئەکادیمی ئەو کێشەیەی دروست کردوە، سەرەتای کێشەی (یاسای

سروشتی) بۆ ئاین پەروەران لەوە دێت کەئەویاسایانە دەدۆزرێنەوە بەناوی ئەو زانایە دەکرێ وەك یاسای بۆیل، یاسای ئەرخمیدس، یاسای نیوتن..ئەگەر زانیاری تەواوت نەبێ وادەردەکەوێ کە ئەو یاسایانە نیوتن وبۆیل وئاینشتاین دروستیان کردبێ وەك ئەلیکسەندەر پۆپ وتی ئەو یاسایانەی سروشتی لە تاریکیدا بوو نیوتن بەکاری خستنەوە، لەکاتیکا ئەو یاسایانە هەنە ئەوانە دۆزیویانەوە نەك بەکاری خستون، بۆیە لای ئاین پەروەر زۆر قورسە بلێ باران وبروسك خۆرگیران بە یاسای سروشتی دێتەدی، ناچاردەڵێن نەخێر بە ئەمری خودایە، بۆیە لەسالی ١٢٧٧ز لەلایەن پاپا جۆنی یازدەم ٢١٩ هەلەو کوفری ڕێز کرد یاسای سروشتی یەك لەو تاوانانە بوو، کریستیان کاوس دەڵێ لەسالی١٥٥٩ ز هەمو ئەو کتێبانەی باسی سروشت دەکا سوتینران[١].

جار وایە کارەساتە یان زولمی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤ هەر دەڵێن بە ئەمری خوایەو توشی ناکۆکی دەبن، چونکە چۆن دەبی خراپەش امری خوابیت، لەدەقی ئایەت: (واذا فعلوا فاحشة قالوا وجدنا عليها اباءنا والله امرنا بها قل ان الله لا يامر بالفحشاء اتقولون على الله ما لا تعلمون)، (الشيطان يعدكم الفقر ويامركم بالفحشاء والله يعدكم مغفرة منه وفضلا والله واسع علي)[٢]، یەکیك لە موعتەزیلەکان وای وەڵامدایەوە گوایە خوا دەسەلاتی بەسەر خراپەدانیە[٣].

هەرچی جەبری و ئەشاعیرەکان نکولیان لەوە کرد کە مرۆڤ هیچ دەسەلاتیکی هەبێ هەمورووداوەکان خواین[٤]، بەو شێوەیە ڕووداوە سروشتیەکان دەکەونە نێوان ئەمری خوداو یاسای سروشتی، لەیەکەمیان بریتیە لەنەزانین ودوەمیش بریتیە لە

---

[١] نیکولاماکیافیلی-الأمیر- ص٢٥

[٢] القرأن الكريم (سورة الأعراف - آية ٢٨، سورة البقرة آية ٢٦٨)

[٣] لە بنەچەدا ئاینی زەردەشتی دەلیت کارە خراپەکانی بەشەری خۆی دیکا نەك خودا، ئەفلاتونیش دەڵێ خوا بەشدار نیە لەکاری خراپی بەشەر..بۆ زیاتر بڕوانە جمهوریە افلاتون ص٦٨-..

[٤] معالم الفلسفة الإسلامية ص١٠٢، ص١٢٠

شارەزابوون ودۆزینەوەی نهێنیەکان وبەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەو تکنۆلۆژیاوپیشەسازیە گەورەیەی لێهاتتە ئاراوە، کەواتە ئەمری خواو یاسای سروشتی دژ بەیەکن یان هەر یەك شتن؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە فەلسەفیە ستراتیژیە پەنا دەبەینە بەر ئایەتیکی یەکلاکەروە لە سورەتی ئەعراف ﴿..أَلا لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ..﴾[1]، ئەوە باسی دوورەهەندی جیا دەکا، باس لە(خلق) و(امر) دەکا، ئەو دوورەهەندەش کێشەی سەرتاسەری فەلسەفەیە لەسەرەتای بەشەریەوە تا کۆتای بە هەمو مەدرەسەکانەوە، بوونەوەری ئێمە هەر (خلق) نەکراوە بەڵکو (امر)یشی بۆ دانراوە، ئێمە لە خلق گەیشتین واتە لە نەبوونەوە هێناویە بوون، ئەی (امر) مانای چیە؟

لێرە مانای دروست بۆ ئەو زاراوەو مەبەستەکانی لە قورئان هەمو کێشەکان چارەسەر دەبیت، زۆربەی موفەسیرو فەقیهەکان مانای تەواوی خۆیان پێ نەبەخشیوە زیاتر مانای ئەوامرو نەواهی (حرام وحلال)ی بۆمرۆڤیان کردۆتە تاکە زەمینە بۆ مانای ئەمر، بەشێکی تر وەك ئەوەی (تفسیر البغوی) هاتوە: (..له الخلق لأنه خلقهم وله الأمر يأمر في خلقه بما يشاء..)، بەشێکی تر تارادەیەك ڕوون ترە (امر) تەنها بە قورئان وکلامی خودا لیك دەدەنەوە، لەوانە:ابن تیمیە، ابن قیم، ئیمام غەزالی، قرتبی..[2]، ڕاغب ئەسفهانی بە(التدبیر والتصریف) وەسف کردوە[3]، هەرچەندە فەرموودەیەك هەیە بە ژێر خانێکی ڕیوایەتی لاواز هاتوەو گرنگی پێ نەدراوە بەڵام (امر)ی نزیك لەو بۆچوونەی ڕاڤە کردوە، بەو شیوەیە:

---

[1] تەواوی ئایەتەکە: [رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلا لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ﴾ الأعراف:٥٤

[2] مجموع الفتاوی ج٢٨ص٢٧٥، مدارج السالكين ج١ص٨، المستصفى ج١ص٢٧٥..

[3] مفردات ألفاظ القرآن -المادة:امر

(حَدَّثَنَا جَعْفَرُ بْنُ مُحَمَّدٍ أَبو أَحْمَدَ بْنُ رِزْقٍ، ثنا أَبو عَبْدِ اللَّهِ السِّمْسَارُ الْكُـوفِيُّ، ثنا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الْمَجِيدِ قَالَ : سَمِعْتُ سُفْيَانَ بْنَ عُيَيْنَـةَ يَقُـولُ فِـي قَوْلِـهِ تَعَـالَى :(أَلا لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ)، قَالَ : الْخَلْقُ خَلْقُهُ، وَالأَمْرُ كَلامُهُ " تفسیر قرتبی نقلی کردوه[1] ، کەچی لە کۆی هەمویان مانای گشتی پێ نەدراوە.

ئەوەی زۆر بە ووردی بۆی چوە سید قوتب لە(فی الضلال) لە تفسیری (فقضـاهن سبع سماوات في يومين واوحـى في كـل سمـاء امرهـا)[2]دەڵـێ : وا پێدەچـی مەبەسـت لە(امر) بریتی بێت لەو یاساو ناموسە گشتیانەیە کـەخودا بـۆ بوونـەوەرو سروشـت داینـاون، ئەوەش دەبێتـەدەروازەی توێژینەوەکـەمان، ئـەویش بەگشتگیرترمەبەسـت لە(امر)یاسای سروشتیە بەمانا فراوانەکـەی، لێـرەدا پـەیام دەبێتـە بـاری تایبـەتی ئەمر، واتە هەر کەلامی خـوا ناگرێتـەوە، بـەڵکو پـەیام ویاسـاکانی سروشـت وروح دەگرێتەوە، ئەو ئایەتانەش بەڵگەن وپشتیان پێ دەبەستین بـۆ دارشـتنی تیگەیشـتن لە پەیوەندی نێوان ئەمرو یاسای سروشتی:

(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْـمِ إِلاَّ قَلِـيلاً)، (بديع السماوات والارض واذا قضى امرا فانما يقول له كن فيكون) (فانطلقـا حتـى اذا ركبا في السفينة خرقها قال اخرقتها لتغرق اهلها لقد جئت شيئا امـرا) (ومـن اياته ان تقوم السـماء والارض بـامره) (يـدبر الامـر مـن السـماء الى الارض) (لله الأمر من قبل ومن بعد) (قـال ربنـا الـذي اعطـى كـل شـيء خلقـه ثـم هـدى)[3]، سەرجەم لە قورئاندا ٢٣٠جار باسی لە (امر) کردوە، لەکۆی ئەو ئایەتانە پەیوەندی خوابە یاسای سروشتی... دەکەین، دەردەکـەوێ ڕۆڵی (ئـەمر) لـەو بونـەوەرە چـیە،

[1] تفسیر قرطبی ج٧ص١٩٥
[2] سورة فصلت-آية ١٢
[3] القرأن الكريم- سورة الإسراء - آية ٨٥، سورة البقرة - آية ١١٧ سورة الكهف - آية سورة الروم— آية ٢٥سورة السجدة- آية ٥سورة الإسراء- آية ٨٥، سورةالروم اية ٤، سورة طه- آية٥٠

بەو شێوەیەی خوارەوە:

١- دوو پرۆسەی خوای بۆ بوونەوەری ئێمە کراوە، یەکەمیان (خلق) دروست کردنی هەموو لە هیچەوە دوەم لەدوای دروستکردنی یاساو ڕێسای بۆ داناوە، بۆ ئەوەی ئەو بوونەوەرە بێ سەروبەرو بێ ئامانج نەبێ (افحسبتم انما خلقناکم عبثا)[1]، بەشێك لە فەیلەسوفان باوەڕیان بەوە هەبوو خوابوونەوەری دروست کردوە بەڵام وازی لیهیناوە، ئیتر مادەی ئەو بوونەوەرە خۆی گەشەی کردوەو ئەو یاساوڕێسایەی بۆخۆی داناوە، ئەوە تەنها ئەو کاتە کەمێك ڕاست دەبێت ئەگەر هەمو پارچەکانی ئەو بوونەوەرە کۆنگرەیەکیان کردبێ لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر ڕێکەوتبن لەسەر ئەرك وماف وسنور دابەش کردن، ئەگەر هەمو ئەوانەش بوو ئەدی چارەی پێویستیەکانیان چیە؟ کێ سوتەمەنی وخۆراك ووزەیان بۆ دابین دەکا؟کێ ئەو بەرنامەیەی بۆ دانان ئیوە واکار بکەن تا دوای ملیار سالی تر ژیان پەیدا بێت ومرۆڤیشی لێ بێتەدی؟ئەوانە هەمو مەحالن، ڕاستیەکەی ئەوەیە لەخالی دوەم بە پێی ئەو ئایەتانەی سەروو ڕوونی دەکەینەوە.

٢- ئەو دوو پرۆسەی سەروو(خلق)و(امر)پرۆسەیەکی تری گرنگی هینا دی، ئەویش(ربنا الذي اعطی کل شيء خلقه ثم هدی) واتە بۆهەر سیستەمێکی دروست کراو هەر لە ئەتۆم تا کەشکەشان بەرنامەو ئیمکانیەتی پێ بەخشی، ئەوە مانایەك لەماناکانی (هدی)یە، (هدی)ی بوونەوەر یاسانی سروشتە، (هدی)ی کۆمەڵگەش پەیامە، لەوەش گرنگ تر هەماهەنگی وهاریکاری لە نێوان سیستەمەکانیش بۆ سیستەمی گەورەتر، لەوەوە تۆماس ئەکوینی و نیوتن و ولیام بالی و لەو سەردەمەش سیر جیمس(١٨٧٧-١٩٤٦) ووتیان

---

[1] سورة المؤمنون-اية١١٥

ئەو بوونەوەرە دەلێی کاتژمێرە هەر بەشەو بەشەکانی تر تەواو دەکا، لەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئەو بوونەوەرە بە (ترتیب)ڕێز کراون نەك بە پرۆسەی گەشە ئەو واقعە مەوزوعیە هاتبێتە دی، لەو پرۆسانەیە کە گەشەی هێلکە هەر جوجکەی بدا، جولەی خۆر ووزە بەخشینە،...بەو شێوەیە لە جولەو گەشەی هەر ڕەگەزێك ئامانجدارە ناپەڕێتەوە لەسنوری خۆی، ئەوەش بنچینەی رژێمی تەواوی گەردوونە.

٣- لەدوای زیاتر ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە (امر-یاساکانی سروشت-ڕاستی) (خلق-دروستکراو) نین، بۆیە ناکرێ یاسا بە(شت) یان(مادە) وەسف بکەیت، (خلق) مادیە بەڵام یاساکانی سروشت نامادینە، کەواتە یەکێ لە جیاوازیە بنچینەییەکانی (خلق) و(امر) ئەوەیە یەکەمیان مادیە ئەوی تریان نامادیە، ئەوەی کێشەیە لێرە لەو ئایەتە کەواهاتوە: (فانطلقا حتى اذا ركبا في السفينة خرقها قال اخرقتها لتغرق اهلها لقد جئت شيئا امرا) باس لەوە دەکا (شيئا امرا) زۆر تەقەلاماندا نەمان زانی لێکی بدەینەوە (امر) و(شيء) چ پەیوەندیەکیان هەیە، تەنها ئەگەر ئەوە بێت ئەو (امر)ەی لێرە هاتوە لەگەڵ (امر)ی گەردوونی جیا بێت.

٤- لەبارەی (پرسی روح) ئەو هەمو توێژینەوەو نوسینەی لەسەرکراوە لە سەرەتای بەشەریەوە تا ئەو ساتە نەتوانراوە لەوەی ئەو ئایەتە ئاماژەی پێ کردوە یەك ملمی لێ هەلکرێنن، ووتویەتی: (ويسألونك عن الروح قل الروح من امر ربي..)، کەواتە (روح) بەشێکە لە (امر) واتە (خلق) نیە، مادە نیە، ئەمرو یاسایە، ڕەنگە بتوانین بلێین یاساکانی سروشت روحی بوونەوەرە، بەڵام ڕەنگە نەتوانین بلێین روحیش بریتیە لەیاساکانی ژیان، هەر ئەوەندە دەتوانین بلێین (امر) بریتیە لەیاساکانی سروشت وروح، روح موعجیزە نیە، موعجیزە ئەو دۆخە تایبەتیانەن لە بوونەوەر کە بەدەر لە(هۆ)و یاسا سروشتیەکان دێتە دی،

لە پیشەکی کتێبی گەورەی(رسالە فی السیاسە والاهوت) دووبارەی کردۆتەوە و دەڵێ ئەگەر راستە یاساکانی سروشت هەر ئیرادەی خوایە کەواتە موعجیزە دەرچوونە لە یاسای خودا[١]...، ڕاستیەکەی وایە:موعجیزەش (امر)ە بە لام یاسا نیە، کەواتە لێرە (امر)بوە یاساو روح وموعجیزە، دووپرسیاری گەورە لێرە قووت دەبێتەوە: ئاخۆئەمر هەر ئەو سێ تەوەرە دەگریتەوە یان زیاترەو ئێمە نایزانین، دوەم زاناو فەقیهوموفەسیران بەپێی ئەو ئایەتە(یسألونك عن الروح قل الروح من امر ربي وما اوتيتم من العلم إلا قليلا) ئەوا ووتوویانە قورئان دەرگای لەسەر توێژینەوەی(روح)داخستوە بەوەی ووتویەتی (الروح من امر ربی)بەلیکدانەوەیەکی نادروست بۆ زاراوەی(امر)وای بۆچون، کەچی بەووردبونەوەیەکی سەردەمی وقوول تر وادەرناکەوێ، بەڵکو مەنهەجێکی توێژینەوەی پێدای ودەڵێ پرسی روح لەدەوازەکانی مادە مەکۆڵەوە، بەڵکو لەدیوی دوەمی بوونەوەر کەبریتیە لە ڕەهەندی (ئەمر- یاسای سروشت) بکۆڵەوە، فەیلەسوف وزانایانیش بە پێچەوانەی مەنهەجی توێژینەوەی ئەو ئایەتە هەلساون(بەو کەمە زانستیە- وما اوتيتم من العلم إلا قليلا)لە زەمینەی مادی لە روحیان کۆلیوەتەوە، بۆیە هیچیان دەست نەکەوتوە، تا ئیستا نەهاتون لە زەمینەی ڕەهەندی دوەم (امر) لە رووح بکۆڵنەوە، هەمو ئەوانە بە جێ دیلین بۆ کەسانی زیاتر پسپۆر ئەو کیشانەمان بۆ چارەسەر بکەن.

٥- هەر بە پێی ئەو ئایەتانە (ناوەندیەتی زەوی) بێ بنچینە بوە کەماوەیەکی زۆرزاناوفەقیهی ئیسلامیش لێی بەهەلەدا چووبوو، کەچی ئەو ئایەتە (يدبر الامر من السماء الى الارض) واتە ناوەندی یاسا لە ئاسمانە، ئەوە مانای

---

[١] رسالة فى السياسة والاهوت ص٦٦

ئەوە نیە خودا لە ئاسمانە هەروەك زۆرێك بە هۆی ئەو ئایەتە وایان بۆ دروست بوە (إثبات استواء الله علی عرشه بالكتاب) لـة كتێبی (اجتماع الجیوش المسلمین)ی ابن قیم وای بۆچوە، ئایەتەكە باس لە(امر)لە ئاسمان دەكانەك خودا، هەروەها پیشوو تر بە شێوەیەكی فراوان وای تێگەیشتبوون كە سیستەمی ئاسمان وسیستەمی زەوی لیك جیان، كەچی لەو ئایەتە(ومن ایاتە ان تقوم السماء والارض بامره) بە ڕوونی باس لە یەك سیستەمی دەكا، باس لەوە دەكا ئەو یاساو ڕێسایانەی ئاسمان وزەوی یەكن. لێرەدا كێشەیەكی فەلسەفی وئاینی زۆر گەورە چارەسەر دەكا، لە پیشوو ترئایەتی(لە ملك السماوات والارض والی الله ترجع الامور)[1] لە چوارئایەتی قورئان باسی لە(والی الله ترجع الامور) كردوە، لەوەوەبەشی هەرە زۆری فقهی ئیسلامی وای لیك دایتەوە كە كەس چی لەدەست نیە وهەمو كاری بوونەوەر خوایە خۆی ڕاستەوخۆ دەیكا وەك زانیاریەكانی كۆنی ئاینی لە(نصوص قدیمەو ئاڤیستاو عهدین..) هەموی وا هاتوە، كەچی لێرە ڕوون دەبێتەوە كەكاروباری بوونەوەربە ژیان وبیێ ژیانەوە، بە ئەجندەو ئادەمیەوە..بە ئاسمان وزەویەوە هەر هەموی لەدەست خودایە لە ڕێی یاساكانی سروشتی كە خۆی دایناوە.

٦- بە پێی ئەو ئایەتە (بدیع السماوات والارض واذا قضی امرا فانما یقول لە كن فیكون) ئەوا یاساكانی سروشت سەرتاسەرین ولەهەمان كاتدا زۆر خێران، ڕەنگە جیبەجیێ كردنی لە خیرایی ڕووناكی خیرا تر بیت، ڕەنگە هاوكات بێت، لەوەوە دەبیێ بەووردی یاساكانی(سروشتی) خوای لەگەڵ یاسایەك جیاكەینەوە كە لە پەرلەمانیك دەردەچیێ وبەسستی دەڕوا، ئەوە هەرناوی یاسای لینراوە ئەگینا مەرج نیە یاسا بیت، یاسا بەردەوام دوویارە دەبێتەوەو گشتگرو زۆر

[1] سورة الحدید ایة٥

خێراو ئۆتوماتیکە، واتە کاریگەری یاسای کیش لە نێوان(زەوی) و(خۆر) ٨ خولەك ناخایەنێ وەك خێرای رووناکی بەڵکو یەکسەرە.

٧- هەرچەندە لەناو خودی بونەوەر لەناو کیانی مرۆڤ، لەنیو خۆرو ئەستێرە، لە نیو زەمین...تۆخمی مردنی هەلگرتوە، کەچی یاساکانی سروشت بەس نیە بۆ کۆتایی هاتنی ئەو بونەوەرە، بۆیە (موعجیزە)یەکی تری پێویستە ئەو سورەتە ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ الأَرْضُ زِلْزَالَهَا، وَأَخْرَجَتِ الأَرْضُ أَثْقَالَهَا، وَقَالَ الإِنسَانُ مَا لَهَا، يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا، بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا..﴾ واتە ئەو جارە ئەو لەرزینە گەورەیەی زەوی لە چوارچیوەی یاساکانی سروشت نایەتە دی، بەڵکو بە ڕێنمایی وپەیامیکی تایبەتی خوایی دیتە دی ﴿بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا﴾، هەرچەندە لە قورئان واهاتوە (الا له الأمر والخلق)بەلاّم وا پێدەچی (پەیام-وحی) فراوان تر بێت لە (امر) یاسای سروشتی، چونکە یاسای سروشتی لەچوارچیوەی پەیام هاتوە (واوحی الی کل سماء امره).

٨- پرسێکی تر هەیە ئەگەر بتوانین لێرە چارەی بکەین ئەویش ئەوەیە ئاخۆ یاساکانی سروشت پیش سروشت دروست بوە یان پێچەوانە؟ کامیشیان حوکم لەسەر کامیان دەکەن؟دەتوانین لیکیان جیا کەینەوە؟بە واتایەکی ترپرسیارەکەی یەکەم ئایا (خلق-مادە) پیش (امر-یاسا) یان پێچەوانە، ئەو پرسیارانە کۆمەڵێك پرسی فەلسەفی کۆن ونوێی زۆر بالاّ چارەسەردەکا، مادیەکان بە بێ دوودلی و بە خێرایی وەلاّمیان ئەوەیە کە مادە هەبوە ئینجا باقی بوونەوەری لەسەر پەیدا بوە، بەلاّم هیگلی ومارکسی و تەیاری نوێی فەلسەفی لەپال مادە جولەو زەمان ومەکانی وەك هاوتا هەژمار کردوە، ئەنجلس بە توندی رەدی مایکل دەداتەوە کە لە کتێبی (الانثروبوجونیاص٧٠٧) دەڵێ:((تقول النظرة المادية الى العالم بأن المادة كانت

موجودة قبل الحركة)) ئەنجلس دەلی ئەوە هەلەیە پێکەوە ن وەك جمك[1] .

فەیلەسوفە ئیسلامیەکان بە پالپشت بە هەندێ ئایەتی قورئان چوونە نیو تیۆری گەردوونی بێ پایان(قدم العالم) وقبوولیان کرد[2]، لەو سەردەمەش فیزیای کوانتەم تووشی هەمان کێشە بوە، دەڵێ یەکەم جار کیش هەبوە، واتە یاسا هەبوە، ئینجا (خلق-مادە)دروست بوە، دەیەوێ بیسەلمینێ کە خوا خلقی نەکردوە بەڵکو بە یاسا دروست بوە[3]، ئەوە جۆریکی ترە لە ڕای دیکارت، کەچی یاساش هەر ئەمری خودایە، لەو ئایەتە (..واذا قضى امرا فانما يقول له كن فيكون) ئەو ئایەتە گەورەترین وەڵامی فەلسەفی گەردوونی پێیە ئەگەر لێی ووردبینەوە، دەبینین لەیەك کاتدا بەدوو وشە، گوزارش لەدووپرۆسە، لەدووڕەهەندی گەردوونی دەکا، (کن) بریتیە لە(فەرمان، یاسا، پەیام، هۆ..) (فیکون) یش بریتیە لە(خلق، مادە، بوون ودروستکراو، ئەنجام..) بەکورتی بە زاراوەی ئاینی (کن) ئەمرەو (فیکون) خلقە، هەرچەندە پرۆسەکە وەك یەك پرۆسە دەردەکەوێ، هاوکات، دەماودەست، کەچی لە ناخیدا لە سێ ڕەهەند دەردەکەوێ بەڕێز یەکیان پیش ئەوەی ترە، بە جۆرە دەربڕێنێکی تر:(کن) ئەمرە، هۆیە (ف) گوزارش لەو فەترە زەمەنیە دەکا کە ئەمرەکە جیبەجێ دەبێ و(یکون) ڕوودانەکەیە، کەواتە کن فیکون سێ پرۆسەیە (یاسا –زەمەن-مادە).

ئیستا پرسیاری هەرە گەورە ئاخۆ ئەو فەترە زەمەنیە گەورەترە لەسفر یان

---

[1] ف انجلس-ديالكتيك الطبيعة ص٢٤١

[2] ابن رشد دەلێ کاتی زەوی دروست کرا (واستوى الى السماء وهى دخان)، هەروەها بە پێی ئایەتی(ام خلقوا من غير شيء..)دەلێ دخان هەبوو، (شيء) هەبوو، لەوەوە دەلێ (مادە وخلق)هەبوو، ئەتۆم هەبوە وەك مادەی خاوی بوون، لە ئەتۆم بوونەوەر و هەر جۆرە دروستکراوێك دادەهینرێ..، لەدۆخ دەگۆڕێ بۆ دۆخی تر، خالی لاوازی فلسفەی ئیسلامی لیرەوە دیت.

[3] ستیڤن هۆکینگ- دیزاینی مەزن ل٤١-٦٦

یەکسانە بە سفر، ئەگەر گەورەتر بیت لە سفر ئەوا سێ ڕەهەندە، لەوەوە ئیمام تەبەری پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکاودەڵێ (ما خلق الله تعالى من الأشياء قبل خلق الأوقات..)[1]، ئەوکاتی ڕێژەکە ئاوا دەبیت(کن) لەپیش (فیکون)واتە: یاسا لەپیش بوونە، هۆ پیش ئەنجامە، زەمەن پیش مادەیە، ئەگەر کاتەکەش یەکسان بێت بەسفر ئەوا دوو ڕەهەندە یاساو مادە (ئەمروخلق) پێکەوەو جمکن وەك لەکۆنەوە قەشە ئۆگستین ووتیتی مادەو زەمەن پێکەوە دروست بووینە، لەهەردوو بار ئەوە ساغ دەکاتەوە کە یاسا ودیوە نامادیەکان حوکم لەسەر دیوە مادیەکان دەکەن.

لەو ئایەتەش (لله الأمر من قبل ومن بعد)هەر چەندە بۆنەی ئایەتەکە لە ڕەوتی جەنگی رۆم وفارسە، بەلاًم وادێتە ئاسۆ کە یاساکان پیش (مادەوسروشت) هەبووبێ، بەلگەی تریش ئەوەیە (خلق-سروشت)دەمرێ ولەناودەچێ، کەچی یاساکان نامرن، کەدەڵێ (کل شيء هالك)دەڵێ(شيء) واتە یاساو ئەمر ناگریتەوە.

لەوەوە فەیلەسوفانی ئیسلام یەخەگیری (نەفس)ببوون وبە نەمریان وەسف کردوە ئەو ئایەتە پشتیوانیانە ئەگەر مانای نەفس لە روح وئەمر نزیك بکەنەوە، هەرچی ئایەتی (قال ربنا الذي اعطى كل شيء خلقه ثم هدى) وادەردەخا کە یەکەم جار سروشت ومادە دروست کراوە ئینجا بەرنامەی پێ بەخشراوە، واتە قۆناغەکانی بوونەوەر واهاتوە: یاسا-بوون-بەرنامە. ساغ کردنەوەی ئەو پرسە کێشەی زۆر گەورەی فیزیای کوانتەمیمان بۆ چارەسەر دەکا بەتایبەتی ئەو بۆچوونە گەردونیانەی لەلایەن(رتشارد دوكينغز-وهم الإله)، (ستیڤن هۆکینگ-دیزاینی مەزن)...هاتون.

لە کۆتایدا یەکسان کردنی زاراوەی ئاینی(امر) وزاراوەی ئەکادیمی(یاساکانی

---

[1] تاريخ الطبري ج١ص٢٠

سروشت) کێشەیەکی یەکجار زۆری نێوان ئـەکادیمی وئـاینی چارەسـەر دەکـا،..وەك لەدوای باسی دەکەین.

ئیستا وەڵامی پەیوەندی نێوان : مادی ونامادی، بونەوەر ویاسا، هۆو ئەنجام،.. زۆر ساناو کورت بۆوە، باسیکی دەکەین بە پێی پێویستیمان لێرە پـیش ئـەوەی بـە قوول تر لەدوایدا لە دوو ڕەهەندی بوونەوەر باسی بکەین.

یاساو مادە(ئەمر وخلق)

لەوەی سەروو لەگەورەترین کێشەی (سەرچاوەکانی ڕووداو) دەرچـووین ئـەوە لـە هـەمان کاتـدا چـارەی کێشـەی (ئیجباروئیختیـارە، زاتـی ومەوزوعیـە، هۆکـاری دەرەکی وناوەکی)...لەگەڵ زۆر لای تر، دەرکـەوت یاسـاکانی سروشـت بریتیـە لـە فـەرمانی خـودا، دەرکـەوت مـادەو یاسـا دوودنیـای زۆر لیـك جیـان، یەکـەمیان بەرجەستەونسـبی وگۆڕاو..هەرچی دوەمـە موتلـەق چەسـپاوو عەقلیـە، نامادیـە، لەکۆی گشتیش نامادیەکان حوکم لەسەر مـادە دەکـەن، نـەگۆڕەکان حـوکم لەسـەر گۆڕاوەکان دەکـەن، واتـە ئەوەنـدە تیکـەلی یـەکترن نـاتوانین لیکیـان جیاکەینـەوە، وادەردەکەوێ یەك بوون بن، یەك ڕەگەز بن، بۆیـە تـا ئـەو سـاتە هـەمو فەلسـەفەی مادی تەنها توانیویانە قسە لەسەر (مادە، خلق) بکـا، نـەیتوانیوە بـاس لـە دیـوی دوەمی بوونـەوەر بکـەن کـە بریتیـە لـە یاسـاکانی سروشـت(ئەمر)، لەبـەر کـەمی زانیاریـان دانیـان پـێ نـەهیناوە، لـەوەش هۆڵبـاخ و مـارکس دەڵـێن مـرۆڤ چـیە تەنهابریتیە لەسێ ڕەهەندی مادی (گۆشت و خوێن و ئێسك)[١]!

کەواتە ئەو کێشە گەورانەی لەسەردەمی یۆنانیەوە تا ئەو سـاتە بـە فەلسـەفەی مادی چارەسەر نـەکراوە بـەڵکو پێچـەوانەوە تـاوەك (رالـف سـۆکمان)و(لامـارتین) دەڵـێن دەریـای زانیـاری زیـادی کـردوە لیـواری نـەزانینیش فـراوان تـر دەبـێ،

[١] موسوعه الفلسفیه ص٢٩١

ئەوەکێشەیان لەگەڵ نیوەی بوونەوەر چ جای نیوەکەی تر هەر زانیاریەکیان نیە، ئەگەر فەلسەفەی مادی وستیڤن هۆکینگ وهاوڕێیانی کە دەڵێن دەکرێ ئێمە لەو جیهانە بگەین[1] بەفەرەزی بتوانن تفسیریکی پەیدا بوون بکەن بەڕێکەوت یان بە جۆرێکی تر ئەوەندە زەحمەتیشە تا هاوتا(زەوجیەکەی -زدەکەی)پەیدا دەبێ، لەوەش گرنگ تر هەردوولا پێکەوە چۆن پەیدا بوون؟

ئەوە هەمو لەیەك لای بوونەوەر، لای مادی، بەشی دوەمی کە بریتیە لە یاساکان وئیمکان وبەرنامەی کە پێویستە بۆ بەردەوامی (بوون) یەکسەر لەگەڵ (مادە-خلق)یەکسەر یاساکانیشی لەگەڵ بێت، ئەگەر ئەوبونەوەرە بۆ یەك سات بێ یاسا بیت ئەوا ئەو بوونەوەرە تێك پێك دەشکێ، بێ ئامانج دەبێ، تەنانەت ئەگەر یەك یاسا نەبێ ببتە دوو ئەوا دیسان بوونەوەر گەندەل دەبێ وهەمو بەشەکان رووبەرووی یەکتر دەبنەوە، کەواتە (بوون، مادە) و (یاسا) پێکەوە هەن، کەئەوە بۆ لیکدانەوەی پەیدابوونی ئەو بوونەوەرە بێ (دروستکەر، بێ خودا، بێ هیچ نامۆیەك..) ئەگەرەکان هەزاران جار زیاد دەکا ودەبێتە محال.

** ** ** **

ئیستا نۆرەی کێشەیەکی تری فەلسەفی گرنگە، ئەویش ساغ کردنەوەی ئەو (یاسا سروشتیە) ئاخۆ پەیوەندی بە خوداو بوونەوەر چۆنە؟ناوەندی پەیوەندی ولەڕیزی فریشتەیە یان هاوبەشی خودایە؟یان خلق ودروستکراوەو پیك هاتوە لە جووتە دوودژ وچەسپاو نیە؟یان دیویکی تری بوونەوەرە؟..هەمو ئەوانە لە برگەکانی داهاتو چارەسەر دەکەین.

---

[1] دیزاینی مەزن ل٤٦

نێوان خوداو بونەوەر(یاسای سروشتی)

(ڕێخۆشکردن تا عەقڵ وەریگرێ)

ئــەو پرســـە گـــرنگ وکۆتاییـــە لـــەوی بـــەدواوە، لـــە پرســـی (خـــالق) وەردەچەرخێینە(مخلوق)، بۆیە لێرەش پێویستمان بە(جووتـە دژەکان)دەبێت، وەك بیرهینانەوە ئێمە باسمان لەوە کرد کە تەنها خودا بێ دژەو لە زەوجی پێك نەهاتوە، کەچـی دروسـتمان نـەگوتوە، ڕاسـتیەکەی ئەوەیەدروسـت کـراوی خـودا (زەوجـین)، ئیسـتا کۆمـەڵێك سیسـتەمی تـر لەوجیهانـەی خۆمـان دەبینینەوەلـە(زەوجی)پێك نەهاتوە، وەكیاسـاکانی سروشـت، روح، ڕاسـتی، پـەیام، تارادەیەك(بەدوودڵیـەوە) زەمەنیش، پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو بابەتە پێویستە پـەنا بـۆ قورئـان ببـەین بـۆ چارەی ئەو پرسیارانە ئاخۆ ئەوانە(یاساکانی سروشت، روح، ڕاستی، پـەیام) مـادام زەوجـی نـین ئـەدی خـودان؟ یـان هاوبەشـی خـودان؟ بەتایبـەتی لـە قورئـان داوای لیکردووین (لاتشرك بالله شیئا)ئەوانە شت نـین کەواتـە ئەگـەر بیکەینـە شـریکیش وەك ئاینە کۆنەکان مانگ وخۆر وسروشت و.. کردە شریك بۆ خواو دەیـان پەرسـت لەو فەلسەفە قوولە هاتوە.

لە رسالەکانی ئیخـوان سـفا دەڵێـت: پیکهاتـەی ئاسمان(فریشتەوئەسـتیرە ورۆژو مـانگ) نزیك ترین وپاك ترین دروست کـراوی خـوان بۆیـە پەرسـتراون[1]، غەنوسـیە (ڕوحیـەکان)یش پێیـان وابوومادەوپیکهاتـە زەمینیـەکان پیسـن ولەدروسـتکراوی خـوانین بـەڵکو لەدروسـت کـراوی شـەیتانە[2]، نـەخێر، هـەر بـەو ئایەتـەی سـەروو وەلامیـەتی کەدەڵێ:(الا له الأمر والخلق) واتە خلق وئەمر بۆ خـوا دەگەڕێتـەوە، لـە

---

[1] رسائل اخوان الصفاء.. رقم:٣٣ ص١١٦

[2] بۆلدیفیز-الإقتراب من اللة- بحث فی اصل الکون-ت:منیر شریف ص٦١

بارەی روحیش (یسألونك عن الروح قل من امر ربی..) یان روون تـر هـەمو ئەوانـە یاساکانی سروشت وروح وپەیام ناگەڕێنەوە بۆسیستەمی خلق، بەڵکو بۆ سیستەمی فـەرمانی خـودا، ئینجـا بـە ئازادانـە تـر دڕ بـەو بابەتـە گرنگـە دەدەیـن، بـابزانین ئەوانەی(زەوج)ی و دژیان نیە چین؟ پەیوەندیان بە خودا چیە؟ دەکرێ بڵێین ئەوانـەن نێوانی خوداو بوونەوەر؟یان خوداو سروشت؟ لە بڕگەکانی داهاتو وەڵام وەرگرە.

ڕەهەندێکی تر

سیستەمە نازەوجیەکانی بوونەوەر :

لەوەو پێش کۆمەڵێك سیستەمی زەوجیمان تۆمـار کـرد، ووتمـان هـەمو شـتێك لەزەوجی پێـك هـاتوە، ئەوانـە دیـوی مـادی بونـەوەرن و نسـبین دەگـۆڕێن، ئیسـتا هەندێ سیستەم تۆمار دەکەین زەوجی نین، نەگۆڕن بەڵام بەرپرسن لـەگۆڕان، ئـەوان حوکم لەسەر مادە دەکەن، ئەوانە دیوی نامادی بوونەوەر پێك دەهێنن، بـێ ئـەوەی بتوانین سـنور لـەنێوان دیـوی مـادی ودیـوی نامـادی دیـاری بکـەین، کەواتـەتـەنها دووسیسـتەم هەیـە لـەو بوونـەوەرە، زەوجیـەکان شـتن(مەخلوقن) مـادین، نازەوجیەکانیش (ئەمرن) نامادین، ئەوانەی خوارەوەن نازەوجیەکان:

١- زەمـەن

لەفەلسـەفەی کۆن تاڕادەیەك جولـەو زەمـەن ئەوەنـدە تێکـەلی مـادە نـەدەکران، وەك ڕەهەنـدو فاکتـەریکی سـەربەخۆ دەبینـرا، ئەرسـتۆ وئۆگسـتینو کۆمـەڵێك فەیلەسـوفی تـر پێیـان وابـوە زەمـەن نـاگیرێ ڕابـووردوو ڕەت بـوەو، داهـاتووش نەهاتوەوئیستاش نیەو ناگیرێ، زەمەن خۆی خۆی دەخواتـەوە مـادام هەرچرکەیەك

دەڕوا خۆی لە خۆی دەڕوێنی[١].

لەسەردەمی هیگل و مارکس وئەنجلس و زانستی فیزیای نسبی هەول دراوە وەسفی زەمەن و یاسا وڕاستی و.. هەر بە مادی وبەشێك لە چالاکی مادە بکرێت، دەیانەوێ بڵێن زەمەنیش زەوجی و(تناقض) دەیگرێتەوەو لە زەوجی پێك هاتوە تەنها ئەوەیە زەوجی ودژ(لە زەمەن) کەمێك جیاترە، بەو شێوەدەست پێ دەکەن: هەموو کاتێکی زەمەنی بریتیە لە ڕابوردوو وداهاتوو.

زانیاری زۆر زیاتر پێویستە بۆ گوزارش کردنی (زوج)ی لە زەمەن، تاڕادەیەکی زۆر پێویستی بە (نظرية النسبية) هەیە، بۆ ئەوەی بزانرێ کە (ئیستا) سنوری نێوان ڕابوردوو وداهاتوو نیە بە موتلەقی، بەڵکو هەمو کاتێك داهاتووڕابووردوو تێکەل بوە لەو بوونەوەرە[٢].

کاتێ دەڵێین ئیستا ئەوە لەلای خۆر ٨ خولەك وشتێك ڕەت بوە، لای ئەستیرەی ئەلفا کونتوراس ٢سال ونیو تێپەڕیە، لای مجرەی ئەندرۆمیدیا زیاتر لە ٢ ملیۆن سال تێپەڕیە..، واتە کاتی دەڵێین ئیستا لێرە ئەوا لای ئەندرومیدیا ٢ملیۆن سالی ماوە بۆ ئیستای ئێمە.

بەو شێوەیە ڕابووردوو وداهاتو بە زەوجیانە تێکەلی یەکتر بووینە، لەو بونەوەرەو ڕەهەندی زەمەنی پێك هێناوە، ئینجا ئەو زەوجیە لە پەیوەندی نێوان زەمەن وجوڵانەوە وزەمەن وخێرایی وپارستایی و..بەو شێوەیە تێکەڵە.. ڕاستیەکەی وانیە، ڕاستە کە ئێمە دەڵێین ئیستا ئەوا واقعی مەوزوعی جیاجیای ڕابووردوو تێکەلیەتی بەڵام دووخالی گرنگ هەیە:

١-لەو زەوجیەی ڕابووردوو داهاتوو کوا توخمی داهاتوو نەبوو، مەحالە بە پێش زەمەن کەوتن، ئەو تیۆرەی خێراتر لە ڕووناکی وبە پێش زەمەن کەوتن هیچ

---

[١] المثالية الألمانية ص١٢١

[٢] براتراند راسل-الف باء النسبية –ترجمة: فؤاد كامل، دار الثقافة العربية ص٤٣

ئەسل وئەساسێکی نیە تەنها (خەیالی علمـە)، کەواتـە نـەبوە زەوجـی (کـە پیـك بێـت لـە ڕابـووردوو وداهـاتوو)، کـوا جەمسـەرەکانی زەوجـی ؟کـوا سیفاتەکانی زەوجی کەلەپێشوو تر باسمان کرد؟

٢-ئەوەی تێکەلە ئەوە لە ئەسلدا وانیە، کاتی دەڵێین ئیستا تـەواوەو موتلەقـە، کێشە ئەوەیە ئامرازی گەیاندن موتلەق نیە، ئەو کێشەیەی (تناقض)دروست دەکا یان ئەوەی نایەلی (ئیستا)دیاری بکەین لەگەردوون ئەوە کێشەی نێوان (واقیع) و(ڕاستی)یە، یان زانیـاری ئێمـەو ڕاسـتیە، لەواقیعـدا ئیسـتا نیـە، بـەڵام لە(ڕاسـتیدا)هەیە، وەك کێشـەکەی(هایزنبگ١٩١٠-١٩٧٦)کـەپێی دەووترێ (مبدأ اللادقـە- indeterminacy principle) کـە لەیـەك کاتـدا شوین وخیرایی ئەلەکترۆن دیاری ناکرێ، ئەوە بە توانای ئێمـە دیـاری نـاکرێ ئەگینا لە (ڕاستی)دا لەخودی ناو ئەتۆمەکە هەیەو دیـارە، بەهـەمان شـێوە بۆ گەردوونیش، ئەو واقیعەی ئێمە گەردوونی پێ دەبینین تەواو نیـە، ئەگـەر خەبەرەکی گەردەلوولەکی خۆرمان سەعات ١٠ پیگەیشت مانای وانیە ئەوە ئەو کاتە ڕوویـداوە وەك لـە واقیـع وزانیـاری ئێمـە دەردەکـەوێ، بـەڵکو لـە شوینی خۆی لەناو خۆر ٨خولەك پیشووتر ڕوویـداوە، ئـەوە زانیـاری ئێمەیـە پێی ناگا، کێشە لە توانای ئێمەیە وەك (اللادقە)کە، کەواتە چ پەیوەندی بە زەمەن هەیە، کێشەکە زاتیە نەك مەوزوعی، کێشەکە زانیاری ئێمەیـە نـەك ڕاستی، تەنانەت ئەو گۆڕانەی بەسەر زەمەن دیت لە خیرایی (وەك لە تیۆری نیسـبی ئاینشـتاین هـاتوە) لـەدوا لیکدانـەوە هـەر زاتیـە، ڕاسـتە لەهـەر ئەستیرەوکەشکەشان وشوێنێکی تری گەردونی زەمەنی جیایە، شـوین هەیـە شەورۆژی ٤سەعاتە، شوین هەیە شەورۆژی یـەك سـالە.. بـەڵام لـە کۆتایـدا یەك زەمەن هەموی بەڕێوە دەبا، هەر هەمو زەمەن بە ئاڕاستەی خۆی دەڕوا لە ڕابوردوو بۆ ئیستاو داهاتوو، بەو شێوەیە زەمەن پیکهاتەو زەوجـی نیـە،

دژی نیە،خۆی مێژووی نیە بەلام مێژوو بۆ مادە دروست دەکا، ئەدی چیە وای کردوە زەمەن زۆر خێرا نەبێت وسنوردار بێت لەوەوە (دوودلیەکەیە)، ئەگەرزەمەنیش بەشێك بێت لە یاسای سروشتی(یان بە فراوان تربەشێك بێت لە ئەمری خودا) ئەوە ئەو وەلامەی ناوێ، ئەگینا ئەو پرسیارە وادەکا بیر لە زەوجی بکەینەوەو نەشمان دۆزیتەوە، کەواتە لە نێوان (خلق) و(ئەمر) لەدوەمیان نزیك ترە هەروەك (مقدسی) وای وەسف کردوە :(..وبعضهم يقول أن الزمان ليس بشيء) وامانا دەبەخشێ کە زەمەن مادی نەبێ[١]،کەچی لە هەمان کاتیشدا سیفاتەکانی(امر –یاسا)تەواو هەلناگرێ،یەکێ لەو جیاوازیە بنچینەییە ئەوەیە یاسا تەمەن ومێژووی نیە کەچی زەمەن مێژوو بۆ مادە دروست دەکا .

٢- یاسا

زۆربەی بەشەکانی سەروومان لەبارەی یاسا بوە، دەمێنێ بلێین : یاسای ڕاستەقینە چەسپاوو گشتگرە، هەموار ناکرێ، نابێ بەچاوی یاساکانی (دانراو-وەزعی) سەیر بکرێ، ئەوە هەر ناوی یاسای لینراوە ئەگینا یاسای راستەقینە لە هەمو بوونەوەر بەکارە، دۆخ وبیجگەی تیدا نیە، ئەگەر ئەوانەی تیدابوو ئەوا یاسایەکە بەتەواوی نەدۆزرایتەوە، ناکۆکی وزەوجی تیدا نیە، پیك هاتوە لە حەتمی پەتی، مسەیەر، توخمی مەحالی تیدا نیە، گەورە بچوك، ساردوگەرم، خێراو وەستاوی...تێدا نیە، ئەگەری نیە، بوونی فرە ئەگەری لەکەمی زانیاری ئێمە دێت، بە پیوەرە مادیەکان بەشتومەك ناپیورێ، بەکورتی زەوجی نیە، دژی نیە، مادی نیە..بۆیە زالە بەسەر سەرانسەری بونەوەر.

[١] المطهر بن طاهر المقدسي – البدء والتاريخ ص٩

٣- پەیام

پیك هاتوە لە قورئـان ورێنمایـە راسـتەوخۆكانی خـوا بـۆ پێغەمبـەرەكان، یـان فراوان تر بلێین بریتیە لە هەمو ئەو پەیامانەی لە خوای گـەورە بـۆ پێغەمبـەرەكان هاتۆتە خوارەوە، ئەگەر یاسای سروشتی بۆ مادەو بوونەوەر هاتبێ، ئەوا پـەیامیش بـۆ كۆمەلگـە هـاتوە، یـەك رۆل دەبیـنین لەگـەلّ جیاوازیـەكی بنچینەیی، یاسـای سروشتی بـوار بەبەشـەكانی سروشـت نـادات ئازادیـان هـەبێ، بـەلكو (مسـەیەرن) چونكە عەقلیان پێ نەدراوە، هەرچی ئادەمیزادە لەو پەیامـە ئـازادی وئیختیاریـان بۆ بەجێ هیشتراوە بە ئەندازەی ئەو عەقلـەی پێیـدراوە، هەرچـی بـاقی گیانـدارانی تریشە دووبارە ئازادیەكانیان بەو ئەندازەیەی ئەو هۆشیاری وعەقلیەیە پێیان دراوە، هەر بە پێی ئەو كەمە عەقلّ وئازادیەیـە لیپێچـینەوەیان لەگـەلّ دەكـرێ، پـەیامی خودا وەك یاساكانی سروشت دژی نیە، زەوجی نین، بۆیە نە هەموار دەكرێ نە نسخ دەكرێ، گشت گرن بە ئاسۆیی وستونی، بۆهـەمو زەمـان ومـەكانێك، بەشـێكە لـە راستی، ئەگەر یاسای سروشت بزوینـەری بونـەوەر بێـت ئـەوا پـەیامیش بزوینـەری كۆمەلگەیە، پەیام بەگشتی بە قورئانیشەوە لەگەلّ خلـق جیایـە كەلـە زەوجـی ودژ پیك هاتوە، پەیام وقورئان مخلوق نین بەلكو ئەمری خودان، واتە ڕەهەندی یەكەم نیە بەلكو ڕەهەندی دوەمە.

٤- روح

(هیچ نازانین) تەنها دەتوانین هەندێ تیگەیشتنی مرۆڤ لەبارەی وەسفی (گیـان- روح) هەلسەنگینین كە پەیوەندی بە(زەوجی) هەیە، روح وجەسـتە، روح ومـادە لـە پەیوەندیدان، نەك وەك شوینهاوەردەلی دژ بەیەكترو ئیمام غزالیێ دەلّـێ لێـك جیـان بەتەواوی (جوهر روحاني قائم بنفسه لا يتحيز وليس بجسم ولا منطبع في الجسم ولا

هو متصل بالبدن ولا هو منفصل عنه كما أن الله ليس خارج العالم ولا داخل العالم)، سپینوزاش دەڵێ یەك شتن [١]، وەك پەیوەندی خودا بە سروشت وینە دەكا، نەخێر پەیوەندی خودا بە سروشت لەڕێی یاساكانی سروشتە، پەیوەندی خودا بە سیستەمی ژیان ومرۆڤ لەڕێی ڕوحە، پەیوەندی روحیش بە مرۆڤ هۆشە (وەك پەیوەندی یاسا یە بە سروشت)، هۆشیش پەیوەندی سروشت ومرۆڤ دیاری دەكاتەوە لە ڕێی ئامراز..

بۆیەش ئەگەر جەستەی مادی مرۆڤ تێك بشكینی روحی تیدا نامینێ واتە لیك جیانین، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە كە مادام جەستە تیك شكاو روح نەما كەواتە روح وجەستە یەك مادە بن وەك فەلسەفەی ماركسی هەڵمەتی هەرە گەورەی خستۆتە سەر ئەو پرۆسەیە، جەستە بێ روح (جماد)ە نەك(حیاة)، روحیش بێ جەستە ناكەوێتە (بوون) لەو بوونەوەرەی ئێمە، ماركسیەت وهەمو ئەوانەی نكولی لە روح دەكەن وهەر بە دیوێكی تری مادەی لیك دەدەنەوە هەرگیز ناتوانن جیاوازی لە نێوان ژیان وبێ ژیان، مردوو وزیندوو بكەن، ناتوانن پیناسی مردن بكەن، وا پێدەچی (یاساو سروشت) (روح وجەستە).. سیستەمی زەوجی (بوون) بن بە جۆرە گوزارشێكی تر كە جاری ناتوانین دیزاینیان بكەین، ئەوەی دەتوانین بیلێین روح زەوجی نیە، دژی نیە، جەمسەری چەندایەتی وچۆنایەتی وگەورەو بچووك ووەسفی خێراو ژماردنی بۆ ناكرێ، تەمەن و مردنی نیە.

** ** ** **

هەمو ئەوانەی سەروو(سیستەمە نازەوجیەكان)كە شەبەنگی ڕژێمی (امر) پێك دەهێنن، دیوێكی بوونەوەر پێك دەهێنن، دیوەكەی تر مادەیە، مەخلوقە، كەواتە دەكرێ بڵێین بوونەوەر لەدوو ڕەهەند پێك هاتوە، مادەو یاسا، یان (ئەمروخەلق)،

---

[١] المثالية الألمانية ص٢٢٦

ماکینەی کارکردنەکەشی بریتی دەبێ لە هۆو ئەنجام، بەشێوەیەك هۆیەکە لە (ئەمر-نامادی-یاسا)دەردەچێ، ئەنجامەکەشی بریتیە لە(خلق-مادی-بوون)، کەواتە ئەو بونەوەرە دوو ڕەهەندەیە؟چۆن مرۆڤ دوو ڕەهەندی ڕووح وجەستەیە،بوونەوەریش بەجۆرێکی تر دووڕەهەندیە، لەدوای دیاری کردنی ئەو دوو ڕەهەندە زیاتر لە پەیوەندی (خوداو بوونەوەر) نزیك دەبینەوە، بابزانین ڕەهەندەکانی بوونەوەر چین؟.

ڕەهەندەکانی بوونەوەر(کۆدەکانی گەردوون)

زانستی مرۆڤایەتی بە مەنهەج وشێوازەوەکاریگەرە بە بنەما لۆژیکیەکانی کتێبە ئاسمانیەکان، بۆ هەر قۆناغیکی گەشەی زانستی مرۆڤ جۆریك لە پۆلین کردن بە خۆوە دەبینی، لەو سەردەمە زیاتر شێوازی ئەکادیمی سەرمەشق هەژمار دەکرێ، زانیاریەکانی کتێبە ئاسمانیەکان جاریٚ وادەردەکەون بەئەدرێس و پۆلین نەبێ، ئەدرێس لای ئێمە لەوە دێت لەو دەمە چ گرنگە ئەدرێس بەوە بێت، مەرج نیە ئەو ئەدرێسە لای کتێبە ئاسمانیەکان وا گرنگ بێت، جاروایە بابەتێك لە زانیاری مرۆڤەو بە چەندین هەزار لاپەڕە لەلایەن یەك کەس نوسرایەوە لەویٚ بە چەند ئایەتێك زانیاری و ڕێنمایی مەنهەجی داوە.

ئەو بابەتەی ئێمە (ڕەهەندەکانی بوونەوەر)لەلای زانیاری مرۆڤ زۆرئالۆزو بالآیە، کە بریتیە لە دۆزینەوەی توخمە هەرە بنچینەو پەتیەکانی بوونەوەر، کە باقی بونەوەری لە شتومەکە جیاکان، لەچالاکی و جولەو گەشەی ژیان و بیٚ ژیانی سروشت،..لەسەر بنیات نراوە، لەو بارەیەوە کۆمەڵێك ئەکزیۆم دراوە، لەکۆنەوە ناوی ئاو هاتبوو وەك ئەو ڕەهەندە، دوای ئاگر، ئینجا بوە چوار توخم (ئاو، گل، تیشك، هەوا)، لەو سەردەمە هەرە ساناکەی بریتیە لەو چوار ڕەهەندە باوە

کـەبریتین لـە: ڕەهەنـدی(X-Y-Z)لـە دووریـەکانی بۆشـایی(مەکان) ورەهەنـدی چوارەمیش زەمەنە(T)، ئەوە زیاتر گـوزارش لـە چـەندایەتی وئەنـدازەیی بوونـەوەر دەکا ناتوانی گوزارش لە تەواوی جم وجۆلە بوونەوەریەکانی بینراو نەبینراو، مـادی ونامادی، جەستەیی وروحی،..باقی تەوەرە زەوجیەکان بکەن، دەتـوانین بڵـێین ئـەوە گـوزارش لـە دیـوی چـەندایەتی بوونـەوەر دەکـا بـەڵام نـاتوانێ گـوزارش لـە دیـوی چۆنایەتی بکا.

هەر لە چوارچێوەی ئەنـدازەی بوونـەوەر دەبیـنین لـەو فەزایـەی چـوار ڕەهەندیـە ناتوانرێ (ڕەگی سالب ١)لەو فەزایە دیـاری بکـرێ، واتـە ئـەو فەزاچـوار ڕەهەندیـە ناتوانی نوینەرایەتی هەموو بوونەوەر بکات، لەوەوە کۆمـەڵێك سیستەمی ڕەهەندی تر گەلالە کراون، لەوانە هارلوشاپلی(١٨٨٥-١٩٧٢) لە کتێبیکی بە ناوی (الکون والإنسان) دەڵێـت ئیسـتا هـەمو لایەك(بـە تایبـەتی گـەردوون ناسـان) کـۆکین کـە بوونەوەر پیـك دێـت لـە چـوار تـوخمی بنچـینەیی(مـادە، ووزە، زەمـان، مـەکان)، هەرچـی (پۆخـۆڤن)ە دەڵێ(مـادەو ووزە)، لەودەمـە لەهـەموان چـالاك تـر ١١ڕەهەندەکەی (m-theory) فیزیای کوانتەمە.

ڕەنگە توێژینەوەیەکی تر بێـت بڵـێ ئـەو ڕیسـا زەوجیانـەی لـە قورئـان هـاتوون (سیستەمە دژیەکانی وەك :گـەورە بچـوك، خـێرا هیـواش، مـردن ژیـن،..) ئەوانـە ڕەهەندەکانی بنچینەیی بوونەوەرن،..لەگەڵ زۆر ئەگەری تر، ئەوەی مـرۆڤ گەلالـەی دەکا لە باش ترین دۆخیدا زیـاتر گـوزارش لـە دیـویکی بوونـەوەر دەکـا کـە دیـوی مادیە، گوزارش لە یەك ڕەهەندی بوونەوەر دەکەن. زیاتر لەوەش ئـەو دیـوە تەسـك تر دەبێتەوە بۆ پسپۆری وشارەزایی ئـەو فەیلەسـوفە یـان ئـەو مدرەسـەیە، وەك لـە فاکتـەرەکانی گەشـەی کۆمەڵگـە بینیمـان مـارکس وفرۆیـد ودۆهـرینگ وهیگـل وکارلیل..هەریەکە فاکتەریکی کردبـوە یەکلاکـەرەوە کـە بریتـی بـوو لـە فاکتـەری

پسپۆریەکەی، مارکس دەڵێ فاکتەری ئابوری بزوێنەری گەشەی کۆمەڵگەیە کەچی فرۆید دەڵێ نەخێر جنسە..

کاتێ بیرکاری پەرەی سەند و دۆزینەوەی تازەی تیا دەرکەوت و پەلی ئاوێشت بۆ زانستەکانی تر، فەلەکناس (جیمس جینز)دەڵێ خوداخۆی گەورەترین بیرکاریوانە[1]، دیسان (فۆریر)و زۆر لە زانایانی بیرکاری سەروەریەکەی (فیساگۆرس)یان زیندوو کردەوەوەکە وای بۆچووبوو هەموو شتێك لەو جیهانە بریتیە لە ژمارەوبیرکاری، فۆریرووتی هەتا مۆسیقاش بە هاوکێشەی بیرکاری گوزارش دەکرێ هاوکێشەیەکی بۆ مۆسیقاش دارِشت: $Y_n = y_1 \sin(n_1) + \dots + y_2 \sin(n_2)$.. بەو شێوەیە پسپۆری وای کردوە ئاوا حوکمی تەسك بدەن، بۆیە لەو بابەتە گەورەیە عەقڵی ئێمەی مرۆڤ زۆر لاوازە لە چاو دۆزینەوەی ڕەهەندی بوونەوەر، کەواتە دەبێ بچین بەلای پەیام وبەڵگەنامە کۆنەکان.

لە قورئان باس لە دوورەهەندی بنچینەیی دەکا کە هەردوو دیوی بوونەوەر بە هەمو ناوەڕۆك وسیستەمە زەوجیەکانیش دەگریتەوە، ئەویش لە پیشوو تر بە جۆریکی تر باسمان کرد بریتیە لە :(١-خلق ٢-ئەمر)یان بە گوزارشێکی ئەکادیمی بریتیە لە مادە ویاسا، بەو شێوەیە هیچ ناسنامەیەك لە بوون وجووڵە نامێنی بەدەر لەو دووڕەهەندە، لێرە (نامادی)ڕەهەندی دوەم (امر-یاسا..)دەگریتەوە ئەویش بوونە، بە پێچەوانەی تیگەیشتنی کلاسیکی (نامادی) و(نەبوون-عدم)یەکسان کرابوو بە جۆرێك (مادی ونامادی) هاوتای (ناسوت ولاهوت) دانرابوو، ناسوت دنیا ولاهوتیش دوارِۆژ، کەچی لێرە (نامادی)یش بوونە، خەریکە بڵێین بوونی هەرە بنچینەیی بونەوەرە. ئەو دوو ڕەهەندە تەنها ڕەهەندی ئەندازەیی یان فیزیایی یان کیمیایی.. نیە، بەڵکو ڕەهەندی بوونەوەرن بۆ (جان ومان)، بۆ ئەو

---

[1] بۆل دیفیز-الإقتراب من اللة ص١٦٣

ئاسمانانەی کە لەگەڵ یاسای ئاسمانی ئێمە لیك جیان، بەڵام جارێ شی کردنەوەو زانیاری کەمە چۆن وەڵامی پرسیاریکی زۆر لەو بارەیەوە بدەینەوە، لەهەموی گرنگ تر:

ئایا ئەو دووڕەهەندە دەتوانێ (نە-بوون)یش بگریتەوە کە وامەزندە دەکرێ بەشدارن لەو بوونەوەرەی ئێمە؟بکریتە سی کوچکەی(معدوم-مخلوق-مأمور)؟

چەندە دەتوانین زەمەنیش بخەینە نیو ئەو دووڕەهەندەو چۆن؟

پەیوەندی ئەو دووڕەهەندەو ڕێسای زەوجی چیە، ئایا دەتوانین بڵێین ئەوسیستەمەی زەوجی بریتین لە تەوەرەکانی بوونەوەر نەك ڕەهەند؟.

کێشەی تر ئەوەیە لە ٤ ڕەهەندی مەکانی وزەمانی دیاری کردنی(کۆئۆردینەیت)ی هەر تەنیك بەهۆی زانیاری ئەو ٤ڕەهەندە دیاری دەکرێ، کەچی لەوەی ئیستای دووڕەهەندی زۆر ئالۆزترە، دەبێ لە ٣ ڕێسایەکەی جولەو گەشەو ئەو دووڕەهەندە (سلم الترتیب)ی لە پیشووتر دیاریمان کرد لەبارەی تەمەن وخیرایی وخۆراگری و گرنگی و توخمی هاوسەنگی و..شیوە کۆئۆردینیتەکی بە دیزاینەکی جیا بۆ هەمو شت ومەکەکان پیك دەهینێ،... ئەوەی ڕوونە بوونەوەرو سروشت بە پێی قەبارەی بەشداریان (سلم الترتیب)ێك پێك دەهێنن جیا نیە لەو (سلم الترتیب)ەی لە سەروو پیك هات، واتە بە پێی ڕێز بوون لە خوارەوە بۆ سەروو(لە جمادەوە بۆ نبات وژیان..عەقل)ئەوا بەرەبەرە ڕەهەندی دوەم زیاد دەکاو ڕەهەندی یەکەم کەم دەکا، کەمێك ویچووی پەیوەندی نێوان فاکتەری دەرەکی وناوەکیە لەکاتی پرۆسەی گەشە، وادەردەکەوێ کە تارۆلی فاکتەری ناوەکی زیاتر بێت ئەوا ڕۆلی ڕەهەندی یەکەم ومادی کەم تر دەبێتەوە ورۆلی ڕەهەندی دوەم ورۆلی روحی زیاد دەکا، ئەو کاتی پەیوەندیەکان بە زەحمەت تر گوزارش دەکرێن لە شیوەی یاسای سروشتی وهاوکێشەی بیرکاری.

ئەو پرسیارانەو زۆری تر بە جێ دیلین بۆ شارەزاتر لەو بوارە، بەڵام بەلای کەم

دەتوانین پەیوەندی نێوان ئەو دووڕەهەندە لە بەڕێوەبردنی بوونەوەر کەمێکی لێ باس بکەین، ئەگەر فەلسەفەی میسالی (بارکلی -فیختە -ماخ -بەشیك لەوجودی..)نکولی لە مادەو واقعی مەوزوعی دەکەن، یەك ڕەهەندیانە دەڕواننە بونەوەر، جۆرە (وحده الوجود)ی روحی پەتیە، ڕەنگە(وحده الوجود)ی ئەرستۆیی کەمێك میان ڕەو تر بێ کە پێی وابوو بوونەوەر وخودابەڕێزبەند دامەزراون، بەشیوەیەك خودا لەسەرووی هەموانە(هۆکاری یەکەم یان شەپۆلی یەکەم)و دوای ئەو عەقلّ دیت دوای جەستە وئاژەل ودرەخت و..هتد، هەمان ئەو ڕێزبەندیەلە فەیلەسوفانی ئیسلام فارابی وئیبن سیناو تاڕادەیەك موعتەزیلە بەشیوەیەکی زیاتر روحی باس لەو (هەرەمەی بوونەوەر وخودا)دەکەن[1]، ئەو ڕێزبەندیە زۆر نزیکە لە فقهی ئیسلامی ئەو فەرمودەیەی (ما بين السماء إلى الأرض مسيرة خمسمائة عام، وما بين كل سماء إلى الأخرى خمسمائة عام، وما بين السماء السابعة إلى الكرسي مسيرة خمسمائة عام، وما بين الكرسي إلى الماء مسيرة خمسمائة عام، والعرش على الماء، والله على العرش ويعلم أعمالك)[2].

لە ئینجیلی برناباش هەمان زانیاری ئاوا هاتوە، هەرچی فەلسەفەی مادیە ئەویش بەیەك ڕەهەندی دەڕوانیتە بوونەوەر، پێی وایە هەمو جم وجۆل وچالاکی وپەیداکردن و..بریتین لە چالاکی مادە وەك لە (الفلسفة والفيزياء) ئاوا تیکڕای ڕای فەلسەفەی مادی کۆکردۆتەوەوهاتوە:(جميع الأشياء والظواهر فى الطبيعة ترتبط ببعضها خلال مادتها، وهذه المادية الموحدة للعالم، وحدة العالم المادية)[3]ئەوە سەرچاوەی (وحده الوجود)ی مادیە.

زانستی نوێ بەتایبەتی فیزیای کوانتەمی کەدەڵێ گەیشتینە هەمو شتێك وهەر

---

[1] ابو نصر الفارابى –كتاب السياسة المدنية، تعليق:د فوزى النجار ص٣١-

[2] ابن قيم- اجتماع الجيوش الإسلامية ج١ص٣٧، ص٤٣

[3] الفلسفة والفيزياء ج١ ص٥٠

لە هاوكێشەكەی شرۆدنگەرو (نظرية كل الشيء)ی جودل و ئاینشتاین وستیڤن هۆكینگ..هەموی لە باش ترین دۆخیدا یەك ڕەهەندیە، ئەوانە تەنها دانیان بە مادە هینا گوایە سەرچاوەی هەمو بونەوەرە. برۆنۆ دەڵێ:(المادە جوهر الحقیقە)، لە مادیەی دیالكتیكیش وەسفی (هۆش بە بالا ترین ڕێكخستن دەكا)، بەشێكیان بە (سلم الترتیب) وەسفیان كردوە بەشێكیش بە(سلم التطور) بەڵام هەمو ئەوانە گوزارشە لە یەك دیوی بوونەوەر، هەرچەندە سپینوزا هەولی داوە یاسای سروشتی و یاسای خوای لیك جیا بكاتەوە، دەشلێ پەیام ویاسای سروشتی یەك ئەسل نیە، سروشتی بەشەرو یاسای خوای لیك جیان، بەڵام لەو لایە وەك یەكەم كەس روح ومادەی خستە ناو یەك قاوغ، شوبنهاور دەڵێ سروشت گەشە دەكاو یەكەم بەریشی رووحە. لودفیج بوخنر(١٨٢٤- ١٨٩٩م) دەڵێ ئەوەی هەیە ژیان وبێ ژیانەوە بریتیە لە (مادەوهیز) هەردوكیشیان مادەن وبونەوەر یەك ڕەهەندە، هیگل دەڵێ لەدوا قۆناغی گەشەی سروشت دەگاتە روح [1]، بەشێك لە مەزهەبی ئاینی بە جۆرێك ئەو ڕایە یان هەیە - ابن عربي دەڵێ: (فما في الوجود مثلٌ، فما في الوجود ضد)، ئەگەر چی ئەو فەیلەسوفانەی سەروو روح ومادەیان یەك خستوە كەچی دیكارت وەك دوو ڕەهەند گوزارشی كردوە، هەردوولای میسالی ومادی هاوبەشن لەو هەڵەیەی یەك رەهەندی بۆ بوونەوەر چووینە.

ئەوەی زۆر نزیك بێت لەو ڕاستیە ئاینیە دیكارت بە دوو رەهەندی باسی كردوەو دەڵێت: (العالم يتألف من جوهري مادي واخر روحي)[2]، جاروایە لەكاردانەوەی مادی هەندێ لە ئاینیەكان بە جۆرێكی تر كەوتونە نێو یەك ڕەهەندی وئەویشیان داوەتە پال كاری خوا، زۆر لە زاناو فەیلەسوفی گەورەش دانی بەمادە هیناوە لە بوونەوەر، بەڵام كارو بەڕێوەبردنیان ڕاستەوخۆبۆ خوا

---

[1] المثالية الألمانية ص١٨٤، ص٢١٤، ص١١٩

[2] الفلسفة والفيزياء ج١ص٤٦

گێڕایتەوە، هەریەکە لە فیساگۆرس وئەرستۆ ودیکارت وکیپلەر وگالیلۆ ونیوتن و پۆپ و...زۆربەیان ووتویانە ئەوانەی ڕوودەدا لەوبوونەوەرە کاری خوان، ئەوەش لە کۆتاییدا مانای دوو ڕەهەندی نیە.

دەگەڕێینەوە سەر دیکارت مادی و روحی داناوە، بەڵام ئەوە تەنها پۆلی ژیان دەگریتەوە نەك هەمو بونەوەر، ئەگەر دیکارت فراوانی بکردبایە (یاسا یان ئەمر)ی لە جێی روح دابنابایە زۆر ووردو دروست دەبوو، فارابی وابن سیناش وەك دیکارت نەیتوانیوە ئاوا فراوانی بکەن ئەوان لە جیاتی (روح) ووتویانە(نفس) نەمرە[1]، هیگڵیش (ڕوح) و (نفس)ی یەکسان کردوەو دەڵێ: ڕوح دیالکتیکیانە گەشە دەکا، لە (الموسوعە السوفیتیە) هەمان یەکسانی بە ڕوح و نەفس داوە، لە (فصل ١٢٣- ئایەتی (٥)ی ئینجیلی برنابا باشتری بۆچووەو دەڵێ: ڕوح عەقڵی هێناوە بۆ ئەوەی جەستەو هەست و نەفس یەکبخا. ئیمام غزالیش هەر وای بۆچوەو دەڵێ (..أن النفس الإنساني جوهر روحاني قائم بنفسه..) لە ئینجیلیش بە جۆرێکی تر پلەی(روح) وابەرز کرایتەوە تا ئاستی خودا، (الله روح.والذين يسجدون له فبالروح والحق ينبغي ان يسجدوا)[2] خوا روح نیە بەڵکو – قل الروح من امر ربى- واتە بەشیکە لە امر..) لەولایەش (نفس) ناگاتە پلەی روح وەك لەکۆماری ئەفلاتونیش واهاتوە (..القوتان المتضادتان فى النفس، هما قوةالعقل وقوةالشهوانية..)[3]، لەلایەکی تر هەندێ زانای ئیسلامی وەسفی خودا بە (عەقڵی پەتی) دەکەن و وا هاتوە: (وليس هو شيئاً من الأشياء بعده وهو عقل محض)[4] لەڕاستیدا خودا نەڕوحەو نەعەقلە، بەڵکو عەقلیش داهینراوی خواییە لە روح، روحیش بەشیکە لە

---

[1] د. سعود بن عبد العزيز الخلف- قول الفلاسفة المنتسبين للإسلام في توحيد الربوبية –المبحث الأول ص٢١، ص٨٧

[2] يوحنا اصحاح ٤ اية:٢٤

[3] جمهورية افلاتون ص١٣٧

[4] قول الفلاسفة المنتسبين للإسلام في توحيد الربوبية –المبحث الأول ص١٣-

ئەمر. نەفس و ڕوح زۆر لێك جیان، بە هەڵەیی یەکسان کراون، یان لەگەڵ ڕەهەندی یەکەم تێکەڵی دەکەن بە گوزارشی (جسم اللطیف)، (طاقة)، (شيء)، (مخلوق من مخلوقات الله)... هاتووە لەلایەن ئیمام غەزالی و ئالوسی و ابن تیمیە و ابن قیم و ئیمامی نەوەوی،[1] لەگەڵ (نفس)یش لێك جیان، هەروەك لەلایەن زۆرێك لە زاناو فەیلەسوفی ئیسلام یەکسان کراون، تەنانەت ابن تیمیە دەڵێ: (الروح مدبرة للبدن التي تفارقه بالموت هي الروح المنفوخة فيه، وهي النفس التي تفارقه بالموت) کەچی ڕوح نامرێ بەڵکو لەلەش جیادەبێتەوە، بەڵام نەفس دەمرێ (کل نفس ذائقة الموت)، ڕوح نە زەوجیە و نە دژی هەیە، نە سوکە و نە قورس، نە جسمە و نە شتە، نە مخلوقە و نە ووزە،.. بەڵکو یەکێکە لە یاساکانی خودا (واتە: ئەمرە نەك خلق، لە ڕەهەندی دووەمە نەك یەکەم).

زۆربەی زانایان وزانستی نویش بە جۆرێکی تر دان بە دوو ڕەهەندی بوونەوەر دەهینن، کیپلەری فیزیازان وەك دیکارت ئەو وەسفە دەکا، فیزیازانی کوانتەمی ئیستاش زۆر بۆ ئەوە دەچن کە بۆ هەر هاوکێشەیەکی مادی هاوکێشەیەکی تەریبی نامادی لەگەلە، ئەوە دوو ڕەهەندیە بەڵام پەیوەندیەکەیان بە هاوتایی هەژمارکردوە نەك لەیەك کیان، مادام هاوکێشە لەرووی فەلسەفی بەیاسا هەژمار بکرێ ئەوا ئەو وەسفە ڕاست نیە، چونکە هاوکێشەی مادی نیە، هاوکێشەیەکی نامادی بەشەکانی مادی بەستۆتەوەبەیاسا..وەسفەکە واراستەکە مادی ونامادی ئاویتەن نەك هاوتاو تەریب، بە گشتیەکەی ئەوەیە (امر) نەمرە، لەڕاستیدا پەیوەندی نێوان ئەو دوو ڕەهەندە، ئەو دوودیوەی بوونەوەر، پەیوەندی نێوان(بوون ویاسا)، (مادەو نامادی) (جەستەو ڕوح) (خلق وئەمر)..بریتیە لە کارنامەی بوونەوەرکە لە قورئان بە(هدى) ناوی بردوە، لە فەلسەفەش بە (خروج من الفعل الى القوه) یان بەزاراوەی

[1] بۆ ئەو بۆچونانە بڕوانن: غەزالی (احیاء علوم الدین) ص٣ ج٣، ابن تیمیە (مجموع الفتاوی)ص١٥٤.

(امکانیە) دەربڕاوە، بە جۆرێك کە مادە (خلق) ە بـە هـۆی یاسـاکانەوە دەکەویتـە کار، بەو هۆیەوە مادە گیانی جولەو گەشەی دیتە بەر، مێژوەکیش پێك دەهێنن لە چوارچێوەی (هۆو ئەنجام)کە بە دەستوری بوونـەوەر هـەژماردەکریّ، یـان وردتـر بـە شاسی پەیکـەری بوونـەوەر هـەژمار دەکـریّ، زەمینـەی ژیـان و تاقیکردنەوەکـەش ئەوەیـە، لێـرەوە بـە ووردی مـەودای کـاری (شـانۆ-دۆمـەین- منطلـق)ی مـرۆڤ وکۆمەڵگە دیاری دەکریّ، ئەوەی مرۆڤ دەیکـا هـیچ گۆڕانکـاری بەسـەر ئـەمر پـیّ نایەت چونکە یەکانەیە، ڕەهایە، تەنها دەتوانیّ سودی لیّ وەرگـریّ بـەڵام دەتـوانیّ رەهەندی دوەم (خلق-مادە) بگۆڕی چونکە زەوجیە، نیسبیە، فلیکسـیبلە، ئـەوەش مانای بەرپا کردنی شارستانی وبزوتنەوەی مێژوو ئەسلی پەیام وئەرکی مرۆڤە.

لەوەوە لەلایەن زۆربەی فەیلەسوفان بەلای مادی چـووینە چـونکە وادەردەکـەویّ شانۆی مرۆڤ مادیەکەیە، مرۆڤ سـودلە (هـۆ-یاسـا) وەردەگـری تـا گۆڕانکـاری لـە قازانجی خۆی بەسەر مادە(خلق- ئەنجام) بهێنیت، بە جۆرێك (هـۆ) لەیاسـاو ئـەمر هەلدەقولیّ، (ئەنجام) یش لە (مادە و خلق)، کەواتە ڕوون ترین پەیوەندی نێوان ئەو دووڕەهەندە(مادی ونامادی، یاساو بـوون، ئـەمروخلق..) بریتیـە لـە یاسـای (هـۆو ئــەنجام) پەیوەندیــەکی سەرتاســەریە، بەهۆیــەوە (هــدی) وسیســتەمی بوونــەوەر دیتەکایەوە، وەك لە قورئان ٥ جار ناوی (سبب) هاتوە، لەهـەموان بـە سـەرتاپایی (واتینا لکل شيء سببا) هاتوە، واتە هۆو شت لیك جیانابێتەوە، سەرەڕای ئـەوەش نێوانیان بەو سنورە موتلەقیە نیە، چونکە هەمان (ئەنجام) بۆ ڕووداوەکی تر دەبێتە (هۆ)، واتـە مـادی ونامـادی، یاسـاو بـوون، هـۆو ئـەنجام، ..وا ئاویتـەن، مادەیـەو لەهەمان کاتدا نامادیە، خلقە لەهـەمان کـاتیش ئـەمرە، بوونـە لـە هـەمان کـات یاساشە..

ئەو وەسفانە وەك وەسفی هیگل وئەنجلس نیە بۆ (بوون)، ئەوان وای بۆدەچن کـە چۆن هۆیەکە بۆ ئەنجامە هەمان ئەنجام دەبێتە هۆ بۆ ئـەنجام بەسیسـتەمی دەوری -

داخراوی((سایکلیك)، لەکاتێکا لێرە ئەو ئەنجامەی بەهۆیەکەوە هاتۆتەدی نابێتەوە هۆ بۆهەمان ئەنجام بەڵکو دەبێتە هۆ بۆ ئەنجامیکی تر بەوە بزوتنەوەی مێژوو گۆڕانکاری وگەشە دروست دەبێ، واتە توخمی (زەمەن)ی دەکەویتە نێوانیان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا زەمەن ڕەهەندیکی سەربەخۆیە(بە تایبەتی کە زەوجیش نیە) یان لەنێوان مادەونامادە(خلق وئەمر-یاساو بوون) پەیدا دەبێ؟ئەگەربە واتای فەلسەفی ئایەتی (کن فیکون) لیکدەینەوە، بەشیکی گرنگ لەوەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست دەکەوێ، وەك لەپێشوو کەمێکمان لێ باس کرد کە (کن) ئەمرەو (فیکون) خلقە، هەرچەندە پرۆسەکە وەك یەك پرۆسە دەردەکەوێ، هاوکات، دەماودەست، کەچی لە ناخیدا لە سێ پرۆسەی(ئەمر-زەمەن-خلق) پیك هاتوە بەرێز یەکیان پیش ئەوەی ترە، ئەو فەترە زەمەنیە گەورەترە لەسفر یان یەکسانە بە سفر، ئەگەر گەورەتر بیت لە سفر ئەوا سێ ڕەهەندە، ئەوکاتی ڕێزەکە ئاوا دەبیت(کن) لەپیش (فیکون)واتە: یاسا لەپیش بوونە، هۆ پیش ئەنجامە، زەمەن پیش مادەیە، ئەگەر سفریش بیت (وەك قەشە ئۆگستین بۆی چووبوو)[1] ئەوا دوو ڕەهەندە یاساو مادە(ئەمروخلق)پێکەوەو جمکن، هەلبەتە سفر نیە باهەرچەندە کەمیش بیت، ئەوەندەش نیە وەك ئیمامی قورتەبی دەڵێ جیبەجێ کردنی ئەمری خودا لە ئاسمان بۆ زەوی جاروایە ٥٠٠٠٠سالی بردوە[2]، لەقورئان وەسفی جیبەجیکردنی ئاوا دەکا(وما امر الساعة الا كلمح البصر او هو اقرب)[3] کەواتە وەڵامی پرسیارەکە بەکام لا کەوت ئاخۆ زەمەنیش ڕەهەندیکی سەربەخۆیە یان لە پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجام دیتە ئاراوە؟ واپێدەچێ ڕەهەندیکی سەربەخۆ نەبێ (بەدوودلیەوە)، لەپەیوەندیەکە زەمەن دەخولقێنێ، بۆیە دەگەڕێینەوە سەر دوو

---

[1] ئەو بۆچونەی قەشە ئۆگستین لە(بول دیفیز- الإقتراب من الله ص٦٨) بخوێنەوە.

[2] الجامع الأحكام القرآن ج١٨ص٢٨١-٢٨٢

[3] النحل اية٧٧

ڕەهەندیەکە.

واتە هەرشتێك هەر تەنێك بریتیە لە کۆمەڵە (زەوجیەك لەگەڵ کۆمەڵە هۆیەك) پێشو تر (شت)مان واپێناسە کرد کە بریتیە لەکۆمەڵە (زەوجیەك) ئەو پێناسە یەك ڕەهەندی بوو، ئەوەی ئێستا دوو ڕەهەندیە وتەواوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێسا زەوجیانەی لە پێشوو باسمان کرد، چۆن ناوەرۆکی بوونەوەر لە زەوجی پێك هاتوە وا پێدەچی ئاواش خودی بوونەوەر زەوجی بێت، پێك هاتبێت لە سیستەمی (زەوجی کە ڕەهەندی خلق -مادە)ە لەگەڵ (سیستەمی نازەوجی کە رەهەندی ئەمر یاسا) ە.

بەڵام چ جۆرە زەوجیەك زەوجیەکی داکانە، بەو شێوەیە یاساکانی سروشتی لەگەڵ سروشت ئاویتە بوە، ئاواش روح لەگەڵ جەستە ئاویتە بوە، عەقل لەگەڵ هۆش وهۆش لەگەڵ دەروون وئەویش لەگەڵ هەست وهەستیش لەگەڵ واقیع ئاویتە بوە، ئەو تێکهەلکێشە ئالۆزە وای لە کۆمەڵێك فەیلەسوفی گەورەی وەك هیگل وئەنجلس وشوینهاور.. کردبوو کە بە جۆرێکی تر گومان لە (بوون)بکەن و وەسفی بوون و نەبوون لەیەك کاتدا بکەن، بلێن هەیەو نیە وجۆرە عەبەسیەکی تری ترسناك پێشاندەدا وەك لە بابەتەکانی پێشوو (ناکۆکی سەرتاسەری) باسمان کرد.

ئەو دوو ڕەهەندە چەندە ئاوێتەن ئەوەندەش دوو دنیای لێك جیان، ڕاستی وتێکڕای ڕەهەندی دوەم ئەویش ئەو سیفەتەیەی هەیە بە (خلق)ناچێ، بەڵام پێکەوە(بوون—وجود)پێك دەهێنن، واتە نامادیش بوونە، تا ئێستا وا هەژمار دەکرا نامادی مانای(عدم) دەدا، بەو پێیە پرۆسەی خلق بەمانای مادە لە نامادە بخولقینی، ئاوا نیە نامادیش بوونەجیایە لەگەڵ (نەبوون-عدم)، (مادە، شت، خلق) بەبێ(یاسا، ڕاستی، ئەمر) نایەتە واری جیبەجیبوونی بوون، ڕەنگە ئەو وەسفەی ئیمام غزالی کەمەك لەوە نزیك بیت کەدەلی: (أن النفس الإنساني..لا هو متصل

بالبدن ولا هو منفصل عنه)ئەگەر(نفس) بکەینە تەواوی (ئەمر) و(بدن)یش بکەینە تەواوی (خلق).

سیفاتەکانی ئەو دووڕەهەندە پیك ناچێ، ناکرێ بەسیفاتەکانی یەکەم دوەم بناسیەوە، وەك لە ئینجیلی پیرۆز وەسفی روحی بە خراپ و چاك کردوە، بە (روح القدس) و(روح النجس)، نابیت کلامی خواش(کە دەکاتە امر-یاسا بە شتی بچوینی-نەخلقە نەخالقە بەلکو نێوانیانە) بەشت بچوینی وەك لەو ئایەتەی ئینجیل پێیچواندوە : کلام الرب کلام نقي کفضة مصفّاه في بوطة في الارض محوصة سبع مرات)[1]، یان وەك لەو ئایەتەی ئینجیل هاتوە دەڵێ روح زاوزێ دەکا :(المولود من الجسد جسد-هو والمولود من الروح هو روح)[2].

واپێدەچێ دوو ڕەهەندی بوونەوەر پرس وکێشەیەکی زۆری فەلسەفی کۆن ونوێمان بۆچارەسەر بکا، هەر لە پرسیارە فلسفیەکانی ناوی نراوە(پرسیارە نەمرەکان) تادەگاتە ئەو پرسیارانەی ستیڤن هۆکینگ گەلالەی کردوە لە ٣پرسیار لەبارەی یاسای سروشتی کە دەڵێ: لە کێ هاتوە؟شازو موعجیزە هەیە؟ بەدیلیان هەیە؟[3]

ئەو پرسیارانە گران نین وەك لە دوای دەردەکەوێ، پرسی (دوعا) وەك لەوەی (ح.ابراهیم) ڕاستەوخۆ خواهاتۆتە ناو ڕووداوەکان ویاساو ئەمری خۆی ڕاگرتوە: قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْداً وَسَلاماً عَلَى إِبْرَاهِيمَ[4]، گرانە کە داوای تایبەتە وشازە.. هەمو ئاینەکانیش وەك مەنهەج کاری پێ دەکەن، قبولی دوعا دەقاودەق مانای

---

[1] ئینجیل- مز ١٢: ٦
[2] یو ٣: ٦
[3] دیزاینی مەزن ل٦٢
[4] الأنبياء- اية:٦٩

وەستانی رەهەندی دوەمی بونەوەرە، مانای وەستانی ئەمری خودایە، ئەوە لای خوا ئاسانە، کەچی خەڵکی سادە هەیە ئەو دوعایە ئاڕستەی شیخ وقەشەو حاخام دەکات!، خودی دوعاوئەجەل ونسیب ڕێك پێچەوانەی یەکترن، ئەگەر هەمو شتیك نوسرابیتەوە تازە دوعا چ سودی دەبێ، بۆیە (دوعا) لە چوارچێوەی (عیبادەت) مانای ڕوون ترە.

لەلایەکی تریش لەیەك کاتدا دوعای ناکۆك دەکرێ، بە تایبەتی لە نێوان مونافیسەکان بە تاك وکۆوە خودا بە گوێی کام لابکا! ئەوانە پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، ئەو تیگەیشتنە بە هەڵەیە وای کردوە ئاین پەروەر وا بزانێ ئەمری خودا زیاتر لەوی نزیك تر بێت، وادەزانی سەرکەوتن وکاری چاك وتەقوای دەبێتە هۆی کار ئاسانی لەو دونیایە، کەچی وانیە، یاساکانی سروشت وئەمری خودا بۆ گشت مرۆڤایەتی وەك یەکە، وەك باران وایە بۆ چاك وخراپ وئاینی وبێ ئاینی دەبارێ، کامیان جوان تر لەو یاسایانە یان لەو هۆکارانە بگەن ئەو زیاتر لە دونیا سودمەند تروسەرمەشق دەبێ، ئاواش لە جەنگا با لایەکیان بەرگری لە ئاینی خوداو لاکەی تری دژ بیت مادام نەزانی (یاساو هۆکار) بەکار بهێنێ ئەوا سەرکەوتو نابێ (نمونەی جەنگی بەدر)، واتە سەرکەوتن وهەق وئاینداری لیك گرینەدراون، شکست وموڵحیدیش لێك گرێنەدراون، هەژاری وبەندەیی تورەیی خوا نیە بوویێتە بەختیان وەك قەشە ئۆگستین دەڵێت، نەهاتی ووشکەسالی وبورکان ونەخۆشی غەزەبی خوا نین بۆ هیچ لایەك، وەك هەندیك وای لێ تیگەیشتون، بەڵکو هەمو ئەوانە یاسای خوداین بۆ گشت لایەك تەنانەت خانوادەی پێغەمبەرەکان دەگریتەوە، چجای نەوەکانی وەك هەندێك وای تیگەیشتون، ئەوەتا لەناو خانەوادەی پێغەمبەر(د خ) مندالی بە نەخۆشی مردوە، واتە یاساکانی سروشت لەوێش نەوەستاوە، قەزاو قەدەرو تەوەکول مانای لە چوارچێوەی یاسای

سروشتی دەبینیەوە بەشیکیشی لە (سودفە-کە پیشتر باسمان کرد)، تەوەکول لەسەر خودا بەمانای تەوەکول لەسەر ئەمری خودا واتە یاسای سروشتی نەك هۆکاری نادیاروموجازەفە، بەڵام بەگشتی یاساکانی سروشت وپەیام وادارِژراون کە لەکۆتایی هەق سەرکەویٚ جا مەرج نیە هەمو دەم هەق لای ئایندارییٚ.

هەروەها ئەو دوورِەهەندیەوەڵامێکی ڕوون ونویشی پێیە سەبارەت بە (ثوابت) و(متغیرات) بە جۆرە دیزاینەکی تر، لەگەڵ ئەو (ثوابت و متغیر)ەی باوە تێك ناکاتەوە، دەردەکەویٚ ڕەهەندی یەکەم گۆڕاوەو ڕەهەندی دوەم چەسپاوە، لێرە هەموو ئایەتەکانی قورئان (ثوابت) و چەسپاون لەیەك کاتدا، چەسپاون وەك یاسا وەك(فەلسەفەی راستی) بەڵام بۆ جیهانێکی گوڕاو هاتوە، قورئانو ئایەتەکانی (ئەمرن-یاسان-..) نەدەگۆڕیٚ نە(نسخ)یشی هەیە، هەروەك یاسای سروشتی چەسپاوو نەگۆڕە، یاسایەك یاسایەکی تر نەسخ ناکا[1]، ناسیخ ومەنسوخ وای کردوە فەقیهەکان تەنهاکار بەو ئایەتانە بکەن کە حوکمی خەلافەتە، ئیستاش حوکمی عەلمانیەو خەلافەت نەماوە، فقهی خەلافەت وفقه لە ژێر سایەی حوکمی عەلمانی زۆر جیایە، فقهی کلاسیکی فتوای بۆ ئیستا نامێنیٚ ونیە، بەو جۆرە فقهی ئیسلامی ومەزهەبیەت وەڵامی ئەو سەردەمەی پیٚ نامێنیٚ، هۆیە بنچینەییەکەی ئەوەیە ئەو ئایەتانەی بۆ ئیستا گونجاوە ئەوامەنسوخن وبەیەکجاری پەکی دەکەویٚ،..کەچی قورئان ناسخ ومەنسوخی تیدا نیە.

کۆتایش بەو تیکەڵیەی نێوان خوداو ئەمری خودا دەهینی کە بە هۆی (تەئویل) کێشەیەکی زۆری فقهی بە ساغ نەکراوەیی بە جیهیشتوە، کە دەڵێن خوا خۆی دانابەزیٚ لە سیٚ چاریەکی شەو بەڵکو ئەمری دادەبەزیٚ، ئەو ئەمرە

---

[1] کیپلەر پێی وابوو ناوە ناوە یاساکانی سروشتی پیویستیان بە فۆرمات کردنەوە و گۆڕان دەبیٚ تا بتوانن لەگەڵ خولگە گۆڕاووماندوەکانی ئەستیرەکان بگونجینەوە، دوای دەرکەوت هەڵەیە.

دابەزیەوبوونــەوەر وگــەردوون وسروشــت بــەهۆی ئــەو ئــەمرە ئــیش دەکـا، ئــەوە تەئویلێکی هەڵەیە ئەمری خواو زاتی خوا لێك جیایە، بەهەمان شێوە بۆ دەقەکانی ئینجیل (فلما اعتمد يسوع صعد للوقت من الماء.واذا السموات قد انفتحت له فرأى روح الله نازلا مثل حمامة وآتيا عليه)[1]. هـەروەها وەڵامـی ئـەو پـرس وکێشـەیەی نێـوان موعتەزیلـەو ئەشـاعیرە کـە تائیسـتاش وەڵامـی یەکلاکـەرەوە نەدرایتەوە، ڕەنگە تەقەلای وەڵامی (اخوان الصفا)لە هەموان چڕ تریێت وکـەمێك لای ئەشاعیرەیان گرتوە ودەڵـێن ئەشـاعیرەکان جیاوازیـان لـە نێـوان خلـق وئیبـداع کردوە ووتویانە قورئان خلق نیە ئیبداعە[2]، (ابداع)یش هەرپلەیـەکی تـری (خلـق)ە، وەك(بـديع السـموات..) عبـد الكـريم سـروش لـە کتێبـی(بسـط تجربـەی نبـوی) پرسـیارەکەی دووبـارە کردۆتـەوە ئـاخۆ پێغەمبـەر خولقینـەری قورئانـە[3]؟ بـە ئاڕاستەیەکی تر چوەو دەڵێ کاریگەری هەبوە، ئەو کێشەیە پێش موعتەزیلە هەبوو هەریەکـە لـە (جعـد بـن درهـم وجهـم بـن صـفوان) ڕایـان وابـوو قورئـان خلقـە، موعتەزیلەش لەکاردانەوەی مشت ومڕی نێو مەسیحی لەبارەی خلقی (ح.عیسی)و (روح القدس) و نوێکردنەوەی لەلایەن (يۆحنا الدمشقي-ابن سرجون)کە دەیـوت ئیسلامیش وەك مسیحی بێ سەروبەرە مسیحی دەڵێن (المسيح كلمة الله الأزلية تجسدت في المسيح) ئیسلامیش دەڵێ قورئـان(كلمة الله الأزلية) ئـەوە وای کـرد موعتەزیلە ڕایان وابـێ کـە قورئـان مەخلوقـە ودەمارگیریشـیان بـۆ دروسـت ببـوو تارادەی بەکارهینانی توندوتیژی، کێشە لە ئەسڵی پرسیارەکەی (ابی داود)ە کـاتێ لەبەرچاوی مەئمون لە ئیمامی ئەحمەدی پرسی و ووتی ئایـا(الله خالق كل شيء)

[1] العهد الجديد مت ٣: ١٦
[2] رسائل اخوان الصفاء- -رقم:٤٦ ص١٤٣
[3] عبدالكريم سروش-ئاين لەسەردەمی مۆدیرنیتەدا ل١٦٥-

ڕاستە یان نا ؟ ئەدی قورئانیش(شيء)نیە کەواتە قورئانیش مەخلوقە[١]، لەو سەردەمی زانیاری لەبارەی جیایی ئەو دوو ڕەهەندە لاوازبوە یان هەر نەبوە.

با ووردبینەوە لە(..ورو‌ى هيثم عن أبي بشر عن مجاهد عن ابن عباس قال الأرواح أمر من أمر الله وخلق من خلق الله)[٢]بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ئەمرو خلق تێکەڵ کراوە، لەکاتێکا وەسفی ئەمر (مدبر) هەڵدەگرێ وەسفی خلقیش خالق هەڵدەگرێ، لێرەوە ئەو کێشە گەورەیە ئاسان دەبێ ئەگەر ئیمام ئەحمەد بیوتبایە ووتبوایە نەخێر قورئان (شيء)نیە، لەودووڕەهەندە وەڵامێکی ئاسان وکۆکەرەوەت دەست دەکەوێ، پرسیارەکە لەدووڕەهەندەکەیە، ئاخۆ کۆئۆردینەیتی قورئان لە ڕەهەندی یەکەمە(خلق)و(شيء)ەیان لە ڕەهەندی دوەم(امر)، زۆر ڕوونە لە ڕەهەندی دوەمە ئەمرە.مەگەر (جدليانە) بڵێین ئەدی ئەو بەرگ ونوسینانە چیە هەڵبەتە ئەوە خلقە، کەواتە وەڵامەکەئەوەیە قورئان مخلوق نیە مأمورە.

هەر لێرەوە تۆختر لە بنەمای (لا دقە)ی هاینزنبرك مەحاڵی هەرە مەحاڵە ژیان لە بێ ژیان دروست بێت، مادام بێ ژیان (مانای بێ ڕوح) بێت، واتە لە ڕەهەندی یەکەم ڕەهەندی دووەم دروست ناکرێ، ڕوونتر بڵێین: ئەلیکسی هایکل وتبووی ئێوە (مادەو کاتم) پێ بدەن ژیانتان بۆ دروست دەکەم، لەو سۆنگەوە هەندێ ئەگەر بەیان کراوە بۆ پەیدابوونی ژیان لە بێ ژیان، بەنمونە بۆ ئەوەی خانەیەکی زیندوو لەو جیهانە دروست بێت بە سروشتی (گوایە) 10^{232} ساڵی پێویستە.. ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە، ڕەنگە ڕێزبەندی ڕێکخستنی دیزاینی نێو خانەیەك لە ڕووی مادی پێك بێت (وەك ڕەهەندی یەکەم)، بەڵام مەحاڵی مەحاڵانە ئەو خانەیە زیندوو بێت و ڕوحی بێتە بەر، واتە لە باشترین دۆخی ئەو ئەگەرە (بەسودفەشەوە) لایەنی مادی

---

[١] بڕوانە: موسوعة الفلسفة والفلاسفة ج١ص٢٢

[٢] المطهر بن طاهر المقدسي – البدء والتاريخ ص١٠٩

خانەكە دروست دەبێ، ڕەهەندی یەكەم ڕێك دەخرێ.. ئەدی ڕەهەندی دووەم (ڕوح)؟.. ئەوە كۆتایی بە هەموو تەقەلایەك دەهێنێ كە ژیان لە بێ ژیان دروست ببێ.

لەلایەكی تریش ئەو هەمو وەسفەی بونەوەر بە(مادیانە) لەلایەن فەلسەفە بەگشتی ومەدرەسەی فەلسەفی مادی بە تایبەتی وەسفێكی هەڵەو یەك لایەنیە،پێویست دەكات دەستكاری منهجی تەعلیمی فەلسەفی لە زانكۆو ناوەندە ئەكادیمیەكان بكرێت.

هەر بە هۆی ئەو دوو ڕەهەندیە دەتوانین دیزاینی سیاسی كۆمەڵگەی ئیستا بە شیوازێكی نوێ وا پۆلین بكەین، ئەوانەی دەڵێن نە ئەمرو نەخلق بۆ خودایە بەڵكو بۆ سروشتە ئەوانە فەلسەفەی مادیە وتیۆرێكی سیاسی عەلمانی توندی لێ وەبەرهەم دێت- مەدرەسەی شیوعەت بە نمونەیە، ئەوانەی دەڵێن خودا (خلقی) هەیەو ئەمریش بۆ ئێمەیە ئەوا عەلمانیەتی میان ڕەوە مەدرەسەی لیبرالی وسۆشیال دیموكراسی دەگرێتەوە، ئەوانەی دەڵێن خودا خاوەنی ئەمرو خەلقە ئەوانەش دوویەشن بەشیكیان ئاینی كلاسیكین وبەشیكیش بزوتنەوە ئاینیەكانن.

لە كۆتایدا وەڵامی ئەو پرسیارانەی نوێی فیزیای كوانتەم دەداتەوە كە لەلایەن ستیڤن هۆكینگ ولیونارد ملۆدینۆ.. پیشووتریش لایبنتز وهوایتهید ویلەر، دیڤیز.. گەلالە كراوەو دەڵێن ئەگەر ئەو جۆرە یاسایانە نەبوایە جۆریكی تر بوونایە چ ڕووی دەدا؟ لایبنتز وەڵامیشی دایتەوەو دەڵێ: ئەو جیهانەی ئێمە خوا وای هەڵبژاردوە تا گونجاوترین بیت بۆ بەردەوامی بوون وژیان[1]، وەڵامی ئەو پرسیارە لەدوای ئەو توێژینەوە زۆرساناو سادە دەبێ بەلای كەمی ئەو جۆرە ئەنجامەی

[1] مدخل الى الفلسفة ص١٢٨

ئیستای نەدەبوو، واتە ئەگەر ئەو جۆرە یاسایانە نەبوایە جۆرە دیزاینیکی تری گەردون دروست دەبوو، یاخود هەر دروست نەدەبوو..تەنانەت بتەویٚ (بە گریمانە)یەك یاسای سروشتی هەموار بکریٚ ئەوا بەلای کەم ژیان مەحال دەبیٚ ودووریش نیە کۆتایی گەردوون بیٚت.

خشتەکیکی جیاوازی نیٚوان ڕەهەندی یەکەم وڕەهەندی دوم

	ڕەهەندی یەکەم (خلق- مادە-ئەنجام- شت)	ڕەهەندی دوەم (ئەمر- یاسا-هۆ-روح- پەیام
١.	سیستەمی زەوجی ودژدار	سیستەمی نازەوجی وبیٚ دژ
٢.	جولاوناجیگیر	چەسپاو نەگۆڕ
٣.	مادی	نامادی
٤.	تەمەندارو زەمەندار	بیٚ تەمەن وبیٚ زەمەن و نەمر
٥.	شتە(شيء)،ئەنجامە،دروست کراوە	شت نیە،هۆیە،دروست کراو نیە
٦.	نسبی وسنوردار	گشتی وموتلەق وبیٚ سنورە

بەڵام مانای ئەوە نیە ئەو جیاوازیانە وای کردبیٚ ئەو دووڕەهەندە ناکۆك بن، بەڵکو رەهەندی دوەم پەیوەندیەخۆیەخۆکانی نیٚوان رەهەندی یەکەم بەڕیٚوە دەبا.

** ** ** **

دوای ڕوون بوونەوەی هەردوو ڕەهەندو پەیوەندیان، ئیستا نۆرەی ئەوەیە ئاخۆ کامیان ژیٚرخانی بوونەوەرە و کامیان سەرخانە، دەردەکەویٚ ڕەهەندی دوەم ئەو ڕۆلە دەبینی وناسنامەکان دیاری دەکا، ئەویش لە چەمکیٚکی فەلسەفی فراوان تر کۆ دەبنەوە بریتیە لە (فەلسەفەی ڕاستی) کە تیایدا کۆمەڵیٚك سیفاتی ڕەهەندی دوەمی بەگشتی لە خۆ گرتوەو ڕوونی دەکەینەوە، لەوەوە قورئان دەڵیٚ هەمو

بونەوەرمان بە هەق دروست کردوە، واتە هەریەکە لە یاساکانی سروشت وپەیام وروح و.. بەشێکن لە (ڕاستی) کە هەمو بوونەوەری بەهەمو رەهەندەکانەوە لەسەر بنیات نراوە، لێرە پێویست دەکا بۆچونەکەی برۆنۆ کە دەڵێ:(المادە جوهر الحقیقە) وەرگێڕین وڕاستی بکەینەوە بۆ(الحقیقە جوهر المادە)، کەواتە ئەو بوونەوەرە خەیالی ویێ ئامانج نیە هەروەك هەندێ تەیاری فەلسەفی وای بۆ چوون، بەڵکو ڕاستەقینەیە، لێرەدا شێ کردنەوەی (فەلسەفەی ڕاستی) ودۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەهەند لە شیوەی ڕاستی وبوونەوەر، راستی وواقیع، راستی وعەقل،..یارمەتیەکی زۆر گەورەی تیگەیشتنی پەیوەندیەکانی خوداو بوونەوەر و چارەنوسی مرۆڤ وچۆنیەتی دامەزراندنی عەقیدەی دروستی مرۆڤ دەدا.

فەلسەفەی ڕاستی

خۆشبەختانە زۆربەی مدرسە فەلسەفیەکان وئاین وپەیامەکان کۆکن لەسەر (ڕاستی) کە ناسنامەی هەموو شتێکە، نەك تەنها لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و دادپەروەریدا، بەڵکو هەموو ئەو گەردوون و یاسا و ڕژێمە سروشتیەکانیش لەسەر بنچینەی راستي دامەزراون (خلق السماوات والأرض بالحق..).فەلسەفەو ڕاستیش لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆن، وەك لەزۆربەی پیناس وئەرکی فەلسەفە دەردەکەوێ، لەهەمویان زیاتر فەیلەسوفانی ئیسلامی، خوارزمی(٩٩٧ز مردوە) لە کتێبی (مفاتح العلوم) دەڵێ (الفلسفة هی علم الحقائق)، ابن خلدون لە (المقدمە)دەڵێت: اداة فصل بین الحق والباطل، کندی(٨٧٣ز مردوە)و ابن سینا(١٠٣٧ز مردوە) پێیان وایە بریتیە لە(علم الحق وعلم العله)[١].

لە میانەی ئەو هەمو ڕایە جیاجیانەی لە بارەی (ڕاستی) دراوە بەشێکی کەم

---

[١] رسائل الكندي الفلسفية ج١ص١٧٢.

ڕاستی وەك دیاردەی كۆمەڵایەتی سەیر دەكەن لەوانە : فۆكۆ و هۆبز پێیان وایە دەسەلاتە ڕاستی دیاری دەكا، كارل پۆپەر دەڵێ ڕاستی بێ هەڵە هەرنابێ، مۆران وپاشلار دەڵێن ڕاستی زانستی هەردەم هەڵەش هەڵدەگرێ، مێژووی زانستیش بریتیە لە ڕاست كردنەوەی هەڵەو چەوتی...ئەوە ڕێك (بزوتنەوەی زانیاریە نەك بزوتنەوەی ڕاستی)، ولیام جیمس پێی وایە ڕاستی بریتیە لە بەرژەوەندی و دەتوانی وەك دارتاش(ڕاستی) دروست بكەی، هایدگەر پێی وایە ڕاستی بریتیە لەئازادی (هەردووكیان لە چوارچێوەی كۆمەڵگەیەكی پراگماتیكی).

لەلایەن نیتچەو میسالی زاتی وهەندێ زانای كوانتەمی ڕاستی هەر نیە بەڵكو خەیالە، ئەوانە گەڕاونەوە سەر ڕایە كۆنەكانی جورجیاس وسەفسەتیەكان كە دەڵێن ڕاستی نیە یان هەشبێ بەتەواوی نیە، لەوەش زیاتر فیختەو باركلی لە وەسفیكی پەخشانی: ڕاستی بوونی مادی چڕی نیە، بەڵكوبوونێكی زیهنی جوانی هەیە، فیختە دەڵی ئەو بوونەوەرە لەڕاستیدا نیە ئەوە لەناو زیهنی ئێمەیەو بەس، هەرچی كارل ماركسە ئاوا نالێ بەڵام نزیكە لەو بۆچوونەو دەڵێ تاكە ڕاستیەك هەبێ ئەوە ئەو ڕاستیە كە ئێمە هەستی پێ دەكەین(ان العالم المادی الملموس الذی ننتمی الیە، هوالحقیقة الوحیدة)[1] .

سارتەریش لە(الوجود والعدم)ڕاستی بەمەرجی بوونی ئادەمیزاد دەبەستیتەوە، دەڵێ مرۆڤ بی بوونەوەر مانای نیە ئاواش بوونەوەر بێ مرۆڤ مانای نیە.لینین نكولی لە (ڕاستی) بەتەواوی نەكردوە بەڵام نكولی لە (ڕاستی مەوزوعی) كردوە دەیەوێ بلێ بێ مرۆڤ بێ زانیاریەكانمان ڕاستیەكی دور لە ئێمە نیە[2]، ئەمانوئیل كانت(١٧٢٤-١٨٠٤) ڕاڕابوە لە بارەی ڕاستی لێرە ڕای وەك فیختەیەو دەڵێ: (ان حقیقة شیء ذهنی، الحقیقة مجرد استنساخ للواقع) دەقاو دەق بە پێچەوانەی

---

[1] ماركس-انجلس مختارات ط-انكلیزیة ص٤٣٥

[2] فلادیمیر إلتش لینین- مختارات –ط ئینكلیزی مجلد١١ص١٨٨

هایدگەر کە دەڵێ(راست وناراست)بەدەرە لەزیهنمان، جاریش وایە وەك مارکسی (ان الحقيقة نسبية ومحدودة بحدود التجربة).

بەو شێوەیە راستی لەڕوانگەی فەیلەسوف وزاناو مەدرەسەکان دۆخی جۆراو جۆری وەرگرتوە وەك میشیل فۆکۆ کردویە بە ١٤ بەش، هەرچەندە هەندێ زانای ئاینیش (راستی)یان دابەش کردوە لەوانە جرجانی لە (تعريفات) بەشێوەی(حقيقة الشيء، حقيقة العقلية، حقيقةاليقين...) بەلاٚم یەك راستی ناسیوە، عبدالكريم سروش باوەڕی بە فرە ڕاستی هەیە.. بەگشتی مادیەت لەگەڵ (ڕاستی) دۆست نین، بەلاٚم کۆدەنگیەك هەیە کە راستی نیوبژێکی بێ لایەنە بۆ ساغ کردنەوەی ڕایە جیاجیاکان، بۆیە ڕاستی لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئاینی ڕاستەقینە نەك هەر گرنگ و پیرۆزە بەڵکو پەیڕەویشیتی.

لە بنەچەدا بەهۆی شۆڕشی پیغەمبەر و ڕێبازەکانیان ئاوا ڕاستی بۆتە چەمکێك هیچ عاقڵمەندێك نیە بڵێ من دژی ڕاستیم، بەڵکو زۆردارترین کەس دەڵێت من لەسەر ڕاستیم، با بزانین ئەو ڕاستیە چیە؟ ڕاستی ئەو واقیعە ڕاستەقینەیەیە کە لەخودی شتەکان بوونی هەیە، زەوی بەدەوری خۆر دەسوڕێتەوە، ئاو لە ئۆکسجین و هایدرۆجین پێکهاتووە، ناوکی ئەتۆم پرۆتۆن ونیوترۆنە، یابان لە ئاسیایە، ئەوانە ڕاستین، چۆن؟ زەوی وسوڕانەوەو خۆر هەرسێکیان ڕاستین ئینجا سیستەمەکەی لێیان پیك دیت ڕاستیە، ئەو ڕاستیەش نەك هەر لە مێشك و زەینی ئێمە بیت، ئەوانە کۆمەڵێك ڕاستین ئێمە پێی بزانین یاخود نا.

لەو بارەیەوە پێ ناسی جۆراو جۆری ومشت و مڕی فەلسەفی زۆر لەسەرە، هەرمەدرەسە بەگوێرەی تێڕوانینی خۆی بۆی چوە: ڕەنگە باشترینیان پێناسی (هیگل)بیت کە دەڵێت (ڕاستی ئەو جووت بونەیە لەنێوان بیری ئێمە و واقیعدا)، بەهەمان شێوە (ئەمانۆیل کانت) دەڵێ(راستی بریتیە لە جووت بوونی بیر-خود-و

بابەت)[١] لەپیش ئەوانە جرجانی ووتویەتی:(الحق هو الحكم المطابق للواقع)[٢].

سەبارەت بە دۆزینەوەشی دیسان ڕای جیای لەسەرە، ولیام جیمس وشیلەر وسپینسر دەڵێن (هەڵبژاردنی سروشتی)پێوەرو دۆزەرەوەی ڕاستیە، دیکارت دەڵێ گومان تاکە ڕێیە بۆ دۆزینەوەی (ڕاستی) ئەوەش دووپاتی سەردەمی مدرەسەی یۆنانی کۆنە کە پێی وابوو هەستەکانمان سەلامەت نین وهەڵخەڵەتێنەرن[٣] بۆیە ڕاستیەکانی وەك خۆی پێ نادۆزرێتەوە، فەلسەفەی مارکسی بە گشتی وتا ڕادەیەك هیگلیش پێیان وایە دۆزینەوەی ڕاستی لە ڕێگەی دیالکتیکە وەك ستالین دەڵێت:(الديالكتيك هو فن التوصل الى الحقيقه)[٤]

لەوەسف ونیشانەکانی ڕاستی دیسان کۆمەڵێك ڕا هەیە، فەلسەفەی سەرمایەداری دەڵێت ڕاستی بەندە بەبەرژەوەندی ئادەمیزاد، (سیمان) دەڵێت ڕاستی نیسبیە واتە بە گوێرەی شتێك ڕاستە لەچاوشتێکی تر درۆیە، ئەنجلس دەڵێت (لايوجد كالحقيقه نسبيه) ولە شوێنێکی تر دەڵێت:ڕاستی وناڕاست شوینیان بەردەوام دەگۆڕنەوە[٥]، (مارکس، بیکون، لوك —مارکسیە بەگشتی) تا ڕادەیەکیش دیکارت.... هاوبەشی دەکا وەك لە مانیفیستەکەو دەڵێن: (الشيوعية تلغي الحقائق الأبدية تلغي الدين والأخلاق..)[٦].

بەو شێوەیە مەدەرسەی مارکسیزم باوەڕی بە ڕاستی هەیە بەڵام دەڵێت ئەویش دەگۆڕێت، گەشەدەکات بەپێ ی زەمان و مەکان لەباوەشی دیالیکتیدا..، مارکس

---

[١] المثالية الألمانية ص٢١٠

[٢] ابو الحسن جرجاني-التعريفات -مادة:الحق ص٥٤

[٣] جمهورية افلاطون ص١٨٠

[٤] ستالين-المادية التاريخية والمادية الديالكتيكية ص٣

[٥] انجلس- نصوص مختارة ص١٥٥

[٦] ماركس-انجلس بيان الشيوعى ص٦٥

لە كتێبی (بۆس الفەلسەفە) وەڵامی (برۆدون) دەداتەوە كە پێی وایە ڕاستی هەیە بەدەر لە مشت ومڕی فكرومێشكی ئێمە[١]، لەوەڵامدا ماركس دەڵێ ڕاستە ئەقلی مرۆڤ (ڕاستی) دروست ناكا بەڵام ڕاستیش تەواو ڕەها نیە دەگۆڕێ وناكۆكی لێ پەیدا دەبێ وئەوەی ئیستا ڕاستە بەیانی ناڕاست دەبێ و.. بەو شێوەیە بزوتنەوەی دیالكتیكی ڕاستی گەشە پێ دەدا[٢]، لە بنەچەدا جون لویس ووتی(الحقیقة الكاملة انماهی تركیب من المتضادات)[٣]، لە دوای ئەو هایدگەر ووتی ڕاستی وناڕاستی پێكەوە بون(واقعی مەوزوعی) پیك دەهێنن، تاڕادەیەك نسبیەكان وتەیاری گومان ووجودیەكانیش نزیكن لەماركسیەت سەبارەت بە ڕاستی و بوونی ڕاستی بە نسبیانە كە لە بنەچەدا بۆ ڕای سەفسەتاییەكان دەگەڕێتەوە، لە هەرە دوای ستیڤن هۆكینگ گەڕاوەتەوە سەر هەمان ڕای(دیڤید هیوّم) كە دەڵێ (یاسای سروشتی وراستی تەنها لە قولایی عەقلمان هەیەو دەیدۆزینەوە)[٤]، ستیڤنیش پیشنیار دەكاو دەڵێ باڵە جیاتی ڕاستی (ریالیزم) بەكار بهێنین[٥].

لێرە پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر نیازی سیاسی ئەو بۆچوونە فەلسەفیە بكەین، بزانین بۆچی پێ لەسەر گۆڕینی ڕاستی دادەگرن وهەول دەدەن بەچەسپاوی‌و نەمری و پیرۆزی نەمینیتەوە، ڕەنگە ئەو فەقیهو سەلەفیە ئاینیانەی (كەدژ بە فلسەفەن) بڵێت جا گۆڕانی ڕاستی و نەگۆڕینی ڕاستی دەبێ چ نیازێكی سیاسی یان كۆمەڵایەتی یان فكری وباوەڕی لە پشت بێت، نازانی ئەوە بەرەیەكی ئەوەندە گەورەیە مان ونەمانە، ئەگەر ڕاستی ئاوا بێت ئەوا مانای وایە گەردوون وبوونەوەر

---

[١] برودون- تناقضات اقتصادیة اوفلسفة البؤس- ص٩٧
[٢] كارل ماركس –بؤس الفلسفة- ص١٧٦
[٣] جون لویس- مدخل الی الفلسفة ص٢١٤
[٤] الفلسفة والفیزیاء ج١ص٨٨
[٥] دیزاینی مەزن ل٨٠

لـە فەوزادایـەو دەخلیسـکێینە نێـو تیۆرەکـانی (گەشـە) و(ڕێکـەوت) و...، بۆیـە پێویست دەکا تێڕوانێنە بنچینەییەکانی ئـاین بـۆ ڕاسـتی بدۆزینـەوە (نـەك بنیـات بنێین بەڵکو خۆی هەیە)، بەو شێوەیە دەچینە نێو سیفات وتایبەتمەندیەکانی ڕاستی وەك دنیایەکی سـەربەخۆ، لـە هـەمان کـات ئاویتـە بـە بـوون وبونـەوەر، بـەکورتی هەنگاو بەهەنگاو شێی دەکەینەوە.

سیفاتەکانی ڕاستی

ئەو سیفەتانەی لە خواروو باسی دەکەین ئۆتۆماتیکی سیفاتی یاسای سروشـتی وپەیام وگیان و..ئەمرە بەگشتی چ گەردوونی چ سروشتی وژیاری بێت :

١-بەر لە هەمو سـیفەتێك (ڕاسـتی) زەوجـی نیـە، دژی نیـە وەك جـون لـویس وئەنجلس ومارکس و..ڕاستیان خستە نیو دژو ناکۆکی ودیالکتیـك یـان وەك مارتن هایدگەر دەڵێ ڕاستی وناڕاستی پێکەوە بوونەوەر پیك دەهێنن بـەدەر لە زیهنی ئێمە..زۆر خراپ سەرچیخ ڕۆیشتون، سەرچاوەی هەڵـەی بۆچـوونی گشتیان لەوە دێت کە (ڕاستی)یان لە چوارچێوەی مادی هەڵسـەنگاند کـاتێ ڕاستی مادی نیـە سـەر بـە ڕەهەنـدی دوەمـە، پەیوەندی(ڕاسـتی وناڕسـتی) دیـالکتیکی ودژ نیـە (نـەفی) ڕاسـتی (ناڕاسـت) دەردەچـێ بـەڵام نـەفی (ناڕاست) مەرج نیە (ڕاست)ی بێت وەك ئەنجلس لە کتێبی(انتـی دوهـرنگ) دەڵێ نەفی جیاوازی یەکسانیە، نەفی ناڕاست ڕاستیە، لەبەر ئەوەی دوانەیی نین، ئینجا ڕاستی تاکانەیە بەڵام ناڕاست فرەو پلۆرارە، ڕاسـتی لـە واقیعـەو ناڕاسـت لـە عەقلمانـە، واتـە ڕاسـتی لـەخودی شـتەکانەو ناڕاسـتیش لـە زانیاریەکانمانە، زیاتر لەوەش خەیالیە، واتە هەریەکە لـە ڕەهەندێکـە لـەدوو ڕەهەندەکەی بوونەوەر. دوو دنیای لیك جیان لەدوو ڕەهەندی لیـك جیاشـن،

ئەوە ئەگەر خەیالیش لە دنیای مادی نزیك بکەینەوە ئەگینا (ناڕاست) هەر لە بوونەوەر نیە زۆر بە پێچەوانەی ڕایەکەی هایدگەر، کەواتە نەفی ڕاستی لە بوونەوەر دەردەچێ.

٢- لە خالی (١) دەرکەوت کە ڕاستی زەوجی نیە، یان بەکورتیەکەی سەر بە ڕەهەندی یەکەم نیە، بەڵکو ڕاستی نامادیە، خلق نیە ئەمرە، بەرجەستەی ئەمرە، واتە یاساکانی سروشت وپەیام ونهینی روح..لە باوەش دەگرێ، بە کورتی ڕاستی بریتیە لە تیکڕای ڕەهەندی دوەم لە دوو ڕەهەندەکەی بوونەوەر، بەڵام لە پەیوەندیەکی ئاویتەشە لەگەڵ (بوون، واقیع، مادە، خلق..) وەك پەیوەندی ڕەهەندی دوەم بەیەکەمەوەیە، یەك ڕهەند نین وەك زۆربەی مدرسە فەلسەفیەکان وەك (برۆنۆ) بەتیکەلی لەگەڵ ڕەهەندی یەکەم بۆی چوون و دەلی (المادة جوهر الحقيقة) بەلام دیکارت دەڵێ (مادەو روح)[1] لێرە پێویست بوو بیکاتە رەهەندی یەکەم ودوەم، لەو بارەیەوە(ابن عربی) و قوتابیەکەی(بن إسحاق القونوی) زۆر بە سەرسوڕهێنەرانە پەیوەندی هەردوو ڕەهەندی یەکەم ودوەم گوزارش دەکەن ئەگەر چی پەیوەندیەکەش کەم وکوڕی هەبێ لەو گوزارشە :(أن الحق هو الوجود المطلق، والفرق بينه وبين الخلق من جهة التعيين فإذا عين كان خلقاً، وإذا أطلق الوجود كان حقاً)[2].

٣- ڕاستی یەکەو تاقانەیە، هەرچی ناڕاست وچەوت وهەلە کۆیە، فرە وەلام وفرە ڕێگەیە، ٣X٥ تەنها دەکاتە ١٥، هەرچی وەلامی چەوتە بریتیە لە هەزاران هەزار وەبگرە بێ کۆتایی، هەریەکەلە ٢٠ و١٦ و١٠٠..هەمو وەلامن بەلام وەلامی چەوتن، دوو وەلامی ڕاست نیە، لەسەر ئەو

---

[1] الفلسفة والفيزياء ج١ص٤٦

[2] شيخ الإسلام ابن تيمية - بغية المرتاد في الرد على المتفلسفة والقرامطة والباطنية أهل الإلحاد من القائلين بالحلول والاتحاد ص ٤١٠

بنچینەش هەرچی بەهەق هاتوە لە قورئان بە(تاك-مفرد) گوزارش كراوە: ﴿اللّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْلِيَآؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ..) [1] (ظلمات كۆیەو(نور)یش تاكە، تیكڕای ئایەتەكانی قورئان ئەو سیفەتەی هەیە (هەق) بە تاك گوزارش دەكا وناهەق بە كۆ، واتە ڕێی هەق ناسك وتاكانەو قوڕسە(..اكثركم للحق كارهون) [2]، ڕێگاو وەڵامی ناهەق فراوان وزۆرو ئاسانە، ئیمام علی دەڵێ: العدل صورة واحدة، والجور صوركثيرة، لهذا سهل ارتكاب الجوروصعب تحرى العدل)، هیچ جۆرە چارەسەری مام ناوەندی ونیویژی لە نێوان ڕاست وناراست نیە، چونكە ڕاست لە دنیای نامادیە، كەچی ناڕاست نەلە دنیای واقع ومادیە نەلە دنیای نامادیشە، زیهنیە خەیالیە، تەنها لەفكری ئێمەیە، لەوانەی سەروو كە ڕاستیان وا پۆلین كردبوو گوایە بوونی نیەو خەیالیە ئەوە دەقاودەق (ناڕاستی) بوو، هەرلەوەشەوە دەردەكەوێ ڕاستی وناڕاستی بەیەك ناگەن موتلەقەن، ناكرێ بڵێی مادام دوو وەڵام بۆ ٥X٣ كە بریتین لە ١٢ و٢٠ ئەوا وەك نیویژی با١٦ بیت.

٤- ڕاستی ناكەوێتە سەرچالاكی مرۆڤ وكۆمەڵگە وەك لەسەروو لەلایەن هەندێ مەدرەسەی فەلسەفی بەستبوویانەوە بە مرۆڤ وكۆمەڵگە، ناشكەوێتە سەر زۆرایەتی وكەمایەتی، ئەگەر هەمو خەڵكی سەر زەوی ووتی ٥X٣ دەكاتە ١٦ ویەك كەس ووتی (یان نەیووت)دەكاتە ١٥ ئەوا كەمایەتیەكە ڕاستە، هەروەك لە پرسی گەردوونی سوڕانی زەوی بە دەوری خۆر هەمو

[1] سورة البقرة - آية ٢٥٧
[2] زخرف ایة٧٨

خەڵك وایان زانی خۆر بەدەوری زەوی دەسوڕێ كەچی ڕای كەمایەتیەكان (فیساگۆرس وئەلبیرۆنی وكۆپرنیك وگالیلۆ..) ر است دەرچوو، لە فقهی ئیسلامی (ئیجماع)بە سێیەم سەرچاوە هەژمار دەكرێ، كەچی ئیجماعیش شیاوی هەڵەی تیدایە، زانیاری بەبێ ژێرخانی ڕاستی لە زاراوەی ئاینی پێی دەووترێت(ظن) وهاتوە:(وما یتبع اكثرهم الاظنا ان الظن لا یغني من الحق شیئا ان الله علیم بما یفعلون)[1].

٥- ڕاستیەكان یەكتر پاسادان دەكەن ودەبنە پالپشت بۆ یەكتر، یەكتر تەواو دەكەن بۆ ڕاستی گەورەتر، بە پێچەوانەی ناراست ناكۆكن لەگەڵ یەكترو یەكتر (نەسخ)دەكەن...، ڕاستی گەورەتر تەنها لە ڕاستی تر پێك دێت، ڕاستی نەسخ ونەفی ناكرێتەوە لەلایەن ڕاستیەكی تر، واتە یاسایەكی سروشتی ڕاستەقینە بەیاسایەكی تر نەسخ نابیتەوە، پەیامیكی دەست كاری نەكراو -ئایەتیكی قورئان..بە ئایەتیكی تر نەسخ نابێتەوە، تەنانەت قورئان ئینجیلی نەسخ نەكردۆتەوە ئینجیلیش وابۆ كتێبەكانی پیشووی خۆی، بەڵكو قورئان بە(مهیمن)هاتوە واتە ئەو زانیاریانەی پیشووی خۆی وبە فراوان تر هاتوە، لەهەمان كاتداڕاستی وناڕاست نیوبژی ودانوستانیان نیە، ناكرێ بلێی با فەلسەفەیەكی تەوفیقی، یان سیستەمیكی دادگەری پیكهاتوو لە هەمو لایەك پیك بهینین...ئەوانە دەكرێ بۆ ژیانی سادە، بەڵام ناكرێ بۆتەرازووی دادگەری، لەوەوە بۆمان دەردەكەوێ ئەو بوونەوەرە سەرتاپای هەماهەنگە نەك (ناكۆكی-تناقظ) وەك لەبەشەكانی ڕابوردوو باسمان كرد.

٦- ڕاستی بوونێكی سەربەخۆی هەیە لە جم وجۆلی زانیاری ئێمە، زانیاری

---

[1] سورة یونس - آیة ٣٦

ئێمە زیاد دەکاو کەم دەکا، هەڵەدەکا.. بەڵام ڕاستی بە چەسپاوی لە شوێنی خۆیتی بە پێی یاساکانی خۆی کاردەکا، ئێمە بەشێکین لە ڕاستی نەك پێچەوانە، هەریەکە لە فیختە وبارکلی وماخ وجودیـو میسالی زاتی ونیهلیەکان و وبەشێك لە پراگماتیکیەکان نکولی لە راستی سەربەخۆ دەکەن ودەڵێن راستی تەنها لە بیرو هزری ئێمە هەیە[1]، نەخیر هەمو زانیاری ئێمە راست نیە، بەشیکی مەزەندەیەو ساغ نەبوویتوە، بەشێکیشی چەوتە، کەواتە پەیوەندی زانیاری(معرفه)و(ڕاستی) بریتیە لە : زانیاری گەشەو جووڵە دەکا ڕاستی چەسپاوە، رۆلی زانیاری دۆزینەوەی ڕاستیە، واتە مرۆڤ ڕاستی دروست ناکا (وەك برجسۆن وەسفی دەکا) بەڵکو دەیدۆزیتەوە، نرخی زانیاری(قیمە المعرفە) بریتیە لەو زانیاریانەی کە (ڕاستی) دۆزیتەوە، کە پێی دەڵێن زانیاری ڕاستەقینە، لەوەوە پیناسی ڕاستەقینەی (ڕاستی) لە ڕوانگەی مرۆڤ ئەوەیە (جووت بوونی زانیاری لەگەڵ واقیعی دروست).

٧- ڕاستی پیر نابێ، خۆی نوێ ناکاتەوە چونکە زەمەن لای (راستی) نیە، ڕاستی نەمرە، راستی کۆن ونوێی نیە..ئەوە زانیاری ئێمەیە پیر دەبێ ودەمرێ ونوی دەبێتەوە..، تەنها زانیاری ڕاستەقینەی مرۆڤ -کە لە خالی(٢)باس کرا - ئەویش وەك ڕاستی نەمرە، دەبێتە (کلمة الطیبة) وەك ئیبن روشد لە کۆنەوە تیبینی کردبوو، کەواتە بە پێچەوانەی ئەو ڕایەی مارکسیە کەدەڵێ: بیرو زانیاری ئێمە نەمر نین، وابەستە بە قۆناغی مێژوویی خۆیتی.. راستی ئەبەدی نیە[2]، لە شوینیکی تر رۆجی غارودیش بەشداری مارکس دەکاو دەڵێن : ئاینەکانیش دەبن ودەژین ودەمرن[3].

---

[1] جون لویس- مدخل الی الفلسفة ص٦

[2] کارل مارکس- بؤس الفلسفة ص١٦٦

[3] مارکسیة قرن عشرین ص١٥٦

٨- ڕاستی وواقیع لیك جیان، مەرج نیە هەمو ئەوانەی دەردەكەون ڕاستەقینە بن، شوپنهاورڕاستەوخۆباس لە پەیوەندی ڕاستی و واقیع ناكا بەڵام باس لە ڕاستی وەرگرتن دەكا ئێمە باسەكەمان لەشیوەی واقیع وڕاستی بەو شیوەیە ڕێكخست: هەر ڕاستیەك كە ئاشكرا دەبێت(بەتایبەتی ئەو ڕاستیانەی ڕەهەندی كۆمەڵایەتیان هەیە) یەكەم جار لەگەڵ واقیع ڕێك ناكەوێ دوەم قۆناغی بە توندی ڕووبەڕووی دەبنەوە، قۆناغی كۆتایی گونجاندن ودەبێتە بەشیك لە واقیع، هەلبەتە جیاكردنەوەی واقیع وڕاستی لە سروشت ئاسان ترە نەك لەكۆمەلگە، لەهەموان زەحمەت تر جیاكردنەوەی واقعیی وڕاستی عەقلیە.

٩- ڕاستی وناڕاستی دوو دنیای لێك جیان، ڕاستی لە واقع هەیە، هەرچی ناڕاستە تەنها لە بیرو هزری ئێمەیە، ناڕاست لە واقیعدا نیە، بۆیەش درۆ و ناڕاست لەبیر دەچێتەوەو (ڕاستی) تۆمار دەكرێ، هەر ئەوەشە وا دەكا مێژوو ڕاستی تۆمار بكا نەك درۆ، هەرچەندە یەكەم كەس (ئەلبیرۆنی) وتی: مێژوو بەدرۆ بە ئارەزووی دەسەلاتداران دەنوسرێتەوە.

هەرچی شۆپنهاوەر وسپینوزایە پێیان وایە بیرەكانمان هەرگیز لە واقیع جیانابیتەوە[1]، بەڵام بەو شێوەیە نیە، ئەوەتە (درۆ) یەكێ لەو جیاكاریانەیە، ئەوە بناغەی فەلسەفەی(درۆ) دەردەخا، لەوەوە دەردەكەوێ درۆ تەنها لەلایەن مرۆڤەوە دێت هیچ بەشیكی تری بوونەوەر درۆی تیدا نیەو نایكا، هەر لەوەشەوە عاقلمەندی تەواو لەگەڵ بێ هۆش ئەوەیە عاقلمەند درۆی دەزانی ئەگەر نەیزانی ئەوە عەقلی نوقستانە.

١٠- ڕاستی (نەگۆڕ "ثابت"، نەمریشە "خالد") ناكەوێتە سەر زەمان و

---

[1] المثالية الألمانية ص١٨٤

مەکان)... وکل امـر مسـتقر)[1]، ئـەوەی ڕاسـت بـوو پـێش ٢٠ سـەدە لـە ئێستاش هەر ڕاست بووە، لێرە و لە ئەمریکا و لەسـەر مـەریخ (٣+٤=٧)، ڕۆژ گەورەترە لە زەوی.. ئەوانە ڕاستی نەگۆڕن. چـەمکی (مەیلـەو ڕاسـت)، (ڕاسـتی بـەگوێرەیی)، (تۆزێـك ڕاسـت –حقیقـە جزئیـە) کـە لـە (مادیـە و دیالیکتیك) و هەندێ مەردەسەی تر هاتوون چەوتن، لێکیش جیا ناکرێتەوە وەك(میشیل فۆکۆ) دەڵێت راستی فەلسەفی وئاینی وزانستی..لیـك جیایـە، بەڵام(ابن رشد) لە کۆنەوە ووتویەتی راستی ئاینی وفەلسەفی ولایەنەکانی تر دژ بەیـەك نـین بـەڵکو پاڵپشـتن لەسـەر بنچـینەی یـەك ڕاسـتی شـریعەت وفەلسەفەی گەیاندۆتـە یـەك[2]، هـەر لەسـەر ئـەو بنچـینەکندی هـەولی داوە فەلسەفەو ئاین بگەیەنیتە یەکتری، رازی دژ بـوە[3]. سـیدقوتب جیهـانی بـە دیوێکی تری قورئان وەسف کردوە، ئەوبۆچوون و چەمکانەی پارچـە کردنـی راستی ونسبی کردنی وبەند کردنی بە زەمانو زەمین.. هەڵـەن، زۆربـەی ئـەو بۆچوونانە هەردوو ڕەهەندی (مادی ونامادی) تیکەل کـردوە لەهـەموان زەق تر (جون لویس)ە لە وەسـفی راسـتی (الحقیقـة الکاملـة انمـاهی ترکیـب مـن المتضادات)[4]، ئەوانە لەوە بەهەڵەداچووینە ئەو تێروانین و بۆچـوونانەی کـە بەرهەمی فکری ئادەمیزادن هەلە و ناتەواوی تێدایە، دوای کە زیاتر ڕاسـتی دەدۆزریتـەوە ئـەو بۆچـوونانەش دەگـۆڕێن، بـەناوبانگترین نمونـە هـەموو مەدرسەکان بەنمونە لەسەر گۆڕانی ڕاستی دەیهێنینەوە لەوانەش مـەدرەسـەی مارکسـیزم دەڵـێن " لەپێشـاندا وایـان دەزانـی زەوی ناوەڕاسـتی گەردوونـە

---

[1] القمر- اية٣

[2] ابن رشد - فصل المقال فيما بين الحكمة والشريعةمن الإتصال ص٥٨-

[3] ابو النصر الفارابی الثمرة المرضية فی بعض الرسالات الفارابية- تحقيق:د عادل نبيل ص٨٣

[4] جون لويس- مدخل الى الفلسفة ص٢١٤

هەموو ئاسمان بەدەوی دەسوڕێتەوە، ئەوە ڕاستیەك بوو، ئینجا دەرکەوت کە زەوی هەسارەیەکە بەدەوری ڕۆژ دەسوڕێتەوە، بەو شێوەیە ئەو ڕاستیە گۆڕا و لە داهاتووش زیاتر دەگۆڕێت"، ئەنجلس دەڵێت تەنانەت خوای باوەڕدارانیش گۆڕاوە خوای کۆن هەمو شتێکی بەدەستەوە بوو گەلایەکی داری بێ ئەو نەدەکەوت کەچی خوای ئیستایان زۆر ئاگای لەو ووردە ئیش وکارانە نیە[1]، بەڵام هەر بە تۆزێك سەرنجی ویژدانانە بۆت دەردەکەوێ لەو کردارەدا لەیەکەم هەنگاو (فەرەزیە) بەهەڵەیی بناغەکەی دامەزراوە ئەوەبوو کە بە (زەوی ناوەندی دونیایان)وت ئەوە ڕاستیەکە، کەی ئەوە ڕاستیە!!، ئێمە وامان زانی ڕاستە(واتە زانیاری ئێمە هەلە بوو خۆ ڕاستی لە مێشکی ئێمە نیە بەڵکو زانیاری لە مێشکی ئێمەیە، ڕاستی لە شوێنی خۆیەتی لە نێوان زەوی وخۆرە، ئەگینا زەوی هەر بە دەوری ڕۆژ دەسوڕایەوە و هەروەك ئێستا وابو، گالیلۆ وتی من لەسێدارەش بدەن سوڕانی زەوی بەدەوری خۆر ناگۆڕێت[2]، بەڵام کێشەی ئەو مەدرەسانە ئەوەیە وادەزانن ڕاستی بە دەست ئادەمیزادە چۆن هەڵیسوڕێنێ وا دەبێت، هەرچەندە مەدرەسەی مارکسیزمیش تۆماری کردووە دەڵێت (ڕاستی ناکەوێتە سەر جموجۆڵە فکریەکانی ئادەمیزاد) بەڵام لێرە پێچەوانەی ئەو بۆچونەی خۆیەتی، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین ئەوەی لەو کردارە گۆڕا "ڕاستی" نەبوو، وەك فەیلەسوفی ئیسلامی (محمد باقر صدر) لە کتێبی (فلسفتنا) دەڵێت بەڵکو زانیاری ئێمە بوو. ڕاستیش دۆزرایەوە نەك دروستکرا.

---

[1] دیالکتیك الطبیعة ص٢٣٠

[2] گالیلۆ ئەو بۆچوونە گەردوونانەی لە کتێبی(حوار حول النظامین الرئیسیین للکون: Dialogo sopra i due massimisistemidelmondo -ئەوە عنوانی ئەسلی ئیتالیەکەیە) بلاوکردەوە دەرکەوت دۆزینەوەکەی کە بریتیە لە سوڕانی زەوی بەدەوری ڕۆژ نەك پێچەوانە لە گەل عەقیدەی مسیحی بەگشتی وکاتۆلیك بە تایبەتی زۆر ناتەبایە.

جا ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ئامانج ونیازی ئەمانە لەو بارەیەوە بزانین زیانی چیە لەسەر ئاین، ڕاستە ئەوە ڕاستەوخۆ هێرش نیە بۆ سەر ئاینی ئیسلام، بەڵام خەڵکی ژیر دەزانێت ئەوە بڕینەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئاینە بە هێمنی بۆ ئەوەی هەر بە پاڵێك بکەوێت، ئێمە ئەگەر هاتینە سەر ئەو بۆچوونەی کە ڕاستی دەگۆڕێ، واتا یاساکانیش دەگۆڕێن (کە بەشێکن لە ڕاستی)، لەکاتێکدا شەریعەت بەمانای یاسا بنچینەییەکان واتا ئەو یاسایانەی پێش ١٤ سەدە بۆ کۆمەڵێك لە زەمان و زەمینی خۆی هاتە کایەوە و کۆمەڵێکی دادگەری پێ دروست بوو ئەوڕۆ ئەو هەلومەرجە گۆڕان و پێویستە ئەو ڕاستی و یاسایانەش بگۆڕێن وەك ئەتاتورك بەو بەلگانە زال بوو لە مشت ومڕی نێو پەرلەمانی تورکیا لە ڕۆژانی ١ و٢ و١٩٢٤/٣/٣لە نێوان ئەتاتورك ونارازیەکانی هات، بەوشێوەیە دەبێت ئێمە تەسلیم بەوە بین ئاین وەك یاسا و بەرنامە دەسکردەکانی ئادەمیزاد بین کە وەڵامی سەردەم و زەمانی زەمینی خۆیەتی، بۆ ئەو سەردەمە دەست نادات، واتا شارستانیەتی ئیسلامیش زیندوو نابێتەوە، هەروەك توینبی دەڵێت (هەموو شارستانیەنێك بە سووڕی منالی و هەرەتی گەشەیی و مردن تێدەپەڕێ)، ئەوەیە ئەسلی هەموو تەقەلاکانی مادی دژ بە ئاین...، ئیبن حزم لەکتێبی(الملل والنحل والأهواء) زۆر بەتوندی وەڵامی ئەوانەی دایتەوە کە پێیان وایە هەر پێغەمبەرێك تەنهابۆ کاتی خۆیان هاتون، هەروەك ڕاستی نەگۆڕە و ناشمرێت جا چ ڕاستیەکانی سروشت و ئەو بونەوەرە چ ڕاستی و یاساکان، کۆمەڵ و ژیان هەمووی لەسەر یەك ڕاستی مەزنن. بۆیە هەر دەمێك خۆمان بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕاستیە (کە نەدەگۆڕێت و نە پیر دەبێت، نەبەسەریش دەچێت) دووبارە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە دروست دەکەین، بێجگە لەوەش مەحاڵە هەر دابەش بوونە بۆ زۆرداری ز زۆر لێکراوی (ولیس بعد الحق الا الضلاله).

** ** ** **

ئیستا لەو دوورەهەندیەی بوونەوەر زەمینەیەکی زۆر خۆشی بۆ رەخساندین کە ئاسان لە پەیوەندی نێوان خوداو بوونەوەر بکۆلینەوە، دەبینین راستەوخۆ نیە، لە رێی یاساکانی سروشتە، هاتنی پێغەمبەرانیش بە پەیامەوە وەلامە بۆ ئەوانەی دەلێن راستە خوا دروست کەرە بەلام دەسەلاتی بەسەر بوونەوەر نەماوە، وازی لێهیناوە، نەخیروەك لەدوای دەردەکەوێ کە هەم لە توانای هەیە هەمودەم چی بکا(کن فیکون) هەم لە بەرنامەویاساکانی سروشت وکۆمەلایەتی شین کراوە کەلەکۆتایدا پەیامی ئەو بێتەدی...لە برگەکانی داهاتوو دەردەکەوێ، بەشێکی ترمان بۆ تەرخان کرد، لەبەر گرنگی بابەتەکە دوویەش بەیەك ئەدریس بەشێوەی (A) و(B) دەربراوە.

بەشی شەشەم

پەیوەندی دروستکەرو دروستکراو

(B)

پەیوەندی بوونەوەر و خوا

ئەو پرسیارە هەر پرسیارەکەی سەروە تا ئیستا وەڵامـان نەدایتـەوە، پێویسـتمان بەوەبوو هەردوو ڕەهەندی بوونەوەر شیٚ بکەینەوە پێکـەوەو یەکەیەکـەش، وەڵامـی پرسیارەکە ئاسان دەکا بەڵام پیش ئەوەی ڕاستەوخۆ وەڵامان دەست کەویٚ بـزانین بـۆ وەڵامی ئەو پرسیارە چارەنوسسازەی فەلسەفی چی ووتراوە ؟

ڕای زۆرسەیرو سەمەرە هەیە لەبارەی پەیوەندی خواو سروشـت، یـان چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سروشت لەلای خودا، لەکۆنەوە ئـەبیقۆر ووتبـووی ڕەنگـە خـوا هـەبیٚ بەڵام بیٚ کار دانیشتوەو هەقی بەسەر بوونەوەر نەماوە، تەنها ئـەتۆمی لـە پاڵیـەك ڕێز کـردوە ئـیتر ئـەو بوونـەوەرە بـە ڕێکـەوت وا بەڕێوەدەچـیٚ[١] ، ئەرسـتۆو هەنـدیٚ مەدرەسەی فەلسـەفی تـر دەڵـێن ئـەو بوونـەوەرە لـەخودا دەردەچـیٚ بـەبیٚ ئـیرادەو مەبەست بـەڵکو سـیفەتیەتی وەك چـۆن ڕۆژ تیشـك دەدا، ئـەو ڕایـەی ئەرسـتۆ تـا ڕادەیەك ابن سیناو اخوان الصفاشی پێکاوە، بەڵام ئیخوان الصفا دەڵێن بەبیٚ ئیرادە

---

[١] موسوعة الفلسفية المختصرة ـ ص٢٢، المثالية الألمانية-شلنج- ص٣٧٧

نیەو مەبەستی لە پشتە[١]، شۆینهاور دەڵێ سروشت لەباوەشی خودایە بۆیە خودا (ڕابوردوو ونیستاوداهاتوە)، دوای پشیمان دەبێتەوە دەڵێ ئەو جیهانە هەست پێ ناکرێ ئەگەر لە (موتلەق) بەتەواوی جیا نەبیتەوە[٢]، بە پێچەوانەی ئەوانەش، هەیە دەڵێ سروشت خۆی بەشیکە لەخوا، نەستۆریەکان دەڵێن سروشتیش وەك عیسا نیوەی خوایەونیوەی مرۆڤە[٣]، یاقوبیەکان دەڵێن (ح.عیسا) خۆی خوا بوە لەدوای لەخاچدانی ومردنی ئەو بونەوەرە سێ ڕۆژ بی خودان وبەرێوەبەر مایەوە تا خوا زیندووبۆوە[٤]، هەیە پێی وایە ڕۆژومانگ وئەستێرە وئاسمان نێوان بوونەوەرو خوایە، هەیە بت وهەیە شیخ وپاپاوحاخامی بە پیوەندی خواو بوونەوەر دەزانی، ئەوانە بەجۆرێك پێیان وایە خوا لە نێو گەردوونەو جاروایە پێیان وابوە لەگەردوون بچوك ترە لە زانایانی نوێ (فرید هۆیل و فرانك تیپلەر وئەسیمۆڤ..) دەڵێن خوا لە گەردوون بچوك ترە[٥]، بە پێی بڕوای (تایفەی ئیسماعیلیە) ئاسمانەکان ژمارەیان(١٠)یە، هەر ئاسمانەك بە ئیمامیك سپێردراوە، ئاسمانی هەرە سەروو پێغەمبەر(محمد) بەرپرسە لێی، ئاسمانی نۆیەم (ئیمامی علی) ودوای حسن و حسین وعلی زین العابدین، محمد الباقر، جعفر الصادق، اسماعیل بن جعفر الصادق، ئاسمانی هەرە نزیکی زەویش (ح.فاطمة) لێی بەرپرسە، ئێزیدیەکان دەڵێن خوای هەرەگەورە ئەو دنیایەی ئێمەی بە ملکە تاوس سپاردوە.

غەنوسیە (مەسیحیەکان)یش پێیان وایە مادەوپیکهاتە زەمینیەکان پیسن

---

[١] رسائل اخوان الصفاء وخلان الوفاء رسالة رقم:٢٣ ص٣٠ زیاتر لەو بارەیەوە رسالەی رقم:٢٨ الحكمە فی خلق الله باسی ئەو مەبەستە دەکا.

[٢] المثالیة الألمانیة-ص٣٦٢، ص٣٤٠

[٣] نەستۆری گرۆپێکی مسیحین لایەنگری (نەستۆر)ن لە٤٥١ز مردوە دەیوت مسیح نیوەی مرۆڤەو نیوەکەی تری خودایە.

[٤] ابن حزم- الملل والنحل والأهواء ج١ص٢٤

[٥] بۆل دیفیز — الإقتراب من اللة ص٦٢

ولەدروستکراوی خوانین بەڵکو لەدروست کراوی شەیتانە[١]، لە ئاینی مسیحی (کاهنی گەورە) ئەو نێوانە بوە[٢]، بەشیکی تر دەڵێن ئاسمان خوا بەڕێوەی دەباو زەویش مرۆڤ، دیزمیەکان دەڵێن خوا بوونەوەری دروستی کردوەو مرۆڤیش بەڕێوەی دەبا، شۆینهاوەر وهاوسەردەمیەکانی مشتومڕێکی زۆریان لەو بارەیەوە کرد، مەنهەجی توێژینەوەکەیان ئاوابوو ئاخۆ مادە لەخوا دابڕاوە یان بەشێکە لێی.

هەندێ زانای فیزیایی سەردەم ڕای زۆر سەیریان بۆ دروست بوە هەریەکە لە فرید هۆیل و فرانك تیپلەر وئەسیمۆڤ دەڵێن خوا لە گەردوون بچوك ترە[٣]، لەبەشی (فەلسەفەوالدین) دەڵێت نێوانی خواو بوونەوەر ناکۆکی یە نەك تەبایی، فەلسەفەو ئاینی تریش هەیە پێیان وایە نێوان خواو بوونەوەر ڕۆژ ومانگ وئەستێرەو شەیتان وپیاوچاك و..، بەشی هەرە زۆری ئاینیش پێیان وابوە هەر خودا ئەو بونەوەرەی دروست کردوەو هەر بە ئیرادەی ئەویش بەڕێوە دەچی ونکولیان لەوە کردوە لەنێوان خوداو دروست کراوەکانی هیچ هەبێ جگە لە خۆی، بۆیە هەر ڕوداوێك دەگێڕنەوە بۆ خودا.

(ئیخوان سەفا) زانیویەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان خوداو بونەوەر نیە بەو جۆرەیان گوزارش کردوەو ووتویانە نێوان خوداو بونەوەرفریشتەیە هەندی دەم مادیەو هەندی دەم نامادیە[٤]، ئاینیەکان کەمتر دانیان بە یاسای سروشتی هینابوو، ئاخۆ ڕۆلی ئەو یاسایانە چیە، کەوتونە کێی دروستکراوی خوایی، یاسای سروشتی یەکێك لەو٢١٩ کوفرانە بوو کە لەلە لیستی ڕەشی کنیسە تۆمارکرابوو، تا ئاستی فەلسەفیش لەوانە دافید هیۆم دانی بەیاسا سروشتی وراستی نەدەهینا[٥]، لە فقهی

---

[١] بۆلدیفیز-الإقتراب من الله-بحث فی اصل الكون-ت:منیر شریف ص٦١
[٢] كتاب المقدس- جدول وشروح فی كتاب المقدس ص٧١٦
[٣] بۆلدیفیز –م س ص٦٢
[٤] رسائل اخوان الصفاء.. ص٣٧
[٥] الفلسفة والفیزیاء ج١ص٨٨

ئیسلامیش کەمتر جێی بۆ کراوەتەوە، بە پێی هەندێ توێژینەوە یەکەم جار فیساگۆرس باسی لەیاسای سروشتی کردوە..واتە ئەسلیکی ئاینی هەبوە.

توماس ئەکوینی هەولی داوە لەوانە ئەکادیمیانە تریۆ (ئیرادەی خودا) بچێ و دەڵێ یاسای سروشتی بریتیە لەئیرادەی خودا(القوانین العالم تعبير لإراده الله)[1]، ڕاستەوخۆتر مەلای گەورە دەڵێ: علمی تەبیعەت علمی خودایە، قالەو قەوالە گشتی هەبایە. (دیکارت) ڕایەکی نزیکی هەیە لەوەی باس دەکەین ودەڵێ:خوا بوونەوەری دروست کرد، دوای بە یاساکانی سروشتی سپارد وخۆی وازی لێهێنا، ئیتر پێویست ناکا ناویشی بهێنی سودی نیە[2]، لێرەوە (سود)بوە بنەمای خۆویستی مرۆڤ بنەمایەکی سیستەمی سەرمایەداری ئیستا پیك دەهینی، هەرلێرەوەش لە ئەرستۆ نزیك دەبێتەوە کەدەڵێ : إنه يعسر على الإنسان أن يفعل الأفعال الشريفة بلا مادة[3]، سپینوزاش ئەو پرسیارە دەکاودەڵێ ئەو عیبادەتەی خوا چ ئامانجی هەیە ئەگەر سودی نەبێ[4]، (مذهب المنفعة ولذة) لێرە سەرهەلدەداو ئەو واقیعەی ئیستای جیهان بە سەلبی وئیجابی لەو سۆنگەفلسفیە هاتوە، دیکارت نەچوو بەلای پەیام کە بەلگەیە لەوەی وازی لەو بوونەوەرە نەهیناوە و بێ دەسەلات نیە وەك شای بریتانی نیە.

ئەو کۆمەڵە تیۆرەی کە پێ ی وابووە سروشت بێ خاوەنە و خۆی دروستکارە، وەك پرسیارەکەی (سەعید نەورەسی) "ئەرێ سروشت هونەرە یان هونەرمەند"[5] وەڵامیان (هونەرمەند) بوەو بریتین لە مەدرەسەی مادی، لەهەر سەردەمێك جۆرە

---

[1] الفلسفة والفيزياء ج١ص٨٦

[2] الفيزياء ووجود الخالق –د جعفر شيخ ادريس ص٢٥

[3] ابن مسكوية- الفرق بين الخير والسعادة ص٣

[4] رسالة فى اللاهوت والسياسة ص١٩٧

[5] ئەوە عینوانی کتێبێکی سعید نەورەسیە.

فەلسەفە و مەدرەسەیەکی دروستکردوە، لەوانە دەهری لەکۆنەوە (naturalism) سروشتیزمەکان، مادیەتی میکانیکی، مادیەی دیالیکتیکی،.. ئەوەی زۆر یارمەتی فەلسەفەی(سروشتایەتی) دا هەردوو تیۆری (پەرەسەندن) و (تیۆری ڕێکەوت) بوون بە پالپشتی تیۆری گەردوونی وەستاو، پێیان وابوو ڕێکەوت (صدفە) و (گەشە) لەنێو بونەوەرێکی هەتاهەتایی هەموو جۆرێکی نوێ هەلدەهێنێ ودەجولێنێ، لەسەرجەم ئەو تەیارە فەلسەفیانەش مەدرەسەی مارکسیزمی لێ پەیدابوو کە زۆر بەقوولێ و ئیقناعکەرانە مەنهەجێکی فەلسەفی بۆ (پەیدابوون و گەشە) لەهەموو بوارەکانی ژیان و بونەوەر دارشت، پەیوەندی نێوان خواو بوونەوەری بە لادانی خودا لە هاوکێشەکە دارشت، ئەویش بە هۆی بەشی فەلسەفی (ناکۆکی) بوو، کە کردیە دووەم یاسای مادیەی دیالیکتیک بەناوی (الوحدة وصراع المتناقضات)[١] کە بەکورتیەکەی دەڵێت: لەناو هەمو سیستەمێك (شتیك) لەناو هەمو دام ودەزگا سروشتی کۆمەڵایەتی ئابوری لەناخیدا دوولای ناکۆکی تیدایە، ئەو ناکۆکیە دەبێتە سەرچاوەی جولەو گەشەی چەندایەتی وچۆنایەتی[٢].

بە پێی یاسای سێیەمی دیالکتیك(قانون التحول من تغيرات الكمية الى تغيرات الكيفية) ئەو گەشەیە تا ڕادەیەك چەندایەتیە دوای لە خالیك دەبێتە گەشەی چۆنایەتی وڕەوتی ئەو سیستەمە دەگۆڕێ بەناسنامەوە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر... بەو شێوەیە لەمادەدا هەمو جۆرە شتێکی جیاجیای سروشتی

---

[١] بڕوانە : أ- انجلس – ديالكتيك الطبيعة ص٧٨ ب- بودوستنيك وياخوت- عرض موجز للمادية الديالكتيكية ص٨٩-١١٢ لینین لەو بارەیەوە لە(ملاحظات الفلسفية ص٢٦٣) دەڵێت: دیالکتیك مانای دۆزینەوەی ناکۆکی لە ناخی شتەکانە، لە (ص٨١-)دەلی سەرچاوەی (گەشە)ش لەململانێی لایەنە ناکۆکەکانی دیت.

[٢] ستالين-المادية الديالكتيكية والمادية التاريخية ص٣٣

وبایۆلۆژی وژیاری وچینایەتی..پەیدا دەکا، هەولی داوە وەڵامی ئەو پرسیارەش بداتەوە ئاخۆ ئەگەرناکۆکی نەبوو وەك سەرەتای کۆمەڵگە (بیٚ چین) بوو چۆن ناکۆکی وچینایەتی لیٚ دروست بوو، ئەنجلس وجۆرج پۆلیتزیر ڕاستەوخۆ تر وەڵامیان دایتەوە، ئەنجلس دەڵیٚ پرۆسەی (نەفی) ئەو ڕۆڵە دەبینی کە سیٚیەم یاسای مادیەی دیالکتیك پیٚك دەهینیٚ بەناوی(قانون نفی النفی)، دەڵیٚ (نفی) یەکسانی جیایی و ناکۆکیە، پۆلیتزیریش لە کتیٚبەکەی(اصول فەلسەفە المارکسیە) دەڵیٚ (هناك دائماًقوة متغلبة علی قوتولو قلیلاً، فینموا التناقض) [1]، کە لە کۆتایی لە فەلسەفەی (ناکۆکی سەرتاسەر)دەخەملی کە پیشوو تر بە ووردی باسمان کرد، ئەوە بەکورتی ڕای فەلسەفەی مارکسی بوو بۆ گەشەو پەیدابوون کە سودی لە (فەلسەفەی پەرەسەندن) و(سیستەمی دیالکتیکی هیگل) و(ئایدیۆلۆژیای فیۆرباخ) و(ئابووری ریکاردۆ) وزۆر لای تر وەرگرتوە. هەولی داوە ئەو تیۆرە بە هیزانە بکاتە بەدیلی پەیوەندی سروشت وخوداو یان هەر پیٚویست بە خودا نەمینیٚ.. لەسەروو بە دریٚژی ئەو بۆچونەمان هەلسەنگاند.

ئاساییە وەڵامی پرسیارەکەی سەروو(پەیوەندی سروشت وخودا، پەیوەندی بونەوەرو خودا، پەیوەندی دروستکراو بەدروستکەر..) لای مادیەکان دەست ناکەویٚ لەبەر هۆیەکی سادە، ئەوان دان بە خوا ناهیٚنن تا نیٚوانی بوونەوەر وخوا دیاری بکەن، بەڵام لەلای فەلسەفەی میسالی وئاینیش بە ڕوونی دەستمان نەکەوت، یان بەلایەن کەمەوە بە مەنهەجیٚکی فەلسەفی دیاری کراو وەڵامان دەست نەکەوت ئاخۆ پەیوەندی خوداو بوونەوەر ڕاستەوخۆیە یان ناڕاستەوخۆیە؟ ئەگەر ڕاستەوخۆ

---

[1] جورج ببولیتزر-اصول فلسفة المارکسیة -درس الخامس ج١ص٨٣- زیاترزانیاری بروانە: ١- مارکس(الرأسمال، بؤس الفلسفة) ٢-انجلس(دیالکتیك الطبیعة، اصل العائلة والملکیة الخاصة والدولة)٣- ستالین –المادیة الدیالکتیکیة والمادیة التاریخیة ٤- ماو تسی تونغ(حول التناقض، حول الممارسة العملیة) ٥-بلیخانوف-نظریة صراع الطبقات .

نیە کامەیە نێوانیان؟ وەڵامەکەی سانا بوە، خودا مـادە وبونـەوەری دروسـت کـرد، یاساشی بـۆ دیـاری کـرد، بـەو یاسـایانە کاردەکـەن، واتـە بـە ڕوونـی دەردەکـەوێ یاساکانی سروشتی ئەو پەیوەندیەی نێوان خوداو بونەوەرن، یان بە واتـای ڕەهەنـدی ئەوا نێوانی خوداوبونەوەر(مادە-بوون-شت-ئەنجام-خلق..)بریتیە لە ڕاستی(یاسـا-هۆ-امر..)، واتە ڕەهەنـدی یەکـەم خلقـەو ڕەهەنـدی دوەمیش(امـر) نێـوانی خـواو ڕەهەندی یەکەمە، هەردووکیشی بۆ خوا دەگەڕێتەوە(الا له الخلق والأمـر)، یاسـای سروشت وئەمریش نەگۆڕن وەك لە سیفاتەکانی (ڕاستی) باسمان کرد، بۆیـە بونـەوەر ڕاکیشراو دەبێ، مسەیەر دەبێ، ئەگەر لەپیش چاوی ئێمە یان بە پێی زانیاری ئێمە وادەرکەوێ کە بونەوەر بە شتومەکەکانی ناوەخۆییەوە ئیرادەو فرەئیختیـاری هەیـە ئەوە کەمی زانیاریمانـە لـە بـارەی دۆزینـەوەی یاسـاکان، ئـەگینا ئـەو فـرە ڕێگـەو ئیختیارەش هەر یاسایە، مادام ڕەهەندی دوەم (یاسا)ناویتەی مادەیە ئەوا ئەگەری عەبەسی لە پـیش بوونـەوەر-مـادەو (خلـق) نیـە (..ویتفکـرون في خلـق السـماوات والارض ربنا ما خلقت هذا باطلا..)[1]، بێ یاسایی وفرە ئەگەری وئـازادی بوونـەوەر مـانای (**باطل**)ی دەدا بەهەمان شـێوەش ڕای میسـالیەکان و برکلـی ومـاخ وهیـۆم ووجودی..بە نکولی لە ڕاستی بونەوەر دیسان مانای (**باطل**)ی دەدا کە قورئـان زۆر بەتوندی وەڵامی ئەو جۆرە بۆچونە فەلسەفیانەی داوەتەوە، ئەوەی فـرە ئەگـەری لـە پیشە وئیرادەی بەکاردەهێنی بۆ گرتنەبەری ڕێگا جیاجیاکـان ئـەوە ژیانـە، لـە نیـو ژیانیش مرۆڤ، ئەو بەشەیە کە روح بەشداریەکی زیـاتر بـە پانتـایی (یاسـا-ئـەمر) دەداو پانتایی مادە-خلق تەسکتر دەبێتەوە...کـە برگـەی داهاتومانـەو زیـاتر ڕوون دەبێتەوە لە پەیوەندی خودا بە سروشت ومرۆڤەوە.

---

[1] سورة ال عمران -اية١٩١

پەیوەندی بە سروشت و مرۆڤەوە:

لەبابەتی پێشوو زۆر بەڕوونی سنوری نێوان (خالق و مخلوق) (دروستکار و دروستکراو)، (شت و ناشت)، (موتلەق و نیسبی)...لێك جیاکرایەوە، لەوەوە (دیفیز) دەڵێت: جیاوازی خواو بوونەوەر(خالق ومخلوق)ئەوەیە یەکەمیان هەتاهەتاییەو دوەمیان سنورداره[1]، بەو شیوەیە پەیوەندی خوداو بونەوەرمان پۆلین کرد، ئێستا لەبونەوەرەوە بەرەو سروشت وژیان نزیك دەبینەوە.

پرسیاری بنچینەیی و یەکلاکەرەوە ئەوەیە چۆنیەتی حوکمی خوا لەسەر دروستکراو، یان پرسیارەکە بەدیوی ئەکادیمی پەیوەندی سروشت بەخوا، چۆنە؟

سێ وەڵامی سەرەکی :

١- ئینکاری خواو حوکمی سروشت ئەوە فەلسەفەی مادیەکانە باسمان کردوە ودوای باسی پەیوەندیداریەو بەشە دەکەین.

٢- خوا دروستکارە بەڵام هەقی بەسەر گەردوون و بونەوەر وسروشت نەماوە، لەوەوە ئەبیقور (٢٤٢ـ٢٧٠ پ.ز) دەڵێ لە خوای ناوەشێتەوە حوکم لەو بوونەوەرە بکا و خۆی بچوك بکاتەوە وازی لێهێنایە[2]، دوایش(ئەبیکرات) و(دیزمیەکان) لە فەلسەفەی یۆنانی.. تادەگاتە عەلمانیەتی ئەو سەردەمە کە دەڵێن (خلق) بۆ خوا دەگەڕێتەوە بەڵام(امر) بۆ ئێمەیە، کاروباری ئاسمانی بۆ خواو زەویش بۆ ئێمە، دەیانەوێ بڵێن ئەودنیایەی نزیك لە ئێمە —سروشت وژینگەی ژیان وەك بونەوەر نیە هەمو کارەکانی لەدەست خۆی بێت، کاری دونیا(سروشت) بۆ مرۆڤ بە جیهیشتوە، هەندێ لە ئاینیەکانیش ئەو ڕایەیان هەیە، قەشە (ولیام سامبل)-لەکنیسە کتنبری بەریتانی

---

[1] بۆل دیفیز – الإقتراب من الله ص٦٣

[2] موسوعة الفلسفية المختصرة ـ ص٢٢

دەڵێت: (خوا بەتەنها یاساو ئاینی بۆدنیا دانەهیناوە بەڵکو وای کردوە مرۆڤیش بەشداری بکا)[١]، هەرچی (مارتن لوسەر)ە ڕایەکی نزیك لەوەی هەیەو دەڵێ:(ئەندازیارو دروستکەری گەردوون خوایەبەڕێوەبردنەکەنیشی بۆ خەڵکی بەجێهیشتوە)[٢]، واتە وەك شای بەریتانیا ئاسا (یملك ولا یحکم)[٣]، دەیانەوێ بلێن خوادروستی کردوەو بەڕێوەبردنیشی بۆ ئێمە بەجێهێشتوە، هەرچی هەندێ ئاینی ترەبەجۆریکی تری سەیر تر، ئاینی مهاریشی(کە بەشیکە لە هندۆسی کۆن) دەڵێن خوا ئەو بوونەوەرەی لەبەر خاتری مهاریتچ دروست کردوەو بوویتە خاوەنی ئەو جیهانە نەك خودا[٤]. ئاینی ئیزیدی باوەڕی وایە خوا دەست ناکاتە کارو باری سروشت، دونیای خواروو، بە ئیرادەی خۆی ئەو جیهانەی ئێمەی بە خوا(ملکە تاوس) سپاردوە نەك بە یاسای سروشت[٥].

٣- پێیان وایە خودا هەم دروست کەرە هەم حوکمیشی ڕاستەوخۆیە لەسەر ژیان وبێ ژیان وسروشت، ئەوەیان زیاتر ڕای ئاینیە پەتیەکانە، نزیکە لە سیستەمی سیۆکراتی، ئەوەی ئیستا لە جیهانی نوێ حوکم دەکات نزیکترە لە بەشی دوەم، دەتوانین بلێین فەلسەفەی عەلمانی بەگشتی پشت بەو فەلسەفەیە دەبەستێت، وەك بەشێك لە لێك جیاکردنەوەی (حاکم) و (خالق)

---

[١] هە لبزاردن لە نیوان عە لمانی وئیسلامی- نوستر ص١٣

[٢] شبلي عیسمی - العلمانیة ودولة الدینیة- ص٢٢

[٣] (لە ئەسلدا بەشێك لەفەیلەسوفانی یۆنانی بەسەرۆکایەتی (هرکلیت) کە نکوڵیان لەوەکرد ئەو بونەوەرە دروستکراو بێت، بەشی دووەمیشیان بەسەرۆکایەتی(فیساگۆرس) دەیان وت خوا دونیای دروستکردوە و حوکمیشی دەکات، ئەوانە وەك تەوافقی وتیان خوا دروستیان کردوە بەڵام سروشت سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە و حوکمی خۆی دەکات).

[٤] موسوعة الأدیان مادة: مهاریشی

[٥] ئەنستاس ماری کەرمەلی –کتیبی پیرۆزی ئیزیدیەکان ل٦٣ جلێوە –بەشی یەکەم ئایەتی(٦-٨)

ئاین بۆ خودا و حوکمیش بۆ ئادەمیزاد، خلق بۆ خودا وئەمر بۆ مرۆڤ، لە سروشتیش (خلق) بۆ خوا و بەڕێوەبردنیش بۆ سروشت.

بەپێ ی ڕووداوی ڕۆژانە و واقیعێکی بەرجەستە ئەو بۆچوونە فەلسەفیە ڕاستتر دەردەکەوێ لەهەردوو وەلامی فەلسەفەی ئیلحادی و فەلسەفەی ئایینی (ئیلاهی)، بەلام ئەگەر زۆر بە قولتر و فەلسەفیانەیەکی دروست بۆی بچین، دەبینین هەر سروشت بە عەیار و هاوسەنگیەکی وورد دروست نەکراوە، بەلکو بەڕێوەبردنەکەشی هەروا ورد و ستاندەرە، کەواتە خودا هەر دروستکار نیە بەلکو بەڕێوەبەریشە بەلام بەو ڕوانگەیەی بەشی سێیەم نا، بەلکو بە شێوازێکی تری فەلسەفی وئاینی ڕاستەقینە، قورئان نالێ تەنها (خلق) پەیوەندی بە خودا هەیە بەلکو دەلێت (الا له الامر و خلق)، مەبەست لە(امر)یاسا سروشتیەکانە، کەواتە ئیستا هەمو ئەو لێلیانەی بیری دیزمی وپەیوەندی خودا بە بوونەوەر وسروشت ڕوون بۆوە، ڕوون بۆوە کێشەی ستیڤن هۆکینگ ولاپلاس وهۆلباخ وفیۆرباخ..یەك کێشەیە، ئەنجلس دەلێت نیوتن یەکەم جار لە دۆزینەوەکانی خوای تێدا بوو، بەلام نەیهیشت نزیك سیستەمی خۆر بکەوێت[1]، لە ڕاستیدا وانیە نیوتن چاك تێگەیشتبوو، خودا لە سیستەمی خۆرهەبوو لە ڕێی یاساکانی ئەو سیستەمە.

مادام ئادەمیزاد و کۆمەلگەش بەشێکن لە سروشت و بونەوەر، لەگەلّ زیادەیەك کە ئادەمیزاد زیندەچالاکی و خواستە هەنگاوی هەیە، ئەوا لەگەلّ ئەو یاسایانەش پەیامی (پێغەمبەر و کتێب) بۆ ناردوون، واتە پەیام بۆ ئەوە هاتووە ئادەمیزاد و کۆمەلگەش مێژوویەکی وەك سروشت و گەردوون دروست بکا(دوای باسی دەکەین)، کەواتە ئێستا بزانین یاساکانی سروشت چۆن حوکم لەسەر سروشت دەکەن و چۆن پەیوەندی بە خودا هەیە؟ ئایا ڕوداوەکانی سروشت و ڕوداوەکانی

---

[1] دیالکتیك الطبیعة ص٢٣٠

کۆمەڵایـەتی جیاوازیـان چـیە؟ ئایـا ڕوداوە کۆمەڵایەتیـەکان موسـەیەرن یـان موخەیـەر؟، ئایـا یاسـاکانی سروشـت (شـریکن) لەگـەڵ خـودا وەك لـە(دیزمی ئەگریکیەکان) واهاتبوو کە یاسای سروشت شریکن لەگەڵ خودا نەك خوازال بـووبێ بـەهۆی یاسـاوە بەسـەر سروشـت[1]، یـان پەیوەنـدی نێـوان (خـالق) و (مخلوقـە) وەك بەشێك لە فکری ئیسلامی وای گەلالە کردبوو؟، ئایادەشێ بڵێین لەسەروی سروشـتن و لە خواروی خودایە؟ چونکە وەڵامی ئەو پرسیارە کێشەیەکی فەلسەفی و عەقیـدی چارەسەر دەکا کە (موعتەزیلە)کان بەبێ مەنهەجێکی فەلسەفی دروست گەلاڵـەیان کرد و لەجیاتی زیـادکردنی زانیـاری بـوە هـۆی کێشـەی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و مەزهەبی.

هەروەها وەڵامی پرسیارەکانی تریش ئەگەر بەدروستی دەسـتمان کـەوێت، ئـەوا وەڵامی پرسیارەکی بنچینەیی ئەو سـەردەمەش دەداتـەوە کـە تـاکو ئێسـتا بویتـە کێشە لەپێش زۆربەی زانا و فەقیهو ناودارانی ئاینی ئیسلام، پرسیارەکەش ئەوەیـە ئاخۆ ئادەمیزاد خۆی لەڕوداوەکان (بە چـاکە و خراپـە) بەرپرسـیارە (مخەیـەرە) یـان پێکـراوە و لەدەسـتەخۆی نـەبوە (مسـەیەرە)؟ وەڵامـی قورئـان ووەڵامـی فقهـی تاڕادەیـەك لیـك جیایـە، تەنانـەت دەتـوانین فراوانـی بکـەین بڵـێین وەڵامـی ئـاینی بەگشـتی وئـاین پـەروەران لیـك جیایـە، لـەقورئان وەڵامەکـە ڕوونـە کـە سروشـت وبوونەوەر مسەیەرن ومرۆڤیش بە پێی ئینتمای بۆ بوونەوەر مسەیەرە ئەو بەشەشی تایبەتە بە مرۆڤـی ئـەوە (مخەیـەرە)، ئـەوەیان تـەنها بـوە ڕای ئەوانـەی بـە ڕاسـتی (راسخون فی العلم) وئەوانەی (حکیم)بوون، تەنانەت ئیمام غزالیێ کەفەلسەفەی بـۆ وەڵامدانەوە خوێند کەچی لۆژیکانە وەڵامی ئەو پرسەی دایتەوەو دەڵێ (إن الله حـر مخیر مطلق التخییر و المادة الجامدة مسیرة منتهی التسییر.. و الإنسان في منزلة بین

[1] بۆ ڕون بوونەوەی ئەو جۆرە بۆچوونانە بڕوانە: Timelesseness.. p3 Routledg&Kegan- God and

المنزلتين..)، وەك لەدوای زیاتر باسی دەکەین.

هەرچی وەڵامی ئاینیەکانە بە تایبەتی فقهی ئیسلامی ولەویش زیاتر (ئەوەی پێی دەڵێن سلف)زیاتر باوەڕی وایە کە مرۆڤ مسەیەرە، لە فەرمودەیەکی زۆر بە ناوبانگ:(..وفي الصحيحين أن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال" :إن أحدكم يجمع خلقه في بطن أمه أربعين يوماً نطفة، ثم يكون علقة مثل ذلك، ثم يكون مضغة مثل ذلك، ثم يرسل إليه الملك فينفخ فيه الروح، ويؤمر بأربع كلمات، يكتب رزقه وأجله وعمله وشقي أو سعيد).

ئەوەیان لە ئاینی ڕەت بوە بوویتە کەلتور لە نیو موسوڵمان کە هەرچی ڕوودەدا دەڵێن خوا نوسیویەتی لەوەوەزاراوەی (ئەجەل ونسیب و تەوەکول وبەخت.. وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ..) باوی وەرگرتوە، بەڵام وەك ژیانی ڕۆژانە کەس لەسەر ئەو ڕایە نەوەستاوەونەلەسەر (تفسیری بەهەڵەی ئەو ئایەتە)نەوەستاون، هەرکەسە بۆ خۆی هەول دەدا یاسای (هۆو ئەنجام) پەیڕەو دەکا، بەڵام بەگشتی ئەو ڕایە کاری لەسەر تێکڕای گەشەی عەقڵی وشارستانی وتەکنیکی بە سەلبی کردوە، وای کردوە ئاینیەکان زیاتر گرنگی بە ڕابوردوو بدەن نەك داهاتوو، لەدەقی ئینجیلی هاتوە : فلا تهتموا للغد.لان الغد يهتم بما لنفسه.يكفي اليوم شره[1] . هەمان گەوهەر لەلایەن ئیمامی شافیعی بە شیعر هاتوە:

سهرت أعين ونامت عيون	في أمور تكون أو لا تكون
فادرأ الهم ما استطعت عن النفس	فحملانك الهموم جنون
إن ربا كفاك بالأمس ما كان	سيكفيك في غد ما يكون

---

[1] كتاب المقدس-العهد الجديد- مت ٦: ٣٤

لە شیعرێکی تریدا:

وما يك من رزقي فليس يفوتني ولو كان في قاع البحار العوامق
ففي اي شيء تذهب النفس حسرة وقد قسم الرحمن رزق الخلائق

لە بەرامبەریشد نارەزاییەکی زۆر لەو (متناقض) هەیە کە مرۆڤ هیچی لەدەستە خۆ نەبێت وسزاش بدرێ.

خیام دەڵێ:

بۆ هەرچی دەچم لەدەستی خوا ڕیشم
هیچ کارێ بەدەست خۆم نیەهەرچی دەیکەم
ئەو پێمی دەکاهیشتا گوناحباریشم[1]

ابوعلامعری بەشیعر دەڵێ:

ما ولاحياتى فهل لى بعدميلادى ولاهرمى بإختيارى

ولیم بلاك(١٧٥٧– ١٨٢٧) بەشیعر دەڵێت ئاین وا دەکا مرۆڤ متمانەی بە خۆی نەبێ وئامادە بێ بۆ خۆ بەدەستەوە دان وملی چەماندنەوە بۆ زوڵم، بەشی زۆری هێزی مادی لە فەلسەفە، عەلمانی لە سیاسەت، سەرمایەداری لە ئابوری،.. لەو(متناقض) هاتوە، بەشێك بەوەش نەوەستاون تەحەدای خوایان کردوە، ووتویانە ئەگەر هەموکارێك بەدەست ئەوە بابێتە مەیدان وەك لە شیعرەکەی خەلیفەی موسوڵمانان (ولید بن یزید٨٨-١٢٦ه) بە گاڵتەجاڕی بە خواو قورئان لە وەڵامی ئایەتی (واستفتحواوخاب كل جبارعنيد) دەداتەوە ودەڵێ:

أتوعد كل جبار عنيد فها اناجبار عنيد
فأن لاقيت ربك يوم حشر فقل: يارب خرقنى الوليد[2]

[1] چوارینەکانی خەیام- و: هەژار موکریانی ل١٩
[2] د محمد عمارة-المعتزلة والشورة ص٧٢

هەر لەوەشەوە تەحەدای (ح.عیسی) کراو پێیان ووت : (..ان کنت ابن الله فقل ان تصیر هذه الحجارة خبزا)[1]، ئەگەر وەك خۆی پۆلینی (مخەیەر ومسەیەر) لە ژێر سایەی بونەوەری دوو رەهەند بکەی، لیکی بکەیتەوە مرۆڤو کارەکانی دەکەونە کێی ئەو دوو رەهەندە، ئەو (متناقض)ە ئەو پرسیارە تەحەدایانە چارەسەر دەبێ، ئەو کاتی دەردەکەوێ کە کارەکانی مرۆڤ لەکۆتایدا دەکەوێتە ژێر رکێفی مەشیئەی خودا وئایەتی ﴿وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ.. ﴾، لەبەر ئەوەی :

١-هەردوو رەهەند بۆ مەشیئەی خودا دەگەڕێتەوە

٢- عەقڵی مرۆڤوئیرادەکانی بەشیکە لە ئەمری خودا

٣-تیکرای شانۆیەکەش دروست کراوی ئەوە.

لەوەوە خەیام نهێنیەکی گرنگی درکاندوە بەڵام نەیزانیوە سەردێرو بۆنەکەی بۆ دیاری بکا، دەڵێ:

خوا داوی ئەناوە داوی ئەو بانادەم   دەعبایەکی گرت ناوی نا ئادەم
ڕاوی ئەوە، داوی ئەوە، دانەش هی ئەو   دەمخاتەتەلەوگەرەکیەتی خۆشم لادەم

لەو تێڕوانینە هەڵەیەی سەرووی فقهو ئاین پەروەرانی کۆن ونوێ، کۆمەڵێك تیۆری کۆمەڵایەتی مەترسیدار شان بەشانی هاتە کایەوە، زۆریش قۆزترایەوە لەلایەن زاڵمانەوە، گوایە ئەوە بەشی خوایە بۆی نوسیوە ئەگەر لاری هەبێ گوناحباریش دەبێ، ئەوە بۆ مەرامی سیاسی هەندێ خەلیفەی ئەمەوی بەکارهات، دوایی لە ئەوروپاش بە فراوانی بەکارهات، لەوەوە (ئاین تلیاکی گەلانە) هاتە کایەوە، ئینجا تیۆری چینەکان و(ئەفزەلیەت) هاتە کایەوە، تیۆری دابەشی کار بە

[1] کتاب المقدس –العهد الجديد، انجيل متى(مت ٤: ٣)

پێی ئینتمای چینایەتی ونەژادی ونەتەوەیی..هاتەکایەوە، بزوتنەوەکانی شۆڤینی و ڤالانژیسی و تۆرانی ونازی وفاشی وبەعسی..هاتە کایەوە، هەریەکە پاڵپشتی کردبوە سەر نەسڵێکی فقهی کۆن، ئەو جۆرە تێڕوانینە زۆر بەڕوونی لە سۆسیۆلۆجیای یۆنانی ڕەنگی داوەتەوە، ئەرستۆ لەکتێبی(رسالە السیاسە-پۆلیتیك) بەندایەتی گێڕاوەتەوە بۆ بڕیارێکی خوایی نەك کۆمەڵایەتی، دەڵێ ئەوانەی عەقلیان کەمە کار بە جەستەیان زیاتر دەکەن، ئەوانەن خوا لە بنەڕەتدا ئیجباری کردوون بۆ بەندایەتی و کڕین و فرۆشتن! لەسەر ئەو بنچینەیە دابەشیەکی ئەزەلی چینایەتی لە کۆمەڵگە دروست دەکا، دەیان ووت هەموو مرۆڤ لە قوڕە، بەڵام چینی ئۆرستوکرات ودەسەڵات قوڕەکەیان لەلای خودا زیادەی تێکراوە و زیوی بوە، هەرچی جوتیارو چینەکانی تری خواروو قوڕەکەیان بە مس وئاسن تێکەڵاوکرابوو، لە بنەچەدا خوا بەشەرەکانی وەك دەمی شانە دروست نەکردوە [1]، فارابی (مدینة الفاضلة)ی لەسەر ئەو بنچینە ڕێکخستوە، بۆ بونەوەر وسروشتیش و (ترتیب الموجودات)ی بە (فضل) ڕیز کردوە [2]، تۆینبی لە (مختصر دراسه التأریخ) دەڵێ کۆمەل وەك لەشی ئادەمیزاد فەرمانبەرو فەرمانپیکراو، ماندوو وحەساوە، گرنگ وناگرنگ، لەپرۆتۆکۆلەکانی زایۆنیش واهاتوە(أنه لا مساواة في الطبيعة، وأن الطبيعة قد خلقت أنماطاً غير متساوية في العقل والشخصية والأخلاق والطاقة) [3]، بەشێك لە فەیلەسوفەکان وەك (دی گۆپینو) [4]، (شامپرلین)، (بەواس)،

---

[1] بڕوانە :جمهورية افلاتون ص٧٦ هەروەها بڕوانە:مدخل الى الفلسفة ص٦٤

[2] فارابی – اراء اهل المدينة الفاضلة ص٦٦

[3] بروتوكولات حكماءالصهيون- ترجمة :عباس محمود العقاد ط٥ ١٩٨٠ بروتوكول رقم:١.

[4] ئەرسەر دی گۆپینۆ١٨١٦- ١٨٨٢ لەکتێبێکی بە ناوی (مقال عن عدم المساوات بين الاجناس البشريه) دەڵێت توانای بیرکردنەوەی هەموو میلەتیك وەك یەك نیە بۆیە تەنها میلەتی ئاری شایستەی ئەو سەرکردایەتیە، ئیتر ئەو تێ ڕوانینە کۆمەڵێك تیۆری سیاسی ڕەگەزایەتی ترسناکی لێ پەیدابوو. یەهوودی وعەرەبی شۆڤینیش تا ڕاددەیەك ئەو پاگندەیە دەکەن.

(فیشەر).. وای بۆچوویوون کـە توانـای ئـەقڵی نەتەوەیـەك لەگـەڵ نەتەوەیـەکی تـر جیایە، تاڕادەیەك مارکسیەتیش ئەو ڕایەی بە جۆریکی تـر هەیـە وەك سـتالین بـە ڕاشکاوانە تـر دەری بڕیـوە و دەڵـێ ئینتمـای چینایەتی پلـەی ووشـیاری وزیرەکـی دیاری دەکا، بەشێك لەیەهودو عەرەب دەڵێن ئێمە (شـعب اللـه)ی هەڵبـژیردراوین زیرەك ترین لە خەڵکی تـر، ئەوتیۆرانە(لـە عەولەمـە)ی ئیسـتا ڕەنگـی داوەتـەوە بەتایبـەتی لـە ئامـاری ١٩٩٨ی نێونەتـەوەیی دەرکـەوت دوای لـە (کـۆنگرەی زەمین)یـش لـە جوهانسـبرك دووپـات کرایـەوە، (خـەڵکی سـەروو)* لـە ٢٠٪ی دانیشـتوانی جیهـان پێـك دێـنن کەچـی لـە ٨٦٪ی داهاتـەکان دەخـۆن، (خـەڵکی خواروش) لە ٨٠٪ دانیشتوانن کەچی لە ١٤٪ دەخۆن.

لەسەر ئەو بنچینە محمد باقر الصدر دەڵێ: لە سەرمایەداری بەسەربەستی دەست پێ دەکات بە بەندایەتی هەموو لایەك کۆتایی دێت، کەچی بەندایـەتی خـودا بـە بەندایەتی دەست پێ دەکات بەسەربەستی کۆتـایی دێـت[١].. ئەوانـە واپیشـان دەدا کە مرۆڤ چارەنوسی خۆی لەدەست نیە، بەڵکو مۆری ئەزەلی وئەبـەدی بـۆ لێـدراوە بێ ئەوەی بتوانی گۆڕانکاری بەسەر بێنێ، زۆر ڕوونە هەمو ئەو تیۆرانە پاڵپشـتیان کردۆتە سەر (هەڵە تێگەیشتن) لە ئاین، ئەو بۆچونە لە بوارێکی تەسـك نەمایتـەوە بوویتە واقعێکی مێژوویی، زۆر ئەستەمە بە ئاسـانی گـۆڕانی بەسـەر بێنـی، بۆیـە دەبێ هەنگاو بەهەنگاو بۆی بچین...پێش ئەوەی وەڵامی ئـەو پرسـیارانە بدەینـەوە ڕێکخستنی پرسیارەکان و جۆری داڕشتنەوەی پرسیارەکانی پێویستە.

* مەبەست لە خەڵکی سەروو ئەمریکاو وولاتانی ئوورووپای ڕۆژئاوا دەگرێتەوە

[١] محمد باقر الصدر -الإنسان والمشكلة الإجتماعية ص٨٦

وەڵامی پرسیارە هەرەگرنگەکان:

دروست بونی پرسیارو گومان لە بارەی دەسەڵاتی خوا لەو بوونەوەرە لە دوولا دێت، لای یەکەمی سادەو بەرچاوە، لەهەر ئەنجام و ڕوداوێکدا هۆکارەکەی لەناو سروشت خۆی دەبینرێتەوە، جاروایە هۆکار و ئیرادەی سروشت لە ڕووداو و پێشهاتەکان لە ئیرادەی خوا بەهێزتر دەردەکەوێت، لە کۆنەوەو ئیستاش لای ئاینی و ڕەشۆکی واباو بوو تائەو سنورەی توانای مرۆڤی بەسەر نەبوایە دەیاندا پاڵ خودا، هۆکاری ڕووداوە دیارەکان دەدرا پاڵ مرۆڤ و نادیارەکانیش دەدرا پاڵ خودا، جا بەرەبەرە کە توانای مرۆڤ بە هۆی زانست و تکنۆلۆجیا زیاد دەبوو، هۆکارەکان ئاشکرا دەکران.. وا دەردەکەوت کە توانای خوایی وا لاواز دەبێ توانای مرۆڤی زاڵ دەبوو بەسەر توانای خوایی.

لای دووەمی ئەو پرسیارە ئالۆزترە، ئەوەی لە پرس و پێناسی خودا دا ئەوەمان باسکرد کە ئەو دژی نیە، زەوجی نیە،.....تاد، کەچی یاساکانی سروشتیش زەوجی نین ودژی نیە، مادام یاساکانی سروشتی بەشێك بن لە (ڕاستی)، سیفەتی ڕاستیش (کە باسمان کرد) لەهەردوو لای پرسیارەکە سیفەتی خوایی و شەریکی خودا وەردەگرێ بەلای فەلسەفەدا، بەلای خەڵکی تری زانستخواز وبیریار(جاروایە کەسی ئاسایش) بەدیلی خوایە مادام ئەو ئەکتیف تر دەردەکەوێ، ئەو پرسە بوارێکی مەترسیش وەردەگرێ کاتێ بنچینەیەکی ئایینی پێدەدرێ، مادام لە قورئان دەڵێت ﴿لا تُشْرِكْ بِاللَّهِ شيئاً﴾ کەواتە لای ئایندارێکی ڕەمەکی بەلای کەمی (یاسای سروشتی) شریکە بۆ خوا وەك لە(دیزمی ئەگریکیەکان)واهاتبوو کە یاسای سروشت شریکن لەگەڵ خودا[١]، لە ئایەتەکە دەڵێ ﴿لا تُشْرِكْ بِاللَّهِ شيئاً﴾ تیبینی (شیئا) بکە، ئێ یاساکانی سروشت وەك لە پیشوو ڕوونمان کردەوە (شیئ)

[١] بڕوانە: Timelesseness.. p3 Routledg&Kegan- God and:

نیه، کەواتە ئەبو موسەیلیمانە ئەوا شریکی خودایە وچۆن خودا دروست کەرە ئاواش یاساکان دروست کەرن، ئەوە بنچینەی فەلسەفی (نەکەرالیزمی ودەهری وزۆربەی مادیەکان)، کێشەیەکی گەورەبوەو ئیستاش گەورەیە، بەڵام لە فەلسەفەی دوورەهەندی (خلق وئەمر)کۆتایی بەو کێشە گەورەیە هیناو وەڵامەکەی زۆر سادەیە، یاساکان شریك نین لەگەڵ خودا بەلکو ئەمری خودان، یان وەك (هینزپاچلیز) لەکتێبی (دستور الكون) دەڵێ ئەو یاسایانەی سروشت دەستوری گەردونن [1]، دەتوانین بڵێین دەستوری خواین بۆ بونەوەر جیا لەدەستورەکانی تر ئەو دەستورە سەرتاسەری ونەگۆڕن بۆ هەتا هەتایە.

لەوەوە کێشەیەکی زۆر گەورەی فیزیای کوانتەمیشمان بۆ چارە دەکا کە ستیڤن هۆکینگیش بەکاری هیناوە، پرسیارەکە فۆرمات دەکرێتەوەوئالۆزیەکان زۆر سادە دەبنەوەو بەو پرسیارە دەکەوینەوە سەر مەنهەج: ئاخۆ یاساکانی سروشت مادام شت نەبن وشریکیش نەبن ئەدی چنە؟ وەڵامان دایەوە وبە دەستوری خودا کۆتاییمان هینا بۆ زیاتر وبۆ وەڵامی ئەو کێشە فەلسەفیانە پێویستیمان بە ڕێکخستنی ئەو پەیوەندیەیە لەنێوان خودا و سروشتە، لە ڕاستیدا لە قورئانی پیرۆزدا بە وردی وەڵامی داوەتەوە بەڵام موفەسیرەکان ئەوەندە گرنگیان بەڕەهەندی فەلسەفی نێو قورئان نەداوە، کە زۆربەی ئەو کێشە فەلسەفیانەی لێ دروستبووە، پاشان بوویتە کێشەی زانست و ئەکادیمیا و فکر و... لەکۆتاییشدا جیهانی ئیسلامی تووشی پاشکەوتن هات.

لە قورئاندا باس لەوەدەکا کە حەفت ئاسمانەکەی دروستکرد دەڵێت ﴿..وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاء أَمْرَهَا﴾ [2] (امر) بەمانای یاسا و ڕژێم (وەك لە پیشوو باسێکمان کرد)، واتە لەدوای (خلق)ی ئاسمانەکان بەکارێکی تریش هەڵسا کۆمەڵە یاسا و

---

[1] بروانە: بۆل دیفیز- الإقتراب من الله- ص٩٨

[2] سورة فصلت اية١٢

ڕژێم و سیستەمی تێ خست، ئەو کارەش هەر ئاسمانەکان و گەردوونی نەگرتەوە بەڵکو شۆڕبویەوە بۆ وردەکاری هەموو شتێك بەژیان و کۆمەڵگە و ئادەمیزادیشەوە وەك لە قورئان دەڵێت ﴿رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَى﴾[1].. (هدى) بەمانای ئەوەیە لە ڕێ ی (خلق) و (امر) ئیمکانی گەشە و گۆڕان و جێ بەجێ کردنی بەرنامە پێدراوی داوەتێ، بەرنامەیەکی ئامانجدار (ئەوە مانای هودایە)، واتە خوا تەنها بە کاری(خلق) هەڵنەساوە، بەڵکو بە (امر)یش هەڵساوە، واتە یەك پرۆسە نیە دوە، یەکەمیان(خلق) دوەمیان(امر) بە هەردووکیشیان بەرنامەکە تەواو دەکەن و(هدى) دروست دەبێ بۆ هەمو شتێك، لەوەوەش بوونەوەرمان بە دووڕەهەندی پۆلین کرد.

ئێستا هەموو ئەو کێشە و ئاڵۆزیە فەلسەفیانەی زۆر سادە و سانا کردەوە، دەرکەوت ئەو یاسایانەی حوکم لەسەر بونەوەر و گەردوون و سروشت و ژیان دەکا یاسای خواین وەك کیپلەروگالیلۆودیکارت ونیوتن.. وای بۆچووبوون، گوزارشە لە ئیرادەی خودا یان وەك توماس ئەکوینی یاسای سروشتی وئیرادەی خودای پیك بەستۆتەوە[2]، بەهەمان شێوە فەیلەسوفی کورد مەلای گەورەش، ئەو تێزە فەلسەفیە دیزمی نیە پێویستی بە پەیام وئاین نەبێت، خودا لێرە بێ دەسەلات نیە وەك یەکەم جار یەهودیەکان ووتیان ئینجا فەلسەفەشی بەدواهات هەروەك لەقورئان ڕوونی کردۆتەوە ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ..﴾[3]، لەو بونەوەرەمرۆڤ تیایدا(بدیل)ی خودا نیە بەڵکو (جینشینی) خودایە، یاساکانی سروشتیش خواین با ناوی یاسای بۆیل و یاسای کیپلەر و ناوی جیاجیای تری وەرگرتبێ، ئەو ناوانە گەلێ جار ستاندەری عەقلی زانا و فەقیهی ئیسلامی

---

[1] سورة طه اية ٥٠

[2] الفلسفة والفيزياء ج١ص٨٦

[3] سورة المائدة اية٦٤

ومەسیحی لە زۆربەی سەردەمەکان تێکداوە[1] وای کردوە حەساسیەتی هەبێ بەرامبەر یاسای سروشتی وگەلێ جاریش دژایەتی کردوە، لەوەوە یاسای سروشتی لەلایەن کنیسەوە بە کوفر لیست کرابوو، وای زانیوە ئەوەی مرۆڤ دەیدۆزیتەوە بوە مولکی مرۆڤ وئەوەی بزرەو ناشدۆزرێتەوە مولکی خوایە، بەو شێوەیە هەردۆزینەوەیەکی مرۆڤ دەبێتە شکستی خودا!، هەردۆزینەوەیەکی زانستی وعەقڵی دەبێتە گورز لە ئاین وەك ئەبوعەلامعری وهوایتهیدو ئەنجلس و وادەبێ وزانست بدوێ وئاینیش بێ دەنگ بێ.

لەسەر ئەو بنچینەیە (ارنست همنغوای) ووتویەتی: هەرچی بڕیار بێت هەردەبێ بێ باوەڕ بێت[1]، ستاندال دەڵێ: هەمو ئاینەکان پیك هاتوە لە ترسێکی زۆرو عەقلێکی کەم، لەوەش زیاتر لیڤی پرۆل دەڵێ: ئاین لەبێعەقڵی ونەخوێندەواری هاتووە، مارکس دەڵێ بڕوا بە ئاینی تەنها بۆ عەقلیکی لەنگە[2]، هەر لە سالی ١٨٥٤ لە ووتاریکی دا دەڵێ: هەر پرۆژەیەك بۆ شکۆمەندی مرۆڤ پێویست بەوە دەکا مولحید بی، هەرچی فیۆرباخە دەڵێ: ئایینداری نامۆییە لەو سروشتە، زانیاری راست ودروست مولحیدی دەدا، زانیاری لەنگ وئەفسانە ئایینداری دەدا، ئیمانداری راستەقینە مولحیدیە لەسروشت، مرۆڤیش لەیەك جیهانە جیهانی سروشت نەك جیهانی روح... ئەوە زادەی مەنهەجی کلاسیکی فەلسەفی ئاینە، هەرچی ئەو مەنهەجە توێژینەوە فەلسەفیەی ئیستای ئێرە ئەوا هەر دۆزینەوەیەك لە سروشت (لەبوارەکانی کیمیا و فیزیا و بایلۆژی..) وەك زانای ئەمریکی (ماریا میتچال) گوتەنی دەبێتە پەخشانێك بەسەر خوای گەورە، یان وەك دیکارت گوتەنی سروشت

---

[1] کۆمەڵێك لەو جۆرە هەڵوێستانەی زاناو فەیلەسوفان لە کتیبی(atheist universe) لەلایەن (دیڤیدمیلیز) نوسراوە پیك هاتوە لە ١٢ بەش، لەبەشی یەکەما بەلام لاپەرەکە دیاری نەدەکرا چونکە تەرجەمەنەکراوەو بە ئەلەکترۆنی گەلالە کراوە.

[2] کارل مارکس-بؤس الفلسفة ص٢٥٦.

دەبێتە مەکتەبەیك، مەنهەجی دروست ئەوەیەجهان وسروشت وتیکرای بونەوەر بێ سەرو بەرو عەبەسی نیە ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثاً وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ ﴿..وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً﴾[1]، بە یاساو ڕێسا ئامانج و مەبەستی بۆ دارڕژراوە.

فیزیاییەکانی سەردەم گەیشتونە ئەو ئەنجامەی ئەگەر قەبارەی ئەلکترۆن ڕێك بەو ئەندازەیە بچوك تر نەبوایە لە پرۆتۆن ئەوا ژیان مەحال دەبوو، لەوەوە، جۆرج کۆڤیر (١٧٦٩-١٨٣٢) گوتی هەر لەبچووك ترین تا گەورەترین هەموی مەبەستدارە، پیشو تریش تۆما ئەکوینی ووتبووی هەرچی شت ومەك هەیە لەو گەردونە وادەجولێ وەك ئەوەی ئەرکیکی خۆی جیبەجێ بکا وئامانجیکی چاکتر بپێکی[2]، هیچ ڕووەك وگیانلەبەرێك بە ڕێکەوت و لەخۆڕا نەخولقاوە تا بگۆڕێ بۆ جۆرێکی تر، چونکە بە(گۆڕانی)ئامانجەکە لەدەست دەدا، هەتا پێکهاتەی ئەندامەکانیش، دوایی جوهان مەندەل (١٨٢٢- ١٨٨٤) دۆزیەوە کە (گەشەکردن)یش لەخۆرایی و بێ مەبەست نیە وەك (تەتەوریەکان) وای تێگەیشتون، لەسەر ئەو بنچینەیە (بۆخنەر)و(داروین)و(ئەنجلس)زۆر بە توندی بەگژ ئەوە دەچن کە جم وجۆل وسیستەمی سروشت مەبەستدار بیت وئەنجلس دەڵێ (لقد ولت الغائية القديمة دون رجعة)[3]، (ستیڤن واینبرگ)یش دەڵێ چەندە توانای گەردون فراوانتر دەرکەوێ بیرۆکەی ئامانجداری(غائیە) لاواز دەبێ، جاك مۆنۆی بایۆلۆجی

---

[1] سورة مؤمنون اية١١٥، سورة ال عمران اية ١٩١

[2] بول ديفيز- الإقتراب من الله ص٢٢٥

[3] ف انجلس-ديالكتيك الطبيعة ص٢٢٤ دوای هەر لە ص٢٤٠ زیاتر مەبەستی لە(غائیە) ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ مەبەست خوایە، دوای لەهەر خودی ئەنجلس وهاوڕێکانی مارکس ولینین وبلیخانوف لە باسی گەشەی کۆمەلگەو شیوازی بەرهەم هینان تیۆری (حتمی تاریخی)جاڕ دەدەن کەمانای (غائیە).

زان هەر وای بۆچوە[1].

ئێستا لەوەوە پەیوەندی خوا بە بونەوەر و گەردوون و سروشت و ژیان و ئادەمیزادەوە دەرکەوت، پەیوەندی ڕاستەوخۆی نیە، پەیوەندیەکی زۆر تایبەت و بالآیە لە ڕێکخستن و سیستەم، بەدەربڕینی فەلسەفی کلاسیکی گوزارشتە لە پەیوەندی مادی و نامادی، هەروەك پەیوەندی عەقلّ (کە نامادیە) لەگەلّ سروشت (کە مادیە) لەڕێ ی هەستەکانە.

بەهەمان شێوە پەیوەندی خودا بە مادەوە لە ڕێ ی یاساکانی سروشتە، واتە مادە (بەهەموو ناوەڕۆکیەوە) پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەلّ خودا نیە، لەڕێ ی یاساکانە کە (امرن)ئازاد نین، واتە ڕەهەندی یەکەم لە ڕێی ڕەهەندی دوەم پەیوەندی بە خودا هەیە، ڕەهەندی دوەمیش نە ئازادی بە خۆی داوە نە ئازادیشی بە ڕەهەندی دوەم داوە، هەمو شتێك ئەندازەکیش کراوە ﴿..وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيراً﴾[2]، لەوەوە مانای ئەوە دەبەخشێت کە سروشت و گەردوون (مخەیەر) نین، مسەیەرن، هەروەك لە قورئانیش هاتووە ﴿ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعاً أَوْ كَرْهاً قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ﴾[3]... ئەوە پەیوەندی بونەوەر (بە سروشت وژیانەوە) بەخودا بوو، پەیوەندی -ئەو دیوەی مرۆڤ کەبەشیکە لەسروشت- بە خوا بوو... هەروا بەردەوامین لە وەلآمی پرسیارەکان بابزانین ئەدی پەیوەندی خودا وئادەمیزاد چۆنە؟ ئیستا بزانین چ تایبەتمەندیەك بە پەیوەندی خوداو ئادەمیزاد هەیە؟ چەندە ئەو تایبەتمەندیە دەبێتە هۆی ئەوەی زەوی ببێتە ناوەندێکی میتافیزیکی بوونەوەر؟.

---

[1] بول ديفيز- الإقتراب من الله ص٢١٩

[2] سورة الفرقان اية ٢

[3] سورة فصلت اية ١١

پەیوەندی تایبەتی خوا و مرۆڤ

جموجۆڵ و ویستی ئادەمیزاد بەبەشێك لە سروشت و پۆلێن کراوە، لەلایەن زۆربەی فەیلەسوفانی وەك هۆڵباخ و مارکس و هکسلی وسلامە موسا..دەڵێن بریتیە لەسێ ڕەهەند (گۆشت و خوێن و ئێسك)[١]، بەگشتی بۆشنسکی دەڵێت مادیەکان پێیان وایەمرۆڤ بە پیکهاتەوئارەزووچارەنوسی بەشێکە لە سروشت...[٢]، کەچی ئەو تێڕوانینە تەواو ڕاست نیە، کاتی خۆی ئەفلاتون ووتبووی ئادەمیزاد لە سێ ڕەهەند پێك هاتوە(ئەقل وخۆویستی ڕەواو ئارەزووبازی) نزیك تر بوە لەواقیعی نهێنیەکانی ئادەمیزاد، کەچی هەر نوقستانیشە، زۆربەی ئەوانە لەزەمینەی(یەك ڕەهەندی) بۆی چوون، کەچی ئەو بوونەوەرە دووڕەهەندیە، تالە خواروو(جماد) بەرەو سەروو(مرۆڤ) بڕۆیت زیاتر ڕەهەندی دوەم(نامادی) لێ بەدی دەکرێ، هەروەك دواییش (لینین) دانی بەوەنا کە عەقڵ تەنها ڕوویێکی مادی نیە، زۆر بەبی دوودلی دانی بەوە نا کە (عقل) مادی رووت نیە، بەڵکو خاسیەتی (لامادی) هەیە، زانایانی سۆفیەتی پێشوش دووبارەی ئەو ڕایەی کردۆتەوە[٣]، هەر (گۆشت و خوێن و ئێسك) نیە، ڕاستە ئەوانەیە کە یاساکانی سروشتی بەسەردا پەیڕەو دەکرێت، بەڵام بەشی تری تێدایە یاسای تایبەتی خۆی هەیە، وا دەکا هەمویاساکانی سروشتی بەسەردا پەیڕەو نەبێ.

لایەنی مادی ئادەمیزاد بەشێکە لە سروشت بەڵام لایەنی (نا مادیەکە) کە مەودای جم و جۆڵ و چالاکی عەقلە بەشێك نیە لە سروشت، هەر بەنمونە یاسای

---

[١] الموسوعة الفلسفية ص٢٩١

[٢] بوشنسكي - الفلسفة المعاصرة في أوروبا ص٦٩

[٣] بۆ زیاتر بڕوانە: مادية الدياليكتيكية-جماعة من اساتذة السوفيتية، تعريب: فؤاد مرعى وبدرالدين السباعي..ص١٣١-١٤١ ئەوانیش لە (دفاتر الفلسفيه)ی (لينين) یان نەقل کردوە.

(کار وکاردانەوە) کە یاسایەکی زۆر گشتگیری سروشتیە، کەچی لەناو جموجۆڵی ئادەمیزاد بەتاك و بە کۆمەڵگە پەیرەو نابێ، بە دیقەت وایە "بۆهەر کارێك لەناو کۆمەڵگە کاردانەوەی هەیە بەڵام مەرج نیە (بڕی کاردانەوە) یەکسان بێ بە بڕی (کار)، مەرجیش نیە لەهەمان کاتدا ئەو کاردانەوەی هەبێ، لەسەر ئەو بنچینەیە (٦) سیستەم لە جوڵە لە سروشت پۆلین کراوە کە بریتین لە جوڵەکانی (میکانیکی، جیۆلۆجی، فیزیایی، کیمیایی، زیندەکی، بایلۆژی، کۆمەڵایەتی، فیکری)[١]، هەردوو سیستەمی دوایی تایبەتە بە مرۆڤ جیایە لەگەڵ سیستەمەکانی تر، بەڕوونی دەردەکەوێ بەهۆی (جوڵانی فیکری یان فاکتەری عەقڵی) جوڵە و کاردانەوە و سیفەتی ناوەکی کۆمەڵگە و ئادەمیزاد جیا دەبێت لەگەڵ سروشت، هەر ئەوەشە جیایی پەیامی ئادەمیزاد لەگەڵ سروشت، بۆیە یاساکانی سروشت بەس نیە بۆ ڕێکخستنی ئەو پەیام و مەبەستەی هاتنی ئادەمیزاد بۆ (بوون).

ئەوەی سەروو جیاکاریەکی فەلسەفی نێوان ئادەمیزاد و سروشتە، لە ڕووی ئایینی جیاکاریەکە ئەوەیە کە سروشت بەهەموو ناوەڕۆکیەوە (ئاو و هەوا و شاخ و دارستان تادەگاتە ئەلیکترۆن) بەمسەیەری هاتوون، بەپێی ئەو یاسا سروشتیانە دەجولێن نەك ئیرادەی خۆیان، جموجۆڵیان بریتیە لە بەرجەستەو خوردکردنەوەی ئەو ئیمکانیەت و بەرنامەیەی بۆیان دانراوە، واتە بۆ (بەرد) نیە ببێتە (چۆلەکە) بۆ ئاسن نیە ببێتە زێڕ، واتە لە جولەو گۆڕاندایە بەڵام گەشەی (بازدانی) نیە وەك لە(تیۆری پەرەسەندن)هاتوە، هەر سیستەمێکی سادەی وەك ئەتۆم تووشی بازدان بێت ئەوا ژیان وبێ ژیان ویران دەکا، هەریەکە ئەو ئەرکە گەردوونی و سروشتیەی خۆی جێ بەجێ دەکا بە هۆی یاسای (هۆ)و (ئەنجام) زیاتر سیستەمی ئۆتۆماتیك

---

[١] لەلایەن فەلسەفەی مارکسیەوە دان بەبوونی جولانی فکری داناهێنن دەلێن تەنها بریتیە لە ڕەنگدانەوەی واقیع.(الفكر ليست سوى انعكاس حركة الواقع وقد انتقلت إلى ذهن الإنسان)– مارکس: رأس المال، الكتاب الأول. ج ١ و ص ٢٩.

پێك دەهێنێت، بەبێ ئیرادەو بەرژەوەندی خۆی، هەرچی ئادەمیزادە ئەوا عەقلی پێ بەخشراوە، ویست و ئیرادەی خۆی هەیە، دەتوانێ لەنێوان کۆمەڵێکی زۆری ئەگەر (ئیختیار) بۆخۆی چی چاکە هەڵیبژێرێ و بیکات..

ئەوەیە فەلسەفەی (انی جاعل فی الأرض خلیفة)، لەوەوە ئادەمیزاد لە باقی گیان لەبەرانی تر جیا دەکاتەوە کە ئەوان گیان لەبەرو هۆشمەندن بەڵام عەقلداری (مکتسب) نین، ناتوانین والە دووپشك بکەین پێوە نەدا ناتوانین والە پلنگ بکەین ببتە قازی نێوان مامز وکەرویشك...ئەوە پەیامیەتی وپەیامی تری ناوێو پێغەمبەرانی ناوێ هەروەك هەندێك لێی بەهەڵەداچووینە (وزعم ابن حائط أن في كل خلق من الخلائق أنبياء حتى في الحمر والطير والبراغيث..)[1]، تەنها بۆ ئادەمیزاد پێویستە، لە ئادەمیزاد (جگە لە جوڵە بایلۆژیەکانی نێو لەش) ئۆتۆماتیکی نیە، میکانیکیانە پەیڕەوی (هۆ) و (ئەنجام)ی ناچاری ناکا وەك زۆر لە مەزهەبی ئاینی وفەلسەفی وای بۆچوون، تەنانەت مارکسیەتیش بە شێوەیەك دێتە سەر تیۆری جەبری دەڵێ مرۆڤ دیلی بازارو بژێویەکەیەتی بۆیەش حەتمی مێژوویی پەیڕەو دەکا[2]، کەچی وانیە (مخەیەرە) وەك لەدوای زیاتر دەردەکەوێ، کەواتە ئەگەر سروشت بەرنامە و ئیمکانی بۆ دارێژرابێت کە لەزاراوەی قورئان پێی دەوترێ (هدی) ئەوا بۆ ئادەمیزاد (هدی) کەی قورئانە(بەلای کەم) لە ناو موسوڵمانان، ئینجیلە لەناو (مەسیحی)، تەوراتە لەناو (یەهودی)، دیالیکتیە بەپێی مارکسی،.... هتد.

بۆئەوەی کۆمەڵگە و ئادەمیزاد ئامانجەکانی (هاتن) یان بۆ(بوون) جێ بەجێ بکەن پێویستیان بە بەرنامە هەیە، ئەو بەرنامە بریتیە لە (دادگەری) کەبەهۆیەوە چاکترین شارستانی بەرپا ببێ، کە (مقاصد)ی هاتنی ئادەمیزاد بەرجەستە دەکا لە

---

[1] بن طاهر المقدسی —البدء والتاريخ ص١٥٠

[2] لە هەموان ڕوون تر لە (ص٢٥٧ بۆس الفلسفة-كارل ماركس) باس لەو جۆرە جەبریە دەکا.

(تەعمیری زەوی)، زەمینەی بۆ سازاوە ویاساکانی سروشتیشی بۆ کەوتۆتە کار، ئینجائازادی لەو مەودا تەسکە پێدراوە، کەچی زۆربەی مرۆڤ بەوەندە ئازادی و(محەیەریە)لە خۆ بایی دەبێ وزاناوفەیلەسوفی گەورە مرۆڤ دەگەیەننە ئاستی خالق وخاوەنی بوونەوەر، بۆیە لە قورئان بەبیری دەهینیتەوە ودەڵێ ﴿أَفَرَأَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ أَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُ أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ﴾[١]، بەبیری دەهینیتەوە ئەوەی مرۆڤ دەیکا بە (خلق)ی بەرهەمی دەزانی وەك مارکس ناوی ناوە (خلقی قیمە) ئەوە وانیە جوتیار تەنها هەندێ ئیشی سوکی کردوە ئەوی تر هەزاران هەزار یاسا بۆ ئەو گەشەیەی (زراعی) پیگەیشتنی بەکارە کەبەدەرە لە دەسەلاتی مرۆڤ، ئاواش کاری تکنیکی وئەلکترۆنی وپزیشکی وکۆمەڵایەت وتادەگاتە زاوزێو جنسیەوە.

ئەوە فەلسەفەی پەیام و قورئانە، لەو مەودا ئازادیو ئەگەرەی لە پیشیەتی تەنها بە عەقڵ نایەتەدی لە هەلبژاردنی چاکترین ڕێگەی ستاندەری ژیان، مادام عەقڵ زۆر لە ژێر کاریگەری خۆویستی مرۆڤە ئەوا ڕاستی و دادگەری لای مرۆڤ شیوەی جیاجیاو ناکۆك وەردەگرێ، بۆیە پەیامی پێویستە، واتە ئەگەر خودا (امر)ەکانی لە سروشت لە ڕێ ی یاسا سروشتیەکان نێردرابێ، ئەوا بۆ ئادەمیزاد لە ڕێ ی پەیامە، کەواتە چۆن پەیوەندی لەنێوان سروشت و بونەوەر لەگەڵ خودا ڕاستەوخۆ نەبوو لەڕێ ی یاساکانی سروشت بوو، ئەوا پەیوەندی ئادەمیزاد و کۆمەڵگەش (بەگشتیەکەی) ڕاستەوخۆ نیە لەگەڵ خودابەڵکولە ڕێ ی پەیامەکانیەتی، کە ڕۆڵی یاسا سروشتیەکان دەبینن لەنێو کۆمەڵگە، لەبیرمان نەچێ ئەو بەشەی مرۆڤایەتی (لایەنی جەستەییەکەی)بەشێکە لە سروشت ئەوا یاساکانی سروشتی بەسەر پەیڕەو دەبێ، بەشەکەی تری عەقلانی –نامادی ئەوا بەیاسای تایبەتی جیا لە سروشت کاردەکا کە بریتیە لە پەیام، مادام پەیامیش

---

[١] سورة الواقعة/٦٣-٦٤

بەشێك بێت لە ئەمری خودا ئەوا لە هەردو باردا پێوەندی مرۆڤ وخودا ڕاستەوخۆ نیە بەڵکو لە ڕێی (ئەمرە- ڕاستی).

بەڵام لەلایەکی تر مرۆڤ ڕووح لەبەریشە کە ئەویش بەشێکە لە (ئەمر-یاسا) وا پێدەچی بە روح وعەقڵ مەنزومەیەکی نامادی ئالۆزتر پێك بهێنن لە پەیوەندی تایبەتی خوداو مرۆڤ، کاتی لەگەڵ سروشت هەلس وکەوت دەکا ئەوە پەیوەندی خوداو مرۆڤ لە ڕێی یاسای سروشتیە، کاتێ پەیوەندیەکان زات وخودایە ئەوە ڕۆلی روح دێتە گۆڕێ، ئەگەر رۆحانیەت زال بوو بەسەر جەستەو بەسەر خلق ئەوە زیاتر پەیوەندی خوداو مرۆڤ ڕاستەوخۆ تر دەبێ، نێوبژی ناوێ، بێجگە لە پەیام هەلگران کەسی تر (پێوەند)ی نێوان خواو ئادەمیزاد نیە(نە پاپا ونە شیخ ونە ئەولیا نە رۆژومانگ ونەستیرە نە بت وگۆڕ ونە ئیمپراتۆر..)وەك هەندێ برایانی شیعەو سونەش لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی دەکەن، هەندێ ئاینی تریش وای پەیڕەو دەکەن و لە ئەنجاما سیستەمی سیۆکراتی دێنێتە بەرهەم، ئەوەی دەمێنێ لەنێوان خوداو مرۆڤ، تەنها یاساکانی سروشت و پەیام و روحانیەتە. دەبا بزانین ڕۆلی پێغەمبەرەکان و پەیامەکانیان دەکەوێتە کێ ی پەیوەندی خودا لەگەڵ سروشت و ئادەمیزاد؟ ئەوە موعجیزەیە؟چەندە ڕاستە تاکە پەیوەندی خوداو ئادەمیزاد پێغەمبەرانن؟ ئەگەر وایە بۆ بەردەوام پێغەمبەران نایەن؟کەواتە دەتوانین بلیین یاسای سروشتی وپێغەمبەران وعەقلی مرۆڤ ئەو پەیوەندیەن؟ ئایا دەتوانین بلێین (موعجیزە) بریتیە لەدەرچوون لەیاساکانی سروشت و پەیوەندیەکە لە ناڕاستەوخۆ بەخوداوە دەبێتە ڕاستەوخۆ؟ بۆوەلامی ئەو پرسیارە فەلسەفیە چارەنوسسازانە پێویستیمان بەوە هەیە زۆر بە کورتی سیستەمی گەشەکردن لە کۆمەلگە و سیستەمی گەشە (جولە) لەسروشت لێك بکەینەوە تیایداپەیوەندی بە پەیام و پێغەمبەرانیش بدۆزینەوە، لەبەر گرنگی بەشێکی سەربە خۆشی بۆ دیاری بکەین.

بەشی حەفتەم

سیستەمی گەشەی کۆمەڵگە

جولاٌنی مادە یان پەرەسەندن

پیشوتر جولاٌنی مادەمان باس کردوە، ئیستا بابزانین ئەو جولەیە گۆڕانە؟ گەشەیە؟ یان هەر جولەیەکی سادەیە؟یان هەمو ئەوانەیەبەلاٌم بۆ هەرسیستەمێکی جولاٌن شێوەیەك وەردەگری؟یاخود بە ووردتر بە پێی ئەو هەرەمەی بوونەوەر وینەمان کرد جولە شێوازی ئەوانە وەردەگری؟وەلاٌمی هەموئەوانەلە پیشمانە.

بەرەی فەلسەفی مادی بەدرێژایی مێژوو هەولٌی داوە بیسەلمێنێ کە ئەو شتومەکە جیاجیایانەی بونەوەر بە ئادەمیزادیشەوە بەرهەمی چالاکی مادە خۆیەتی وەك لاپلاس وهولباخ وهکسلی شۆینهاوەروئەنجلس.. دەلٌێن (بێ پەنابردنە بەر "خوا")، ئەوانە خاوەنی تیۆرێکن بەناوی تیۆری "پەرەسەندن" کە باوەشی لە تیۆری "داروین" فراوانترە، ئەوانەی سەروو وداروین ولامارك وسپینسەر و.. دەلٌێن " مادە لەتەمەنی ئەزەلی و ومانی هەتا هەتایە لەگۆڕانکاری دایە لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێك گەشەدەکات لەخوارەوە بەرەو سەروو، هەروەك فەلسەفەی هیگل و مارکسیزم جولاٌنەوەی گەڕاندەوە بۆ ناکۆکی ناوخۆیی(بە پێی یاسای ململانێ)، دوای بەدوو یاسای تری فەلسەفی (خۆیان ناوی ناوە یاسا) (یاسای کەلەکردنی گۆڕانکاریەکانی چەندایەتی بۆ چونایەتی) و (یاسای نەفی ئەلنەفی) جوولەکە دەبێتە گەشە، نمونەی گۆڕانی ئاو لەدۆخی شلی بۆ دۆخی هەلٌمی هێناوەتەوە، یان وەك (ماوتسی تۆنگ) نمونەی گەشەی هیلکەی بۆ جوجکە

هێناوەتەوە، ویستویەتی بەونمونەو یاسا دیالکتیکیانە تەفسیری هەموو پۆلە جیاجیاکانی سروشتی و ژیان بکات بۆ یەك ئەسل، کە گوایە شتومەکەکان لە(خوارەوو، لەسەرەتایی، لەسادەوە) پەرەدەسێنێ بەرەو(سەروو، بالآ، ئالۆز) کە ئەو ڕایە لە سەردەمی ئەرستۆوە هەبوە تا ئەو ساتەش، بەو شێوەیە هەولیان داوە بیسەلمێنن کە گوایە دەشێت ئەو گەردوونە کە لەسەرەتادا تەنها مادەی (هایدرۆجین) بوە بەرە بەرە پەرەی سەندووە و توخمەکانی تری لێ پێکهاتووە، هەر توخمێك ئەلیکترۆنێکی لەوی تر زیاترە وەك لە خشتەکەی (مەندەلیف-موزلی) ڕێز کراوە، ئینجا سروشت و ژیانیش هەر بەو گۆڕانکاری و پەرەسەندنە پەیدابوون.

هەرچەندە لە ڕووی زانستی کۆتایی بەو بانگێشە هێنا کە تەمەنی گەردون ئەزەلی و ئەبەدی بێت، لە ڕاستیدا هەموو بۆچونەکانی فەلسەفی لەسەر ئەو بنچینەیە تێك ڕووخاوە، لەبواری فەلسەفیش هەر شکستی هێناوە، هەر لە نمونەکەی خۆیان کوا گۆڕانی ئاو لەدۆخی شلی بۆ هەلمی پەرەسەندنە؟ خۆ هەر ئاوە؟ بەچ پێوەرێك (دۆخی گازی) لە (دۆخی شلە) پێشکەوتو وگەشەسەندووترە؟ نمونەی گەشەی هیلکە بۆ جوجکەش ئەوە (بڕگەیەکە) وادەردەکەوێ گەشە بێت، ئەگینا تەواوی پرۆسەکە بریتیە لە (هیلکە-جوجکە-مریشك) واتە بازنەییە کوا گەشەکەی، ئینجا تاکە نمونەیەك نیە نەلە ژیانداران ونە لەسروشتدا تا بیسەلمێنن کە لەجۆرێکەوە بۆ جۆرێکی گەشەی کردبێت، ئینجا بەدەیان نمونە و بگرە هەزارانیش بە ڕوونی پیشانی دەدا کە یاساکانی دیالکتیك یاسا نین، ڕای زانا و فەیلەسوفانی ئاینی بەدرێژی وەلآمی ئەو بۆچوونە فلسفیانەیان داوەتە، ئەوانە پێیان وایەئەو گۆڕانکاریانە پرۆسەی گەشە پێك ناهێنن بەلکو بریتیە لە جولەیەکی بازنەیی، لە ڕاستیشدا جولآنەوەی مادەبەگشتی دوو بەشە لە جولآنەوەکانی (میکانیکی وجیۆلۆجی وفیزیایی وکیمیایی وبایۆلۆجی) جیایەلەگەڵ (کۆمەلآیەتی و فکری)، یان بەشێوەیەکی تر بێجگە لە جولآنەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵ ئەوی تر

هـەمووی جوڵانـەوەی بازنەییـە، هـەتا ئـەو نمونەیـەی (مادیـەی دیالیکتیـك) کـە هێناویەتیەوە بەنیوەچلی داویـەتی، ئـەگینا دەورەکـە لـە رەقـی (سـەهۆڵ)- شـل- هەڵم- رەق...، واتـا بازنەییـە نـەك گەشـەو پەرەسـەندن، لەکۆنـەوە ئەگریکیـەکان ومدرسە فلسفیەکانی تر هەستیان بەوە کردوە کە ئەو جـۆرە جووڵەیـە (گەشـە)نیە، ئیبن خەلدوونیش بەبازنەیی وچوار قۆناغیشـی بـۆ دیـاری کـردوە، تەنانەت(دیڤیـد هیۆم وشبینگلەر) دان بەگەشەی کۆمەڵگـەش نـاهێنن دەڵـێن جولەیـەکی بازنـەیی دووبارەیە، دوای لەسەردەمی ڕابوونی فەلسەفی ئەوروپا ووتیان گەشـەو هەلکشـانە نەك بازنەیی لەوانە عەقلانیەکانی فرنسا (کوندرسیە، دیدرو، کلود هیلفشیس، جان جاك روسو، وفولتیر..)کە بەرهەمەکانیان کاریگەر بوو لەسەرشۆڕشی فرنسا، فیکۆ یەکەم فەیلەسوف بوو ئەو جۆرە جولـەو گەشـەیەی بـە (سـپرینگی) لـە خـواروو بـۆ سەروو وەسف کرد، شۆبنهاوەر دەڵـێ سروشـت مادەیـە، مـادەش تـەنها ئـەو کاتـە مانای دەبێ کە گەشە بکاو بەرهەمی هەبێ بۆیە سروشـت بـە تیکڕایـی لەگەشـەی بێ ووچانە[1]، ئەنجلس بەڕەهایی تر دەڵێ:(ئەو گەشەیەی بەهۆی پرۆسەی(نفی النفی) دێتە دی ئەوەگەشەیەکی کراوەیی پێشکەوتوو دەبیت[2]، هەمو ئەوانە لە فەلسـەفەی هیگل لە ریسایەکی فەلسەفی موکوم کۆکراوە بە ناوی جولـەی دیـالکتیکی (بـوون —دژ-پیکهاتـەکی بـالاتر)[3] یـان (الشـیئ، ضـده، مرکـب الأعلـی- synTheses - Theses -untiTheses)[4]، کەچی ڕاستیەکەی ئەوەیەلەوجولە بازنەییـە ئـاو نابێتـە نەوت یان ئاسن ببێتە زێر،.. ئەگەر بەسەرنج سەیری جوڵانـەوەکانی تـری سروشـتی نەك هەر سوڕانی ئەلیکترۆن بە دەوری ناوك و زەوی بەدەوری خۆر، هـەر هـەمووی

[1] المثالیة الألمانیة ص٢٥٥
[2] فریدریك انجلس- انتی دوهرینك- ص١٦٢-١٦٣
[3] جون لویز- مدخل الی الفلسفة- دار الحقیقة بیروت، ترجمة: انور عبدالله، ط٢ ص١٩٤
[4] مدخل الی الفلسفة ص١٩٣.

بازنەیین وەك لە پیشوو تر کەمێکمان باس کرد: (مریشك- هێلکە-جوجکە-مریشك)، (رووەك- تۆو- شتل- ڕووەك)، (مرۆڤ-تۆو-کۆرپەلە-مندال-مرۆڤ).. هەر هەمووی بەو شێوەیە واتە تۆوی پاقلە نابێتە هەنار، هێلکەی مریشکیش نابێتە کاوڕ ومراوی، بەلأم ئەوە مانای ئەوە نیە ئەو شتومەکەی لە سروشت هەیە کار لە ئەوی تر ناکات وەك جیمس وبراتراند راسل دەڵێن: (ئەو جیهانە پارچە پارچەو بێ سەروبەرەو بێ هەماهەنگە نەك وەك مەکینە بێت)[١]، بە پێچەوانەوەهەر هەمووی لەپەیوەندین لەگەڵ ئەوی تر و مانای گەردوون تەواو دەکەن، لەوەوە (دیراك) دەڵێت پەیوەندی بوونەوەر هەموی بیرکاریانەیە[٢]، پیشوتریش تۆماس ئەکوینی و نیوتن وتیان هەر بەشەی سەعاتە گەورەکە پێکدەهێنن، یان وەك وەسفی سێر جیمس مەکینەیەکی گەورەیە، ئەوەی لەگۆڕانی پێشکەوتن و پەرەسەندن دایە لایەنی کۆمەلأیەتیە کە بەهۆی بوونی (هۆشی) دەتوانێ سلبی و ئیجابی (چاکە و خراپە) ی خۆی لەیەکتر جیابکاتەوە و پەرە دەسێنێ کە لەدوایی باسی دەکەین.

لەبارەی جولە و گۆڕان لەنێو سروشت و کۆمەڵگە مشتومڕێکی فەلسەفی زۆر فراوانی لەسەرە، بەشێك پێیان وابوو کۆمەڵگە لە جولەیە و سروشتیش وەستاوە، ئەو بەشە پێیان دەڵێن (فەلسەفەی ستاتیکی) بەشێکیش پێیان وابووە هەمووی دەجولێ بەلأم بەبێ مەبەست ئەوانە زیاتر فەلسەفەی وجودین، فەلسەفەی مارکسیزم پێی وایە مادە و جولە یەك شتن،.. لەگەڵ زۆرلای تر، ئێستا لەلایەن هەموو مەدرەسەکانی فەلسەفە دان بەوە دەنێن کە هەموو شتێك لە جوڵەدایە، هەتا فەلسەفەی ئیسلامیش کەزۆرجار تۆمەتبار دەکرێ بەوەی گوایە (ستاتیکیانە)

---

[١] مدخل الى الفلسفة ص٢٨٣

[2] There is agod how the worlds most notorious atheist changed his mining p - A.fluo

باوەڕی بەوە نیە سروشت لەجولە دایە، کەچی لە قورئان ﴿وَتَرَى الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ﴾[1] یان ﴿كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾ فەیلەسوفانی ئیسلامی ابن رشد وابن سیناو فارابی وسیف الدین ئامیدی وصدرالدین شیرازی..بەشی زۆری کتێبەکانیان بۆ جولەو گۆڕان تەرخان کردوە.

لەبارەی ئەو پرسیارەی ئاخۆ هەموو جولەیەك یەك رۆڵ دەبینێ دیسان وەڵامی جیاجیا هەیە، زۆربەی ڕای فەلسەفەی مادیەکان، لای مارکسیەکان بەو شێوەیە کۆبویتەوە "هەموو جیاوازیەك لەناخی شتەکان ناکۆکی دروست دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی جولە، جولەش گۆڕان دروست دەکات، گۆڕانیش لە چەندایەتی وەردەچەرخێ بۆ گۆڕانی چونایەتی و گەشەکردن [2]، کەواتە لە ڕوانگەی فەلسەفی مادی هەموو جۆلەیەك گەشەکردنە، بەوەش سیستەمی سروشت و یاساکان وجۆرەکان تا دەگاتە ژیان و ئادەمیزاد هەموی بە هۆی پرۆسەی جولەو گەشەی دیالکتیکی لەنەبوونەوە پەیدابوون بە عەقڵی ئادەمیزادیشەوە.

بەڵام بەسەرنجێکی قوولی فەلسەفی دەردەکەوێ کە هەموو جولەیەك گۆڕان و گەشەکردن نیە، لەبەر گرنگی هەڵوەستەیەکی پێویستە، لە سروشت و کۆمەڵگە و ژیاندا، جولەکان ٦ پۆلن: (میکانیکی- جیۆلۆجی- فیزیایی- کیمیایی- بایلۆجی- کۆمەڵایەتی- فکری)، ئەگەر بەوردی لەو پۆلانەی جولانەوە وردبینەوە، دەبینین سێ پۆلی یەکەم تایبەتە بە سروشت، پۆلی چوارەم زیاتر بە زیندەکی و پۆلی پێنجەم و شەشەم بە ئادەمیزاد، دەبێ ئاگادار بێن پۆلی یەکەم لە سیستەمی دووەم ئیشدەکات، هەردووکیان لە پۆلی سێیەم، تا دەگاتە پێنجەم، بەڵام پێچەوانەی

---

[1] سورة النمل اية٨٨

[2] بڕوانە: دیالیکتیك طبیعة- انتی دوهرنك- انجلیس، بؤس الفلسفة، ایدیۆلۆجیة الألمانیة- مارکس، دفتاتر فلسفیة-لینین، في تناقض ماوتس تۆنك، لە هەموان زیاتر کتێبی (اصول فلسفة الماركسیة -درس الخامس ج١ص٨٣-)ی جورج پۆلیتزەر باسی کردوە.

ڕاست نیە، واتە پۆلی پێنجەم لە چوارەم و چوارەم لە سێ یەم ئیش ناکات، واتە جولەکان لە سادەوە بەرەو ئالۆزی دەست پێدەکات، بەلاّم مەرج نیە مادام لەسادەوە بەرەو ئالۆزی چوو ئەوە گەشەکردن بێت وەك (سپینسر) بانگەشەی بۆ دەکا و دەلێت گەشەکردن بریتیە لە سادەیی بۆ ئالۆزی، لەڕاستیدا لە سروشت نە (ناکۆکی- التناقض) هەیە نەگەشەکردن، بەلکو هەماهەنگی هەیە، کۆمەلێك ناکۆکی دیاریکراوە لەلایەن فەلسەفەی مارکسی وەك ململانێ ی : سارد و گەرم، سالب و موجەب، وەستان و جولە، مردن و ژیان، کۆمەلگە و سروشت[١]، ئەوجۆرە ناکۆکیانە مەرجەکانی (التناقض)ی دیالیکتیکی نایەنێتە دی، وەك فەلسەفەی مارکسی مەرجی بۆدانـاوە، واهاتووە کە ناکۆکی دیالیکتیکی بەدوو مەرج دێتەدی: ١- هەر لایەی ناکۆکی مەرجن بۆ مانی ئەوی دی ٢-جێ ی خۆیان بگۆڕنەوە[٢]، بەومەرجانە مەحالّە (نەك لە سروشت) لەناو کۆمەلگە ویان لەنێو سیستەمێکی بوونەوەر ناکۆکی بدۆزێتەوە، ئەو دوو مەرجە (یەکەمیان) مەرجی ناکۆکی نیە مەرجی (سیستەمی الضدین-زوج)ە لە فەلسەفەدا کە لە پێشوو باسمان کرد، کەواتە بابزانین ڕاستی جولّە و گۆڕان و گەشە چۆنە لە بوونەوەر؟ لە سروشتدا جولە و گۆڕان هەیە، بەلاّم گەشەکردن نیە، جولّەکراوەکان (پۆلی یەکەم تا چوارەم کراوەن) تا ڕادەیەك ئەگەری زۆری لەپێشە و بێ ئامانج دەردەکەون بە پێی کاریگەری دەرەکی ئامانج ومەودای جوولەیان بۆ دیاری دەکرێ، بەلاّم لەوی بەسەرروو سیستەمی جولە لە سروشت بەگشتی بازنەییە، جار وایە وەك گەشەکردن دەردەکەون بۆبەشێك لەتەمەنی، بەلاّم لە کۆتاییدا سیستەمی بازنەیی پێك

---

[١] بڕوانە : أ- انجلس — ديالكتيك الطبيعة ص٧٨ ب- بودوستنيك وياخوت- عرض موجز للمادية الديالكتيكية ص٨٩-١١٢ (هەریەکەلە: انتى دوهرنك، حول تناقض، مادية الدياليكتية، اصول فلسفة الماركسية،... لەهەمو ئەوانە یاسای دوەمی مادیەی دیالکتیکی پێك هیناوە بەناوی(قانون وحدة وصراع المتناقضات.

[٢] بەوردی ئەو دوو مەرجە لە "في التناقظ"ي ماوتس تۆنك" هاتووە

دەهێنێت، بەو جۆرە جولەیە نە ئاو دەبێتە جیوە، نە ئاسن دەبێتە زێر، نە مریشکیش دەبێتە کۆتر، نە مەیمونیش دەبێتە مرۆڤ، وەك لامارك مەزندەی کردو ئەنجلس کتێبێکی بەناوی (دور العمل فی تحول القرد الی الانسان)[١] هەیە پشتی بەو جۆرە جوڵە بەستووە و بەگەشەکردنی وەسف کردووە.

سیستەمی سروشت و سیستەمی گەشەی کۆمەڵگە:

لەو کورتە توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە سیستەمی سروشت و سیستەمی گەشەی کۆمەڵ زۆر لەیەك جیایە، یەکێ لە هەڵە هەرە گەورەکانی فەلسەفەی مادیەکان ئەوەیە کە جوڵە و گەشەی کۆمەڵگە و مرۆڤیان بەبەشێك لە سروشت پۆلێن کردووە، لەکاتێکدا تەواو لەیەکتر جیان، دەسەلاتی بە سروشت نەبەخشیوە بەڵکو لەرێی یاسای سروشتیەوە ئازادی لە سروشت زۆر تەسك کردۆتەوەوئەرکی بۆ داناوە بێ ماف، بەڵام بەرپرسیارەتی دوای لەسەر نیە، ئەوەی کۆمەڵگە (دەسەڵات و ئیرادە)ی لەگەڵە، بۆیەش بەرپرسیارەتی لە ئەستۆیە، هەر ئەوەش مانای (انی جاعل في الارض خليفة)یە، واتە خودا خۆی ویستویەتی بەشێك لەدەسەڵات بداتە دەست ئادەمیزاد بۆ فەترەیەکی زەمەنی بێ ئەوەی هیچ لەدەسەلاتی خۆی کەم بیتەوە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی بۆ هەتا هەتایە پێ ببەخشیایە ئەوا دەگەیشتە پلەی (شریك)، بەڵام هەم بۆ تەمەنی ئادەمیزاد و هەم بۆ تەمەنی کۆمەڵگە دیاریکراوە، لەهەمان کاتدا دەسەڵاتە پێدراوەکەش دیاریکراوە بۆیە وەسفی (بەندە-عبد) ی بۆ دەسازێ نەك (شریك)، لێرەوە لەگەڵ بیری دیزم و باقی عەلمانی میان ڕەویش لیك جیا دەبێتەوە کەوا دەزانن دەسەلاتی مرۆڤ زۆرە تا ڕادەی شریکی وئەو دەسەلاتەی

[١] ئەو عنوانە لە بنەچەدا لە (فریدریك انجلس-دیالکتیك الطبیعة -دور العمل فی تحول القردالی انسان ص١٩٤-٢٠٨) هاتوە، دوای کرایتە کوراسەیەکی سەربەخۆ.

خواش بە مرۆڤی داوە لەدەسەلاتی خوای کەم کردۆتەوە، هەر لێرەوەش بناغە فەلسەفیەکانی هاتنی پێغەمبەران بۆ کۆمەڵگە ڕوون دەبێتەوەکە زۆر پەیوەندیدارە بە فاکتەرەکانی گەشە، کەبریتین لە فاکتەری دەرەکی وناوەکی.

فاکتەری دەرەکی وگەشەی کۆمەڵگە:

لەتوێژینەوەکانی پێشوو بۆمان دەرکەوت کە گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە سیستەمێکی تایبەت بەخۆ دەگرێ، مەبەستی بەرپاکردنی شارستانی و سیستەمی ژیانی دادگەریە، لەو پێناوەدا دەستکەوتی زانستی و تەکنەلۆژی و فیکری و فەرهەنگی و یاسایی و سیاسی... بەدەست دەهێنێ، لێرەدا نهینی هەرەدوای پیشکەوتن وگەشەی کۆمەڵگە دەکەوێتە نێوان عەقڵ وشارستانی، لێرەوەش شێوەیەك لە دیالکتیکی نێوان بزوتنەوەی عەقڵی وواقیعی شارستانی تەکاندەری گەورەی گەشەو پیشکەوتنە، بەڵام دیسان کاریگەری یەکەم دیارە عەقڵە، دووبارە کێشەیەکی فەلسەفی ڕووبەڕوو دەبێتەوە ئاخۆ ئاستی گەشەی تەکنۆلۆژیاو شارستانی گوزارشێکی ڕاستەوخۆی ئەمپێری گەشەی کۆمەڵگەیە؟ وەڵام لەلای زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسوف وزاناکان ئامادەیە، دەڵێن بەلی، بەڵام ئەگەر بە ووردتر سەرنج بدەی بە پرسیارێکی تر ئاخۆپیشکەوتن وگەشەی کۆمەڵگە تەنهامانای تەکنۆلۆژی ودەولەمەندی وخۆشگوزەرانیە؟ئەدی مرۆڤایەتی، بەزەیی، هاریکاری، خۆنەویستی..؟ لەوەوە بەشێك لە فەیلەسوفان ڕای جیایان بۆ دروست دەبێ، لەهەموان ڕاشکاوانەتر شپینگلەر(١٨٨٠-١٩٣٦) لە کتێبی(إضمحلال الغرب) دەڵێت: "مەرج نیە مێژوو بریتی بێت لە گەشە وەك ڤۆلتیر دەڵێ، یان بەرەو ئاشتی بێت وەك کانت دەڵێ، یان ئازادی روح بیت وەك هیگل دەیلێ، یان بەرەو شیوعیەت بیت وەك مارکس دەڵێ.. بەلکو مێژوو بریتیە لە سوڕی بازنەیی"، ئەو وەك ئیبن خەلدوون وتۆینبی باوەڕی بە تیۆری(دورة الحضارات)

هەیە، دەڵێ هەمو شارستانیەکان بە چەند قۆناغیکی(سەرهەڵدان-گەشە-بوهاری-پیری-مردن) دەڕۆن[١]، بەکورتی دەیەوێ بڵێ (ئێمەش لەگەلی دەڵێین) مێژووی کۆمەڵگەو گەشەی تکنۆلۆژیا لێك جیایە، ئەوەی (ڤیکۆ) ووتی گەشەی سپرینگی بەرەو سەروو ئەوە وەسفی گەشەی شارستانی و تەکنۆلۆژیە نەك گەشەی خودی کۆمەڵگە، گەشەی کۆمەڵگە زیاتر گەشەو پتەوی ڕەوشتی مرۆڤ بەتاك کۆ دەگرێتەوە، مانای وایە مەرج نیە کۆمەڵگەی ئاشی ئاگری لەکۆمەڵگەی ئاشی هەوایی پێشکەوتوتر بێت وەك مارکس بانگێشەی بۆ کرد، مەرج نیە کۆمەڵگەی کۆمپیوتەری ئێستا یان کۆمەڵگەی ئەمەوی لەکۆمەڵگەی مەدینە پێشکەوتوتر بێت، یان بە دیویکی تر گەشەی کۆمەڵگەو مێژوو وزەمەن لە پەیوەندیەکی سێگۆشەی هاوڕێژە نین، پێشکەوتنی کۆمەڵگە زیاتر وپچووی کیرفی(ئیمان-باوەڕ) زیاد دەکاو کەم دەکا، هەرچی کیرڤی زانیاری وشارستانی وتەکنۆلۆژیایە کەم کردنی نیە لەگەڵ زەمەن ومێژوو ڕاستەوانە هاوڕێژەن، کەواتە بەو تیۆرە نوێیە دەتوانین ڕوو بچینە نێو کاریگەری عامیلی دەرەکی وپێشکەوتنی کۆمەڵگە، هەر لەوێش زۆر بە ئاسانی کۆمەڵێك کێشەی تری فەلسەفیمان بۆ چارەسەردەکا.

لە ڕێسای یەکەمی (چوار ڕێساکەی گەشەکردن)، بۆمان دەرکەوت کە هەموو سیستەمێکی گەشەکردن لەسەرەتادا زیاتر پێویستی بە فاکتەری دەرەکیە، ئەوەش ڕێك بناغەی فەلسەفی هاتنی پەیام و پەیامبەران بەرجەستەدەکات وەك فاکتەری دەرەکی بۆکۆمەڵگە، تەنانەت ئەگەر لە زانستە مێژووی و ئایینیەکانیش هەواڵی هاتنی پێغەمبەرانمان بۆ نەهاتبوایە، ئەوا بەپێی ئەو چوار ڕێسایە پێغەمبەران و پەیام وەك فاکتەری دەرەکی بۆ گەشەی کۆمەڵگە حەتمی بوو، هەر لەسەر بنچینەی ئەو ڕێسا فەلسەفیە دەبێت لەسەرەتادا پێغەمبەران بە ژمارەیەکی زیاتر هاتبن،

---

[١] تەماشای منهج التاریخ وفلسفة التاریخ-محی الدین اسماعیل ط٢ ١٩٨٦ ص٧٠-

هەر بە پێی ئەو ڕێسایانە دەبێ هەموو شارستانیەکانی سەرەتایی ئایینی یان درێژکراوەی ئایینی بن، بەرەبەرە کەم ببنەوە بەپێی ڕەوتی گەشەی کۆمەڵگە، تا فاکتەرە ناوەکیەکانی گەشەی کۆمەڵگە زیاد دەکا و دەکەوێتە سەر پێ ی خۆی و ئینجا پێویستی بە پێغەمبەران نامێنێ وەك (مجدد)، بەلام هەر بەپێ ی ڕێسای دووەم گەشەی کۆمەڵگە پێویستی بە فاکتەری دەرەکی هەر دەمێنێ، کەواتا ئەگەر پێویستی بە پێغەمبەران نەمێنێ ئەوا پێویستی بە (پەیامەکانیان) هەیە.

سێ گۆشەیەکی پەیوەندی لەنێوان گەشەی کۆمەڵگە و مەبەست و ئامانجیان- مقاصد- و پەیام بەسانایی لەو زەمینە فەلسەفیە دەدۆزرێتەوە[1]، هەروەك چۆن لەنێو تەن و شت و مەك و سیستەمەکان یاساکان دەدۆزرێتەوە، ئاواش لەنێو لایەنەکانی سیستەمی گەشەی کۆمەڵگە چارەسەری دادپەروەرانەی هەڵگرتووە، بە دیقەتێکی وورد دەبینین لە جەوهەردا هەمان پەیامە کە لە پێغەمبەران هێناویانە ئەگەر لەزەمان و زەمین و ڕووکەشیشدا بە جیاجیا دەرکەون.

فاکتەری دەرەکی وبزوێنەری گەشە :

لە ڕاستیدا ئەوەی گەشەدەکا کۆمەڵگەیە، هەموو لایەك کۆکن لەسەر گەشە و پێشکەوتنی بەلام دیسان لەسەر (بزوێنەر- ماکینە)ی گەشەکەی ڕێك نین وەك لەو نمونانەی خوارەوە دەردەکەوێ:

١- مارکسیەکان: پێیان وایە ڤاکتەری ئابووری (بزوێنەر)ەو خۆی لە (ململانێی چینایەتی) دەنوێنێ.

٢- نەفسانیەکان: دەڵێن (هەست بە نوقستانی دەروونی) ڤاکتەری گەشەی کۆمەڵە.

[1] مەندل ئاشکرای کرد کەگەشەش لە کۆتایدا قاوغی یاسای وەردەگرێ.

٣- جوگرافی ناسەکان: ڤاکتەری جوگرافی و ژینگە.

٤- دوهرنگ: چەوسانەوە.

٥- هیگل : سەلبیات، (دیالیکتیك).

٦- کارلیل: ژیرەکان سەرچاوەی گەشەن.

٧- توینبی : التحدی والاستجابە.

٨- فرۆید : جنس.

٩- ابن خلدون : ئاین و پەیوەستی خوێنی.

١٠-شۆپنهاوەر: ئازادی خوای میژوە

١١-نەتەوەگەریەکان: ململانێی نەتەوەیی.

١٢-سەرمایەداری ئێستا و (هندیگتۆن): ململانێی شارستانیەکان.

... لەگەڵ زۆر وردەبۆچوونی تریش.وادەردەکەوێ دیسان مانای گەشەی کۆمەڵگە وەك یەك نەبێت بەشێك پێیان وایە ئەوە گەشەی کۆمەڵگە نیە، وەك لە ڕایەکانی شبینگلەرو ابن خلدوون و تۆینبی وزۆری تر.

هەریەك لەو بۆچونانە بۆ کۆمەڵگە لەنێو جەستەی ئادەمیزادیش جێکەوتی هەیە، مارکس پێی وایە (گەدە) بزوێنەری مرۆڤە، فرۆید پێی وایە (حەزی جنسی)، کارلیل (ماسولکە)، ناشیۆنالیزمەکان (زمان)... هیگل (دیالیکتیکی فکری)...، لەو جۆرە تیڕوانینە فەلسەفیە پێناسی مرۆڤ نزیك لە ئاژەل هاتوە، ئەرستۆدەڵێ مرۆڤ ئاژەلیکی سیاسی زماندارە، مارکس وەریگێڕاوەدەڵێ ئاژەلێکی ئابووریە- اغلی راسمال، دورکایم دەلی مرۆڤ ئاژەلێکی مێگەلیە..ئەو وەسفە یەك ڕەهەندی (مادی)ە، گەدە و کۆئەندامی جنس و زمان و ماسولکە.. لە ئاژەڵیش هەیە کەچی کوا گەشەی کۆمەڵایەتیان نیە، لەوەوە ئەو وەسفانەی ئەرستۆومارکس و دورکایم شکست دەهێنێ، چونکە دەکرێ بڵێین جەستەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ئاژەل، لەجەستەی هەردوولاشیان پرۆسە کیمیایی وفیزیایی و

میکانیکیـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ سروشـت، بـەڵام وەك هۆشمەنـد دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵگە، کەواتا لە ئادەمیزاد و کۆمەڵگە(سەربارو ئیزافەیـەکی تـر) لـە چالاکی گەدەو جنس وغەریزە.. هەیە، هەڵبەتە ئەوەش"عەقڵە"، کەواتا عـەقڵ بزوێنـەری بنچینەیی گەشەی کۆمەڵایەتیە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە هەریەکە لـە فاکتـەری ئابوری و جنسی و خۆویستی و.. هتد، ڕۆڵیان نەبێ، وەك هیگل لەو بۆچونەی وای بۆچوەو دەڵێ: هەمو ڕووداوە مێژووییەکان تەنها عەقڵ دروسـتی کـردوون[1]، بـەڵکو هەریەکە لەقۆناغی خۆی ڕۆڵی هەیە بەڵام عەقڵە ڕێکخەری ئەو فاکتەرانە، کەواتـە لەکۆتاییـدا پاڵنـەری بنچـینەییەکەی عەقڵـە، گەشـەی عـەقڵیش کراوەیـە، بریتیـە لەکۆی جوولە و گەشەی سروشت و بە فاکتەرێکی سەرباریەوە، لێرەدا پێویسـتیمان بە گەڕانەوەیـە بـۆ ئاسـتەکانی جوڵـە بـە دیزاینێکـی تـر، بـە پێـی ڕۆڵی فاکتـەری دەرەکی، دەبینین لە یەکەمەوە (جولەی میکانیکی) تا شەشەم(عەقڵ) چەند ڕێسـا و یاسایەك هەیە حوکمی لەسەر دەکات بەکورتی پوختی ئەوانەی خوارەوەیە:

١-فاکتەری دەرەکی لەیەکەمەوە زۆر چڕە بەرە بـەرە تـا بـەرەو سـەروو دووەم و سـێیەم.... تـا حەوتـەم، بـڕۆین ڕۆڵـی فاکتـەری دەرەکـی کـەم دەبێتـەوە، فاکتەری ناوەکی لێ ی بەهێز دەبێت.

٢- ڕۆڵ و گرنگی هەردوو فاکتەری دەرەکی و ناوەکی دەگۆڕێ بەڵام هەموو دەم لەپایەی (پێویست- عامل الضروري) ناکەون.

٣-سیستەمی گەشەکرد (مۆنۆتۆکیە- اطراد) واتە لەگەڵ زەمەن زیاد دەکات.

٤-گەشەی عەقڵ کراوەیـە، لـەخواروو بـەرەو سـەروو، لـە پانتاییەکـەوە بـەرەو پانتاییـەکی فـراوان، لەنەزانینـەوە بـەرەو زانـین، ئـەوەش لـە کۆتایـدا ئـەو ماکینەیەی گەشەی کۆمەڵگە دروست دەکا.

[1] المثالية الألمانية ص١٣١

هەرچوارڕێسا بۆ عەقڵ دەبنە زەمینەی کاریگەری بەسەر گەشەی کۆمەڵگە، بەهەردوو ئاڕاستە، بە ئاراستەیەك کۆمەڵگە لەسەرەتای تەمەنی (عەقڵ- منداڵی) کۆمەڵگە (وەك فاکتەری دەرەکی بۆ ئەو عەقڵە) کاریگەری زۆری دەبێت تا ڕادەی لاسایی کردنەوە، بەرە بەرە ئەو عەقڵە دەبزوێ تا دەگاتە ئاستێك عەقڵ خۆی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات، ئەو پرۆسەیە بەردەوام لەگەڵ نەوەکانی تریش دووبارە دەبێتەوەو کۆی بزوتنەوەی گەشە دروست دەکا، لەهەمان کاتدا کۆی جوڵە و کارلێککردنی بەنۆرەی عەقڵ و کۆمەڵگە ئەو داینەمیکیەتەی گەشەی کۆمەڵگە دروست دەکات، بۆیە گەشەی کۆمەڵگەش هەمان خەسڵەت و یاسای گەشەی عەقڵ وەردەگرێ، لەکۆتاییدا گەشەی هەردووکیان ملکەچی یاسا و مەبەست دەبێت، لەوەوە پێویستمان بە زانیاری گەشەی عەقڵ وکاریگەریەکانی بەسەر گەشەی کۆمەڵگە هەیە، زیاتر ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو گەشەیە ئامانجدارە، ئینجا مەبەستە بنچینەییەکەمان زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە فەلسەفەی هاتنی پێغەمبەرانە.

فاکتەری دەرەکی وگەشەی عەقڵ :

هەلبەتە لەم گەردونە هەموو شتێك دەجوولێ[1]، بەڵام مەرج نیە گۆڕانی لەگەڵ بێ، بەشێکیش لەگەڵ جولە دەگۆڕێت بەڵام مەرج نیە گەشەی لەگەڵ بێ، ئەو بەشەی لەگەڵ گۆڕان گەشە دەکا مەرج نیە گەشەکەی کراوە بێت، بەڵکو بازنەییە، گەشەی عەقڵی یەکێکە لە گەشە دەگمەنەکانی ئەو گەردوونە بازنەیی نیە بەڵکو کراوەیە، چۆنایەتیە کەمتر چەندایەتی لەگەڵە، هەموو جولانێکیش بە (جولەی

[1] تیبینی ئەوە بکە دەلیین هەمو شتێك دەجولێ واتە یاساو ڕاستی و پەیام ناگریتەوە چونکە ئەوانە شت نین، مەخلوق نین، مادە نین..بەلکو ئەمرن.

فکریشـەوە) بـە هـەردوو فاکتـەری نـاوەکی و دەرەکـی دروسـت دەبـێ، بـەجۆرێك لەسەرەتادا فاکتەری دەرەکی بنچینەیی تـرە دوایـی بەرەبەرلەگـەڵ ڕەوتـی گەشـەی عەقڵی فاکتەری ناوەکی بنچینایەتیەکە لە فاکتـەری دەرەکـی دەسـێنێ، فاکتـەری دەرەکی ئەو پرۆسەیە بریتیە لە بینین و بیستن و پێکەوتن و... واتە ئەو تەفاعولەی نێـوان عـەقڵ و واقیعـی مـادی بـەهۆی هەسـتەکانەوە دەکـرێ، ئەوانـە دەروازەی فاکتەری دەرەکی پێك دەهێنن، بۆیە عەقڵ لە سەرەتادا تەنها نوسخەیەکە لە بینین دوای کەمێك ئنجا دەبێتە بینین و بیستن.. بەو شێوەیە، لێرە وەسـفەکەی مارکسـی وهەندێ تەیاری فەلسەفی ڕاستە کەدەڵێن (الفكر مجرد انعكاس الواقع) تادوو سالی ئەو وەسفە ڕاستە نەك بۆ تێکڕای پرۆسەی عەقڵی وفکری، تا قۆناغێکی دیاریکراو ڕەنگە بگاتە سێساڵی ئنجا جولەی عەقڵی لە ناوەکیش دەست پێ دەکاو دەتوانـێ بەحاستەم شـتێك لەپشـت دیاردەکـانیش لێـك بدەیـەوە بـە ئـەزموون، ئنجـا دوای دەکەوێتـە سـەر بەرهـەمی عـەقڵی، واتـە عـەقڵ لـەژێر ئینتـدابی واقیع(فاکتـەری دەرەکـی) دەردەچـێ، لـە ژێـر کاریگـەری (بـە تـەنهایی)دایك و بـاوك و خێـزان و دەوروبەر و ژینگە دەردەچێ، (یاخی دەبێ) و خۆشی بەرهەمی عەقڵی دەبێ، واتـە لە (مسەیەر)ی دەردەچێ بۆ مخەیەری.. تا ئەو قۆناغە ئێمە ئیشمان بەو لێکدانـەوە نیە، زیاتر لە قۆناغی جوڵەی عەقڵی دەوەستین لە سـێ سـاڵ بەسـەرەوە کـە یەکـەم نیشانەی ئەو قۆناغە ئەوەیە منداڵ دیـاردەی (درۆ) بـەکاردەهێنێ، ئـەوە نیشـانەی سەلامەتی عەقڵیەتی، ئەگینا چەندە درەنگ درۆ بکا ئەوە (تخلـف عقلی)یـە، واتـا توانای بەکارهێنانی عەقڵی نیە، هەردەبێ ٢٤ سەعات لەژێر ڕێنمایی دایك و باوك بێ، ئەگەر عەقڵ سەلامەت بێ لە قۆناغی درۆ خەونیش دەسـت پـێ دەکـا کـە لـە پیشوتر (بەشی سێیەم-فاکتەری دەرەکی وخەونمان بـاس کـرد)، ڕەنگـە لـەو کورتـە ڕونکردنەوەیە بۆمان دەرکەوێ کە تەمەن یەك دوو سـاڵی خـەون نابینـێ، هـەروەها بـاقی گیانلەبـەر و زینـدەوەران خـەون نـابینن، مـادام جوڵـەو گەشـەی عـەقڵی زۆر

سنورداره واته خەون تایبەته بە مرۆڤایەتی و لە قۆناغێکی گەشەی دیاریکراو ڕا دەست پێدەکا، هەمو ئەوانە نیشانەی دەست پێکردنی کارلێکی نێوان عەقلو واقیع دەردەخا، بزانین ئاخۆ ئەو کارلێکە چۆنە؟کامیان عامیلی دەرەکیەو کامیان ناوەکیە؟ ماکینەی گەشە لەو نێوانە چۆن دروست دەبێ؟..لە بڕگەی داهاتوو(پەیوەندی نێوان عەقڵ وجەستەو و واقیع) وەڵامەکانمان دەست دەکەوێ.

عەقڵ و جەستە :

کێشەیەکی زۆرهەیە ئاخۆ جەستەو عەقڵ دووڕەهەندن یان یەك، هنری بنسن لە کتێبی(العقل والجسم) لێکی کردیتەوە بێ ئەوەی خانەی ڕەهەندەکانیان بۆ دیاری بکا، بەشی هەرە زۆر روح وعەقڵ وجەستەیان پێ مادەیە، لەوەوە مرۆڤ بە سێ ڕەهەندی (گۆشت وهیسك وخوێن) وبەشێك لە سروشت پۆلین کرا وەك لە پیشوو باسمان کرد، ووردتر لەو ڕایانەی پیشوو لەو بارەیەوە زانای ئەمریکی (سیرل) دەڵێ پێویستە لە چوارچێوەی بایۆلۆجی وجەستەیی لە عەقڵ بگەین ودەردەکەوێ کە بەشێکە لە چالاکی جەستە، هویز دەڵێ: هیچ جیاوازیەك لە نێوان بیرمان مادەی بیرلێکراوە نیە [1] ئەنجلس دەڵێ: ئەوەی حوکم لەسەر عەقڵ وواقیع وجەستە دەکا یەك یاسان[2]،..بۆخنەر دەڵێ هۆش لەبەرهەمی چالاکی مادی مێشکە، کۆتاییەکەی کۆتاییەکەی مادیەی دیالکتیك عەقڵی بەبەشێك لە مادە-مێشك-پۆلین کرد بەوەی هۆش ڕێکخستەمادیەکەی زۆر باڵایە[3]، ئەوەی زیاتر ئەو ڕایەی توندوتۆل دەکرد کاردانەوەی هەندێ ڕای وا کە لەخزمەتی سیاسی دەسەلاتداران بوە، وەك

---

[1] جون لويس- مدخل الى الفلسفة ص٦١
[2] ف انجلس-ديالكتيك الطبيعة ص٣١٠
[3] عرض موجز للمادية الديالكتيكية ص٥٥

نمونه(اخوان الصفا) له بەشی(مثنوية الإنسان) دەڵێت: مرۆڤ پێك هاتوه لەدوودژی (جەستەیی مادی) و(دەروونی ڕووحانی) یەكەمیان بۆ دنیا كاردەكا ودوەمیش بۆ دواڕۆژ هاتوه[١]، ئەوەببوه تەنزیر بۆ پاپاو ئیمپراتۆر: هەروەك مرۆڤ لەدوولای مادی و روحی پێك هاتوه دەبێ دەسەلاَتیش لەو دوولایە پیك بیت، ئاین وپاپا بۆ روحی ودوا ڕۆژ مرۆڤ ودەولەت وئیمپراتۆریش بۆ جەستەو دنیا..) دوایش هەر لەلایەن مادیەكان دان بەوە هێنرا كە مرۆڤ وەك بوونەوەر دوو ڕەهەندیە، مادی ونامادی تەنانەت هەردوو فەیلەسوفی مادی(سپینوزاولینین) خۆشیان گومانیان هەبوو لەوەی عەقڵی ئادەمیزاد پرۆسەیەكی مادی ڕووت بێت، وتیان ئەوەی بلێت تەنها مادەیە دیارە هۆشی نیە[٢]، ئەو ڕاستیە بوویتە بەشێك لە توێژینەوەی ئەكادیمی، ئیستا زۆر بەدەگمەن ماون بڕوانن مرۆڤ وەك یەك ڕەهەند، گەڕاونەوە سەر ڕای كۆن لە ئینجیلی برنابا باسی پەیوەندی نێوان عەقڵ وهەست وجەستە دەكا:(فبعد ان خلق الله الانسان هكذا وضع فيه نورا يسمي العقل ليوحد الجسد والحس والنفس)[٣]، دیسان لە بارەی ئەو(پەیوەندی وڕێزبەندی نێوان عەقڵ وجەستە)ی كەبەو جۆرە لە ئینجیل هاتوە ڕای جیا هەیە، مادیەكان پێیان وایە نزیك ترین ئەندامی جەستە لە عەقڵ مێشكە، بەلاَم ئاخۆ مێشك لانەی مادی عەقڵە؟ یان بەسادەتر ئایا مێشك عەقڵ دەدا؟ئایا مێشك یەكەم ویستگەی فاكتەری دەرەكی بۆ عەقڵ پێك دەهێنێ؟ كاتێ باس لە عەقڵ دەكەین یەكسەر دەست بۆ سەرمان دەبەین وەك ئاماژەیەك بەوەی كە عەقڵ زادەی مێشك بێت، هەرچەندە ئەنجلس و ماركس بەتوندی ڕەدی ئەو فەیلەسوفانە دەدەنەوە كە دەڵێن چۆن پەنكریاس ئەنزیم دەدات ئاواش مێشك عەقڵ دەدات، كەچی ئەنجلس لەلایەكی تر دەڵێت(ان الدماغ هو

[١] رسائل اخوان الصفاء وخلان الوفاء- رسالة رقم:٣٠ص١١٢-١١٣
[٢] عرض موجز للمادية اليالكتيكية ص٦٣
[٣] انجيل برنابا - لفصل ١٢٣ — اية٧.

عضو التفكير)[١]، (جان ستون) لە کتێبی (هـل لوجودنـا مـن معنـی) پێچـەوانەی ئـەنجلس دەڵـێ مێشـکمان عـەقڵ بەرهـەم نـاهێنێ بـەڵکو وەك ڕادیـۆ دەیداتـەوە، لەلایەکی تر فەلسەفەی ئاینی بە پشت بەستن بەهەندێ دەق دەڵێ عـەقڵ بەنـدە بـە دڵ، ئیمام قورتبی لە (الجامع الأحكام القرأن) دەڵێ: (أضاف العقل إلى القلب لأنـه محله كما أن السـمع محلـه الأذن)، بۆیـە ئـەوان بـۆ بیرکردنـەوە دەسـت بـۆ سـنگیان دەبـەن، لەهـەردووباردا وەڵامـی تـەواو نـابینرێ، چـونکە چ دڵ چ مێشـك خانـەی دەمرێ وزیندوو دەبێ، یان جاروایە دڵ بە هۆی نەخۆشـی دەگـۆڕدرێ کەچـی عـەقڵ ناگۆڕێ، ئەوانەی دەشڵێن مێشك تاکە بەرپرسە لە هـۆش وعـەقڵ ئـەوا بـە ڕوونـی هەڵەی ئەوەش دەردەکەوێ کاتێ دەبینین بە هەزاران جۆرەکرم وبەکتریاوفایرۆس نەك مێشکیان نیە هەر کۆئەنـدامی دەماریشـیان نیـە کەچـی هـۆش وعـەقلیان هەیـە، کەواتە عەقڵ لە شوێنیکی دیـاری کـراوی جەسـتە نیـە بـەڵام مانـای ئـەوەش نیـە لەهەمو شوێنیك بێت، ئەگەر وابیت جاروایە کەسێك دەستو قاچی نامێنی عـەقڵی کەم ناکا.. ئەدی لە کێیە؟، بە ئەندازەی کێشە فەلسەفیە گەورەکەی بوون ونـەبوون ئالۆزە، ئیمامی علی ئاوای ووتوە (الروح حياه البدن، والعقل حياه الروح)[٢]، واتـە روح جەستە ئامادە دەکا بۆ زیندە چالاکی، عەقلیش دەیجولینی بۆ ئامانج، کەواتە روح رۆلی یاسای سروشتی دەبینی لە سیستەمی زیندەکی وعەقلیش هـەمان ڕۆڵـە بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی، هنری بنسن کە زۆر پسپۆرە لـە پەیوەنـدی جەسـتە بـە عەقڵ بەو شیوەی بۆ نەچوەو نەیتوانیوە جەستەو روح وعەقڵ ئاوا ڕێز بکا، هـەوڵی داوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی عەقڵ وجەستە بدۆزیتەوە لە ئەنجامدا گەیشـتە ئەوڕایـەی

---

[١] مارکس-انجلس مختارات، ط ئنکلیزی ص٢١٤ هەروەها ویل دیورانت لە (قصە الفەلسەفە) باسی کردوون.

[٢] علی ابن طالب-الف کلمة المختارة-دار الأندلس، ط٢١٩٨٠ ص١٠٠

کە عەقڵ پێشەنگی جەستە نیە هەردوولا وەك یەك گرنگن و لێکیش جیان[1]، ئەو پرسە ئەوەندە ئاسان نیەو لە ئاستی زانیاری ئەو سەردەمە هێشتا نیە، لە پێشەکی مادیەی دیالکتیك هاتوە پەیوەندی عەقڵ وواقیع وپەیوەندی روح وسروشت کێشەی هەرە بنچینەی فەلسەفە بوە، تەنها توانیویەتی نیمچە وەڵامێك وابداتەوەو بڵێ عەقڵ بالاترین ڕێکخستنی بوونە، هیگلیش دەڵێ : بیر لەسەرووی هەمو بوونێکە[2]، دیکارت دەڵێ : (جەستە ماکینەیەکە بریتیە لە کۆمەڵە ماسولکەو دەماروخوین کارو ئەرکی ناوەستێ ئەگەر عەقلیشی وەستا)[3]، ئاوا نیە ئەگەر عەقڵی نەمێنێ ژیانی دەمێنێ بەڵام ئیرادەی نامێنێ بە مرۆڤ هەژمار ناکرێ وبگرە بەگیانداریش هەژمار ناکرێ. هەرچی ڕای ئاینیە لەوەی ئیمام علی و لێرەوە دەبێ ووردتر لەزاراوەی(قلب) لە قورئان بکۆلینەوە کەجیایە لەگەڵ (فوئاد)ی ئەو پارچە گۆشتەی لە سینگمانە، لە ١١شوینی قورئان ناوی (فوئاد) هاتوە، بەڵام لە چوار سورەت (نحل واسرا ومؤمنون وملك) لەگەڵ چاووگوێ (سمع وبصر) پێکەوە هاتون، واتە زیاتر لەگەڵ هەست ریزی کردون نەك عەقل، لە قورئان باسی (قلب) لە بەرەی پیشەوەی ئادەمیزاد دەکا ﴿لا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ﴾[4]، کەواتە لێرەش جۆرێك لە دیاری کردنی شوینی عەقڵ کردوە، کەواتە لە کوێیە؟ لەڕاستیدا نزیك ترین ئەندامی مادی لە عەقڵ مێشك نیە وەك فەلسەفەی مادی وای تێگەیشتوە، دڵی گۆشتینەکەش نیە، هەروەك چۆن پیشوو تر بەشێکی زۆر لە زاناو فەیلەسوفانی ئیسلام ونائیسلام واتیگەیشتبوون نزیك ترین (مەخلوق-سروشت) مانگ وئەستیرەیە لە خودا، ئاواش لێرە مادیەکان بەهەلە چووینە لە

---

[1] هنری بنسن-العقل والجسم ت:د محمد جابرعلی ص٢١-٢٥

[2] المثالية الألمانية ص١٢٣

[3] ه بنسن-العقل والجسم ص٢٤

[4] القران الكريم- سورة الحج ٤٦

نزیك ترین واقیع(بوون) لە عەقل، دەتوانین بلێین پەیوەندی عەقڵ بە واقیع و جەستەوەك پەیوەندی خوا بەسروشتە ڕاستەوخۆ نیە، بەڵکو ئەو پەیوەندیە لەڕێی هەستەکانە، ئەگەر هەستەکان نەمینێ بەتایبەتی لەسەرەتا گەشەی عەقڵی هەر نابێ و مرۆڤی لێ دەرناچێ، جا ئێستا کەمێك ئەو کێشە ئاڵۆزەمان بۆ سانا دەکا، مادام هەستەکان(بینین، بیستن، تام، بۆن، پیکەوتن) بەهەمو جەستەمان بڵاوە کەواتە عەقڵمان تەنها زادەی مێشکمان نیە، لەهەمو جەستەمانە، بەڵام دەبینین لەو هەستانە بینین وبیستن بنچینەیی ترە بۆیە عەقلیشمان هەلدەکشێ زیاتر بۆلای مێشك ودەمارەسەرەکیەکانی پەیوەستن، فارابی دەڵێ (قلب) لەسەرووی دەماغە بەڵام پێی وایە هەردووکیان سەرکردایەتی هەمو بەشەکانی جەستە دەکەن[١]، (باسکال) پێی وایەمێشك ودل پێکەوە سیستەمی عەقڵ پیك دەهێنن بە جۆرێك زانیاریە عەقلیەکان دەتوانرێ بسەلمێنرێ، هەرچی زانیاریە دل ودەرونیەکانە ئەوا وەك باوەڕتەسلیمی بە، دەیەوێ بلێ زانیاریە عەقڵیەکان زانستن زانیاریە دڵیەکانیش ئاینن، بەگشتی وادێتە پێش چاو سیستەمی مێشك لەسەرووی سیستەمی هەست بێت، ئەویش لەسەرووی سیستەمی هەرس بێت، ئەویش لەسەرووی سیستەمی زاوزێ، ئەویش لەسەرووی سیستەمی سوڕی خوێن، ئەویش لەسەرووی سیستەمی ماسولکە..واتە مێشك لەسەرووی هەمو ئەوانەو عەرشی عەقڵیش لەسەر مێشك وعەقڵیش لەسەر عەرش بێت، ئاوا نیە، عەقڵ پۆلین دەکرێ لە چوارچێوەی (ئەمر، یاسا، روح) نەك(خلق وجەستەومادە)، بۆیە عەقڵ لە سەرووی رووحە، رووحیش لەسەرووی جەستەیەو لەگەلیشی ئاویتەیە، بەڵام بڕینی پەنجەیەك روح دەرناچی کەچی بە بڕینی مل ڕوح دەردەچێ، کەواتە ئیستا یەکەم پێویستمان بەوەیەبزانین روح لە کێیە —کە کێشەی بنچینەی فەلسەفە بوەو ڕوونیش

---

[١] فارابی — اراء اهل الدینة الفاضلة ص٩٢

نەبوویتەوە- ئینجا دەتوانین توێژینەوەی شوینی عەقڵ بکەین ڕەنگە ئەو کاتی ساغ بیتەوە هەر پرسیارەکەشمان هەلەیە، ئەوەی دەتوانین بیلێین ئەوەیە لە کێ روح هەبیت هەستیش هەیە بەڵام مەرج نیە عەقڵ هەبێ، واتە لەجەستە دا پانتایی بوونی روح فراوانترە لە عەقل، بۆیەش گەلێ جار مرۆڤ لە هۆش خۆی دەچی بەلام روحی ماوە، کەواتە ئایادەتوانین بلێین مرۆڤ لە بونەوەر وسروشت بەوە جیا دەکرێتەوە کەسێ رەهەندە(جەستە وروح وعەقل)؟ نەخێر هەردوو ڕەهەندە بریتیە لە روح وجەستە، جیاوازیەکەی لەگەڵ سروشت ئەوەیە پلەیەکی تری لە(ئەمر-یاسا-هۆ) پێدراوە، کە بریتیە لەروح کە بەشێکە لە ئەمر(الروح من امر ربی)، رەهەندی زیاد نەبوە بەڵام پانتایی نامادی(ئەمر) زیاد بوە، لەو زیادەش عەقلی لێ پەیدا بوە، واتە عەقڵ مادی ونامادیە بەڵام نامادیەکەی زیاترە بۆیەش گەشەی عەقڵ زیاتر چۆنایەتیە کەمی چەندایەتیە، ئەوەش دووبارەی ڕێکی ڕێزبوونی ٦جۆرەکەی جوڵانەوە لە سروشت، بە تایبەتی ٣ جوڵانەوەکەی زیندەکی کەلەخواروو بۆ سەروو بەرەبەرە گۆڕانی چۆنایەتی زیاد دەکا چەندایەتی کەم دەکا، لەوەوە عەقڵ پایەی هەرە سەرەوە لەو ڕێز بەندیە وەردەگرێ، کە زیاترین گۆڕانی چۆنایەتی بەخۆوە دەبینی لەو بوونەوەرە، ئەو بالاییەشی لە هەردوولای مادی ونامادی مێژووییانەی بۆ ڕەخساوە، مادیەکە زیاتر لەلای لاربوونەوەی ماسولکەی جەستە بۆ لای مێشك ولاربوونەوەی هەست بۆ لای هۆش کەبە هەردوو لار بوونەوەی مێژووی ئەو باڵاییەی عەقلیان پێك هێناوە، مرۆڤ جیا لە ئاژەل دەتوانێ لە قۆناغی پێگەیشتن بیربکاتەوە بێ هەست و واقیع، هەرچی ئاژەڵە بیرکردنەوەی پەتی نیە، پرۆسەکە تەنها لە واقعەوە بۆ هەست ولەوێشەوە بۆ مێشك وعەقلی بێ ئەوەی لە (بیری-زاکرەی)بە پۆلینی تۆمار بکرێ، بۆیە لەنێو ڕەوە ئاژەل پرۆسەی پێشکەوتنی مێژوویی دروست نابێ، ناتوانین بلێین پلنگی ئێستا لە پلنگی سەردەمی نیاندرتال عاقڵ ترن، لەوەوە دەردەکەوێ نێوانی مرۆڤ وگیانلەبەران تەنها ئەڵقەیەکی بزر نیە

وەك لامارك وداروین و ڕێبازەکەیان جارپاندا، بەڵکو دەیان ئەڵقەو بگرە ئەڵقەی چۆنایەتیشیان لە نێوانە، لێرەوە پۆلین وڕیزبەندیەکی تری سیستەمی لە نێو گیانداران دروست دەبێ بە پێی بارودۆخی ماسولکەو مێشك لەلایەك وهەست و هۆش لەلایەکی تر، کێشە ئەوەیە ئەو ئامارە ووردە نەکراوە لە نێو هەموو گیانداران کە بە ملیۆنانە ئاخۆ ئەوانی ووزەی ماسولکەی لار بویتەوە بەلای ووزەی (مێشکی گشتی) بە مانافسیۆلۆجیەکەی ماسولکە دەسەڵاتی وەك ئیرادەی دەرەکی دادەبەزێ بۆ ئیرادەی ناوەکی ودەکەویتە ژێر فەرمانی عەقڵ (جاران پێیان دەوت —عقل باطنی)، هەروەها ووزەی هەستی زیاتر بەلای هۆشی لار بوویتەوە.. ئەوانە عاقڵ ترن؟ ئەوەی ڕوونە ئەوگیاندارانەی(بە مرۆڤیشەوە) ووزەی ماسولکەی زیاتر لە ووزەی (مێشکی گشتی)بەکاربهێنێ دڕندە ترە، ئەوانەی چەقی قورسایی بڕیاڕ لە ووزەی هەست زیاترە نەك لەووزەی هۆش دیسان دڕندەترن، پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو دوو پرۆسەیەی لار بوونەوەی ووزەی ماسولکە بۆ ووزەی مێشك و لار بوونەوەی ووزەی هەست بۆ ووزەی هۆش پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە؟ لە مێژووی کۆمەڵگە هەندێ زانیاریمان دەست دەکەوێ، لە سەرەتای مێژووی کۆمەڵگەی سروشتی (بەدەر لە پەیام) ووزەی ماسولکە زیاتر یەکلاکەرەوەی کێشەکان بوو بۆیە ڕۆلی تاك زۆر گرنگ بوو، لەوەوە کاریگەری تاك بەسەر جولانەوەی مێژوو بە پێی تیۆری (کارلیل) وزۆری تر یەکلاکەرەوەیە، ئەوەش قۆناغە بەپێی ڕێساکان لەسەرەتا کە ماسولکە ڕۆڵی گرنگی هەبوە ئەوا پاڵەوانی سەربازی ڕۆڵی گرنگی لە یەکلاکردنەوەی ڕووداوو جولانەوەی مێژوو هەبوە، دوای سەربازی —سیاسی..، جوڵەی مێژوو لە ژێر کاریگەری ماسولکە زۆر سست دەبێ و گۆڕانکاریەکان لەشێوەی ئاسۆیی مێژووی دەبێ نەك ستونی مێژوو، واتا بەرەو پێشچوون زۆر سستە، بەڵکو گۆڕانکاریەکی میکانیکی و جێ گۆڕکی دەبێ، گۆڕانکاری ڕووکەش نەك جەوهەری، بەزۆریش گۆڕانکاریەکان بەشەڕ و شۆڕ و

هێزی بازوو دەبێ، هەرچی ئیستایە کە لە کاریگەری دەرەکی بەرەو ناوەکی ولەکاریگەری ماسولکەو جەستەیی بەرەو عەقڵی ئەوا ڕۆڵی تاك بەو شێوەیە نەماوەو ئینجا کاریگەریەکەشی لەڕێی عەقلیە، واتە رۆڵی زاناو سیاسی ومیللەت لێك نزیك بوە کەم تر پاڵەوانە سەربازیەکان ئەو رۆڵەیان ماوە،، واتە دەتوانین بڵێین مێژووی کۆمەڵگە بریتیە لە مێژووی وەرچەرخانی ووزەی ماسولکە و ووزەی هەست بۆ ووزەی عەقل، یان لار بوونەوەی ووزەی جەستە بەلای ووزەی عەقڵ.

عەقل و واقیع:

زۆر ڕای جیاو پێچەوانە لەبارەی پەیوەندی واقیع وعەقل، مادەوعەقل، جەستەوعەقل..هەیە، شوپنهاوەر وهەندێ میسالی تر دەڵێن مەحالە فاکتەری دەرەکی کارێکی وای لەدروست کردن وگەشەی عەقڵ هەبێ[1]، ئەوا بە پێچەوانەوە کۆمەڵێك تەیارو فەیلەسوفی تر لەهەموان توندتر ومارکسیەت پێناسی عەقڵ بەوە دەکا کە بریتیە لە رەنگدانەوەی واقیع وبەس، لە ئەسلدا یەکەم جار جون دیوی ووتی فکر رەنگدانەوەی واقیعە، توما ئەکوینی دەڵێ هەرچی لە زیهنمان هەبێ پیشتر لە هەستمان هەبوە[2]، سپینوزا دەڵێت بیرەکانمان هەرگیز لە واقیع جیانابیتەوە[3]، مانای وایە عەقڵی ئێمە بەرهەمی خۆی نیەو بەمانایەکی تر هەر دەکا رەنگدانەوەی واقیع بەڵام واقعێکی نزیك، بۆشنسکی ڕایەکانی کۆکردۆتەوە دەڵێ زۆربەی فەیلەسوفان ڕایان وایە کە واقع وفاکتەری دەرەکی عەقڵ دیاری دەکا[4]، ئەنجلس هۆو هۆکاری گۆڕان ناگێڕیتەوە بۆ عەقڵ خۆی بەڵکو بۆ بازارو

---

[1] المثالية الألمانية ص٢٢٧

[2] مدخل الى الفلسفة ص٩٤

[3] المثالية الألمانية ص١٨٤

[4] بوشنسكي -الفلسفة المعاصرة في أوروبا ص٢٦

ئـابووری[١]، مـارکس پێـی وابـوو بـوونی کۆمەڵایەتییەکـەت جـۆری عـەقڵ و بیرکردنەوەت دیاری دەکات نەك پێچەوانە، لەکۆتایدا (الفکر مجرد انعکاس الواقـع) بـوە هەڵوێـستی فەلسـەفی تـەواوی مارکسـیەت[٢]، واتـە عـەقڵ تـەنها فۆتۆکـۆپی واقیعە، لەوەوە مارکسیەت دان بە جولەی فکـرو عـەقڵ نـاهێنێ کەلـە ٦پۆلەکـەی جولان باسمان کرد، لای مارکسیەت ٦ نیە بەڵکو ٥ەو جولەی عەقلو فکر بریتیە لە ڕەنگدانەوەی جولەی واقیع،...بەڵام ئەوتێڕوانینانە ڕووبەڕوی پرسیاری سـەختی بـێ وەڵام دەبێتەوە، لەوانە: فکر جولەو گەشەی سـەربەخۆی هەیـە تـەنها ڕەنگدانـەوەی واقع نیە وەك مارکسیەکان وای بۆ چووبون، ئەگـەر وابوایـە جیـاوازی نێـوان مـرۆڤ وئاژەل نەدەبوو لە پیشکەوتن، چۆن بەپێش واقع دەکەوت و داهێنـانی دەکـرد، زۆر بەشی فەلسەفە و بیرکاری و چیرۆکەکانی خەیالی و زۆر شتی تر بوونی واقعـی نیـە کەچی لەفکر هەیە، بۆ تەنها ئەو واقیعەی کەوتنی سێو وای لە عەقڵی نیوتن کـرد ئەو یاسایانەی کیش بدۆزیتەوە، بـۆ واقیعـی (دووبـارە بـووی)ڕۆژ سـوران بـەدەوری زەوی وای لـە (کۆپـەرنیك ١٤٧٣-١٥٤٣ز) نـەکرد وەك خـەڵکی تـر نـەلێن زەوی ناوەند نیە، ئەگەر عەقڵ تەنها ڕەنگدانەوەی واقیع بێت ئەوا جیاوازی نێوان عەقڵی بەشەرو ئاژەل چیە، چۆن لە واقعێکی دیاری کـراو عـەقڵی جیاجیـا دەدا داهێنـەرو زاناو نەفام لە چ دێت، نەیتوانیوە بە ڕوانگە فەلسەفیەکەی جیاوازی نێـوان عـەقڵی ئـادەمیزاد و عـەقڵی ئاژەڵـەکان بقـەبڵێنێ و هەنـدێ جـار یەکسـانی کـردووە، کـە سەرچاوەیەکی بنەڕەتیە لە زۆربەی چەوتیەکانی مارکسیزم. لەلایەکی تر خۆ واقیـع ڕاستیە(نسبیەن)، ئەگەر عەقڵ تەنها ڕەنگدانەوەی واقیع بـێ، ئـەی درۆ لـە کوێـوە دێ؟، لە بارەی جولەی عەقلیش بۆچونەکە تووشی بەربەسـتی یـەکجاری دەبـێ بـێ

---

[١] انجلس- انتی دوهرنك ص٣٢١ دەقە عەرەبیەکەی: (ان اسباب الأخیرة لسائر التبدلات لیس فی ادمغة البشر بل فی السوق والإقتصاد).

[٢] الفکر لیست سوی انعکاس حرکة الواقع ..مارکس– رأس المال، الکتاب الأول. ج ١ ص ٢٩.

دەرچوون، چونکە لای هەمو لایەك روونە کە جولەی عەقلی ئەوەندە خێرایەو جولەی واقیعیش زۆر هێواشە، ئەو مەبدەئەی مارکس (بوونی کۆمەلایەتییەکەت هۆشمەندیەکەت دیاری دەکات، نەك پێچەوانە)، نەخێر بەهەردوو سەری ڕاستە و هێشتا فاکتەری تریش هەیە لەو پرۆسە ئالۆزە بەشدارەوەك لە برگەی داهاتوو باسی دەکەین، پێناس وناسنامەی مروڤ و تەبیعەتەکانی وئارستەی عەقلی گوایە لە سەرو کەللەی نیە بەلکو لە بازارەکەیەتی، نەخێر زیاتر لە سەرو کەللەیەتی لەگەل کۆمەلێك هۆکاری ئالۆزی ترە بە بازاریشەوە، بەلام گومان لەوەدا نیە کە واقیع فاکتەری دەرەکی جولەی عەقل پێك دەهێنێ، بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتایی جولەدا، واتە لە سەرەتای گەشەی عەقلی تەنها عەقل دەتوانێ وێنە بینراوەکان تەسەور بکا، ناتوانێ خۆی لەو وێنانە وێنەیەکی نوێی نەبینراو تەسەور بکا. کاتێ توانی تەسەور بکا، ئەوە پێگەیشتنی عەقلە، لەکاتی زۆر گەشەکردنی عەقل دەتوانێ عەقل خۆبەخۆ و بێ پەنابردنە بەر واقیع و دابران لە هەستەکان خۆی پارچەکانی واقیع تێك بێخێ و دۆزینەوەی نوێ بکا، ئەوە بنچینەی گەشەی شارستانی و تەکنۆلۆجیاشە...، ئەوانە بە روونی جولەو گەشەی عەقل پیشان دەدەن، رەنگە لەسەرەتای گەشەی عەقل زۆرتر لە ژێرکاریگەری فاکتەری دەرەکی (واقیع) بێت، راستە لە سەرەتادا فکر دیلی واقع و دەوروبەریەتی، بەلام دوایی دەبێتە پێشرەو و بزوێنەری هەمان واقیع، لەوەوە ئەو پۆلە فەیلەسوف و مەدرەسەیە (گشتاندوویانە) بۆ هەمو قۆناغەکان، بریاریان داوە کە فاکتەری دەرەکی گەشەی عەقلی دیاری دەکاو نکولیان لە فاکتەری ناوەکی کردوە، کەچی میسالیەکانیش کە بینیویانە ئەوەتە عەقل واقیع دەگۆری نکولیان لە فاکتەری دەرەکی کردوە، لەکاتێکا ئەوەی میسالی لەکۆتایی تەمەنی عەقل کەمێك راستەو ئەوەی مارکسیش لەسەرەتای تەمەنی کەمێك راستەو هەردوولاش بەهەلە داچووینە کە یەك فاکتەریان کردۆتە بنچینە بۆ هەمو قۆناغەکان، بەلکو دەگۆرێن،

گەشەی عەقڵیش وەك لە (ڕێساکانی گەشەکردن) دیاریمان کرد لەسەرەتادا فاکتەری دەرەکی (کە دەکاتە واقیع-ژینگەی کۆمەڵایەتی) بەکارە دوای بەرەبەرە فاکتەری ناوەکی ئەو ڕۆڵە گرنگە لە فاکتەری دەرەکی وەردەگرێ وجولەو گەشەی ڕاستەقینەی عەقڵ (بەداهێنان وبەرپا کردنی شارستانیشەوە)لەو قۆناغە دەست پێ دەکا، بەڵام فاکتەری ناوەکی ئینقلاب لەسەر فاکتەری دەرەکی ناکا هەردوو فاکتەر لەتێکڕای تەمەنی گەشەی عەقڵ وەك فاکتەری(پێویست) دەمێننەوە، لێرەدا بەومانایە شۆپنهاوەر وسپینوزا ڕاست دەکەن کە دەڵێن بیرەکانمان هەرگیز لە واقیع جیانابیتەوە[1]، لێرەوە وا خەریکە بگەینە دۆزینەوەی ماکینەی گەشەی کۆمەڵگە کە لە عەقڵ سەرچاوە دەگرێ بۆ برگەی داهاتوو.

ماکینەی گەشە

ئێستا جوان روون بۆوە کە گەشەی عەقڵی وەك سیستەمی گەشەی تر نیە، بەڵکو کراوەیە، بەو مانایەی لەگەڵ گەشەی خێرایی وەرگرتنی زیاتر دەکا نەك تەسك بوونەوە وەك ئیمامی علی دەڵی: (کل وعاءیضیق بما جعل فیە الا وعاء العلم، فأنە یتسع)[2]، دەردەکەوێ خۆی ماکینەو بزوینەری گەشەیە، لەهەمان کاتیشدا بێ فاکتەری دەرەکی وواقیعی کۆمەڵایەتی عەقڵی گەشەناکات، پەیوەندیەکانی عەقڵ و واقیعی دەرەوەی لە ڕێی هەستەکانە، واتە هەمو جەستە بۆ عەقڵ بریتیە لە زەمینەی ئەو پەیوەندیە، ئیستا گەیشتین بە وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگەی سەرچاوەی گەشەی کۆمەڵگەش، کە پانتاییەکی زۆری لە مێژووی فەلسەفە داگیرکردوەو وەڵامی یەکلاکەرەوە نەدرابۆوە، کۆمەڵێ فاکتەر کرابوە ئەو

[1] المثالیة الألمانیة ص١٨٤
[2] علی ابن ابی طالب- الف کلمة المختارة ص٣٨

سەرچاوەیە، زۆر بەکەمی بەلای عەقلّ داچووینە تەنانـەت کۆمـەلّێك فەیلەسـوف و تەیار هەر دان بە جولەو گەشەی عەقلّ ناهینن وەك لە پێشوو باسمان کردن، چـجای فاکتەری (دروسـتکەری گەشـە) بێـت، لـەو فاکتەرانـەی کراونـە سەرچـاوەی گەشـە هەندێکیان نـاوەکی بەشـێکیان دەرەکـی، لەوانـە: فاکتـەری ئـابوری(هێزی بەرهـەم هینەر)، جنسی، زمان، خوێن، ئازایەتی، مل ملانیـی شارسـتانی، خـۆ دەرخسـتن، سلبـیات..، هەریەکە لەوانەش لەکات وساتی خۆی رۆلّی گرنگی هەیە، بەلاّم ئێمـە بەدوای سەرچاوەین، ئاوا بە گشتی ڕوون نابیتەوە کامیان لەو فاکتەرانە (تەولیدی) بزوێنەرن؟ کامیان ماکینەکەی گەشە دروست دەکـا؟ هەرچـەندە فەلسـەفەی مـادی هەولّی داوە کۆیان کاتەوە لەو ڕیسایە(إن الحاجة المادیـة هـي الـتي دفعـت الإنسـان للتطور) دیسان هەر ڕوون نیەو حوکمیکی گشتیە، ئەو کاتە ڕوون تر دەبێتـەوە کـە (جێکەوت) لە ناو جەسـتەی مـرۆڤ بـۆ ئـەو فاکتەرانـە دەدۆزینـەوە، واتـە شـوینی کاریگەریەکانیان لەناو جەستەی مرۆڤ، کەبریتیە لە: گەدەو ئامرازی جنسی وخوین و بازوو ودل و مێشك..، وەك لەپێشـوو شتێکمان لیّ بـاس کـرد ئـاژەلّیش گـەدەو جنس وخوین وبازوو دلّ وجەستەی هەیـە، ئـەوەی نیـەتی ئـەو ئاسـتەعەقلّەی نیـە، لەوەوە ناسنامەکان لە تێکـەلّی ڕزگـار دەکـرین، هـەر لەوەشـەوە بـە ئاسـانی رۆلی مێشك وعەقلّ وەك یەکلاکەرەوە دەردەکەویّ، ڕێك بە پێچەوانەی ئەنجلس نزیـك لـە ڕای هیگل سەرچاوەکە لە سەرو کەللە دەست پیّ دەکا، واتە ئەو پرۆسەی مارکسی کردوویەتی (کە دەلّیّ دیالکتیکی هیگلمان لەسەر وەرگێـڕا بـۆ سـەر پێـی خـۆی)[1] ئەوە سەر پیّ نەبوو، ئیستا دەبیّ جارێکی تر وەریگێڕینەوە، تـا ڕادەیـەك هیگـل و برۆدۆن باشتری بۆ چوینە هەرچەندە ئەوەی ئەوانیش بە دیالکتیکیانە بۆی چووینە و

[1] (وإذا بجدلیة هیجل ترفع رأسها فتقف علی رجلیها بعد أن کانت تقف علی رأسها) انجلز- لودفیج فورباخ ونهایة فلسفة الألمانیة- ص ٣٣ – ٣٤ هەروەها: مارکس- رأسمال –ت:محمد عیتانی، مکتبة المعارف –بیروت ج١ص٢٣

مارکسیش زۆر بە توندی وەڵامی داینەوە[1]، زانیاری ڕاستەقینە(داهێنان) لای (ئەدموند هۆسرل- خاوەنی ڕاڕەوی فینۆمینۆلۆجیا) بە پەیوەندی دیالکتیکی نێوان واقیع وعەقڵ دێتە دی، سیرل زیادەیەکی مەترسیدار لەو بۆچوونە دەکا دەڵێ ئەو زانیارییە راستەقینە هەتا سەری نیە دەگۆڕێ دەبنە زانیاری چەوت، لە ڕاستیدا گەرای گەشە لە عەقڵ دەست پێدەکا ئینجا بە کاریگەری جیاجیا دەپەڕێتەوە بۆ فاکتەرەکانی تری ئابوری وجنسی وکۆمەڵایەتی وسیاسی ویاسایی و شارستانی و...، پرۆسەی تەولیدی گەشە لە بەدەست هینانی زانیاری نوێ لە عەقڵ دەست پێ دەکا،..چۆن؟ لەسەرەتادا عەقڵ تەنها دەبێتە میراتگری زانیاریەکانی دەوروبەری، ئەوە قۆناغی لاساییە قۆناغی کاریگەری بەهێزی فاکتەری دەرەکیە، قۆناغی گرنگی هەستە (کە تەجریبیەکان گشتاندوویانە بە هەڵەیی)، لەو قۆناغە تارادەیەکی زۆر (عەقڵ ڕەنگدانەوەی واقیعە وەك مارکسی ومادیەکان وای بۆچووبوون)، یان وەك بلیخانۆف وەسفی مرۆڤ وەك مادیەکانی فرنسا دەکاو دەڵێ: مرۆڤ بەهەمو هەست ونەست وعەقڵ وخواستەکانی زادەی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیتی[2]، دورکایم ووردتری دەکاتەوە دەڵێ عەقڵی مرۆڤ دیلی دەستە جەمعی کۆمەڵە، ئەو وەسفانە هەڵە دەردەچێ کاتێ بۆ هەمو تەمەنی عەقڵی مرۆڤ دەیگشتێنن، بۆ هەمو تەمەنی عەقڵی مرۆڤ نیە بۆ تەمەنی سەرەتایەتی، بەڵام عەقڵ بەوە ناوەستێ، بە پێی ڕیساکانی گەشە خۆی لە ژێر ئینتدابی فاکتەری دەرەکی (ژینگەی خیزان-ژینگەی دەوروبەر-واقیع - هەست) رزگار دەکاودەگاتە قۆناغی ئازادی بیرکردنەوەو داهێنان، لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کراوە ئاخۆ عەقڵی مرۆڤ بەبێ کاریگەری (هەست- دەوروبەر-فاکتەری دەرەکی) کارو داهێنان بکاو زانیاری نوێ لە زانیاریەکانی دەوروبەری زیاد بکا، لە ڕووی

[1] کارل مارکس-بؤس الفلسفة ص١٦٣-
[2] ج بليخانؤف- تطور نظرة الواحدية الى التاريخ ص١٢٧

ئەکادیمیــەوە پــیش فەلســەفە وەلاّم درایتــەوە لەلایــەن زانایــان پێیــان دەووتــرێ (کۆنسترەکەکان) کە بریتین لە(تچیلمان وڤـاریلا وماتۆریلانـا) لەگـەڵ پرۆفیسـۆری ئەلمانی (گیرهارد رۆس) ووتویانە عەقڵ دەتوانێ زانیـاری پەیـدا بکـا بـەبێ هەسـت وکاریگەری واقیعی دەرەکی، لەکۆنەوە ئەو جۆرە زانیاریـەی بـەو شـێوەیە دێتـەدی پێی ووتـراوە (زانیـاری حەدەسـی)، ماوتسـی تـۆنگ دان بـەوە دەنـێ کـە زانیـاری حەدەسی هەیە بەلاّم هەستەکان پەیدای دەکەن نەك عەقڵ خۆی،..زۆر جۆرە ڕای تر هەیە، هەڵەی بنچینەی بیرو بۆچوونی فەلسەفەی مادی لەو ڕایەی ئەنجلس دێت کـە دەڵێ (هیچ شتیك لە مێشکمان نابیت ئەگـەر لـە واقعـدا بـوونی نـەبیت)[١] ئـاوابێ هەرگیز داهێنان و گەشەی نوێ نایەتەدی، لەڕاستیدا عەقڵ لە قۆناغی پیگەیشتنی و چالاکی فاکتەری ناوەکی دەتوانی لە جیاتی ئەو ئیعتمادە زۆرەی سەر (هەسـت و واقیع وفاکتەری دەرەکی) عەقڵ خۆی بجـولێنێ، بـەوەی عـەقڵ (زاکـیرە-بـیر)ی بـۆ دروسـت دەبـێ، لەوسـاتانەی عـەقڵ پەتیانە(نسـبیەن) بیردەکاتـەوە بـێ فاکتـەری دەرکی(هەست و واقیع) ئەوا (زاکیرە —بیر) ئەو ڕۆڵە دەبینی، ئـەو زانیاریانـەی لـە زاکیرە تۆمار کراوە دەبێتە مادەی بیرکردنەوە و(بەدیلی هەسـت و واقیـع) ئـالێرەدا داهێنان دەخولقێ، جا ئەو داهێنانە هەر زانیاری پەتیە یان زانیاریەکی پراکتیکیـە یان داهێنانیکی تەکنیکیە، بەو جۆرە ئەگـەر ئـەو پانتایـە زانیاریـەی مـیرات(A) بیت، ئەوا ئەو داهێنانە(a_1)، داهێنـانی یـەکێکی تـر بـە هـەمان شـێوەی پیشـوو بـا(a_2)..بێـت، هەریەکـە لـە a_1 وa_2 ..پانتـایی (A) زیـاد دەکـا دەبێتـە(B)، جارێکی تر ئەوپانتاییەی (B) لە جیاتی پانتایی(A) دەبێتـە زانیـاری مـیرات بـۆ عەقلەکانی بەردەست و هەمان پرۆسەی پیشوی بەسەردادێتەوەو لایـەکی ماکینـەی گەشەی زیاد بوونی زانیاری دروست دەبێت، لایـەکی تریشـی بـە هـۆی زمـان وئـال

[١] انجلس- ديالكتيك الطبيعة ص٣١١

وگۆڕی زانیاری ڕاستەوخۆ تەواو دەکا، لەهەردوکیشیانەوە ڕەنگ دەداتەوە سەر مەیدانەکانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وشارستانی وتەکنۆلۆژی و..تاد، لە کۆتایدا ئامرازو تەکنۆلۆجیادروست دەبێ بۆ کۆنترۆلی سروشت، بەتەواوی لە پۆلەکانی تری گیان لەبەر جیا دەبێتەوە، هەمو ئەوانەش جارێکی تر کار لە عەقلە نوێیەکان دەکەنەوە بە تیکرا جوڵانی مێژوو دروست دەکەن، ئەوەیە ماکینەی گەشە.

ئەو گەشەیەش هەروا کویرانەو بێ ئامانج نابێ وەك هەندێ فەیلەسوف وتەیاری فەلسەفی وای تیگەیشتون، برگسۆن دەڵێ گەشەی سروشت کویرانەو بێ ئامانجە[1]، برگسۆن باس لە گەشەی سروشت دەکا، رەنگە راست بکا چونکە سروشت گۆڕانی تیدایە بەڵام گەشەی تیدا نیە، دافید هیۆم زیاتر نزیك دەبێتەوەو دەڵێ: جم وجۆلی عەقڵی وکۆمەڵایەتی ناکەویتە مەبەستو یاسای کۆمەڵایەتی[2]، شۆبنهاوەر پێی وایە ئەگەرئیرادەش هەبێ هەر کوێرانەیە، سەرجەم (وجودیەکان) باوەڕیان وایە کە کاری مرۆڤ چالاکی عەقڵ وگەشەی کۆمەڵگە بە یاساو مەبەست نیە، بەڵکو ڕەمەکی وکویرانەیە، بەشێکیش ئەگەر دان بە مەبەست بهینن ئەوا نایدەنە پاڵ عەقل، فەیلەسوفانی ئەڵمانی فیۆرباخ(١٨٠٤-١٨٧٢) ومۆلیشنگ(١٨٢٢-١٨٩٣) بۆخنر(١٨٢٤-١٨٩٩) وکارل فۆجت(١٨١٧-١٨٩٥)لە پیش هەمویان پێیان وابوو عەقڵ گرنگ نیە بەڵکو حەتمی زاڵە[3]، کە لەدوای (حتميەی تاریخی) شیوعیەت و حەتمیەی سەرمایەداری(هندگتۆن)ی لیهاتە دی، لەڕاستیدا وانیە، ئەو جم و جۆل و گەشەیە ئامانجدارەو ڕێڕەوێکی یاسایی وەردەگرێ..چۆن؟ دەبێ بۆی بگەڕێینەوە سەرچاوە، لە گەشەی عەقڵ بیدۆزینەوە ئاخۆ لە کێ لەگەشەی ڕەمەکی وەردەچەرخێ بۆ گەشەی مەبەستدار، ڕێك لەوە دەبێتە مەبەستدار کاتێ عەقڵ

---

[1] مدخل الى الفلسفة ص٢٦٢

[2] الفلسفة والفيزياء ج١ص٨٨

[3] بوشنسكي- الفلسفة المعاصرة في أوروبا ص٢٩ وص٥٠

دەتوانێ ئیجابی لەسەلبی لیك جیا بكاتەوە، چاك لەخراپ، سپی لە ڕەش، زۆر لەکەم، جوان لەناشرین،...جیا بكاتەوە، بە جۆرێك گەشە بە ئیجابی دەداو سەلبیش تەسك دەكاتەوە، لەوەوە پرۆسەکە پیشکەوتن وەردەگری و گەشەی کۆمەلگە ئامانجدار دەردەچێ، دەشبیتە هۆی گەشەی کۆمەلگە لە خوارەوە بۆ سەروو.

هەر لێرەوەش مانای رۆلی فاکتەری ناوەکی دەردەخا کەبەرەبەرە ئەو رۆلە گرنگە لە فاکتەری دەرەوە دەستێنێتەوە، واچاکەبەو بۆنەوە هەلوەستەیەك لەسەر هەردوو مەدرەسەی مادی ومیسالی بکەین دژ بەیەك بوون لەبارەی گەشەی عەقلی، فەلسەفەی مادی نکولی لە رۆلی ناوەخۆو ئیمکانیەتی عەقل دەکرد ئاواش فەلسەفەی میسالی نکولی لە کاریگەری واقع بەسەر عەقل دەکا کەچی هەردوولا بە هەلەدا چووینە، هەریەکە لە قۆناغێك بۆچوونەکەیان ڕاستە، بۆچوونی مادییەکان تەنها بۆ قۆناغی عەقلی سەرەتایی نزیکە لە ڕاستی، بۆ قۆناغی پیگەیشتوو نابیت، بە هەمان شیوە بۆچوونی میسالی بۆ قۆناغی پیگەیشتوو نزیکە لە ڕاستی نەك سەرەتایی، ئەوەی زیاتر کێشەیە کۆی بۆچوونی هەردوولا یەکتر تەواو ناکاو وەلامی تەواوی پرسی گەشەی عەقلی پێ نادرێتەوە، چونکە فاکتەرەکانی دەرەوەو ناوەوە بە هەماهەنگی یەکتر (نەك بە ئینقلابی) کاریگەریەکانیان ئالو گۆڕ دەکەن، گەشەو داهێنانی عەقلیش لە قۆناغی پیگەیشتوو دەست پێ دەکا نەك لەسەرەتایی، بەپێی فەلسەفەی مادی بوایە هەرگیز گەشە وپیشکەوتن نەدەبوو نە بزوتنەوەی مێژووش مانای دەماونە پێویستیشمان بە پەیام وپەیامهێنەریش دەبوو، ئەوکاتی ڕاست دەردەچوو مرۆڤ بەشیك دەبوو لەسروشت بە (مسەیەریشەوە).

عەقڵ وڕاستی.. فەلسەفەی پەیام

ئیستا وا گەیشتینە لیواری وەڵامی پرسە گرنگەکان لەو بابەتە، ڕوون بۆوە چەندە مرۆڤ (مخەیەرە) و دروستکەری کردەوەکانیەتی بە هۆی عەقڵی، ئەوەش لە دوای تەفاعولی لەگەڵ کۆمەڵێك فاکتەری کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابوری وجنسی ودەرونی و.. بزوتنەوەی مێژوو دروست دەکا، واتە لەکۆتایدا دروستکەری مێژوو مرۆڤ خۆیەتی نەك ئابوری وجنس وژینگە و..ئەگەر چی هەریەکە لەوانەش رۆلی خۆی هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ بە ئازادی مێژوو دروست دەکا کەچی لە تێکڕادا جۆرێك لە یاساو قاوغداری بۆ گەشەی مێژوو دروست دەبێ وەك (مەندل) هەستی پیکرد، لە چوارچێوەی ئەو دوو ڕێسایەی گۆڕانی فاکتەری دەرەکی وناوەکی بۆ سیستەمی گەشەکردن، زۆر بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کەسەرەتای گەشەی عەقڵی ولەویشەوە گەشەی کۆمەڵگا پێویستی بە فاکتەری دەرەکی زۆر بە خەستی هەیە، لەوەوە زەمینەی فەلسەفی وعەقڵی بۆ هاتنی پیغمبەران دروست دەبێ، هەرلێرەوەش عەقڵ وفەلسەفەو پەیام پیك دەگەن وڕاستیە گەورەکە ئاشکرا دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی عەقڵ بەو گەورەییە وەسف کرا کەچی ناتوانێ بەتەنها رۆلی پەیام وپەیامبەران ببینی ؟ واتە نابتە تاکە (حوجە)، وەك ئیمامی علی دەڵێ: (ان لله علی الناس حجّتَیْن: حجةً ظاهرةً وحجةً باطنةً، فأما الظاهرة فالرسول والأنبیاء، وأما الباطنة فالعقول)[1] لەسەدەی پینجەمی کۆچیەوە پەیوەندی عەقڵ ونەقل وا دارِژراوە: لله عز و جل الی خلقه رسولان : أحدهما : من الباطن وهو العقل ، والثاني : من الظاهر وهو الرسول ، ولا سبیل لاحد الی الانتفاع بالرسول

---

[1] ئەوە لە هەندی شوین بە فەرمودە هاتوە، بەلام زیاتردراوەتە پال ئیمام علی، هەرچی (اصول الکافی ج١ص١٦) دایتیە پال ئیمام جعفر الصادق و لە ریزی انبیا (ائمە)شی زیاد کراوە.

الظاهر ما لم يتقدمه الانتفاع بالباطن، فالباطن يعرف صحة دعوى الظاهر ولولاه لما كانت تلزم الحجة بقوله ، و لهذا احال الله من يشكك في وحدانيته وصحة نبوة انبيائه على العقل ، فأمره ان يفزع اليه في معرفة صحتها ، فالعقل قائد والدين مدد ، ولو لم يكن العقل لم يكن الدين باقيا ولو لم يكن الدين لاصبح العقل حائرا و اجتماعهما كما قال تعالى: نورعلى نور، ئەشاعیرەکانیش شیوەیەکی وایان ووتوە: "رسولان أحدهما : من الباطن و هو العقل ، والثاني: من الظاهروهوالرسول، کەواتە هەردووکیان پێویستن، بەپێچەوانەی ڕایەکی ئەهلی شیعە کە وا هاتوە :(يا آدم إني أمرت أن أخيرك واحدة من ثلاث فاخترها ودع اثنتين. فقال له آدم يا جبرائيل ما الثلاث ؟ فقال : العقل والحياة والدين. فقال آدم إني اخترت العقل. فقال جبريل للحياة والدين : انصرفا ودعاه. فقالا : يا جبريل إنا أمرنا أن نكون مع العقل حيث كان)[1]، سەرەڕای هەمو ئەو وەسفانەش وادیارە عەقڵ بە ناسانی ناتوانی زانیاریە ڕاستیەکان بدۆزیتە، پێویستی بە پەیام دەبێت چونکە لە ژێر کاریگەری ڕای دەستەجەمعی وتەسك بینی وسەرچیخی و هەمەلایەن نەبین و زۆر لای تری وەك:

١- هەریەکە لە ئیبن روشد وئیبن سینا ورازی و تا سید قوتب بوونەوەریان بە (قرأن المنظور) وقورئانیشیان بە (كون المقروء) وەسف کردوە، واتە لە دۆزینەوەکانی بونەوەر دەتوانی ئەوەی لە قورئان هاتوە بەرەبەرە بیدۆزیەوە، ئەوەیان ڕاستە بەڵام بەو تەمەنە کورتەی مرۆڤ وعەقڵ وبەو هەمو گەورەییەی بونەوەر ناتوانرێ ئاوا گەردوون بخوێنیەوەو بە (پەیڕەو)کردنیشی ڕابگەی، پەیامی خودا لە کتێبیکی بچوك لەبەردەستدایە دەتوانی تێی بگەی وپەیڕەویشی بکەی.

[1] اصول الكافي ج١ ص ٥٨

٢- عەقڵ دەتوانێ ڕاستەوخۆ لە واقیع بگا بەڵام بە درەنگەوە دەتوانێ ڕاستی بدۆزیتەوە، دوای دۆزینەوەشی ڕاستی وبەرژەوەندی لێ تیکەل دەبێ، ناتوانێ بێلایەنانە بێت لە حوکم وهەڵوێست وبۆچوندا.

٣-لەبەر ئەوەی خۆ ویستی زۆر کاریگەرە بەسەر عەقڵ ناتوانین عەقڵ وەك ئامرازی جیاکردنەوەی هەق وناهەق هەژمار بکەین٤-لە پیشوش باسمان کرد دەروازەکانی زانیاری وەرگرتن لەلایەن عەقلەوە دەروازەی سەلامەت نین، هەندی جارهەڵخەڵەتینەرن، زۆر بە ئاسانی ولەلایەن هەمو کەسیکی ئاسایی ڕاستیەکان نادۆزرینەوە.

٥- سنورداری عەقڵ بۆ تیگەیشتن لە پرسە قوول وچارەنوسسازەکان... بە کورتی زانایان پێیان وایە عەقڵ تێکەڵیەکە لە ڕوح ومادە بۆیە ناتوانێ ڕۆلی پەیام ببینی، بۆ هەمو ئەوانەو بۆ ئەوەی پیوەرێك لەسەرووی عەقلە خۆویستیاویەکان ڕاستی مەوزوعی بپاریزی پێویست بە پەیامە.

لێرەوە پێویست بەوە دەکا بزانین واقیع وڕاستی لێك جیان، واقیع ئەودیمەنەیە کە بە هەستەکان وێنەی لە عەقڵ دروست دەکرێ، کاتێ گولێکی سور وجوان دەبینین وادەردەکەوێ ناسنامەی ئەو گولە سوورە کەچی ناسنامەی ڕەنگی ئەو گولە شتێکی ترە، ئەو گولە تەنها ڕەنگی سور وەرناگرێ ودەیداتەوە بەو شیوەیەناسنامەی راستەقینە بە عەقڵی ئاسایی (بەهۆی هەستەوە) بە شپرزەی دیاری کرا، زۆربەی فەیلەسوفان ڕایان وایە کە هەستەکان هەڵخەڵەتینەرن ڕاستیەکان بەسەلامەتی ناگوازریتەوە بۆ مێشك، لەوانەی پێچەوانەن جون دیوی دەلی زیهنمان واقع بە راستی وەردەگرێ[1] واتە هەست هەڵخەڵەتاندنی تیدا نیەو واقع و ڕاستی جووت دەبن، کەچی ساغ بوویتەوە هەستەکان هەمو دەم بەسەلامەتی وێنەکان

[1] جون لویس- مدخل الی الفلسفة ص٢٧٨

ناتوانن بۆ مێشك نەقل بكەن، لەوەوە ئەو واقیعەی لای عەقڵ دروست دەبێ جووت نابێ لەگەڵ ڕاستی، ئەو جووت نەبوونەش دەكەویتە سەر ئاستی عەقل، ئەو عەقلانەی زیاتر لە ژێر كاریگەری هەستن ئەوا لای ئەوان واقیع وڕاستی لیك دوور ترە، ئەو پۆلە عەقلە زیاتر زانیاریەكانیان (زەناویە)، كەواتە نابتە هەلە ئەگەر بلێین هەر عەقلیك هەرمرۆڤیك واقعیكی كۆمەڵایەتی ومێژوویی و سروشتی جیا دەبینی لەگەڵ یەكیكی تر، لەوەوە دەردەكەوێ فرە واقیع هەیە بەلام یەك ڕاستی هەیە، یەكێ لەڕۆلەكانی پەیام وپەیامبەران ئەوە دەبێ ئەو خەلەلەی نێوان عەقڵ وڕاستی چاك بكاتەوە، پیغەمبەرانن بەتەنهاعەقڵ ونەقلیان پێكەوە هەلگرتوەو هیچ جۆرە ناكۆكیەكی عەقڵی ونەقلیان نیە، كەواتە عەقڵی دروست و پەیامی ڕاستەقینە تیك ناگیرێن، پەیوەندی نێوان عەقڵ ونەقل دیالكتیكی نیە وەك هەندیك وای بۆچون، فهد عبدالقادر الهتار لە توێژینەوەیەكی ئەكادیمی ئیسلامی زانكۆی سەنعا بەناوی(جدلیه العقل والنقل فی الفكر الإسلامی)، لەو سەردیرەو ناوەڕۆكی زۆر خراپ بە هەلەداچوە، نێوانی عەقڵ ونەقل(جەدەلی) نیە، بەلكو دەق (نەقل) چەسپاوەو بەشیكە لە ڕەهەندی دوەمی بونەوەر، ناگۆڕێت ئەوەی دەگۆڕێ عەقلە، ئەگەر وا ڕێكەوت عەقڵ ناكۆك بێت لەگەڵ دەقی دەستكاری نەكراو، ئەوا عەقلە لە دەقەكە نەگەیشتوە، ئەگەر عەقڵ دژ بەدەق بیت ئەوا ئەو عەقلە دژی عەقڵی تریشە پیش ئەوەی دژ بە دەق بێت، بزوتنەوەی عەقڵ بەرەو ڕاستیە بەرەو تەباییە لەگەڵ دەق، نەك پێچەوانە..بۆیە پەیوەندیان جەدەلی نیە، بەشیك چارەی ئەو كێشەیان بە زال كردنی عەقڵ داوە، هەندیكمان لەوانە پیشوو تر باس كرد ئەهلی كەلام و ئیمام رازی وئیمام محمد عبدە تا ڕادەیەك بەو ئاڕستەیە چوینە، ئیمام ابن تیمیە لە كتێبی(درء التعارض..) باشتری بۆچوەو دەڵێ پیش ئەوەی لای عەقڵ بگرین یان نەقل جارێ لەپیشدا بزانین (تعارض) لە نێوان عەقڵی دروست ونەقلی (صریح) هەیە؟ دەڵێ نەخیر، لەو سەردەمەی گەشەی عەقڵ و فەلسەفە ئەو

(تعارضة) یەکجار زۆر کەم بوویتەوە، چونکە گەشەی عەقڵ وفەلسەفە بەرەو هینانەدی ڕاستی وپەیام دەدا.

لە سەروو تر گەیشتینە ئەو ئەنجامە ڕوونە کە بە هۆی (ئامانجداری کاری عەقڵی) بزوتنەوەی مێژوو و کۆمەڵگە گەشەیەکی پیشکەوتنانە وەردەگرێ لە خوارووڕا بەرەو سەروو، ئەو گەشەیەش هەر سێ ڕێسای گەشەی بەسەر پەیڕەو دەبێ، بۆ کۆمەڵگە ئاوا خورد دەبێتەوە:

١- لەسەرەتای گەشەی مێژوویی کۆمەڵگە فاکتەرەکانی دەرەکی(سروشت، ژینگە، دەوروبەر، نەریت، ڕابووردوو، بنەماڵەیی، ئابوری سروشتی، جنس، کۆمەڵایەتی..باقی کاریگەریە ستونیەکانی بەدەر لە کۆمەڵگە) زۆر زال بوو بەسەر چالاکی تاك وکۆ، تاکیش دیلی کۆمەڵگەی بچوك بوو.

٢- لەو قۆناغە جولەی مێژوو زۆر هیواش وسست دەبێ، بەرەبەرە خیرا دەبێ لەگەڵ چالاك بوونی فاکتەرە ناوەکیەکانی.

٣- بەرەرە کاری کۆمەڵگە لە کاری ماسولکەی سادە وەردەچەرخێ بۆ کاری عەقڵی و وەرچەرخانی کۆمەڵگە لە ژێر کاریگەری فاکتەرە ستونیەکان بۆ ئاسۆییەکان.

٤- پەیوەندی جارانی کۆمەڵ(لەسەردەمی ماسولکە)لەگەڵ سروشت ڕاستەوخۆ بوو، بەڵام لە دوای گەشەو(سەردەمی عەقل) ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆ نامینیت، ئامێر و ئامراز(تکنۆلۆجیا)دەکەویتە نێوانیان، لە ئەنجامدا زیاتر کۆنترۆڵی سروشت دەکا، ئەوەش مانای سیفەتی بوونی مرۆڤ بە(خلیفە) لەسەر زەوی، تەنها سەر زەوی، ویچووی پەیوەندی یەزدان بە بوونەوەرە کە ڕاستەوخۆ نیە، بەڵکو لەڕێی (ئامرازی)یاساکانی سروشتە(کە لە قورئان بە زاراوەی —امر-گوزارشی کردوە)، ئاواش مانای(خلیفە)ایەتی مرۆڤ ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ سروشت کارنەکا بەڵکو لە ڕێی ئامراز، لەگەڵ زیاد

بوونی ئامراز زیاتر کۆنترۆلی سروشت دەکاو ڕەت دەبێ لە هەمو پۆلەکانی ژیان، بەڵام هەرگیز ناگاتە کۆنترۆلی تەواوکە تەنها لەتوانای خودایە، ڕێك ئەوسنورە بریتیە لەمەداو مەودای شارستانی مرۆڤ کە پەیامی مرۆڤە لە بونەوەر.

٥- لە هەمو بارەکان رۆڵی فاکتەرەدەرەکی وناوەکی لە پلەی پێویست کەم تر نابیتەوە.

لەو ریسایانەی سەروو (گەشەی مێژوویی کۆمەڵگە) چەند ڕاستیەکی گرنگ وەك ئەنجام دەدەنەدەست :

١- لە چوارچیوەی پێویستی گەشەی کۆمەڵگە وکردنەوەی عەقڵی تاك وکۆ پێویستی بە فاکتەری دەرەکی پەیام و پەیامبەری وا هەبوە کە هەم مرۆڤ بن و هەم پێغەمبەریش، واتە ئەو فاکتەرە دەرەکی بێت وەك پێغەمبەر ناوەکیش بێت وەك مرۆڤ ڕەهەندی یەکەم بن وەك مرۆڤ و ڕەهەندی دوەم بن وەك پێغەمبەر، ئەوەش وادەخوازێ یەکەم کەس لەسەر ئەو زەویە هەم مرۆڤ بیت هەم پێغەمبەر.

٢- ئەو پەیامە لەسەرەتا بە ژمارەیەکی زۆری پێغەمبەران پێویستە وەك فاکتەری دەرەکی، بەرەبەرە لەگەڵ کەم بوونەوەی ئیعتمادی گەشەی کۆمەڵگە لەسەر فاکتەری دەرەکی ئەوا ژمارەی پێغەمبەرەکان بەرەبەرە کەم دەبێتەوە.

٣- گەشەی کۆمەڵگە دەگاتە ئاستێك کە فاکتەرە ناوەکیەکان گەیشتونە ئەو قۆناغەی کە خود ڕەو بن، پێویستی بە هاتنی پێغەمبەران کەم دەبێتەوە، سنوورێك بۆ هاتنی پێغەمبەران لە قۆناغێکی گەشەسەندووی کۆمەڵگە دێت.

ئەو زانیاری وشریعەتانەی پێغەمبەرەکانی سەرەتای جیایە لەوەی کە لەدوا

قۆناغی گەشەی کۆمەڵگە دێت، لەوەوە هیگل بەهەڵەداچوو کە ووتی هاتنی پێیغمبەران وئاینی جوداجودا گوزارشە لە گەشەی بیرورِا لە سەردەمی جیا[1]، دوای ئەویش فەلسەفەی مارکسی هەمان هەلەی کرد کە ئاینی لەگەڵ فکروفەلسەفەو زانست ونەریت ریز کرد لە (سەرخان) ووتی ژیرخانی ئەوانە ئابوریەو هەر گۆرانێك لەو ژیرخانە گۆران بەدوای خۆی دەهێنێ لەسەر خان (زانست، ئابووری، سیاسەت، فەرهەنگ، ئاین)، نەخێر گۆرانی ئاین پەیوەستە بە قۆناغەکانی کۆمەڵگە، کەواتا هاتنی دوا پێغەمبەر دەبێ کۆمەڵگە گەشتبێتە قۆناغێکی عەولەمی سەرەتایی، هەڵبەتە لەسەردەمی (ح.عیسی) نەگەیشتبوێ، بۆیە دەبێ پێغەمبەری تر بێت، لەو ساتە مێژوویییە تەنها پێویست بە دوا پەیام وپێغەمبەر دەمێنێ، ئەوەش بنچینەی مانای(خاتم الأنبياء)ە وزەمینەی فەلسەفی ئاینی ئیسلامە، بەلاّم لە هەمو بارەکان چۆن پێویستی بە فاکتەری دەرەکی دەمێنێ ئاواش گەشەی کۆمەڵگە پێویستی بە پەیام دەمینێ، چونکە لە رووی واقعیشەوە (گەشەی عەقلیش) پێویستی بە فاکتەری دەرەکی هەیە بۆیە حوکمی عەقڵ بە تەنها ناتوانێ رابەرایەتی و پیشرەوایەتی گەشەی کۆمەڵگە بکا، بۆیە پەیامی ئاینی ئیسلام بەکار دەبێ تا کۆتایی گەشەی کۆمەڵگە، ئەوزانیاریانەی سەرووپالپشت بە زانیاری مێژوو نیە، بەڵکو پالپشت بە ریساکانی گەشەکردنە کە لە پیشوو تۆمارمان کرد، (نور على النور) کە زانیاری مێژووش هەروادەڵێ، واتە بەلگەی هاتنی پەیام وپەیامبەران هەر لە رێی زانستی مێژوو وخودی پەیامەکان قەتیس نابێت، ئەوەتا لە رێی یاساکانی فەلسەفە هەمان راستی دەدۆزرێتەوە.

لەو پەیوەندیەی عەقڵ وپەیام ئەگەر بە ئەندازەی خۆی رێك نەخرێ ئەوا یان گومان دروست دەکا یان دووچاری پەرەگری دەبێ، وەك لە سیستەمی مەزنی

---

[1] ماركسية القرن العشرين ص١٥٣

دووڕەهەندی کەمێکمان باس کرد، کە ڕۆڵی عەقڵ ومرۆڤ کارلەسەر ڕەهەندی یەکەم (مادە-خلق-..) دەکاو بەهۆی ڕەهەندی دوەم(یاسا-پەیام-هۆ..)، ڕێکخستنی پەیوەندی عەقڵ ونەقل ئالێرەیەکاری عەقڵ گۆڕینی رەهەندی دوەم نیە وناشگۆڕێ، تەنها کاری ئەو گۆڕینی ڕەهەندی یەکەمە، ئەوانەی پێیان وایە ئەو سنورەنیە لەنێوان (عەقڵ ویاساو پەیام-نقل) ئەوا سیستەمی عەلمانی لێ دروست دەبێ کەبناغەکەی لەگومان لەڕاستی ڕەهەندی دوەمە، کە لەبڕگەی داهاتوو باسی دەکەین.

عەقڵ وگومان

گومانی سەلبی لە ئاستی بیری فەلسەفی هەتا لەسەر ئاستی ژیانی ڕۆژانە ناگاتە دلنیایی لە هیچ ڕوویەکەوە، نەشیانتوانیوە بگەنە ئاستی پەیڕەوی وپیادەیی، سەرچاوەی گومانی ئادەمیزاد بەرامبەر خودا وئاین لەوە دێت خودا بەرجەستە نیە، هەست پێکراو نیە بەشێوەی ڕاستەوخۆ، ئەنجامەکانی دەماودەست نیە، بۆیە کەمێك لە (خۆبایی) عەقڵ بەرەو گومان دەچێت، بۆیە بە پێچەوانەی بیری مارکسی وهمنگوایی ئەبوعەلامعری وهوایتهید و ئەنجلس و ستاندال..کە دەڵێن ئایینداری عەقلیکی لەنگ ودواکەوتوویی دەوێ..وانیەلە ڕاستیدا پێچەوانەی ڕاستە ئەگەر ئاین بەکەلتور نەمابوایە ئەوە خەڵکی ڕەشۆکی وعەقلە بێهێزەکان مولحید دەبوون نەك ئاییندار چونکە عەقڵی سەرەتایی وادەبینی ئەو سروشتە بە یاسا دەڕواو ئاسەواری خوای پێ نادۆزریتەوە، زانست وپرۆسەیەکی عەقڵی باشی دەوێ کە ئاسەوارەکانی خوا لەو بوونەوەرە ببینیتەوەو باوەڕدار بێت، کەواتە مولحیدی وبێ باوەڕی لە عەقڵی لەنگ وناکامل سەر هەڵدەدا، لەو ڕەگ وریشە عەقلیە ڕاڕەوی گومان(مذهب الشك)یان دروست کردوە، بەشێکیش مەزهەبی (نازانم)ی سەلبی..، لە مێژووی فەلسەفە دەگوترێ یەکەم مەدرەسەی گومانی

بیرۆنیە (٣٦٥ — ٢٧٥ پ ز) لە یونان دروست بوە[١]، دوای جارێکی تر لـە سـەدەی ١٦ هاتەوە کایەوە، بەشێکیش پێیان وایە گومان لای هەمو بیریارێـك هەیـە هـەتا لای پێغەمبەرەکان هەبووە کە خۆی لە پرسیارەکەی (ح.ئیـبراهیم) گـوزارش دەکـا ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِـي الْمَوْتَى قَـالَ أَوَلَـمْ تُـؤْمِن قَـالَ بَلَـى وَلَــكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي﴾[٢]، اخوان الصفا دەڵێن (مؤمن ومسلم) لـەوەی لیـك جیـان موسـلیم گومـانی مـاوە[٣]، بەشـە ئیجابیەکـەی لەچوارچـێوەی (تیـۆری مەعریفـە) گومـان پانتاییەکی بەهێز لە بزوێنەری زانیاری دروست دەکات، وادەکات زیاتر لە بابەت و زانیاریەکانیش قووڵببێنەوە و لـە کۆتاییـدا پرۆسـەیەکی ئیجـابی دروسـت دەکـات (بەتایبەتی ئەو گومانانەی بەنیازی دڵنیایی بەرپادەکرێت)، بەشیکە لە پاڵنـەر بـۆ قوول بوونەوەو توێژینـەوەی زیـاتر، دیکـارت لـە کارەزانستیەکانیشـی تـەنها بـەبێ گومان بۆ بیرکاری چوەو ووتویـەتی ئەکزیۆمـەکانی دیـارن وئەوپرۆسـانەی سـەروی ئەوانەش بریتین لەهەنگاوی سـەلمینەری دیـار، لـەوانی ترگومـانی هـەبوە، لـەبواری فەلسەفی لەبیرکردنەوە دەسـتی پـێ کـردوە، ووتویـەتی مـادام وامـن بیردەکەمـەوە کەواتە هەم، فیختەش وەك دیکارت بە(خۆم)دەستی پێ کردوە، عادەتەن ئەو جـۆرە پرۆسەیە لە گومانەوە بەرەو دڵنیای مسۆگەری(یەقینی) دەڕوات، هـەروەك زۆربـەی کارەکانی دیکارت وابوە، بەگشتی ڕەوتی فەلسەفی هەرتاکیك لەو جیهانـە بەچـەند قۆناغیك تێدەپەڕێ، لەسەرەتای بیری فەلسـەفی جـۆرە یاخیـەك بـەخۆ دەبینـی لـە نەریتـە چەسـپاوەکانی ئـاینی وکـەلتوری دەوروبـەری، دوای گومـان لـە زۆربـەی پیرۆزیونەریتەکانیان دەکا، دوای زیاتر گەشەی بیری گومانـەکانی دەبێتـە (یقـین)،

---

[١] د.عدنان علی رضا النحوی- المسلمون بین العلمانیة وحقوق الأنیسان الوضعیة، ط ١ ١٩٩٧م، دارالنحوی للنشر-ریاض ص ٣١- ٣٢

[٢] سورة البقرة-ایة٢٦٠

[٣] من رسائل اخوان الصفاء وخلان الوفاء رسالة رقم:٣ص٣٧٥

ئـەو قۆناغـەی یقـین تەمـەنی کورتـەوزۆر دیـاردەی شـازلەو یقینـە لـە سروشـت و کۆمەڵگەکەی دەبینی وادەکا گومانی لیبکاتەوە، دوای قـوول بوونـەوەی فەلسـەفی زیاتر ئەو گومانەی دەبێتەوە یقین، ئەو جارە یەقینەکەی وەك کۆمەڵگە نیـە بـەڵکو پالپشـتکراوە بـە زانسـت وفەلسـەفەو عـەقلانی، یـان وەك ڕایەکـەی ئاینشـتاین ئـاینێکی چاوسـاغ، ئەگـەر ئـەو پرۆسـانە بـە هاوکێشـە گـوزارش بکـەین دەبیـنین قۆناغەکانی بیری فەلسەفی تاك لەتەمەنی خۆی بەو قۆناغە تیدەپەڕێ :

١-یاخی ٢-گومان ٣-یەقین لەو گومانە

٤-گومان لەو یەقینە نوێیە ٥- یەقینێکی تر...*

قۆنـاغی یەکـەم هـەمو جـۆرە بزوتنەوەیـەکی عـەقڵی دەگریتـەوە، هـەر تـەنها زانیاری پەیدابکەی ئەو دیاردە ڕوودەدا، زانیاری فەلسەفی سەرەتا گومـان دروسـت دەکا، لەو قۆناغە عـەقڵ ونـەقل تـەبا نـابن، لـەوەوە زانایـەك ووتویـەتی فەلسـەفە دەریایەکە پێچەوانەی دەریایەکانی تر لـە لیوارەکـانی دەخنکێـی نـەك لـە ناوەنـدو قوولاییەکەی، فرنسیس بیکۆن(فەیلەسـوفی ئینگلیـزی سـەدەی ١٦) زیـاتر ڕوونـی کردۆتەوەو دەڵێ کەمێك لـە فەلسـەفەلەخوات دووردەخاتـەوە، زۆریەکـەی لـەخوات نزیك دەکاتەوە، لەوەوە (یوحناسکوت -سـەدەی ٩) دەڵێ: دەمەوی فێـرە زانسـت و فەلسەفە بم تا بـاوەڕم بـەهێز بێـت[١]، لـە قورئـانیش زۆر داوای زانسـت و زانیـاریەو حیکمەی کردوە، داوای بیرکردنەوە لە بوونەوەر وئاسمان وزەوی..کردوە تا بـاوەڕ بـە هێز بیت، بەوانەعقیدە بـە هیـز دەبـێ(ئیمـان وئیسـلام) (ئـەعرابی و زانـا)..بـەوە جیادەکریتەوە، وەك ئیبن روشد ولەرسالەکانی ئیخوان سفاش واهاتوە:

---

* تەنها لەو پرۆسانە کەمێك لە تیۆرەکەی (هیگل و ئەنجلس) نزیك دەبینەوە کە ناونرا (سێ کوچکەی هیگل) و هەنگاوی تریش (نفی النفی).

[١] مدخل الی الفلسفة ص٨٤

کۆمەڵگە سێ بەشە:

١- رەمەکیەکە تەنها نوێژو رۆژی وئەرکە سەرەتاییەکانیان پێ دەکرێ.

٢-ناوەندیەکان هەندی تیگەیشتنی ئاینی پێ دەکرێ.

٣-تایبەتیەکان ئەوانە(راسخون فی العلم)ن دەگەنە هەمو ئاستێکی زانستی وفەلسەفی[1].

لێرە مانای ئایەتی ﴿وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ﴾[2] دەردەکەوێ کەماناو مەبەستی چیە، هیچ کەس یەقینی تەواوی نایەت هەتا نەگاتە قۆناغی پینج (لە ٥ قۆناغەکەی سەروو)کە لەزانست وفەلسەفەو فکرو ئاین تەواو توابیتەوە،، ئەو کاتی دەگاتە نزیك پلەی پێغەمبەرایەتی، لە مخیری وەردەچەرخێ بۆ مسیری وجبری، بەو مەنهەجە عقیدەیەی دەخویندرێ وبینیومانە ناگەیە ئەو پلەیە، بۆیە (عیبادەت) بەردەوامە، هەرچی پابەند بەو مەنهەجەش نەبێ ئەواهەربە یقین ناگات، کەواتە دەتوانین بڵێین فەیلەسوف ورەوشەنبیرە مولحیدەکان لە لیوار خنکاون زۆریان لە فەلسەفە نەزانیوە تەنها گەیشتونە قۆناغی دوو وسێ، لەراستیدا ئەوانەعەقلیان گەورە بوە ئێمە ناتوانین رەخنەیان لیبگرین بەو عەقلە بچووکەی خۆمان، بەڵام ئەوان ئەو عەقلە گەورەیان بە مەنهەج وپاڵپشت بەپەیام نەبوە کەرێی دوورت بۆ نزیك دەکاتەوەومەنهەجێکی دروستت بۆدیاری دەکا، لەوەوە لە لیوارەکان خنکاون زۆربەشیان کەوتونە بەردەستی دەسەلاتیکی زۆردار بەکاری هیناون، لەو رێسایەناتوانین بلیین بەتەواوی کارل مارکس وفریدریك ئەنجلسی دەگریتەوە، بەڵام مارکسیەکانی دوای خۆیان دەگریتەوە.

ئەو قۆناغانەی سەروو بۆ رەوت وتەمەنی فەلسەفی تاك بەسەر تەمەنی کۆمەڵگەش پیادەدەبێ، هەروەك ئادەمیزاد لەو سەردەمەدا بەقۆناغەکانی (یاخی

---

[1] من رسائل اخوان الصفاء..رقم:٣٧ ص١٢٤

[2] سورةالحجر-اية٩٩

-گومان-یەقین لەو گومانە-گومان لەو یەقینە نوێیە- یەقینێکی تر)، مێژووی گەشەی فەلسەفەوزانستیش هەر بەو قۆناغانەدا ڕۆیشت، لەسەرەتادا ئاین وزانیاری لەرێی پەیامەوە هاتوە، لەگەڵ دورکەوتنەوەی کۆمەڵگە لە سەرچاوەی پەیام بە خێرایی دەهاتنەوەسەر نەریتی کۆمەڵایەتی وکۆمەڵگەیەکی ستونی کۆتداری وادروست دەبوو زۆر بە زەحمەت گۆڕانی قەبوول بوو، بۆیە ئەو قۆناغەی سەرەتای زۆر دورودرێژبوو، ئاین ونەریت وکەلتوریان نارێك بوو لەگەڵ فەلسەفەوزانست، بۆیە زانست لەسەردەمی (تنوير) و شۆڕشی پیشەشازی فکری.. گومانی لەو واقیعە ئاینیە کرد کە باڵی کێشابوو بەسەر جیهان، بەهاتنی قوتابخانەکانی مارکسیزم —داورین- فرۆید- زانستی سەردەم گەیشتە (يقين مولحيد)، ئینجا دوایی فیزیاوزانستە سروشتیەکان پێش هەموو زانستەکان گومانی لەو (یەقینە) کردووە، ئێستا قۆناغی زانست لە گواستنەوەیە لە (گومان لەیەقین مولحيدی) بۆ (يقين ئيمان)، بەشێکی زۆر لە زاناو فەیلەسوفان کەزادەی قۆناغی سێیەمن لە قۆناغەکانی (گومان) کۆمەڵێك تیۆری فەلسەفی وزانستیان لەبارەی قۆناغەکانی کۆمەڵگە بەهەڵەیی دارشت، هەندیکی لێ هەڵدەبژێرین:

مارکسیەت: دڕندایەتی-بەندایەتی- دەرەبەگی- سەرمایەداری- سۆشیالیستی زانستی- شیوعیەت(ئاین نامینی).

-ئۆگست کۆنت: لاهوتی- میتافیزیکی- زانست[1]

-فریزەر: جادوو- ئاین- زانست

ابن خلدون: بداوە- خێڵەکی- دەوڵەت.

تۆینبی: هاتنەکایەوە- گەشە- داڕووخان- پارچە پارچە بوون- وێران

تەتەوریەکان: دڕندانەیەتی- خێڵەکی- ئیمبراتۆریەتی- پادشایەتی- کۆماری.

[1] مارکسية قرن عشرين ص١٤٤

کورندیسە: قۆناغی سروشتی-بەخیوکردن-کشت وکاڵ-یەکخوایی مسیحی-پیشەسازی-کۆتایی مێژوو دەبینین زۆربەیان ئەو قۆناغانە لە ئاینی بەرەو بێ ئاینی دیزاین کردوە، ئاین وزانست وفەلسەفەیان بە پێچەوانەی یەکتر داناوە، دەکرێ هەندێ ئاین وابن بەڵام گشتی نیە، شۆڕشی عەقڵی لە ئەوروپا دژبە دەقی مسیحی بووعەلمانیەتی دروستکرد، لەجیهانی ئیسلامی شۆڕشی عەقڵی دژ بە هەندێ لایەنی فقهە نەك دەق بۆیە عەلمانیەت لاوازدەکاوڕابوونی دروست کرد، هەر لەوەشەوە وەڵامی پرسیارێکی زۆر سەختمان بۆ سانا دەکاوکە بۆچی لەسەردەمی پێغەمبەرانی کۆن دەعوەو کەسب ئەوەندە قورس بوو کەچی ئیستا سانایە، جاروابوە پێغەمبەریك بە سال کەسیکی پێ ئیقناع نەکراوە کەچی ئیستا بزوتنەوەیەکی دەعەوی دروست ساڵانە هەزاران کەس ئیقناع دەکا..هۆیەکەی ئەوە نیە داعی ئیستا عاقڵ ترو دانا ترین لە پێغەمبەران بەڵکو عەقڵەکانی ئەو سەردەمە لە قۆناغی سێیەم بەسەروویەوە، ئاسۆی فەلسەفەی ئاینی بەرەو گەشە دروست کردوە، ئەو دیاردانەی خوارەوەش بەڵگەن:

١- لەو سەردەمەی ئێستادا پرسی گومان لەخوادا زۆر لاواز بووە، دەتوانین بڵێین لەحاڵی حازردا دام و دەزگا و دەوڵەت و کۆمەڵگە نەماوە دڵنیا نەبێت لەبوونی خودا، بەتایبەتی لەدوای ڕووخانی مەدرەسەی شیوعیەت لەکۆتایی سەدەی (٢٠). زۆربەی ڕەهای وڵاتانی جیهان لە دەستورەکانیان ئاینە خواییەکانیان بەفەرمی تۆمار کردووە، هەندێکی بە نمونە وەردەگرین : دەستوری یونان: لە هەردووماد‌ەی (١)و(٤٧)، دانمارك: مادەکانی (١، ٢)، نەرویج: مادە(١٢)، سوید: مادە(٤)، کولومبیا: مادە(٥٤)، کورسیکا: مادە(٦٦)، سلفادور: مادە(١٢)، اسبانیا: مادە(٦)، برتغال: مادە(٢٤)، بارکوای: مادە(٣)، أرجنتین: مادە(٢)..، زیاتر لەوەش هەندی وولات ئاین وەك مەرجی دەستوری بۆ شاو سەرۆکی وولاتی دیاری کراوە، لەوانە:

مادە(٤) لە دەستوری سویدی، مادە(٩) ئیسبانیا[1]...تەنانەت توکفیل بە پێچەوانەی هوبزو سپینوزا و..دەڵێ:بۆ ئەوەی دەولەتێکی مودیرن وئاسودە دروست بکەین دەبێ لەگەڵ ئاین ئاشتی بکەنەوە[2]

٢- بەشێکی زۆر لەزانایان ووردتر لە کۆنگرەی (هەزارەی سێیەم کەلە ئەمریکا گرێدرا) ناویان لەو سەدەیە ناوە سەدەی ئایینی.

٣-هەندێ ڕاپرسی گرنگ هەڵدەبژێرین، مەوسوعەی بریتانی لە ٢٠٠١بلاوی کردەوە کە لەجیهان ڕێژەی٢,٥ ٪ بە ڕاشکاوانە دەڵێن مولحیدین، ڕاپرسیەکی تری(bbc) لە ٢٠٠٤ لە ١٠ وولاتی کرد دەرکەوت لە١٧٪ بێ باوەڕن، ڕاپرسیەکی تری ٢٠٠٥ دەرکەوت زۆرترین گومانەاوی لە فرنسایە دەگاتە١٩٪، فاینانشیال تایمز لەساڵی٢٠٠٦ بۆی دەرکەوت سوید لەپێش هەمو جیهانە ڕێژەی باوەڕی تەنها١٥٪یە باقیەکەی تر مولحید نینە تیکەڵن لە گومان ونازانم ومولحیدی.

٤- تەنانەت ئەو زاناو فەیلەسوفانەی کەزۆر مولحید بووینە دوو دل بووینە، دەبینین هەڵوێستی تریشیان هەبوە لەسەر بوونی خودا: سبنسر خاوەنی تیۆری گەشە دەڵێ: ئەوەی نازانرێ لەو سروشتە هێزێکە لەهەموان پێویستترە، بێ ئەو وەلامی فەلسەفیمان نابێت، داروین دەڵێ هیچ لیکدانەوەیەکم بۆ ئەو هەمو بەکتریاومیکرۆبە نیە کە بەجیهان بلاوبووینەوە جگە لەوەی بلێم ئەوە خوا بلاوی کردوونەوە لە پیناو بەردەوامی ژیان[3].

٥- لینین کەزۆر دژ بە ئاین بوو لە توێژینەوەیەکی بە ناوی(الاشتراکیە

---

[1] أ.د. وهبة الزحيلي- فقه الإسلامي وأدلته- ط٤ / ٢٠٠٤م، دار الفكر المعاصر- ج٨ ص٦٣٥٦-٦٣٥٨

[2] د محمد ناصر- اختاروا إحدى السبيلين الدين او لادينية ص٥٠ (محمد ناسر سەرۆك وەزیرانی ئەندونیسیا بوو)

[3] ئەوانە لە (تاريخ فەلسەفه الحياه) وەرگیراوە.

والـدين- ١٩٠٥) دەڵـێ نـابێ بـیری مولحیـدی بخریتـە بەرنامـەی حزبـی بلشـفی...، روزا لوکسـمبورج لـە١٩٠٥ لـە نوسـینێکی بـەناوی(الکنیسـە والاشـتراکیە)دەڵێ سۆشیالیسـتە نوێیـەکانمان زۆر لـە پیـاوە ئاینیـەکان دلسۆزترن بۆ بنەما ڕەسەنەکانی مسیحی. مکسیم رۆدنسن ئەندامی (م س) حزبی شیوعی فرنسی کتێبێکی بەناوی (الماركسيه والإسلام) نوسی تیایدا باسی نمونەیەکی زۆری ویـك چووی ئـاینی ئیسـلام ودادگەری شیوعیەت کردبوو وداوای کردبوو ئەوسەروەریانەی ئیسلام بۆ بلاوکردنەوەی شیوعیەت بەکاربهینن، موریس توریز (سکرتیری حزبی شیوعی فرنسا) لـە٢٦تشـرینی یەکـەم١٩٣٧ لـە گەڵاڵەیەکیـدا بـە نـاوی (الشـیوعیون والکاثولیـك) دەڵـێ هـەردوولای مارکسـی و مسـیحی پەریشـانی دەربـازی کۆمەڵایـەتین بـەرەو ژیانیکی ئاسودەی یەکجاری، هەمان ڕاش لەلایەن ئەنجلسەوە لە نوسـینێکی بـەناوی (نقـاط الإلتمـاس بـین تـاریخ المسـيحية البدائيـة والحركـة العماليـة) دووبارەکراوەتەوە.

٦- روجـی غـارودی وئـەنجلس ولیـنین وزۆری تـر پێیـان وایـە کتێبـەکانی پێغەمبەرەکان بریتین لە زانیاری وپیداویستی سـەردەمی خۆیـان، ڕەنگـە بـۆ ئەو سەردەم شۆڕشگێر بووبن، وەك ئەنجلس ورۆجیـەغارودی دەڵـێن شۆڕشـی تۆمـاس منزیـر شۆڕشـیکی جوتیارانـەی کـرد داوای کـرد چـۆن هـەمومان لەبەردەم خودا یەکسانین، پێویسـتە لەسـەر دونیـاش یەکسـان بـین بەرامبـەر یاساو داهات[1]، مارکس وئەنجلس لە مانیفیستی شیوعی دەڵێن سەرکەوتنی ئـاینی مەسـیحی لـەکاتی خـۆی سـەرکەوتن بـوو بـۆ مێـژووش[2]، عبداللـە

---

[1] مارکسیه قرن عشرین ص١٤٧ وص١٥٠ ئەنجلس لە کتێبی (ثورة الفلاحين) باسی هەمان شۆرشی کردوە.

٢ مارکس– انجلس، بیان الشیوعی ص٦٤

ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کریکارانی کوردستان هەمان وەسفی لایەنەکانی ویّك چووی ئیسلام ومارکسیەت دەکاو ئیسلام بەشۆڕشگێڕ وەسف دەکا لەسەردەمی خۆی ودەڵێ شۆڕشێکی فیودالی بوە[١]، ئەنجلز زۆر لە مارکس و لینین دژ بە ئاین تر بوو کەچی لەهەندێ توێژینەوەی باسی لایەنە وێکچوەکانی ئاینی وشیوعیەتی کردوەودەڵێ: هەردوولا بزوتنەوەی میلی بوە دژبەزۆرداری، هەردوولا داوای ئازادیان کردوە دژی بەندایەتی بوون، ئەنجلز دەڵێ جیاوازیەکەیان ئەوەبوە ئاین دەڵێ خۆتان هەلگرن بۆ بەهەشت، سۆشیالیست دەڵێ نەخێر ئێمە لەسەر ئەو دنیایە بەهەشت دروست دەکەین[٢]، هەمان ئەو پەڕەگرافە مام جلال لە ووتاری گەڕانەوەی ئالای شۆڕش بۆ ناو (ی ن ك) دووبارەی کردەوە، هەر وەلاّمێکی کورت نەك لەناو ئاینی ئیسلام کە ئەو شریعەتەی بۆ دنیا هاتوە با دروشمی شۆڕشی ئاینی تۆماس مونزیر بۆ رزکاری جوتیاران لە ١٥١٣بریتی بووله: وامەزانن تەنها ئاسودەیی بۆ رۆژی دواییە بەلکو ئاینەکەمان ئەو بەهەشتە بۆ دنیا دەهێنێ[٣]..ئەوە وەلاّمی ئەوانەیە کە پێیان وایە ئاین بۆ دنیا نەهاتوە، ئاین و شەریعەت وپەیام بۆ ئەو دنیایەیە، دنیاو قیامەت دژی یەك نین بەلکو دادگەری دنیا زامنی قیامەتیشە، زاراوەی(ترك الدنیا) هیچ بنەمایەکی ئاینی ڕەسەنی نیە کە بوە هۆی دوور خستنەوەی ئاین و خودا لە توێژینەوە زانستیەکان.

** ** ** **

[١] عبدالله ئۆجەلان – هەلبژاردە ل٢١

[٢] ئەو زانیاریانە لە(مایكل لوفي- الماركسية والدين - ترجمة : بشير السباعي) وەرگیراوە.

[٣] ماركسية قرن عشرين ص١٥٠

بەو شێوەیە باوەڕ بە خوا بەرەو ساغ بوونەوەیەکی خێرا ڕۆیشت، گومانی ئاسمانی لاواز بوو هاتە سەر زەوی، بوونی گومان کەوتە سەر پێغەمبەران، لەناو میللەتانی جیهان سێ ئایینی سەرەکی هەیە(جاروایە ئیبراهیمیان پێ دەڵێن)، میللەتی هەرسێکیان باوەڕیان بە (ح.عیسا) و (ح.موسا) هەیە، یەهودی و مەسیحی لەنێوخۆیاندا هاریکاریەکی گرنگیان ئەنجامدا، بەوەی تەورات و ئینجیلیان لەیەك سیستەم کۆکردەوە، تەوراتیان ناونا (عەهدی قەدیم) و ئینجیلیش (عەهدی جەدید)، هەولیان داوە لەگەڵ زۆربەی ئاین ورێبازەکانی تر تەبایی بکەن ولەهەمان کاتدا تەبشیریش دەکەن. لەوکاتە زانایانی مسوڵمان نەیان توانیوە ئاوا سیستەمێك لەنێو مەزهەبەکانی ئیسلام ڕێکخەن (بەتایبەتی لەنێوان سوننە و شیعە)کە یەك کتێبیشیان هەیە، تاڕادەیەکی زۆر هەڵوێست وفتوای توندیان بەرامبەر یەکترو بەرامبەر ئاین ورێبازەکانی تر هەیە، کەم تریش فقهی ئیسلامی توانیویەتی لەگەڵ زانستی سەردەم ئاشنابن، بۆیە دەبینین ڕێك کۆمەڵگەی ئیسلامی دواکەوتووترینن لە جیهان، تا ئەو ڕادە لەیەك وڵاتیش دیزاینەکەی وایە موسوڵمانەکان لە خەڵکی تر دواکەوتو ترن، ئەوان سامانی ژێر زەمین دەفرۆشن وپێی دەژین کەچی خەڵکی تر ئەو سامانەی هەلگرتوە و تکنۆلۆژیاو بەرهەمی زانستی بەجیهانی ئیسلامی دەفرۆشنەوە.

بەوهۆیەوە زیاتر فشاری گومان کەوتۆتە سەر پێغەمبەری مسوڵمانان کە لەبنەچەدا پێغەمبەری هەموو جیهانە، گومانەکەش لە ڕووی فەلسەفی و زانستی لە تۆڕێك پرسیار کۆدەبێتەوە سەبارەت بە قورئان و زانیاریەکانی سەردەم، بۆیە بەشێکی تایبەت بەو گومانە دەخەینە بڕگەی داهاتوو.

گومان لە پێغەمبەرایەتی محمد(صلی اللەعلیە وسلم)

ئایا پێغەمبەر (موحەمەد) نێردراوی خودایە ؟ یان جادوکەریك بوە؟ ئەگەر پێغەمبەر نەبوە کوا دوا پێغەمبەر کەلە ئاینەکانی تریش باس کراوە؟ چەندە راستە قورئان بریتیە لە کۆی زانیاری فەلسەفی وزانستی وئاینی سەردەمی خۆی؟.. ئەوانەو کۆمەڵێك پرسیاری تری گومانی هەن بەکورتی چارەسەری کێشەیەکی گرنگی تر دەکەین، ئەگەر گومان لە (محمد) ڕەوێنرایەوە ئەوا ئۆتۆماتیکیانە لەسەر باقی پێغەمبەرەکانی تر دەڕەوێتەوە، چونکە ئاینی محمد نکولی ونەسخی ئاینەکانی پیشوی نیە بەڵکو تەواوکەریەتی.

لەسەدەی (٢١) و سەردەمی عەولەمە گۆڕانێکی مەزن لە فکری بەشەریەت هاتەکایەوە، کۆتایی بە تیۆرەکانی پەرەسەندن لە بایلۆجی و سروشت هێنا، ئەندازەی جینەکان (هندسە الجینات) جێی گرتەوە، لەسەر ئاستی گەردوونیش کۆتایی بە تیۆری گەردوون چەسپاو(کون الساکن) هات و گەردوونی (الکون المتسع) یان تیۆری (بیگ بانگ) جێ ی گرتەوە..، بەو شێوەیە گۆڕانکاری لە لقەکانی تری زانست لە کیمیا و فیزیا و مێژووتا دەگاتە بیرکاری کۆتایی بەو بەشە هات کە لە قازانجی فەلسەفەی ماددی بوو (جگە لە بەشێك لە فیزیای کوانتەم نەبێت)، ئەو وەرچەرخانە زانستیە کارێکی قوڵی کردە سەر فەلسەفە و کۆتایی بە فەلسەفەی مارکسی هێنا کە میراتگری فەلسەفەکانی ماددی یۆنانی کۆن تا دەگاتە فەلسەفەی تایلەر و فریزەر فیورباخ و داروین و لامارك و مورگان و جیمس و ریکاردۆ و... بوو، ئەوەش بە دەوری خۆی کاریگەری کردە سەر ئایدۆلۆژیا و دامو دەزگای سیاسی، بەشێوەیەك ئێستا هیچ دامودەزگایەکی سیاسی فەرمی لە جیهان نەماوە باوەڕی بە خوا نەبێت، مشت ومڕ لەسەر خودا کەم بۆوە ئیستا مشت ومڕ لەبارەی پیعمبەرایەتی، کۆمەڵێك ئایینی فەرمی لەسەر ئەو بنچینەیە لە دەستوری

وڵاتان تۆمار کراوە، کەواتا قۆناغی داهاتوو پرسیاری فەلسەفی و مەنتقی نەما لەبارەی خوابەڵکو لەبارەی خەلقی خوایە، لەبارەی ئاینەکانی خوایە لەبارەی پێغەمبەرەکانە، واتا پرسیاری مرۆڤی نوێ هەر لە بەرازیلەوە تا دەگاتە ژاپۆن لە بارەی سێ ئاینە سەرەکیەکەو پێغەمبەرەکانیانە، زیاتر ئەو پرسیارە ڕوو لە پێغەمبەری ئیسلام دەکرێ، جارێ با بزانین بەڵگەی پێچەوانە چیە؟

بەڵگەکانی دژ بە محمد:

١-لەلای ئاینیان نەخویندەواری محمد کراوەتە بەلگە بۆ پێغەمبەرایەتی ئەو هەمو زانیاریە.. کەچی وەڵامی فەلسەفەی مولحیدی ئەوەیە دەڵێن ئەبوعەلای معەری چاوی نەبوە گەورەترین داهاتی هونەری وفەلسەفی وفکری هەبوە، تەها حسین و زۆر نمونەی تری وا هەیە.

٢- لەکۆنەوە ئەو تیبینیە هەیەو دەڵێن بۆ پێغەمبەران لە ناوچە پێشکەوتوەکانی وەك ئەوروپا نەهاتوە بۆ تەنها لە ناوچە عەشایەرو دواکەوتوەکان هاتوون، (امام عبدالفتاح امام) لە پێشەکی کتێبی (المعتقدات الدينية لدى الشعوب) بە ووتەیەکی (فارنکتون) دەست پێ دەکاو دەڵێ: من أن فكر إذا ظهر في الغرب كان فيلسوفا وإذا ظهر في الشرق كان نبياً!. هیگلیش ڕایەکی نزیك لەوە هەیەو دەڵێ (الأديان المختلفة ليست إلا مراتب مختلفة من نموا فكر البشري)[1].

٣- لەلایەن توێژەرو رۆژهەڵاتناسێکی زۆر محمد بە پێغەمبەر ناوزەد نەکراوە بەڵکو بە وەسفی(عەبقەری، پالەوان، زۆرزان، گەورەترین نەخشەکیش وپلان دارێژ..) کراوە، مەبەستیان ئەوەیە بلێن بەو زۆر زانیەی خۆی قورئانی

---

[1] ماركسية القرن العشرين ص١٥٣

بەناوی خوا نوسیوەو سەرکەوتووبوە، بەهەمان شێوە بۆ (ح.مسیح) جۆرج حنا وەسفی زانایی وفەلسەفی بۆ داتاشیە دەڵێ بەڵام بۆ ئیقناع کردنی خەڵکی ئەوزانیاریانەی دەدا پاڵ خودا[١].

دەڵێن (ح.محمد) لەسەر دەستی کۆمەڵێك زانای ئاینەکانی تر وانەی وەرگرتوە، ناوی ورقة بن نۆفل، وعبیدالله بن جحش وعثمان بن الحویرث، وزید بن عمرو بن نفیل..دێت.

٤-سودی لە فەلسەفەی هندی وچینی ومیسری ویۆنانی وەرگرتوە، بۆ پەیرەو کردنیش سودی لەشارستانی فارس وەرگرتوە تا ڕادەیەك ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی(جیب) لە کتێبەکەی(المذهب المحمدی) ئەو باسانەی زیاتر کردوە، جورج حنا دەڵێ پێغەمبەرایەتی ح.مسیحیش دوای ئەوەی هات کە بە نهێنی سەردانی هندی کردبوو لەوێ فێر بوو[٢].نیلسون بایك لەکتێبی(الله واللازمانیه) وجۆن ئۆدینیل لە کتێبی (الثالوث المقدس والزمانیة) دەڵێن (لازمانی) فەلسەفەی ئەفلاتونی کەوتە نێو ئینجیل[٣].

٥-دەشڵێن ئاینی محمد لەسەرەتادا تەنها بۆ شاری مەکە بوو، بۆ عەرەب بوو، دوای کەسەرکەوت ئینجا بوە جیهانی، لە عەشایریەوە بوە نەتەوەیی و دوایش بوە کۆسمۆپۆلۆتی[٤].

٦-ڕۆژهەڵات ناسی ئەلمانی(گیرمی هۆرت) لە کتێبیکی بەناوی(محمد) دەڵێت لەسەرەتادا محمد نەیوت من نوێنەری ئاینێکی نوێی خوایی دەکەم، بەڵکو تێکۆشاوە لە پێناو چاکسازی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی جیاوازی هەژارو

---

[١] قصة الإنسان ص٢٦
[٢] قصة الإنسان ص٦٣
[٣] بول- دیفیز- الإقتراب من الله ص٥٤
[٤] عباس محمود عقاد-مایقال عن الإسلام ص٥٧

دەوڵەمەندو هەندێ بنەمای تری سۆشیالیستی، دوای بیری دوارۆژ هاتە کایەوە بۆ فشار لەسەر نەیارانی، لەو بارەیەوە د.جورج حنا دەڵێ پێغەمبەرەکان سۆشیالیستی بووینە پیش ئەوەی سۆشیالیستی بیتە کایەوە[1]، لە باش ترین دۆخیاندا مدرسە فلسفیەکان هەولیان داوە ئەو پەیامەی پێغەمبەران بەند بکەن بەسەردەمی خۆیان، (هیگل، مارکس، ئەنجلس، رۆجیی غارودی..) بە قوولی باسی ئاوایان کردوە پیش رۆژهەڵاتناسەکان[2].

٧- بەشێکیش وای بۆ دەچن کە ئەوەی محمد شۆڕشە نەك پەیام، دەڵێن محمد توانی لەو شۆڕشە هەندی نەریتی شایەکانی ئەو سەردەم بگۆری بەڵام نەیتوانی ئارەزووبازیەکانی بەرامبەر ئافرەت بگۆڕێو کۆمەڵێك ژنی هەبوەو سیستەمی کەنیزەش لەدوای خۆی لە خەلیفەکانی لە شایەکۆنەکان رەتیدابوو، دووبارە دەڵێن بەلگەی ئەوەی شۆڕشە نەك پەیام لەو کاتی موسوڵمانان چونە پێش ئەگەر پەیام بوایە ئەوە بەردەوام دەبوون لە پێش کەوتن بەڵام چونکە شۆڕش بوو حوکمەکەی کورت خایەن بوون وئێستا موسوڵمان دواکەوتوترین میلەتی جیهانن.

٨-لەبارەی قورئانیش هەولیان داوە کۆمەڵێك هەلە بدۆزنەوەگۆستاف لۆبۆن لەکتێبی (حضارة العرب) دەڵێ قورئان ناگاتە ئاستی کتێبی هندۆسیەکانیش، جۆلد سەهیر لە کتێبی(المذاهب الإسلامية) بلاشیر له(معضلة محمد) بەهەمان شێوە(الموسوعة الكاثوليكية) و نیکلسۆن وزۆری تر.. دەڵێن محمد سودی لە تەورات وئینجیل وزەبوور هەندێ(نصوص القديمه) و زانستەکانی ئەوسەردەم بەتایبەتی یۆنانی وەرگرتوە.

---

[1] قصة الإنسان ص٦٥

[2] بروانه: ماركس– انجلس بيان الشيوعى ص ٦٤ ،هتروتها: ماركسية قرن عشرين ص١٥٠...

٩-سپینوزا و روجی غارودی وئەنجلس ولینین پێیان وایە کتێبی پێغەمبەرەکان بریتین لە زانیاری وپیداویستی سەردەمی خۆیان، رەنگە بۆ ئەو سەردەم ئیجابی بووبن، شۆڕشگێر بووبن، وەك ئەنجلس ورۆجیەغارودی نمونەی دروشمی شۆڕشی تۆماس منزیر دەهینەوە[١]، سپینوزا زۆربەی گومانی لەوە دروست بوە دەڵێ کتێبی پێغەمبەرەکان بریتین لە وەڵامی کێشەو زانیاریەکانی سەردەمی خۆیان ئەوەش نیشانەیەکی بەشەریە نەك خوایی[٢] هێگلیش هەروا دەڵێ بوونی ئاینی جیاجیا گوزارشە لە گەشەی بیری ئادەمیزاد[٣]، لەکۆنەوە ئەو پرسە بە جۆریکی تر گوزارش دەکراو دەیان ووت پێغەمبەرەکان بۆ ئیستا نەهاتون ولەوەوە ابن حزم لە (الملل والنحل)وەڵامی داینەوە وبەشێکی بە ناوی(الرد علی من زعم أن الأنبیاء لیسوا أنبیاء الیوم) تەرخان کردوە، بەکورتی دەیانەوێ بڵێن ئەگەر ئەو ئاینانەش بۆ سەردەمی خۆی توخمی ئیجابی تیدا بێت ئەوە بۆ ئەو سەردەمەی ئیستا ناشێ، ئەوە گەورەترین مادەو پاساوی کمال ئەتاتورك بوو لە مشت ومڕی نێو پەرلەمانی تورکیای رۆژانی ١و٢ و٣ی ئاداری ١٩٢٤ کە بوە هۆی هەلوەشاندنەوەی خەلافەت لەو پەرلەمانە، تا ئیستاش ئەو تەنزیرەی بەسەرچوونی ئاین گەورەترین زەخیرەی مانەوەی سیستەمی عەلمانیەتە، لەو ڕوەوە بەشیك لە بیریارانی ئیسلامی (زیاتر ڕیفۆرمخواز یان مودیرینخوازانیان پێ دەوترێ- نصر حامد ابو زید، محمد ارکون، حیدرحیدر، محمد عابد الجابری..) ئەو بۆچونەیان هەیە، دەڵێن ئەوناووشوینانەی لە قورئان هاتوە بە

---

[١] مارکسیة القرن العشرین ص١٤٧ وص١٥٠ ئەنجلس لە کتێبی (ثورة الفلاحین) باسی هەمان شۆرشی کردوە.

[٢] رسالة فی اللاهوت والسیاسة ص١٤٥ وص١٦٨

[٣] مارکسیة القرن العشرین ص١٥٣

ڕوونی دەریدەخا کە ئەو قورئانە لە ئەوروپا بوایە جۆرە دارِششتنیکی تری تیدا بوو، ئەوە گەورە بیریاری ئیسلامی عبدالکریم سروش زۆر بە سەرسامیەوە ئەو ڕایەی (فضل الرحمن) دەگوازیتەوە کە دەڵێ: پەیامی پێغەمبەر بە ئاشکرا بارودۆخ وئاستی زانیاری ئەو کاتی یەسەرەوە دیارە[1]، دەڵێن ئایەتەکانیش پڕە لە ڕووداوو ناوی ئەو سەردەم..

بەکورتی ئەوە بەڵگەکانی ئەوانەیە دەڵێن قورئان پەیام نیەو محمدیش پیامبەر نیە، بەڵکو محمدلەزیرەکی خۆی وای دەرخستوەولیشی سەرکەوتو بوە.

لەگومانەوە بۆ دڵنیایی

یەکەم : بەڵگەی فەلسەفیی وزانستیی:

هەڵبەتە لە بەشەکانی پیشوو کار ئاسانیمان بۆ دەکات کە پێویستیمان بە گەشتێکی فەلسەفی قوڵ نەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچوونانەی دژ بە محمد، بەڵکو زیاتر ئەو پانتاییە فەلسەفیە پێویستە کە لەگەڵ زانستی نویٚ تێکەڵ بوە، دووەم پێویستمان بە (کتاب المنیر) ئەو کتێبە ئاسمانیانەی ڕاستەقینەن (بێ دەسکاری)، بەڵگەی گەلێ زۆر دژ بە (محەمەد) پێشکەش کراوە بەشی زۆری وەڵامی پێویستی درایەوە، ئێمە ناچین بەلای ئەو وەڵامە کلاسیکیانەی زاناو نوسەرانی پیشوو پێی هەڵساون، لێرەزیاتر بەلای ڕەهەندی فەلسەفی ئەوبۆچونانە دەچین زۆر بەکورتی، بەو شیوەیەی خوارەوە:

١- محەمەد خوێندەواری نەبووە، تەها حسین وئەبوعەلای معەڕیش نەخوینەوار وبێ چاو بووینە، بەڵام ئەوەی محمد هیناویەتی لە باسی تەواوی لایەنەکانی

---

[1] عبدالکریم سروش-ئاین لەسەردەمی مودیرنێتەدا ل١٩٢

زانست و فەلسەفە و سیاسیەت و مێژوو و کیمیا و فیزیا و ژیانناسی...هتد کردووە، زۆربەی زانا و فەیلەسوفەکان تەنها توانیویانە لە یەك لایەن پسپۆر بن ئینجا هەڵەشیان کردووە، براتراند راسل دەڵێ ئەگەر فەلسەفەی کۆن زۆر بەووردی هەڵسەنگینین یەك ڕستەی دروستی تیدا نامێنێ، بۆیە ئەو بەراوردە زانستی نیەو زۆر لاوازە.

١-ئەو جۆرە زانست و زانیاریانەی لەو سەردەمی کە لەنێو فارس و هند و چین و یۆنانی هەبوو لە وڵاتی جەزیرەی عەرەبی هەر نەبووە.

٢- لەبارەی ئەوەی ئاینەکەی لەسەرەتادا لۆکالی بوویێ ڕۆژهەڵاتناس(سۆندەریز) دەڵێ ئەگەر لۆکالی وتایبەت بە عرب ومەکە بوایە ئەوا نامەی بۆهەرقەل وکیسراو شای حەبەشە نەدەنوسی[1].

٣- سەرەڕای ئەوانەی سەرووش پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر لقێکی گرنگی زانستی ئەو سەردەمە بکەین کە بنچینە بوو بۆ تێڕوانینی فکری ڕەوشەنبیری ئەو سەردەمە لە تەواوی جیهان، ئەویش بریتیە لە تێڕوانینی ئەو سەردەمە بۆ گەردون، ئەو تێڕوانینەش بنیات نراوە لەسەر هەردوو سەرچاوەی گەورەی (مەجەستی) کە لەلایەن (بتلیمۆس) نووسرابوویەوە، هەروەها (حول السماوات-یان-السماء والعالم) کە لەلایەن (ئەرستۆ) نووسرابوەوە، کتێبی تریش هەبوون بەڵام پڕ بوو لە (خرافیات)، هەرچەندە ئەوانەی (بتلیمۆس) و (ئەرستۆ)ش ئەفسانە(خرافیات)ی تێدابوو، کتێبە ئاسمانیەکانیش دەست کاریکراو هەبوو ڕەسەنەکان نەمابوو[2]، بەڵام بەهەر حاڵ ئێمە هەلوەستە لەسەرئاستی هەرە بەرزی تێکڕای ڕەوشەنبیری ئەو

[1] عباس محمود عقاد-مایقال عن الإسلام ص٥٧

[2] بۆ سەربردەی دەستکاری ئەو کتیبانە بروانە: سپینوزا-رساله فی اللاهوت والسیاسه بکە.

کاتی مرۆڤ دەکەین، کەواتە بە بەراوردێك لەنێوان زانستی بەشەری ئەو سەردەم و زانستەکانی قورئان لەبارەی گەردوون بەو خشتەکە بکەین.

زانستی بەشەری لەبارەی گەردوون لەو سەردەمە	زانستی قورئان..
١- پێیان وابوو پێکاتەی زەوی لەگەڵ ئاسمان جیایە	لەقورئان پێی وایە یەك پێکهاتەن.
٢- پێیان وابوو زەوی لە (زەڕە) پێکهاتوە ئاسمانیش لە (لامادی).	٢- لە قورئان باس لە ئاسمان و زەوی دەکا کە لە زەڕە پێکهاتووە.
٣- وایان دەزانی ئاسمان ڕووتەختە و ئەستێرەی پێوە لکاوە.	٣- لە قورئان بەوشێوەیە باسی ناکات.
٤- پێیان وابوو لە ئەسلدا ئاسمان و زەوی لێك جیایە	٤- قورئان دەڵێت (زەوی و ئاسمان) یەك پارچە بووە، (أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ كَانَتَا رَتْقاً فَفَتَقْنَاهُمَا)
٥- نەیان دەزانی زەوی و ئاسمان لە ئەسلدا لە دۆخی ڕەقی نەبوونە	٥- لە قورئان (.. وهي دخان)
٦- ئەستێرە و هەسارەیان پێ لێك نەکراوە.	٦- لەقورئان لێك جیاکرایتەوە

فەلسەفەی کۆن زۆر بە توندی داکۆکیان لەوە دەکرد کەمادەی ئاسمان جیایە لەگەڵ مادەی زەوی، ئەوەی ئاسمان لە ناوناچێ، یاساو ڕیساوپێکهاتنی ئاسمان لەگەڵ زەوی لیك جیایە، بۆیە فەیلەسوفە ئاینیەکانی وەك ئیبن روشد وئیبن سیناش تەسلیم بەو بۆچوونە بە هیزە ببون لەبەر کۆدەنگی زانست وفەلسەفەی ئەو سەردەم،، کەچی لە قورئان بە پێچەوانەی ئەو بۆچونە دەڵێ:

١-ئاسمان وزەوی یەکن و هەردوولایان لە ئەتۆم پیکهاتون : ﴿.. لَا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ..﴾
٢- لەبارەی یەکێتی یاسای ئاسمان وزەوی هاتوە: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَن تَقُومَ السَّمَاء وَالْأَرْضُ بِأَمْرِهِ..﴾[1].
٣- لەبارەی کارنامەی ئاسمانیش وەك زەمین بە سیستەمی(هۆو ئەنجام) هاتوە: ﴿مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاء ثُمَّ لِيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ﴾[2].

لەهەموان گرنگ تر هیچ زانستێکی بەشەری وئاینی باسی ئەوەی تیدانیە کە ئاسمان وزەوی یەك پارچە بووینە ئینجا لیك کراینەوە، لە قورئان بە ڕوونی ئەستیرەی بە ڕووناکی دەر ناوزەد کردوەو هەسارەو مانگیشی بە ڕووناکی دەرەوە وەسف کردوە، کەچی زانستی ئەو سەردەم وکتێبە بەناو ئاسمانیەکانیش تیکەل وپیکەلیان کردبوو، جاریش وایە ڕیك پێچەوانە وەك ئەو ئایەتەی ئینجیل بە پێچەوانەی هیناوە (فان نجوم السموات وجبابرتها لا تبرز نورها. تظلم الشمس عند طلوعها والقمر لا يلمع بضوءها)[3]، یان وەك لەو ئایەتەی موسەیلەمەش پێچەوانەی کردۆتەوە (والشمس وضحاها، في ضوءها ومجلاها. والليل إذا عداها، يطلبها ليغشاها ،أدركها حتى أتاها،واطفأ نورها فمحاها) نە نورەو نەدەشکوژێتەوە.

لەگەڵ زۆر بەراوردی تر، بوار نیە ئەگینا بەراوردی ئاستی زانستی ئەو سەردەمی لە ڕوەکانی کۆمەڵناسی و ئابووری و مێژووی و کیمیایی و فیزیایی و تا دەگاتە یاسایی و فەرهەنگی... بەوشێوەیە بوو، قورئان خۆشی لەو کاتی داوای

[1] القران الكريم- سورة سبأ اية٣، سورة الروم اية٢٥
[2] سورة الحج - - آية ١٥
[3] كتاب المقدس، عهد الجديد(اش ١٣: ١٠)

لیکردوون کە با بەراوردو زانیاری لەسەر کتێبە کۆن وئاسمانیەکان بکەن، داوای خویندنەوەی لیکردوون نەك بزر کردن وشاردنەوەیان:(فان كنت في شك مما انزلنا اليك فاسال الذين يقرؤون الكتاب من قبلك لقد جاءك الحق من ربك فلا تكونن من الممترين)[1].

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە ئاخۆ ئەگەر قورئان لە جەزیرە دانەبەزیبوایەو لە سوید دابەزیبایە جۆرە ئایەت ورووداوی تری تێدا دەبوو؟ ئەوەی جورئەتی بەو گومان و تێڕوانینە داوە پرسی نەسخ و(اسباب النزول)[2]ە کە بەو شێوەیە نیەو جارێکی تر دارشتنەوەی دەوێتەوە وەك نوسەری گەورەی کورد (عبدالکریم فتاح) لە کتێبی (میزان)بۆی چوە، نەخیر..، ئەوە نیە قورئان ناوی وەك (اسکندر ذو القرنين) تیدایە، ناوی یەئجوج ومەئجوجی تیدایە باس لە رووداو دەکات دوور لە جزیرە..، لە ڕاستیدا قورئان بۆ تەواوی کۆمەڵگەو بۆ هەمو سەردەمەکانیش هاتوە، بەڵام کە باسی ئەو ڕووداوانەی جزیرەی کردبێ ئەوا ئەو جۆرە ڕووداوانەن کە ڕەهەندی ئاسۆیی وستونی زەمەنی ومەکانی جیهانی تیدایە.

---

[1] سورة یونس ایة٩٤

[2] نمونەیەك لە بەستنەوەی قورئان بە ڕووداوەسادەکانی جزیرە وەرگرین، ئایەتی (والسماء والطارق... النجم الثاقب) وەرگرین لەکتیبی (ابی الحسن علی الواحدی النیسابوری -اسباب النزول- ص٢٥٠) دەڵێ ئەو ئایەتە تایبەت بە (ابی طالب) هاتە خوارێ کە پیغمبەر(ﷺ) نان وماستی بۆ هینا لەو کاتە ئەستیرەیەك لە ئاسمان کەوتە خوارەوە کەوتە ناو ماستەکەو بوە ئاگر!! گوتی ئەوە چیە ووتیان ئەوە توانای خوایەو ئەو ئایەتە بەو بۆنەیەوە هاتە خوارەوە..لەکاتیکا لەو سەردەمە هەمومان دەزانین هەر ئەستیرەیەك لەو ئاسمانە زیاتر لە ملیۆن جار لە زەوی گەورەترەو ئایەتی (والسماء والطارق..) گەورەترین ئایەتی گەردوونیە زانستی ئەو سەردەمە زۆری ماوە لە رەهەندەکانی بگا.

دووەم : بەڵگەی کتێبە ئاسمانیەکان

کتێبی پیرۆز لە جیهاندا گەلێ زۆرن، لەوانە : ڤیدا، ئاڤێستا، کۆنفۆشیۆسی، مانۆ، زەبور، تەورات، ئینجیل..تا دەگاتە (نصوص قدیمە)ی میسری وسۆمەری..، لەبەر دەسکاری سروش و بیری مرۆڤ تێکەڵ کراوە زۆر بەزەحمەت لێك جیادەکرێتەوە، ئەوەی شارەزای ئەو کتێبانە بێت بە سانایی بۆی دەردەکەوێ کە زیاتر وەسفی خودایە بە لەنگی، یان ووردتر پەخشانە بەسەر خودا بە پێی (وزن وقافیە)، جار وایە لەبەر زۆر خۆشەویستی خودا بەهەڵە وەسفیان کردوە، ڕەنگە زۆربەمان ئینجیل وتەورات ومەزمورمان لا هەبێ خوێندنەوەی ئاسانە زانیاری و هەواڵی گەردوونی وسروشتی وای تیدا نیە قورئان سودی لێ وەرگرتبێ، بەڵام هەموشیان کتێبی ئاسمانین دەبێ یەکتر پاسادان وبە هێز بکەن نابێ ناکۆك بن، هەرچی (نصوص قدیمە)ی سۆمەری وبابلی و میسری.. ئەوا (ڤالیس پدگ)لە کتێبی (اوزیوس وعقیدة البعث المصرية) دەڵێ ئاینەکانی ابراهیم وموسی وعیسی و محمد هەمان وەسفی خودایە کەلەو (نصوص)انە هاتون، کەچی بە سەرنجیکی خێراش بەو (نصوص)انە وانیە، دەردەکەوێ تەنها (ترتیلەو پەخشانە) ڕووبەڕوو لەگەڵ خودا نهێنی ودەنگ وباسی سروشت وبوونەوەری تیدا نیە، تەنانەت ئەوەی بەسەر خوداش دەگوترێ زۆر لەنگە، هەندیکی لێ هەڵدەبژێرین: لە (نصوص)میسریەکان لە هەمان کتێب باسی خودا دەکا دەڵێ: تۆ خۆت خۆتت دروست کردوەو دەتوانی دروستی بکەیتەوە، پیر دەبی بەڵام خۆت گەنج دەکەیەوە، لە کتێبی (ریتچارد-نصوص الشرق القديم) هاتوە وەك دەقی خۆی: (بطل الألهة ايها الأب نانا، صاحب الملك الكامل، بطل الألهة انت، انت المولود الذى انجب نفسه بنفسه..). ناکرێ ئەوانە سروش بن بەڵام ڕەنگە ڕەچەڵەکەی سروش بیت بەو دەست وئەو دەست وای بەسەر هاتوە، ئەگەر وەك خۆی بمابوایە ئەوا ئەو کتێبانە تیکڕا

وەك (سیفاتی ڕاستی) هەمو یەکتریان تـەواو دەکـردو مـژدەی هـاتنی پـاش خۆیـان دەدا، ئەگینا بە ڕوونی لە زۆربەی ئەو کتێبانە نـاوی پێغەمبـەر (ﷺ) هـاتووە، لـە ئینجیلی برنابا کەوا مەزەندە دەکرێ سەلامەت تـرین کـۆپی ئینجیـل بێـت، لـەوێ گفتوگۆیەکی نێوان قەشەیەك و (ح. عیسا) بەو جۆرە پێشبینی هـاتنی پێغەمبـەر (محەمەد) کراوە، لە بەشی(٩٧): (فقال حينئـذٍ يسـوع : " إن كلامكـم لا يعـزيني لأنه يأتي ظلام حيث ترجون النور ولكن تعزيتي هي في مجيء الرسـول الـذي سـيبيد كل رأي كاذب فيّ وسيمتدّ دينه ويعمّ العالم بأسره لأنه هكذا وعد الله أبانـا إبـراهيم وأن ما يعزيني هو أن لا نهاية لدينه لأن الله سيحفظه صحيحاً " أجـاب الكـاهن : " أيأتي رسل آخرون بعد مجيء رسول الله ؟ فأجاب يسوع : "لا يـأتي بعـده أنبيـاء صادقون مرسلون من الله، ولكن يأتي عـدد غفـير مـن الأنبيـاء الكذبـة وهـو مـا يحـزنني لأن الشـيطان سـيثيرهم بحكـم الله العـادل فيتسـترون بـدعوى إنجيلـي). لەبەشـی(٩٥) ئایەتـەکانی ٣-٥ لـەبارەی پێغەمبـەری دوای خـۆی قەشـەیەك لێـی دەپرسی و (ح.مسیح)یش وەڵامـی دەداتـەوە (..انـه مكتـوب في كتـاب موسـى أن الهنا سيرسل لنا مسيّا الذي سيأتي ليخبرنا بما يريد الله وسـيأتي للعـالم برحمـة الله، لذلك أرجوك أن تقول لنا الحق هل أنت مسيّا الله {تعني رسول الله} الذي ننتظره؟ أجاب يسوع : حقاً أن الله وعد هكذا ولكـني لسـت هـو لأنـه خلـق قبلـي وسـيأتي بعدي)[1].

کەواتا هەردوو تەوەری سەروو کۆدەکەینەوە لەو پرسیارانە وەڵامیشە بـۆ بـوونی (محەمەد) وەك دوا پێغەمبەری خوا:

پرسیاری یەکەم: ئەگەر یەك خوا نەبوا ئەوا بۆچی هەموو پێغەمبەرەکان لەلایەن یەك خوا نێردراون، ئەگەر خوای تر هەبووایە ئەوا دەبوایە پێغەمبەرێکی بناردبوایە

[1] انجيل برنابا- فصل٩٥ اية(٣-٥).

کەواتا کێشەی (فرە خوایی) مان نیە.

پرسیاری دووەم: ئەگەر (ح.عیسی) دوا پێغەمبەر نەبووبێ وەك هەموو ئایینەکان دانی پێ دەهێنن، و دانیش بە (محەمەد) ناهێندرێ وەك دوا پێغەمبەر لە دوای (ح.عیسی) ئەی پۆچی تا ئێستا پێغەمبەرێکی تر نەهاتووە ئەوە ٢٠٠٠ ساڵی خایاند کەچی لەو سەردەمی لەدوای ٥٠٠ ساڵ پێغەمبەرێك دەهات.

کەواتە محەمەد دوا پێغەمبەری خوایە و بۆیەش تا ئێستا گەورەترین کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە بە پلەی یەکەم هەیە.

** ** **

کۆتایی بە وەڵامی پرسیارە فەلسەفیە ستراتیژیەکان هات، لە خوداوە بۆ بونەوەر، لەوێشەوە بۆ کۆمەڵگەو هاتنی ئاین و پێغەمبەران، ئێستا نۆبەی پرسیاری ئایینە دژ بە مولحیدان و دەپەڕینەوە بۆ بەشێکی سەربەخۆ.

بەشی هەشتەم

هەڵوەستەیەکی فەلسەفی لەگەڵ دیزاینی مەزن

دیزاینی مەزن ناونیشانی کتێبێکی زانستیە لەلایەن هەریەك لە (ستیڤن هۆوکینگ) و (لیونارد ملۆدینۆ) نوسراوە، زانای گەورەی فیزیای کوانتەمن، ستیڤن باوەڕی بە فەلسەفە نیە و هەر لە سەرەتای کتێبەکە دەڵێت فەلسەفە مردووە، بۆیە ئەرکی وەڵامی پرسیارە فەلسەفیەکانیش دەخاتە سەر زانست بەتایبەتی کوانتەم، کەچی ئەو کێشەیەی لەو کتێبە دروستی کردووە پرسە فەلسەفیەکانە، هەوڵی داوە تاکتیکی (فەلسەفە مردووە) و دیکتاتۆریەتێکی زانستیش بەکاربهێنێ، وەڵامی پرسیارە گەردوونی و فەلسەفیەکان لەسەر خۆی تاپۆ بکات، ئەوە لەو کاتەیە ڕابوونی فەلسەفە لە جیهانی نوێ وا بەرێوەیەو بۆ یەکەم جارە (یۆنیسکۆ لە بڕیارێکی لە ٢٩-٧-٢٠٠٥) ڕۆژی ٣ی مانگی ١١ی هەمو سالیکی کردە ڕۆژی جیهانی فەلسەفە[١].

بە پێچەوانەوە زۆربەی زانایان وزانایانی فیزیایی بە تایبەتی بۆ هەر دۆزینەوەیەکی زانستی لە پیشدا بیرۆکەیەکی فەلسەفیان لە بارەی هەبوە وەك ئاینشتاین وهایزنبرگ بە ڕوون تر دەڵێن توێژینەوەی زانستی لەسەر بنچینەی بیری فەلسەفی دەکرێ، (لانگیڤان) دەڵێ تیگەیشتن لە فەلسەفە تیگەیشتنیکی قوولت لە فیزیای نوێ پیدەدا، (ڤایتسیگر)دەڵێ مەحالە بێ فەلسەفە بتوانی لە فیزیای

---

[١] المؤتمر العام-یونسکو دورة:٣٣باریس، ٢٠٠٥م القرار:١٧١م ت-١٥ -.

نوێ بگەیت[1]، زیاتر لەوەش (فریتگۆف کاپرا)لەکتێبی(الطاویة الفیزیائیة) دەڵێ فیزیای نوێ ویچووی بیروڕای فەلسەفەی رۆژهەلاتی کۆنە[2]...زۆری تریش، چەندە خۆش بوو بۆ خۆشی لەسەرەتاوە کتێبێکی فەلسەفی لەبارەی (خوا و گەردوون) بنوسیایە، ڕایە فەلسەفیەکانی تێدا باس بکردایە، زۆر ئاسایی بوو، ئایینی ڕاستەقینە ئازادی بێ باوەڕی پێداوە.

ئەو لە پێشووتر لە کتێبی (موجز تاریخ الزمن) وەك باوەڕدار دەردەکەوێ بەلاّم لە دیزانی مەزن بە پێچەوانەوە، هێشتا ستیڤن بەتەواوی لەنێوان (بوون و نەبوون، دروستکەر و دروستکراو، هونەر و هونەرمەند، باوەڕودار و بێ باوەڕ..) ساغ نەبویتەوە، مەرج نیە زانای گەورە فەیلەسوفیکی گەورەش بێت وەك ئەنتۆنی فلوو دەڵێ زۆربەی زانا گەورەکان هەژارن لە فەلسەفە[3]، سەرەڕای هەموو ئەوانەش ستیڤن مافی خۆیەتی و تاوان نیە ئادەمیزاد باوەڕی نەبێ، بەلاّم دیکتاتۆر نەبێ لە دیالۆگ و باوەڕی بەوە هەبێ وەلاّمی پرسیارە نەمرەکانی ئادەمیزاد میراتی یەك لقی زانستی یان فەلسەفی نیە، لەسەر ئەو بنچینە دیموکراسیە هەڵسەنگاندنێکی فەلسەفی بۆ کتێبەکەی (دیزاینی مەزن) دەکەین.

ستیڤن چۆن لە ئایین گەیشتووە

کێشەی ئەو زانایە و کتێبەکەشی دووبارە بوونەوەی زۆربەی ڕایە فەلسەفیە کلاسیکیەکانە لەبارەی ئایین و خودا، ئەو وەك کۆنە فەیلەسوفە مادیەکان واتێگەیشتووە ئایین لەلایەن مرۆڤەوە لە ئەنجامی نەزانین و زاڵ نەبوون بەسەر

---

[1] الفلسفة والفیزیاء ج١ص٢٧

[2] بۆل دیفیز- الإقتراب من الله – ص٩٨

[3] ٩١ There is agod how the worlds most notorious atheist
A.fluo - changed his mining p

سروشت هـاتووە، وای بۆچـووە ئـایین لـە تـرس و تارمـایی و نەخۆشـی و بورکـان و خۆرگیران هاتووە، بۆ ئەو زانیاریەشی بەتەواوی نەهاتۆتە سەر دەقـی بـاوەڕپێکراوی ئاین، زیاتر ئەو کتێب و دەقـە ئایینیانـەی بـەکارهێناوە کـە گومـانی دەسـتکاری کردنیان لیّ دەکریّ یان ئەفسانەیین.

ڕاستە ئەوانە هەندیّ جار ڕای ئایینی ئیسلامیش بەکاردەهێنن بەڵام زیـاتر ڕای فیقهی ئیسلامی بەکاردەهێنن نەك دەق، هـەموو لایـەك دەزانـین بەشـێکی زۆر لـە ڕای فەقیهە ئیسلامیەکان سەبارەت بە یاساکانی سروشت پەیوەندی بە ئیرادەی خوا و یاساکانی (هۆ و ئەنجام) زۆر لاوازە، غزالی وەك دافید هیوّم رەئـی ئـەوەبوو هـۆو ئەنجام نیە، بەڵکو بە پێی زنجیرەی زەمـەنی وادیتـە بەرچـاو، هـەروەها بەشـیك لـە فیزیـای کوانتـەم لەوانـە(هایزنبرك) یەکـەم جـار لەسـالی ١٩٢٧ نوسـی ئەگـەر لـە (ئێستا) بگەین بە ووردی (داهاتوو) بە ئاسانی دەزانین، ئـەو ووتـی کێشـە ئەوەیـە ئێستا نازانین چیە هۆی دیارنیە،.. کەواتـە کوانتەمیـەکان پـێش ئـەوەی کێشـەیان لەگەڵ ئاین هەبیّ کێشەیان لەگەڵ زانست وفەلسەفە و لەگەڵ (هۆو ئەنجام) و(یاسای سروشتی) هەبوە وەك هەندیّ زاناو فـەقیهی ئـاینی، بـۆ تـەنها ئـەو لەنگیـە تـەنها لەسەر ئاین هەژمار دەکریّ، تەنانەت(واینبرگ) لە کتێبی(DREAMS OF FINAL THEORY) دەڵێت ئاینیەکان وایان دەزانی رۆژو ئەستیرە مادەی نـەمرن ولـە خـوا نزیکن، ئیستا دەرمان خست بریتین لە تۆپەلە گازو کیش ویاسا چـی لـە بـەردێکی سەر ئەو زەویە زیاتر نیەوئەستیرەکانیش نەبوونە گەورەیی خوا[1].

کەچی ئەوە ئاین نەبوو ئاوای دەوت بەڵکو فەلسەفەی یۆنانی نزیك لە پەیڕەوانی ئەرستۆ ئاوایان دەووت..لەگەڵ زۆر نمونەی تر، لەسـەر ئـەو بنچـینەیە سـتیڤن وەك زانـا و فەیلەسـوفانی (فریـزەر، تـایلۆر، هۆڵبـاخ، لاپـلاس، فیوربـاخ، ئـەنجلیس..)

[1] الفيزياء ووجود الخالق ص٣١

واتێگەیشتووە تا زانست پێشبکەوێت ئەوا ئاین و فەلسەفەی میسالی وبوونی خوا لاواز دەبێ، بەو پێیەی کەسانێك دڵسۆزانە (گوایە) دیفاع لە ئاین دەکەن، بەناوی ئیمام و فەقیهو زانای ئایینی گوزارشتێکی فەلسەفی- ئایینی یان داوە لەبارەی پرسی فەلسەفی زۆر گرنگ و لێشی سەرکەوتوو نەبوینە، بۆتە مەیدانێکی خۆشی ئەو فەیلەسوفانە بە ستیڤن هۆوکینگیشەوە.

لەوبارەیەوە غەزالی دەڵێت : (إن انتشار الكفر في العالم يحمل نصف أوزاره متدينون)، دیفید میلزیش لە کتێبی (atheise univers) دەڵێ کتێبی پیرۆز کارگەی بێ باوەڕیە بۆ زانایان، یەکی تر دەڵێ کنیسە ببوە ناوەندی بەرپاکردنی مولحیدی[1].

ریتشارد داوکینز دەڵێ: خوا لە (عهد القديم) وادەردەکەوێ بکوژوقین لەدلو خۆویستی بێ بەزەیی و رەگەزپەرست بێت، فریدریك نیتشەدەڵێ : لە مسیحییدا ئاین وئەخلاق هیچ پەیوەندیەکیان بەواقع نیە دژی ڕاستیشە، مارك توین: ئاین ئەوەیە باوەڕت هەبێ بە زانینێك کەدژی ڕاستیە.. بەشێکی زۆر بە ناوی ئاین قسەیان کردووە پسپۆر نەبووینە لەو بوارە، بواری ئەوان (فیقهی ئەحوالی شەخسی) بووە، کۆمەڵێك زانا و فەیلەسوفی گەورەی مەسیحی وئیسلامی لەو بارەیەوە هەبوونە، بەڵام لەلایەن ئەو ئیمام و فەقیهانە لەخانەی ئیسلام دەرکراون، بۆیە بەرەی عەقلی و فەلسەفی ئایینی زۆر لاواز بووە بەرامبەر هەر هێرشێك.

لەسەر ئەو بنچینەیە بۆ ئەو زانا و فەیلەسوفە مادیانە وا دەرکەوتووە کە کۆڕاییەك لەنێو ئایینەکان هەیە کە دان بە یاساکانی سروشت و (هۆکار)ی مادی ناهێنن، لە ڕاستیشدا واهەست دەکرێ زۆربەی پیاوانی ئایینی دڵتەنگن بە زاراوەکانی وەك :(یاسای سروشتی) و (هۆکاری مادی) و دەستکەوتی زانستی....،

---

[1] الفيزياء والوجودالخالق ص٢٥

بۆیە ئێستاش هەر شکستێکی زانستی دەبێتە مادەیەکی خۆشی گوتاری هەینی مامۆستایانی ئاینی، زیاتر لەوەش وەختێك ناو لەزانست و فەلسەفە و تەواوی مەعریفە نرابوو (عیلمی شەیتان)، هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش (یاسای سروشتی) یەکێك لە حەرامەکانی پیاوانی ئایینی مەسیحی بوو، کەچی یاسای سروشتی و(اسباب) بە ڕاستەوخۆیی باس کراوە، بە تایبەتی لە قورئان، هەرچی یاسای سروشتیشە بە (امر) هاتووە.

لەنێوان ئەو ئیمام و فەقیهە ئیسلامیانە و فەیلەسوفانی وەك فارابی و ئیبن روشد و ئیبن سینا و سیف الدین ئامەدی دیالۆگی لێك تێگەیشتن نەکراوە، بە پێچەوانەوە بەتهافت الفلسفە(١٠٩٥ ز)ی غەزالی، التهافت التهافت ابن رشد (١١٨٠ز) وەڵامی یەکتریان داوەتەوە، ڕەنگە عاملێکی دەرونی (خۆویستی) ڕێگربووبێ هەروەك ئیستاش ڕێگرە، ئەویش ئەوەیە وەك هۆوکینگ چۆن لێرە دەیەوێ زانست و فەلسەفە قۆرخ بکات لە (فیزیای کوانتەم) کە خۆی لێ ی شارەزایە، ئاواش بەشێکی زۆر لە فەقیهە گەورەکان زانستی ئایینیان لە فیقهی ئەحوال شەخسی قەتیس کردووە کە خۆیان لێ ی شارەزان، ویستویانە بڵێن ئەوەندە ئاینە لەوەی بەدەر لەوەی کە ئێمە لێی نازانین ئەوە ئاین نیە، ڕەنگە فەیلەسوف وحەکیمانی ئیسلامیش بابەتی فقهیان بە هەند وەرنەگرتبێ، دیالۆگیان نەکردوە، ئەوەش وای کرد دان بە گرنگی فەلسەفە و فیقه و تەفسیر و مێژوو.... هەریەکە لە شوێنی خۆی نەنرێ، نەکرانە پاڵپشت بۆیەکتر، لەبەرامبەردا بویری بەستیڤن وپیشینەکانی دا کە تیۆری وا گەلالە بکەن.

دیزاینی مەزن چی دەڵێت:

بەکورتی دیزاینی مەزن لەدەوری کۆمەڵێك پرسیاری نەمری فەلسەفی دەسوڕێتەوە، بۆ ئێمە هەین؟ ئەگەر گەردون و سروشت بەو شێوەیە نەبوایە ئێمە

دەبووین؟ کێ ئەو دیزاینەی داناوە؟ئایائەو دیزاینە پێویستی بە دیزاینەر هەیە؟ بۆ ئەو هاوکیشانە کاردەکەن ئی تر کار ناکا.. لەگەڵ کۆمەڵێك پرسیاری تر، دەڵێ وەڵامی هەمو پرسیارە زانستی وفەلسەفی وفکری و..لەهەناوی زانست وەرگرە بێ پەنا بردن بۆ خودا[1]، ستیڤن و (لیونارد ملۆدینۆ) ناوی نەبردوون ئەگینا لە بنەچەدا لایبنتز وهوایتهید ویلەر.. خاوەنی ئەو پرسیارانەن، لەهەموان نزیك تر لەو پرسیارانە (دیڤیز) هەڵوەستەیەکی زۆری لەسەر هەمان ئەو پرسیارانەی ستیڤن کردوە پیش ئەو، لایبنتز وەڵامیشی دایتەوەو دەڵێ: ئەو جیهانەی ئێمە خوا وای هەلبژاردوە تا گونجاوترین بیت بۆ بەردەوامی بوون وژیان[2]، هەندێ فەیلەسوفی تر وەڵامیان وایە: لە ئەسلدا خوا بۆیە بوە تا ئێمە ببین[3]، ئینجائەو لە هەوەل بڕیاری ئەوە دەدا فەلسەفە مردووە وناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، لەناو زانستیش پێ ی وایە تەنها فیزیا و لەناو فیزیاش تەنها لقی (کوانتەم) دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، پالپشتی کردۆتە سەر ئەکزیۆمێکی هەڵە و دەڵێ دەتوانین یاساکانی بایۆلۆجیا دابەزێنینە خواروو تر بۆسیستەمی کیمیاوفیزیاو..[4]، ڕاستە ڕەهەندێك لەیاساکانی فیزیایی وکیمیایی وبایۆلۆجی لە یاسای میکانیکی پیك هاتوە. بەڵام پێچەوانەی ڕاست نیە، ناتوانرێ یاسای میکانیکی بەسەر بایۆلۆجیا وکۆمەل پەیڕەو بکرێ.

لەسەرەتای کتێبەکە باسێکی مێژووی فەلسەفە و زانستی کردووە، هەوڵی داوە بۆ وەڵامی (هەبوونی خودا) وەك تیۆرەکەی (فریزەر، لاپلاس، ئەنجلس..) دەقی ئەفسانەش بهێنێتەوە، لەو ڕوانگەوە گوایە لەسەرەتا زانستی ئەفسانە و فرە خوایی

---

[1] دیزاینی مەزن ل٢٥١

[2] مدخل الی الفلسفة ص١٢٨

[3] المثالیة الألمانیة ص٣٦٤

[4] فیزیاء العقل البشری والعالم من منظورین – فصل٦ اعتراضات ستیفن.. ص١٩١

هـەبووە، دوایـی بـەرە بـەرە لەگـەڵ گەشـەی زانسـت جـێ ی (فکـرەی خـوا بـوون) لەمێشکی مرۆڤی نوێ تەسك بوویتەوە، لەجیاتی ئەو یاسـای سروشـت و (زنجیرەی هۆکار و ئەنجام) دەدۆزرانەوە، تا ئەو ڕادەیە ئینقیلابی زانسـتی و فەلسـەفی لەسـەر (ناوەندیەتی زەوی و ئادەمیزد)یش لەگەردوون کرا، دەرکەوت ئێمە تاکـە گـەردوون نین بەڵکو (10^{500}) جـۆرە گـەردوونی جیـا هەیـە، هـەروەها هەسـارەکەمان تاکـە هەسارە نیە کـە ژیـانی لـێ خولقـا بێـت، بـەڵکو لەوهـەموو گەردوونـە بەهـەزاران هەسـارەی تـری وەك زەوی خـاوەن شارسـتانیە، لـەبارەی پرسـیاری ئـاخۆ کـێ ئـەو گەردوونەی دروست کردووە، کە پێ ی وابووە ئەو پرسیارە بۆسەیەك بووە هیچ زانـا و فەیلەسوفێك لێ ی دەرباز نەبووە، ئەو بۆیەکەجارە لێ ی دەردەچێ، ئەو دەڵێ لـە بنەچەدا فکرەی (گەردوونی وەستاو) یان (قـدم العـالم- ازلـی و ابـدی) لەسـەردەمی تالیس وئەنکسامیندەر وئەرستۆ و پتلیمۆس لەکتێبی (مەجەستی) هاتوە، ئەوا بۆ ئەوە بوو ڕوو بە ڕووی ئەو پرسیارە نەبنەوە ئاخۆ کێ گەردوونی دروست کردووە.

ستیڤن پرسـیارە کلاسـیکیەکە دوبـارە دەکاتـەوە دەڵـێ ئەگـەر خـوا گـەردوونی دروست کردبێت ئـەی کـێ خـوای دروسـت کـردووە؟ بـەڕای خـۆی چارەسـەری ئـەو پرسـیارەی کـردووە، بۆیەکـەم جاریشـە چـارەی پرسـی (خلـق)ی کـردووە، وەڵامـی فەلسەفی پەیدابوونی (مادده) لە (هیچ)ەوەی دایتەوە، ئەو دەڵێ لەسەرەتادا مادە و هیچ شتێك نەبووە، تەنها (کێشێك)ی ئەوەندە کـەم لـە نزیـك سـفر هـەبووە، ئـەوە بویتە هۆی خولقاندنی مادە و لەوێوە بەتیۆرەکەی (big bang)ی دەبەستێتەوە، بەو شێوەیە ئەو دەڵێ تەواو فیزیای کوانتەم کۆتایی بەجەدەلی هەزاران ساڵەی بوون و نەبوونی خودا هێنا.

ئێستا دەرکەوت کە چۆن بۆ بەڕێوەچوونی گـەردوون پێویسـتمان بـە خـودا نیـە، ئـاواش بـۆ دروسـت بـوونی گـەردوون پێویسـتمان پـێ نـابێ، وەك ڕایـە کۆنەکـەی (ئەناخسیمەندەر) گۆتەنی تەرازووی چاکە و خراپە و(ڕاستی) و پاداشت و سـزا نیـە

بۆ ئادەمیزاد، بەڵكو وەك (دەهریەكان) دەڵێن لەمادە دەبن و دەشبنەوە مادە، ئیتر (ڕاستی) و (بەها) و چاكە و خراپە نسبین چەسپاو نین، بۆیەش یەك مێژوومان نیە بەڵكو كۆمەڵێك مێژوومان هەیە، ناتوانرێ نە حیساب لەگەڵ گەردوون و سروشت بكەی نە لەگەڵ ئادەمیزاد.

پەیدابوونی گەردوون بێ خودا:

لەپێشدا دەبێ ئەوە ڕوون بكەینەوە كە پرسی (پەیدابوون) ئەركی زانست وفەلسەفە و ئاین و تەواوی مەعریفی ئادەمیزادە، جا ئەگەر تەنها ئەركی زانست نەبێ چۆن وا بچووك دەكرێتەوە پرسی (خلق) و پەیدابوونی گەردوون لە هیچەوە بۆ (بوون) تایبەت بكرێت بە فیزیای كوانتەم، ئەوا لە ماوەیەكی تر و لەگەشەكردنی زیاتری فیزیای نوێ ئەو بۆچوونە دەبێتە گاڵتەجاڕی.

هەڵبەتە مشت و مڕێكی زانستی و فەلسەفی و ئایینی یەكجار زۆر كراوە لەسەر (پەیدابوون) زانیاریەكی زۆر لەبارەی نهێنیەكانی (بوون) و (گەردوون) بەدەست هاتووە، بەڵام (لەبارەی نێوان بوون ونەبوون)ەوە لەبارەی سەرهەڵدانی (بوون)ەوە تا ئەو ساتە زیاترنەوتراوە لەوەی ئاین دەیلێ، ئەوەیە كە ئاین دەڵێت (خوا) دروستی كردووە، كۆتایی بە هەزاران پرسیار دێت، تەنها یەك پرسیار قووت دەكەنەوە دەڵێن ئەدی كێ خوای دروست كردووە؟ ئەوەشی ژێرخانی لۆژیكی پرسیارەكە ناتەواوە هەروەك لەبەشی (٣)بەدواوە وەڵامی ئەو پرسیارە درایتەوە.

هەرچی دیزاینی مەزنە هەوڵی داوە وەڵامێكی بەدیل بداتەوە و دوو ئەكزیۆمی پیشەكی داناوە، دەڵێ گەردوون لە (كێش) دروست بووە لە نێوان كۆمەڵێك گەردوونی تر، لە هەردووكان بوویتە هۆی پەیدا بوونی مادە، واتا كێشی لەجیاتی خوا داناوە، هەمان تەقەلاكەی ئەبیكۆرە كە ووتی لەسەرەتا ئەتۆم هەبوەو

بوونەوەری لیّ دروست بوو، ستیڤنیش دەڵیّ كیش هەبوە، كەچی (كیش) یاسایەكی خواییە وپیّویستی بە مادەو بارستایی هەیە.

لەنگیە گەورەكە لەوە دیّت بە مەنهەجی زەوجیانەبۆ فەلسەفەی (شت) نەچوە، بۆ بوونەوەریش بەیەك ڕەهەندی بۆی چوە، وای داناوە دەكریّ (شت) لە (ناشت) بخولقیّ بە فەرەزیەك دیسان هەمان كیّشەی ئەو مەنهەجەی هەیە دەڵیّ:لەو كاتە كە كیش و ووزەیەك لە فەزا هەیە ئەوەندەكەمە نزیك سفرە،..یەكەم جار زانا(ئۆستفالد) ووتی پیش بوون لەو بوونەوەرە ووزە هەبوە ، ستیڤن ئەو زانیاریەی لەوی وەرگرتوەو بە جۆریكی تر بەكاری هیناوە، دیسان لە پال ئەو هەمو گەردوونەی پیّویست بوە بۆ پەیدا بوونی گەردوونی ئیّمە پیّویستی بە تیۆری (ڕیّكەوت-صدفە)بوویتەوە، (مالكوم لونجیر) لە پیشەكی كتیّبی(فیزیاء العقل البشری والعالم من منظورین) دەڵیّ بوونەوەر زۆر بە ووردی وستاندەر دروست بوە نەبواری هیشتۆتەوە بۆ ڕیّكەوت نە بۆ بیّسەروبەری(قصور حراری)[1] ، ئەو(كیش)ە ئەوەندە سادەو كۆتایی نیە زانیاریەكانی تری لەسەر بنیات بنیّی، ئالۆزی هەرە گەورە لە دوای ئەو(كیش)ە چیە؟

نیوتن دەلی بەهۆی (كیّش)هەمو سروشتم لیك دایەوە بەلاّم خۆم لە (كیّش) نەگەیشتم[2]، لەنگیەكە لیّرەیە با(كیش)ەكە چەند بچوك بیّت هەر شت حیسابەوزەوجیە-خلقە، لەلایەكی تریشەوە (كیّش) هەرگیزا و هەرگیز بەتەنها نیە، كیّش لەپەیوەندیەكی ڕاستەوانەیە لەگەڵ بارستە، (ه ڕاستەوانە ب)، واتا لەپیّشدا بارستە هەیە ئینجا كیّش دەبیّت، با هەرچەندە (كیّشەكە) كەمیش بیّت مادام (بیركاریانە) (كیّش > سفر) هەتا زۆر بچوك بیّت هەر بارستەیەكی لە پشتە،

[1] روجر بنروز، ابنرشیمونی، نانسی كارترایت، ستیفن هوكینغ- فیزیاء العقل البشری والعالم من منظورین ص١٣

[2] ف انجلس-دیالكتیك الطبیعة ص٣٧

بارستەش گەوهەری مادەیە کەواتە تیۆرەکەی ستیڤین هۆوکینگ هەر مادەی بە مادەی لێك دایتەوە نەیتوانیوە لە چوارچێوەی (فەلسەفی دەهری) یان (naturalism) دەرچێت، هەر هەولە کۆنەکەی فەلسەفەی مادی ودیدی یەك ڕەهەندیە بۆ بوونەوەر، نەیتوانیوە داکانەی (بوون) بە دوو ڕەهەندی بدۆزیتەوە، ستیڤن هۆکینگ ویستویەتی خۆی لە ئەسلی تیۆرەکە لابدا کەلەلایەن(نظریة الأوتار-١١بعد)دەڵێ ئەو کێشە لە نێوان گەردونە تەریبەکان دروست دەبن و دەبتە هۆی بەرپا بوونی(تەقینەوە گەورەکە-بینگ بانگ) ودروست بوونی گەردوونی ئێمە، بۆیەش تەقەلای هۆکینگ شکستی هێناوە کە بتوانێ بزانێ لەپێش (big bang) چ هەبووە، زەمان و زەمینی نێوان بوون و نەبوون دیاری بکات، لە راستیدا زەمان لەو کاتە دەستَ پێدەکا کە شتومەکەکانی بونەوەر دەستیان کردووە بە بەرجەستەکردنی بەرنامەکانیان لە ئیمکانەوە بۆ واقیع، لە ئەرکەوە بۆ جێ بەجێ کردن، زەمان بەدەر لەمادەی (بەرنامەپێدراو) مانای نابێت کە بەهەردوو لا یاساکانی سروشت پێك دەهێنن، کێشیش بەشێکی بچوکە لە یاساکانی سروشت، واتە پرسیاری بنچینەیی (بوون) لەلایەن ستیڤین وەڵام نەدراوە تەنها ژمارەیەکی نویێ ی لە (فەرەزیە) زیادکرد، لە سەرکەوتوو ترین دۆخیداستیڤن تەنها وەك لاپلاس ودیکارت چۆنیەتی ئیدارەی یاسای سروشتی بەسەر گەردوون دۆزیەوە، ئەوە چۆنیەتی بەرێوە چوونە، ئەوەی ستیڤن چۆنیەتی دەست پێکردنی خلقە، کە قورئان خۆی داوای کردوە (قل سيروا فی الأرض فأنظرواکيف بدا الخلق –سورة العنكبوت اية ٢٠) بریا سەرکەوتو بوایە خزمەتیکی گەورەی زانست وتەفسیری قورئانە.

ئەوەی لە دێزاینی مەزن خزمەتێکی گەورە بە فەلسەفەی مادی پێشکەش کردووە کارێکی ترە، ئەویش بریتیە لە دۆزینەوەی (١٠^{500}) جۆرە گەردوون، لە راستیدا جاران تەنها ڕای ئایینی بوو کە چەندین ئاسمان و گەردوون هەیە، لە

قورئان باس لە (٧) ئاسمان دەکات (الم تروا كيف خلق الله سبع سماوات طباقا)[١]، لە ئینجیلی بەرنابا باس لە (٩) ئاسمان دەکات (الحق أقول لك ان السموات تسع موضوعة بينها السيارات)[٢]، لە قورئان باس لەوەش دەکا لەهەر ئاسمانێك جۆرە یاسا و ڕێسایەکی جوداتر لەوەی تر بەڕێوەدەچێ، بەڵام زۆر بە زەحمەت بۆ ئێمەی بەشەر بتوانین چۆنیەتی بەڕێوەچونی گەردوون بە (یاسای سروشتیەکەی) جیا لەوەی خۆمان پێ تەسەور بکرێ، بۆیە زۆر بەکەمی و دەگمەنی لە تەفسیرەکان ئەو ئایەتە بەو شێوە زانستی و فەلسەفیە شرۆڤە کراوە، کێشەی گەورەی فەلسەفی ئایینی ئەوەیە تا زانایەك دۆزینەوەیەك دەکا ئینجا جورئەت دەکەن هەڵوێستی ئایینی لەبارەی ئاشکرا بکەن، خۆیان پێ ی هەڵناستن، لەوەشەوە تا لە ١٩٥٤ (هیو إيفيرت) و(ویلەر) ووتیان فرە گەردوون(Multiverse)هەیەو باسیان لە گەردوونێکی تری تەریب بە گەردوونی خۆمانی کرد، ویلەر وتی یاسا و ڕێسای ئەو گەردوون لەگەڵ ئەوەی خۆمان زۆر جودایە[٣]، ئینجا ئاینیەکان ووتیان ئەوەتە لە قورئانیش هەیە، کەواتە ئەوەی ستیڤین هۆکینگ دەیڵێ فرەگەردوون هەیە تازە نیە، جگە لە سەرچاوەی ئاینی ودوای ویلەر وئیفریت لەکۆنیش (لایبنیتز) لەسەردەمی ناپلیۆن ووتی زۆر تر لە جیهانێك هەیە[٤]، دوای هوایتهید لەسەرەتای سەدەی بیستەم هەمان تیروانینی گەلالە کرد ووتی: واپێدەچێ چەند جۆرە گەردوونێك بە

---

[١] سورة نوح اية١٥

[٢] انجيل برنابا- فصل٧٨ اية ٦ واپيدەچی ئينجيلی برنابا هەريەکە لە (کرسی) و(عرش) ی بە خولگە هەژمار کردبێ وبە ٩ ئاسمانی گوزارش کردبێ، چونکە لەبارەی گەردوون اخوان الصفا نەخشەیەکی گەردوونی کردبوو بریتی بوو لەناوەندەکەی زەوی دووەم فەلەك مانگ سییەم عەتارد، تا دەگەیشتە فەلەکی ٧زوحەل بوو، فەلەکی هەشت کرسی بوو فەلەکی ٩ عەرش بوو لەسەر ئەویش خوایە.

[٣] دوای لە (نظرية الأوتار) کە لەلایەن فیزیازانی یابانی- میشیو کاکو دۆزرایەوە بە (١١ ڕەهەند) پشتگیری لە فرە گەردوونی کرد.

[٤] مدخل الى الفلسفة ص١٢٨

سیستەمی جیا لەو گەردوونەی خۆمان هەبێ[1]، (راسل)یش بەهەمان شێوە، هەبوونی ١٠^٥٠٠ گەردونی بچوك و گەورە تەمەن کورت و تەمەن درێژ،..خزمەتێکی وا بە فەلسەفەی مادی ناکا وەك ستیڤن دەڵێ چۆن زانستی سروشتی توانی ئەو چاکەی ئیدارەی گەردوونی لەلایەن خوابەسەر بەشەر لاببا، چۆن داروین چاکەی دروست کردنی مرۆڤیشی بۆ خوا نەهیشت، ئەوا (فرەگەردوونی) چاکەی خوا بۆ دروست کردنی گەردوون وبونەوەر نەهیشت وکۆتایی هات[2]...، چەوتی ئەو بانگیشە گەورەیەی ستیڤن لێرەوە دێت ئاخۆ دیکارت یاسای سروشی دۆزیەوە یان دروستی کرد، نیوتن یاسای کیشی دۆزیەوە یان دروستی کرد، ئاواش بۆ داروین وستڤن و..، هەردوو لا چاکەیە ئەوەی دەیدۆزیتەوەو ئەوەی دروستیشی کردوە، بەلاّم کامیان چاکەکەی گەورەترەو کام کاریش گەورە ترە؟ لەو ڕوەوە وەلاّم وخزمەتیکی پێ نیەو قەلۆشە، بەلاّم تیۆرەکەی ستیڤن خزمەتیکی تر دەکاکە لەسەروو بەلێنماندا باسی بکەین لێرە باسی دەکەین :

جاران لەسەردەمی تێروانینی گەردوونی وەستاو کە لەبنچینەدابەرێکی لە کتێبی (مەجەستی) هاتووە، کەتیایدا گەردوون و بونەوەر تەمەنی نیە و هەتاهەتاییە، بێ سنورە لە زەمان و زەمینی، ئاسۆیی وستونیانە هەر هەبووە هەر دەمێنێ و سنور و لێواریشی نیە، ئەو تێڕوانینە بوە هۆی سەرهەڵدانی شەبەنگی فراوانی تیۆری پەرەسەندن، سەرجەم مەدرەسە فەلسەفیەکانی مادی پشتیان بەو شەبەنگە و گەردوونی وەستاو بەست، بەلاّم لەدوای جێگرتنەوەی (گەردونی کشاو) یان (bin bang) کە تیایدا دەرکەوت ئەو گەردوونە تەمەن و ئەجەلی هەیە، بوار بۆ تیۆر و ئەگەری سەرهەڵدانی ژیان لەبێ ژیان نامێنێ، بەوشێوەیە تەواوی تیۆری پەرەسەندن لە مەدرەسەی یۆنانی کۆن تا دەگاتە مەدرەسەی (مۆرگان) و

---

[1] مدخل الى الفلسفة ص٣٠٣

[2] دیزاینی مەزن ل٢٤٤-٢٤٦

(لامارك) و (داروین) تێك ڕوخا، یەكسەر فەلسەفە و تێڕوانینی ئاین لەبارەی (بوون) (پەیدابوون)، (ڕاستی و سیستەم)، (مێژوو وچارەنووس)... هاتەوە مەیدان.

بەڵام مدرسەی مادی دەستەوەستان نەوەستان بیرۆکەی(گەردوونی هەژان-کون المتذبذب)یان هێنا کایەوە گوایە دوای ئەوەی گەردوون دەگەڕێتەوە جارێکی تر دەتەقیتەوەو بوونەوەر هەر دەمینێ و کۆتایی نیە، بەلام ئەوەش سەرکەوتونەبوو، لێرەدا جارێکی تر ستیڤین هۆکینگ دەتوانێ هەناسەیەك وەبەر جەستەی (تیۆری پەرەسەندن) بەجۆرێکی تر بداتەوە ،کە بریتیە لە تیۆری (دەرفەت) لەو هەمو ئەگەرەی $١٠^{٥٠٠}$ گەردوون دەشێ ژیان بە (ڕێکەوت) و ئەگەرێکی دەگمەن سەرهەڵبدا، بێ پەنا بردنە بەر خودا، یان بەلای کەمەوە توانای فکری ئایینی و فەلسەفەی باوەڕدار نامێنێ بوونی دەستی خودا لەدروستبوونی گەردون یەکلابکاتەوە، چونکە بانگێشەی ($١٠^{٥٠٠}$) جۆرە گەردوون بنچینەیەکی وای زانستی و عەقلی نیە، تا گفتوگۆی لەسەر بکەین تیۆریکە ناچارین بەجێ ی دەهێڵین بۆزیاتر گەشەی زانستی، چونکە مێژووی فەلسەفەی مادی هەر وا هاتووە وەك ئاینی نیە، بەشەکانی بە ئاسۆیی و ستونی هەماهەنگ بن لەگەڵ یەکتر، بەڵکو ناتەبان تا ڕادەی دژ بەیەك و پەرتەوازە، لە سەفسەتای دەستی پێکردووە.

لە ڕاستیدا ستیڤن دەیەوێ خۆی وزانستەکەی دوا پەیامی حوکم بێت لە زانست وفەلسەفە وئاین، دەیەوێ بڵێ لەکۆنەوەئەرستۆو یۆنانیەکان کاری زەویان بە یاساو(هۆو ئەنجام)دۆزیەوە و خوایان لەکاری زەوی دوورخستەوە بۆ ئاسمان،دیکارت وهۆلیاخ ونیوتن یاسای سروشتیان دۆزیەوە خوایان لە ڕووداوەکانی ئاسمانیش خانەنشین کرد، داروین وتیۆری پەرەسەندن خوایان لە دروست کردنی مرۆڤیش دوور خستەوە.. خودا تەنها (خلقی) لەدەست مابوو ئەوا (لەو تیۆرەی سیڤن)ئەویشمان لیستاندەوەو ئەو بوونەوەرە بێ خودا بوەو واش دەمێنێتەوە.

کەچی بە پیچەوانەوە ئەو تیۆرە زانستی وفلسفیانەیە یەکەیەکە کەوتن ودەکەون، هەردوای فەلسەفەی یۆنانی مادی پێ ی وابوە زەوی ناوەندی گەردوونە مادەی زەوی و ئاسمانی لێك جیابۆوە، فەلسەفەی مارکسی بنچینەکەی (لانهائیة العالم و وحدتە) بوە، لەکاتێکدا فەلسەفەی (دیزاینی مەزن) هاتۆتە سەر فرەگەردوونی بۆیەش ناوی جیا جیای وەك سەفسەتایی، مادی، دەهری، تەبیعی، میکانیکی دیالیکتیکی تەتەوری...هەلدەگرێ.

براتراند راسل دەڵێ ئەگەر زۆر بە ووردی زانست وزانیاریەکانی ئەرستۆ لە قەپان بدەین یەك ڕستەی ساغی لەو سەردەمە لێ دەرناچێ، دلنیام پاش ماوەیەکی کورت هەمان حوکم لەسەر بۆچونە فەلسەفیەکانی ستیڤن دەدرێت، ئەو جۆرە فەلسەفەیەی ئیستاش ڕەنگە ناوی (فەلسەفەی پارتی زانی) پێ بوترێ باشە، لەوەی دەشکێ پەنا دەباتە شوێنێکی تر، لە زانستەوە بۆ فەلسەفە، جاروایە دەشلێ فەلسەفە هەر نەماوە.. و بەزەحمەت (جەدەلیەتەکەی) کۆتایی دێت.

ڕاستی و فرە ئەگەروفرە مێژوو:

ڕاستی وفرە مێژوو: باس کردن لەفرە مێژوو چ بۆ شتومەکەکان یەکە یەکە، یان بۆ گەردوون یان بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە وهەرچی سیستەم و یاسا و راستی هەیە سەراوژێری دەکاتەوە، مانایەك نامێنێت لەسەر دونیا و لەژێر دونیا بۆ دەست نیشان کردنی "ئیجابی و سلبی" و " چاکە و خراپە" و "سزا و پاداشت"، مانای وایە رژێم و سیستەم و یاسای کۆمەڵایەتی و شارستانی یاخی بوونە، ئەوە بەشێکە لە فەلسەفەی عەبەسی، کە زۆربەی ئەو تەیارە فەلسەفیانە دەگرێتەوە باوەڕیان بە (راستی) چەسپاو نیە، لەو کتێبە(دیزاینی مەزن) لەبەشی (٣) ڕا بە (حەقیقەت چیە) و لەبەشی (٤) (مێژووە ئەلتەرناتیڤەکان) باسی دەکا، کە دوای دەگاتە ئەوەی ئینقیلاب لەسەر (حەقیقەت) بکا و لەجیاتی ئەو (ریالیزمی وابەستە)

بەکاربهێنێ، دوای دەڵێ (یاساکانی سروشت ئەگەری گۆڕانی هەیە)، دوای دەگاتە ئەنجامێکی ترسناك و بڕیاردەدا (10^{500}) فەزا هەبێت، ئەو سەرەنجامەی لە فرە ئەگەر وفرە مێژوو وفرە ئەنجام بۆ دروست بوو، لە بنەچەدا (فەینمان) بۆچوونی وابوو کە سیستەمەکان و گەردوونیش یەك مێژووی نیە.

ستیڤن لەبارەی(فەلسەفەی راستی) وەك زۆربەی فەیلەسوفەکانی مادی وەسفی راستی کردووە کە مارکسیەت کۆی کردیتەوە دەڵێت "هیچ شتێك وەك راستی و ئەخلاق نیسبی نین"، ستیڤن لە زەردەماسیەکەی ناو شوشە ئاوەکە دەست پێدەکا دوایی وەك مارکسیەت نمونەکەی تیروانینی گەردوونی لە کۆنەوە بە نمونە هێناوەتەوە و پێ ی وایە جاران حەقیقەت لای کۆمەڵگە ئەوەبوە کە زەوی ناوەندی گەردوونە و رۆژ و مانگ و ئەستێرەکان بەدەوری دەسوڕێن، لەدوای لەسەر دەستی(کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ و کیپلەر) ئەو ڕاستیەگۆڕا[١]، لێرەدا ستیڤن وەك مارکسیەت لەوە بەهەڵەداچووینە کە (راستی) و (زانیاری مرۆڤ) تێکەڵ کراوە، فاینمانیش کە دەڵێ گەردوون مێژووی سەربەخۆی نیە مانای راستی سەربەخۆ نیە زانیاری مرۆڤ گۆڕاوە.

ئەوکاتە مانای گۆڕانی ڕاستی دەبەخشێ ئەگەر لەو فەترە بە ڕاستی رۆژ و مانگ و ئەستێرە بە دەوری زەوی سوڕابینەوە و دوای لەسەردەمی کۆپەرنیکۆس وەرگەڕابێت ئەو جارە زەوی سوڕابێتەوە..، ئاوا نیە، راستی چەسپاوە و بەدەرە لە جم وجۆڵ و ئاستی زانیاری ئێمە، پەیوەندی زانیاری مرۆڤ بە (راستی) ئەوەیە ئێمە ڕۆڵی (مكتشف) دەبینین نەك دروستکردنی راستی (وەك برجسۆن بەهەڵە وادەڵێ) "قيمه المعرفه"ش هەر بەوە دەپیورێ چەندە ڕاستی دۆزیوەتەوە لەوێ ئارام و چەسپاو دەبێ، ئەگینا زانیاری لە جولە دەبێ هەتا لەگەڵ راستی جووت دەبێ،

---

[١] دیزاینی مەزن-ل٣٤، ل٧٣، ل٨٠،

دەشێ بڵێین مادام (هرکلیت) وای زانیە تیرەی مانگ (یەك پێ یـە) ئـەوە ئـەوکاتی ڕاست بووە بەڵام ئێستا گەورە بووە بۆ نزیکەی(٤٠٠٠) کلم، یـان وەك سـتیڤن لـە (ل٧٤) دەڵێت دوو (ڕاستی) جیاواز لـەلای ئێمـە و زەردە ماسـی دروسـت دەبێـت، بـەڵام ڕاسـتیەکەی ئەوەیـە (ڕاسـتی) جیـاوازە لـە رەئـی ئێمـە و رەئـی زەردە ماسیەکەش. ئێمە بۆ ساغکردنەوەی فرەمێژوو بۆ گەردوون و هەر شت و مـەکێکی تر پێویستمان بە هێنانـەوە بـیری (سـیفەتەکانی ڕاسـتی- لەبەشـی پێنجـەمی ئـەو توێژینەوە) یە.

لێـرەوە پێویسـتیمان بـەوە هەیـە کـە بـزانین (ڕاسـتی) فرەنیـە، یەکانیـە، تاقانەیە،...(حقیقە جزئیە) (حقیقە تقریبیە)...نیە، یەك راسـتی هەیـە نـەك فـرە، واتە ٣×٤ دەکاتە ١٢، ئەوە وەڵامی ڕاستیە بە ستونی وئاسۆیی، لـە ئیسـتاو بـۆ هەتاهەتایێ وبۆ سـەر مـانگ وئەسـتێرە هـەر ئـەو ڕاستیەیە، وەڵامـی ناڕاسـتیش فرەیـە، ئەگـەر لای زەردەماسـی ١٥دەرچـوو لای مرۆڤیکـی تـر ٢٠ دەرچـوو ئـەوە مانای فرە ڕاستی وفرە مێژوو نیە، ئەوە فرە وەڵامی هەڵەیە، بەڵام وەڵامـی ڕاسـت تەنها (١٢) یە، لە قورئانیش راستیەکان بەتاك مفرد هاتووە، هەڵـەکانیش بـە کـۆ (جمع) هاتوون. هیچ نێوبژیەك لەنێوان ڕاستی و ناراسـت نیـە، ئەگـەر دوو وەڵامـی جیا یان زیاتر بۆ ٣×٤ هات زەردە ماسی وتـی ١٥ئـەویتر وتـی ٢٠وەك (ناوەنـدی دارگرتن) بڵێت با نێوبژیتان بۆ بکەم نە (١٥) ی تۆ و نە (٢٠)ی ئەوی تر با (١٧و نیو) بێت و ئەوە ڕاستیە، نـەخێر! ڕاسـتی هـیچ نێوبـژی و سـەودایەکی قبـوڵ نیـە، تاکانەیـە و سـیفەتی (unieqe)و (alone) ی هەیـە، چەسپاویشـە نـاگۆڕێ، ڕەنگە دیکارت لەهەمووان بـەڕوونتر وەسـفی (یاسـاکانی سروشـت)ی کردبێـت وەك بەشیك لـە(ڕاسـتی)ی و بەنـەگۆڕکردبێ، بـەکۆی ڕووداوەکـانی هـەر تـەنێك، هـەر سیستەمێك، هەر تاکێك، یان تێکڕای کۆمەڵگە و یان ڕۆژ و مـانگ و ئەسـتێرە و تێکڕای گەردوون یەك ڕاستی تۆماردەکاو یەك مێـژوو هەڵـدەگرێ ،وەك زیـاتر لـە

بڕگەکانی تر دەردەکەوێ.

فرە ئەگەرو یەك ئـەنجامی ڕاسـتی: دەکرێ لـەپێش ڕوودان چـەند ئەگـەر (ئیحتیمال) بۆهەر یەکێك لەوانەی سەروو هـەبێ، ئـاواش بـۆ ڕێـڕەو هەڵسـوکەوتی ئەلیکترۆن تا دەگاتە ئەستێرە و مانگ، ستیفن هۆکینگ دەڵێت هـەروەك چۆن بـۆ تەنۆلکەکان یەك ئەگەر و مێژوو نیە، ئاواش کۆمەڵێك مێـژوو بـۆ گـەردوون هەیـە ئەگەری زۆری لەپێشە[1]، ئاوانیە لەدوای ڕوودان ئەوا یەك (ئەگەر) دێتـەدی، لەیـەك کاتـدا چـەند ئەگـەرێك نایەتـەدی، لـەدوای ڕوودان یـەك ڕاسـتی دێتـە دی و یـەك مێژووش تۆماردەکات، بۆهەر شـتێك دەشـێ فـرە ئەگـەری لـەپێش بێـت، لـەدوای ڕوودان یەك ئەگەریان دێتەدی دەبێتـە یـەك مێـژوو، دیسـان دەشـێ زانیـاری ئێمـە ڕاستی ئەو مێژووە نەدۆزێتەوە و فرەخوێندنەوەی بۆ ئەو مێژووە هەبێ، دەشـێ فـرە ئەگەر پیش ڕوودان هەبێ بەڵام هەرگێز ناشێ فرە ئەنجامی ڕاستی و فرە مێـژوو بـۆ ڕابردوو هەبێ، دەشێ بۆ یەك ڕووداو فرە ڕیوایەت هەبێ بەڵام هەر یـەکیان ڕاسـتە، دەشێ هەر ڕیوایەتێك بەشێکی ڕاستی ڕووداوەکـە هـەلگرتبێت بـەڵام هـەر دیسـان لەکۆی پارچە ڕاستیە ڕیواتەکان یەك ڕاستی مەوزوعی لێ دەردەچـێ، هـەر بۆیـەش فرە مێژوو لە فرە واقیع دروست نابێ یەك مێژوو دروست دەبێ، واقیع وڕووداوەکان دەم ودەندوکیان زۆرە بەڵام یـەك گـەدەو هەرسـیان هەیـە...، لـە پـیش ڕوودان دوو ڕەهەندی وکۆمەڵایەتی وسروشـتی وگـەردوونی هەیـە لـەپاش ڕوودان دەچـیتە یـەك ڕەهەنـدی و ڕەهەنـدی دووەم(کـە ڕاسـتیە)، واتـە ڕەهەنـدی (خلـق-مـادة-شـيء) وەردەچـەرخێ بـۆ ڕەهەنـدی دووەم، کەواتـە مێـژوو بریتیـە لـەو وەرچـەرخانە، ناسنامەکان تیکەل دەبن، لە مێژوودا مـادی ونامـادی نـامینێ، ژیـان وبـێ گیـان نامینێ، نەبات وجەماد نامینی..هەموی تیکەل دەبێ لە مێژوەك کـە بـە تـوخمی

---

[1] دیزاینی مەزن-ل١٢٧

زەمان ومەکان وچۆنیەتی ڕووداوەکە دەناسرێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەو فرەیییەی ڕیوایەت و ئەگەر ومێژوو..زاتیە وئەنجامەکەش مەوزوعیە، سەرچاوەی فرەئەگەری بۆ ڕوودانی هەر سیستەمێك (جیۆلۆجی یان فیزیایی یان کۆمەڵایەتی) لە کەمی زانیاری ئێمە دێت، تا زانیاری ئێمە کەم بێت ئەگەری زۆر دەبێت، ئەگینا لە بنەچەدا ئەو هەموو ئەگەرە لەپێش هیچ شتێك نیە(جگە لە پۆلەکانی ژیان)، بەڵکو یاسایەك ملکەچی کردووە و ڕێ ی پێگرتووە، بەڵام ئێمەین هێشتا زانیاریمان کەمە ئەو یاسایانەمان نەدۆزیتەوە، بۆیە ئەگەری زۆری دەبێ تا ڕادەی ڕێکەوت، هەروەك ستیڤن لە نمونەی تەنۆلکەکان لە a بەرەو b لە (لا٢٠٦) دەڵێ هاوزەمان ڕێچکەی بێ کۆتایی هەیە بەرەو b.

با نمونەیەکی سادەتر وەرگرین: ئەگەر ئۆتۆمبێلێك لەهەولێر بجولێ ئەو ئەگەرانەی لەپێش دەبێ بەپێ ی لێك دانەوەی کەسێکی ڕەمەکی دەرەوەی ئۆتۆمبێلەکە: هەموو شارەکانی کوردستان+ ولاتانی دەرەوە+ بەغدا و شارەکانی عێراق+...بەڵام ئەگەر تەنها زانیاری ئەوەمان هەبوو ئەو شوفێرە (پاسەپۆرتی نیە) ئەوە ئەگەرەکان زۆر کورت دەبنەوە تەنها بۆ شارەکانی کوردستان، خۆ ئەگەر زانیاریمان هەر زیادی کرد ئەوا ئەگەرەکان کەم دەبنەوە تا دەزانین ئەوە دەچنە شەقلاوە بۆ سەیران و کە بەرێ کەوتن دێتەدی و تەنها یەك ڕێرەو و یەك ئەگەر دێتەدی، ئەو ئەگەرانە یەکسان نین بۆ کەسە ڕەمەکیەکەو کەسێکی نزیك شوفێرەکەو خودی شوفیرەکە، کەواتە تا لە شوفێرەکە نزیك بینەوە ئەگەرەکان کەم دەبنەوە.

بە واتایەکی تر تا زانیاریمان زیاد بکا ئەگەر کەمتر دەبێتەوەو پێچەوانەی بە پێچەوانەوە، لە ڕاستیدا ئەو نمونەزۆر کێشەمان بۆ چارەسەر دەکا ئەگەر بیگشتێنین، لەپیشدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پیش بینی بۆ ئەو ڕووداوە سروشتی و کۆمەڵایەتیانەش ملکەچی یاسایە نەك ڕەمەکی، ملکەچی یاسای (زنجیرەی هۆو

ئەنجامە)، لە بوونەوەر هیچ ڕووداوو ئەگەرێك بێ (هۆ) نیە تەنانەت سیستەمی ئۆتۆماتیکیش هۆدارەتەنها ئەوەیە ئەو ئەنجامەی لە هۆی پیشوو بەرپادەبێ جارێکی تر دەبێتە هۆ بۆ ئەنجامێکی پیشە خۆی.

کەواتە هەمو شتێك بەند کراوە بە هۆ، عەبەسی نیە، لە بنەچەدا مادیەی دیالکتیك ومادیەی میکانیکی هەریەکە بە جۆریك لێی بە هەلەداچووینە، بەلام هەردووکیان لەگەڵ فەلسەفەی میسالی وشوینهاوەریش واتیگەیشتون ڕووداوی ڕیکەوتی ئەو ڕووداوانەن کەتەنها بە هۆکاری دەرەکی بەرپا دەبن وهۆکاری ناوەکی بەشدار نیە بۆیە پیش بینی ناکرێ وناخریتە چوارچێوەی یاسای سروشت، ماکس بلانك توند تر چوویتە ناو ئەو بابەتەو دەڵێ ڕووداوی ڕێکەوت پیشێلی یاسای (سببیە)، لەوبارەیەوە هۆلباخ جوانتری بۆچوە ودەڵێ(لیس المكان للمصادفة فی سلسلة الأسباب والنتائج، فالمصادفة تدل على جهلنا ذاتيابالأسباب الطبيعية)[1].

لەلایەکی ترو بەپێچەوانەی ئەوانەفەلسەفەی مادی میکانیکی و ودیموکریتس وەك مەزهەبی جەبری دەڵێن هەمو ڕووداویك جەبریە هۆی دەرەکی نیە، سپینۆزا لەهەموان توند تردەڵێ(لايوجد فی الطبيعة شیء صدفی انما يحددوجودكل شيءوعمله بالخضوع لضرورة الطبيعة الإلهية)[2] دەڵێ سودفە نیە فرە ئەگەری نیە، ئەوەش ڕەت بوونە لەکاردانەوە بەلام مادی میکانیکی (وەك هۆلباخ) دەڵێن سودفەو فرە ئەگەری لەکەمی زانیاریمان دێت، ئەوە زۆر ڕاستە وەك لەنمونەی سەروو کەمی زانیاریمان وادەکا پیشبینیمان بۆ ڕووداویك ئەوەندە کەم بیت بیخەینە خانەی (ڕێکەوت- صدفە)، وەك نمونە بیرکاریەکەی پیشووزیاتر شێ کەینەوە:

ئەگەر بینیمان تەنیك بەو شیوەیە بەسەر ئەو ژمارانە پازدەدا (٠، ٢، ٢٤، ٢٥٦...) زەحمەتە بزانین لە پێنجەم ژمارە چیە و وادەزانین بە ڕێکەوت دەکەوێتە

---

[1] الفلسفة والفيزياء ج١ص١٠٤

[2] الفلسفة والفيزياء ج١ص١١٩

سەر ژمارەیەکی تر، بەڵام ئەگەر هۆی ئەو ئەنجامەمان دۆزیەوە، یاسایەکەمان دۆزیەوە کە بریتیە لەیاسای ($n^n - n$) هۆکاری ئەو ئەنجامانەیە، زۆر ئاسان دەبێ، ئەوا چاوەڕوانی ڕێکەوت(سودفە) ناکەین بەڵکو دەزانین لە بازی پینجەمیدا دەکەوێتە سەر ژمارەی(٣١٢٥) باقی ژمارەکانی داهاتوشی.

کەواتە نەزانینمان لە بارەی هۆی ئەو ئەنجامەو یاساکەیە ئەگەری زۆری هێنا ئارایەوە تا ڕادەی ڕێکەوت، ئەگینا بە هۆی یاساو سیستەمی(هۆو ئەنجام) پیش بینی گەورە کراوەو دوایش دۆزرایتەوە لەهەموان گرنگ تر دۆزینەوەی ئەو هەمو توخمەی لە خشتەکەی مەندەلیف دۆزرایەوە، بەو شیوەیەش زانای ئەڵمانی(گالا) هەسارەی نپتۆنی بە هۆی (پەیوەندی حسابی-2n) نێوان هەسارەکان دۆزیەوە، لەوەوە ستیڤن هۆکینگ وهاوڕێکانی لەوقەبلاندنە گەورەیەی گەردون فرە مێژوو بەهەلەداچووینە، هەرئەو ئەلکترۆنەی(لە نمونەی ستیڤن و هاوتاکانی لە فیزیای کوانتەم)گوایە لە(a) بەرەو(b) هەزاران ئەگەر و ڕێڕەویان لەپیشە دوای دەبینین یەك ڕێڕەوی گرتوە، بابزانین جیاوازی ئەو ڕێڕەوە چیە لەگەڵ ڕێڕەوەکانی تر؟پرسیاری هەرە گرنگی ئەو بەشەیە، هەر لەو پرسیارەش وەڵامی پرسیارەکانی ستیڤن وئەو بەشەی (فیزیای کوانتەم) دەست دەکەوێ کە دەڵێن ئەگەر لە جیاتی ئەو یاسایا سروشتیانە یاسای تر هەبوایە چ ڕووی دەدا، وەڵامی ئەوەو پێشوتریش زۆر قوڕسە بەدیویێك بەڵام زۆرئاسانە ئەگەر پشت بە لۆژیکێکی پەیامی ببەستی، جیاوازی ئەو ڕێڕەوەی ئەلکترۆنەکە گرتیە بەر ئەوەیە: ئەوە ڕێڕەوەو ئەگەرە هەرە گونجاوەکەی گرتۆتە بەرکە دەبێتە هۆی جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانی ئەلکترۆن کە بۆی دانراوە بۆ پاراستنی سیستەمی ئەو بونەوەرە، کەواتە لە بنەچەدا هەر ئەو ڕێڕەوەشی لەپێش بووە نەك چەندین ڕێڕەوی تر، بەڵام کەمی زانیاریمان وا پیشان دەدات کە ئەو هەموو ئەگەرەی لەپێش بێت، ئەوە بۆ هەمو بەشەکانی بونەوەر ئاوایە، لێرەدا ئەگەر (هۆ) لەو هەنگاوە دەربکەین دەبێ دان بەوە دابنێین کە

ئەلکترۆن عاقلەو ڕوح لەبەرەو زانستی لە مرۆڤیش زیاترە بەوەی لە یەك هەزاری چرکە دەزانی لەنێو ئەو هەمو ڕێرەوەی لەپێشیەتی کامەی گونجاو هەلبژێرێ بۆ ئەوەی گەردوون تێك نەچێ! ئەوە مەحالە..

تێبینی : ئەو توێژینەوەو سەرەنجامە وەڵامێکی تری (بەشی سێیەم: ناکۆکی سەرتاسەری - بوون ونەبوون لەیەك کاتدا)ە، لەوێش باس لە فرەئەگەری و بێ یاسایی بونەوەر دەکا، لێرەوە فەلسەفەی نوێی فیزیای کوانتەم و فەلسەفە کلاسیکیەکان دەگەنەوە یەك.

یەك ڕاستی ویەك مێژوو:

کەواتە ئیستا وەڵامی پرسیارەکەی سەروو ئاخۆ ئەو بوونەوەرە فرە ئەگەر پەیڕەو دەکاو فرە مێژوو ئەنجام دەهێنێ ؟ نەخێر، بونەوەرو گەردون لەسەر (ئیحتمال وئەگەر) بۆ یەك چرکەش ناژی، بە سیستەمی(زار)ناڕوا، دەبێتە فەوزاو بێ سەروبەری وعەبەسی ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثاً﴾[1] ﴿..وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً﴾[2] ﴿..وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاء وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلاً ذَلِكَ ظَنُّ﴾[3]، کەواتە هەر ئەوەیە هەموی لە بچوکتر تاکەشکەشان مل کەچی یاساو هۆو ئەنجامە لە چوارچیوەی یاسای سروشتی، ئەوە نیە هەندێك ملکەچی یاسا بن وهەندێکیش یاخی، یان هەندێکیان بە پێی یاسای گەردوونی ئێمە ئیش بکەن وبەشێکیش بۆ گەردوونی تر، لە بنەچەدا هەر دۆزەرەوەی فرەگەردوون(هیۆ ئیفریت) ووتی ئەو ئەگەرەی لە نێو ئەگەرەکانی بوونەوەری ئێمە دێتەدی، ڕەنگە ئەگەرەکانی تریش(کە لێرە نەهاتە دی) هاتبنە دی لە

---

[1] المؤمنون : ١١٥
[2] آل عمران : ١٩١
[3] صـ : ٢٧

گەردوونێکی تر، بەو پێیە هەموئەگەرەکان دێتەدی بەڵام هەریەکە لەگەردوونێك، ئەگەر بە (گریمانە) ئەوە بە لۆژیکیش بزانین ئەوا بۆ بوونەوەری ئێمە فرە مێژوو دروست نابیت، بەڵکو بۆ هەر گەردوونێك یەك مێژوو هەیە جیا لەگەردوونەکەی تر، کەواتە چەند ئەگەر بۆ رووداویکی کوانتەمی ئەوەندە گەردوونە هەیە، لەوەوە پالپشتێکی هۆکینگ دەبێ بۆ هەبوونی 10^{500}جۆرە گەردوون، کە بناغەیەکی (فەرەزی زۆر لاوازە)، وەك ئەوە وایە کاتێ ئێمە ناتوانین رەگی هاوکێشەی (X^2+1) بدۆزینەوە ئەوا ئەو نرخە –کە دەکاتە رەگی (-١) لە گەردوونێکی تر هەبێ، واتە گەردوونەکانی تر بریتین لە مەنفی ویاخی ونامەعقولەکانی گەردوونی ئێمە.

لەسەر ئەو بنچینە فرەمێژوو بۆ هیچ شتێك لەو گەردوونە نیە، بەڵکو مێژووش بەشێکە لە (راستی) و سیفەتی تاقانەی هەیە، بونەوەر لەسەر ئەو هەقە دروست بوە، ئەو بونەوەرە بێ سەروبەرنیە وەك لەبەشی سێیەم(ناکۆکی سەرتاسەری) بینیمان، هەر ئەوەشە وای کردووە ئێمەو سیستەم و رژێم هەبێ، دادگا و لێپێچینەوە هەبێ، بەوەوە توانیومانە یاساکانی سروشت بدۆزینەوە، بەوەوە رۆکێتەکان بەرەو ئاسمان بەرێکەوتوونە، هەر بەوەشە تەرازوی چاکە و خێر لەدوا رۆژ یەخەگیرمان دەبێتەوە، هەر ئەوەشە وایکردووە سیستەمی گەردوون سروشت و ژیان هەماهەنگ بن، هەمووی بە بەرنامە و یاسا و رێساکان کاردەکەن، ئەوەنیە وەك لە (ل٢٦٣ دیزاینی مەزن)واهاتووە (دروستبوونی خۆیەخۆ هۆکارە بۆ ئەوەی هەندێك شت لەبری هیچ هەبن) یان (m-theory) برێك چارەسەری هەیە کە رێگە دەدات بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆر فەزا ناوخۆییە جیاوازەکان، ڕەنگە پێشبینی (10^{500}) گەردوونی جیاواز دەکات (لە ل١٨٥).

تێکڕای دیزاینی مەزن:

ئەو کتێبە بە بەرگێکی زانستی پەتی دەستی پێکردووە و بڕیاری مەرگی فەلسەفەی داوە[1]، کەچی لە جیاتی فەلسەفە کۆمەڵێك هەڵوێستی لەناکاوی لە کەلێنی شرۆڤەی زانستی داوە، هەر لەهەمان لاپەڕە دەشڵێ ئەو پرسیارانە مولکی فەلسەفەن، لە (ل١٨٨) مەبەستی کتێبەکەی بە پرسیاری (بۆچی گەردوون هاتووە؟ بۆ بەوشێوەیە؟.. ئەوانە پرسیاری فەلسەفین. ئەو کارانەشی بەپێ ی پرۆگرامێکی فەلسەفی وورد دانەڕشتووە، بەڵکو ناوە ناوە و لەو شوێنانەی بناغەیەکی زانستی بۆ داناون و یەکسەر کردوویە بە هەڵوێستی فەلسەفی، بەشێك پێیان وایە ستیڤن زانایەکی گەورەیە بەڵام فەیلەسوفێکی بچوکە، وەك لە لا ٢١ دان بەوە دەنێ کە ئەو کاتێکی زۆر تەرخان ناکا بۆ دۆزینەوەی خودا، بەپێی توانا هەڵوەستەیەك لەسەر بۆچوونە فەلسەفیەکانی دەکەین بەگوێرەی زنجیرەی لاپەڕەکان، تەنها وەڵامی ئەو بۆچوونانەی دەدەینەوە کە لەناخی فیزیای کوانتەم هەڵقوڵاوە، ئەوانەی کلاسیکیشن تەنها خاوەنە ڕەسەنەکەی بۆ دەدۆزینەوە:

- لە لا ٣٨ باس لەوە دەکا ئەو بونەوەرە دەکرێ دروست بێ لەهیچەوە بێ ئەوەی پێویستمان بە خوا و (خالق) و دروستکارێك هەبێ بەدەر لە سروشت، ئەوە هەمان ڕای کۆنی (دەهریەکان) و (naturalism)، ڕای کۆنی هرکلیتیشە کە وتبووی(بوونەوەر یەکەوکەسیش دروستی نەکردوە، هەرواش دەمێنێتەوە، بەرێك وپێکی دەگۆڕێ)[2]، لەدواییش دەقی ئەو گوفتەیە لەلایەن فریدریك ئەنجلیس هاتوە " دەتوانین لەو گەردوونە بگەین چۆن دروست بوە و چۆن کار دەکا بێ ئەوەی پێویستیمان بە خودا (یان هەر زیادەکی نامۆ هەبێت)"، لاپلاس و هۆلباخ وزۆری

---

[1] دیزاینی مەزن- ل٣٢،

[2] ملاحظات فلسفية- ط روسية ص٣١٨

تر وەك لینین ووتویانە: هەرچی هەیە بریتیە لە مادەی جولاو[١]، لەدوای هەمو ئەوانە تازە ستیڤن ئەوەی دووبارە کردۆتەوە، دوایی لەدرێژەی ئەو ڕەئیەی لەهەمان لاپەڕەدا دەگاتە هەمان ڕای بەناوبانگی (فیورباخ) کە دەڵێت بچوکی وبێ دەسەلاتیمان لەچاو سروشت خوامان دروست کردووە، واتە خوا ئێمەی دروست نەکردووە بەڵکو ئێمە خوامان دروست کردووە، ستیڤن بەهەمان شێوە دەگاتە ئەو بۆچونە فەلسەفیە و دەڵێت (... ئێمە زۆر بچوك و کەم بایەخین، ئەمەیە لەهەستی ئێمەی مرۆڤدا خوای دروستکار چێ دەکات)[٢].

- لە لا٤٤-٤٥ باس لەوە دەکا بیرۆکەی خودا لەوە دەهات کە زانیاری مرۆڤ لەبارەی نهێنیەکانی سروشت و هۆکارەکانی خۆرگیران و باران و تۆفان و زەوی لەرزە و گڕکانەکان نەبوو، بۆیە هەر دیاردەك خوایەکیان بۆ داتاشی، ئەو پێ ی وایە دوای ئەوەی نهێنیەکانی گەردوون و یاساکانی سروشت دۆزرانەوە پێویست بەو خوایانە نەما. هەڵبەتە ئەمە ڕای کۆمەڵێك زانای پێش سەدەی (١٨)ەیە لەوانە (فریزەر، تایلەر، فیورباخ، لاپلاس، هۆڵباخ،..) ڕاستە ئەو فرە خواییە لەلای هەندێ میللەت هەبووە، بەڵام شان بەشانی ئەو فرە خواییە تاك خوایش هەبووە، وەك ولیەم شمیدیش بەدرێژی باسی کردووە[٣].

ئینجا پەیامە ئاسمانیەکان باسی (ئەسباب) و (یاسای سروشتی) کردووە، ئەوەتا فەیلەسوفەکانی ئایینی وەك (ئیبن روشد) بەدرێژی باسی سروشت و هۆکار و سیستەمی کردووە، هەرخۆشی (ستیڤن) باسی لە فەیلەسوف (تالیس) ی میلتۆسەوە کردوە لەسەدەی (٦-پ.ز) کە وتویەتی دەتوانین بەهۆی هۆکار و یاسای سروشتی لە سروشت بگەین، یەکەم کەسیشە پێش بینی خۆرگیرانی کردووە،

---

[١] لینین –مؤلفات ص١٦٢

[٢] دیزاینی مەزن –ل٣٨

[٣] بروانة : علم الأجتماع ص٤١٨

فیساگۆرسیش دامەزرێنەری فیزیا و ماتماتیك و زانستی سروشتەو یەکەم زاناشە کە دیاردەکانی سروشتی لە چوارچیوەی یاسای سروشتی ڕاڤە کرد، ئەوانەش مەدرەسەی فەلسەفی ئایینی یۆنانی حیسابن.

ڕەنگە دیکارت (١٥٩٦- ١٦٥٠) یەکەم فەیلەسوف بیت کە یاساکانی سروشتی بە یاسا ڕێکخست و لەهەمان کات باوەڕداربوە، ئی دی هەردوو لای (نەزانی و زانین)، (نەفامی و ڕوناکی)، (فرەخوایی و یەك خوایی)، (بیّ باوەڕی و باوەڕداری)، (فەلسەفەی مادی وفەلسەفەی خوایی) شان بەشانی یەکتر هاتوون، نەك قۆناغی ئەفسانە و ڕابردوو و فرەخوایی بێت، دوای بەرەو عەقلانیەت ئینجا بوبێتە تاك خوایی و لەسەردەمی زانستیش لەتاك خواییەوە بوبێتە یاسای سروشتی و دۆزینەوەی هۆکار وەك ستیڤن وای بۆچوە، هەر لەو کاتە کە دیمکریتیس فەلسەفەی ئەتۆمی دارشت ووتی پێویستمان بە خوا نەما، لەو کاتە فیساگۆرس و تالیس و ئەرستۆ لێکدانەوەی سروشتیان دەکرد ئەوا بەشێکی تری فەیلەسوفان دژ بەو تەقەلا فەلسەفیانە بووینە، لەوانە (ئیپکۆروس ٣٤١-٢٧٠ پ ز) ڕێچکەی خۆدانەدەستی(بەتەمای خودا) داوە، هەر لەوکاتەش کە ئێستا ستیڤن دەڵێت ئەو بونەوەرە مادیە و دێت و دەڕوا سزا و پاداشت لەدوایدا نیە، ئەوا هەمان وتە بەپیت و خاڵەوە لەلایەن (ئەناخسماندەر) و (هرکلیت) لەسەدەی (٥ پ ز) " ووتویانە: هەمووماان لەمادەوە هاتووین دەشبینەوە مادە سزا و پاداشت نیە".

-لە ل٢٠٦ باس لەوەدەکا کە (دەستپێکی گەردوونیش بەپیّ ی یاساکانی زانست بوە نەك پێویستی بەجولاندن بوبێت بەهۆی هەندیك یەزدانەوە).. لێرەدا تەواوی کێشە فەلسەفی و مەعریفی و سایکۆلۆژیەکانی ستیڤن دەردەکەویّ، ئەو واتێدەگا چۆن ئاسەواری وەستا بە دیواردروستکردن دیارە، دەبیّ دروست کردنی گەردوونیش ئەوا دەست و پەنجەو ئامرازەکانی خوای پێوە دیاربێت، گرفتی ئەو لە پەیوەندی نێوان (خالق و مەخلوقە) کە لەبەشی پێنجەم باسمان کرد، ئەو پەیوەندیە

لەڕێ ی (یاساکانی سروشتە کە بەشێکە لە ڕاستی)، ناڕاستەوخۆیە، بە (امر- یاساکان) گەردوونی دروست کردووە.

-لە لا٢٠٧ دێتەوە سەر شەبەنگە تیۆرەکی زۆر سواو دەڵێت (گەردوون دەتوانێت خۆ بەخۆ بەهەموو ڕێگە مومکینەکان دەست پێ بکات کە زۆرترینیان دەبەسترێتەوە بە گەردوونەکانی ترەوە).وەك لەخوارەوە زیاتر دەردەکەوێ ئەو بۆچونەی چەندەلاوازو یەك ڕەهەندیە، هەر١١ڕەهەندیەکەی لە باش ترین دۆخیدا نوینەرایەتی یەك ڕەهەند دەکا کە ڕەهەندی مادیە، سروشت و گەردوون خۆ بەخۆ ناتوانێت بەرنامەیەکی وا ڕێك و پێك بۆخۆی دابنێ یاساکانی ئەوەندە ورد بێت خۆی (مسەیەر) و (ملکەچ) بکا بۆ ئەوەی ئەرکی تێکڕای لەپێناو (ئەوئامانجەی ئیستا لە بوونەوەر هاتتەدی) دارڕژرابێت، ئەو بۆچونە لەکۆنەوە لەسێ تیۆر هاتووە: ١-تیۆری (التوالد-الذاتي) ٢- تیۆری پەرەسەندن ٣- تیۆری بازدان و ڕێکەوت... لەڕاستیدا هەر سێ تیۆر لەو سەردەمە پۆچەڵکراینەوە لە زانستیش ناخوێندرێن تەنها لەمێژوی زانست دەخوێندرێن، تیۆری (توالد الذاتي) لەلایەن (باستۆر) و (ئۆپارین) بە ئەزموون پۆچەڵکرایەوە و ئێستا ژیانی رۆژانەمان لەسەر خواردنی (قوتووە) کەلە پوچەڵی ئەو تیۆرە هاتووە، هەروەك تیۆری پەرەسەندن و ڕێکەوتیش لەگەڵ دۆزینەوەی (BIG BANG) کۆتایی هات، کە ئەویش زۆری بەکارهێنان هەیە، بۆهەموشیان ئێستا (ئەندازەی جینەکان) دەخوێندرێ و بە وردی دەرکەوت ئەوەی بەرپرسە لە گۆڕانکاری بایلۆجی نە (توالد الذاتي) ە نە (پەرەسەندن، ڕێکەوت) بەڵکو شوێنی جین لەناو کرۆمۆسۆم ئەو بەرپرسیاریەتەی هەیە.

لە ل٢٤١ بە دواوە جارێکی تر گەڕاوەتەوە سەر تیۆرە کلاسیکیەکانی (گەردوونی بێ ئامانج —عەبەسی) کەچی رۆژبەرۆژ وهەماهەنگی هەمولەگەڵ هەمو ئەو تیۆرەی عەبەسی توورِ دەدا، چۆن دەتوانی پەیوەندی نێوان چینی ئۆزۆن وبەردەوامی ژیان لەسەر زەوی لیك بداتەوە ئەوە چۆن عەبەسیە.

لێرەوە وەڵامی پرسیارێکی گرنگ هەیە، فرانك كلوز دەڵێ ئەگەر مەبەست لە دروست کردنی بوونەوەر تەنها ئادەمیزاد بێت ئەوادروست کردنی سیستەمی خۆرو مانگ ئەو هەسارانەی دەوری بەس بوو، پێویستی نەدەکرد ئەو هەمو گەردوون ومەجەرەو (ئەستێرە ڕەش وسپی) وزۆری تر نەدەکرد، تا زانست زۆر نەبوو ئەو پرسیارە لەسەر زەویش دەکرا دەیان ووت چ سودیك لە دروست کردنی بەکتریاو ماسی ودڕندە هەیە؟ دەیان ووت مادام مارو دوپشك بۆ کوشتن دروست کراون ئەدی بۆ دروست کراون؟

هەمو ئەوانە لەگەڵ گەشەی زانست ساغ بۆوە کە هەریەکەی کاری خۆی هەیە لە ڕووی بایۆلۆجی وزیندەکی وهاوسەنگی سروشتی وژینگەو زۆر لای تر، دوای ووتیان تەنها سروشتی دەوروبەری زەوی بەسە بۆ ژیان..دوای دەرکەوت ئەو دۆخە سروشتیەی (زەمین) پێویستی بە ڕۆژ ومانگ وهەسارەو ئەستێرەو تەواوی گەردوون هەیە، لەوەوە زەمین ناسنامەیەکی میتافیزیکیشی هەلگرتوە، بوویتە مەلبەندی مەبەستەکانی گەردوون، کەواتە زەمین هەم ناسنامەی میتافیزیکی وهەم ناوەندیەتی مەبەستیشی هەلگرتوە لەو زەمینە چەند نیشانەیەکی خوایی گەردوونی لێ بەدی دەکرێ کە هەمویان ڕەهەندی گەردوونی و بونەوەریان هەلگرتوە:

١- پەیدابوون(خلق)وبەردەوامی، هەر ئەوە گرنگ نیە یەکەم شانەی زیندوو گرنگ تر لەوە ئەی چۆن بژی، خواردن ئاو هەوا...هەزاران پێویستی تر، لەدوای هەمو ئەوانەو بە ئەندازەی ئەوەی ووتمان پێویستی بە (نێرو مێیە) بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت وەك تەمەن ووەك مێژوو.

٢- زەوجی وتواناو سنور(زوجي وقدر).

٣- کە لەپێشوو باسمان کرد-یاساو بەرنامە(هدى).

٤- هەماهەنگی سەرتاسەری (نەك ناکۆکی)

٥-ئامانج...

هەمو ئەوانە ئاسەواری خوایین لەو بوونەوەرەو لەویشەوە بۆ (زەمین)...، کەواتە ئیستا هەمو شتیك بە یاسایە یان بە عەبەسە؟ وەك خۆشی(سیڤن هۆکینگ) لە ل٢٤٩-٢٥٢ هاتۆتەسەر ئەو ڕاستیە، هەرچی بۆی بچیت ئاوایە.

لەکۆتایىیدا لە ل٢٦٣ دەگاتە ئەو ئەنجامە ودەڵێ سروشت بە خۆی کاری خۆی دەکا پێویست ناکا ئێمە سوپاسگوزاری خوایەك بین ولێی بپاڕێینەوە کە کاری چاکمان بۆ بکا...، بەو شێوەیە دەگاتەوە هەمان بیٚ باوەڕی کۆن وسادە کەبەرامبەر پێغەمبەرەکان وەستان، یان وەك دەهریەکان وبالی بیٚ باوەڕی فەلسەفەی یۆنانی کۆن، خوا پەکی لەسەر ئەو سوپاسە نەکەوتوەو ئازادی کردووی ئاواش بلێی، کەچی بوونەوەریش بە یاساکانی خوا بەڕێوە دەچیٚ چ دژی بیت یان لایەنگری.

بەشی کۆتایی

فەلسەفەی ئیلحاد و زیانی نیشتیمانیی

لەوەی سەروو بە سانایی تیگەیشتین کە فەلسەفەی مولحیدی زیانێکی زۆری بۆ سیستەمی کۆمەڵگە بە تاك وکۆوە هەیە، بۆ شارستانی وفەرهەنگی وتەواوی هاریکاری مرۆڤایەتی..، ئیستا بزانین ئەو زیانەبەرەو لای بنەما نیشتمانی وپەیوەندیەکانی تاك لەگەڵ یەکترو بە نیشتمانەوە چۆن دەبێ؟ئینتمای لاوازدەکا؟چەندە بەرژەوەندی تایبەت دەخاتە سەرووی نیشتمان؟ ئەو پرۆسەیە چەندە زیانەکانی گەورە تر دەبن ئەگەر ئەو وولاتە لە قۆناغی گواستنەوەی (وەك رزگاری- نیشتمانی) بێت؟

لەکۆنەوە ئیمپراتۆرەکان مونەزیر و ڕاوێژکاری زانایان هەبووە بۆ هەڵسوڕانی ئیدارەی وڵات، بەشێکیش لە فەیلەسوف و کۆمەڵناس و جوگرافیناسی گەورەش بۆ (فتوحات) تەرخان کرابوو، ئەرکی ئەوانە ئەوە بووە ڕێنماییدەر بۆ وڵاتانی نوێ و چۆنیەتی زاڵبوونی بەسەر میللەتانی داگیرکراو، کۆن ترین و ڕوونترین بەڵگەنامە لەو بارەیەوە ئاڵوگۆڕی نامەی نێوان ئەسکەندەر و ئەرستۆ بوە لەبارەی خاکی عەجەم، دوو نامە وەڵام هەڵدەبژێرین:

نامەی ئەسکەندەر: أنّه شاهد بإيرانشهر رجالا ذوي أصالة في الرأي، وجمال في الوجوه، لهم مع ذلك صرامة وشجاعة، وأنه رأي لهم هيآت وخلقا، لو كان عرف حقيقتها، لما غزاهم، وأنّه إنّما ملكهم بحسن الاتفاق والبخت، وأنّه لا يأمن - إن ظعن عنهم - وثوبهم، ولا تسكن نفسه إلّا ببوارهم.

وەڵامی ئەرستۆ: « فهمت كتابك في رجال فارس. فأما قتلهم فهو من الفساد في الأرض ولو قتلتهم لأنبت البلد أمثالهم لأنّ إقليم بابل يولّد أمثال هؤلاء الرجال، من أهل العقول والسداد في الرأي، والاعتدال في التركيب، فصاروا أعداءك وأعداء عقبك بالطبع، لأنّك تكون قد وترت القوم، وكثرت الأحقاد على أرض الروم منهم وممن بعدهم، وإخراجك إياهم في عسكرك مخاطرة بنفسك وأصحابك. ولكني أشير عليك برأي هو أبلغ لك في كلّ ما تريد من القتل، وهو أن تستدعي أولاد الملوك منهم، ومن يستصلح للملك ويترشح له، فتقلّدهم البلدان، وتوليهم الولايات، ليصير كل واحد منهم ملكا برأسه، فتتفرّق كلمتهم، ويجتمعوا على الطاعة لك، ولا يؤدّي بعضهم إلى بعض طاعة، ولا يتّفقوا على أمر واحد، ولا تجتمع كلمتهم. »[١]

ابن خلدون ئەو نامەیەی ئاوا شیٚ کردۆتەوە (..وتخطى إلى فارس فملك بلادها، وهدم مدينة الملك بها وسبى أهلها، وأشار عليه معلمه ارسطو بأن يجعل الملك في أسافلهم لتتفرق كلمتهم)[٢].

وەڵامنامەی دووەمی ئەرستۆ (فهمت كتابك، وما وصفت به أصحابك. فأمّا ما ذكرت من بعد هممهم فإنّ الوفاء من بعد الهمة. وأمّا ما ذكرت من شجاعتهم ونقص عقولهم عنها، فمن كانت هذه حاله، فرفّهه في معيشته، واخصصه بحسان النساء. فإنّ رفاهة العيش توهي العزم، وتحبّب السلامة، وتباعد من ركوب الخطأ والغرر. وليكن خلقك حسنا تخلص لك النيات، ولا تتناول من لذيذ العيش ما لا يمكن أوساط إخوتك مثله، فليس مع الاستيثار محبة، ولا مع المواساة بغضة. واعلم أنّ المملوك إذا اشترى لا يسأل عن مال مولاه وإنّما يسأل عنه خلقه).[٣] بەو شێوەیە یەکەم بنەمای (زانستی داگیرکاری وزانستی فرق تسد) و لەبەرامبەریشدا

[١] دەقی ئەو نامانە لە کتێبی ابن مسکویە(تجارب الأمم ج١ ص٢٢) وەرگیراوە.
[٢] تاريخ ابن خلدون ج٢ص٢٢٢
[٣] تجارب الأمم ج١ ص٢٣

بنەماکانی (زانستی مافی چارەنوس) لێرە دیت، هەر لەو هەلمەتەی ئەسکەندەر ولەپیناو لاوازکردنی بەرگری میلەتان بۆ داگیرکاریەکەی ئەوا دوو قوتابی فیساگۆرسی هێنابوو لەگەڵ خۆی، بەناوی (مەرزنۆس) و(ڤلانۆس) فەلسەفەو باوەڕی هیلنیستیان لە ناوچە داگیرکراوەکان بلاودەکردەوە[1]، لەو سەردەمەش هەمان پلان پیادەکراوە (فرانتز فانون)دەڵێت : بەپیی ئەزموغان بۆ داگیرکاری ئەوارووبەرووبونەوەمان لەگەڵ تەبشیری بۆ وولاتانی داگیرکراولەلایەن داگیرکەرەوە وەك قەلاچۆی میش ومەگەز پێویستە[2].

بەگشتی فاکتەرەکانی ئاین و ئەخلاق و ئایدۆلۆژیا بەشێکە لەتەواوکەری کەسییێتی، ئەوەش وادەکا کەسێکی لەرزۆك وڕاڕاو کرێگرتە نەبێ، بەبەرگری بێت بەتایبەتی بەرامبەر داگیرکاری، لەسەر ئاستی کۆمەڵگەش ئەو فاکتەرانە (بەدروستی) دەبێتە هۆی تەبایی و (ضبط اجتماعي) و هاریکاری و لێبوردەیی و بەزەیی و وەفا و خۆنەویسی بلاودەبێتەوە، بەگشتی ڕێگرە لە زاڵبوونی بەرژەوەندی تایبەتی بەسەر بەرژەوەندی گشتی، کە فاکتەری هەرە بنچینەیی دروستبوونی چەمکانی وەك کۆمەڵگە و نەتەوە و حیزب و تاقم ودەزگایە، ئەوەش دەروازەی یەکەمی پێشکەوتن وداهێنانە لەلایەك ولەلایەکی تریش بۆ خۆشەویستی میلەت و وولات و هێزی بەرگری، بەپێچەوانەوە ئیلحادی کەسی شەڕانی و خۆویست دروست دەکات، کۆمەڵگەیەکی پڕ لە تاوان دروست دەکا، کۆمەڵە یاسایەك هەیە لە فەرهەنگ و ئەنسکلۆپیدیەکان بەناوی (قوانین اجتماعیة الکونیة- Univarsal social law) هاتووە وەك دەقی خۆی (ژمارەی تاوان لە کۆمەڵگەیەك زیاد

---

[1] - ابي الفتح الشهرستاني- الملل والنحل – تحققت محمد عبدالقادر الفضل، بيروت، طبعة الأولى ج٣ ص٧٩ – ويل ديورانت لە(قصة الحضارة – ج١٣)دەڵێ لە ٥٢٩ز باسی لە ڕۆیشتنی زۆریك لە فەیلەسوفان کراوە بۆ ئەو شوینانە.

[2] فرانتز فانون- معذبو الأرض، ت :جمال اتاسی ص١٧

دەکات ئەگەر ئایین ڕۆڵێکی پەراوێزی هەبێت)[١]، لەکۆمەڵگەی ئاوادا یاسا و پۆلیس و حکومەت زۆر ماندووە، چونکە کۆمەڵگە و تاکەکانی یارمەتیدەری بەرجەستەی یاسا و دەستور نابن، بۆیە ئێستا زۆربەی وڵاتانی جیهان هەر ئایینێکی ناتەواویشیان هەبووبێ گەشەیان پێ داوە، لەدەستوریان تۆماریان کردوە وەك ئایینی فەرمی وڵات، ماوتسی تۆنگی سەرۆکی پیشووی چین لەدانیشتنێکی لەگەڵ هەندێ زانای ئاینی ئەفریقی بەسەرۆکایەتی (مالك بن نبی) ووتبووی من هیچ ئاینیکی بە هیزم لە وولات نەبوو بۆیە کۆنفۆشیۆسیم زیندووکردەوە بۆ ئەوەی میلەتەکەم توندو تۆل بکاو بەرگری دەرەکی وناوەکی بۆ دروست بیت[٢].

ئەزمونی مێژووییەکانیش بەهاوار پێمان دەڵێن ئەوانەی وولات فرۆشن ئاین و مەبادیئو ئایدیۆلۆژیان نیەو نەبوە، (ولید بن یزید)یەکێك لە خەلیفەکانی ئەمەویەو باوەڕی بەخوداو قورئان وزیندووبوونەوە نەبوە[٣]، چی بەسەر نیشتمان هێناوە؟ خوراسانی فرۆشتە (نصر بن سیار)، ولایەتیکی تری بە(یوسف بن عمر)بە والی و کارمەندەوە فرۆشت، ئیتحادیەکانی عوسمانی(لەدوای ١٩٠٨) وعەرەبی کەنداو فەلەستینیان فرۆشتە یەهودیەکان بە دوو سینی لیرەی زێڕ[٤]، لیبیایان فرۆشتە ئیتالیا بە دوو بەلەمی سەربازی[٥]، ڕووباری دیجلەیان فرۆشتە ئینکلیز بە ٢٥٠٠٠٠لیرە[٦]، شیخەکانی کەنداو مووچەی مانگانەیان بە زێڕ هەبوو لەبەرامبەر

---

[١] موسوعة العلم الاجتماع ل٥٠٦. هەروەها بروانە: مەوسوعەی جودی ل٢٥٥

[٢] مەوسوعەی جودی ل٨١

[٣] د محمد عمارة-المعتزلة والثورة ص٧٢-٧٣

[٤] - اليهود والدولة العثمانية.. ص٢٢٩

[٥] يقول جوليتي- رئيس الحكومة الإيطالية عام١٩١١م عن حكومة الإتحاديين: لقد طلبوا منا اذا كانت ايطاليا مستعدة للتنازل لصالح تركيا كتعويض لها عن ضياع ليبيا، عن سفينتين من أحسن سفن اسطولها.(الباحث- الإسلام والعلمانية واثرهما على نشأة الدولة العراقية الحديثة ص٧٩)

[٦] عباس العزاوي- العراق بين الأحتلالين-.. ج٨- ص١٨٦

فرۆشتنی وولات.

گۆڤـاری(شـؤون خارجیـة) لـە لنـدن دەردەچـوو لـە کـانونی دوەمـی ١٩٢٧ز زانیاریەکیووردی بەناوی (امـراء العـرب وداوتنـع بسـکریت) نـاوی هەریەکـە لـە ئەمیرە عەرەبەکان وموچەی سالانەی ئاشکراکرد بەوشێوەیە :

١- ابن السعود ١٠٠,٠٠٠ جنیه، ٢- الملك حسین- شریف مکـة- ١٠٠,٠٠٠ جنیه، ٣- فهد الهذال ١٤٠,٠٠٠ ربیة، السید الأدریسي ١٢,٠٠٠لیَرة..[1].

ئەو دۆخە بۆ کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت و یاسا بەتایبەتی بـۆ ئـەو میللەتانـەی لە فەترەی گواسـتنەوەن یـان لەفـەترەی ڕزگـاری نیشـتیمانین (کـە دەوڵـەتیان نیـە) یەکجار زۆرتر پێویستیان بە ئایین و ئـەخلاق و ئایـدۆلۆژیا هەیـە، بۆئـەوەی بـەدیل بێـت بـۆ حکومـەت و یاسـا و پـۆلیس و زینـدانی بتـوانی پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی وژێرخانەکەی بپارێزی، ئەو فاکتەرانە لەو قۆناغـە دەبنـە ڕێگـری هـەرە گـەورە تـا خۆویستی و خۆفرۆشی و گەنـدەڵی و..... دروسـت نـەبێ، لـەو قۆناغـە کۆمەڵگـە پێویستی بە هاریکاری و تەبایی و ئۆقرە و گیانی بەرگری هەیە، ئەوەش بە ڕوونـی لــە ئامۆژگاریــە بەناوبانگــەکانی میکــافیلی(١٤٦٩-١٥٤٧)بــۆ دەســەلاتدارە داگیرکەرەکان دەردەکەوێ کە لەیەکێکیان دەڵێ: بۆ ئەوەی (ئەمیر) زال بیت بەسـەر میلـەت پێویسـتە میلەتەکـە دوورخاتـەوە لـە ئـەخلاق وئـایین[2]، زۆر بـە زەحمـەت نمونەیەکمان دەست دەکەوێ میللەتێك لەژێر داگیرکاری ڕزگاریان بووبێ ئەگەریەکێ لەو سێ فاکتەرە (ئایین، ئەخلاق، ئایدۆلۆژیا)ی نەبووبێ، یان هەرسێك پێکەوە.

کـاتێ ئـەمیریکا لـە (شـاری ناکـازاکی)دا وەزیـری بـەرگری یابـان لـە وەڵامـی

---

[1] عبدالرزاق الحسنی - تأریخ الوزارات العراقیة -دارالشؤون الثقافة العامة –بغداد ١٩٨٨م ج١ص٩٢ هەروەها د.علی الوردی – لمحات.. ج٥ ص٣٧ هەروەها (الإسلام والعلمانیة واثرهما علی نشأة الدولة العراقیة الحدیثة ص٧٩

[2] نیقولا مکیافیلی – الأمیر-تعلیق:موسولینی-ترجمة:خیری حمادی ص١٥٠

پرسیاری ئاخۆ ئەگەر ئێوە چەکی ئەتۆمیتان هەبوایە لە ئەمریکاتان دەداوە؟ لە وەڵامدا وتی" ئەگەر چەکی ئەتۆمیمان هەبوایە پێویستی نەبوو بەکاری بهێنین لەبەر ئەوەی ئەمریکا نەیدەتوانی لێمان بدا، جا لێرەشدا ئەگەر میللەتێك (ئایین و ئەخلاق و ئایدۆلۆژیا)ی پتەوی هەبووبێ، هەر لە ئەسلدا داگیر ناکرێ، ناچێتە چوارچێوەی نەخشەی داگیرکەران.

لە چوار چێوەی پرۆژەی(ارض بلا شعب لشعب بلا ارض) کە لەکۆنگرەی لندن ١٨٤٠ درایە بارمستونی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بەدوای وولاتیك گەڕان بۆ یەهودیەکان، سێ شوێنیان بینیەوە (ئەمریکای لاتینی، هەندێ ناوچەی ئەفریقا کینیا لەوانە، هاتنە خوارووی بەغدا بۆ ناوچەی ئۆر)کە میلەتیان لێ لاوازە.

لە پرۆتۆکۆلەکانی یەهود ڕوون تر باس کراوە لە پرۆتۆکۆلی(١١) دەڵێ تا بتوانین زاڵ بین بەسەریانا دەبێ (ان الأممين -غير اليهود- كقطيع من الغنم، وأننا الذئاب، فهل تعلمون ما تفعل الغنم حينما تنفذ الذئاب إلى الحظيرة؟ انها لتغمض عيونها عن كل شيء) لە بڕۆتۆکۆلی١٠ باس لە تیك شکاندنی ژێرخانی خیزانی دەکا (فسوف ندمر الحياة الأسرية بين الأممين، تفسد أهميتها التربوية)[1]، هەولی داوە جۆری سیاسەتەکە میکافیلیانە بێت وەك لە پرۆتۆکۆلی یەکەمی باسی دەکا بۆ ئەوەی پەیوەندی زانستی سیاسیش بە میلەت لاواز بکاو داگیرکاریەکەی بە ئاسانی بچەسپێ، مەبەستی نیشتیمانی بێ میللەت ئەوە نەبوو دەوڵەتێکی یەهودی لە پانتاییەکی جوگرافی بێ دانیشتوان دروست بکات، بەڵکو مەبەستی دانیشتوانێکی بێ (مەبدەئی) و (سیستەم) و (ئایین) و قەتیس بەستوو لەژێر کاریگەری فاکتەرە ستونیە کۆمەڵایەتیەکانە، لاوازی میلەت مانای لاوازی ژێرخان نەك کەمی ژمارەیان. لەمێژووشدا تا ئەو ساتە زۆر بەدەگمەن بینیومانە میللەتێك

---

[1] بروتوكولات حكماءالصهيون- ترجمة :عباس محمود العقاد ط٥ ١٩٨٠بروتوكول رقم:(١٠، ١١).

[2] مدخل الى الفلسفة ص٤٧، ٤٩

پەیوەندیەکانی نێوان میللەت و نیشتیمان و دەسەڵاتی سیاسی باڵای هەبووبێ و داگیرکرابێ، میللەتێکی مەدەنی (ئومە) داگیرکرابێ، شەڕی نێوان دوو ئیمپراتۆر و جەنگی جیهانیەکان لەسەر ئەو جۆرە میللەتە بوە کە لاوازن وەك چۆن دڕندە نیچیری نەخۆش وگەوج یان ساوا هەلدەبژێرن، هەردەم داگیرکار چاوی بڕیوەتە خاکی ئەو میللەتانەی پێنەگەیشتوون، وەك لە کۆنگرەکانی سایکس پیکۆ وسان ڕیمۆ.. ڕوون تر دەردەکەوێ. دابەشی ئینتدابی ساڵی ١٩٢٠ بەپێی مادەی (٢٢)ی عوسبەتولئومەم بۆ پلەکانی (c،b،a) باشترین بەڵگەیە.

ئیمپراتۆر و داگیرکەران لە کۆنەوە پێش ئەوەی بەرەو هەر وڵاتێك بهاتبانایە بانگی جوگرافی ناسی و کۆمەڵناسی و زانا و فەیلەسوفانیان دەکرد، یان هەر لەگەڵ لەشکرەکان بەڕێ دەکەوتن تاهەم سروشتی خاکەکە بزانن (بەمەبەستی عسکری) سروشتی میلەتەکەش(بەمەبەستی سیاسی)، بۆیە ئاساییە ڕای ئەو جۆرە فەیلەسوف و زانایانەی مونەزیری داگیرکەر زیاتر بەلای ئیلحادیەوە بووبێ، هەر بەنمونە لە مێژوودا یەکەم زانا کە هەوڵی جیاکردنەوەی ئاین و سیاسەتی داوە سینکا(٤-٦٥م) فەیلەسوفی مولحیدی ڕۆم بووە[1]، بەهەمان شێوە فەیلەسوفی یۆنانی کۆن (هرکلیت) هەم مولحید بوە هەم دژبە بنەمای ئازادی و دیموکراسی بوە، ئەوانەی دژی بنەمای ئایینی و دیموکراسی و میلەت بووینە زۆربەیان مولحیدوستۆیلی بووینە، زیاتر لایەنگیری دەسەلات بووینە، لەوانە زینۆن(٣٠٠ پ.ز) بۆ پاپای ئەسینا، مارکۆس ئۆلیتۆس وئیکتیپۆس(٦٠-١٢٠) بە نۆکەری ئیمپراتۆر بە ناوبانگ بوو.. ئەوانە بە (ستۆیلی)ناوزەد دەکران واتە: بەردەم پایە، بە هەمان شیوە ئەرستۆ هۆبز و وماکیاڤیلی.. ڕۆفائیلی هونەرمەند وینەی ئەرستۆ و ئەفلاتونی لەتەنیشت یەك وا دروست کردبووئەفلاتون ڕووی لە ئاسمان و

---

[1] موسوعة علم الإجتماع ص٣٣٩

ئەرستۆش رووی لە زەوی بەو مانایەی یەکەمیان لاهوتی و دوەمیان ناسوتی، یان سادەتر یەکەمیان خواییانەودوەمیان واقعی ودنیاییانە، ئەفلاتون ئاینی ولەڕێزی میلەت بوە وەك جون لویس دەڵێ دەنگی میلەت وشاری بوە، ئەرستۆش لە خزمەت داگیرکەرێکی وەك فیلیپی مەقدونی بوە[1]، دوایش بوە فەیلەسفی رەسمی ئیمپراتۆریەت ومامۆستای ئەسکەندەری مەقدۆنی مونەزیری دەولەتی بەندایەتی بوو، سینکای دوەم مامۆستای نیرۆنی زۆردار بوو کەدوای خۆی دەماری بڕی وسینکای کوشت[2]، میکاڤیلی بۆ بنەماڵەی حوکومداری مدیتچی وئاواش لاپلاس وهۆبز و... زانای هۆلەندی هۆگۆ گرۆتیۆس(١٥٨٣-١٦٤٥)بە دامەزرینەری یاسای دەولی وسیستەمی عەلمانی هەژمار دەکرێ کەچی لایەنگری کۆیلەداری بوە، هەڵمەتەکان بۆسەر جیهانی ئیسلامی بەهەمان شێوە دەست پێ دەکا، یەکەم جار هەولیان داوە ئاینیان لاوازبکا، (لورنس براون) دەڵێ گەورەترین دیوار لە پیش داگیرکار وئیستعمار ئاینە[3]، سەرکردەی پورتوگالی لە١٥١٥ز لە ژێر دروشمی (طرد المسلمين وأخماد النار المحمدية الى الأبد) بەرەو جیهانی ئیسلامی هات[4]، کلادستونی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا دەڵێ: مادام هذا القرأن فی أیدی المسلمین یتدارسونه ويقبلون على العناية، لن تقوم لنا قائمة، فلا بد العمل على انتزاع هذا الكتاب من عقولهم وقلوبهم)) دەڵێت ناتوانین جیهانی ئیسلامی داگیربکەین تا (قورئان) یان لەنێو دورنەخەینەوە[5]، فەلسەفەی ئینتیداب و دابەش و دیزاینی جیهانی ئیسلامی بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی مقاسیدی سایکس بیکۆ دروست

---

[1] سبينوزا-رسالة فى اللاهوت و السياسة ص٢١١

[2] د.عدنان على رضا النحوى- المسلمون بين العلمانية وحقوق الأنييسان الوضعية، ط ١ ١٩٩٧م، ص١٠

[3] التبشير والاستعمار ص ١٠٤

[4] بنى مرجة- صحوة رجل المريض ص١٩٩

[5] بنى مرجة- صحوة رجل المريض ص١٩٩

کرا، یەکەم پێگەی (بەمورتاحی) ئیستیعمار لەجیهانی عەرەبی حیجاز بوە کە یەکەم پرۆسەی لێك جیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵاتی ئەنجامدرا لەنێوان(محمد کوڕی عەبدولوەهاب)و(حمد کوڕی سعود) لەسالی ١٧٣٧ز ئاین بۆ یەکەم ودەسەلاتیش بۆ دوەم[١].

دەسەڵاتی عوسمانیش لەدوای ئەوەی ڕێڕەوی سیکۆلاری کەوتە نێو ئەوجا بوە دەولّەتە نەخۆشەکە، رۆجی غارودی هەروەهاش مەکسیم رۆدنسن دەڵێن ئیستعمار بۆ جیگیر بوونی خۆی لە وولاتانی داگیرکراو هەولی یەکەمی دەرکیشانی ئاین وکەلتوری ڕەسەنی ئەو میلەتە بوە، بۆیە تەبشیری پیشرەوی ئیستعمارە..[٢]، مەبەستی بنچینە تەبشیری گۆڕینی ئاینی داگیرکراو بوە بۆیە پیشەنگی داگیرکاری بوە[٣]، تەنانەت داگیرکەر هەولی داوە ئاینیکی بەهیزو بەرگر بگۆڕێ بە ئاینیکی تری سادە، بۆیە هەولّی گۆڕینی دراوە، چونکە ئاینی ئیسلامی ڕاستەقینە هەرگیز ناشێت ونابێتە کەرەستەی هیچ داگیرکەرێك، جورج کامبل لە کتێبی (الأفرقا الإستوائية) لەگەڵ ڕای(جورج کارپنتر) هاوڕان ودەڵێن ئاینی ئیسلام رۆلی سەلبی نەبوە لەداگیرکاری، تەبشیری بە پێچەوانەی ئیسلام سەربەخۆیی نیشتمانی تیك شکاندوە لە ئەفریقا[٤]، سەرەڕای ئەوەش هیشتا ئاینێکی لاوازیش باشترە لە بێ ئاینی، ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەینە مانەوەی گیانی بەرگری میلەتی کیبك لە کەنەدا دەبینین یەکێ لە هۆیە بنچینەییەکە ئەوەیە رۆحی ئاینیان هیشتۆتەوە وەك بەشیك لە سەربەخۆیی (وەك لە ئامارەکەی سالی ٢٠١٠ دەرکەوت).

---

[١] د.صالح العابد –حركة الأستقلال العربي ص١٢-١٣

[٢] روجيه غارودي-ماركسية قرن عشرين ص١٤٩ وص١٩٥ هەروەها مكسيم رۆدنسن لە کتیبی (الإسلام والماركسيه) ئەو باسە دەکات.

[٣] هاري ماجدوف- الإمبريالية من عصرالإستعمار الى اليوم ص٦٧

[٤] عباس محمود عقاد- مايقال عن الإسلام ص٩١ هتروةها: جورج كامبل-الأفرقا الإستوائية ج٢ص٢٧٦

لە ئەزمونی ئەپارتایدی ئـەفریقا ورۆدیسـیای پیشـوو سـەرنج بـدە ئـەو تیمـەی سپیەکان دژ بە رەشەکانیان دروست کردبوو بەناوی(عصابە التمسـاح) تـا ژێرخـانی میلەت داخورێنن بۆ ئەوەی بەرگریان نەمینی، هەول دەدرا بەهاو ئـاینی ڕەسـەنیان بتوینەوەو فەرهەنگی ئەوروپیان بەسەردا زال بکەن[١].

لەوە زیاتر (فرانتزفانون)دەڵێت ئیمپریالیزم وداگیرکاری کەسێتی وسروشتی مرۆڤ تێك دەشـێوینێ و عەقڵیشـی دوادەخـا[٢]، بۆیـە لـە بنەماکانی(تصـفیە الإسـتعمار) واهاتوە:بۆ رزگاری یەکجاری پێویسـتە خـۆت لـە هـەمو ئاسـەوارەکانی ئیسـتعمار رزگار بکەیت[٣]، ئەرستۆ لە چوارچێوەی تیڕوانینی بـۆ میلـەتان مرۆڤـی بـە (حیـوان ناطق) وهۆبز ونیتچەو لەهەمان ڕوانگەی ڕەگەزپەرستی مرۆڤیان بە گـورگ وەسـف کردوە، کەچی زۆربـەی فەیلەسـوفانی رزگـاری خـواز مرۆڤیـان بـە (کـائن متـدین) وەسف کردوە، پێیان وابوە بەبێ ئاین کەسیتی مرۆڤ تەواو نابێ[٤]، نمونەگـەلی زۆرە بۆمانەوەی ئیستیعمار و داگیرکەر تەقەلای داوە ئەو هەنگاوانە بێنێتەدی:

١-میللەتی داگیرکراو گەشە نەکا بەرەو مەدەنیەت و ڕووناکی و شارەزایی.

٢-هـەردەم دەیـەوێ سیاسـەتو ئـاین ومـەبادیئو گیـانی نیشـتمانی لیـك جیـا کاتەوە.

٣-یەکپارچـەیی و گیـانی هاریکـاری و زینـدەکی و هەسـت بـە ئـازادی و دیموکراسی نەکا.

٤-هەوڵدەدا پەیوەندی نێوان خاك و میللەت ومێژوو لاواز بکات.

---

[١] مایکل ربیون-النار السوداءحرب العصابات فی رودیسیا ص٧٦-، ص١١٧

[٢] معذبو الأرض- ص٦

[٣] عبدالکریم العبیدی - تصفیة المصالح الإمبریالیة الأمریکیة ص٤٨

[٤] المعتقدات الدینیة لدى الشعوب ص٧ بۆزیاترلەوبابەتەبروانە: إدوارد سعید (الاستشراق والثقافة والإمبریالیة - Orientalism 1978، new york 1993, Culture & Imperialism).

٥-هەوڵدەدەن بەرژەوەندی تایبەتی و خۆویستی زاڵ بکەن بەسەر هەست بەبەرپرسیاریەتی و بەرژەوەندی گشتی و خۆشەویستی خاك و نیشتیمان و دژ بە زوڵم و زۆرداری.

٦-بۆهەمووە ئەوانە هەوڵ لەسەر کۆی ئەو هەنگاوانە لەسەر چاوەیەك دەکا ئەویش تەقەلای لاوازکردنی ئاین و ئەخلاق و مەبدەئە لەناو ئەو میللەتە، لەبەرامبەردا فەلسەفەی مولحیدی بڵاودەکاتەوە.

هەموو وڵاتێك بەتایبەتی میللەتانی ژێر دەستە بۆ ئەوەی نەتوێتەوە، بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت، ئەوا پێویستی بەوە هەیە ژێرخان و ڕووحی کۆمەڵگەکەی بپارێزێت کە بریتیە لە ئاین وکەلتور وفەرهەنگی، بەپێچەوانەش دەبێ هەوڵبدا هەموو ئەو دەروازانەی دەچێتەوە سەر مولحیدی دەری کێشی، ئەوە مانای زاڵکردنی ئاینێك بەسەر ئاینێك نیە، مانای قەدەغەکردنی موزاییکی فرەئاینش نیە، ئێمە باسی ئاینێکی دیاریکراومان نەکردووە، بەڵکو وتومانە میللەت ئاینی هەبێ، ئازادە چ ئاینێك هەڵدەبژێرێ، ئەگەر بکرێ هەر وڵاتێك یەك ئاینی هەبێ، بەڵام ئەگەر فرەئاینیش بوو ئەوا لێبوردەیی یەکتر قبوڵکردن و تەبایی بکرێنە بنچینە لە چوارچێوەی هاوڵاتی هاوئادەمی بوون، خۆ ئەگەر لەناو ئەو میللەتە ئاینیش نەبوو ئەوە نەریتە ئیجابیەکان و مێژوو و فەرهەنگ بکرێتە بنچینە، خۆ ئەگەر هەر مولحیدیش بوون ئەوا ئەو جۆرە مولحیدە بن لەسەر بنچینەی فەلسەفە و زانست بێت باشترە لە (نەفامی مولحیدی)، هەر وەك لە قورئانیش ئەو پۆلەی پێ باشترە ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ﴾ [١].

[١] الحج : ٨

لەکوردستان:

ئەوەی سەروو بۆ گشت وولاتە داگیرکراوەکانەو بە ئاشکرا لەکوردستان بەدی دەکرێ، ئەوەی زۆر ڕوونەو بینیومانە قوڵبوونەوەی فەلسەفی ناوێ کە داگیرکەران بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەنیازی چیە لە کوردستان، بۆئەوەی داگیرکاریەکەی ڕەسەن بکا هەڵساوە:

١-فەرهەنگ و کەسایەتی کورد هەڵتەکێنێ. ئامراز: بەهۆی بەتەماح کردنی و خۆویستی و مادی بوونی و...

٢-هەوڵی داوە ئایین لە کوردستان لاواز بکا.ئامراز: چ بە سوتاندن و وێرانکردنی مزگەوتەکان چ بەناشرینکردنی لە ڕێ ی ناوی ئایینی لە پرۆسە عەسکەریەکانس دژ بە کورد.

٣-هەوڵی داوە ئەو تەبایی و هاریکاری و ئەخلاقە کۆنەی کوردی لەناو ببا کە جاران ناوی قورەیشی عەجەم بوە. ئامراز: بەهۆی ناکۆکی خستنە ناویان و گواستنەوەیان لە شوێنی خۆیان و کۆکردنەوەیان لە کۆمەڵگە و دروستکردنی (فوج) بۆ هەر عەشیرەتێك بەناوی(افواج خفیفە) کە هەمان ناوە لەسەردەمی ئیتحادیەکانی عوسمانی لەدوای سالانی ١٩٠٨ بۆ کورد کرایەوە.

٤-لەکۆی ئەوانەش هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان کوردستان و کورد لەیەکتر جیا بکاتەوە، پەیوەندی تاکی کوردیش بە (مێژوو و ئایین و فەرهەنگ و کورد و نیشتیمان) لێك بکاتەوە، تا ئینتیمای تاك بۆ میللەت و نیشتیمان لاواز بکا، کەسێکی یاخی و (لامنتمی) لێ دەرچێ.

ئامراز:

بەهۆی ژیاندنەوەی فاکتەرە ستونیەکانی عەشایری و دروستکردنی فەوج، تاکیش سەرقاڵ بکا بە ئارەزو بازی وباقی کارە لاوەکیەکانی تر.

ئەوانەی داگیرکەران کردوویانە:

١-یەکەم لێکجیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت ڕۆژنامەی (یەکێتی کورد) سەر بە بەریتانیا لە سلێمانی بانگیشەی بۆکرد.

٢-داگیرکەران (کۆمەڵگە- مجمع-) یان دروست کرد.

٣-ژمارەی خۆفرۆش و جاش لەسەردەمی سەرکردەی عەلمانی کورد دەیان جار زیاتربوە لەسەردەمی سەرکردەی ئایینی.

٤-بوونی جاش لەنێو کۆمەڵگەی عەشایری بوە، زۆر بەدەگمەن لەنێو ئایین پەروەران و ڕۆشنبیران بووە.

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە لە بنەچەدا شۆڕشەکانی کوردچۆن دژ بە داگیرو دابەشی کوردستان بوە ئاواش دژ بە مولحیدی و عەلمانی بوە، چونکە زانیویانە مەینەتی کورد هەم لە ئەستۆی عەلمانی دایە هەم عەلمانیەت وپرۆسەی دژ بەئاینی ڕێزی میلەتەکەت تێك دەدا، مەلا سلیم وشێخ عبدالسلام وئەوەی شێخ سعیدی پیران بە ڕوونتر لە دادگاییەکەی دەردەکەوێ کەلە گۆڤاری (گێرشەم)ی ئەوسەردەم بلاوکرایەتەوەو دەڵێت: ئێمە دژی داگیرکەروعەلمانیەت شۆڕشمان کردوە، بەتایبەتی کەبینیم لە جەریدەی (سبیل الرشاد) عبداللە جودت واحمدناوێك نوسیبویان: موسا بە لەخۆیایی و عیسا بەناوبانگی و محمد بەئەمینی.. هەریەکە ئاینێکیان هێناوە، ئێمەش دەتوانین ئاینێك بهێنین، ئەو جۆرە بانگێشانە لەڕۆژنامەکان تەنیبۆوە ئێمەش شۆڕشمان دژ بەوانیش کرد[1].

---

[1] دەقی گفت وگۆی دادگاییەکە لە: دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة ص٥١٢- ٥٢٣

بۆ هەموو ئەوانە و چارەسەری کارنامەی هەمەلایەنی پێویستە، هەر لە ڕاست کردنەوەی چەمکە زانستیەکان بەرەو پەروەردە و ئارامی سایکۆلۆژی و قەڵاچۆی (تقزم الثقافي) و دیاردەکانی خۆویستی و نەفامی و.....

تادەگاتە فەلسەفە و ئەخلاق کە لێرەوە مەبەستمانە، مەبەستمانە بۆ ئەوەی میللەتەکەمان دووچاری پەرتەوازەیی و خۆویستی و بێ سەروبەی و بێ ئینتیمایی نەبێ، بۆ ئەوەی گیانی بەرگری نەمرێ، ئەوا دەبێ چەمکی فەلسەفەی باوەڕ لەبەرامبەر چەکی کوشندەی بێ باوەڕی (ئیلحاد)ی داگیرکەران دروست بکەین، داگیرکەر ئەو چەکەی (بێ باوەڕی) بۆخۆی و لەنێو میللەتی خۆی بڵاوناکاتەوە، دەهێنێ لەناو میللەتی کورد بڵاویدەکاتەوە.

كۆتايی و ئەنجام:

لەو كورتە توێژینەوە كۆمەڵێك دەرەنجامی فەلسەفی وسیاسی وفكریمان بۆ ساغ كرایەوە :

١-فەلسەفە دایكی لقە زانستی وفكریەكانی ترە هەم پیشڕەویشە، لەهەمو سەردەمەكان دابەشی فەلسەفی هەبوە، لەو سەردەمەش دابەشی هەیە بەتایبەتی فیزیای كوانتەم، بەشیكیان بە ئاقاریكی تر ڕۆیشتون، بەڵام بەگشتی ڕێڕەوی مێژووی گەشەی فەلسەفەو زانست ئاسۆی كێشەی فەلسەفی كەم كردۆتەوەو لە ئاینیش نزیك بوویتەوە، كەم تریش باوی فەلسەفەی ووشك وكەلامی وسەفسەتایی ماوە بەڵكو فەلسەفەی تەتبیقی بەرهەمدارجێی گرتۆتەوە.

٢-ڕەوشی فەلسەفی سەدەی ٢١ زیاتر بەرەو ئاشت بوونەوەی ئاین وفەلسەفەو زانستە، ئەوەی لەو كۆڕایە یاخیە بەشێك لە فیزیای كوانتەمە، پرسیاری فەلسەفی بنچینە لەو مەیدانە ساغ نەبوویتەوە بۆیان بریتیە لەوەی ئاخۆ سیستەمی بوونەوەر بە پێی یاساو ڕێساوهۆو ئەنجامە یان بەپێی ئەگەرو زارهەلدانە، لە یەكەما دیزاینی گەردوون دێزاینەری پێویستە لە دوەما دیزاینێكی گۆڕاوی بێ ئامانج وبێ سیستەم پێویستی بە دێزاینەر نیە.

٣-فەلسەفە بەر لەهەموان عەولەمی بوەو تیایدا مرۆڤە جیاجیاكان دەتوانن لەو بوارە یەكتر بە ئەرینی بناسنەوەو ڕاستیەكانیان بۆ دەركەوێ دوور لە كاردانەوەی نەریتی وكەلتوری ومیراتی، ئامانجی كۆتایی دروست كردنی كۆمەلگەیەكی مرۆڤایەتیە یان بە گوزارشی (عبدالكریم فتاح) دەگەینە پلەی (هاوولاتی گەردوونی)[1] .

[1] عبدالكریم فتاح-میزان(ئیسلام لە نیوان دەركەوتەكانی ومیزانی قورئاندا) ل١١٦

٤-لەوسەردەمە زیاتر لەهەمو سەردەمەکانی تر پێویست بە فەلسەفە هەیە بۆ ئەوەی مەرجەعیك دروست بکا لەسەر بنچینەی هەق تیایدا ئاین وزانست وئایدیۆلۆژیا ئاشت بکاتەوە لە خزمەتی کۆمەڵگە.

٥-زیاد بوونی قەیرانەکانی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی و..پێویست بەوە دەکادادگەری گشتی بۆتەواوی سەرزەوی پەیڕەو بکرێ، هەمولایەك پاگندەی ئەوە دەکەن ئەو دادگەریە لای ئەوە، با فەلسەفە ببیتە ئەو نیوبژیە (دوور لە دەمارگیری) لە نێوان هەر چوار مەدرەسە(لیبرال دیموکراسی، سۆشیال دیموکراسی، شیوعیەت، ئاینی) هەق ودادگەری لای کام لابوو هەمولایەك ڕوولەو بکەین لە پیناو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەو زال بوون بەسەر کارەسات وقەیرانە سەختەکانی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە.

٦-لەو سەردەمە وەك پیشوو نیە تاك وهاوولاتی پێویستیان بە دەولەت نەبێ وهەر کۆمەلە بەشەریەك پێویستیەکانیان بەیەکتری تەواو بکەن، ئیستا ئەو ئەرکە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە سەر دەولەت، دەولەتیش بۆ دەولەتەکانی تر لەسەر ئاستی جیهانی، بۆیە توێژینەوە لەبارەی دەولەت وئەرکەکانی تەنها لە ئەستۆی زانستی سیاسی ویاسایی نەماوە بەڵکو فەلسەفەش ئەو ئەرکە بە ئەستۆ دەگری ولەو توێژینەوە دەرکەوت کە چ جۆرە حوکمیك دەگونجێ لەگەڵ یاساکانی سروشت وسروشتەکانی مرۆڤ وڕاستیەکانی بوونەوەر.

٧-دەرکەوت ئەو فەیلەسوفانەی مولحیدن دژ بە ئازادی ودیموکراسیشن، زۆربەشیان لایەنگری دیکتاتۆری بووینە، دەریش کەوت مادام خوای گەورە ڕاستەوخۆ حوکم لەسەر بوونەوەر ناکا بەڵکو خۆی ویستویەتی لەڕێی یاسای سروشتی بێت ئەوا ئاینی ڕاستەقینە حوکمی سیۆکراتی پەیڕەو ناکا، هەم حوکمی دیکتاتۆریش لە ژێر هیچ ناوێك، مادام ئاینیش تۆبزی نیە ئەواحوکمی ئاینیش تۆبزی نیە، هەر خودا خۆشی ویستویەتی فرە میلەت

وفـره ئـاین وبـیروڕای جیـا هـەبێ ئەواڕاسـتی ودادگـەری ئـەو نیوبژیەیـە کەهەمولایـەك لەسـەری کـۆکن، لـە قۆنـاغێکی گەشـەی کۆمەڵگـە بـەرەو دادگەری دەکرێ دیموکراسی بکریتە ئەو نیوبژیە ئاخۆ میلەت بۆ هەلبژاردنی چارەنوسی کام مەدرەسە هەلبژێرن (لیبرال دیموکراسی، سۆشیال دیموکراسـی، شیوعیەت، ئاینی).

٨-لەسەر ئەو بنچینە فەلسەفیانە دەتوانین دیزاینی سیاسی کۆمەڵگەی ئیسـتا بە شیوازێکی نوێ وا پۆلین بکەین: ئەوانەی دەڵێن ئەمرو خلق بۆ خـودا نیـە بەڵکو بۆ سروشتە ئەوانە عەلمانی توند ڕەوە- مەدرەسەی سیاسی شـیوعەت وبـێ بـاوەڕی لـەو زەمینەیـە دێـت، ئەوانـەی دەڵـێن خـودا (خلقـی) هەیـەو (ئـەمر)یش بـۆ ئێمەیـە ئـەوا عەلمانیـەتی میـان ڕەوە مەدرەسـەی لیـبرالی وسۆشیال دیموکراسیە، ئەوانەی دەڵێن خودا خاوەنی ئەمرو خەلقـە ئەوانـەش دووبەشن، ئەوانەی پێیان وایە دنیاو قیامەت دژی یەکن ئەوانە پێگـەیان لـە دیزاینـی سیاسـی ئـاینی نیـە، ئەوانـەی پێیـان وایـە ئـاین بۆدنیـا هـاتوەو دادگەری لە دنیا هەم خۆشگوزەرانیەو هەم زامنی قیامەتیشە ئەوانە بـریتین لە بزوتنەوە ئاینیەکان.

٩-کۆمەڵگـەی کوردسـتان زیـاتر لەهـەموان پێویسـتی بـە فەلسـەفە هەیـە بـۆ هەردوو قۆناغی رزگاری نیشتمانی ورزگـاری کۆمەلایـەتی، سـەرەڕای کـاری بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی.

ناوەرۆك

سوپاس وپێزانین

زۆر سوپاس بۆ:

١- بۆدەزگای تەفسیرو کارمەندانیان کە هەردەم ئامادەیە بۆ بەپیل وەچوونی ئەو جۆرە پرۆژانە.

٢- بۆدەزگای(ڕوئیە- بۆ پێگەیاندنی ڕێکخراوەیی) کە یارمەتی دەری هەمەچەشنی ئەو پرۆژانەیە.

٣- بۆ ئەو هەمو یارمەتی وهاندانە زۆرەی دۆست وزانست پەروەران بەگشتی و بۆ ئەو پرۆژەیەش زیاتر لەلایەن د.احمد میرزا، د.علی ، د.عوسمان گەرمیانی و مامۆستایانی ئاینی م.سوسەیی و م.کاریتانی و مامۆستایانی تر و هەریەکە لە کاك ئیسماعیل وکاکە دەهام و فەرمان و دیدار و..زۆری تر.

له بڵاوکراوەکانی ستاندەر و نوسەر:

ئەوانەی ناوی بەرامبەر نیە ئەوە نوسینی دانەرە.

١- دۆزی کورد، فەشەلی عەلمانی و غیابی ئیسلامیەکان (سەلام ناوخۆش)

٢- کێشەی جەزائیرو چەند پەندیك بۆ دۆزی کورد

٣- هەڵبژاردن لەنێوان عەلمانی وئیسلامی.

٤- قوتابخانە فکریەکان وحزبە کوردستانیەکان .

٥- دەقەکانی سیڤەر وخوێندنەوەیەکی تر (سەلام ناوخۆش) (مسعود عبدالخالق) بەهاوکاری (یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان).

٦- چارەنوسی فیدراڵی لە دوای دەرچوونی عێراق لە بەندی (٧)

٧- کێشەی ئافرەت لە ڕوانگەی ئاینی و عەلمانی بەهاریکاری یەکێتی خوشکانی یەکگرتووی کوردستان.

٨- کێشەی کوردستان لە تورکیا و عێراق، شێخ محمد باڵەك (وەرگێران)

٩- تیشکێك بۆ هەڵەکانی جیهادکردن لەرێی خوا (وەرگێڕان)

١٠- دیواری دەسەڵات –شیعر- محسن شوانی

١١- بەرهەمەکانی سامی یوسف – گورانی-

١٢- ڕۆڵی عەلمانیەت لە دروست بوونی مەینەت کورد.

١٣- مەوسوعەی جودی.

١٤- ناسنامەی کەرکوك وناوچە دابڕێنراوەکان بە پێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان.

١٥- بە عربی :

أ- الإسلام والعلمانية واثرهما على نشأة الدولة العراقية الحديثة -رسالة ماجستير.

ب-الإسلامية الكردية –بإشتراك مع مشروع المسبار الدولية.

هەر میللەتێك دۆستی فەلسەفەبێت ،پێشکەوتن و زانست وزانیاریی وداهێنان،یاوەری دەبێت،وەك بەشێك لەتەکان بە میللەتی خۆمان،بەپێویستمان زانی ڕەوشێکی فەلسەفی سەدەی (٢١) بە خوێنەرانمان ئاشنابکەین،تاتاکی کوردستانیی،واداڕێژینەوە،کە هاوکارو مرۆف دۆست وبەبەرگریی بێت،تا بتوانێ چاك لە خراپ جیابکاتەوەو بەکاروانی پێشکەوتن بگات.

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22

www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com